تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بەهار و گوڵزار

کتێبێکە بە پەخشان و هەڵبەست
لە بارەی ڕەوشتی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە

خوا لێ خۆش بوو مامۆستا
مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس

«خزمەتگوزاری زانست و ئایین لە بارەگای
شێخ عەبدولقادری گەیلانی قدس سره»
دایناوە

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

بەهار و گوڵزار

کتێبێکە بە پەخشان و هەڵبەست
لەبارەی ڕەوشتی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە

(بەهار و گوڵزار) بۆ دۆستانە
بۆ سەیرانی دڵ باخ و بێستانە
بۆ ئەمێی کۆمەڵ بە دەرسی ڕەوشت
دایم دەرگای خۆی خستوەتە سەر پشت

مەلا عبدالکریمی مدرس

خزمەتگوزاری زانست و ئایین
لە بارەگای (شێخ عبدالقادری گەیلانی) قدس سرە
داناوە

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا
١٩٧٧

مدرس، عبدالكريم، ۱۹۰۵ ـ ۲۰۰۵ م modarris, abdol - karim

بەهار و گولزار / مەلا عبدالكريمی مدرس . ـ ـ سنندج: انتشارات كردستان، ۱۳۸۵.

۳٦٧ص.

ISBN: 964-7638-42-6

فهرستنويسی بر اساس اطلاعات فيپا.

كردی.

چاپ قبلی: محمدی، ۱۳٧٤.

۱. اخلاق اسلامی. ۲. اخلاق اسلامی ـ ـ شعر. ۳. شعر كردی ـ ـ قرن ١٤ق. الف. عنوان.

BP۲٤٧/۸/م۳٧ب۹ ۲۹٧/٦۱

۱۳۸۵

كتابخانه ملی ايران ۱٤٧۳۵ ـ ۸۵م

انتشارات كردستان

Kurdistan Publication

سنه ـ پاساژی عیززەتی ـ تەلەفوون ۲۲٦۵۳۸۲

بەهار و گوڵزار

✓ ناوی کتێب (نام کتاب):	بەهار و گولزار
✓ دانراوی (تألیف):	مەلا عبدالكريمی مدرس
✓ کەڕەتی چاپ (نوبت چاپ):	یەکەم (اول): ۱۳۸۷
✓ ژمارەی چاپکراو (تیراژ):	۲۰۰۰ دانه (جلد)
✓ ژمارەی لاپەڕەو قوارە (تعداد صفحه و قطع):	۳٦۸ صفحەی وزيری
✓ بڵاوکەرەوە (ناشر):	بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات كردستان)

نرخی: ۲۸۰۰ تمەنە

شابک: ۶ـ۴۲ـ۷۶۳۸ـ۹۶۴

ISBN: 964 - 7638 - 42 - 6

بەشی یەکەم

بەهار

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين ، والصلوة والسلام على سيدنا محمد و آله وصحبه واتباعه باحسان الى يوم الدين .

پاش سوپاسی پەروەردگار و سەلام لە ڕەهبەری نازدار و یارانی فیداکار و خزم و کەس‌وکاری ، عەرزم ئەمەیە کەوا هەر کەس بەگوێرەی توانا و لێهاتنی خۆی خزمەتێك پێشکەش بکا بە هاوزمان و هاونیشتمانانی خۆی ، هەمیشە لە مەیدانی تێکۆشانا بۆ بەختیاریێ جێگە دەستی دیار ئەبێ . لەبەرئەوە وا منیش ئەم کتێبەم ڕازاندەوە بە ئامۆژگاریێ دینێ و دنیایێ بەگوێرەی ئوسوڵی ئایینی ئیسلام و ، بە ئەستێرەی درەخشانی ئایەت و حەدیثی پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ نەخشاندم و ، گوڵ گوڵ ڕیزم‌کرد و ، بۆ هەر ڕەوشتێ گوڵێکم دانا . پاش باس‌کردنی هەر مەبەستێکیش بە بلاوێ ، بە شیعریش هۆندمەوە و ، ناوم‌نا (بەهار) . هیوادارم ببێ بە مایەی پیرۆزێ و بەختیاریێ بو لاوان و پیرانی هاوزمان و هاونیشتمانم (و من الله التوفیق) .

پێشەکێ

بەهار و گوڵزار شیفای ئازارن — جیلوەگای ئالای بالای نازارن
نیشاطن بۆ ڕۆح ، شادین لە بۆ دڵ — مایەی ئازادین بۆ نەوای بولبول
مژدەی تەماشای ڕوی گوڵان ئەدەن — نەشمەی ڕۆح‌ئەفزا بە دڵان ئەدەن
گوڵزار بۆنی گوڵ ئەدا بە شەماڵ — شەماڵ ئەیگێرێ و ئەیبا ماڵ بە ماڵ
بەرەبەیانان دەماخی یاران — پڕئەکا لە بۆی خۆش‌بۆی گوڵزاران

★ ★ ★

بەهار بە جیلوەی گوڵزاری ڕەنگین — ئەڕازێتەوە بە لالە و نەسرین
ئەبێ بە بەهەشت سارا و دەرودەشت — یارانیش ئەبن بە حۆرێ بەهەشت

بەهار ڕۆباران لە کێو دێنە خوار   پێچ لە خۆ ئەدەن بە وێنەی ڕەشمار
واتە ڕۆباریش دڵ برینداره   دێوانە و دەلۆی دیداری یاره

★ ★ ★

ئاخ ئەو دلبەره دلی دەلۆ کرد   دڵبیمارانی بێ گفتوگۆ کرد
بۆ قەت جۆت نەبۆ لەگەڵ دلداری   تیماری نەکرد دلەی زاماری
دیاره ئەیەوێ عاشق بکوژێ   تا خاکی گولزار خوێنی بمژێ
عاشقی داماو بەشی کوشتنە   دلبەریش بەشی لە خوێن ڕشتنە

★ ★ ★

بەهار بە باران گولان ئەڕوێنێ   گولزار بە گولان بالا ئەنوێنێ
بەهار هێزێکی تازە ئەهێنێ   بەهەشتی جیهان بۆ گیان ئەنوێنێ
بە بێ تاریکێ سەرچاوەی حەیات   دەرئەخا لە بۆ هەمۆ نامیات
ئەدا بە گیاندار نەشئەی دڵشادێ   بە گیایش ئەدا گەشەی زیادێ
داری دارستان چرۆ دەرئەکا   خۆی بەسەر ئەرزا جیلوه دەرئەکا

★ ★ ★

بەهار بە شنۆی سروەی بەیانێ   دڵ ئەکاتەوه بۆ زیندەگانێ
خونچە لە ذەوقا ئەگەشێتەوه   بولبول لە عەشقا ئەشنێتەوه
دێتە سەر ئەوا بە هەوای ڕۆی گول   شەیدا ئەبێ بۆی مەردی خاوەن‌دڵ

★ ★ ★

بەهار بە سۆده بە باران و با   سارا و دەشت و دەر تۆزی لائەبا
ڕۆبار دێتە جۆش لە ڕۆی کۆساران   سەرئەدا لە بەرد وەکۆ ساداران
تافان دائەڕژێن بەسەر شاخانا   جۆبار دێنە جۆش بەناو باخانا

★ ★ ★

بەهار بەشێکی ژیواری جیهان   لە مل خۆ ئەگرێ بۆ گیان‌لەبەران
بێجگە لەمانە بە خۆشێ بەهار   ئەڕوا ماتەمی زستانی نابار
کورەی دۆزەخی گەرمی سەرزەمین   ئەگۆڕێ بە باخ بە گوڵ بە نەسرین

★ ★ ★

ئەم باسە لەسەر مەعنای بەهاره   لەسەر ئەو شێوه کە بۆ عام دیاره
بەلام بە مەعنای عینوانی دەفتەر   بەهار ئوستاده بۆ دەرسی بەشەر
بۆیان دەرئەخا ڕێی بەختیارێ   تا پیادا بڕوا خاوەن هوشیارێ
بۆ دین و بۆ ژین بۆ ئاوەدانێ   بۆ عیلم و زانست بۆ خۆی ئینسانێ

بۆ بەرزکردنەوەی پایەی نیشتمان   بە عەقڵ و عیلم و کردەوە و پەیمان
بۆ ڕۆڵەی گەنجم هەتا تێبگەن   بۆ خاوەن ڕەنجم هەتا پێبگەن

★ ★ ★

جا ئەم مامۆستا ئوسوڵی وایە   دەرسێ دائەدا پڕ بێ لە مایە
سەرلەوحەی دەرسی ئایەتی قورئان   یاخود فەرمودی ڕەهبەری جیهان
یەعنێ (محمد) ڕەهبەری ئەمین   مەبعوثی خودا بو لای عالەمین
هەرکەس بۆ گەلی بەختیاری خۆی   خزمەتێکی کرد بەش بەحاڵی خۆی
منیش بە نەشەی یارانی سامێ   بە ذەوقی (سعدی) و (جامی)و(نظامی)
هەرچەند بێناوم خۆم کرد بە (نامێ)   ئەم خزمەتەم کرد بۆ گەل بە عامێ
دەرسی پیرۆزی خۆ و ڕەوشتی چاك   لەسەر فەرمودەی سەییدی (لولاك)
لەگەڵ وتاری پێشینانی خۆم   لەوانەی بەنرخ دەرکەوتوون بۆم
کردم بە نامەی بەختیاریێ گەل   بۆ ئەندێشەی پاك ، بۆ عیلم و عەمەل
پێشکەشم کردن بە بەچکەی مەردان   بە ڕۆڵەی هوشیار لە گەلی کوردان
دەس‌بەدەس ئەگا تەختی فەیرۆزی   دەم بە دەم ئەگا دەرسی پیرۆزی
هەرکەسێ سەری،هەر سەر دەماخێ   بۆ هەر دەماخێ ئامانج و داخێ
ئامانجی (نامێ) لەم ڕۆی دنیایە   تەعلیمی چاکە و عەفوی خودایە
وا دەست پێ ئەکەم بە مەقصودی خۆم   ڕەحمەت لەو کەسە دوعا ئەکا بۆم
وەهای دائەنێم بەهار بە باران   دار گوڵ ئەڕوێنێ لە بۆ دڵداران
هەر گوڵێ بۆنی ئەدا لە دەماخ   بە وێنەی بۆنی وەنەوشە و گوڵباخ

★ ★ ★

گوڵی یەکەم ـ گوڵی ئایین پەرستێ

انَّ الدینَ عندَ الله الاسلامُ

پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی ئایینێ کە بەلای خواوە بەنرخ بێ ئایینی بەرزی ئیسلامە . ئیسلام بریتییە لە مل کەچ‌کردن بۆ فەرمانی خوای تەعالا بە هەمۆ جۆرێ و لە هەمۆ کات و شوێنێکدا بەو ئوسوڵە کە لە قورئاندا هەیە و ڕەهبەری نازدار ڕای گەیاندوە پێمان .

ئایین‌پەرستێ پێویستە بۆ ئادەمیزاد . هەرکەسێ تۆزێ ورد ببێتەوە تێ‌ئەگا کەوا ئادەمیزاد لەم جیهانەدا بەتەنها ناژێ و ئیش‌وکاری ژیانی بەتەنها خۆی تەواو نابێ . کەواتە ئادەمیزاد بە سروشت زۆ لە کۆمەڵایەتییە .

لەبەرئەوەش کە هەرکەس سوودی بۆ خۆی ئەوێ ، هەمیشە خەڵك لەناو خۆیانا ئەکەونە کێشمەکێش . کەواتە یاسایەك پێویستە بۆیان بیکەن بە ڕێ پیشاندەری خۆیان و ئەبێ ئەوەندەش پیرۆز بێ لەسەر فەرمانی ئەو بەڕێوەبچن . یاسایەکی وایش ئەوەندە پیرۆز بێ خەڵك بە دڵ ڕاگیری کەن تەنها هەر ئایینە .

ئەگەر کەسێ بڵێت یاسای دانراوی ئادەمیزاد خۆی بۆ ئەم مەبەستە بەسە، کەواتە ئیتر پێویست بە ئایین نیە ، ئەڵێین ڕاستە یاسایەك ئادەمیزاد خۆی دایئێ ئازادەیەك سوودبەخشە ، بەڵام بەش ناکا . چونکە ئادەمیزاد هەرچەند لەسەر ئەو یاسایە بەعەقڵ و هۆش پایەدار بێ، هێشتا گەلێجار ئارەزووی نەفس وکینەی دەروون هێزش دێنێ بەسەریا . لێرەدا پێویست بە زۆری زۆرداری هەیە ، بەڵکو گەلێجار زۆری زۆرداریش چاری مەسەلەکە ناکا لەبەرئەوە کە ئینسانە خراپەکەرەکە خۆیشی زۆرداره یاخود لە شوێنێکی پەنامەکی وادایە کە زۆردار پێی نازانێ . لەکاتی وادا بێجگە لە ئایین و پەیوەندی ئادەمیزاد بە ئایینەوە و ترسی دوارۆژ و هیوای بەختەوەری ئەو دنیا هیچی تر نیە تاوانبار لە تاوان بگێڕێتەوە. سەرەڕای ئەمەش ئادەمیزاد بەهۆی ئایینپەرستییەوە دڵ و دەروونی بە نوری ئیمان و خواپەرستی ڕوون ئەبێتەوە و ڕیشەی گەلێ ئارەزووی نەفس و تاوانباری لە وجودیا ئەسوێ یا کز ئەبێ و ڕوو ئەکاتە کردەوەی باش و لە کردەوەی ناڕەوا خۆی لائەدا .

گەلێ لە زانایان وتویانە ئادەمیزاد بە بێ ئایین پەرستێ لە گیاندارەکانیتر جیا نابێتەوە ، چونکە هەر ئایینە ئەڵێ دنیایەکیتر هەیە لەپاش ئەم دنیایە ئادەمیزاد پرسیاری تیا لێ ئەکرێ و بە پاداشی کردەوەی چاك یا خراپی خۆی ئەگات و ، ئەگەر ئەو ڕۆژی لێپرسینەوەیە نەبێ ئینسان وەکو گیانلەبەرانیتر ئەمرێ و ئەبڕێتەوە و ئەمەیش لەگەڵ عەقڵ و هۆش و بیری سافدا یەكناکەوێ . تەماشا ئەکەی دوو ئادەمیزاد یەکی صەد ساڵ عومر ڕائەبوێرن ، یەکێکیان لە هەموو ماوەی ژیانیا خەریکی ئارەزووبازی و ئاشووبسازی و کوشتنی ئادەمیزادی پاکی بێتاوانە و لە هەرچی ڕەوشتی چاکەیە دوورە و لە هەموو خراپەیەکدا بەشدارە . ئەوی‌کەشیان بە گیان و شان و ماڵ خەریکی خزمەتکردنی گورۆهی ئادەمیزاد و ڕێکخستنی ناوبەینیان و بەخێوکردنی بێکەسانە و لە هەرچی ڕەوشتی خراپەوەیە دوورە و هەموو خولق و ڕەوشتێکی پەسەندی ئەوەندەی خۆی هەیە . جا چ عەقڵ و ویژدان و بیروباوەڕێ ئەساچێنێ بەوە کە ئەم دوو کەسە وەکو یەك بمرن و لە پاداشدا وەك یەك بن . باوەڕ ناکەم کەسێکی ژیر هەبێ لای وابێ ئەو خێرۆمەندە لە پاداشی کردەوەی چاکی خۆی نائومێد ببێ و ، ئەو پیاو خراپەیش سزای خۆی نەیەتەڕێ . کەواتە بیروباوەڕی ڕووناك ، وەك ئایینەکانی خوا ، دان بە پاداشی دوارۆژدا ئەنێ .

لە لایەکیترەوە هەر ژیرێ وردببێتەوە ئەزانێ لە جیهانا هیچ شتێ نیە

بە بێ‌هۆ پەیدا ببێ . کەس نیە نانی بە ڕەنجی شانی خۆی یا یەکێکی‌تر نەبێ پەیدا بکا . کەواتە چۆن ئادەمیزادی فامیدە باوەڕ ئەکا ئەم جیهانە ڕازاوەیە کە وەکو بالاخانەیەکی پڕ لە شەمع و چراخانە و ئەم‌دەزگا و بارەگا بەرزە کە بە ملیارەها ئەستێرەی پڕشنگداری تیا ئەسوڕێتەوە بەدرێژایی زەمان و هەر یەکێ لەوانە ئەندازەیەکی تایبەتی هەیە لەو ئەندازەیە کەم و زیاد ناکا ، چۆن باوەڕ ئەکا ئەم دەزگا و بارەگایە خاوەنێك و دروست‌کەرێکی نەبێ یا خاوەن و دروست‌کەرەکەی بێ فام و شوعوور بێ ، یا فام و شوعووری ببێ ، بەلام بۆ ڕاگرتنی ئەو دەزگا و بارەگایە ڕەسا نەبێ و بەش‌نەکا . ئەمەیش دیسان لە هۆش و فامەوە دوورە .

بێجگە لەوە کە تەماشا ئەکەین ئەم یاسای پاکی ئیسلامە لەسەر بناغەی قورئانێك دامەزراوە و پڕە لە خێر و سوودی ئادەمیزاد و بۆ هیچ‌کەس ئەوەندەی مثقالە ذەڕڕەیەك ستەم ڕەوا نابینێ و یاسای فەرمانڕەوایێ و فەرمانبەرداریێ و دابین کردنی ژیانی بەختەوەر و ڕاگرتنی ئارامێ و هێمنێ ولات و بەرگرێ کردن لە دەست‌درێژێ و نامەردێ کردنی ستەمکار و ڕاگرتنی حەقی هەر خاوەن حەقێك و ئەدەب کردن لەوانەی شایانی حورمەت گرتنن و تەمێ‌کردنی ئادەمیزاد بۆ پشتەسوورێ بە جیهاندار و چاودێرێ کردنی خزمەتی ئەوی تیا هەیە . کەواتە ئادەمیزادی فامیدە بە هەر بارێکا بڕوانێ باوەڕ بەوە ئەکا کە دین و ئایین پێویستن بۆ بەختیارێ ئادەمیزاد و ، دینی پیرۆزی ئیسلامیش یەکە دینێکە شایانی ئەوەبێ هەموو هوشیارێ فەرمانبەرداریێ لێ بکات .

پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرموویەتی :

الايمانَ انْ تؤمِنَ بِالله وَ ملائِكتِهِ وَ كتبِهِ و رسلِهِ و بِاليَوْمِ الآخِرِ و بِالقدَرِ خَيرِهِ و شَرِّهِ .

واتە : ئیمان ئەوەیە باوەڕت ببێ بە خودا و بە فریشتەکانی خودا و بە پێغەمبەرانی خودا و بە ڕۆژی قیامەت و بە قەزا و قەدەر لە چاکە و لە خراپە کە هەمووی لە خواوەیە .

وا وردە وردە یەکە یەکەی ئەم مەرجانەی ئیمان و باوەڕ لێك‌ئەدەینەوە .

مەرجی یەکەم کە باوەڕ بە خودایە ، واتە موسولمان پێویستە باوەڕی ببێ بەوە کەوا ئەم جیهانە جوانە کە ڕازاوەتەوە بە ڕۆژ و مانگ و لەستێرەی بەتاو و بەم ئەرزە کە ئێمەی بەسەرەوە ئەژین و پڕە لە کانی بەنرخ و سەرچاوەی بەسوود و دەریای پڕ لە گەوهەر و خێر و بێر ، هەمووی یەك پەروەردگاری هەیە کە هەر بوە و هەر ئەبێ و تاق و تەنیایە و لە هیچ شتێ ناچێ و پێویستی بە هیچ شتێ نیە و زیندوە و زانایە و خاوەن خواست و توانایە و هەموو شتێ ئەبینێ و هەموو دەنگێ ئەبیسێ و خاوەن (کەلام)ە لەگەل پێغەمبەرانا کە فروستادەی ئەون

بۆ سەر ئەم خەڵکە و هەر صیفەتێ بەرز و بێعەیب بێ هەمۆی هەیە و لە هەمۆ عەیبێ دۆرە .

هەروەك چۆن هۆش و فام باوەڕ بەوە ناکا کەوا خانۆیەکی بە نەخش و نیگار لەخۆیەوە پەیدا بۆبێ و ، چرایەك لەخۆیەوە داگیرسابێ ، هەروا باوەڕیش ناکا کەوا ئەم جیهانە جوانە لە خۆیەوە پەیدا بۆبێ و بێ خاوەن و بێپەروەردگار بێ ، یاخود پەروەردگارەکەی بێهۆش و فام و ناتەوان و داماو بێ .

بەرزترین گیانلەبەر ئادەمیزادە . لای ژۆرۆی هێزی زانستی ئەمیش ئەوەیە ڕێ بە هەندێ ئەسرار و نهێنێ وا ببا کە خودا لەناو کان و ئاو و هەوا و غازا دروستی کردوە و ، بەهۆی ئەوانەوە هەندێ شت دابهێنێ و سۆدیان لێ وەربگرێت . ئادەمیزاد لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ کەمێك لەمە گەیشتوە و زوربەی ئەوەشی بۆ لێكنەدراوەتەوە . لەمە زیادتر ناتوانێ شتێك بە بێ مادە و مایە پەیدا بکا و ناتوانێ کرێ و داماوێ و مردن و ناتەواوێ لە خۆی دەربکا بەتەواوێ . تا گرێیەك ئەکاتەوە دەیان گرێ و گۆڵێری بۆ پەیدا ئەبێ ، چین لەسەر چین دێن و دەچن و هێشتا هەر بەشێکی زۆر لە دڵخوازەکانیان بۆ جێبەجێ نەبوە . بەمجۆرە ئادەمیزاد هەروا بە مەراقەوە سەر ئەنێتەوە و ئەمرێ. جا کە ئادەمیزاد ئەمە حاڵی بێ ئەبێ حاڵی گیان لەبەرانیتر چۆن بێ ؟

کەواتە لەئەنجامی وردبۆنەوەی ڕاستدا پێویست ئەبێ لەسەر ئادەمیزاد کەوا باوەڕ بکا بەوە کە ئەم بارەگا بەرزە بەهێزی توانایێ پەروەردگارێ پەیدا بوە کە هەر ئەو (واجب الوجود)ە و پێویستە بێ و هەر ئەو بۆئەوە ئەشێ کڕنۆشی بەندەیێ بۆ ببرێ و هەر ئەو ئەتوانێ هەر شتێکی بوێ لە نەبۆنەوە دروستی بکا . مەعنای (لا اله الاّ الله)یش هەر ئەمەیە .

ڕەحمەت لە (بەهار) کە دێتە وتار   بانگ ئەکا ئەڵێ ئەی ڕۆڵەی هوشیار
نابۆد ناتوانێ نابۆدێ دەرکا   بەرگی پەسەندی بۆنی لەبەرکا
مردۆیش ناتوانێ قەت بێ بە هۆ   بۆ زیندۆیەکی خاوەن ڕەنگ و بۆ
زیندۆی نەزانێ و بێهێز و قەوام   نە خۆی و نە کەس ناخاتە سەر کام
زیندۆیزانیاری بێخواستو بێدەس   بۆ کەس نایێتە دەستی فریادڕەس
دەی تەبیعەتی بێهۆشی نەزان   چۆن ئەبێ بە هۆی ئەرز و ئاسمان ؟
یا دروستئەکا مەجمۆعەی شەمسێ   یا ئەبێ بە هۆی نیظامی قودسێ ؟
چلۆن پێیئەکرێ ئیدارەی هەمۆ   ئەم ئەستێرانە کاتی هاتوچۆ ؟

★ ★ ★

مەجبۆری بەهۆش ئەی ڕۆڵەی دانا   دان بنێی بە ذات خودای تەوانا
باوەڕت بێ کە پەروەردگار   زیندوە و زانا و تەوانا و بەکار

خۆی بۆ بە تەنیا ویستی خۆی دەرخا   خۆی پڕتەو بدا بەسەر ئەم چەرخا
بەو شێوە ویستی لە بالاّ و پەستێ   دنیای لە نەبوّن هێنایە هەستێ
لەسەر ئەو یاسا شەش ڕۆژی دانا   پلە دابنێ بۆ عەقلی زانا
ئەمنا فەرمانی بێ چەند و چوّنە   عالەم بە خواستی (کُنْ فَیَکوُنْ)ە
بەو ئەندازەیەی بۆ ئەشیای دانا   دروستی کردن لە ڕوّی جیهانا
بۆ هەر ذەڕڕەیێ بە دڵ بڕوانێ   ئەزانێ لەگەڵ حیکمەتا هاتێ

★ ★ ★

ڕۆڵەم ئەم دەرسە وەربگرە بە دڵ   ئەگەی بە مراد بێگرێ و موشکوڵ
پەروەردگارت (واجب الوجود)   بە خواستی ئەوە دائیرەی مەوجوّد
هەر بۆ ئەو ئەشێ ئینسان بەئیخلاص   عیبادەت بکا و بەندە بێ و حەقناس
هەر ئەو خالیقە و پەروەردگارە   ئەو موئەثثیرە و باقێ ئاثارە
خواستی هەرچێ بوّ (آنا) مەوجوّدە   کە خواستی نەما بوّدیش نابوّدە

★ ★ ★

خواستی وەهابوّ مەخلوّقێ بێنێ   سەری بەندەیێ بۆ دانەوێنێ
لە مشتێ خاکی پاکی ئەم ئەرزە   ئادەمی هێنا بەو پایە بەرزە
ئەمجار بە حیکمەت لە پالّوی ئادەم   حەووای دروستکرد بێ بەهاودەم
تاجی شوعوّر و عەقلی بە دیارێ   نارد لەبۆ ئادەم لەبۆ سەرداری
هەتا ئادەمێ لەسەر ڕوّی زەمین   ببنە خەلیفەی (ربّ العالمین)
چونکە خەلیفە بە عەقڵ و شوعوّر   ئەبن بە مەظهەر بۆ تەجەللای نوّر
تا جیاکەنەوە ڕۆژ لە نیوەشەو   هەتا بۆ بەرزێ بێنە هەوڵ و دەو

★ ★ ★

جا چونکە هوشیار نەخۆشئەکەوێ   ڕۆژی ڕوّناکی ئەبێ بە شەوێ
هوشیار نەخۆشکەوت هێزی نامێنێ   بە بایەکی سارد زوّ دائەمێنێ
ئایینی بۆ نارد بۆ بەختیارێ   تا پایەدار بێ لەسەر سەرداری
لە ژینی خۆیا ببێ بە (نامێ)   بگا بە غایە و کام و مەرامی

★ ★ ★

مەرجی دوّهەم لە مەرجەکانی باوەڕ ، باوەڕە بە مەلائیکە کە بە کوردێ پێیان ئەوترێ فریشتە . فریشتە گیانلەبەرێکی لەطیف و ناسك و نوّرانین باوك و دایکیان نیە ، خوای تەعالا هەر بە خواست و توانای خۆی لە ماددەیەکی نوّرانێ دروستی کردوّن . فریشتە نە نێرن و نە مێ . خواردن ناخوّن و خواردنەوە ناخوّنەوە . هەمیشە لە فەرمانبەرداری خوادان . هەرکام لەم

فریشتانه پله و پایەیەکی تایبەتییان هەیە لەو پله و پایەیە لانادەن . ئەشتوانن بە هەرجۆرێ خۆیان ئارەزۆیان لێ ببێ خۆیان پیشان بدەن .

فریشته چەند بەشن و هەر بەشێکیان خەریکی جۆرە ئیشێکی تایبەتییە خوا پێیسپاردوە . ئەمەش جۆرێکە لە یاسای سەبەبسازێ کە خوای تەعالا بە ئارەزۆی خۆی هەر شتێکی کردوە بە سەبەب و هۆ بۆ شتێ . مەسەلا بەهۆی باوە هەور لە ئاسمانا کۆئەبێتەوە و باران ئەبارێ . بەهۆی بارانیشەوە تۆو لە زەویدا ئەڕوێ و بەرز ئەبێتەوە و ئەبێ بە دەغڵودان و جۆتیار درەوی ئەکا و ئەیکوتێ و پاکی ئەکا و ڕزق و ڕۆزێ بۆ خۆی و ماڵ و منالی و بۆ کۆمەڵ فەراهەم ئەکا ، لەگەڵ ئەوەدا کە خوای تەعالا ئەیتوانێ جۆرێکیتر دابهێنێ بۆ پێگەیشتنی دەغڵودان و نانداني خەڵك .

هەروەها خوای تەعالا هەندێ فریشتەی کردوە بە هۆ بۆ پاراستنی ئینسان لە گەلێ زیان و هەندێکیانی کردوە بە فەرمانداری با و باران و ڕوانـدنی گیا و گوڵ و شینایێ و هەندێکیتریان بـە کاربەدەستی گەیـاندنی ڕزق و ڕۆزێ بە گیانلەبەران . هەندێکیشیانی کردوە بە فەرمانداری گیانکێشان و هەندێکیتریان بە هۆی پەیوەندێ لەنێوان خۆی و پێغەمبەراندا و فەرمانی ئەو ئەگەیەنن بەوان .

هەرکەسێ ئەوەندە ژیر بێ بە ئادەمزادێکی چاوکراوە بناسرێ بەهۆی ورد بونەوەوە لە جیهان و دەرکەوتنی گەلێ شتی سەیر لـەم چەرخەدا ، باوەڕ بەوە ئەکا کە زۆر مەعقوڵ و موناسبە خوای تەعالا جۆرە مەخلوقاتێکیوا دروست بکا ماددەکەی ناسك و لەطیف بێ و بە چاوی سەر نەبینرێ و ببێ بەهۆی گەلێ کار و مەبەستی ئادەمیزاد و گەلێ شتی بەنرخ لە ئاسمان و ئەرزدا .

ئینسانی ژیر حەقی ئەوەی نیە بلێ ئەی بـۆچی خوای تـەعالا خۆی بە بێکەس ئەو مەبەستە جێبەجێ نەکا ! چونکە هۆی دانانی ئەسـباب لە جیهانا ئەوەیە ئینسان باش بژێ و لە ژیانی خۆیدا یاسایەك بۆ هەوڵ و تەقەلای خۆی دانێ وەکو دەرمان خواردن بۆ چارکردنی نەخۆشێ و ژنهێنان بـۆ منداڵبون و درەخت ناشتن بۆ میوەگرتن و تەمێ‌کردنی منـاڵ بۆئەوە کە بـۆ کۆمەڵ ببێ بە مایەی سود و بەختیارێ وەکو خوا لە قورئانا فەرمویەتی : « وَآتَيْنَاهُ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا فَاتْبَعَ سَبَبًا » واتە : لە هەمو بابەتێ و بۆ هەر شتێ ئەوەی کە سەبەب و هۆی بەجێهاتنی دڵخواز بێ دامان بە ئەسکەندەری ذیالقرنین .

بەهار بـەو هیوا بـاران ئەڕێـژێ	داری لەطافـەت بـۆ دڵ بنێـژێ
واتە ئـەو دڵەی ناسـك سروشتە	هاودەمە لە بـۆ ڕشـتەی فریشتە
بـاوەڕی وابـێ لـە هەمـو کاتـا	فریشـتە زۆرن لـەم کائیناتـا
بێباوك و دایـکن ، نە نێـرن نە مێ	بە (کـنْ فیکون) وجودیـان ئەبێ

ماددەی ئەوانـە جیسمی لەطیفـە　ذاتیـان لـە تاوان پـاك و نـەظیفە
دوورن لە هەوا و ئارەزووی نەفسێ　پڕ نـوورن لەبەر ئەنـواری قودسێ
وان لـە فەرمـانی ذاتـی خـودادا　کەسیان لە فەرمـان بە موو لانـادا
هەریـەك پایـەیێ مەعلوومی هەیـە　شێوە و مایەیێ مەرسوومی هەیـە
لـە ئاسـمانا و لەنـاو هـەوادا　لەسەر زەویـدا و لەنـاو دەریادا
لەسەر ئـەو یاسا خودا دایناوە　هەریـەك ئیشێکی پـێ سـپێرراوە
بۆ پاراستنی ئینسـان و حەیـوان　لە دەر و ماڵ و لە دەشت و کێوان
لەبـۆ یـارمەتێ کـردەوە چـاکان　بۆ هێنـانی نـوور بـۆ دڵ ڕووناکان
لەبـۆ نووسینی کردەوەی ئینسـان　لە خێر و لە شەڕ لە چاکە و ئیحسان
بۆ هێمنێ دان بـە تـەنگ ئەحوالان　بـۆ موژدەهێنـان لەبـۆ ڕاسـالان
بۆ وەرگرتنی گیـانی گیـانلەبەر　چ لە ئاسمـانا و چ لە دەریا و بـەڕ
بـۆ پرسیـاری مـردوو لـە گـۆڕا　چۆن بۆ بـاوەڕی و چلۆن هەڵسـوڕا
بۆ دڵدانەوەی شەخسی خۆشڕەفتار　بـۆ ئـازاردانی نـامەردی نـابـار

★ ★ ★

ئەم فریشتانە چوار بەشیـان تیـایە　زیـاتر لە هەمـوان جێیـان بـالایە
یەکەم (کَرُوبیِ) دووەهەم (روحانی)　سـێهەم هەڵگری عەرشـی ڕەحمانێ
چوارەم مەشـهوورن بە (مقرَّبـین)　زۆر گەورەن لەلای (ربّ العـالمین)
لەمانا چواریان بە شێـوەی ڕەئیـس　نـاویان بردوون قورئـان و حەدیث
یەکەم (جبرئیـل) لە موعتەبـەران　پەیـام وەرئەگرێ بـۆ پێغەمبـەران
دووەهەم (میکائیل) مەئموری ئەرزاق　بۆ گیـان لەبەران لە کورەی ئافـاق
سێهەم (عزرائیل) لەبۆ گیان کێشان　بەردەسـتی زۆرە لەبـۆ دڵئێشـان
چوارەم (اسرافیل) لەبۆ نەفخی صوور　ئازا و ئامادە بـۆ ئەمر و دەسـتوور
ئەمـانە نـاویان لامـان دیـارە　بـاقێ حەواڵـەی پەروەردگـارە
ئەوەند بزانـە کە سوپـای خـودا　بەندی ژمـارە قەت دەورەی نـادا
کەس نەیزانیوە و کەسیـش نایزانێ　موسوڵمان ئەبـێ دان بەمـەدا نـێ
عیلمـی کـێ ئەگـا بە کـائیناتا　بـە مەخلوقـاتێ لـە سەمـاواتا
کەمی مەکشـوفە و زۆری مەکتومە　ئەمە لای مەردی زانـا مەعلـومە
هەر کەس لـەم بـابـا با بێ بە دەمیا　تەم ئەدا بەسـەر دڵەی پڕخەمیـا
هەر عیلم و فەننـە ئەبێ بـە حەکەم　پێـتەڵێ بڵـێ (اللهُ اعلَـم)
(ومـا اوتیتـمْ) وا لـە تەنزیـلا　لەگەڵ ئیستیثنـای (الاّ قلیـلا)
بڕوانە مەعنـای تەنزیلی سـامێ　بڕۆ بـۆ کەهفـی عیرفانی (نـامێ)

★ ★ ★

مەرجی سێهەم باوەڕە بەو کتێبانەی کە خوای تەعالا بە ڕێگای حەزرەتی جوبرەئیلدا ناردوونی بۆ پێغەمبەران ٠

بەگوێرەی فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خـوای لێ بێ) خـوای تەعالا سێصەد و سیازدە پێغەمبەری ناردوە بۆ سـەر خـەڵق و ئـەم پێغەمبەرانە فەرمودە و سپاردەی خوایان بە ئادەمیزاد گەیاندوە . لەناو ئەمانەشدا صەد و چواریان کتێبیان بەهۆی حەزرەتی جوبرەئیلەوە بۆ هاتوە . ئـەو کتێبانەی خوا ناردونی بۆ پێغەمبەران بەمجۆرەن : دە کتێب بۆ حەزرەتی ئادەم ، پەنجا کتێب بۆ حەزرەتی شـیث ، سێ کتێب بۆ حەزرەتی ئیدریس ، دە کتێب بۆ حەزرەتی ئیبراهیمی خەلیل . ئەم کتێبانە هـەموویان لە قورئـانی پیرۆزدا بە (صحف) ناوبراون . تەوراتیش هاتوەتە خوار بۆ حەزرەتی موسا و زەبـور بۆ حەزرەتی داوود و ئینجیل بۆ حەزرەتی عیسـا و قورئان بۆ پێغەمبەری خـۆمان حەزرەتی (محمد المصطفى) عليهم الصلاة والسلام .

قورئان پێکهاتوە لە شەش‌هەزار و شەش‌صەد و شەصت و شەش ئایەت . ئەو بابەتانەی ئەم ئایەتانە باسیان لێ ئەکـەن جۆرجۆرن ، هـەر لە کاروباری ئاینەوە تا کاروباری ژیان و پەیوەندی خەڵك بە خواوە و لەناو خۆیانا و ژیانی ئەو دنیا . .

قورئان لە ماوەی بیست و سێ ساڵدا خوا بەهۆی حەزرەتی جیبرەئیلەوە ناردویە بۆ پێغەمبەر بەگوێرەی پێویست . قورئان حوکمی هەموو کتێبەکانی پێش خۆی هەڵوەشاندوەتەوە تەنها لە مەسەلەی ئیمان و باوەڕدا نەبێ ، واتە هەرچی ئەحکامی ڕەفتار و کردەوەی ئینسانی موکەللەفە ئەبێ بەپێی ئـەوە بێ کـە لە قورئاندا هەیە .

قورئان لەلایەنی لەفظ و مەعناوە لە هـەموو کتێبێکی ئاسـمانی و ئەرزی بەرزترە بە چەند دەلیل . یەکەم ئەوە کە قورئان موعجیزەیە ، واتـە لەوکاتەوە کە هاتوە بۆ سەر زەوی هەتا هەتایە ئەگەر هەرچی ئادەمیزاد و پەریە کۆببنەوە ناتوانن نە وێنەی هەموی و نە وێنەی هەندێکی دابهێنن و ، لەوڕۆژەوە هاتوەتە خوار تا ئەمـڕۆ هەرکەسـێ ویسـتبێتی بەرابەرکێی بکـات ، بـە نـائومێدی گەڕاوەتەوە و دانی بە داماوی خۆیدا ناوە . دوهەم ئەوەی بۆ بەختیاری دنیـا و قیامەتی ئادەمیزاد پێویست بێ تیا هەیە وەك خواناسی و دڵ و دەروون پاکی و میهرەبانی لەگەڵ خـزم و بێگـانە و یاسـای ژیـان و پاراستنی نیشـتمان و پیشەسازی و خوێندن و ڕاگرتنی گەورە و بچوك و . . تاد .

قورئانی پیرۆز مەیدانی ئەوەی داوە کەوا زانا بەرزەکانی ئیسلام کە پێیان ئەڵێن (مجتهدين) بەگوێرەی پێویست و بۆ خزمەتی موسوڵمانان و بەپێی ئەو ڕێ و شوێنەی قورئان دایناوە و پێغەمبەر فەرمویەتی بڕیاری ئەو شتانە بدەن کە قازانج و سودی خەڵکیان تیایە . خەڵکیش بـەپێی ئـەو بڕیارانەی ئەوان بجوڵێنەوە .

★ ★ ★

مەرجی چوارەمیش لە مەرجەکانی باوەڕ ، باوەڕە بە پێغەمبەرانی خودا . (بزانن) کەوا لەوڕۆژەوە ئادەمیزاد لەسەر زەوی بڵاو بوەتەوە ، لە هەمو چەرخێکا خوا یەکێ یا چەند کەسێکی لە ئادەمیزادی سروشت پاك و خۆ و ڕەوشت چاك و دڵ ڕوناك و سەربەرز هەڵبژاردوە و بەهۆی فریشتەی سرۆش (وەحی) حەزرەتی جیبرەئیلەوە نامەی تایبەتی خۆی بۆ ناردون کە بیگەیەنن بە خەڵك بۆ ڕێپیشاندان و ئامۆژگاری کردنیان و ، کردونی بە پێغەمبەری خۆی بۆ سەر خەڵکی ئەو ناوچەیە ، وەك لە قورئاندا ئەفەرموێت : « وَاِنْ مِنْ اُمَّةٍ اِلاّ خَلا فيها نَذيرٌ » واتە : هیچ کۆمەڵە ئادەمیزادێ نەبوە خوا پێغەمبەرێکی بۆ نەناردبن موژدەی بەهەشتیان بداتێ ئەگەر فەرمان بەرداری فەرمانی خوا بکەن و ترسی دۆزەخیان بخاتە بەر ئەگەر سەرپێچی لێ بکەن .

ئەم پێغەمبەرانە هەندێکیان پایەیان لە هەندێکی تریان بەرزترە . لە قورئان و حەدیثا ناوی سێصەد و سیازدە کەسیان براوە ، بەڵام لە قورئانی پیرۆزدا تەنها ناوی ئەم بیستەیان هاتوە : ئادەم ، ئیدریس ، نوح ، هود، صالح، ئیبراهیم ، لوط ، ئیسماعیل ، ئیسحاق ، یەعقوب ، یوسف ، ئەیوب ، یونس، شوعەیب ، موسا ، هارون ، ذولکیفل ، ئیلیاس ، ئیلیەسەع ، داوود ، سولەیمان ، زەکەریا ، یەحیا ، عیسا و حەزرەتی موحەممەد (علیهم الصلاة والسلام) . لەم بیستە پێنجیان بە (اولوا العزم) واتە خاوەن هیممەت و پایەی بەرز ناویان دەرکردوە . ئەمانە بریتین لە نوح و ئیبراهیم و موسا و عیسا و موحەممەد (علیهم السلام) . لەناو ئەم پێنجەشدا پێغەمبەری ئێمە کە حەزرەتی (محمد المصطفی)یە دروودی خوای لێ بێ لە هەمویان گەورەترە .

وتمان پێغەمبەری ئێمە لە هەمو پێغەمبەرەکان گەورەترە . ئەمە چەند بەڵگە و دەلیلی هەیە . یەکەم ئەوەیە ئەم ذاتە ڕەوانە کراوە بۆ سەر هەمو ئادەمیزاد و (جن) و مەلائیکە لە هەمو وڵاتێك و لە هەمو سەردەمێکدا . ئەمەش لە ئایەتی (وَما اَرْسَلْناكَ اِلاّ كافَّةً لِلنّاسِ)ەوە دەرئەکەوێ کە واتە تۆمان نەناردوە بۆ هەمو ئادەمیزاد نەبێ . هەروەها لە ئایەتی (وَما اَرْسَلْناكَ اِلاّ رَحْمَةً لِلعالَمين)ەوە کە واتە تۆمان نەناردوە بۆئەوە نەبێ کە ببی بە مایەی ڕەحمەت بۆ هەمو خەڵکی جیهان . هەروەها دەرئەکەوێ لەو نامانەوە کە پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ ناردونی بو پادشاهان و گەورە گەورانی سەردەمی خۆی بۆ بانگ کردنیان بۆ موسوڵمانبون وەك نامەی بۆ پادشای قیبطییەکانی میسر و پادشای ڕۆم و ئێران و حەبەشە و گەورە گەورانی عەرەب ، وەك لە کتێبی مێژودا بەدرێژی باسی لێ کراوە .

دوهەم ئەوەیە کە ئایینی ئیسلام دامەزراوە لەسەر قورئانی پیرۆز کە لە هیچ ئایینێکی تردا یاسای وا نەبینراوە و نەبیسراوە کە لەمدا هەیە . قورئانیش

بەهۆی ئەوەوە کە (معجزه)یە و کەس بەرامبەرکێی لەگەڵ پێ ناکرێ ، گومان لەوەدا نیە کە کەلامی خوایە و پەیوەندی بە ئادەمیزاد و فریشتەوە نیە . سێهەم ئەوەیە ئەم ذاتە دوا پێغەمبەرە لە جیهانا و پاش ئەو هیچ پێغەمبەرێکی‌تر نابێ و ئاینەکەی تا دنیا دنیایە پایەدار ئەبێ و لە هەر چەرخێکا کە لەبەر هەندێ هۆ لاوازێ و ڕەنگ زەردییەکی بەسەردا هاتبێ ، ئەوەندەی پێ نەچوە هەروەك ئاو بکەی بە نەوتی ئاگر گرتوذا ، گەلێ لە جاران تونـدتر گڕی بـەرز بوەتەوە و کۆمەك و یارمەتی‌دەر و هۆی بڵاوبونەوەی هاتوەتەڕێ .

ئەم پێغەمبەرە ڕەهبـەرە نـاوی (محمـد)ی کوڕی (عبدالله)ی کوڕی (عبدالمطلب)ی کوڕی (هاشم)ە و لە هۆزی (قرَیش) و لە نەوەی حەزرەتی (اسماعیل)ی کوڕی حەزرەتی (ابراهیم الخلیل)ە . دایکیشی ناوی (آمنە)ی کچی (وَهَب)ی کوڕی (زَهرە)یە . لە شاری مەککەی موکەڕەمە لـە وڵاتی حیجاز لە ساڵی ٥٧٠ی میلادیدا لەدایك‌بوە لە ڕۆژی دوشەممەی ٢١ی نیساندا لەکاتی بەرەبەیاندا و بە قودومی پیرۆزی خۆی جیهانی نورانی کردوە . لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا خوا حەزرەتی جوبرەئیلی ناردوەتە لا و خەڵاتی پێغەمبەرێتی داوەتێ. پاش ئەمە بە سیازدە ساڵ مەککەی بەجێ‌هێشتوە و کۆچی کردوە بۆ مەدینە و دە ساڵیش لەوێ ماوەتەوە . پاشان لە تەمەنی شەصت و سێ ساڵیدا لە ڕۆژی دوشەممەی یەکی مانگی (ربیع الاول)ی ساڵی ١١ی هیجری (٦٦٢ی میلادی)دا وەفاتی کردوە و لە ژورەکەی حەزرەتی (عائشە)ی حەرەمیدا سپێرراوە بـە خاك .

(ئاگاداربن) هەروەك چۆن پێویســتە باوەڕمان ببێ بەوە کەوا حەزرەتی (محمد) درودی خوای لێ بێ ڕەوانە کراوە بۆسەر ئادەمیزاد، پێویستە باوەڕمان بەوەش ببێ کەوا ڕەوانە کراوە بۆسەر پەریانیش کە ئەوانیش جـۆرێکن لـە مەخلوقاتی خوا . فەرقی پەری لەگەڵ فریشتە (مەلائیکە)دا ئەوەیە کەوا ئەمان نێر و مێیان هەیـە و بە چەشنی گیان لەبـەرانی‌تر زاوزێ ئەکـەن و فەرمان بەردار و فەرمان نابەرداریان تیایە . لـە قورئانی پیرۆزا لە گەلێ ئایەتدا باسی پەری هەیە و وتراوە کەوا حەزرەت درودی خـوای لێ بێ بانگـی کردون بـۆ وەرگرتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و قورئانی بەسەردا خوێندونەتەوە .

★ ★ ★

مەرجی پێنجەم لە مەرجەکانی بـاوەڕ ، باوەڕە بە ڕۆژی قیامەت ، بەو دنیا .

پێویسـتە ئینسـان ئیمان و باوەڕی وابێ کەوا ڕۆژێ دێ ئەم جیهانە وێران ئەبێ و تێك‌ئەچێ و ئەم گیان‌لەبەرانە هەمو ئەمرن و پاش ماوەیێ خوای تەعالا سەرلەنوێ جیهانێکی تازە و نوێ دروست ئەکا و هەرچی ئادەمیزاد و پەری

بوه هەمۆیان زیندۆ ئەکاتەوە و لە کردەوەی هەموان ئەپرسێتەوە و ، هەرکەس بە تۆڵە و پاداشی خراپە و چاکەی خۆی ئەگات . ئەم جیهانە نوێیە بڕانەوەی نابێ و ، شوێنی هەمۆ ئادەمیزاد و پەرییەك یا بەهەشتە یا دۆزەخ و ئەم دۆ شوێنەش هەمیشە ئەمێنن و هەرگیز نافەوتێن .

وردبۆنەوەیەك بە دڵ . ئێمە تەماشا ئەکەین ئەبینین بەشەکانی ئەم جیهانە وەك ئاسمان و ئەستێرە و زەوێ و دەریا و گیانلەبەر ، هەمۆ بەرانبەر بە هێزی شتێکی لە خۆیان بەتاوتر زەبۆن و داماو و بێدەسەڵاتن . کام کێو زۆر گەورەیە لەوانەیە بە جۆرە بۆمبایەك وێـران و تەخت بکرێ .. بۆمەلەرزەیەکی بەهێز سیمای وڵاتێك بەتەواوێ ئەگۆڕێ . ئەگەر هێزی ئەو بۆمەلەرزەیە چەند قات بکرێتەوە لەوانەیە وڵاتەکە ژێرەوژۆر بکا . ژیرترینی گیانلەبەران کە ئادەمیزادە ناتوانێ شتێکی نابۆد و بێمایە دروست بکا و ناتوانێ گیان بکا بە بەری بێگیانێکا ، یا خـۆی لە مـردن ڕزگار بکا . دیـارە گیانلەبەرەکانیتریش لـە ئادەمیزاد بێکارەترن . کەواتـە ئەمانە هیچیان خۆیانیان دروست نەکـردوە . عەقڵیش نایگرێ هەروا لە خۆیانەوە پەیدا بۆبن . هەروا عەقڵ قەناعەت ناکا بەوە کە شتێکی بێعەقڵ و هۆش و فام و هێزیش ئەمانەی دروست کردبێ .

لێرەدا هەمۆ هوشیارێك ئەبێ خۆی بە ناچار بزانێ باوەڕ بکا بـەوە کەوا ئەم جیهانە بە گیاندار و بێگیانیەوە پەروەردگارێکی خاوەن کەماڵی هەیە کە هەرچێ بوێ ئەیکا . جا عەقڵ و هۆش ئەگا بەو ئەنجامە کەوا ئەو پەروەردگارە وەك لە نەبۆن ئەمانەی دروست کردوە ، ئەیشتوانێ گیانلەبەرەکان بمرێنێ و ئەم جیهانە بڕۆخێنێ کە ئەمەش بریتییە لە (دنیا ئاخر بۆن) . هەروا ئەیشتوانێ دنیایەکی نوێ دروست بکا و مردوەکان زیندۆ بکاتەوە . ئەم وەزعەیش بریتییە لە (زیندۆ بۆنەوەی گیانلەبەران بۆ ژیانی تازە و نوێ لە جیهانێکیتردا) کە هەتا هەتایە لەو جیهان و ژیانەدا ئارام ئەگرن .

بۆ نیشاندانی هێنانی ئەم وەزعە و وێرانکردنی جیهان کە چەند لای خوای تەعالا ئاسـانە ، خوا لە قورئانا فەرمۆیەتی : « وَمَـا اَمْرُ السَّاعَةِ اِلاّ كَلَمْحِ البَصَرِ اَوْ هُـوَ اَقْرَبُ » . واتـــە وەزعـی هێنـانی ڕۆژی قیامــەت و وێرانکردنی ئـەم جیهانە ، لای توانای خـوای گەورەدا وەك ئاوڕدانـەوەیەکی ئادەمیزادە بە لاچاوێك ، بەڵکو لەوەش سۆك و ئاسانتر و نزیکترە .

★ ★ ★

مەرجی شەشەم لە مەرجەکانی باوەڕ،باوەڕە بەوە کە هەرچێ چاکە وخراپە هەیە هەمۆی خوا دروستی ئەکا و هەر خوا خالق و پەروەردگارە و هەر شتێ ڕۆ بدا لەم جیهانەدا خوای تەعالا پێی زانیوە و بە قەدەری ئەو ڕۆ ئـەدا یەعنی خوای تەعالا بە خواستی خۆی دروستی ئەکا .

تەنانەت هەستان و دانیشتن و کردار و گوفتاری ئێمەش هەمۆی کاری خودایە و ئەوەندە هەیە تا ئێمە خواست و خواهیش و ئارەزۆمان لەسەر شتێ نەبێ و عەزم نەکەین بۆ کردنی ئەو شتە خوا دروستی ناکا و هەرکاتێ خواست و خواهیشمان ڕۆی کردە کردنی شتەکە و ویستمان بیکەین خودا ئەیکا . پەیوەندی ئێمە بەو شتەوە ئەوەندەیە کە ئێمە خاوەن ئیختیارین و ئیختیارە جوزئییەکەی خۆمان هەڵئەسوڕێنین بۆلای ئەو شتە کە ئەمانەوێ بیکەین و ئیتر خوایش دروستی ئەکا . خوا لە قورئانا فەرمۆیەتی : « اللهُ خالِقُ كُلِّ شيئٍ » واتە : خوا دروستکەری هەمۆ شتێکە . هەروەها فەرمۆیەتی : « واللهُ خَلَقَكُمْ وماتَعْمَلونَ » واتە : خوا ئێوە و هەمۆ کرداری ئێوەی دروست کردوە . دەلیلیش لەسەرئەوە کە ئادەمیزاد خاوەن ئیختیارە ، ئەوەیە کە خوا فەرمۆیەتی : « لَها ما كَسَبَتْ وعَلَيْها ما اكْتَسَبَتْ » واتە : هەر چاکەیێ کە ئادەمیزاد پەیدای بکا سۆدەکەی بۆ خۆیەتی و هەر خراپەیەکیش کە بە ئارەزۆی خۆی بیکات زیانەکەی لە ئەستۆی خۆیدایە .

★ ★ ★

هەروەها پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ فەرمۆیەتی :

« الإسْلامُ انْ تَشْهَدَ انْ لا اِلهَ الاّ اللهُ ، و انَ محمدًا رسولُ اللهِ ، و تُقيمَ الصَّلاةَ ، و تُؤْتِيَ الزَّكاةَ ، و تَصُومَ رَمَضانَ ، و تَحجَّ البَيْتَ اِنِ اسْتَطَعْتَ اليه سبيلاً » .

واتە : موسولمانەتێ ئەوەیە شایەتێ بدەی کەوا لە (خوا) بەولاوە خوایەکیتر نیە و (محمد) فروستادەی ئەوە . هەروەها نوێژ بکەیت و زەکات بدەیت و مانگی ڕەمەزان بەڕۆژۆ بێ و ئەگەر دەسەڵاتت هەبۆ حەجیش بکەیت .

وا کەمێك لەسەر ئەم مەرجانەی موسولمانەتییش قسە ئەکەین .

ئەو شەش مەرجەی باوەڕ کە پێشان باسمان کردن هەمۆ بریتێ بۆن لە بیروباوەڕ و شتێکی پەنامەکێ بۆن ، چونکە ئیمان و باوەڕ لە دڵدایە . ئەم پێنج مەرجەی موسولمانەتییش هەمۆیان کردەوەن چونکە موسولمانەتێ بە کردەوەدا دەرئەکەوێ . یەکەمی ئەم مەرجانە ئەوەیە بە زمان بڵێیت و بە دڵیش باوەڕت بێ کەوا کەس نیە بەندەیێ و بچۆکێ بۆ بکرێ و بە حەق عیبادەتی بۆ بکرێ لەو زاتە بەولاوە کە ناوی (الله)یە و ،بە زمان بڵێیت و بە دڵ باوەڕت بێ کەوا حەزرەتی (محمد)ی کوڕی (عبدالله)ی کوڕی (عبدالمطلب) پێغەمبەری خوایە و خوا بە ڕەهنمۆنێ بۆ هەمۆ ئادەمیزاد و پەریانی ناردوە . دۆهەمیشیان بەجێهێنانی پێنج فەرزەی نوێژە لە هەمۆ شەو و ڕۆژێکا بەپێی ئەو ئوسۆلە

که له شــەرعدا بەیان‌کراوە . سێهەمیشیان ئەوەیە زەکاتی ئاڵتــوون و زیو و دەغــڵودان و حەیــوانات و مــاڵی بازرگانێ بــدەی بەوانەی بەپێــی شەرع پێیان‌ئەشێ . چوارەمیشیان ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزانە لە هەموو ساڵێکدا . پێنجەمیشیان حەجە واتە زیارەتی ماڵی خوا (کەعبە) لە شاری مەککە یەکجار لە ماوەی ژیاندا بەوشەرتە کە دەستت بڕوا و بتوانێ بڕۆیت و بێیتەوە بە هێمنێ .

ڕۆڵەی دڵ بەندم ، شیرینتر لە گوڵ — دەرست پێ ئەڵێـم تێی بگـە بە دڵ
بڵێ بــە ئەدەب بە زمــانێکی پــاك — لەسەر ئیمــان و بــاوەڕی ڕۆنــاك
بــاوەڕم هەیــە بــە ذاتــی خــودا — پەروەردگاری بــێ وێنــە و هەمتــا
هەر ئەو مەعبــوودە و بەندەیێ ئەکرێ — سوجدەی بەندەگێ هەر بۆ ئەو ئەبرێ
هەر ئەو خــالیقە بــۆ هەموو عالــەم — ئاشکرا و پەنهــان لە زۆر و لە کــەم
هەر تەنیــا ئەوە (واجب الوجــود) — کەرەم فراوان خــاوەن فەیض و جوود

★ ★ ★

بــاوەڕم هەیە بــە فریشتەی حــەق — بــۆ ذاتی خودا موطیعــی موطڵــەق
بــاوەڕم هەیــــە بــە پێغەمبــەران — بۆ تەمێــی هوشیــــار ڕەوانــەکران
بڵــێ ئەوانــەی وان لــە قورئــــانا — هەر باسیــان ئەکەم لە ڕۆی جیهــانا
ئــادەم و ئیدریس ، حەزرەتــی نووحە — هــوود و صــاڵحی خــاوەن فتووحــە
ئیبراهیم و لــووط ئەمجار ئیسماعیل — ئیسحاق و یەعقووب ، یوسفی جەلیل
ئەیووبی صابیر ، یونس و شــوعەیب — مووسا و هاروون و ذولکیفلی بێ‌عەیب
ئیلیاس ئیلیەســەع داوود سولەیمان — زەکەریا و یەحیا و عیسای پڕ ئەمان
خاتــەمێ هــەموو ئــەم ڕەهبەرانــە — بە (محمد)ی شــــای ســــەرووەرانە

★ ★ ★

درود بە وێنــەی بــارانی بەهـــــار — بڕژێ بــەردەوام لای پەروەردگــار
بەسەر گوڵــزاری گیــانی ئەو ذاتــا — نووری پەخشــان کرد بەســەر وڵاتا
ئەو (محمد)ەی بــۆ هەمــوو عـــالەم — بوو بە سەرچــاوەی ئیحسان و کەرەم
ڕەحمەتــی ڕژانــد بە سەماواتـــا — بـــە دڵ و گیـــانا لــە کائیناتـــا
چەند دڵــی مردووی زینــدوو کردەوە — بە جوانــێ و بەرزێ وتــە و کردەوە
نەسیم بــۆی ئەوی هێنا بۆ ناوبــاخ — غونچە کراوە و پێی بوو بــە گوڵبـــاخ
لەجێی نەزانێ وپەستێ وسەرمەستێ — خەڵکی‌خستەسەر ڕێی حەق‌پەرستێ
پیرۆزێ هێنــا بــۆ هەمــوو ئافـــاق — ڕۆی زەوێ پڕکرد لە دەرسی ئەخلاق
با بڕژێ ســەلام وەك تــاوی بــاران — بە گیــانی ئــەودا بــە ڕۆژگـــاران
جــا لە داوێنــەی شــای پایەداران — با بێ و سەرواز بێ بۆ ئال و یــاران
فیــداکــارانی ڕێــی کامگـــارێ — پـــایەدارانی خزمـــەت دیــارێ

تێکۆشەرانی ڕێی ڕاستی ئایین (رَضِیَ اللهُ عَنْهُمْ اجمَعین)
بەڵکو دڵۆپێ لە ئاوی پاکی بگا بە ئێمەیش بۆ دڵ ڕۆناکی
بەو دڵۆپەوە بڕۆین بۆ مەحشەر بۆ ژێر سای ئاڵای بەرزی پێغەمبەر

★ ★ ★

باوەڕم هەیە بەو کەلامانە هاتوون بۆ ئەم پێغەمبەرانە
دە لەبۆ ئادەم ، پەنجا لە بۆ شیث سێ نازڵ بوە بۆ سەری ئیدریس
دە بۆ ئیبراهیم . سەدە تەواوە ئەم صەد کتێبە (صحف)یان ناوە
تەورات بۆ مۆسا ، زەبور بۆ داوۆد ئینجیل بۆ عیسا بە ئەمری مەعبوٚد
قورئان هاتوە بە بیست و سێ ساڵ بۆ سەر (محمد) شای خاوەن کەماڵ

★ ★ ★

باوەڕم هەیە بە قەزا و قەدەر هەرچێ ڕوبدا خوا ئەیکا یەکسەر
بە دۆ شەهادەت بە شەرم و ئارام باش ئیقرار ئەکەم بە دینی ئیسلام
پێنج فەرزەی نوێژیش ئەکەم تا ئەمرم گشت ساڵێ ڕۆژۆی ڕەمەزان ئەگرم
لە قوت لە حەیوان ، درەم و دینار زەکات دەرئەکەم بۆ لات و هەژار
کاتێ ماڵم بۆ بە دڵێکی ساف ئەڕۆم بۆ کەعبە بە نیازی طواف
هەرچێ بزانم باشە بۆ ئیسلام بەپێی هێزی خۆم ئەیهێنمە ئەنجام
سەرەڕای هەمۆی ڕۆم لە خودایە هیوام ڕەحمەتی حەق تەعالایە

★ ★ ★

ڕۆڵە ئەم دەرسە دەرسێکی بەرزە ڕەفتار بە گوێرەی ئەم دەرسە فەرزە
ڕەفتارت پێکرد ئەبێ بە (نامێ) موسوڵمانێکی پوختە و تەمامی

گوڵی دۆهەم ــ گوڵی ترس لە خوا

بەهار بارانی قودسێ ئەڕێژێ
داری ئەنواری نەفسێ ئەنێژێ
ئەڵێ ئەو دڵەی لە خوا ئەترسێ
لە شێوەی شۆمی هەوا ناپرسێ

رَأسُ الحِکمَةِ مَخافَةُ الله

واتە : سەرەتای وتار و ڕەفتاری پەسەند ترسە لە خوای گەورە .

ئادەمیزادی بەختیار بەر لە هەرچێ دەرسی بەسۆدی ئیمان و باوەڕی خۆی بە پەروەردگاری جیهان وەرئەگرێ . کاتێ کە ئەم دەرسەی وەرگرت و تێگەیشت ئەم بارەگای جیهانە و ئەم ئەرز و ئاسمانە و ئەم هەمۆ گیان لەبەرانە و

ئەم ئادەمیزادە بە شکۆ و شانە ، پەروەردگارێکیان هەیە تاق و تەنیا و خاوەن خواست و توانا کە هەمو شتێ ڕامی هێزی ئەوە و ئەتوانێ بە هەمو بارێکا هەڵیسوڕێنێ و ، بە هەمو شتێ زانا و بینایە ، باوەڕی دێتە سەر ئەوە کە خوای تەعالا بە بیر و باوەڕ و وتار و کردەی ئەو ئەزانێ و ، هەرکاتێ و لە هەر شوێنێکدا نەفس و هەوا داوای تاوان و کردەوەی ناپەسەندی لێ بکا بە دڵ شەرمەسار ئەبێ و لە خودای خۆی ئەترسێ و خۆی لەو کارە نابارە لائەدا و ، نەفسی خۆی هەڵئەسوڕێنێ بۆ شتێ کە سوودی لێ وەربگرێ .

هەموکەسێ ئەزانێ کەوا نەفسی ئینسان داوای کردەوەی ناپەسەند ئەکا ، بەڵام لە هەندێ‌کاتدا ئینسان لەبەر شەرمەزارێ لە برا و دۆست و لە ئینسانی خاوەن پایە ئەو شتە تەرك ئەکا . لە هەندێ‌کاتیشا کەسی‌وا نیە شەرمی لێ‌بکا ، بەڵام لە فەرمانڕەوای ئەو ڕۆژە ئەترسێ و لە ترسی گیرۆدە بونی بە ئازاردان و زیندان و زیانی دارایی خۆی دەست بەردار ئەبێ . زۆر کات و شوێنی‌واش هەیە کردەوەی ناپەسەندی تیا بۆ هەڵئەکەوێ و لەو کات و شوێنەدا کەسی‌وا نیە شەرمی لێ بکا و زۆرداریش دیار نیە تا لێی‌بترسێ . لەم جۆرە کات و شوێنانەدا هەر ترسی خودا و بیروباوەڕی خۆی بە خوا و ترسی پرسیاری دوارۆژ لەو ئیشە نابارەی ئەگێڕێتەوە . جا کاتێ ئادەمیزاد گەیشت بەم پایە ، هەر وتارێ بە دەمیا بێ لەپێشا بیری لێ ئەکاتەوە و لە ئەنجامەکەی ورد ئەبێتەوە و ئەگەر زیانی تیابێ بە دەمیا نایەت . هەروا هەر کردەوەیەك کە تاوانی تیابێ خۆی لێ دوور ئەخاتەوە . لێرەدا بە ئاشکرا دەرئەکەوێ کەوا ترسی خوا سەرچاوەی حیکمەتە و ئەبێ بەهۆی ڕەفتار و ڕەوشتی چاك و پاك و سوودمەند .

بۆیە خوای تەعالا لە قورئانی پیرۆزا فەرمویەتی : وخافونِ ان کنتم مؤمنینَ . واتە ئەی ئادەمیزادەکان ئەگەر بەڕاستێ خاوەن ئیمانن لە من بترسن . مەبەستی ئەوەیە نیشانەی ئیمان و باوەڕی ڕاستەقینە ئەوەیە ئینسان لە ترسی ئەو خودایە کە باوەڕی پێی هەیە دەست‌بەرداری کردەوەی ناپەسەند بێ ، ئەگینا ئیمانەکەی یا هەر نیە یا ئەوەندە لاواز و نابوودە سوودی لێ وەرناگرێ .

ئاشکرایە ئەگەر تۆ بە کەسێکی‌تر بڵێی چیت ئەوێ ئەتدەمێ بەوشەرتە گوللەیەك بنێی بەخۆتەوە یا پیاڵەیەك زەهر بخۆیتەوە یا خۆت بهاوێیتە ناو ئاگرەوە ، ئەوکەسە گاڵتەت پێ‌ئەکا و بەشێت و نەفامت دائەنێ و ئەڵێ چۆن ژیانی خۆم زایە ئەکەم . ئەمەیش هەر لەبەرئەوەیە کە ئەو شتە وا لەپێش چاویا و بەڕاستێ باوەڕی وایە ئەگەر ئەو ئیشە بکا ئیتر ئەبێ دەست لە گیانی خۆی داشۆرێ . لێرەدا دەرئەکەوێ کەوا هەر بیروباوەڕە بەڕاستێ ئەبێ بەهۆی ئەوە کە ئادەمیزاد تۆشی گوناە و تاوان نەبێ .

ڕۆڵەم ! ئادەمێ سروشتی وایە لە خێر و شەڕدا دۆ بەشی تیایە

دڕونــدە خــووە لەبەر بەدخــوویی فریشــتە ڕووە لەبەر حــەق‌جۆیی
بەوبــارا ســوڕا ، ئەداتــە کیوان بەم‌بارا بــڕوا ئــەگا بــە کەیــوان
پێویستە ئــادەم ئاگای لــە خۆ بێ ترسی ڕسوایی لــە ڕۆژی نــۆ بێ
هەتا بــۆی ئەکــرێ لادا لــە هەوا ئاگای لە خــۆی بێ هەتا لە خــەوا
خۆی بپــارێزێ لــە نەفسی نابــار زینهار بەدتــرە لە ئــەژدەها و مار
ژاری ئەژدەها و مــاری وشکەغار ئاگا بــە ژاری نەفســی بەدکــردار
ئــــازاری ئــەوان بــــۆ ژیانمانــە ئــەم بــۆ ژیــان و بــۆ ئیمانمانــە

★ ★ ★

هەروا وەهایــە لەسەر شاخی بەرز واهەوات ئەدا ئەتخاتــە سەر ئەرز
ئەگــەر پایــەی تۆ وا لــە فەلــەکا شان‌بەشان ئــەڕۆی لەگەڵ مەلــەکا
ئەگەر لــە دنیا وێنــەی ئەولیــای هــاوڕازی ڕیزی بــەرزی ئەصفیای
کاتێ بــە هەوا کەوتیتــە سێ‌بــاز نــاوی بەدنــاویت ئەگاتــە شــیراز
بــە شــوومێ هــەوا و ئــارەزووبازێ لەبــەرزیوە دێیت بــۆ پایــەندازێ

★ ★ ★

ئەگــەر ئەتــەوێ چــارە لەمــانە هەر ترسی خودای خــاوەن ئەمانە
کە ترسی خــودا گەیشتە ناو دڵ ئەبێ بە چــرا بۆ مــاڵ و مەنــزڵ
پڕتــەوی چــرا داپــەڕێ بــە تاو تاریــکێ دەروون نامێنــێ لــە نــاو
باش حــاڵێ ئــەبێ خــودا حــازرە بــۆ کــردەوەی تۆ بە حــەق ناظرە
ئەوەی بەم وەزعــە خەبەردار ئەبێ لــە تاوانبــارێ شــەرمەزار ئــەبێ

★ ★ ★

حەیا لە مەخلوق یا ترسی حوکام قازانــجی نیــە بۆ تــۆ بــەدەوام
کاتێ تەنیــایێ و ئــارەزووی تــاوان هەر ترســی خــودا ئــەبێ لەناوان
ئەمەیــە ڕازی فەلســەفەی ئیمــان کاتێ دامــەزرا دینــی موســوڵمان
هەتا بە خەیــاڵ خۆی ڕســوا ناکا ئیطاعــەی نەفســی بەدهــەوا ناکا
کە لەخوا ترسای بە بەرزێ هیممەت دڵت پڕ ئەبێ لە دەرسی حیکمەت

★ ★ ★

وتارت ئــەبێ بە نامــەی (نامێ) عالەم دەرئــەکا لــە مایــە خــامێ
ڕەفتارت ئەبێ بە سەرمەشقی خاص نەك لەبۆ عەوام ، بەڵکو بۆ خەواص
یانــێ بە وێنــەی ذەڕڕەبینی خــاك گەرمــا ئەهێنێ بــۆ دڵــی ڕوونــاك
نە ئەو بە سەرمای زەمهەریر ئەمرێ نە سەبۆنی گەرم دەرگای تۆ ئەگرێ
ئەمەبۆ تەمێــم بۆ ڕۆڵەی هوشیــار کە ترســی خودا بــکا بە حەســار

وا من ئەم دەرسـەم بە دڵی تۆ دا   قەت غافڵ نەبـێ لە ترسی خـودا
کە غافڵ نەبۆی لـە فەیضی سامێ   ئەبێ بە مەردی هەڵکەوتوی (نـامێ)

گوڵی سێهەم ـ گوڵی شێوە و ڕەوشت

لَقدْ خلقنا الانسانَ في احسَن تقويم

پەروەردگاری میهرەبـان فەرمویەتی بەڕاسـتێ ئێمـە ئادەمیزادمان لـە جوانترین شێوە و قەوارەدا دروست کردوە لەچاو گیاندارەکانیتردا .

لە واقیعدا خوای گەورە ئادەمیزادی لە گیاندارانیتر جوێ کردوەتەوە بـە عەقڵ و بە هۆش بۆئەوە کە بتوانێ بە هەمو بارێ بەختیارێ و پیرۆزێ دەردەست بکا بۆ خۆی . هەروەکو سیرەتی بە هۆش جوان کردوە ، صورەت و پەیکەریشی بە شێوەی ڕێك‌وپێك و بە سەر و ڕوخسار و چارەی جوان و چاو و برۆ و دەم و لێو و گەردن و سینە و دەست و پێی نەرم و نیان ڕازاندوەتەوە بۆئەوە کە دەر و ناوی دڵڕفێن و نازدار و شیرین و نازەنین بێ .

بەهار بانگ ئەکا لە ڕۆڵەی نازدار   ئەڵێ ئەی بەندەی خوای پەروەردگار
ورد ببـەرەوە لە صـورەتی خـۆت   لەو عەقڵ و هۆشەی خوا داویە پێت
یەعنـێ ئادەمـێ نـرخی گرانـە   (خلیفـة الله) پایـەی ئینسـانە
خوا بـە تەزکیـە تەختـی پێداوە   تاجی سـەروەرێ لەسـەر دانـاوە
هەرچێ پێـداوە لـە ورد و درشت   لەبۆ سـودی خۆی دانـراوە گشت
دڵ بۆ بـیری بـاش لەبـۆ هەوڵدان   بۆ دۆزینەوەی ڕێی خـۆشێ ژیـان
بۆ ژینـی بێ ژان بـۆ ڕێی ئـازادێ   لەبـۆ ڕزگاربـون لـە نامـرادێ
تا بـۆ خـۆی بژێ (کیف ما یشا)   بە خۆشـێ بـژێ هەروەکو پاشـا
کەللـە بارەگای مەکینـەی بەسود   پڕکراو لە هێز بـۆ ڕێگەی مەقسود
لە کەللەدایـە دەمـاخ بـۆ شوعور   دەماخ ئەساسـە بۆ کارەبای نـور
وایەر ئەنێـرێ بـۆ گوڵۆپی چـاو   بە ڕاست و چەپدا نوریان دێتە ناو
لە کەللەوە دێ هێزی چاو و گوێ   هێزی بۆن‌کردن بـۆ هەر بۆنێ بێ
کەللـە ئەنێرێ بـۆ حوضوری دڵ   هەواڵی ماددەی ئاسـان و موشکوڵ
کام دڵ ئـەو دڵە لەطیفەی حـەقە   جێی ڕازی خودای فـەردی موطلەقە
زانای ئەسـراری مەفهـومی کوللێ   جێگەی ئەنـواری کـاتی تەجـەللێ
چاو بۆ تەماشای پـەڕەی کائینات   هەتا وەربـگرێ قازانـجی حەیـات
گوێ بۆ حەق بیستـن لەناو وتارا   بـۆ سـودی ئـادەم لـە ڕۆزگـارا
زمـان بـۆ بەیان بـۆ ئامـۆژگارێ   بـۆ نیشـاندانی ڕێـی بەختیـارێ

★ ★ ★

دەس بۆ دەس‌بردن بۆ خامە و نامە   لەبۆ نوسینی یاسا و بەرنامە
بۆ کردنەوەی کەلامی خودا   لەبۆ موتالای لە ڕۆژ و شەودا
بۆ کردنەوەی کیتابچەی حیکمەت   بۆ وەرگرتنی فنونی صەنعەت
لەبۆ ناشتنی داری بە ئەمەر   بۆ وەشاندنی تووی خێر و شەڕ
بۆ بەخشینەوەی بەری ڕەنجی شان   بەسەر داماوی بێ دەست و بێ دان
بۆ شەپلاخە دان لە لاگوێی نامەرد   تا هەڵمەت نەبا وێنەی کێوێ هەرد
بۆ شمشێر گرتن بەرەوڕۆوی دوژمن   دوژمنی دین و تین و ژینی من
دوژمنی نابار کە تەمێ نەگرێ   ناچار دەس لەبۆ مشتوی شێر ئەبرێ
شاهێ وا لەسای سێبەری شیرا   لەگەڵ دەهەندە و داد و تەدبیرا

★ ★ ★

پێ بۆ ڕۆیشتن لەسەر ڕێگای ڕاس   لەبۆ ڕاوەستان لە جێگای ئیخلاص
لەبۆ ڕاوەستان لە بالای مینبەر   بۆ دەرسی بەرزی تەمێ بۆ بەشەر
لەبۆ ڕاوەستان لە ڕیزی جەنگا   لەبۆ ڕاکردن بەدوای پلەنگا
لەبۆ ڕۆیشتن بە شوێنی دەرزا   بۆ شان بۆ ژیان لەسەر ڕۆی عەرزا

★ ★ ★

شان لەبۆ ڕەنجە لە ماوەی ژینا   لە ئیشی دنیا و لە ئیشی دینا
تا باری منەت نەڕواتە سەر دڵ   تا بە شانی خۆت بگەی بە حاصڵ

★ ★ ★

پشت بۆ ئەوەیە کە پشتەسوڕ بێ   دایم ئامادەی کاری زەرۆر بێ
پاڵ بدەیتەوە لەسەر ڕەنجی خۆت   باڵ دانێی لەسەر مایە و گەنجی خۆت
یەعنێ ئادەمێ شای سەرزەمینە   یاری فریشتەی (روح الأمین)ە
لە هەر سۆدێکا کە دەستی کەوێ   سەری کوڕنوشی بۆ حەق دانەوێ
بۆ هەر زیانێ دامەن‌گیری بێ   ڕەزا بە قەزا مایەی بیری بێ
یانێ لە دڵا فریشتە خوێ   لەناو کۆمەڵا بەهەشتێ ڕۆیێ
(احسن التقویم) ئەمەیە مەعنای   ئەگەر بەڕاستێ ئادەمی زانای
بەهار بانگ ئەکا ڕۆڵەی دڵ قەویم   لانەدەی لە هۆی (احسن التقویم)
ئینسان بەم‌شێوە ئەبێ بە (نامێ)   ئەبێ بە مەردی فەردی نیظامێ

گوڵی چوارەم ـ گوڵی عەقڵ

بەهار بارانی نیسان ئەڕێژێ
داری هوشیارێ ئینسان ئەنێژێ

لا فَقرَ اشَدُّ من الجَهلِ ، ولا مالَ اعَزُّ من العقلِ ، ولا وَحشَةَ اشَدُّ منَ العُجبِ .

پێغەمبەری خۆشەویستی نازدار سەلامی خوای لەسەر بێ فەرمویەتی :
گەدایێ نیە سەختتر بێ لە نادانێ و نەفامێ و ، ماڵ و دارایش نیە بەنرخ تر بێ لە هوشیارێ و ، هۆی دورکەوتنەوە لە کۆمەڵ نیە نابارتر بێ لە لەخۆبایی‌بون .

پەروەردگاری جیهان ئادەمیزادی بەوە بەختەوەر کردوە کە عەقڵ و هۆشی پێداوە . ئادەمیزاد بە عەقڵ ئەزانێ کە خۆی چەند بەنرخە و کە پێویستە تێبکۆشێ بۆ سەربەرزێ خۆی و هاوڕێیانی . بە عەقڵ خوای خۆی ئەدۆزێتەوە و ئەیپەرستێ و بە عەقڵ فێری زانست و پیشەی بەرز ئەبێ و کردەوەی چاك ئەکا و وڵات ئاوەدان ئەکاتەوە و بەرگرێ ئەکا لە هەر دوژمنێ کە هێرش بێنێ بۆ سەری و هەرچێ هۆی ئاشوب و هەرا بێ لە خۆی و کۆمەڵ و وڵاتی دور ئەخاتەوە و هەرچێ هۆی بەختیارێ و سەربەرزێ بێ دەردەستی ئەکا .

عەقڵ هێزێکە خوای عالەم داویەتی بە نەفسی ئادەمیزاد ، ئەبێ بەهۆی تێگەیشتن لەهۆی پێش‌کەوتن و پاش‌کەوتن و پاڵ ئەنێ بە خاوەنەکەیەوە بۆ بیروباوەڕی باش و خوورەوشتی چاك و کردەوەی پەسەند . هەندێ لە زانایان وتویانە خودا دوچاوی دروست کردوە بۆ ئادەمیزاد یەکەمیان چاوی سەرە کە صورەتی شتی قەوارەدار وەرئەگرێ و ، دوهەمیان چاوی دڵە کە وێنەی شتی بێ‌مادده وەرئەگرێ و ناوئەبرێ بە عەقڵ .
(بۆ ڕونکردنەوە) : وەك چون ئاوێنە بلورێکی سافە و هێزێکی‌وای تیایە وێنەی ئینسان وەربگرێ ، هەروەها نەفسی ئادەمیزادیش جەوهەرێکی لەطیف و ناسکی وایە خوای تەعالا نوری عەقڵی پێداوە و بەهۆی ئەو نورەوە مەعنا و مەفهوم و شتی بێ‌مادده وەرئەگرێ و صورەتی هەر شتێکی تیا پەیدا بو ، بەو صورەتە ئەڵێن عیلم و زانست . نەفسی ئینسان خۆی حەقی بەسەر شتی ماددەدارەوە نیە . هەرچێ لەوانە وەربگرێ بەهۆی حەوواسەوەیە ، واتە بەهۆی چاو و گوێ و تام‌کردن و بون کردن و دەست‌دانەوە لە شت .

ئەم عەقڵەی کە باسمان‌کرد دو بەشە یەکەم لەگەڵ دروست‌کرانی ئادەمیزادایە و دوهەمیان بەهۆی دەرس و ئامۆژگارێ و بەراوردی کارەساتەکانی ڕۆزگار و تەماشاکردنی مێژوی ڕوداوەکانی کونی جیهان و پەند وەرگرتنەوەیە لەو شتانەی بەسەر ئادەمیزادا دێن و خاوەن‌عەقڵەکە ئاگادارە لێیان .

زانایان بە گەلێ جور نیشانەی عەقڵیان دەربڕیوە . بۆ وێنە هەندێکیان وتویانە نیشانەی عەقڵی ئادەمیزاد ئەوەیە بە زورێ خواستی لەسەر خوورەوشتی چاك و چاکەکردن بێ لەگەڵ خەڵك و خۆی بپارێزێ لە کردەوەی پەست بەتایبەتێ ئەو کردەوانەی ئەبن بەهۆی ڕسوایێ . هەندێکی‌تر وتویانە عەقڵ ئەوەیە ئینسان خۆی لە زوردار بپارێزێ . هەندێکی‌تر وتویانە نیشانەی عەقڵ ئەوەیە وتار و ڕەفتاری ئینسان لە شوێنی خۆیدا بێ . هەندێکی‌تریش

وتویانه نیشانەی عەقل ئەوەیە هەلە لە وتاریا کەم بێ .

گەلێ شتی‌تریش بۆ دیاری‌کردنی نیشانەی عەقل وتراوە . مەسەلا وتراوە ئەوەیە بنیادەم مودارا و ڕابواردنی لەگەل خەلکدا باش بێ . یا ئەوەیە بتوانێ وتـاری حەق بکەیەنێ بە خەلك و فەرمانبدا بە کردەوەی چاکە و بیانگێڕێتەوە لە کردەوەی ناڕەوا بەبێ‌ئەوە کە دلیان ئازار بدا . هەندێکیش وتویانە نیشانەی عەقل ئەوەیە ئینسان هەرشتێ لە شـوێنی خۆیا بکا . وتویشیـانە ئەوەیە بـێ بیرکردنەوە هیچی بەدەمدا نەیەت و بێ‌ڕاوێژ خۆی نەخاتە ناو ئیشی سەختەوە . هەروا وتویانە عاقل کەسێکە قسەی ئەوەندەی شانی خۆی و مەسرەفی بەپێـی دارایێ خۆی بێ . هەندێکیش وتویانە ئەوەیە لە گەورەیێ و حورمەتا خۆی لـێ نەگۆڕێ و لەکاتی داماویدا ئابڕۆی خۆی نەبا . وتراویشە عاقل ئەوەیە ئارەزوی ناڕەوا بەسەریا زال نەبێ .

حەزرەت دروودی خوای لێ بێ بە یەکێ لە یارانی فەرمو : فلان ! ئەگـەر تێبکۆشێ بۆ زۆرکردنی عەقلی خوت لە خوا نزیك ئەبیتەوە . ئەویـش عەرزی کرد : باوك و دایکم بەقوربانت بێ ، بەهـۆی چیەوە عەقلی خۆم زۆر بکەم ؟ حەزرەت فەرموی خۆت بپارێزە لەو شتانە کە خودا حەرامی کردوون و ئەوانەیش کە خوا واجبی کردوون بەجێیان بهێنە . ئەوکاتە بە خاوەن عەقل ئەژمێررێیت . کردەوە و ڕەفتاری باشیش زۆر بکە لە دنیادا عەقلت زیـاد ئـەکا و لـە خوایش زۆرتر نزیك ئەبیتەوە .

هەندێ لە زانایان وتویانە بیروباوەڕ نیە گەورەتر بێ لە باوەڕ بە خـودا و پێغەمبەری خودا و ، وتار نیە پایە بلندتر بێ لـە کەلیمـەی (لا اله الا الله) و ، عیبادەت نیە پیرۆزتر بێ لە ئیخلاص واتە لە ساغێ لەگەل خوا و ، شەرەف نیە بەرزتر بێ لە شەرەفی وەفا و ، پیاوەتێ نیە پیاوەتی‌تر بێ لە خزمەتی داماوان و ، حورمەت نیە قەدردارتر بێ لە سەخاوەت و بەخشش بە خەلك و ، هۆی ڕزگاری نیە نزیکتر بێ لە ڕاستێ و ، هۆی خۆشەویستێ نیە بەسودتر بێ لەوە کە لـە پاشملە زمانت وەك بەرەوڕو بێ و ، خێرۆمەندێ نیە پیرۆزتر بێ لەوە کە فیتنە و ئاشوب بکوژێنیتەوە و ، چـاکەکردن نیـە باشتر بێ لەوە کە لـە پەنـامەکیدا ئامۆژگاری نەفـام و نەزان بکەی و ، خزمەت نیە بەرزتر بێ لـەوە کە کۆمەلێ ئادەمیزادی نەزان و نەخوێندەوار پێ‌بکەیەنێ و ، یارمەتێ نیە بەنرختر بێ لەوە کە گیرخواردویەك لە گیروگرفت ڕەها بکەی و ، شەرم نیە بەجێ‌تر بێ لەوە کـە ئینسـان شەرم بکا لەوانەی شایانی شەرم لێ کردنن وەکو پیاوی پیر و گەورەی لێ‌کەوتو و زانای لەناو نەزانانـدا گیرخواردو و ، میهرەبانێ نیە بەنرختر بێ لە میهرەبانێ لەگەل خزم و خوێشدا و ، هەمو ئەم پایانە لەسەر عەقل و هوشیارێ دامەزراون .

ڕۆڵەی بەنرخم ! مامۆستای هوشیار   ئەڵێ ئەی ڕۆڵەی بەڕێزی دڵدار
خوا کە ئادەمیٖ کرد بە جێگەدار   بۆ یادگاری چەرخی ڕۆزگار
کردی بە پاشای تەختی سەرزەویٖ   نایە بەردەستی جێی بەرز و نەویٖ
لەبۆ نیشانەی لەناو گیانلەبەر   بە شەرەفی (عەقڵ) تاجی نایەسەر
چونکە پێویستە پاشا هوشیار بیٖ   بۆ پاسی ڕایەت زۆر ئاگادار بیٖ

★ ★ ★

بۆ تاریفی عەقڵ لە بۆ خاوەن هۆش   فسەت بۆ ئەکەم مەبە بە سەرخۆش
وەکو ئاوێنە لە جامێکی ساف   وێنە وەرئەگریٖ بە شێوە و ئەوصاف
دڵیش جامێکی ناسکی خامە   عەقڵ جیلوەیە لەسەر ئەو جامە
بەهۆی عەقڵەوە وێنەی مەعلۆمات   لەویا جیٖئەگریٖ لە ذات لە صیفات
بەو وێنە ئەڵێن عیلمی ئادەمیٖ   بەوە ئەبیتە فەردی عالەمیٖ

★ ★ ★

دەرکەوت کە عەقڵە ئەساسی عیلمە   عەقڵە کە مایەی ئارامیٖ و حیلمە
عەقڵ ئەساسە بۆ بیری ڕۆناك   عەقڵ ئەساسە بۆ کردەوەی چاك
عەقڵ ئەساسە بۆ ڕەوشتی بەرز   میقیاسە لەبۆ ئاوەدانیٖ ئەرز
هەر عەقڵە دوژمن ئەکا بە برا   بۆ ڕۆژی ڕەوشت ئەبیٖ بە چرا
غرامیٖ لە عەقڵ چاترە بۆ تۆ   لە صەد تۆن عیلم و فەننی کۆنە و نۆ
عیلم ئاسانە هەتا بۆ حەیوان   تەعلیم وەرئەگریٖ ئەڕوا بۆ کێوان
نەچیر ئەگرێت و دێتەوە بۆ ماڵ   تۆش گوشتی ئەخۆی حەڵاڵ و زەڵاڵ
بەڵام خۆ بەوە نەبۆ بە ئینسان   هەر یارۆی دوێیە ڕاو ئەکا دیسان

★ ★ ★

عەقڵ دۆ نەوعە یەکەم بە سروشت   دۆهەم وەرگیراو بەهۆی دەوروپشت
گەلیٖ هۆی هەیە بۆ مەردی زانا   کە کەوتە تەکان لە ڕۆی جیهانا
یەکەمین دەرزی مامۆستای بەرزە   دەرزەکە مایەی ئاوایی ئەرزە
دۆهەم بەراورد لە ڕۆی جیهانا   ئینسانی هوشیار ئەکا بە زانا
سێهەم عیبرەتە لەو کارەساتە   دێتە سەر یاران لەم سەر بیساتە
وتیان بەڕێویٖ کەیعەقڵت دەس کەوت   وتی ئەوکاتەی ڕێچەی برام کەوت
چوارەم وەسیلە هاودەمیٖ ژیرە   گەنجە یا پیرە ، میر یا گزیرە
لە هەموان چاتر پیری خاوەن دڵ   نەفەس پیرۆزی دڵپاکی کامڵ
(روح القدس)ە هەناسەی ئەوان   نەك هەر بۆ زیندۆ هەم بۆ مردوان
پێنجەم موتالای مێژۆی عالەمە   چەند ئەمای بکەی هێشتاکو کەمە
چونکە ئەحواڵی برای فەوتاوت   دائەنیٖ لەبەر بیبیلەی چاوت

تێتئەگەیەنێ ئەم بۆ لەناوچۆ   وەك هەر نەبوێ ناوی کوێرۆ بۆ
ئەو چۆن ڕزگار بۆ لە زەربەی گەردۆن   بۆ بە شاهێکی سەربەرز و بێچۆن
بەڵام ئادەمێ هەرچەند یەك نەوعە   کە بۆی ئەڕوانێ هەزاران فەرعە
فەرعی وای هەیە بمرێ لەگەڵیا   نە بۆ دین سۆدی ئەبێ نە دنیا
کەڵك وەرناگرێ لە ئامۆژگاریێ   دەماخی دۆرە لە هۆشیاریێ
فەرعی وایش هەیە ئەوەند هوشیارە   ئەڵێی شاگردی بابای عەیارە
فەرعی مەوسوعەی بیری عالەمە   وێنەی کۆمەڵەی بەنێ ئادەمە
ئەڵێی هەڵئەفڕێ بۆ ئەوجی فەلەك   ئەڵێی یەکێکە لە بەرەی مەلەك
فەرعێ میانە و موعتەدیل حاڵە   بەقەد حاڵی زۆڕ خاوەن کەماڵە
بەڕاستێ ئینسان بەصۆرەت ڕەسمە   بەڵام بە سیرەت وێنەی تەلیسمە
هیچ کەس نازانێ ئەسراری ئادەم   مەگەر ئەو خودا هێنای لە عەدەم
هەر ئەو ئەزانێ چێ تیا داناوە   زیوە ، ئاڵتونە ، نەوتە ، یا ئاوە
بۆیە تاقمی ژیرانی عالەم   وایان داناوە کە بەنێ ئادەم
هەر شەخصێ بۆ خۆی جۆرێکی وایە   تاقە فەردێکی هەیە بە مایە
ئەم بیرە هەرچەند دۆرە لە ڕاستێ   دەرچوە لەسەر فەرقی ئەشخاصی

★ ★ ★

بەکورتێ ئەڵێم ئەوەی هوشیارە   بەڕاستێ دڵی جێگەی ئەنوارە
بە خۆشێ ئەژێ و بە خۆشێ ئەمرێ   لەناو بەهەشتا شوێنی خۆی ئەگرێ
خۆزگەم بەو ڕۆڵە لەم دەرسە ئەگا   بەهەشتە جێگەی هوشیاری ئاگا
هوشیاری (نامێ) لە ماوەی ژیان   سەربەرزە لەبەر سەربەرزێ گیان

گوڵی پێنجەم ــ گوڵی ئەدەب

بەهار دار گوڵی ئەدەب ئەڕوێنێ
قازانجی تەمێ بۆ تۆ ئەنوێنێ

أدّبَني ربّي ، فأحسَنَ تأديبي

ڕەهبەری نازدار (درۆدی خوای لێ بێ) فەرموێەتی : خودا بە میهرەبانێ خۆی تەمێی کردۆم و ئەدەبی داداوم و باش تێی گەیاندۆم و پێی گەیاندۆم .

زانایان باوەڕیان وایە ئادەمیزاد هەرچەند هەمۆ لە یەك کان دەرچوون ، بەڵام لە هێز و توانای نەفسدا جیان لە یەك . یەکێ لە ئەسڵی نەفسیەتی خۆیدا زیرەك و توانا و زۆ لە فەڕ و بەخشش و چاوپۆش و تێکۆشەرە و یەکێکی تر بەپێچەوانەی ئەوەوەیە . بە هەرجۆرێ بی تەمێ و تەربییە و تێگەیاندن و

پێگەیاندن بە بۆن و نەبۆن و بەپێی بەهێزیّ و بێهێزیّ کار لە صیفاتی ئادەمیزادا ئەکا . لەسەر ئەم یاسایە خوای گەورە بۆ سەر هەر تیرەیێ لە ئادەمیزاد ڕەهبەرێکی ناردوە تەمێیان بکا و ، خاوەن دەسەلاتانی جیهان خوێندنگا و دانشگایان داناوە خەڵکیان تیا پەروەردە بکەن و بۆ دەرس دادانی ئادەمیزاد ڕەنجیان کێشاوە .

ڕاستەکەی ئەوەیە ئادەمیزاد کان کانە ، وەکو کانی ئالتون و زیو و مس و ئاسن . ئەو هێزەش کە لە ئینساندایە بێ دەستلێدان و تەمێ کردن سوودێکی ئەوتۆی نابێ . بەلاّم کە تەمێ و تەربیە کەوتە کارەوە هەرکەس بەپێی خۆی سوودی دەرئەکەوێ وەك چۆن مامۆستای باش کە دەستی برد بۆ کانێ لە کانەکان سوودێکی گەورەی لێ وەرئەگرێ .

ئادەمیزاد وەك هەموو گیانلەبەرێ دوو خوی هەیە . یەکەم ئارەزوو بۆئەوە کە هەوڵ بدا بۆ ئەو شتانە کە بەسوودن بۆ ژین و ژیوار . دوهەم ئالۆزیّ بۆئەوە کە هەرشتێ زیانی لێ بدا لە خۆیی دوور بخاتەوە ، بەتایبەتی ئادەمیزاد بێجگە لەم دوو خووە خوی هوشیاریشی پێدراوە کە بناغەی زانست و سەرکەوتن و یاسا گۆڕینە بۆئەوەی بتوانێ سوود لە شارستانەتێ وەربگرێ . جا ئەم سێ خووە یەکی سێ پایەیان هەیە : بەرز و نزم و ناونجێ . بێجگە لە پلە ناونجییەکەیان ، ئەو دوو پلەکەیتر بە بەدخوێ ئەژمێردرێن و هەموو تەمێ و تەربییەیێ بۆ ئەوەیە کە ئادەمیزاد پلە ناونجییەکەیان وەربگرێ .

پلەی ناونجێ هوشیاریّ بریتییە لە حیکمەت واتە زانستی ڕێکوپێك . پلە بەرزەکەشی بریتییە لە جەربەزەیێ واتە تیژپەڕیّ و وردنەبونەوە لە شت . پلە نزمەکەشی کەودەنێ و گۆلییە . پلەی ناونجێ ئارەزوویش بریتییە لە عیففەت واتە پاکێ و نامۆس . پلە بەرزەکەشی فوجوور و بێنامۆسییە . پلە نزمەکەشی خومۆد و دڵ مردوێی و ساردەوەبونە . پلەی ناونجێ ئالۆزییش شەجاعەت و دڵ قایمێ و ، پلە بەرزەکەشی تەهەوور و خۆپەرت کردن و ، پلە نزمەکەشی خومۆل و لێکەوتوییە .

ئەوشتانەش کە ئەبن بەهۆی پێگەیشتنی ئادەمیزاد لەو خووە باشانە ، زۆرن . بەلاّم هۆ بنچینەییەکانی بریتین لەمانە : ئامۆژگاریّ ، چاولێگەریّ ، هاوڕێیێ ، ترس ، هیوا واتە تەمای دەسکەوتنی قازانج ، بەسەرهاتی ژین .

ئامۆژگاریّ بەکورتێ سێ بەشە . یەکەم ئامۆژگاریّ ناومال و خێزان . دوهەم ئامۆژگاریّ دانشگا و خوێندگاکان . سێهەم پەندی هوشیاران وەك پەندی مزگەوت و مینبەر و وتاری کەسانی هەلکەوتوو لە ژیانا .

چاولێگەریّ و شوێن کەوتنی ئوسوولی خەلکی ولاّتیش بەپێی ئاداب و

نەریتی زۆر ، بەشێکی زۆر بەهێز و کاریگەرە و وەك کەمەند بنیادەم رائەکێشێ بۆلای خۆی و گەلێ‌جار بەسەر هۆشی هوشیار و ئایین و ئیعتیباراتیشدا زاڵ ئەبێ .

هاوڕێیەتێ و برادەرایەتێ لەگەڵ هاوڕێ و هاوکاری ژیانی ئینساندا کارێکی زۆر ئەکاتە سەر گۆڕانی ڕەوشت و خۆی ئادەمیزاد . پێغەمبەر (درۆدی خوای لێ بێ) فەرمویەتی : « الْمجاوَرَةُ موءَثِّرَةٌ » . واتە : تێکەڵێ و دراوسێیەتێ کارئەکاتە سەر خۆی ئادەمیزاد ، خواه بە چاك یا بە خراپ . هەروەها فەرمویەتی : « المَرْءُ على دينِ خليلهِ ، فلينظُرْ احَدُكم من ذا يُخالِلْ » واتە : بنیادەم لەسەر ئایینی دۆست و هاوڕێیەتی . کەواتە با هەرکام لە ئێوە ورد ببێتەوە بزانێ دۆستایەتێ و هاوڕێیەتێ لەگەڵ کێ ئەکا ؟ هەر بۆیەش خوای گەورە فەرمویەتی « ياايُّها الذينَ آمنوا اتّقوا اللهَ وكونوا مع الصادقينَ » واتە : ئەی کەسانێ کە باوەڕتان بە خوا هەیە ، لە خوا بترسن و لەگەڵ پیاوانی ڕاستدا بن .

گەلێ کەسی پاك بوون بەهۆی هاوڕێیەتێ ئینسانی بەدخووەوە بەدخۆ بوون و ، گەلێ پیاوی جاران خراپیش بەهۆی هاوڕێیەتێ هاوڕێی چاکەوە بوون بە پیاوی چاك :

لەگەڵ نامەردان مەبە بە هاودەم	**نە ڕۆژی شادێ و نە شەوی ماتەم**
لە مار بەدترە یاری ناهەموار	**ئەو لە ژین ئەدا و ئەم لە ئیعتیبار**
لەگەڵ مەردانا ببە بە هاودەم	**بژێ بە خۆشێ و بمرە خاترجەم**
مەرد ئەوکەسەیە دڵی مینا بێ	**دوو چاوی بازی بۆ حەق بینا بێ**
بێ دڵی بێ‌چاو وا لەناو چادا	**حاشا لەو کەسە لەم دەرسە لادا**

هێزی هیوا و ترسیش لە گۆڕینی خۆی ئادەمیزادا پێویستی بە باس لێ‌کردن نیە . فەرمان بەرداریێ خوا لەلایەن موسوڵمانان و فەرمانبەرداریێ گەورە گەوران و حوکمڕانان لەلایەن خەڵکەوە ، یا بەهۆی ترسی گیان و ژیانەوەیە یا بەهۆی هیوای شان و نانەوەیە . بۆیە خوای گەورە لە ئایەتی هەڕەشە لێ‌کردنی تاوانباراندا باسی پایەی دوارۆژی فەرمانبەرداران ئەکا . هەروەها ئەو سەرۆکانەی ئەیانەوێ تاج و تەختیان پایەدار بێ هەمیشە ئەبێ دەستێکیان بە کیسەی دراو و دەستێکیان بە مشتۆی شمشێرەوە بێ ، بەڵام پێویستە شیر و تیر تەنها بەگوێرەی پێویست بخرێنە کار ، ئەگینا کوتەك بە دەست پیاوی بێ‌کەماڵەوە وەك دەمانچەی هێنراوە سەر پێ وایە بە دەست منداڵەوە .

بەسەرهاتی ژین و کەشمەکەشی ڕۆژگاریش ئەوەیە ئادەمیزاد لە وڵاتی خۆیدا بێ‌دەست و بێ‌کەس بکەوێ ، یاخود لە وڵاتی خۆی دەربەدەر ببێ و تۆشی

گەلێ ناهەمواریێ و گیروگرفت ببێ و بۆ هەر نانێ زیانێکی تووش ببێ . جا بەهۆی ئەو ڕۆژە ڕەشــەوە کــە تووشــی بــوە بیر بکاتەوە لــە حاڵی پێشووی خۆی و سەرزەنشتی خۆی بکــا لە زایەکردنی مایە و مــاڵی خۆی یا لــە ناسوپــاسیێ و بەدحاڵیی خۆی و ، پەیمان بکا لەگەڵ خوای خۆیدا کەوا لە پاشماوەی ژیانیدا وەزعی خۆی بگۆڕێ و دەس‌بەرداری خۆی خراپ ببێ . بۆیە پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ فەرموویە : « مَنْ لم یؤدِّبْهُ ابَواهُ ، یؤدبهُ الدهــرُ » . واتــە : ئەوەی باوك و دایکی تەمێیان دانەدابێ چەرخی زەمانە تەمێی دائەدا .

ئەم شتانەی باسمان کردن ئەگەر بکەونەیــەك ، کــارێکی زۆر ئەکەن لــە گۆڕینی خوی ئینساندا . ئەگەر هەر یەکێکیشــیان بەپێچەوانەی ئەویان کــاری تیا بکەن ، وەك ئەوە باوك و دایك بەجــۆرێ تەمێــی منــاڵ بکەن و هــاوڕێ بە جۆرێکی‌تر ، ئەوە سەرکەوتن بۆ ئەویانەیە کە زۆرداره و زۆری بەدەستە ، وەك مەشهوورە ئەڵێن فەرمان بۆ زۆردارە .

واش هەڵئەکەوێ ئینسانێك بێ ئەم ئەسبابانە ، هەر بەیارمەتیێ خــوای گەورە دڵی ڕووناك ئەبێتەوە و چاوی ئەکرێتەوە و ڕوو ئەکاتە بیروباوەڕی پــاك و کار و پیشەی چاك . ئەم جۆرە تەمێیە هەر لە خواوەیە .

هەرچۆن بێ پێویستە ئــادەمیزاد هەمیشە تێبکۆشێ بۆ ڕەوشتی چــاك و کرداری پیاوانە ، بەجۆرێ کە ویژدانی خۆی شاد بکا و خۆی لە ئازاری دنیــا و دوارۆژ ئازاد بکا و کەسیش لە تێکۆشان و هەوڵدان نائومێد نابێ .

ئــادەمێ کاتــێ دێتــە دنیــاوە قاقــەزی ســادەی لێ نەنووســراوە
بەپێی ڕۆژی خۆی دەستی لێ ئەدرێ بەم بــارە و بارا ئیشی تیا ئەکرێ
بەلام هەرکەسێ بــە خواستی خودا پایــەیێ هێــزی بۆ بڕیــار درا
زیرەك و کــەودەن پەســت و بالایە وێنــەی قوماشــی ئــاڵ و والایــە
کاتێ بۆی هەلکەوت ئامۆژگاری ساغ بێ دەمــاغ ئەبێ بــە خاوەن دەماغ
پیاوی بــە دەمــاغ لــەبەر چــالاکیێ ئەگاتــە پایــەی بــەرزی ڕووناکیێ
دیومــانە گــەلێ ئینســانی نــابــار بە تەمێی ئوســتاد بوە بــە سەردار
گەلێ ئینســانی بەخولــق و مایــە خولقی وەرگــەڕا و ڕۆیێ بــە زایە
ئەبینین بە چاو ، ئەزانین بە هۆش قازانجی دەرمــان بۆ پیاوی نەخۆش
دڵ و گورچیلــە و چــاوی نابینــا چــاك ئەکاتــەوە دوکتــۆری زانــا
مانــیعیش نیــە نەخــۆشێ بمــرێ بە دەستی دوکتــۆر عیلاجی نەکرێ
هەروەها تەمێیش بــۆ نەخۆشی خوو قازانجی زۆرە نــەك بــە یەك و دوو
مــانیعیش نیــە ئینســانی دڵڕەش لە سوودی تەمێ بێ بەهرە بێ و بەش
پێویســتە ئادەم بــە دڵ تێکۆشێ بۆ تــەمێی بــرای تــاڵێ بنــۆشێ
گــەلێ جــار زۆرە قازانجی تــەمێ هەندێ جار نیە و هەنــدێ جار کەمێ

هیچ کەسێ ناڵێ تـەمێ وەهایـە بێ قـەزا و قەدەر وێنـەی قەزایە
ئێمە هەتا هەین لە کورەی ئـافاق ئەبێ تێکۆشـین بۆ بەرزێ ئەخـلاق
نائومێد نەبین بـە هەوا و خـەیاڵ دەس‌بەردار نەبین لە تەمێی منداڵ
ئینجا هەرکەسێ خۆی و ناوچاوی خـۆی و تالیعی خـودا پێـداوی

گوڵی شەشەم ــ گوڵی عیلم و زانست

بەهار لە هەوری ڕەحمەت و ئیحسان
بەسـەر وڵاتـا ئـەڕژێنێ بـاران
بەڵکو دار گوڵی عیلم و مەعریفـەت
بڕوێ بۆ ڕۆڵەی بەهۆش و هیممەت

طَلَبُ الْعِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ وَ مُسْلِمَةٍ

ڕەهبەری نازار سەلامی خوای لێ بێ فەرموێەتی تێکۆشـان بۆ وەرگرتنی عیلم و زانست فـەرز و پێویستە بـۆ هەمێ موسـوڵمانێ . هـەروا لـە گەلێ فەرمۆدەی‌ترا هانی موسوڵمانانی داوە بۆ داواکردنی عیلم و زانست و فەرموێەتی داواکردنی عیلم و زانسـت خێری لە پێویستییەکانی‌تری موسوڵمانەتێ زۆرترە .

لەڕاستیدا زانسـت ، زانستی هەرچێ بێ ، بەسوودە ، چونکە ئەو شتەی کە ئینسـان ئەیزانێ ، ئەگەر خاوەن سوودە ، ئەوە سوودی لێ وەرئەگرێ . ئەگەر زیان بەخشیشـە ، خۆی لەو زیانە ئەپارێزێ . ئەگەر شتێکی‌وایشـە سود و زیانی نەبێ ، ئەوە سـوودی زانینەکەی ئەوەیە ئەو شتە لە شتە سـودمەند و زیان بەخشـەکانی‌تر جوێ ئەکاتەوە و خۆی پێیانەوە ماندێ ناکا .

بۆیە زانایانی ئیسلام فەرموێانە فەرز دێ بەشـە . یەکەم : فەرزی عەینە کە پێویستە بۆ هەر موسوڵمانێکی پێگەیشـتێ و هوشیار . دێهـەم : فەرزی کیفایەیە ، واتە ئەگەر لە کۆمەڵەیەکدا یەکێ یا چەند کەسێ جێ‌بەجێی بکا بەسـە .
لەسەر ئەم ئەساسـە گەلێ عیلم و زانسـت هەیە فەرزی عەینن وەکو زانینی ئەو شتانەی ئایینی ئیسلام بڕیاری داون لەسەر موسوڵمان ، وەکو زانینی واجباتی نوێژ و ڕۆژێ و زەکات و حەج و باقێ ئادابی ئیسـلام . هـەروەها وەکو عیلمی ڕێك‌کردنی خێ و ڕەوشت . واتە فەرزە لەسەر هەمێ موسوڵمانێ بزانێ چێن نەفسی خۆی پاك ئەکاتەوە لە خووڕەوشتی ناپەسەند وەك کینە و حەسوودێ و بوختان و زیان گەیاندن بە موسوڵمانان و لەخۆبایێ بێن و چەشنی ئەمانە .

هەندێ زانستیش هەیە فەرزی کیفایەیە وەکو خوێندنی عولوٙمی ئیسلامێ ، ئەوەی کە پێویستی موسوڵمانانە بێ تێگەیشتن لە مەعنای فەرمێدەکانی خوا و

پێغەمبەری خوا و ، وەکو زانینی کشتوکاڵ و پیشەسازیّ و بازرگانیّ و حەیوانداریّ و بەرگریّ لە دوژمن و دەرهێنانی کان و شتیوا . خوای تەعالا لە قورئانی پیرۆزدا فەرمانی داوە بەوە کەوا ئادەمیزاد بەئەرزدا بگەڕیّ و سوودی لێ وەربگریّ . هەروا فەرمویەتی ئێمە ئاسنمان داناوە کە هۆی هێزە بۆ ئادەمیزاد و گەلیّ سوودیتریشی تیایە ــ بەهۆی دروستکردنی ئەسبابی جەنگ و قاپ و قاچاخی ناوماڵ و پێویستییەکانی ئادەمیزاد کە لەگەڵ خۆیدا هەڵیانبگریّ یاخود لەناو ماڵا دایانبنیّ . هەروا فەرمانیداوە بەوە کە موسوڵمانان هەرچیّ لەتوانادایە ئامادەی بکەن و ڕێکیبخەن بۆئەوە کە دوژمنی خوا و دوژمنی خۆیان بترسێنن .

بەکورتیّ سەربەرزیّ و پیرۆزیّ ژیانی ئادەمیزاد لە زانستدایە و تا زانست زۆرتر و بەسوودتر بیّ ئادەمیزاد پێشکەوتوتر ئەبیّ .

ڕۆڵەی ئازیزم ، بەندی جەرگەکەم
یادگارەکەم لەپاش مەرگەکەم !
هەرچیّ زانستە بۆ تۆ بەسوودە
عیلم ڕەهنومای ڕێگای مەقسوودە
هەر عیلمیّ باسی پێویستی دینە
لەسەر تۆ فەرزی عەینی یەقینە
وەکو باوەڕت بە خوا و بە ڕەهبەر
فریشتە و کیتاب ، بە قەزا و قەدەر
بە ڕۆژی حیساب بەهەشت ودۆزەخ
بە وەزعی مردوّ لە ماوەی بەرزەخ
شەهادە و نوێژ و ڕۆژوی ڕەمەزان
حەجی (بیت الله) و زەکات بە میزان

★ ★ ★

پاش ئەمە عیلمی ئیخلاصی دڵە
بیّ ئیخلاصی دڵ نەجات موشکوڵە
بیّ پاکیّ لە گشت ڕەزیلەی نەفسیّ
ناگەیی بە نەشەی ئەنواری قودسیّ
یەکەم هۆی ئەمە صوحبەتی مەردە
داوێنەی بگرە و ئاوێنەی بەردە
ئاوێنە وێنەت پیّ نیشان ئەدا
ئەم حەقیقەتی مەعنای ئیهتیدا
صوحبەتی تاویّ نیگای لاچاوی
بەسە بۆ بەختی خوا پێداویّ

★ ★ ★

پاش ئەمە هەرچیّ بۆ ژین بەسوودە
بۆ ئادەمیزاد فەرز و مەقسوودە
یا فەرزی عەینە لەسەر هەموکەس
یا بە چەندکەسیّ کیفایەتە و بەس
یەکەم عیلمی طِبّ چاری نەخۆشیّ
ئەووەڵ واجبە ئەگەر بەهۆشیّ
ئەمجارە فەننی ڕیشەی دارایی
پێویستە لەبۆ جیهان ئارایی
دارایی کە نان ئەدا بە عالەم
دێو ڕام ئەبیّ بۆی تا بەنیّ ئادەم
سوپا و سامان و یاسای ڕوّی جیهان
بە بیّدارایی دوورن لە ئیمکان

★ ★ ★

بەرگری دوژمن بەپێی زەمانە پێویستی شێوە و شانی ئینسانە
فەرمانی داوە خوا لە قورئانا ڕێك بخەن ئەوەی وا لەئیمکانا
بۆ ترساندنی دوژمنی دڵڕێش مەیدانی مەدەن با نەیەتە پێش
گەلێ کە دوژمن دوور نەخاتەوە سەر ئەنێتەوە بە نەهاتەوە
مار لە باخەڵدا و خەنجەر لە ڕاسەر یاسینی ئەوێ بە بێ دەردی سەر

بەهار بانگ ئەکا ئەی ڕۆڵەی هوشیار هۆش بۆ زانستە و زانستیش بۆ کار
زانستی ئادەم وێنەی گەوهەرە گەوهەر دەسمایە و بەشی بەشەرە
ڕەهبەری نازدار فەرمویە پێمان تێکۆشان بۆ عیلم فەرزە لەسەرمان
لەلای ئینسانێ دڵی دانا بێ نرخی ئەم واتە قەمت تەواو نابێ
بێ عیلم و زانست ناگەن بە پایە کۆمەڵی نەزان سوك و ڕسوایە

★ ★ ★

زانا نرخی خۆی بە حەق ئەناسێ خۆی نافرۆشێ بە حەق‌نەناسێ
کاتێ خۆی ناسێ بە (علم الیقین) ئیمانیش دێنێ بە خوای عالەمین
کە جیای کردەوە لە ڕیزی دێوان نەیکرد بە وەحشێ سەرهەردو کێوان
جیای کردەوە لە گیان‌لەبەران پەیڕەوی بۆ نارد لەگەڵ ڕەهبەران
هەتا بە عیلم و عەدالەت‌کاری بژێت و بمرێ بە بەختیاری
ئەمەیە پوختەی وتاری (بەهار) ئەبێ زانا بێ ڕۆڵەی بەختیار
ئادەمی زانا (نامێ) زەمانە دڵی بە ئیمان جێگەی ئەمانە

گوڵی حەوتەم ـ گوڵی ڕەنجی شان

بەهار بە باران زەوێ تەڕ ئەکا
دەشتی دەشتەوان خاوەن فەڕ ئەکا
تووێ ئەچێنێ بە ڕەنجی شانی
کە ببێ بەهۆی نان و ئیمانی

ما اكَلَ احَدٌ طعاماً خَيْرٌ مِنْ ان يأكُلَ مِنْ عَمَلِ يَدَيهِ .

پێغەمبەری نازدار فەرمویەتی : کەس خواردەمەنییەکی‌وای نەخواردوە باشتر بێ لەو خواردەمەنییەی دەسکەوتی ڕەنجی شان و قۆڵی خۆی بێ .

ئادەمیزاد وەکو لە قەوارە و هۆش و ئەندام و دەست و پێی خۆیدا سەربەخۆیە ، ئەبێ لە دروست‌کردنی ژیوار و هۆیەکانی ژیانی خۆیشیا سەربەخۆ بێ و پاش یارمەتیی خوا بە شان و قۆڵی خۆیدا بنازێ . ئادەمیزاد لە شێوەی

درەختدایە و ئەو درەختەش بەنرخە کە بەری باش بدا ، ئەگینا داری بێبەر ئەیبڕن بۆ سوتاندن یا بۆ بەکارهێنانێکیتری وەختێ . کەواتە لە ئینسانیشا ئینسانێك بەنرخە ڕەنجکێش و دارایێ لەپێش بێ . مەسەلەی کوردێ مەشهوورە ئەلێ : « فرمانکەری ، شیرینی . نۆێژکەری ، نۆرینی » .

ئینسانی ڕەنجکێش یا گەنجی دارایێ وەرئەگرێ یا لە ڕەنجی منەتی خەڵك ڕزگار ئەبێ . کەواتە بە هیچ بەهانەیێ ڕەوانیە ئادەمیزاد خۆی بکا بە بار بە سەرشانی خەڵکەوە ، چونکە شێوەیوا گیانلەبەرە کێوییەکانیش پێی ڕەزا نابن .

ئادەمی هوشیار ئەبێ تێکۆشێ   بۆ خۆی و گەلی زەحمەت بنۆشێ
پێویستە ئادەم خاوەن بارە بێ   ئەگینا بڕوا هەر ئاوارە بێ
ئەتوانین نیە بۆ ئینسانی ساغ   ئەزانین نیە بۆ خاوەن دەماغ
بڕوانە هەولی دەستەی گیانلەبەر   قرژانگ بە پەلە ئەڕوا بە دوو سەر
هەموو دڕوندە و چەڕندە و باڵدار   چ بێئازار بن چ خاوەنئازار
هەموو هەوڵ ئەدەن بەدوای ژیانا   شوێنیان جێدێڵن بە سبەینانا
یەعنی لە هێزا لەوان کەمتری   ناتوانی بۆخۆت بەشێ وەرگری
بێ بۆ بەراورد بۆ ماوەی دوو ساڵ   باش تێبکۆشە بۆ خۆشێ ئەحواڵ
ئەوجار ئەزانێ چۆن ڕزگار ئەبێ   چۆن بۆ ژینی خۆت فێری کار ئەبێ

★ ★ ★

پێغەمبەر دایم ئەیفەرموو بە خەڵك   خوا خۆشی نایێ لە پیاوی بێکەڵك
خودا نایەوێ ئینسانی بەتاڵ   نایەوێ شەخصی سادە و بێکەماڵ
خودا طالیبە بۆ ئەخلاقی بەرز   ببێ بە مایەی ئاوەدانێ ئەرز
لە ئامۆژگاریێ گوێبێ خۆت کەڕ مەکە   خۆت بە خەیالات ئاخر شەڕ مەکە
خۆت مەکە بە دیل بۆ خەیالی خاو   کوڕی فلانم خاوەن پایە و ناو
هەزار ناوی زل نابێ بە نانێ   نابێ بە مایەی پایە و ژیانێ
کێ ڕەنجبکێشێ ئەوە بەختەوەر   کۆسپ وتەگەرەی قەت نایەتەبەر

★ ★ ★

قەت بایێ نەبێ بە ئاشنا و دۆس   دەسیخۆت ئەبڕێ بەلێوی دەسبۆس
هەزار ئاشنا کە لەگەڵتا بێ   نابێ بە نەختێ لە باخەڵتا بێ
لێم زویر مەبە ئاشنای دڵپاك   چەند جار دیتەلات بە چیهرەی ڕووناك
بەلام لەپاشان لێت وەڕس ئەبێ   لە خزمەتی تۆ بێمەبەس ئەبێ
بەڵێ وائەبێ یەکێ لە هەزار   خۆی فیدا ئەکا و هەڵئەگرێ ئازار
بەلام بە گوڵێ قەت بەهار نایێ   بۆ ڕازانەوەی ئەرز بەکارنایێ
باسەکەی ئێمە لەسەر ئوسوڵە   لەسەر ژیانی ڕێك و مەقبوڵە
بەسەر کەسەوە خۆت مەکە بە بار   وەك درەختێ بە سایە و سەمەر دار

ئەگەر هاتو ڕەنجت کێشا بەڵام دەسکەوتەکەت ڕەسا نەبۆ ، ئەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەمیشە ئەبێ تێبکۆشێ بۆ گۆڕینی وەزعی کەموکوڕی خۆت ، پێویستە تاخوا دەرۆیەکت لێ ئەکاتەوە ، بەو کەم و کوڕیێ خۆتەوە بساچێنێ و کزیێ و لاوازیێ و داماویێ خۆت نەنوێنێ ، چونکە ئادەمیزاد لەناو سێ بەشا ئەژیێ: یەکەم دۆست، دۆهەم دوژمن، سێهەم بێلایەن. داماویێ نواندن لای کەس لەمانە هیچ سوودێکی تیا نابێ،چونکە دۆستەکانت ناتوانن دەوڵەمەندت بکەن و دڵیشیان بە کزییەکەت پەرێشان ئەبێ . دوژمنەکانیشت شادەکامیت پێ ئەهێنن و بە سوکیش ئەکەویتە پێش چاویان و قەدرت نامێنێ و بێلایەنەکانیش ئیشیان پێت نیە و پەیوەندیان لەگەڵت نیە ، خۆیان ناکەن بە خاوەنی نە خێرت و نە شەڕت و دەربڕینی کزیێ خۆت لایان هیچ دادێکت نادا . بەپێچەوانەوە ئەگەر بۆ خۆت بساچێنێ و شان و شکۆی خۆت نەشکێنێ ، نە دوژمن پێت شاد ئەبێ و نە دۆستەکانت دڵ بریندار ئەبن . لەسەر ئەم ئەساسەیە پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « القَنَاعَةُ كَنزٌ لايَفنَى » واتە بە کەم ساچاندن بۆ ئادەمیزادی بێدەست وەکو گەنجێ وایە هەرگیز نەبڕێتەوە ، لەبەرئەوە کە یەکەم : ئەوکەسەی قەناعەت بکا شان و پایەی خۆی ڕائەگریێ و کەس بە حاڵی نازانێ . دۆهەم : ماڵ و منالی خۆ بە ژیانی کەم و کوڕەوە ئەگرن و هەرکاتێ شتێ لەوە زیاتریان دەسبکەویێ زۆر سوپاسی خوا ئەکەن و وەك خانەدانە خاوەن داراییەکانیان لێ نایێ کە بە کەم و زۆر سوپاسی خوایان لانامێنێ ، بەڵکو گەلێجار ناسوپاسێ دەرئەبڕن . سێهەم : ئەو منالانەی بەمشێوە ژیانە پێبکەن هێز بەسەر نەفسی خۆیانا پەیدا ئەکەن و ئەتوانن لە هەمو ڕۆژێکا بژین . چوارەم : مادەم لەسەر ئەم بارە خۆ بگرن خوای تەعالا لە دوارۆژا پاداشی باشیان ئەداتەوە . پێنجەم : ئەو خێزانە هەمیشە هەوڵئەدەن بۆئەوە کە بگەن بە ژیانێکی بەرزتر و بەمهۆوە خەریکی خوێندن و فێربونی هونەر و پیشە و ئیش و کار ئەبن و خۆیان پێئەگەیەنن . شەشەم : ئەو خاوەن مالانە لە ڕۆژی قیامەتدا لێپرسینەوەیان کەم ئەبێ لەبەرئەوە کە لە ماوەی ژیانیانا داراییان ئەوەندە نەبوە کە واجباتیان زۆر بێتەسەر .

ڕۆڵەم ! بە قەزا هاتو کەمدەس بوی — لە ڕۆژگارا تەنگە نەفەس بوی
چارت دۆ شتە یەکەم هەوڵ و دەو — لە ئیش و کارا بە ڕۆژ و بە شەو
دۆهەم قەناعەت یانێ ساچاندن — بەوەی کە هەتە بێ خۆ نواندن
بێسودە گەدا خۆی ڕسوا بکا — لای دۆست و دوژمن ئەلوەدا بکا
دوژمن لە کەیفا بێ شادمان — دۆستیش خەفەتبار چاو پڕ لە گریان
ماوەیێ بژیێ بەو خودا داوە — نان و پیازە یا چۆڕیێ ئاوە
پاش ئەوە قەزا ئەگەڕێتەوە — قاپێ داراییت لێئەکرێتەوە
کردم نەگۆڕا و بە بێ ماڵ مردیێ — ژیانت چیە ئەگەر تۆ مەردی
جەزا لای خودا و سەربەرزیێ جیهان — بەسە بۆ مەردی دەرۆن فراوان

ئەگەر وا ڕێکەوت هەر بە گەدایی مایەوە و ناچار بوی بۆ دەست درێژ کردن لە بەردەمی خێرۆمەندانا ، لەمکاتەدا مانیع نیە شت لە خەڵکی وەربگری و چاری داماوی خۆتی پێبکەی ، لەگەڵ ئەوەیشدا کە دەستی خێرومەندەکە بە خاوەن حورمەتتر دائەنری لە دەستی خۆت وەکو پێغەمبەر فەرمویە : « اليَدُ العُليا خَيرٌ مِنَ اليَدِ السُفلى » واتە : دەستی بەخشندە لە دەستی وەرگر چاترە . جا ئەم شتەی کە وەریئەگری لە خێرۆمەند ، ئەگەر لە واجباتی دینی بێ ، ئەوە بە هەر حاڵ قەید ناکا . بەڵام ئەگەر شتێکیوا بێ بە منەت و نازەوە بتداتێ ئەوە وەکو ئاوی سەرەمەرگ وایە و مردنی ئینسان چاکترە لەوە کە خۆی گیرۆدەی منەت بکا .

من لە بۆ تۆمە ئەی ڕۆڵەی هوشیار خۆتم لێ مەکە بە مەلی سەردار
گوێ بگرە بە دڵ لەم پەند و دەرزە ڕای‌بگرە تا وای لەسەر ئەم ئەرزە
شانت بفەوتێ لە کوڵ و کێشا دەستت بسوتێ لە خۆڵەمێشا
دڵت ببرژێ بە کورەی زەحمەت چاترە لەوەی بژیت بە منەت
زینهار ڕۆڵەکەم منەتبار نەبێ بە باری منەت شەرمەزار نەبێ
بکێشە خاری مەینەت و ماتەم مەکێشە باری منەتی حاتەم
چاوەڕێ نەبێ بۆ نانی خەڵکێ نانی دەسی خەڵك هیچ نیە کەڵکی
شەخسی چاو لەدەس بەچەشنی دیلە بە دڵ داماوە و بە گیان زەلیلە
بڕۆ بە ڕەنجی قۆڵ و شانی خۆت ببە بە خاوەن پوڵ و نانی خۆت
بڕۆ دەس ببە لەبۆ دانی مار نان مەخۆ لەسەر شێوەی خزمەتکار
ئەو ڕاوەستانەی لە بۆ ژیان بێ یاخوا بە چەشنی ژاری ماران بێ
گەلێ خزمەتکار خۆیان فیدا کرد بێجگە لە مردن هیچیان دەرنەبرد
هاتۆ بەندە بوی بەندەی خودا بە لە دەرگای ئەودا سەر بە سەودا بە
نوڕێکی وەها ئەدا بە دڵت خۆت بیکەیتەوە گرێی موشکوڵت
هەر ئا بەو نوره ڕێگا دەرئەکەی بە مایەی دین و دنیای خۆت ئەگەی
ئەمەیە دەرسی مامۆستای دڵسۆز بە ڕەنجی شانە ژیانی پیرۆز
کەسێ (نامێ) بێ وەرئەگرێ ژیان لە باری لەش و لە ئەنواری گیان

★ ★ ★

سوود و قازانجی ئادەم بۆ ئادەم میزانە لەبۆ نرخی بنیادەم
هەتا زۆرتر بێ سوودی لەناوا باشتر جێئەگرێ لە پەردەی چاوا
بەڵام ئەم سوودە ئەگەر بە شانە هەرچەندە زۆر بێ هێشتا نوقسانە
سوودی بە عیلم و زانستی ئەوە ئەوەیە چرای تاریکەشەوە
خەڵکێ ئەخوێنن ئەبن بە زانا لە هەر بابەتێ لە ڕوی جیهانا
پەرەئەسێنێ عیلم و زانستی کۆمەڵ دەرئەچێ لە دیلێ و پەستی

★ ★ ★

ئـادەمێ نـەزان داری بێ بـەرگە | ژیانیشی هـەر بـە وێنەی مـەرگە
پاشـازادە بـێ لـە زۆژی نـەهات | ناگاتـە پـۆلێ نرخـی لـە ولات
کاتـێ زانـا بـۆ پیشـەوەر ئـەبێ | لەنـاو کۆمـەلا هونـەروەر ئـەبێ
ئەو ئۆمەتانەی پێشکەوتوی چەرخن | لەبەر زانسـتە وا خـاوەن نرخـن
یەکەم زانسـتی پێویسـتی ئایـین | تا بـە منـدالێ حـالێ بێ لـە دین
دۆهەم زانسـتی تەئریخی زەهبـەر | ئەوەی لەسـەرمان بـوە بە سێبەر
سێبەری رەحمەت بە رەوشتی چاك | بـە کردەوەی بەرز بـە دلی زۆناك
سێهەم زانستی مێژۆی کارەسـات | هەتـا تێبگـەی لـە مێـژۆی ولات
چوارەم زانستی فەن و پیشەی بەرز | هۆی ئاسایشی ئادەمێ سـەر ئەرز
پێنجـەم زانسـتی فـەننی ئیـدارە | لەبـۆ قـازانجی گـەلی ئـاوارە
شەشـەم زانسـتی یاسـای یەکیتێ | کە ئـەبێ بەهـۆی پـیرۆزێ گیتـێ
حەوتەم زانستی ئەخلاق و رەوشـت | ئەوەی کە جیهان ئەکا بـە بەهەشت
واتە کـە دەرچۆی لـە خۆپەرستێ | عالەم دەرئەکەی لـە پایەی پەسـتێ
هەشتەم ئیخلاص و فیداکـارێ تۆ | بـۆ ئـاوەدانێ جیهانێـکی نـۆ

★ ★ ★

بەمانـە ئـەبێ ئیکتیفـای ذاتـێ | یـانێ ژیـواری دۆر لـە نەهـاتێ
ئیتر چۆن ئەبێ تـۆ بێ ئەمـەل بێ | دۆر لـە زانست و عیلم و عەمەل بێ
بۆ بە وێنەی شـێر ناچیتە مەیدان | بۆ نابێ بە شێر بۆسـەر نامـەردان
هەتـا شـیری سـاف بکەینە گـەرۆ | خوێنی پیس نەمژێ بە وێنەی زەرۆ
ئەمـەبۆ دەرسـم ، واتـەم تەواوە | مـادەم زۆلـەی ژێر هەیە لـەم ناوە
ئەوکەسەی ژیرە (نامێ) مەشرەبە | بەرزێ لای خـودای بـە دڵ مەتلەبە

گوڵی هەشتەم ـ گوڵی سۆد و مەنفەعەت

بەهـار باخـاتی کـەرەم ئـەڕوێنێ
سـەرچاوەی سۆدی عالەم ئەنوێنێ

خَیْرُ النَّـاسِ اَنْفَعُهُـمْ لِلنّاسِ

ڕەهبەری نازدار سەلامی خوای لێ بێ فەرموێەتی : چاترینی ئـادەمیزاد ئەوکەسەیە سۆدی زۆرتر بگەیەنێ بە ئادەمیزاد .

هۆی قازانج گەیاندنی ئادەمیزاد بە ئادەمیزاد زۆرە .

یەکەم قازانج گەیاندنە پێی بە لەش ، بەوجۆرە کە ئینسان هەر خزمەتێکی بۆ بکرێ بە لەشی خۆی بیکا ، وەکو خزمەت کردنی لێ‌قەوماو و دەرمان کردنی

نەخۆش و دەستگرتنی پیر و کوێر و شارەزایی کردنی غەریب و یارمەتیدانی ئەوکەسانەی پێویستیان بەو یارمەتییە هەیە . دۆهەم پایە و شانە . بەمجۆرە کە ئادەمیزادی بەنرخ و پایە بڵند هەوڵبدا بۆئەوە کە ستەم لێکراوێ ڕزگار بکا و گیرۆدەیێ لە بەند دەربێنێ و بێجێگە و ڕێگەیێ دامەزرێنێ و بە قسەیەك ئینسانێکی بێکەس و بێدەس پێبگەیەنێ . سێهەم ماڵ و داراییيە ، واتە ئینسانێکی دارا و دەوڵەمەند لەپاش ئەوە کە واجباتی دینێ لەو ماڵە دەرکرد تا بۆی هەڵئەسوڕێ ئەگەر بێدەستێکی چاو پێکەوت ماڵی دنیای بداتێ و قەرزی بۆ ببژێرێتەوە ، بەتایبەتێ بۆ خزم و خوێشی خۆی و ، سەرپەرشتێ هەتیو و داماو بکا و دارایێ خۆی خەرج بکا بۆ دروستکردنی مزگەوت و قوتابخانە و میوانخانە و میوانداریێ بکا و هەرشتێ هەڵکەوت بەگوێرەی خۆی ماڵی تیا صەرف بکا . چوارەم عیلم و زانستە . پێویستە هەرکەس لە زانیاریێ بەشدار بۆ بە قەدەری خۆی ئەو زانستەی بە خەڵك بڵێت و ئەو عیلمەیان پێ نیشانبدا و مەنعی نەکا لە کەس ، وەك پێغەمبەری نازدار فەرمۆیە : « العِلمُ لا يَحِلُّ مَنعَهُ » واتە ڕەوا نیە مەنعی عیلم و زانست بکرێ لەوانەی ئەتوانن وەریبگرن و پێویستە ئینسانی زانا زانستەکەی خۆی بڵێ پێیان و ئاگاداریان بکا لێی .

ئاشکرایە ئەم عیلم و زانستە هەمۆ جۆرە عیلم و زانستێك ئەگەیەنێ ، لە عولۆمی دینێ و عولۆمی دنیایێ ، واتە ئەو عیلمانەی کە ڕاستەوخۆ باسی ئایین ناکەن وەکو ئەندازیاریێ و ماتماتیك و ژمارە و مێژۆی جیهان و جوغرافیا و هەر زانستێکیتر .

ئادەمێ لەپاش ئیمان و باوەڕ   نرخی قازانجە بۆ گەلی بەشەر
ئادەمێ دارە ، دار لەبۆ بەرە   یا لەبۆ خانۆ یا بۆ سێبەرە
یا بۆئەوەیە بکرێ بە خانۆ   یاخود بسۆتێ و بخرێتە کوانۆ
ئەگەر سۆدێکی لەمانەی نەبێ   نەبێ چێ نابێ ، بێ چێ ئەبێ
سۆدی ئادەمێ بە لەشە و بە ماڵ   بە پایە و شانە و بە عیلم و کەماڵ

★ ★ ★

هەندێ ئادەمێ بە وێنەی کانە   مایەی ژیانی نەوعی ئینسانە
ڕێ نیشاندەرە بە گەلی گومڕا   ئەیانپارێزێ تا نەکەونە چیا
ئەبێ بە مەڵهەم بۆ زامی خەستە   ئەبێ بە تریاق بۆ ماران گەستە
ئەبێ بە پەنا ڕۆژی لێقەومان   ئەبێ بە دەوای دەردی بێدەرمان
نان پەیدا ئەکا و ئەیدا بە بێنان   چ لە دۆستان ، چ لە دوژمنان
بە یەك دۆ قسە ئادەمێ دڵسۆز   شەوی شۆم ئەکا بە ڕۆژی نەورۆز
ئەم ئینسانانە کلیلی خەیرن   زینەتی دنیا و شیاوی سەیرن
یاخوا پیاوی باش هەر پایەدار بێ   بۆ گەلی داماو هەر سایەدار بێ

ئافـەرین مـەردی سـالە گـرانێ بەهەشتی کڕێ و بـە خۆی نەزانێ
چلـەی هەسـتۆنی خـانـەدانەکان بە بەرزێ گەییە حەددی (لامکان)
ئەوەی لەبۆ گـەل ئـەبێ بـە قـەلا ئەیانپـارێزێ لـە دەرد و بـەلا
کەللـەی ئـەگاتە کلاوەی کەیـوان لە گەرمای ئەولاش وا لەژێر سەیوان
بەپێی قازانـجی بەشەر بـۆ بەشەر پایەی بۆ دانـا حـەزرەتی زەهبـەر
ئیتر هەرکەسێ خۆی و بەختی خۆی خۆیو ناوچاوو بەختو تەختی خۆی
ئەمەیە دەرسـم لەبۆ خاص و عـام شەخسی خێرۆمەند ئەگا بـە مەرام
خێرۆمـەندییە بـە فکـری سـامێ مایەی مانـەوە بۆ مـەردی (نامێ)

گوڵی نۆهـەم
گوڵی بەندەیێ خوا و خزمەتی باوك و دایك

کـاتێ ئـەبارێ بـارانی بـەهار
گەردنبەند ئـەکا بـۆ گوڵی گوڵزار
ئـەڵێ خەڵکینە ئەگـەر حەقناسـن
بـەم گەردنبـەندا خـودا بناسـن

وَقَضى رَبُّكَ اَنْ لا تَعْبُدُوا اِلاّ اِيّاهُ وَبِالْوالِدَيْنِ اِحساناً .

پەروەردگاری بینا و تەوانا فەرمانی بە هەمێ هوشیارێ داوە کەوا پێویستە سەری بەندەیێ هەر بۆ خودای خۆتان دانەوێنن و تەنیا ئەوکەسە بە پەروەردگار بزانن کە ئێـوەی لە نەبۆن دروست کـردوە و بە پڕتەوی بیر و هـۆش ئێوەی ڕازاندوەتەوە . بەرابەر بەو باوك و دایکەیش کە ئێوەیان پێگەیاندوە کردەوەی چاکە نیشان بدەن .

خوای گـەورە لەم ئایەتەدا بـاسی دۆ شتی گەورەی کـردوە . یەکەم فەرمانی بە هەمێ هوشیارێ داوە کە خوای خۆیان بناسن و بەساغێ بیپەرستن و لەسەر یاسـای ئایینی پاك بەندەیێ بۆ بەجێبهێنن . ئەم پەنـدە زۆر ڕۆناك و بایەخدارە لای ئەوانەی بە بیر و هۆشی ڕاست دڵیان ڕۆشن بوەتەوە ، چونکە ئەوەی کەمێـك بیر بکاتەوە ئـەزانێ کەوا ماوەیـەك لەوەوپێش نابـۆد بوە و ناوونیشـانێکی لە جیهانا نەبوە و ئەو پەروەردگارە تەوانایە بەتەوانایێ و حیکمەتی خۆی دروسـتی کردوە و صۆرەت و شێوەی جوان و سـیرەتی ئینسانانەی پێداوە و لە هەمێ لایەکەوە ناز و نیعمەتی بەسەرا ڕژاندوە و یاسـای وەرگرتنی ئەو نیعمەتانەیشی بۆ دەربڕیوە . ئەشزانێ ئەم هەمێ کردەوە جوانانە لە نابۆد و ناتەوانا و نەفامەوە مومکین نابن . کەواتە ئەبێ ئەوکەسەی کە دروستی کردۆن

پەروەردگارێکی خاوەن کەماڵ بێ و پێویستە بۆ دەربڕینی سوپاسی نیعمەتی ئەو بیناسن و فەرمانەکانی بەجێبێنن . (مع العلم) هەر فەرمانێ خوا دایێتێ هۆی پیرۆزێ و بەختیارێ ئادەمیزادە و بێ ئەو فەرمانانە ئادەمیزاد بە ئاسایشی ڕاستەقینە ناگات .

دۆهەم فەرمانی داوە بەوە کە ئینسان بەرابەر بە باوك و دایکی ، هەرشتێ کە شـایانی شانی ئەوانـە و ئەبێ بەهـۆی دڵخـۆشێ و سەربـەرزێ ئەوان بەجێیبێنێ . بەڕاستێ بێجگە لەوە کە باوك و دایك هۆی پەیدابۆنی ئینسانن ، منالّ بە میهرەبانێ ئەوان ئەژێ و ئەوان لـە هەمۆ زیانێك ئەیپارێزن و تەمێ و تەربییەی ئەکەن و فێری خوێندن و پیشـە و سنعاتی ئەکەن و دارایێ خۆیانی بۆ دائەنێـن و ئاسایش و ئاسۆدەیێ لە خۆیان حەرام ئەکەن بـۆی و هەرکاتێ ناساغێ و نەخۆشـییەك بەسەریا بێت بە هەمۆ جۆرێ هەوڵئەدەن بۆ چارکردنی . بەشادێ و دلخۆشێ ئەو دلشادن و بە خەمگینێ و زویرێ و بێئاسایشێ ئەو پەرێشان ئەبن و بە مردنی ئۆقرەیان لێ ئەبڕێ .

جا کەی ڕەوای حەقە و ویژدان کەی قوبۆلی ئەکا منالی بەشەرەف و پیاوەتی ئامادە نەبێ بـۆ هەر خزمەتێ بەرابەر بـەم باوك و دایکە و حـازر نەبێ هەمۆ پاداشێکیان بداتەوە . مەگەر ئینسـانێ کە خۆی بە نەوەی ئادەمیزاد نەزانێ قایل بێ بەوە . بۆیە خوای تەعالا فەرمانی داوە بە ئینسـان ئەفەرموێ بالّی نەرمێ و شـەرم و ئینسـانیەت پانبکەرەوە لە بەردەمی باوك و دایکتا و لە بەرپێیانا و لە خودا بپاڕێرەوە بۆئەوەی لە گوناهیان خۆش ببێ و ، هەر فەرمانێکیان دایتێ ، کافربۆن و گوناەکردن نەبێ ، هەمۆی بەجێبێنە . ئەگەریش هاتو باوك و دایکی ئینسـان کافر بۆن ، پێویستە لەسەر منالەکەیان بە ساغێ و خزمەت گوزارێ هەلسۆڕێت ، چونکـە ئادەمیزاد هەرگیـز ناتوانێ بەتەواوێ حەقـی ڕەنـج و زەحمەتی باوك و دایکی خۆی بداتەوە . بەتایبەتێ حەقی ئەو دایکە داماوە کە نۆ مانگ ئـەم ڕۆڵەیەی لە سکیدا هەلگرتـوە و دۆ ساڵ ناوبەتێ بە سـنگیەوە و شیری داوەتێ و تا گەیشتوەتە ڕادەی پێگەیشتن لەش و بەرگ و پۆشاکی بۆ شۆردوە و نـان و چێشتی بۆ دروستکـردوە و بەدڵ و گیان ئامـادەبوە بۆ بەجێهێنانی هەمۆ ئارەزۆیەکی . هەر بۆیەشە پێغەمبەری نازدار فەرمۆیەتی : « الجَنّةُ تَحتَ اَقدامِ الامّهاتِ » واتـە بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە ، بەومەعنا کەسـێ بیەوێ بچێتە بەهەشت پێویستە لەژێـر پێی دایکیا بکەوێ بۆئەوەی ئـەویش پێ بنێ بەسەریا ، ئەوسا دەرگای ڕەزامەنـدێ خوای بۆ ئەکرێتەوە و شیاوی ئەوە ئەبێ بڕواتە بەهەشت . بەکورتێ پاداشی ڕەنجی باوك و دایك لەسەر ئینسان تەواو نابێ .

ئەگێڕنەوە پیـاوێ هات بۆ خزمـەتی پێغەمبەر درۆدی خـوای لێ بێ عەرزیکرد : ئەی پێغەمبەری خودا ! دایك و باوکم زۆر پیر و بێهێز و ناتەوان

بوون وایان لێهاتوه ئەوی ئەوان کاتی منالیم لەگەڵ منیان کردوه منیش ئێستا لەگەڵ ئەوانی ئەکەم . ئایا بەمجۆرە خزمەتەی ئەوان من توانیومە تۆڵەی خزمەتی ئەوان بەتەواوێ بدەمــەوە ؟ پێغەمبەر لە وەڵامدا فەرموی : نەخــەیر ! تۆڵەی خزمەتی ئەوانت نەداوەتەوە ، چونکە ئەوان کە خزمەتی تۆیان ئەکرد لە خواش ئەپاڕانەوە کە عومرت درێژکا ، بەڵام تۆ داوای ئەوە لە خوا ئەکەی کەوا ئەوان بمرن و تۆ لە دەستیان ڕزگار بیێ .

ڕۆڵەی شــیرینم ، نــوری چاوی من ئەم دەرسە بەرزە وەربگــرە لــە من
کەســێ نابۆد بــێ لەســەر بســاتا نیشــانەی نــەبێ لــە کائیناتــا
جــا پــەروەردگار بــە تــاقی تەنیا پۆشــاکی (وجــود) بــکا بەبــەریا
بە بیر و هۆش و دەمــاخی پــەرداخ بیــکا بــە ئالا ، واتــە بــە بەیداخ
ڕێگەی پیرۆزێ بــۆ هەردوێ جیهــان پێ نیشان بــدا ئاشــکرا و پەنهــان
بــەرگی حورمــــەتی بکــا بەبــەرا هــەزار نیعمــەتی بکـــا بەســـەرا
توخــوا ئینســـافە کــە نەیپەرستێ بەندەیێ نەکا ، بە هەمێ هەســـتێ ؟!

★ ★ ★

کاتی نەخۆشێ یاخــود ئێشی چــاو یا هەر مەینەتێ بۆ تــۆ بێتــە نــاو
هەرکەس بۆت ببێ بە هۆی ڕزگاری ڕزگـــارت بکـــا لـــە دەردەداری
هەتــا بمێنێ لەســەر ڕوی جیهــان خزمەتی ئەکەی بــە دڵ و بــە گیان
دەی چۆن ئەگونجێ کــە پەروەردگار بە حەق نەناسێ ئەی ڕۆڵەی هوشیار
بــاوەڕم وایــە ڕۆڵــەی بــە مــایە بــە دڵ موطیعــی فــەرمانی خوایە
چونکە بە یاسای بیر و هــۆش و فام ئیطاعەی فــەرزە مەگەر بــۆ نەفــام
بەڵکو نەفــامیش حــازرە بــە ذات لەبۆ تەســـبیحی خــودای کائینات
(ســَــبَّحَ لِلّه) بخــوێنــــەرەوە لــەو تەســــبیحاتە ورد ببــەرەوە
ئەمجار ڕۆڵــەکەم ، بینــایێ چــاوم ڕۆنــاکێ دڵ و هێـــزی هەنـــاوم
کەمێ بڕوانــە بــە بیرێـــکی پــاك لەکوێــوە هــاتێ بۆ دنیــای ڕۆنــاك
نازانێ چەند مانگ بە ئێش و ئــازار بــۆ دایکت بوێــوی بــە بــاری نابار
بــە پاڕانــەوە بـــە دوعــا و نــزا لێی کەوتیتە خوار بــە جەور و سزا
کاتێ داکەوتێ ئــەی ڕۆڵەی شیرین پارچە گۆشتێ بوی بێهێز و بێتین
دایکی بــەڕەحمت بــە پێویستێ دڵ پەروەردەی کردی هەروەك پەڕەی گوڵ
هەڵیەپەڕاندی لەسەر ســینە و دڵ تۆ بوێوی بە گوڵ ، ئەویش بە بولبول
شەوگار لە گەڵتــا بە تــاقی تەنیا لە خــۆی تێكئــەدا لــەزەتی دنیــا
ئەیگوێزایتەوە ئــەمبەر و ئــەوبــەر جاریێ بۆ هەتاو ، جاریێ بــۆ ســێبەر
بە ئاوازی خــۆش ، بــە لایــەلایــە ئەیکردیتە خــەو بــە ڕۆڵەی دایــە
لــە بــەربەیانا بــە تــاوی ســـینە بۆی گەرم ئەکردێ نــاوی مەسینە

لەشی ئەشۆردێت بە ئاوێکی پاك   ئەیکردە بەرت پۆشاکێکی چاك
هیوای وەهابوو کە تۆ پێبگەی   تۆزێ ئاسایش بە گیانی بدەی
ئیستا کە بووێ بە دارێکی بەرز   پاداشی دایکت لەسەر بوە بە فەرز
خزمەتی بکە بە میهرەبانێ   بە هەر شێوەیێ باشی ئەزانێ
نمی عارەقی ماندوو بوونی ئەو   لەبەر شەونوخنێ وڕەنجی ڕۆژ وشەو
نرخی ئەکاتە هەزار دڵۆپ خوێن   لە لەشی ڕۆڵەی بە شەرەف و شوێن
جا با تۆیش بەرو سێبەرت هەبێ   هۆش و مەشرەبی سەرووەرت هەبێ
ئەگینا مەڵێ خاوەن نەژادم   یا لە ڕەسەنی ئادەمیزادم

★ ★ ★

فەرمودەی ڕەهبەر بەرز و باڵایە   بەهەشت لەژێر پێی دایکی خۆتایە
دایەنیش بوونی دایکتی پێیە   تا قەدری بگرێ کارێ بەجێیە
ئەمجار بۆلای باب سەر بیەرەوە   قاپێ ئیحسانی لێ بکەرەوە
ئەگەر گەدا بوو یاخود دەوڵەمەند   خزمەتی کردی بابەی ئەرجومەند
بێجگە لە ڕەنجی تەمێ و تەسکینت   تەعلیمی عیلم و پیشەی ڕەنگینت
ئەبرژا بۆ تۆ بە وێنەی کەباب   دڵی وێنە بۆ بۆ تەختەی قەساب
لەگەڵ ئەم هەموو دەرد و مەینەتە   هێشتا هەر ئانێ دەم بە منەتە
بە بێشەرمانە ڕووت هەڵئەماڵێ   بە ڕۆیانا دێیت بە ترش و تاڵێ
دایکت بۆ ئەملا ، باوکت بۆ ئەولا   دەربەدەر ئەکەی بێ ترسی خودا
ڕۆڵە پێتئەڵێم دەرسێ باشە بۆت   خودا بناسە و باوك و دایکی خۆت
هەرکام لەمانە خزمەتی نەکەی   سەرپەنجەی حەسرەت بە دەما ئەبەی
ئەوسا لەبۆ دین یا لەبۆ دنیا   قازانجێکت کرد بۆ خۆت بێ تەنیا

★ ★ ★

قەت نەکەی بڵێی دایکم بەدخوە   بۆڵەبۆڵکەر و بە دەم و ڕوە
ژن و منداڵ و ئاشنا و میوان   لە داخی دایکم دایانە کێوان
بە تیری تانە دڵ کون کون ئەکا   بە دەرزێ کاری چەند سۆزن ئەکا
گوێ بگرە ، برا ، کێ بێ لەم دنیا   کە حەڵوای گەزۆ نەچێ بەدەمیا
مەرد ئەو مەردەیە کاڵێ بکوژێ   بۆ شیفای ئازار تاڵێ بچەژێ
کاڵە ئەوکەسەی تاڵێ نەچێژێ   لەبۆ پیاوەتی ئارەق نەڕێژێ
لەمەوەیە دایك سروشتی وایە   ژین و مردنی لەگەڵ تۆدایە
تۆش لەبەر خودا و تۆڵەی ڕەنجی ئەو   هەندێ هەڵبگرە لە مەینەتی ئەو
ئەمەیە پەندی مامۆستای دڵدار   گوڵچینێ ئەکا ئینسانی هوشیار
هوشیاری تەواو بەندەی خودایە   کە خزمەت ئەکا بە بابە و دایە
(نامێ) بەمشێوە ئەگا بە مەرام   ئەچێتە بەهەشت (باقێ والسلام)

گوڵی دەهەم ـ گوڵی نیـازپاکی

بەهـار بە بـاران گوڵ قەتـار ئەکـا
گوڵ بە بۆنی خـۆش دڵ بێـدار ئەکا
دڵی بێداریـش بە حـەق ڕۆنـاکە
ڕۆی لە نیـازی پاك ، کرداری چاکە

اِنَّما الاَعمالُ بالنِّیّات ، واِنَّما لِکُلِّ امرِیءٍ مانَوی .

پێغەمبەری خۆشەویست درۆدی خوای لێ بێ ئەم فەرمۆدەیەی فەرموە کە مەعنایەکی زۆر بەنرخ و باڵای هەیە و واتە کردەوەی ئینسانی هوشیاری موسوڵمان کاتێ ساغ و دروستە و لای بارەگای خوا قیمەتی هەیە و پاداشی لەسەر ئەدرێتـەوە کە قەسد و خواسـتی دڵی لەگەڵدا بێـێ و ، کێشانەی پاداشەکەشی ئەوەندەی پتەوێ و ڕەسایێ و سافێ قەسد و خواستی کابراکەیە کە کردوەکەی کردوە .

لەم فەرمۆدەیەوە چەند شت دەرئەکەوێ . یەکەم ئەوە هەر کردەوەیەك بە ڕێکەوت و هەڵکەوت لە ئادەمیزاد ڕۆبدا بەتاڵ و بێسۆدە و وەکو ئەوە وایە کابرا هیچی نەکردبێ . دۆهەم ئەوە کردەوەی موسوڵمان لە سەنگ و کێشانەدا بەپێی سـەنگ و کێشانەی نیـازی خاوەن کـردەوەکە ئەگۆڕێ . وائـەبێ دۆ موسوڵمان بەیـەکەوە نوێژێ ئەکەن ، کەچێ فەرق و جیاوازییـەکی زۆر لەو خێرەدا ئەبێ کە بۆ هەرکامیان ئەنۆسرێ . ئەوەیش لەبەرئەوەیە یەکێ لەو دوانە قەسد و مەبەستەکەی زۆر بەهێزتر و پتـەوتر بوە لەویتریان . لەسەر ئەم بناغەیەیە زانایانی دین بڕیاریانداوە کەوا هـەر واجبێ لە واجباتی دین وەکو نوێژ و ڕۆژۆ مەسەلا کە بە بێقەسد و نییەت بکرێ بەتاڵە و دروست نیە و وەکو ئەوە وایە کە نەکرابێ و پێویستە لەسەر ئەوەی ئەو واجبەی جێبەجێ کردوە دۆبارە بیکاتەوە لەگـەڵ قەسددا تا بە فەرزاری نەمرێ . هـەروا لەسەر ئەم بناغەیەیە زانایانی دین بڕیاریانداوە کەوا ئەگەر کەسێ بە بێ قەسد و مەبەست کەسێ بکوژێ ، ئەوە ئەو کوشتنە بە کوشتنی هەڵە دائەنرێ و کابرای پیاوکوژ ناکوژرێتەوە و ئەبێ هەر خوێنی کوژراوەکەی لێ بسێنرێ .

هەر بە مەعنای فەرمۆدەی پێشوە پێغەمبەری نازدار فەرمۆیەتی « اِنَّ اللهَ یُعطِی العَبدَ عَلی قَدرِ نِیَّتِهِ » واتە : بەڕاستێ خوای گەورە پاداشی بەندەی خۆی بەگوێرەی ئەندازەی نیازی ئەو بەندەیە ئەداتەوە لە کردەوەکەیدا . هەروەها فەرمۆیەتی : « مَنْ اَخلَصَ للهِ اَربَعینَ یَوماً تَفَجَّرَتْ یَنابیعُ الحِکمَةِ مِنْ قَلبِهِ عَلی لِسانِهِ » . واتە : هەر موسوڵمانێ تا ماوەی چل ڕۆژ بە دڵسۆزێ و ساغێ و بە نیاز و مەبەستی چاك فەرمانبەرداری خوای

خۆی بکا ، خوای تەعالا لە پاداشی ئەوەدا دڵی ڕۆناك ئەکاتەوە و ئەیکا بە کانی و سەرچاوەی عەقڵ و عیلم و هۆش و ئەو بیرە بەرزانەی وەك کانیاو لە دڵیەوە هەڵئەقوڵێن و لە زمانیەوە ئەڕژێنە خوار .

بەکورتی وەك چۆن ئادەمیزاد بە ڕۆح و گیان ئەژێ ، واتە ڕۆح هۆی ژیانە بۆ ئینسان ، هەروەها کردەوەکانیشی بە نیاز و قەسد و مەبەستی پاك و ڕۆناك تەواو ئەبن و سوودیان بەگوێرەی نیازە لێیان و ئەگەر نیازیان لێنەبێ وەك لەشی مردوو بێ‌گیان و بێ‌کەڵك ئەبن .

(بزانن) نیيەت ، واتە نیاز و قەسد و مەبەست‌کردن ، ئەوەندە بەنرخە حسێبی هەرگیز تەواو نابێ . بۆیە پێغەمبەر فەرمویەتی : « نِيَّةُ المَرءِ خَيْرٌ مِنْ عَمَلِهِ » . واتە : نیاز و قەسد و مەبەستی بنیادەم لە کردەوەکەی باشتر و بەسوودترە . بەم‌مەعنا کە کرداری بێ‌قەسد و مەبەست هیچ سوودی لێ پەیدا نابێ ، بەڵام قەسد و مەبەستی باش با ئەوکەسە بۆیشی هەڵنەکەوێ کردەوە باشەکە بکا ، هەر سوودی هەیە و پاداشی لەسەر ئەدرێتەوە . لە لایەکی‌کەشەوە قەسد و نیيەت شتێکی پەنامەکین ، ڕیا و خۆنواندنیان تیا نیە . بەڵام کردەوە وائەبێ تێکەڵی ڕیا و بەرچاوێ ئەبێ و پاداش و سوودی بۆ پاشەڕۆژ تیا نامێنێ .

بینا لەسەر ئەم فەرموودەی دوایيەی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ پێویستە ئادەمیزاد ئاگادار بێ نیيەتی دڵی خۆی باش بکا ، لەبەرئەوە کە مادەم دڵی موسوڵمان بە نیيەتی باش و قەسد و مەبەستی جوان ڕۆناك بوەتەوە ، ئەوە ئەو خاوەن دڵە کردەوەی باشی لێ دەرئەکەوێ ، یەعنی دڵی ئینسان لە وجودیا وەك پادشای سەر تەخت وایە و ئەندامەکانی‌تری لەش وەك خزمەتکار وان لە بەردەستیا . جا کە پادشا هوشیار و بەختیار بۆ ، بەپێی ئەو هۆش و عەقڵی خۆیە فەرمان بە دەستە و بەستەکەی ئەدا و وڵاتەکەی هەمیشە خاوەن فەڕ و ئاوەدان ئەبێ و ، ئەگەر بێ هۆش و بێ‌ئاگا بێ لە کاروبار ، فەرمانی ناپەسەند دەرئەکا بۆ دەستە و بەستەکەی و وڵاتەکەی زۆبەزۆ وێران و کاول ئەبێ .

هەروەها کاتێ دڵ لە نوری ڕاستێ پڕتەوی وەرگرت ، فەرمانی بەندەیێ و خزمەتکاریێ ئەدا بە ئەندامەکانی و ئەوانیش بۆ خزمەت‌کردنی ڕەوا ئەکەونە ئیشەوە . بەڵام ئەگەر تاریك بۆ ، فەرمانی بێ‌سەروبەر ئەدا بە ئەندامانی لەش و زۆر زوو توشی فەلاکەتی دنیا و تۆڵە لێ‌سەندنەوەی پاشەڕۆژ ئەبێ ، وەك پێغەمبەری نازدار درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « اَلا اِنَّ فِي الجَسَدِ مُضغَةً اِذا صَلَحَتْ صَلَحَ الجَسَدُ كُلُّهُ ، وَاِذا فَسَدَتْ فَسَدَ الجَسَدُ كُلُّهُ ، اَلا وَهِيَ القَلْبُ » . واتە : ئاگاداربن لەشی ئادەمیزاد پارچە گۆشتێکی‌تیایە ، هەرکاتێ ئەو پارچە گۆشتە بە پڕتەوی میهرەبانێ خوا کەوتە سەر باری ڕاستێ ، ئەوە هەموو ئەندامەکانی‌تری لەش ئەکەونە سەر باری

ڕاستێ ، ئەگەر خراپیش بۆ و ڕێگای چەوتی گرتەبەر ، هەمۆ ئەندامەکانیتری لەشیش خراپئەبن و ئەکەونە خراپە کردن . ئەو پارچە گۆشتەش دڵە .

کەواتە پێویستە لەسەر ئادەمیزاد بەر لە هەمۆ شتێ ئاوێنەی دڵی لە تۆز و گەردی نیـازی خراپ پاك بکاتەوە بۆئەوەی نیاز و مەبەسـتی خاوێن و باشی تیا جێگیر ببێ ، ئەوسا دەست بکا بە کار . چونکە هەروەك بێ زانست کردەوە باش و پەسەند نابێ ، بێ دڵێکی پاك و بێ دڵسۆزێ لە فەرمانبەرداریێ خوادا و بێ بەندەییەکی ڕاستی خوایش ، بەندە ناگاتە بارەگای خوای تەعالا .

هۆی دڵپـاکێ چەند شـتێکە . یەکەم : بیرکـردنەوەیەکی مـەردانە . بیرکردنەوە لـەوە کەوا بەنێ ئادەم کێن و ئادەمیزاد بۆچێ دروست کراوە و ماوەی مانەوەی لـە جیهاندا چەندە و ئەنجامی چیە و چۆن ئـەبێ فەرق نەبێ لەبەینی ئینسان و گیانلەبەرانی بێعیلـم و زانستدا . کە هەردۆلایان لەپاش مردن وەکو یەك بن ، چ شەرەف و پایە بەرزییەك بۆ ئادەمیزاد ئەمێنێتەوە ، تا بیرکەرەوەکە بـگا بەو ئەنجامە کەوا ئادەمیـزاد گیانلەبـەرێکی هوشـیارە و پەروەردگارێ دروسـتی کردوە و پـاش ماوەیەك گیانی دەرئـەچێ و ئەڕوا بۆ عالەمێکیتر و پاشـان ڕۆژی لێپرسـینەوە و پاداش و تۆلە دانـەوەی دێتە پێشەوە و بەگـوێرەی پایـەی کردەوەکەی تۆلـە و پاداشی کـرداری خۆی وەرئەگرێ . جا کە گەیشتە ئەوە کە تێبگا مادەم بەندەیێ هەر بۆ خوا ئەکرێ و پـاداش و تۆلە هەر لای خوایە ، ئەزانێ پێویستە هەر چاکەیەك بکا و لە هـەر تاوان و گونـاهێ لابدا ، هـەر لەبەر خودا خـۆی بێ و هیچ هۆیـەکیتر لەو مەیدانەدا کاری تێنەکا .

دۆهەم : هاوڕێیەتێ و هاودەمێ پیاوە زانا و دڵ ڕۆناك و کردەوە چاکەکانە کە پوختەی ئادەمیزادی هەر چەرخ و سەردەمێکن . ئـەوەی کە ئـادەمیزاد لە مەجلیس و کۆڕی ئەم جۆرە کەسانەوە دەسگیری ئەبێ ، لە لایەکیکەوە دەسگیری نـابێ . سێهەم : تەماشاکردنی ڕۆداوەکانی جیهانە کە ئینسان لێیانەوە تێئەگا هەر ئیشێ پاك و خاوێـن و بۆ خودا نەبێ بێئایە و مایەیە . چوارەم : عیبرەت وەرگرتنە لەوەی بەسەر ئینسـانی ناساغ و نابارد هـاتوە و دێ و کردنی ئـەو کارەساتانەیە بە سەرمەشق . ئینسان لەمەوە حاڵێ ئەبێ کەوا هەر کردەوەیەك ئەنجامی ناباری هەبێ ، خۆی لێ دۆر بخاتەوە .

بەمچەشنە دەرئەکەوێ کەوا بەو جۆرە بیرکردنەوەیەی باسمان لێکرد و بە هاوڕێیەتێ پیاوچاکان و بە تەماشاکردنی ڕۆداوەکـانی زەمـانە و بە عیبـرەت وەرگرتن لە ئەنجامی کرداری خەڵکیتر ، ئینسـان ئەکەوێتە سەر باری ئیخلاص و نییەتی پاك و سۆد لە ژیانی خۆی وەرئەگرێ .

ڕۆڵـەم ! کردەوە بە مەبەسـتی پاك پایەت بەرز ئەکـا لای خودای بێباك

بێنیازی پـاك واته بـێ ئیخـلاص — مەحاڵە بۆ تۆ ڕزگـاری و خـەلاص
کردەوە وێنـەی شـیرێکی خـاوە — شیری بێهەوێـن قەت نەگیرساوە
صەد ساڵ تێکۆشێ بە کرداری خۆت — ئیخلاصت نەبێ سـوودی نابێ بـۆت
کردەوە و نییەت وان لە یەك پـایە — بەسوود بەسـوودە و زایەیـە زایــە
نییەتت چـاك بێ کـردەوە چـاکە — بە کردەوەی چـاك ڕێگـات ڕۆنـاکە
دەم و دڵ ئەگەر بـۆ حەق هاودەمن — جێگەی پڕتەوی ئیسـمی ئەعظەمـن
بـــە دڵـی خـالێ وتنـی (الله) — کردەی کەسـێکە بـۆش و بـەرەڵلا

★ ★ ★

ڕۆڵەم سا وەرە بۆ سەر ڕێگەی ڕاس — ڕێگەی خـاوێنی دڵپاکێ و ئیخلاص
دەسم دامێنت ڕۆڵـەی ئەرجومەند — گوێم لێ ڕابگرە خۆت مەکە بە پەند
خزمەت بە مـاڵێ یا نـان و ئـاوێ — لە دەستت دەرچـوو دات بە دامـاوێ
با هەر بـۆ ڕەزای خـودای عالەم بێ — نەك بـۆ بەرچـاوێ بەنێئـادەم بـێ
ئینسان قەت ناشێ بۆ جەزای ئینسان — ئەگەر تێبگەی لە مەعنـای ئیحسان
ئەویش موحتاجە بـۆ خۆی لە خۆیـا — ئیتر چـۆن بـۆ تۆ ئەگـا بـە فریـا
چەندکەس نەزانیان کردوە بە زانـا — بێدەسەڵاتیـان کرد بـە تەوانـا
کـاتێ شـانەیان هێنـا بە ڕیشـا — یـا دەستیـان داچۆ بە هەندێ ئیشا
لەبـاتێ جەزای ئەو پیـاوە مـەردە — بۆی بـۆن بە مەینەت بە بگرە و بەردە
چاویـان نەترسـا لە عەیب و لە عار — لەجیاتێ وەفـا لێیبۆن بـە ڕەشمـار
بـەڵام خوداوەنـد مثقـاڵە ذەڕڕە — لەلای ون نـابێ خێـرە یـا شەڕە
هـەر بـەو پێـوانە وا بـە لاتـەوە — خودا بە چەنـد قـات پێت ئەداتەوە

★ ★ ★

ئەپرسێ کە چـۆن دڵ پەرداخ ئەبێ — قەسد و مەبەستی ساف و ساخ ئەبێ
پێتئەڵێم ڕۆڵـەم بۆ خـاتری تـۆ — نیشانتئەدەم چەند ڕێگا و چەند هۆ
یەکەم وەك کەسێ خاوەن بیر و ژیر — دڵت ئـاو بدە لە سەرچـاوەی بیر
تـا دڵ تێبگـا کـە ژیـانی ئـەو — بـۆ پیرۆزییـە لـە جیهـانی ئـەو
مایەی پیرۆزییـش بـۆ ئـادەمیزاد — هەر پەیڕەوییە لە (خیر العبـاد)
بیر و کردەوە و ڕەوشـتت بە عـام — پەیڕەوێ ئـەو بێ ئەگـەی بە مەرام

★ ★ ★

دۆهەم هاوڕێیی مەردانـی دڵپـاك — سینە ئـاوێنەی بێگەردی ڕۆنـاك
وێنەی زەڕەبـین نـۆرت بۆ دێنـن — خەوشوخـاڵی دڵ گشت ئەسوتێنن
جا تۆوی سـاغێ پیـا ئەوەشێنن — گوڵی یـەك دڵـێ تێـدا ئەڕوێنـن
ڕەوشـتی پـاکان سەرمەشقێ بەرزە — لێـوە فێربـوونی کـارێکی فـەرزە

هەرکەس کەوتەدوێ نوری کێوی تور   رێگا ون ناکا لە نزیك و دوّر

★ ★ ★

سێهەم تەماشای کارەساتەکان   لەوانەی زانا ئەخەنە تەکان
هەمۆ عیبرەتن بۆ مەردی هوشیار   عیلم و حیکمەتن لەبۆ بەختیار
ئێمە وامانزانی هەرکەس ناساغ بو   بە پشکۆی مەینەت هەناوی داغ بو
لەمە وەرئەگرن ساغێ لە ژینا   لە بیر و کردەی دنیایێ و دینا
چونکە وامانزانی ناساغ نەخۆش بۆ   بۆ قازانجی خۆی بێ بیر و هۆش بۆ

★ ★ ★

چوارەم بڕوانە گەردوون ئەسوڕێ   مانگی بە سێ چەرخ دنیا ئەگۆڕێ
چەرخ ملیۆنیش بێ نەك هەر هەزاران   چەرخێ دێ بتبا بەرەو گۆڕستان
کە ماوەی ژینت هەر ئینتیهای بێ   ژینت با وابێ نرخ و بەهای بێ
بەهایش بەوەیە ئیشت بەسوود بێ   خالیص بۆ ڕەزای خودای مەعبوود بێ
هەر ئەو تەواناێ تۆلە و پاداشە   پەروەردگاری خراپ و باشە

★ ★ ★

کە تۆ هەولتدا بەم ئەسبابانە   مەعلومە خودایش زۆر میهرەبانە
بەسەر سینەتا ئەڕژێنێ ئەنوار   دڵی تۆ ئەکا بە کانی ئەسرار
وا دڵت ئەگرێ بەرقی کارەبا   خەیالی غەیرت لە دڵ لائەبا
ئەتشۆرێتەوە لە گەردی زەحمەت   خالیصت ئەکا بۆ صەفا و ڕەحمەت
ئەمەیە دەرسی مامۆستای (بەهار)   ئیخلاصە مایەی ژینی بەختیار
ئیخلاصە ئەبێ بە توشەی (نامێ)   بۆ ڕێی درێژی گەیین بە کامی

گوڵی یازدەهەم ــ گوڵی ساغێ و ڕاستێ

بەهار بە باران گوڵێ ئەڕوێنێ
عەترێکی خالیص بۆ دڵ بنوێنێ
هەتا تێبگا ڕاستە و صەحیحە
مەعنای (الدِّینُ هوَ النَّصیحَةُ)

قالَ صَلَّیاللهُ عَلَیهِ وسَلَّمَ : الدینُ النَّصیحَةُ ، قُلنا لِمَنْ ؟ قالَ للهِ ولِکِتابِهِ ولِرَسولِهِ ولأئمَّةِ المُسلِمینَ وعامَّتِهِمْ .

تەمیمی کوڕی ئەوسی دارێ خوای لێ ڕازێ بێ ئەڵێ حەزرەتی پێغەمبەر

درۆدی خوای لێ بێ فەرمۆی : دیـن وەرگرتن و ئایین قوبۆڵکردن بریتییـە لە ساغێ و بێغەشـێ و خزمەتـی سـاغ کـردن . عەرزمـانکرد : ئـەم ساغێ و خزمەتە بێغەشە بەرابەر بە کێ ؟ فەرمۆی : بەرابەر بە خوا و قورئان و پێـغەمبەر و پێشـەوایانی موسولمانان و تێکڕای موسولمانان .

وا کەمێك بەدرێژی ئەم حەدیثە لێكئەدەینەوە .

سـاغێ موسولمان بەرابەر بە پەروەردگاری عالەم بەومەعنایەیە ئینسـانی موسولمان ئیمان و باوەڕی ببێ بە خوای تاق و تەنیا و دان بەوەدا بنێ کە خـوا تاقە ذاتێکە بێشەریك و بێوێنە و مانەند . هەرچێ صیفەتی پاك و بێگەرد هەیە هەیەتی و دوورە لە هەمۆ صیفەتێکی نوقسـان و نالایق . هەروەها بەومەعنایەیـە کە بەئەندازەی هێز و توانا فەرمـانی بەجێبهێنـێ و لە نافەرمـانێ کردنی دوور بکەوێتەوە و ، هەرکەسێ ئەو بپەرستێ خۆشی بوێ و هەرکەس نەیپەرستـێ خۆشی نەوێ و ، دان بە نیعمەتەکانیا بنێ و لەبەر باری ئازاریا خۆی ڕابگرێ و ئارام بێ و هەمیشـە لەسەر ئەم شێوەیە بەردەوام بێ و ئەوەنـدەی لە توانـای دەست ڕۆیشتنیا بێ تێبکۆشێ بۆ بڵاوکردنەوەی خواپەرستی .

سـاغێ موسولمان بەرابەر بە قورئـانیش ئەوەیە بـاوەڕی وابێ کە خوا ناردۆیە بۆسەر حەزرەتی پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ و کەلامی خوا خۆیەتی و پەیوەندی کەسی پێوە نیە و ، ڕەفتاری پێ بکـا و تێبکۆشـێ بۆئەوە کە بەنـاو خەڵکدا بڵاو ببێتەوە و حوکمەکانی جێبەجێ بکرێن و بۆ خۆیشی بیخوێنێتەوە و لە مەعنای بگا و بەگوێرەی بجوڵێتەوە و بیکا بە چرای ڕۆناككەرەوەی ڕێگـای ژیـانی .

ساغێ موسولمان بەرابەر بە پێغەمبـەریش درۆدی خوای لێ بێ ئەوەیە باوەڕی وابێ کەوا خوای تەعالا ڕەوانەی کردوە بۆ تەمێ و تەربییەکردنی هەمـۆ ئادەمیزاد و کەوا پێغەمبەری ئاخر زەمانە و پاش ئەو پێغەمبەریتر نـایەت و ، تا توانای هەیە لە فەرمانی ئەو دەرنەچێ و هەوڵبدا بۆ ڕەواج پێدانی ئایین و دینی ئەو و ، هێز بدا بەو میللەتەی لەسەر دین و ئایینی ئـەون و ، بە چـاوی حورمەتەوە تەماشای یاران و ئال و بەیتی فیداکاری بکا و هەمۆیـانی خـۆش بوێ و ، دان بەوەدا بنێ کەوا ئەوانە ئەوەندە خاوەن قەدر و پایەن شیاو و شایانی صوحبەت و هاوڕێیەتی ئەون و ، بەپێی توانا درۆد و سەلامی بۆ ڕەوانە بکـا و زیارەتی بکا لەکاتی ژیان و لەپاش وەفاتی و ، هەرکەسێ ئەوی خۆشبوێ خۆشی بوێ و هەرکەسێ ئەوی خۆشنەوێ ئەمیش ئەوی خۆشنـەوێ و ، تێبکۆشـێ بۆ بڵاوکردنەوەی دین و ئایینەکەی و ، خۆ بگـرێ بە بیر و کردەوە و ڕەوشتی ئەوەوە و تا لە دنیا دەرئەچێ لەسەر ئەم شێوەیە دەوام بکا .

سـاغێ موسولمان بەرابەر بە فەرمانڕەوایانی موسولمانـانیش ئەوەیـە

یارمەتییان بدا لەسەر ڕاستێ و فەرمان بەرداریـان بکـا مـادەم بەگوێرەی فەرمودەی خوا و پێغەمبـەری خوا بجوڵێنـەوە و ، هەوڵبدا خـەڵکیتریش فەرمانبەرداریان بکەن . هەرکاتێکیش ویستیان لە یاسـای حەق و ڕاسـتێ دەرچن و لە سنوری فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا دەرچن ، بە هەر جۆرێ کە بگونجێ و موناسب بێ و پێیبکرێ بێداریان بکاتەوە و تەمێ و ئامۆژگاریان بکا و ، لە هەر کارێکیشا کە زەحمەت بێ بە هەر جـۆرێ بۆی کرا یارمەتییـان بدا و تێبکۆشێ بۆئەوەی فەرمان بەرداریان زۆر بێ و ، لە ڕۆی دوژمنیشدا بەرگریان لێ بکـا .

سـاغێ موسوڵمان بەرابەر بە هەمۆ موسوڵمانانیش بەشێوەیەکی گشتێ بەوە ئەبێ کە نەزانیان فێری زانیارێ بکا و گومڕایـان بێنێتـەوە سـەر ڕێگای ڕاست و کۆمەکی داماو و لێقەوماویان بکا و ، لە هەر ئیشێکی حەق و ڕاستدا یارمەتییان بدا و مـەیدانی ئەوە نەدا کەس دەسدرێژیـان بکـاتە سـەر و ، فەرمانبدا کە کاری پەسەند بکەن و ڕێی ئیشی خراپیان لێ بگرێ و مەیدان نەدا ئاشوب لەناویانا پەیدا ببێ و ، ئەگـەر ئاشـوبێ کەوتە ناویـان هەوڵبـدا بۆ چارکردنی و ، تێبکۆشێ بۆ چـارکردنی نەخـۆش و برینداریـان و ، لەکـاتی نەخۆشێ و ناساغیدا هات و چۆیان بکا و، حازری سەر جەنازەی مردۆیان ببێ و دوعای خێر بۆ مردۆیان بکا و ، لە هەمۆ هەرا و شۆڕش و ناسازییەکی جیهانیدا بچێ بەدەمیانەوە و حورمەتی پیر و گەورە و زانا و خـاوەن ڕۆحیـان بگرێ و ، لەگەڵ منداڵ و غەریب و ناشارەزایان میهرەبانێ بنوێنێ و لە عەیب و عاریـان چاوپۆشێ بکا و ، هەرچێ هۆی ئازاریان بێ نەیکا و تێبکۆشـێ بۆئـەوە کە لـە مەیدانی ژیانی دنیا و لە مەیدانی پیشەسازێ و زانستدا پێش بکەون. بەکورتێ هەرچێ بۆ خۆی و بۆ خۆشەویستـانی خۆی ڕەوا ببینـێ بۆ ئەوانیشـی ڕەوا ببینێ و، هەرچێ بۆ خۆی و دۆستانی خۆیی ڕەوا نەبینـێ بۆ ئەوانیشـی ڕەوا نەبینێ و بەرابەر بە گەورە و بچۆکیان یەك ڕۆ و یەك زمان و یەك دڵ بێ .

ئەم فەرمۆدەیە فەرمۆدەیـەکی گەلێ بەرز و بـەنرخ و بەمـایەیە و ئەگەر دە لـە صـەدی موسوڵمانـان بەڕاسـتێ بەگـوێرەی ئـەم فەرمۆدەیـە بجوڵانایەتەوە ، ئیستا موسوڵمـانان لە ژیانێکیترا بـۆن و لە هیچ مەیـدانێکدا پاشنەئەکەوتن و لە ڕیزی میللەتە پێشکەوتوەکانی جیهاندا ئەبـۆن . ئێمە کـە تەماشای مێژۆی موسوڵمانانی زەمانی پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ ئەکەیـن بەئاشـکرا بۆمـان دەرئەکـەوێ کـەوا ئەوان بەتـەواوێ ئەم فەرمۆدەیەیـان بەجێهێناوە . ئەگێڕنەوە لە جەنگێکا هەژدە کەس لە یارانی پێغەمبەر برینـدار بۆن ، لەکاتێکا کە زۆر تینۆ بۆنیەکێکیان هاواری کرد بۆ داوای ئاو . ئاویـان بۆ هێنا ، بەڵام نەیخواردەوە ، بە ئاوگێڕەکەی وت بیبا بۆ هـاوڕێیەکی برینداری ، کە بۆی برد ئەویش نەیخواردەوە حەواڵەی کرد بۆ هاوڕێیـەکیتری .. هەروا

بەوجۆرە هەرکام لەو ئەصحابە بریندارانە ئاوەکەی نەئەخواردەوە و حەوالـەی ئەکرد بۆ یەکێکی‌تر ، تا لەئەنجاما هەمۆیان وەفاتیان کرد و کەسیان لە ئاوەکەیان نەخواردەوە .

ڕۆڵەی عەزیزم ! ئـاینی ئیسـلام　لەسەر سـاغییە ئەووەڵ تـا ئەنجام
لەگەڵ خـوا و لەگەڵ کتێبـەکانی　هـەروەها لەگـەڵ پێغەمبـەرانی
لەگەڵ فەرمانەی ئوممەتـی ئیسلام　لەگەڵ ئوممەتی ئیسلامیش بە عـام

★ ★ ★

سـاغیَ بۆ خودا ئیمـانە و بـاوەڕ　بـە پەروەردگـار (اللهُ اکبَـر)
بە دڵ و بە لـەش یـارمەتیَ بـدەی　تـا دینـی خـودا بە زایـە نـەدەی
جیهـادی ئەعـلا وتـاری حەقـە　لای ستەمکـاریَ کـە دڵـی ڕەقـە
بۆی بە پشتیوان بـۆ ئیشی خـودا　خودایـش یـارمەتیَ ئیشـی تۆ ئەدا

★ ★ ★

سـاغیَ بەرابـەر بە کتێبـی دیـن　نەشری قورئـانە لەسەر ڕۆی زەمین
بە لەفظ و مەعنا و تەجدید و تەرتیل　بە شەرح و بەیـان تەفسیر و تەئویل
لەسەر ئەو یاسـا ڕەهبەر و یـاران　گەیـاندۆیانە بـۆ لای هوشـیاران

★ ★ ★

سـاغیَ بەرابەر بە ڕەهبـەری دیـن　سـەلامی لیَ بیَ تـا ڕۆژی یەقـین
خۆشـەویستییە بـۆ ذاتـی پـاکی　بـۆ ئـال و یـار و پەیڕەوی چـاکی
یـارمەتیَ‌دانە بـۆ ئـاینی ئـەو　بە دەم بە قەڵەم بە ڕۆژ و بـە شـەو
تێگەیـانەنی گەلـی ژیرانـە　لە ئـاینی حـەق لەم ڕۆی جیهانـە
کـە ئەو ئـاینە وێنـەی ئاوێنە　جیهـان نومایـە و ڕاسـتیَ نوێنـە
یەکیَ وێنەی خۆی تیـا نەکـاتە چاو　خەتای خۆیەتی نەك جـامی پڕ تـاو

★ ★ ★

سـاغیَ بەرابـەر بە فەرمـانڕەوا　ئەوەیە ئینسـان یـارمەتیان بـدا
بەپێی ئەمری خوا کاربکەن بۆ خەڵك　بەجۆریَ کەوا سوودی تیا بیَ و کەڵك
فەرمودەی خودا و ئەمری پێغەمبەر　بکەن بە ڕێبـاز قـەت لێی نەچنەدەر
کە کەوتنە هەڵە ڕێیـان پێشـاندا　نەك بە وڵات و میللـەت زیـان دا
نەوەك بکەونە نـاو بـیری نەهـات　بن بەهۆی مەینەت بۆ گـەل و وڵات
هەڵەی سـەرداران هەڵـەی عالەمە　مـایەی مەینەتـی بەنیَ‌ئـادەمە
کاتیَ کە سـەرۆك بـیَ ڕا و تەگبیرە　هەرکەس فریـاکەوت ئەوکەسە ژیرە

★ ★ ★

ساغێ بەرابەر بە موسوڵمانان ... ئەوەیە ئینسان بە نوری ئیمان
چێ لە لا باشە بۆ سوودی هەمۆ ... بەیانی بکا بۆیان زۆبەزۆ
وڵات و زمان سپێ و ڕەش و بۆر ... بێ‌فەرق و جیایێ لە کەم و لە زۆر
بۆ دین بۆ ژیان بۆ چاری هەرا ... تێکۆشێ تا گشت ببن بە برا
یەك دڵ یەك زمان پێکەوە بژین ... بۆ بەرزێ دنیا و خزمەتی ئایین
هەمۆیان بژین یەك لە یەك ڕازێ ... بە کامەرانێ و بە سەرفەرازێ
دەرسم وەربگرە بە خۆش دەماغێ ... دین نەصیحەتە و نەصیحەت ساغێ
ساغی‌یە هێزە بۆ نەژنۆی (نامێ) ... هەڵئەگرێ باری ڕەنجی ئەییامی

گوڵی دوازدەهەم ـ گوڵی میانەڕەوێ و چاکەکردن

باران ئەبارێ و زەوێ ئەبزوێ
گوڵ و دڕکی تیژ لە عەردا ئەڕوێ
تۆ گوڵ وەربگرە جوان و بەڕێزە
لە دڕکی ئازار خۆت بپارێزە

انَّ اللهَ يَأمُرُ بِالعَدلِ والاحسانِ وايتاءِ ذِي القُربى ويَنهى عَنِ الفَحشاءِ والمُنكَرِ والبَغي يَعِظُكُم لعلّكُم تذكّرونَ .

پەروەردگاری عالەم لەم ئایەتە بەرز و بەنرخەدا فەرمانئەدا بە سێ شت و نارەزایێ دەرئەبڕێ لە سێ شت کە دیاریترین شتن لەوانەی پەیوەندیان هەیە بە دامەزران و وێران بۆنی جیهانەوە و بە دامەزران و دانەمەزرانی ئایینی ئینسانەوە .

ئەو شتانەی فەرمانی‌داوە بە کردنیان ئەمانەن :

یەکەم (عدل) واتە هاوسەنگێ و میانەڕەوێ لە هەمۆ کارێکدا ، خوای کاری دەرۆنێ بێ وەك بیروباوەڕ و خۆشەویستێ یا دەرەکێ بێ لەوانەی عیبادەت و ئایین‌پەرستین یا لەوانەی مایەی ژیانن ، یا شتێکی‌تر بێ . بۆ وێنە ئەبێ عەقیدە و بیروباوەڕی ئادەمیزاد بەئەندازەیەك ڕێك‌وپێك و دامەزراو و قایم بێ هەرگیز بە باری زیادەدا یا بە باری کەم و کورتیدا وای پێ نەیێ پێچەوانەی دین و ئایین و هۆشی هوشیار بێ . هەندێ‌کەس کە خۆیان بە بەراورد تەماشایان کردوە و لە ئەوزاعی جیهان خەبەردارن وتۆیانە هەرشتێ لە ئەندازە لایدا زیان ئەبەخشێ . تەنانەت عەقیدە و باوەڕت بە پێغەمبەران ئەبێ بە میزانێ بێ نەبێ بەهۆی کافربۆن و لەوەندە لانەدا کە خوای تەعالا لە شان و پایەیاندا بڕیاری‌داوە . بەرابەر بە ئال و ئەصحابی پێغەمبەریش درۆدی خوای لێ بێ یا بە مەشایخ و

ئەولیا ئەبێ لە ئەندازەی شەرع لانەدا و ئینسان ئەبێ باوەڕی وابێ کەوا ئەوانە کەسانێکی سیرەت و ڕەوشت بەرز و خاوەن طاعەت و عیبادەت بوون و لای خوا پایە و مەقامێکی تایبەتییان هەیە ، بەڵام نابێ لەم باوەڕەیدا زیادەڕەویێ بکا و بگاتە ئەندازەیەك لە دین لابدا و لە سنووری میانەڕەویێ دەرچێ .

ئەگەر کەسێکت خۆشویست ئەبێ ئەندازەیەك بۆ ئەو خۆشەویستییەت دانێی نەبادا ڕۆژێ لە ڕۆژان عاجزێ بکەوێتە بەینتان و بەهۆی ئەو خۆشەویستییە پێشووەوە ئەوەندە زیادەڕەویت کردبێ ئیستا مەیدانی لادانت نەمابێ . ئەگەر دوژمنی کەسێکیش بۆی پێویستە ئەو دوژمنییە ئەندازەیەکی دروست و ڕەوای بۆ دابنێی و زۆر لانەدەی و لە ئوسوڵی ناحەزایەتی عادەتی دەرنەچی ، نەکا ڕۆژێ لە ڕۆژان ئاشت ببنەوە و ئەوکەسە ببێ بە دۆستت و تۆیش لەبەر شەرمی خۆت ڕوت نەیەت چاوت بەو کابرایە بکەوێ . بۆیە حەزرەتی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرموویەتی :

« احبب حبيبك هوناما عسى ان يكون بغيضك يوماما ، وابغض بغيضك هوناما عسى ان يكون حبيبك يوماما » .

واتە : دۆستی خۆت بە میانە خۆش بوێ ، نەوەك ڕۆژێ بێ ببێ بە ناحەزت . ئەوەش کە ڕقت لێیە هەر بە میانە ڕقت لێ بێ ، نەوەك ڕۆژێ بێ ببن بە دۆستی یەکترو خۆشت بوێ .

میانەڕەوی لە عیبادەتیشدا ئەوەیە حەقی خودا و حەقی خۆت ڕابگری و نەحەقی ئەو بفەوتێنی و نە خۆیشت ئەوەندە ماندوو بکەی کە کەڵکت پێوە نەمێنێ . لە حوقوقی بەینی خۆت و خەڵکیشدا ئەبێ وابێ حەقی خۆیشت و حەقی خەڵکیش ڕاگیر بکەی و کەستان زیانتان لێ نەکەوێ ، بەتایبەتی ئەگەر فەرمانداری ئایینی بێ یا هی دینایی ئەبێ بەتەواوی میانەڕەو بێ نە حەقی خاوەنداوا و نە حەقی داوا لێکراو پشت گوێ نەخەی . بەکورتی وشەی (عەدل) بەمجۆرە کە باسمان کرد بە جێبەجێ کردنی هەموو واجباتێکا ئەگا . ئەگەر لەسەر ئەم ئوسوڵە بەڕێدا بڕۆی نە حەقی خوات لەسەر ئەمێنی و نە حەقی خەڵق و نە حەقی خۆیشت ئەفەوتێ .

دووهەم (احسان) واتە بەجێهێنانی هەرچی چاکەیە لەوانە کە واجب نین لەسەر ئینسان ، خوای لە ئەوزاعی دەروونی بێ وەك خۆشەویستی خەڵك ، لەوجۆرە کە واجب نیە لەسەر ئینسان ، یاخود لە ئەوزاعی دەرەوە بێ وەکو بەجێهێنانی نوێژ و ڕۆژوو و حەج و عەمرە و قورئان خوێندن و باقی عیبادەتە سوننەتەکان وەکو بەخشینی ماڵ بۆ میوان و دراوسێ و دۆستان و غەیری ئەمانە لە بەشەکانی خێرات وەکو دروست کردنی مزگەوت و قوتابخانە و میوانخانە و باقی ئەوزاعی خێرات لەوانە کە واجب نین .

سێهەم (ایتاءِ ذی‌القربی) واتە بەخشین بە خزمان . ئەم بەندە هەرچەند بەر ئیحسان ئەکەوێ ، بەڵام لەبەرئەوە کە خوای تەعالا زۆر جار لە قورئاندا داوای سیلەی ڕەحم ئەکا ، ئەم باسەی بەتایبەتێ کردوە بۆئەوەی ئادەمیزادی هوشیار باش تێبگا کەوا پایەی خزمەتی خزم و خوێش چەند بەرزە .

ئەو شتانەیش کە مەنعی کردوێ و ناڕەزایی خوێ لێیان دەربڕیوە ، ئەمانەن :

(فحشاء) کە بریتییە لە هەر ناباری و ناڕەواییەك کە بە زمان بکرێ وەکو کوفرکردن ، پەنابەخودا ، و فیتنە و ئاشوب بڵاوکردنەوە لەناو ئادەمیزادا و وەك بوختان کردن و درۆکردن و غەیبەت و تێکدانی ناوبەینی ژن و مێرد و کوڕ و باوك و بەر و دراوسێ و دۆست و برا و خزم و عەشرەت و خەڵك خراپ کردن لای پیاوی گەورە و دەست ڕۆیشتو و تانە و توانج‌گرتن لە خەڵك و ڕۆشکاندن و غەیری ئەمانە لەو تاوانانەی بە زمان ئەکرێن و لە ژمارە نایەن .

(مُنکَر)یش واتە هەر تاوانێ کە بە غەیری زمان بکرێ ، واتە بە دەست و پێ و چاو و باقی ئەندامانی لەش بکرێ وەکو دەست بردن بۆ ناموس یا بۆ نەفس یا بۆ ماڵ یا بۆ سەلامەتی یەکێ بە هەر ئەسبابێ لەو ئەسبابانە کە بەعادەت بەکارئەهێنرێن کە ئەمەش کرداری وەك جەردەیی و دزێ و داگیرکردنی ماڵی خەڵك و لێدان و هەر جۆرە دەس‌درێژییەکی‌تر ئەگرێتەوە .

(بَغی)یش بریتییە لە ئەنانیەت و خۆ بە گەورە گرتن و فیزکردن بەسەر خەڵکدا و یاخی‌بون و سەرکێشی کردن بەرابەر بە ڕاستی و وەرنەگرتنی قسەی ڕاست و دان‌نەنان بەوەدا کە واقیعییە و مل‌بادان لەئاست واتەی بەسود و ئامۆژگاری و ڕێگەی راست نیشان‌دان .

(ئاگادارکردنەوەیەك بۆ هوشیاران) : ئاشکرایە لای ئەوکەسانەی کە تەماشای تەفسیری قورئانی پیرۆز ئەکەن و لە عورفی لوغەت و عورفی عام خەبەردارن ، کەوا وشەی (معروف) و (منکر) هەمو چاك و خراپێ ئەگرنەوە . وەك چۆن قابیلە وشەی (فحشاء) تەفسیر بکرێتەوە بە زیناکردن و دەستدرێژی بۆسەر ناموسی خەڵك ، قابیلیشە تەفسیر بکرێتەوە بە هەر ئیشێکی تاوانبارێ . هەروەها ئەتوانرێ (منکر)یش تەفسیر بکرێتەوە بە هەر ئیشێ کە لە یاسای ئیسلامدا پەسەند نەبێ . (بغی)یش تەفسیر بکرێتەوە بە هەمو دەستدرێژییەك بەسەر حەقی خەڵکدا ، وەك ڕەوایە تەفسیریش بکرێتەوە بە (زینا) وەك لە (قاموس)دا دەرئەکەوێ. بەپێی ئەم تەفسیرانە هەندێ لەم کەلیمە بەکارهێنراوانە مەعنای یەکتر ئەگرنەوە .

لەسەر ئەم ئەساسە لەم ئایەتە پیرۆزەدا زانایانی تەفسیر گەلێ قسەیان

کردوه . هەندێکیان مەعنای مەحدوود و بێدەرەتانیان داوە بەم لەفظانە و ، هەندێکیان مەعنای فراوان و دەرەتاندار و هەندێکیشیان لەگەڵ ئەوەشدا کە مەعنای گوشادیان بۆ داناون ، خستوونیانەتە بەر چەند قاعیدە و بناغەیەك وەك ئیمامی فەخری ڕازی وای کردوه خوای لێ ڕازی بێ .

بەڵام هەندێکیشیان تەفسیری ئەم کەلیمانەیان بەشێوەیەکی واقیعی کردوەتەوە وەك من نوسیومە و فەرمویانە ئەم ئایەتە هەموو شتێکی گرتوەتەوە لە چاك و لە خراپ ، مەسەلا فەرمویانە هەرچی (واجب) پێویست بێ لە حەقی خودا و حەقی ئینسان خۆی و حەقی خەڵك چ لە بیر و باوەڕ و چ لە صیفاتی نەفسی و چ لە ئیش‌وکاری دەرەکی‌دا وەکو شایەتیمان و نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج و غەزا و ، مامەڵە و نیکاح و نەذر و وێنەی ئەمانە ، هەموی بەر وشەی (عەدل) ئەکەوێ ، چونکە هەرکەسێ قوصور لەمشتانەدا بکا ئەوە هاتوە بەلای خۆیا و لە حەقی خوا و حەقی خەڵك دوورکەوتوەتەوە . هەرچی ئیشی (سوننەت)یش بێ ، نەفسی بێ یا ماددی و لە عیبادەتا بێ یا لە کاروباری خێزانی و کۆمەڵایەتیدا یا وەك خۆش‌ویستنی ڕەهبەرانی بەهرەمەند یا خەرج‌کردنی دارایی یا چاوپۆشی‌کردن لە خەڵك هەموی بەر وشەی (احسان) ئەکەوێ . لێرەدا دیارە حەقی خزم و خوێشیش هەر بەر (احسان) ئەکەوێ ، بەڵام لەبەرئەوە کە خوا زۆر بەبایەخەوە تەماشای کردوە ، بەتایبەتی ناوی هێناوە . هەرچی گوناه و تاوانیش بێ ، ئەوەی بە زمان بکرێ بەر (فحشاء) ئەکەوێ و ئەوەی بە ئەندامەکانی‌تری لەش بکرێ بەر (منکر) ئەکەوێ و ، هەرچییشی لە هەرە نابار و خراپەکان بێ چ لەگەڵ خەڵکدا بێ و چ لە خوودا هەموی بەر (بغی) ئەکەوێ . بۆیە ئەمەم نوسییەوە بۆئەوەی بەرچاوی خوێندەوارانی بەڕێز ڕوناك بێ .

ڕۆڵەم ! مامۆستات بە دڵێکی پاك — دەرست پێ ئەڵێ وەکو برای چاك
پێت‌ئەڵێ خودای سەرانسەر جیهان — نیعمەت ئەڕژێنێ ئاشکرا و پەنهان
میهرەبان لەگەڵ هەموو گیان‌لەبەر — بەتایبەت لەگەڵ نەتەوەی بەشەر
فەرمانی‌داوە بە (عدل) و (احسان) — بە کەرەم لەگەڵ کۆمەڵی خوێشان
نەهیی کردوە لە (فحشا) و (منکر) — لە (بغی)ییش هەتا ژین ئەبەینەسەر
جا من ئەمانە بەیان ئەکەم بۆت — هەتا تێبگەی مەعنای دەرسی خۆت

★ ★ ★

(عدل) بەمەعنا میانەکاری — لە واجباتا بە وەزعی جاری
لە ئیعتیقادا لە بیروباوەڕ — لە واجباتی ئەحکامی بەشەر
لە حەقی عالەم لە دادگادا — مووی لانەدا بەملا و بەولادا
زنجیرەی ئەمە زۆری پێ‌ئەچێ — تا پیاو تەواوی سەری لێ دەرچێ

★ ★ ★

(احسان) پێویستە لەوەی سوننەتبێ   کە مایەی خێر و چاکە و ڕەحمەت بێ
لە عیباداتا لەسەر شێوەی دین   لەگەڵ کەسوکار بۆ پێویستێ ژین
بەتایبەت ئیحسان بۆ خزم و خوێشان   لەوانا چاتر لەبۆ دڵڕێشان
هەمۆ ئەمانە مایەی ئەمانن   مایەی قایمێ دین و ئیمانن

★ ★ ★

(فحشاء) وتارێ کە ناپەسەندە   بە شەرعی خودا و بە عەقڵی بەندە
(منکر) هەر کارێ تاوانبارێ بێ   خوا چ نهێنێ یاخود دیارێ بێ
(بغی) بەمەعنا سەرکێشێ ئینسان   بەرابەر بە (عدل) ڕۆبەڕۆی (احسان)
خودپەرست هەرچەند پایە بلند بێ   ئەبێ ئاخرێ ڕۆژێ بە پەند بێ

★ ★ ★

ئەم صیفەتانە خاوەن ئاثارن   لە خێر و شەڕا زۆر مایەدارن
عەدلە ستۆنی چەرخی بێستۆن   عەدالەت نەما ، دایێ سەرنگۆن
وا لەسەر عەدلی نیظامی قودسێ   دەوری دائیرەی مەجمۆعەی شەبسێ
کاتێ تەوازون لەبەینا نەما   زەوێ ڕۆئەچێ و ئەڕۆخێ سەما
بە عەدلە ڕێکێ دۆ کەس لە ژینا   لە ئیشی دنیا و لە ئیشی دینا
بە عەدلە یاسای ژیوار و ژیان   عەدل بۆ سۆدە و ستەم بۆ زیان
بە هێزی عەدلە بیزانە یەقین   ئەڵێن گورگ و مەڕ پێکەوە ئەژین
کاتێ هاتە ناو عەدالەت کارێ   بەشەر ڕۆئەکا بۆ بەختیارێ
بۆ زانست و فەن لەبۆ دارایێ   بۆ تەندروستێ و جیهانئارایێ
لەپاش عەدالەت فەضیلەی ئینسان   حەصرە لە خولقی پیاوانەی ئیحسان
ئیحسان وەسیلەی شانە لای خودا   پایە و مایەیە بۆ سەر و سەودا
ئەوەی بەڕاستێ ناوی ئینسانە   ئەزانێ ئینسان بەندەی ئیحسانە
ئینسان بە ئیحسان دێوان ڕام ئەکا   دڕوندەی کێوان دڵئارام ئەکا
دوژمنی دژ حاڵ ئەکا بە برا   برای بێکەماڵ ئەکا بە چرا
بەتایبەت ئیحسان لەگەڵ خزمانا   خوا فەرمۆیەتی لەناو قورئانا
(نامێ) ئەوەیە بە ئەمری قورئان   بژێ ، تا بمرێ بە دین و ئیمان

★ ★ ★

ئەو عەیبەی خودا ناوینا (فحشا)   ئینسان دائەنێ لە ڕیزی وەحشا
زمانی پیسە ، زمان پیسەکان   ژار فڕێئەدەن بە وێنەی ماران
کوفر و بوختان و خولقی عەیب و عار   جنێو و تانە و توانجی نابار
فیتنە و ئاشۆبە و هەروا نانبڕین   قسەی زیانبەخش بۆ دنیا یا دین
هەمۆ ئەمانە بەری زمانن   دوژمنی خۆشێ بەرەی ئینسانن
★ ★ ★

ناوی (منکر)ە و لە گەورە تاوان
دزێ و جەردەیێ و ئیعدامی نوفوس
(بغی) یاخیبون لەهۆی حەقناسێ
فیز و دەمار و مل لە حەق لادان
بۆ ئیبلیس ئەشێ کەوا شەیتانە
دەرسی مامۆستات عەدل و ئیحسانە

غەصب و ئیستیلای مالی داماوان
هەم داوێن‌پیسێ و لادان لە نامۆس
لە بایێبونە و لە ناسوپاسێ
بۆ حەیوان ئەشێ نەوەك بۆ ئینسان
خودا لامانندا لەم تاوانانە
مایەی خۆشی ژین ، بەهرەی ئیمانە

گوڵی سیازدەهەم ـ گوڵی ئامۆژگاری

بارانی فەیضی بەهاری ئیحسان
کاتێ بێتەخوار بدا لە ئینسان
وێنەی مامۆستای ئامۆژگاری دین
ئینسان ئەخاتە سەر ڕێگەی تەمکین

حَقُّ الوَلَدِ علی الوالِدِ انْ یُحْسِنَ اسْمَهُ ویُزَوِّجَهُ ویُعَلِّمَهُ الکِتابَ

پێغەمبەری نازدار سەلامی خوای لێ بێ فەرمویەتی حەقی منداڵ لەسەر باوك ئەوەیە کە لەدایك‌بۆ ناوێکی جوانی لێ‌بنێ و ناوێکی‌وای بۆ هەڵنەبژێرێ مەعنای عەیب و شوورەیێ بگەیەنێ یا نیشانەی کزێ و داماوێ بێ و ، کە پێیش‌گەیشت ئەگەر کوڕ بۆ ژنی بۆ بێنێ و ئەگەر کچ بۆ بیدا بە شو و ، قورئانی پیرۆزی فێربکا .

ئادەمیزاد کە لەدایك‌ئەبێ گیان‌لەبەرێکی بەستەزمان و بێ‌دەستەڵاتە ، دیارە باوك و دایکی لەم‌قۆناغەدا ئاگاداری ئەکەن . کە لە شیریش بڕایەوە و کەوتەدەر و ماڵ کردن لەوانەیە بکەوێتە بەرپێی ڕێبوار و چوارپێ و شتیوا . لەم سەردەمەشدا هەر لەسەر ئەوانە بیپارێزن و ئاگایان لێ بێ . کە ئاوزاشی و چاوی‌کردەوە ، وەختی پێ‌خوێندنی دێ و پێویستە باوك و دایکی لای مامۆستای فامیدە و لە قوتابخانەی چاکدا داینێن بۆئەوەی فێری خوێندن و نوسین ببێ . هەروا پێویستە لە سەردەمی منداڵیدا کە هێشتا وەکو کاغەزی سپێ وایە و هیچ لەکەیەکی لێ نەنیشتوە ، دڵ و شوعوری بە ناوی خوا و پێغەمبەری خوا ڕۆشن بکەنەوە . هەروا هەمۆ پێویستییەکی ئاینی وەك باسی ڕەوشت و خوی پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ و ڕەوشتی پێشینانی دڵپاك و کردار چاکی موسوڵمانانی پیشان‌بدەن ، وەك ئەصحابە و تابیعین و پیاوچاکان پلە بە پلە ، چونکە ئەم‌جۆرە دەرسە لە سینەیدا نەقش‌ئەگرێ و لە دڵیا ئەبێ بە ماڵ و جێ‌گیر

ئەبێ وەکو ئەڵێن « العِلمُ في الصِغَرِ كالنَقشِ في الحَجَرِ » واتە زانستێ کە ئینسان بە منداڵی وەری‌بگرێ ، لە دڵیا دائەمەزرێ وەك چۆن نەخشی سەربەرد بەهۆی هەڵکەندنی بەردەکەوە هەمیشە ئەمێنێتەوە و ناکوژێتەوە .

لێرەدا جێگەی خۆیەتی باسێکی ئەوەش بکەین کەوا بۆچی ئەو دەرسی ئایینەی لە قوتابخانەکاندا بە منداڵ ئەوترێ ، لە دڵیانا جێ‌گیر نابێ و فێری ڕەوشتی موسوڵمانەتی نابن لێیەوە . ئەمە لەبەرئەوەیە یەکەم دەرسەکە لە سەرەتای منالییەوە نەهاتوە ، واتە لە ماڵەوە دەستی پێ نەکردوە و ، لە قوتابخانەکانیشدا نە وەك دەرسێکی بایەخ‌دار پێیان‌ئەوترێ و نە قوتابییەکانیش بەکارهێنانی مەعنای ئەو دەرسە ئایینییانە لە ڕەوشتی مامۆستاکانیاندا ئەبینن و مامۆستاکان و هەروەها کۆمەڵیش بەراستی زەوقیان لەسەر بابەتی ئەو دەرسانە نیە . ئەگەر وانەبوایە ئەو منالانە سوودێکی زۆرتر و باشتریان لەو دەرسانە وەرئەگرت .

زانایان وتویانە ئادەمیزاد پێنج خوێندنگای هەیە زانست و تەمێ و تەربیە و خووڕەوشتیان تیا وەرئەگرێ . یەکەم : ئەو خێزانەی تیا پێگەیشتوە واتە باوك و دایك و برا و خوشك و خزم و کەس‌وکار و ئامۆشۆکەری ماڵەوەیان. دۆهەم: مزگەوت بەهۆی گوێ‌گرتن لە ئامۆژگاری پێشەوای نوێژ و خوتبەخوێن و چاولێ‌کەری موسوڵمانانی نوێژکەر و خواپەرستەوە . سێهەم : قوتابخانە چ دەوڵەتی بێ و چ هی خەڵك خۆیان ، بەهۆی ئەودەرسانەوە کە ئەیانخوێنێ و ئەو ئامۆژگاریانەی لە مامۆستایان ئەبیستێ . هەروەها بەهۆی چاولێ‌کەری مامۆستا و ئاوەڵە قوتابییەکانیەوە . چوارەم : ئەو کۆمەڵەی تیا ئەژێ ، بەهۆی هەڵسان و دانیشتنیەوە لەگەڵ خەڵکدا و وەرگرتنی بیروباوەڕیان و ئەو هۆیانەی فێرکردن کە لەو کۆمەڵەیەدا بڵاون ، وەك ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن کە لەم سەردەمی ئێمەدا کارێکی زۆر ئەکەنە سەر پێگەیاندنی خەڵك . پێنجەم : دەماغ و شوعوری تایبەتی ئادەمیزادەکە خۆی .

هەروەها زانایان وتویانە لەناو ئەم هۆیانەدا موحیط و کۆمەڵ لە هەموو هۆیەکانی‌تر بەهێزتر و بەبڕشت‌ترە . پاش ئەویش قوتابخانەی دەماغ لە هەموویان دەوام‌دارتر و پایەدارترە . بەڕاستی ئەگەر ئینسان دەماغێکی بەرز و بەهێزی نەبێ زیاتر ئەکەوێتەشوێن ئەو ڕێگایەی کۆمەڵ و موحیط گرتویانەتەبەر و، کۆمەڵ زۆی لە هەر لایەکەوە بێ ئینسانیش ڕۆڵەکانە ئەو شوێنە و بەوجۆرە ڕەوشت وەرئەگرێ ، وەکو ئێمە بە بەراوردی خۆمان ئەم وەزعەمان حاڵی بوە و تێگەیشتوین کەوا کۆمەڵ زۆر بەهێز و کاریگەرە .

بە هەرحاڵ پێویست و واجبی ئایینییە لەسەر ئادەمیزاد لە هەر چەرخێکا بێ و لە هەر وڵاتێکا بژێ تێبکۆشێ بۆ ئامۆژگاری کردن و دەرس‌دادانی کۆمەڵ و

دەوروبەری خۆی و موسوڵمانانیتر و ، بە هیچ جۆرێ ڕەوا نیە ئادەمیزاد خۆی دوور بخاتەوە لە ئامۆژگاریدادان و فێرکردنی خەڵك ، وەکو پێغەمبەر درودی خوای لیٚ بیٚ فەرموێەتی : « العِلمُ لایَحِلُ مَنعُهُ » واتە دروست و حەڵاڵ نیە مەنعی زانست بکریٚ لە هەرکەسیٚ کە پێویستی بە زانست هەبیٚ ، خوا گەورە بیٚ یا بچوك بیٚ ، چونکە خوێندن وەختی تایبەتیٚ نیە ، وەك وتراوە « مِنَ المَهدِ الی اللَحدِ » واتە خوێندن و فێربوون لە بێشکەوە دەستپیٚئەکا و تا بنیادەم ئەخرێتە قەبرەوە هەر وەخت و کاتیەتی .

هەر لەسەر ئەم بناغەیەیە خوای تەعالا لە قورئانی پیرۆزا فەرموێەتی : ئەوکەسانەی عیلم و زانستمان پێداون و پەیمانمان لیٚوەرگرتوون کەوا ڕایبگەیەنن بەوانەی پێویستیان پێی هەیە و ئەوان لێیان ئەشارنەوە ، لەعنەت و نەفرینی ئێمە و فریشتەکانی ئێمە و ئادەمیزادیان بە کۆمەڵ لیٚ بیٚ . هەر لەسەر ئەم بناغەیەشە پێغەمبەر درودی خوای لیٚ بیٚ فەرموێەتی : « لاتَرفَعْ عصاكَ عَنْ اهلكَ ادَباً » واتە : ئەی خاوەن ماڵ و منداڵ ! هەرگیز داری خۆت لەسەر شانی خێزانی خۆت لامەبە بۆ تەمیٚ دادانیان ، بەومەعنا هەمیشە بەپێی ڕێکەوت خۆت بە تەمیٚکردنیانەوە خەریك بکە تا فێری خووڕەوشتی ڕاست و سوودمەند ئەبن ، چونکە هەر دەردیٚ کە توشی تاقە یەکیٚ یا کۆمەڵیٚ ببیٚ ئەگەر چاری نەکریٚ زیانی لەوانەیە ئەوەندە نەبیٚ ، بەڵام بیٚبەشبوون لە عیلم و زانست دەردێکە توشی هەرکەسیٚ یا هەر کۆمەڵیٚ بۆ نەك زیانی تەنها بۆ کاروباری دنیایە، بەڵکو زیانی گەورەی بۆ پاشەڕۆژە .

مێژوی ڕەوشتی پێغەمبەر درودی خوای لیٚبیٚ پیشانمان ئەدا کەوا ئەو ذاتە گەلیٚ بۆ بڵاوکردنەوەی عیلم و زانست هەوڵیداوە و بەپێی هەڵکەوت لەناو قەرەباڵغی گەورەدا وتاری ئەخوێندەوە و ئامۆژگاریٚ ئەکردن و فەرمانی بە گویٚگرەکان ئەدا کە ئەو وتارانەی بەو خەڵکانەیتریشدا ڕاگەیەنن کە لەو شوێنەدا حازر نەبوون . بەتایبەتیٚ لە ساڵی غەزای (بەدر)دا کە موسوڵمانان تیا زاڵبوون بەسەر کافراندا و حەفتا کەسیان لیٚ کوشتن و حەفتا کەسیشیان لیٚ بەدیلگرتن ، هەر دیلیٚ لەو دیلانە دە کەسی لە موسوڵمانەکان فێری خوێندن و نوسین بکردایە ئازاد ئەکرا . لە ئاخری ژیانیشیا لە سەفەری (حجة الوداع)دا کە حەجی خوا حافیزیٚ و ماڵئاوایی بۆ لەو هەموو ئەصحابانەی لەگەڵیا کۆبوبونەوە لەو حەجەدا و ژمارەیان ئەگەیشتە نزیکەی صەد و دە هەزار کەس ، چەند خوتبەیەکی بەرزی بۆ ئامۆژگاریٚ بۆ خوێندنەوە و فەرمانیشی دایٚ کەوا فەرموودەکانی ڕاگەیەنن بەو ئەصحابانەیتردا کە نەهاتبوون بۆ ئەو حەجە و لەویا نەبوون .

هەر بە مەبەستی فێرکردن و ڕاگەیاندنی ئامۆژگاریٚ سوودمەندە لە ئاینی

ئیسلامدا فەرزکراوە هەمو حەفتەیەك لـە ڕۆژی جومعەدا لە هــەر شوێنێکدا زانای ئایین لەسەر مینبەری مزگەوتی ئەو شــوێنە ڕاوەستێ و قســە بکا بۆ خەڵکەکە و ئامۆژگاریان بکا . هەروەها بۆیەش بڕیاردراوە موسوڵمانان ڕۆژی پێنج جار لە مزگەوتدا کۆبنەوە و پێکەوە لەپشــت ســەری پێش‌نوێژەوە ڕیز بەستن و نوێژ بکەن و لە ئەخلاق و ڕەوشتی یەکتر شــارەزا ببن و ســود لە زانستیان وەربگرن .

پێویستی خوێندەواری و زانست لە پلەی یەکەمدا بۆ فێربونی ئوسوڵی ئیسلامەتی و ڕەوشتی حەزرەتی پێغەمبەرە درودی خوای لێ بێ و بۆ زانینی ئەو شتانەیە کە لە ئاییندا فەرزن . دوهــەم بــۆ زانینی هەرشتێکە کــە لە ژیانی ئادەمیزادا فەرز بێ وەك زانینی زمانی گەلەکانی جیهــان و فــیربونی هونەر و پیشەسازی و بەتایبەتی پیشەسازی چەك دروست‌کردن بۆ بەرگری لە دوژمنانی موسوڵمانان . لە قورئانی پیرۆزدا باسی حەزرەتی داوود کراوە کەوا سنعاتکار بوە ، هەروەها ئایەتی‌وا هەیە داوا لە موسوڵمانان ئەکا کە چەك دروست‌بکەن و وڵاخی سواری و هۆیەکانی‌تری هێز پەیدا بکەن .

لەبارەی زانستی ڕاستەقینەوە پێغەمبەری نازدار فەرمویەتی : « الحِكْمَةُ تَزِيدُ الشَّرِيفَ شَرَفاً ، وَتَرْفَعُ العَبْدَ المَمْلوكَ حَتىٰ تُجلِسَهُ مجالِسَ الملوكِ » . واتە : زانستی ڕاست و بەسود بێ ئینسانی بەحورمەت پایەبەرزتر ئەکا لە جارانی و ، بەندەی زەڕخڕید بەرز ئەکاتەوە و ئەیگەیەنێتە پلەیەکی‌وا لە شوێنی پادشاهانا دایئەنیشێنێ . هەروەها فەرمویەتی : « الكَلِمَةُ الحِكْمَةُ ضالَّةُ المؤمِنِ ، فَحَيْثُ وَجَدَها فَهوَ أحَقُّ بها » . واتــە : وتەیەك کە زانستێکی بەنــرخ پیشانبدا ، شتێکی بەنرخی وایە بۆ موســوڵمان هەمیشە بەدوایا بگەڕێ ، بۆیــە لە هەرکوێ دیبەوە و لای هەرکەس دەســگیری بۆ ئەو شایانترە پێی بۆئەوەی وەری‌بگرێ و ڕەفتــاری پێ بکا . ڕاستەکەشی وایە ، ئەبێ ئینسانی هوشــیار بەدوای مەعریفەتی بەرزدا بــگەڕێ و لای هەرکەس دەستی‌کەوت لەوە نەپرسێ کێیە و چ‌کارەیە و بۆ خۆی فێری بێ لای .

هەروەها پێویستە ئەگەر ئینسان شتێکی نەزانێ شەرم نەکا لە پرسیار و بپرسێ تا بــاش تێ‌ئەگا . خوا فەرمویەتی : « فَاسْألوا أهْلَ الذِّكْرِ إنْ كُنتُمْ لا تَعلَمُونَ » . واتە ئەگەر شتێکتان نەزانێ پرسیار لە خاوەن عیلم و زانستەکان بکەن با بیزانن . بەکورتی ئینســـان بە بێ‌عیلم و زانست بێ‌ئاگا و پایەی هەر میللەتێ ئەوەندەی پایەی عیلم و زانســتەکەیەتی . بۆیە لە زەمــانی پێغەمبەردا سەلامی خوای لێ بێ ، لەبەرئەوە کە خوێندن و نوسین لە وڵاتی حیجازدا کەم بوە و پێویستیشیان بە تیرئەندازی بوە چونکە شەڕ بە تیر و کەوان کراوە و ، لەبەرئەوە کە دورە دەریا و مەلەنەزان بوون ، فێرە مەلەوانی بون زۆر

پێویست بوە ـ پێغەمبەر فەرموێەتی : « حَقُّ الوَلَدِ عَلیَ الوالِدِ اَنْ یُعَلِّمَهُ الکتابَةَ والسِّباحَةَ والرِّمایة وَاَنْ لایَرْزُقَهُ اِلاّ طَیِّباً » . واتە حەقی منالە لەسەر باوکی کە فێری نۆسین و مەلەوانی و تیرئەندازی بکا و خواردەمەنی حەڵاڵ نەبێ هیچیتری دەرخوارد نەدا .

لەم فەرموێدە بەنرخەوە دەرئەکەوێ کەوا پێویستە لەسەر موسوڵمانان لە هەمو چەرخێکدا بەپێی ئەو چەرخە تێبکۆشن بۆ زانست و هونەر و پیشە و هەر شتێ سۆدی بۆ خۆیان و خێزانیان تیابێ و لەوانەبێ موسوڵمانان سۆدی لێوەربگرن ، سەرەڕای ئەو شتانەی پەیوەندیان بە ژیانەوە هەیە وەکو کشتوکاڵ و باخداری و حەیوانداری و ئەم جۆرە شتانە . هەروەك چۆن پێویستە ئادەمیزاد خەریکی شتێ بێ نانێکی تیابێ بۆی ، هەروا پێویستیشە هەر پیشە و هونەر و پیشەسازییەك کە بێ بەهۆی پاراستنی وڵات لە هێرشی دوژمن فێری بێ و تیایا سەرامەد بێ ، چونکە نان بۆ مانەوەی ژیانە و هێز بۆ مانەوەی کەرامەت و سەربەرزی و ئازادی ئادەمیزادە . ئینسانێ کە کەرامەتی خۆی پێ نەپارێزرێ مردنی باشترە لە ژیانی .

ئەصحابەکانی پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ کە چۆن بۆ گرتنی قەڵای (طائیف) ، (دەبابە)یان بەکارهێنا . دیارە دەبابەی ئەو سەردەمە وەك دەبابەی ئیستا نەبوە . ئەو دەبابەیەی موسوڵمانان بەکاریانهێنا بریتی بو لە سندوقێکی گەورە لەسەر چوار پێچکە ئەچو بەڕێدا ، چەند کەسێکی ئەچونە ناو بۆئەوەی کە ئەچونە پێشەوە تیری دوژمن کاریان لێنەکا . بەوجۆرە توانییان بگەنە دیواری قەڵاکە . موسوڵمانەکان ویستیان لەوێوە بە پاچ دیواری قەڵاکە کونبکەن و بچنەژورەوە ، کافرەکانیش تیرەکانی خۆیان لەئاگردا سور کردەوە و نایانن بە سندوقەکەوە ، بەوجۆرە سندوقەکە ئاگری گرت . موسوڵمانەکان ناچار بون لە سندوقەکە هاتنە دەرەوە و هەڵاتن . ئەوجارە قەڵاکەیان بۆ نەگیرا . بەڵام جارێکیتر هاتنەوە سەری و داگیریانکرد . پاش وەفاتی پێغەمبەریش لە زەمانی خولەفای ڕاشیدین و لە هەمو چەرخێکی لەوەوپاشیشدا موسوڵمانان ئەسبابی شەڕیان ئامادە کردوە و کەم وابوە لە دوژمنەکانیان کەمتریان هەبێ .

لە زەمانی (هارون الرشید)دا سەعات دروستکراوە . هارون الرشید سەعاتێکی بەدیاری ناردوە بۆ (شارلەمان)ی قەڕاڵی فەرەنسە . ئەوکاتە فەرەنگییەکان ئەوەندە لە شارستانییەتەوە دۆر بون ، لە سەعاتەکە ئەترسان وایانئەزانی شتێکیوای تیایە ئەیانترسێنێ . لە سەردەمی (مأمون)یشدا عولومی یۆنانییەکان وەك ریاضیات و طبیعیات هەرچی لە یۆناندا باو بو بە فەرمانی مەئمون کران بە عەرەبێ و لە خوێندنگاکانی وڵاتانی موسوڵماناندا ئەخوێنران . لە زەمانی فاطمییەکانی میسریشدا عیلم و مەعاریف گەیشتبوە پایەیەکی بەرز . لەو سەردەمەدا بۆ (جامع الازهر) دروستکرا و پڕ بو لە

مامۆستایانی بەرز . ئەوەتا تائیستاش هەر بەردەوامە و ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر ئەبێ و خزمەتی زۆرتر ئەبێ . هەروا لە زەمانی ئەیوبییەکانیشدا ، بەتایبەتی لە سەردەمی (صلاح‌الدين)دا دەوڵەتی ئیسلام لە هەمو ڕۆیەکەوە ڕۆ لە بەرزی بۆ و صەلیبییەکان لە شام دەرکران و عیلم و خوێندەواری هەمۆلایەکی گرتەوە . لە ئەندەلوسیشدا ، لە چەرخی هەرکام لەو حوکومەتانەی لەوێ حوکمڕانییان کرد ، پایەی زانست لە هەمو ڕۆیەکەوە بەجۆرێ بەرز بۆبوەوە ، تاریکستانی ئەوڕۆژەی ئەورۆپایشی گرتبوەوە . بەشێکی گەورەی بڵاوبونەوەی زانست لە ئەورۆپادا ئەگەڕێتەوە بۆ تەئثیری ئەندەلوس . هەروا بۆ تەئثیری زاناکانی شیمالی ئەفەریقا و ئەو زانستەی لەکاتی شەڕی صەلیبیدا لە ڕۆژهەڵاتەوە فێری‌بۆن . زانای وەك (ابن‌رشد) و (ابن‌خلدون) دوان بۆن لەوانەی بەرهەمەکانیان ئەکران بە لاتینی و لە ئەورۆپادا بڵاوئەکرانەوە .

ئەگەر هێرشی موغۆل لە ڕۆژهەڵاتەوە و هێرشی صەلیبی لە ڕۆژاواوە نەهاتایە بەسەر جیهانی موسوڵماناندا و وڵاتیان وێران‌نەکردایە ، لەوانەبۆ وڵاتانی ئیسلام گەلێ زیاتریش پێش بکەوتنایە و ئەو زانستەی لە ئەورۆپا بڵاو بوەوە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای ئیسلامدا بڵاو بوایەتەوە ، نەخوازەڵا کە زانایانی ئیسلام نەك تەنها لە مەیدانی عولومی دینیدا ، بەڵکو لە هەمو مەیدانەکانی‌تری زانستیشدا پەلیان‌هاویشتبۆ و پەرەیان سەندبۆ . بەڵام هەزاران‌ئەسەف کەوا بەهۆی گەلێ شتەوە کە لێرەدا باس‌ناکرێن عالەمی ئیسلام لە وڵاتانی‌تری جیهان پاش‌کەوت و دوژمن هەلیان بۆ هەڵکەوت و لێی‌پێش‌کەوتن و بەسەرمانا زاڵ‌بۆن . جا لەبەرئەوە کە یەکێتی موسوڵمانان زیانی زۆر بۆ بۆیان ئەوەشی کە پارچە پارچە نەبۆبۆ ، پارچە پارچەیان کرد و لەیەکیان جوێ کردەوە و هەر پارچەیەکیان بە دەردێ گیرۆدە کرد و خۆ و ڕەوشتی خۆیانیان خستە ناو دڵی موسوڵمانانەوە و وایان لێ‌کردن ئامۆژگاری پیاوی ژیر و ساغ و دڵسۆز لە گوێ نەگرن .

بەڵام دین و ئایینێ کە لەسەر بناغەی (قرآن) دامەزرابێ و ڕەوشتێ لەسەر بناغەی ڕەوشتی حەزرەتی (محمد) پێکەوەنرابێ ، هەرگیز نافەوتێ و لەناوناچێ ، بەڵکو هەرچەند دوژمن بیەوێ بیکوژێنێتەوە ئەم زیاتر بڵێسە ئەسێنێ و بڵێسەی لە دڵی خەڵکدا بەرزتر ئەبێتەوە . ئیستا موسوڵمانان و بەتایبەتی خاوەن بیرانیان گەلێ لە جاران زیاتر وریا بۆنەتەوە بۆئەوە کە وڵاتی ئیسلام و ئوممەتی ئیسلام ببوژێننەوە و ئومێدمان وایە لە ماوەیەکی زۆدا بگەن بە مەبەست و مەرامی خۆیان و بە بیروباوەڕی ڕۆناك و ڕەوشتی پاك و چاك و زانستی زۆرەوە بێنەوە مەیدان و بونی خۆیان لەم سەرزەوییە نیشان بدەن .

پێویستە هەمو موسوڵمانێ بزانێ کەوا خۆپەرستی بێ‌سودە و لە ڕاستی

پەرستن بەولاوە هیچ کەلکی نیە و موسولمانان تەنها بەوە ئەگەنە شان و شکۆی شایانی خۆیان کە هەمۆیان بە ساغی تێبکۆشن و بیروباوەڕی موسولمانەتی لە دل و دەروونی خۆیاندا بچەسپێنن و هەر عیلم و زانستی کە بۆ ئەم سەردەمە بەکاربێ فێری بن و بلاوی بکەنەوە و بە کردەوەی باش و ڕەوشتی بەرزەوە خەریك بن چونکە بێڕەوشتی بەرز لە هیچ شتێکدا ناگەن بەئەنجام . پێشینانی موسولمانان بەمجۆرە پەلیان هاویشت و ڕۆژهەلات و ڕۆژاوایان گرتەوە و ئێمەش هەر ئەم ڕێگایەمان لەبەرە و بەوجۆرە ئەبێ پێبگەین ، وەکو پێغەمبەری نازدار درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « لَنْ يَصْلُحَ آخِرُ هذهِ الأمّةِ الا بِما صَلُحَ به اوّلها » واتە : چینی پاشەوەی ئەم میللەتەش هەر بەوە چاك ئەبێ کە چینی پێشەوەی پێ چاك بو .

بۆ ڕۆشن بونەوەی هۆیەکانی بەرزبونەوەی میللەتی ئیسلام ئەم چەند شتە بەسودە :

یەکەم : خوێندن بەشێوەیەکی گشتی ، بەمەرجێ مامۆستایانی خوێندنگاکان خاوەنی بیروباوەڕی پاك و چاك بن و ، لەگەل دەرسدادانی قوتابییەکانیانا ، بە کردەوە و بەگوێرەی توانا واجباتی ئیسلامیشیان پێ جێبەجێ بکەن و لە نەریتی قورئان و ڕەوشتی پێغەمبەریان نزیك بکەنەوە . دوهەم : بایەخدان بە ڕەوشتی بەرز و پێشخستنی ئەوکەسانەی خاوەنی ڕەوشتی بەرزن . سێهەم : زیادکردنی خوێندنی ئەو هونەر و پیشانەی بۆ ژیانی موسولمانان بەسودن و سەربەخۆیی موسولمانانیان پێ ئەپارێزرێ و بەرگریان پێ ئەکرێ لە دوژمن . چوارەم : هێزدان بە گیانی دۆستایەتی و خۆشەویستی و پاك کردنەوەی مێشکی موسولمانان لە تۆوی جیاوازی و دوبەرەکی و بلاوکردنەوەی گیانی باوەڕ و متمانە بە یەکتری کردن . ئەمەیش لەسەر ئەوە وەستاوە کە هەرکەس لە ذاتی خۆیدا ڕاست بێ و ڕاستی پیشان بدا .

ڕۆلەی پەروەردەی پەردەی نازاری ! گوێ بگرە بە دل بۆ ئامۆژگاری
(سنّة الله)یە فەرمانی خودا ئامۆژگاری خێر لە چەرخی دنیا
واتە دەم بەدەم ، کتێب دەسبەدەس ئەلێ بێ تەعلیم کەس نابێ بە کەس
کەس زانا نابێ بێ ئامۆژگاری کەس بالا نابێ بە بێ هوشیاری
کاتێ کە پێتگرت بە بێ بەهانە هەستە پێ بڕۆ بۆ قوتابخانە

★ ★ ★

پەڕەی کتێبی قوتابخانەکان نامەی خودایە ، خودای لامەکان
نوسراوە ئەلێ ئەی ئادەمیزاد دەرسی بخوێنە و بژی بە دلشاد
بە دەرسە پایەی خاوەن مرادی شان و سەربەرزی و شادی و ئازادی

نازانێ ئـادەم کە کەوتە سـەر ئەرز ... بە دەرسـی خودا کرا بـە سەربەرز
لەسـەر فریشـتەی بەرزی ئاسمان ... بۆ بە مامۆستای بە سـایە و سامان

★ ★ ★

کە بـۆی بە زانا دانێ پـاڵ و پشت ... لەسەر بنـاغەی کردەوە و ڕەوشت
ئینسـان بـازێکە مەیلی لە گەشـتە ... گیـانی زانسـتە و باڵی ڕەوشـتە
بـا گیـانلەبەر بـێ بـازی تەوانـا ... بـێ بـاڵ نـافڕێ بـە ئاسمـانا
ئینسـان بە هۆش و هیوا و کردەوە ... گـرەوی بـەرزێ پـایەی بـردەوە
ئەوەی بێهۆش و زانسـت و کـارە ... ئەنجامی هیچـە و ڕەنج بەخەسـارە

★ ★ ★

هۆش بناغەیـە لەبـۆ خـانوی ژیـن ... ژین بە ژیـوارە و ژیـوار بە زانـین
زانـین بۆ ئیـش و کردەوەی بەرزە ... ئیش ئـاوەدانێ تەختـی ڕوی ئەرزە
ڕەوشـتیش وێنـەی قـازێ دادگا ... فەرمـانی چـاری ناسـازێ ئـەدا
هیوایش وێنەیـە بـۆ هەوای جیهان ... خـانوی بێهـەوا نـاشێ بۆ ژیـان
ئەمەیـە دەرسـم بـۆ بەختیـارێ ... دوور مەبـەرەوە لـە ئـامۆژگارێ
لە یەك وەربگرە و بیـدە بـە هەزار ... ببە بە دەرمان بـۆ دەرد و ئـازار
هەروەهـا بـوە ئـەم ڕوی دنیـایە ... هەروەهـاش ئەبـێ هەتـا هەتـایە
گەل کە دانـەوێ پـایەی زانسـتی ... مـایەی نـامێنێ ئیللا لـە پەسـتی
کە دوورکەوتـەوە لە فەن و پیشـە ... بە بای دامـاوێ دەردێ لە ڕیشـە
گەل کە بێبەش بـۆ لە ڕەوشتی بەرز ... لە ئاسمـان بـێ ئەگـاتە سەر ئەرز
گەل هیوای نەما بە خودا و بە خـۆی ... ناشێ تۆ گۆڕێ هەڵـکەنێ لەبـۆی
بـا گۆڕی گوم بێ لە گۆڕستـانا ... تـۆوی نەمێنـێ لـە گولستـانا
کۆمەڵـی (نـامێ) خـاوەن هیوایە ... خـادیمی خۆیـە و بەندەی خوایـە

گوڵی چواردەهەم ـ گوڵی هیوا

برۆسکە و ناڵەی هـەورەکەی بەهار
وێنـەی دێوانـەی دیداری نـازار
بە (تاو) بۆم بێنێ نەك بـە یەك و دوو
موژدەی نەسـیمی (ولا تیـأسوا)

ولا تيأسـوا منْ رَوْحِ اللهِ ، انّهُ لايَيـأسُ منْ رَوْحِ اللهِ الاّ القـومُ الكـافِرونَ ٠

واتە : نائومێد بن لە ڕەحمەتی خوا ، چونکە بەڕاستی کەس نائومێد نـابێ لـە ڕەحمەتی خوا مەگەر ئەوکەسانەی باوەڕیان بە خوا نیە .

ئینسانی هیوادار بێ بەوە کە لەئەنجاما بە مەبەستی خۆی ئەگا هەمیشـە دڵی ڕۆناك ئەبێ و بۆ دوارۆژی پیرۆز ئەڕوانێ و مەینەت و ئازاری دنیا لەپێش چاویا قیمەتی نابێ ، بەڵکو پشتئەستوور و دڵنیا ئەبێ کە ئەنجامی بـاش بۆ ئەو ئەبێ . خوای تەعالا بە حیکمەتی خۆی ئادەمیزادی وا دروست کردوە کە خاوەن ئومێد و ئارەزوو بێ بۆئەوەی تێبکۆشێ بۆ دەردەستکردنی ئەوەی پێویستیەتی . ئەگەر ئادەمیزاد خاوەنی ئەم هیوایانە نەبوایە یاخود ئەم خووە لە جیهانا نەبوایە، نە کشتوکاڵ و نە ئاڵوویڵ و نە چۆداری و نە ئاودێری و نە هـەوڵ بۆ فێربوونی هونەر و پیشەی بەرز و نە ئاوەدانکردنەوەی ڕۆی ئەرز و نە تەقالا بۆ دارایی و بۆ شان و پایەی پیاوانە هیچی نەئەبوو .

ئەگەر لەبەر هیوای پیرۆزی ئەنجام نەبێ دایکی منـاڵ بۆچی بە کوێرەوەری مناڵ بەخێو ئەکا و کاروانێ بە تاریکەشەو و ڕۆژی گەرم و سارد ڕێگا ئەبڕێ و ڕەنجبەر قوڵ ئەکوتێ و ئادەمیزاد شارەوشار ئەڕوا بۆ وڵاتی غەریبێ و خوێندەوار بەدوای عیلم و زانستدا ئەگەڕێ . بەکورتی هیوا لە هەموو کاتێکدا هێز ئەدا بـە ئادەمیزاد لەسەر ئیشکردن و هەوڵدان بۆ خۆی و نەتەوە و هاونیشتمانەکانی .

بەڵام پێویستە بۆ ئینسـان بەرابەر بە ئامانجی خۆی هۆش و بیرێکی ساف بەکاربێنێ و نەکەوێتە بیری دەردەستکردنی ئامانجێکی‌وا کە بەعـادەت بـۆی ڕێنەکەوێ و قابیلی ئەوەنەبێ جێبەجێ ببێ ، ئەگینا پیرێکی صەد ساڵ عومـر ڕابواردوو ناچێتە عەقڵەوە لەو تەمەنەدا ژنبێنێ بەهیوای ئەوە کە مناڵێکی ببێ و تەمێ و تەربییەی بکا تا ببێ بە کەسێکی سەرامەد و دەرکەوتوو ، یاخود خـۆی ئامادە بکا بۆئەوە کە سەرلەنوێ بڕواتە قوتابخانە بۆ خوێندن و خۆ پێگەیاندن .

ئەگەر کەسێ بڵێ مادەم هیوا ئەوەندە بەسوودە بۆچـێ لە فەرموودەکانـی حەزرەتی پێغەمبەردا درودی خوای لێ بێ گەلێ مەنعی موسوڵمانان کراوە لـە (طولی امل) واتە هیوای درێژ و ، حیرص و طوڵی ئەمەل بە ڕەوشتێکی خراپ و خوێەکی ناشیرین ژمێرراوە ، لە وەڵامدا ئەڵێین : ئەو هیوایە کە لە دیندا مەنعی لێکراوە هیوایەکـە تەنهـا ڕۆبکـاتە هـەوای نەفـس و ئارەزووپەرستێ و فەراموشکردنی واجباتی ئایینێ . ئەگینا دروستکردنی مزگەوت و قوتابخـانە بەهیوای پاشەڕۆژی نەتـەوە و ناشـتنی باغ و بێستـان بە قەسـدی سوودی موسوڵمانان و تەمێ و تەعلیم دادانی کۆمەڵ بەهیوای ئەوە کە پیـاوی کارامەی بۆ پاشەڕۆژ لێ پێبگات ، یا ناردنی منداڵ بۆ وڵاتی بێگانە بەهیـوای ئەوە کـە فێری هونەر و پیشـە ببن و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان و ئەوەی فێری بوون لەوێ بڵاوی‌کەنەوە ، هەموو ئەمجۆرە هیوایانە لە بەرچاوی ئەوانەدا کە شارەزای ئیسـلامەتین ، بەهیوایەکی پەسەند دائەنرێن و کردەوەکـان یا فەرزی عـەین یا فەرزی کیفایەن . پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرمویـەتی : « انْ قـامَت

السَّاعَةَ و في يَدِ احَدِكُمْ فَسِيلَةٌ فَلْيَغرِسهَا » . واتە : ئەگەر نیشانەی داهاتنی ڕۆژی قیامەت دەرکەوت و لەوکاتەدا یەکێ لە ئێوە نەمامێکی خورمای بەدەستەوە بۆ با ئەو نەمامە بنێژێ و نەڵێ کەوا دنیا ئەبڕێتەوە ئەم نەمامە بۆچی بنێژم . هەروا حەزرەت درۆدی خوای لێ بێ فەرمۆیەتی : « اعمَلْ عَمَلَ امْرِیءٍ یَظُنُّ انْ لَنْ یَمُوتَ ابَداً ، وَاحْذَرْ حَذَرَ امْرِیءٍ یَخْشی انْ یَموتَ غَداً » . واتە : ئیش و کاری ژیانی دنیای خۆت بەجێبێنە وەکو کەسێ کە گومانی وابێ هەرگیز نامرێ و بترسە لە تاوانباری و دوور بکەوەرەوە لە کردەوەی ناپەسەند وەکو کەسێ کە ترسی مردنی سبەینێی هەبێ . هەروا ئەثەرێ وەرگیراوە لە عەبدوللای کوڕی عومەرەوە ئەڵێ : ئیش بکە بۆ دنیات وەکو ئیشی کەسێ کە گومانی وابێ قەت نامرێ و ، ئیش بکە بۆ ڕۆژی قیامەتت وەکو کەسێ وابزانێ سبەینێ ئەمرێ .

خوای تەعالا لە قورئانی پیرۆزا فەرمۆیەتی « ولا تَنْسَ نَصِیبَكَ مِنَ الدُّنیا » . واتە : بەشی ژیانی میانەی موناسبی خۆت لە دنیا فەرامۆش مەکە . لە واقیعا بە بێ دەست ڕۆیشتن و دارایێ ئینسان ناتوانێ ئیشی دین و پێویستی کۆمەڵی موسوڵمانان بەجێبێنێ . ئێمە کە تەماشای سیرەتی گەورە پیاوانی ئیسلام ئەکەین باش حاڵێ ئەبین کەوا گەلێ هەوڵیان داوە بۆ دارایێ، بەلام لەگەڵ داراییەکەیشیاندا نە واجباتی دین و یاسای ئیسلامیان زایە کردوە و نە موسوڵمانانیان لەو دارایێ و خێرە بێبەش کردوە و نە خوایشیان لەبیرچوەتەوە. کەواتە بەئاشکرا لەم بەیاناتەوە دەرئەکەوێ کەوا هیوای دنیای ناپەسەندی بێسوود و نابار صیفەتێکی خراپە و هیوا و تەمای دنیای حەلاڵ شتێکی باش و ڕەوایە و هەرچی بە خراپە باسی طوّلی ئەمەل کراوە لە دینا مەبەست هیوا و حیرصی‌ئینسان بوە لەسەر کاری ناڕەوا و ناپەسەند و ناشەرعێ و ئەم هیوای چاك یا خراپەیشە بەپێی ئینسان ئەگۆڕێ . خوا فەرمۆیەتی : « قُلْ کُلٌّ یَعْمَلُ عَلی شاکِلَتِهِ » . واتە : ئەی پێغەمبەر تۆ بڵێ هەرکەس بەگوێرەی قابیلەت و لێهاتنی خۆی کارئەکا و ئەکەوێتە دنیاوە . ئەگەر مەبەستی لەسەر چاکە بێ ، هیوای چاکەی زۆر ئەبێ و ئەگەر مەبەستی لەسەر کردوەوەی نابار و ناپەسەند بێ هیوا و ئەمەلی ئەوەی ئەبێ . جا بەگوێرەی ئەو هیوایە ئەکەوێتە ئیش و کار .

زانا بەرزەکانی ئیسلام باسی ئەوەیان کردوە کە چۆن لە قورئانی پیرۆزدا هانە هانەی موسوڵمانان دراوە لەسەر خزمەتی ئایینی ئیسلام و غەزاکردن لە ڕێگەی خوادا و ، لەسەر ئاوەدان کردنەوەی مزگەوت و لەسەرئەوە کە لە هەر کۆمەڵە موسوڵمانێ تاقمێکیان بڕۆن بۆ خوێندن فێری ئەحکامی شەریعەت بن و بێنەوە دەوروبەری خۆیان فێر بکەن و بیانترسێنن لە عەزابی خوا . هەروەها فەرماندراوە بە ئامادەکردنی هەرچی پێویست بێ بۆ ترساندنی دوژمنانی

موسولمانان و دوژمنانی خوا وەك چەكو وڵاخی سواریّ و باریّ و هەرچیّتر كە پێویست بێ . دیارە ئەم شتانەش بێ دارایێ ئامادە ناكرێن و دارایيش بێ هەوڵدان و بێ هیوای دوارۆژ دەسگیر نابێ .

لە (الجامع الصغير)دا فەرموّدەیەك لە پێغەمبەرەوە گێڕراوەتەوە درۆدی خوای لێ بێ ، ئەفەرموێ : پێویستە بۆ پیاو لە ئاخر زەمانا دینار و درەمی هەبێ تا ئیش و كاری دین و دنیای خۆیی پێ ڕاست بكاتەوە. لەم حەدیثەوە دەرئەكەوێ كەوا ئەگەر پیاوێكی زانا و تەوانا بیری كردەوە لە ژیانی كۆمەڵەكەی خۆی و تەنانەت لە دوارۆژەكانی ژیانی خۆیشیا دەسی كرد بە كردنی شتێ كە لەپاش خۆی بەجێبمێنێ و سوّدێكی بۆ موسولمانان هەبێ ، ئەوە پایەیەكی بلندی دەسگیر ئەبێ لە قیامەتدا .

ئەگێڕنەوە كەوا ڕۆژێ لە ڕۆژان (ئەنەوشیرەوان) ئەچێ بۆ ڕاو . لەڕێدا تەصادوفی پیرە پیاوێك ئەكا خەریك ئەبێ نەمامێكی گوێز ئەنێژێ. لێیئەپرسێ: ئەم نەمامە بە چەند ساڵ دێتەبەر ؟ مامە پیرەیش وەڵامی ئەداتەوە ئەڵێ : بە دە ساڵ . ئەنەوشیرەوان ئەڵێ : كەواتە تۆ كە ئەوەندە پیری و لە مردن نزیك بوویتەوە چ سوّدێ لەم نەمامە وەرئەگرێ ؟ پیرە ئەڵێ : پێشینانی ئێمە درەختیان ناشتوە و ئێمە بەرەكەیمان خواردوە . ئێمەیش درەخت ئەنێژین بۆئەوەی ئەوانەی لەپاش ئێمە دێنبەرهەمەكەی بخۆن . ئەنەوشیرەوان وەڵامی مامەی پیرەی لا جوان بۆ ، خەڵاتی كرد . پیرە دەستی كرد بە پێكەنین وتی : بەخ بەخ ! درەختی خەڵكێ بە دە ساڵ بەر ئەگرێ ، بەڵام باخەكەی من هەر لە یەكەم ڕۆژەوە بەری گرت . ئەنەوشیرەوان قسەكەی ئەوەندەیتر پێخۆشبۆ ، دۆبارە خەڵاتی كردەوە . پیرەمێرد دیسانەوە پێكەنێ و وتی : باخی خەڵكێ ساڵی جارێ بەر ئەگرێ، بەڵام باغی من بە ساڵێ دۆ جار بەریگرت. ئەگێڕنەوە ئەنەوشیرەوان بۆ جاری سێهەمیش خەڵاتی كرد .

به هۆش و هیوا و به زانست و كار بەرز ئەبێتەوە شەخصی بەختیار
هوشیار كەسێكە دڵی دۆربین بێ هۆگر و خۆگر ئازا و ئەمین بێ
هیوا وا ئەبێ دۆر لە هەوا بێ ڕێكی ئایین و شەرعی خودا بێ
لەگەڵ بیرا بێ بیرێكی ڕەوان ئاو بەردا بۆ باخ لە نیوەشەوان
مەردی هیوادار زۆر پشتەسۆرە با لاوازیش بێ دڵی ئەستۆرە
هیوا بە وێنەی هەوای بەهارە ئاوی حەیاتی دڵی هوشیارە
كێ بە بێ هیوا ئەڕوا بە ڕێدا بەردێ لائەبا لە ڕێگەی پێدا
كێ بە بێ هیوا تۆوێ ئەڕێژێ یا لە باخێكا داری ئەنێژێ
كێ بە بێ هیوا خۆی ئەدا بە كوشت كاتێ پێی نەما ئەڕوا بە تەنشت
هیوا چرایە بۆ ماڵ و مەنزڵ وێنەی برایە بۆ چاری موشكوڵ

ڕۆژی تاریکی و تەنگی سەربسات   دنیایەکی پان دەرئەخا لەلات
بانگ ئەکا لەوەی ناوی ئینسانە   ئەڵێ لای خودا ئیشت ئاسانە
دێنێ بۆ پەردەی دەماخت زۆزۆ   بۆنی نەسیمی (ولا تيأسوا)
ئەڵێ شەو ئەڕوا و ڕۆژ ئەبێتەوە   غونچە لە باخا ئەگەشێتەوە

★ ★ ★

ئەمەی پێم‌وتی هیوای مەردانە   ئەمەلی خێری خێرۆمەندانە
هیوایێ نیە ڕۆی لە هەوا بێ   سەری سەرخۆش و چاو لە خەوا بێ
هیوایێ نیە بۆ خۆپەرستێ   شەرەف ڕاکێشێ بۆ خانەی پەستێ
هیوایێ نیە بە خەیاڵی خاو   ئیش بەجێ‌بێڵێ نیوە و ناتەواو
بێ پایەی دنیا و بێ سەرمایەی دین   بێ بە هاوڕێی لەعنەت و نەفرین
ئەم جۆرە هیوا بە (علم اليقين)   نە دینی تیایە و نە سەرمایەی ژین

★ ★ ★

بیستوومە قەدیم کوردێکی زانا   بۆ خەیاڵ بازان شیعرێکی دانا :
((شەوگاری پایز قەت بە ساڵ نابێ   ئەبلە بە خەیاڵ قەت بە ماڵ نابێ))
خەیاڵ بۆ پیرە و پیر لە بۆ ئیشە   ئیش بۆ ڕزگاریێ دەردی تەشویشە
هیوایێ هۆ بێ لە بۆ ڕزگاریێ   دیاریێ خودایە بۆ بەختیاریێ
ئەمەیە دەرسی مامۆستای زانا   هیوا سپێرە بۆ ڕۆژی هانا

★ ★ ★

ئەو هیوا دوورە لە ئادابی دین   وا لەسەر هەوای شەیتانی لەعین
نەک ئەو هیوایە لەسەر یاسای دین   بێ بە پایە لە بۆ مایەی ژین
بێ بە ئەساس بۆ کردەوەی چاک   بۆ تێکۆشانی ئینسانی چالاک
بۆ ئاوەدانیێ مەدرەسە و مزگەوت   بۆخەستەخانەی‌ئەوەی نەخۆش‌کەوت
بۆ خوێندەواریێ نەخوێندەواران   بۆ چارەی کاری ئاوارەی شاران
بۆ ڕێکخستنی دڵ پەرێشانان   بۆ دەس‌بەستنی پەستێ نیشانان
بۆ دەرهێنانی کانی بنی ئەرز   بۆ چەسپاندنی خۆوڕەوشتی بەرز
بۆ ڕێگەی یاسا و نیظامی ئیسلام   لە بۆ دادگا و تەطبیقی ئەحکام
ئەم نەوعە هیوا و طوڵی ئەمەلە   فەرمانی خودای (عَزَّ و جَلَّ)ە
ئادەمی (نامێ) ئەبێ عاقڵ بێ   لە عیلمی حەقدا تەواو کامڵ بێ

گوڵی پانزەهەم ـ گوڵی ئەخلاقی جوان و پەسەند

بارانی هەوری ڕەحمەت و ئیحسان
کە بارێ لەسەر دەروونی ئینسان
ئەخلاقی پەسەند لە دڵیا ئەڕوێ
لێوی بێپەروا بە حیکمەت ئەدوێ

بُعِثْتُ لِأُتَمِّمَ مَكارِمَ الأَخْلاقِ

ئادەمیزاد کە بەرزترینی مەخلوقاتی خوایە نرخی بریتییە لەو سوودەی کە هەیەتی بۆ خۆی و بۆ باقی ئادەمیزاد . سوودیش هەمووی بەسراوە بە ئەخلاقی بەرز و بە ڕەوشت و خوی چاکەوە و ئینسانی بەدخو نە خۆی و نە خەڵکی کەس سوود لە ژیانی وەرناگرێ .

دینی ئیسلام گەلێ تەعریفی خولقی باش ئەکا . حەزرەت درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : خوای تەعالا بۆئەوەی ڕەوانە کردوم بە پێغەمبەر بۆسەر عالەم کە خولقی باش تەواو بکەم ، یەعنی ئەو خولقە باشانە دابمەزرێنم کە لەناو میللەتانی پێغەمبەرانیترا نەبوون . ئەوانەش کە بوون و کەم و کورتییان تیا بوە یا کەم و کورتییان بەسەرا هاتوە تازە و نوێیان بکەمەوە .

بەڕاستی هاتنی حەزرەتی خاوەنی ڕیسالەت درودی خوای لێ بێ ئاسۆی دنیای گۆڕێ و ئینسانییەت بە هاتنی ئەو شێوەیەکی تازە و جوانی بەسەرا هات، وەك چۆن کە بارانێکی زۆری بەسود ببارێ بەسەر زەوێوزاردا گیاوگوڵ ئەڕوێنێ ، ئەویش وەها عالەمی ڕازاندەوە و هێزی نور و ڕوناکی دەروونی حەزرەت سەلامی خوای لێ بێ ، وەك گڕ لە بەنزین بەربدەی ، وا دڵی خەڵکی بە نوری مەعریفەت هەڵئەگیرساند . ئەو دەشتەکییە دور لە شار و ئاوەدانییانە کە لە هەمو جۆرە زانست و ئوسولێکی شارستانەتێ بێبەش و بێئاگا بون ، کە بە خزمەتی ئەو ئەگەیشتن حالیان ئەگۆڕا و کە ئەگەڕانەوە بۆ ناو خێڵ و هۆزی خۆیان ئەبون بە ئینسانێکیتر . ئەمە هیچ جێگای سەرسوڕمان نیە ، چونکە حەزرەت درودی خوای لێ بێ گەنجینەی ئەخلاقی بەرز بوە و بە ڕەوشت و خوی چاك وەکو دەریای بێبەی شەپۆلی داوە . بۆیە خوای تەعالا لەبارەیەوە فەرمویەتی : « وَاِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظيمٍ » . واتە : ئەی پێغەمبەری من تۆ بەڕاستی لەسەر ڕەوشت و خویەکی بەرزی . هەروا خوای تەعالا لە قورئاندا پیشانیداوە کە لەبارەی ڕەوشت و هەڵسوڕانەوە چاو لە پێغەمبەرانیتر بکا و لەمڕوەوە فەرمویەتی : « اولئِكَ الَّذينَ هَداهُمُ اللهُ فَبِهُداهُمُ اقتَدِهْ » . واتە : ئەو پێغەمبەرانەی باسیان ڕابورد خوا شارەزای کردون بۆ ئەخلاقی چاك و دڵی ڕۆشن کردونەتەوە ، پێویستە لەسەر تۆیش

بکەویتە سەر ئەو ڕێگایەی ئەوانی کەوتۆنەتە سەر و هەمۆ خوڵقە باشەکانی ئەوان وەرگری و دیارە وەریشی گرتۆن .

هەر لەبەر نرخ و پایەی ئەخلاقی باشە پێغەمبەر فەرمۆیەتی : «خِیارُکُم احاسِنُکُمْ اخلاقـاً » . واتە : چاترینی ئێوە ئەوانەتانن کە خۆ و ڕەوشتیـان لەوانی‌ترتان باشترە . ڕەوشتی باش وەکو باوەڕ بە خوا و بەوانەی باوەڕ پێ‌کردنیان پێویسـتە و ، وەك پاکێ و بێ‌گەردێ لەگەڵ خـوا و ، خۆڕاگرتن لەسەر دەرد و بەلا و ، ڕاستێ لەگەڵ خەڵك و ، بەردەوامێ لەسـەر چاکە و ، ئارامێ و هێمنێ و ، دڵ‌فراوانێ و حەوسەڵە و ، شەرم و ، گونجان لەگەڵ خەڵك و ، دەس پێوەگرتن لە خەرج‌کردندا و ، ڕاگرتنی حەقی خەڵك و ، خۆپاراستن لە حەرام و ، قەدرگرتنی دراوسێ و ، ڕۆخۆشێ لەگەڵ خەڵك و ، پاکێ دەم و دەسـت و دڵ و ، ڕاگرتنـی خاوێنێ گیـان و جـل و بـەرگ و ، بەخشش و ، لەبەرچـاوبۆنی حەقی خەڵـك و ، میهرەبـانێ و ، بەزەیێ و دڵ‌نەرمێ و ، دەس‌پاکێ لەئاست ماڵی خەڵك و ، قسە نەکردن لە پاشملەی خەڵکدا و ،دۆرکەوتنەوە لە شوێنێ یا لە شتێ گومانی خراپی لێ بکرێ و ، چاودێرێ مافی خەڵـك و ، لە خۆ پرسینەوە و ، خۆ بـە زل نەزانین و ، غیرەت و ڕاگرتنی نامۆس و ، پیاوەتێ و ، چـاو نەترسان و ، پشت بە خوا بەستن و ، قەدری خۆ ڕاگرتن و ، خـۆ قورس‌ڕاگرتن و ، چاوپۆشێ و ، میانەڕەوێ و ، بـە کەم‌ساچاندن و غەیـری ئەم خوڵقانە کـە زۆرن و لقی زۆریشیان لێ ئەبێتەوە و هەمۆ بە ڕەوشتی بەرزی ئینسانێ دائەنرێن .

بەرابەر بە هەر صیفەتێکی باش صیفەتێکی خراپیش هەیە کە ڕەذیلەی ئینسانین و ئەبن بەهۆی تێکدانی کۆمەڵ و بلاوبۆنەوەی هەرا و ئاشۆب و ، تەنانەت ئەگەر خاوەنی یەکێ لەو صیفەتە خراپانە صیفەتی چاکەشی هەبێ ، صیفەتە خراپەکەی صیفەتە چاکەکەشی بێ‌نرخ و قیمەت ئەکا . وەکو حەزرەتی پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ فەرمـۆیەتی : « الخُلُقُ السَّيِّءُ يُفسِدُ العَمَلَ کما يُفسِدُ الخَلُّ العَسَلَ » واتـە : خو و ڕەوشـتی ناشیرین کردەوەی جوانی ئینسـان خراپ ئەکا وەك چـۆن سرکە ئەگـەر بیکەیتە ناو هەنگوینەوە هەنگوینەکە خراپ ئەکا . بۆیە پێویستە ئینسان ئەگەر عیبادەتێکی کرد ئاگـای لە خـۆی بێ تۆشی خـۆ بە بـاش زانین نـەبێ و ، ئەگـەر کەسێك خزمەتێـکی کەسێکی کرد ، بە منەت دانان و سـەر کۆنەکردنەوەی بەتاڵی نەکاتەوە .

(بزانن) خوڵقی چاك یا خراپ لەسەر یەك ئەندازە نیە ، بەڵکو گەلێ پایەی هەیە و هەندێ پلەی بەنیسبەت هەندێ پلەی‌تریەوە بەرزتر یا نزمترە .

یەکەم کەس لە جیهانا لەبارەی ئەخلاقی بەرزەوە کە یەکە هەڵکەوتی

چەرخ بوە حەزرەتی فەخری عالەم (محمد المصطفی)یە درۆدی خوای لێ بێ . ئەمەیش بە دەلیلی عەقڵێ و نەقڵێ دەرکەوتوە . پاش ئەو پێغەمبەرەکانی‌تر سەلامی خوایان لێ بێ ، ئەمجار هەڵکەوتوانی‌تر لەجیهاندا .

ئەخلاقی باش ، یا خراپ ، بۆ گەلێ کەس هەر بەهرەیە لە خواوە و بۆ گەلێ کەسی‌تریش بە کەسب و هەوڵدان و پەیداکردنە . بۆ گەلێ کەسیش لە هەردوو جۆرەکەیە .

پێشتر ناوی هەندێ لە ڕەوشتە بەرزەکانمان وت . وا وردە وردە کەمێك بە درێژی لەسەر هەندێ لەو ڕەوشتانە قسە ئەکەین .

گوڵی شانزەهەم ـ گوڵی ڕاستی (صیدق)

صەد هەزار سەلام لە ڕەهبەری دین
کە ڕاستی دانا لەبۆ ساغی دین
وای‌دانا ڕاستی یەکەم ڕەوشتە
ڕەهنومای ڕێگەی باغی بەهەشتە

انَّ الصِّدقَ یَهْدی الی البِرِّ و انَّ البِرَّ یَهْدی الی الجنّة .

عەبدوڵلای کوڕی مەسعود خوای لێ ڕازی بێ ئەگێڕێتەوە کەوا حەزرەت درۆدی خوای لێ بێ فەرمۆیەتی : ڕاستی ئادەمیزاد لە قسەدا ڕێگای پیشان‌ئەدا بۆ لای کردەوەی باش و کردەوەی باشیش ڕێگای پیشان ئەدا بۆ بەهەشت . مەبەستی لەوەیە ئادەمیزاد کە دەوامی کرد لەسەر وتنی ڕاستی لە بارەگای خوادا بە ڕاست و ڕاساڵ ناوی ئەنوسرێ .

بەپێچەوانەی ڕاستییەوە درۆ کردنیش ئینسان ئەخاتە سەر ڕێگای کردەوەی ناپەسەند و ناشیرین و کردەوەی ناپەسەند و ناشیرینیش ئینسان ئەگەیەنێتە دۆزەخ . ئادەمیزاد کە درۆی زۆر کرد و لەسەر درۆکردن بەردەوام بۆ ، لای خوا بە درۆزن ئەنوسرێ . ڕاستی لە هەرکەسێکدا بێ ئەبێ بە مایەی بەختیاری بۆی . بە ڕاستی ئادەمیزادی نەناسراو ئەناسرێ و بێ‌ناو ناو پەیدا ئەکا و بێ‌پایە پایەدار ئەبێ و لە ڕۆژی ڕەشا دائەمێنێ و هەمۆ کەسێ قەرز و قۆڵەی لەگەڵ ئەکا و قسەی لەناو کۆمەڵدا بەنرخ ئەبێ و بە هۆی هاوڕێیەتی ئەویشەوە خەڵکێ فێری ڕاستی ئەبن و بەوجۆرە ئەگەر ڕاستی بەناو خەڵکدا بڵاو ببێتەوە دنیا پڕ ئەبێ لە فەڕ و پیرۆزێ . بۆیەشە خوای گەورە فەرمۆیەتی : « یا ایها الذین آمنوا اتقو الله و کونوا مع الصادقین » . واتە : ئەی ئەوکەسانەی

که باوەڕتان بە خوا هێناوە ، لە خوا بترسن و لەگەڵ ڕاستان بن و ببن بە هاوڕێی ئەوان تا لەوانەوە فێر ببن .

ڕاستەکەی ئادەمیزاد بەهۆی ئامادەیی و قابیلەتی خۆیەوە کەسبی ئەحوالی هاوڕێی خۆی ئەکا هەرچۆن بێ . جا لەبەر پارێز لە خولقی خراپی خراپەکان و بۆ سوودوەرگرتن لە خولق و خوی ڕاستەکان ، خوای تەعالا فەرمانی داوە کەوا موسولمان هاوڕێی موسولمانی ڕاست و ڕاساڵ بێ . بە بەراوردی زانا دڵ ڕووناکەکان دەرکەوتووە و ئیسپات بوە کەوا یادکردنەوەی پیاوی ڕاست و دڵ ڕووناك دلی ئینسان ڕۆشن ئەکاتەوە ، چ جای ئەوە کە ئینسان بە مەحەببەتەوە لەگەڵیا ڕابوێرێ و لەسەر شێوەی ئەوکەسە مەشغوڵی کردەوەی پیاوانە بێ ، تا پێ‌ئەگا ، ئەمجار خەڵکی‌تریش لەم‌کەسەوە سوود وەرئەگرن .

ڕۆڵەی عەزیزم ، هوشیاری دڵدار ! بۆ خۆت گوێ شل‌کە بۆ مەعنای وتار
ئەوەی بەڕاستێ دەروونی خۆی ڕەشت بە کردەوەی چاك ڕۆیێ بۆ بەهەشت
ڕاستان بەڕاستێ شۆرەت وەرئەگرن لەسەر گەنجینەی شاهان جێ‌ئەگرن
ڕاستییە بۆ خەیر شارەزات ئەکا لە دەرد و ئازار بێ‌قەزات ئەکا
چاکەیش بە وێنەی ڕەهنموێ گەشت شارەزات ئەکا بۆ باغی بەهەشت

★ ★ ★

ڕاستان بەڕاستێ ئەبنە موستەشار ئەکرێن بە وەکیل بۆ ئیدارەی کار
کاتێ زوبانی کەوتە سەر وتار ڕێی دوژمن نابێ بۆ ڕەخنە و ئازار
کە بۆ کەس نەکرا ڕەخنەت لێ بگرێ دوژمنی حەسود لەداخا ئەمرێ
هەر بەهۆی ڕاستێ لەبەر پیرۆزێ ئەگەی بە پایەی بەرزی دڵسۆزێ
دڵسۆز پیرۆزەی ئەمۆستیلەی ژین دنیا پڕئەکا لە فەڕ و نگین

★ ★ ★

ڕاست کرداری خۆی یەك‌یەك لەبەرە ئەگەر دنیایە یاخود مەحشەرە
چون ئاگادارە لە کتێبی خۆی دڵی نالەرزێ لە حسێبی خۆی
درۆزن کاتێ گەیشتە حیساب ئەکەوێتە ناو دەریایێ عەزاب
لە ڕاستان ڕاستێ ئەوەشێتەوە باریشی لار بێ ڕاست ئەکرێتەوە
درۆزن دایم بارەکەی لارە جارێکیش ڕاست بێ بێ‌ئیعتیبارە

★ ★ ★

ئەو درۆ ئەڵێن جاربەجار قەرزە کردنی هەروەك دانەوەی قەرزە
ماوەی ناچاری دیاری کراوە چەند ماددە هەیە ئیزن دراوە
ئەنجامی هەموی پاسی ڕاستییە ناحەق لەبۆ حەق حەق شوناسییە

لەسەر ڕێگای ڕاستکوێریش ڕێ ئەکا   ساتێ پاش و پێش هەر بەجێ ئەگا
بەلام لەسەر ڕێی قەمچ و پێچ و لار   چاوساغ ون ئەبێ (في وضح النّهار)
گوێ مەدەن بەوەی ئەڵێن (بين الناس):   «دنیا بە درۆ و قیامەت بە ڕاس»
ئەو قسە وایە بە ڕوی حەقناسێ :   « دنیا بە دراو ، قیامەت ڕاستێ »
(دراو) پارەیە بۆ ژین بەکارە   ڕاستییش لەو دنیا بە ئیعتیبارە
(بابێ) بە درۆ خۆی خەڵتێ ئەکا   درۆزن جاری قاوەڵتێ ئەکا
کردم بە دەگمەن ئینسانێ دەرچو   بە درۆزنێ خاوەن دەوڵەت بۆ
دەوڵەتی درۆ زێڕ و گەوهەر بێ   قەت باوەڕ نەکەی کەوا تا سەر بێ
مادەم کە وایە گوێ مەدە بە کەس   بە ڕاستێ بژێ تا ئاخر نەفەس
بە ڕاستێ بنۆ و بە ڕاستێ هەستە   بڕۆ بۆ هەرچێ بە دڵ مەبەستە
عالەم بە ڕاستێ ئەنازێتەوە   عالەم بە ڕاستێ ئەڕازێتەوە
ئەمەیە دەرسم بۆ ڕۆڵەی حەقناس   بژێ بە ڕاستێ بە تەقوا و ئیخلاص
(نامێ) ئەیەوێ هەتا بۆی بکرێ   بە ڕاستێ بژێ و بە ڕاستێ بمرێ

گوڵی حەقدەهەم ـ گوڵی خۆڕاگرتن (صەبر)

بارانی ئیحسان لە باخچەی یاران
گوڵێ ئەڕوێنێ لەبۆ دڵداران
هەرکەس بۆنی کرد تا کاتێ ئەمرێ
بۆ خاری گوڵزار بە دڵ خۆ ئەگرێ

الصَّبْرُ مِفْتَاحُ الفَرَجِ

پێغەمبەری نازدار فەرموویەتی : خۆڕاگرتن لەبەر باری قەزای خوادا کلیلی کرانەوەی دەرگای موشکولاتە . ئادەمیزاد کە کەوتە دنیاوە بۆ ژیانی خۆی و بۆ گەیشتن بە دڵخوازی و بۆ سەرکەوتن بە ڕێگای بەختیاریدا ، گەلێ هەوڵ ئەدا و بە طەبیعەتی حاڵ هەمو کاتێ بە دڵخوازی خۆی ناگا . بەڵکو سەرەڕای ئەوە کە بە دڵخوازی خۆی ناگا تۆشی گەلێ مەینەتیش ئەبێ .

هەروەها ئادەمیزاد یەکێکە لە مەخلوقاتی خوا و لەژێر هێزی تەوانایی ئەوایە و هەروەکو گەلێجار خوای تەعالا نیعمەت ئەڕێژێ بەسەریا پایە و مایەی پێ ئەدا و هۆی خۆشێ و دڵشادێ بۆ جێبەجێ ئەکا و ئەولاد و عەلاقەی باشی بۆ ڕێك ئەخا ، گەلێجاریش پایە و مایە و ژن و ڕۆڵە و پەیوەندی خۆشەویستی لێ ئەسێنێتەوە . هەروەکو گەلێجار بە ساغی و تەندروستی دڵی خۆش ئەکا ، گەلێجاریش گیرۆدەی ناساغی و پەرێشانی ئەکا .

جا ئەوکەسەی باوەڕی بە خوا و بەتوانایێ و بە حیکمەتی ئیشەکانی خوا بێ ، پێویستە بۆ نیشاندانی بەندەیێ و ملکەچێ خۆی هەروەکو ئەو نیعمەتانەی لێ وەرگرتوە ، ئەبێ ئەم زەحمەتانەیشی لێ وەربگرێ ، بەڵکو ئەبێ ئەم زەحمەتانەیش بە ڕەحمەت بزانێ چونکە بەرابەر بە هەمۆ زەحمەتێ تۆڵە و مزەیەکی میهرەبانانەی لەلای خواوە بۆ دانراوە ، وەکو خوا فەرموێەتی : « وبَشّرِ الصابرينَ الذينَ اذا اصابَتهُم مُصيبةٌ قالوا انّا للهِ وانّا اليهِ راجعونَ ، اولئكَ عليهِم صلَواتٌ من رَبِّهِم و رَحمَةٌ واولئكَ هُمُ المُهتَدونَ » . واتە : مژدەبدە بەو خۆڕاگرانەی لەکاتی مەینەتی ترس و برسێتی و هەژاری و دەرد و مەینەتیتردا خۆیان ڕائەگرن و بەندەیێ خۆیان بۆ خوا دەرئەبڕن و ئەڵێن ئێمە هەمۆ بەندەی خواین و سەرەنجام بۆلای ئەو ئەگەڕێینەوە ، مژدەیان بدەرێ کەوا لەلاینی خواوە ڕەحمەتیان بەسەردا ئەبارێ و شارەزا کراون بۆ ڕێگەی وەرگرتنی ڕەزای خوا .

بێجگە لەم تۆڵەی خێرە ، تەنها باوەڕکردن بەوە کە خوا ئەو ئازارەی ناردوە و خوایش ئەتوانێ چاری بکا و چاوەروانێ کردنی نیشانەی میهرەبانێ خوا لەسەر شێوەی کاری خوا خۆی کە پاش مەینەت خۆشی ئەنێرێ ، ئەمە بە بەندەیێ و عیبادەت ئەژمێررێ وەکو حەزرەت درۆدی خوای لێ بێ فەرموێەتی : « انتِظارُ الفَرَجِ منَ اللهِ عبادَةٌ » واتە : چاوەڕوانێ کردنی گوشادێ و دەرۆ لێکرانەوە لەلایەن خواوە عیبادەتە و پاداشی چاکی لەسەر ئەدرێتەوە . لە لایەکیتریشەوە لای موسوڵمانان ئاشکرایە کەوا خوا فەرموێەتی : « فَانَّ مَعَ العُسرِ يُسراً ، انَّ مَعَ العُسرِ يُسراً » . هەر لەسەر ئوسوڵی مەعنای ئەم ئایەتەیە و لەسەر باوەڕ بەوە کە پاش هەر ناڕەحەتییەك ڕەحەتێ دێت ، حەزرەت فەرموێەتی : « اشتَدّي ازمَةُ تَنفَرِجي » واتە : ئەی تەنگوچەڵەمە تا ئەتوانێ توند و ئاڵۆز بە ، چونکە بەتوندێ و ئاڵۆزیت ئەکرێیتەوە و ڕزگارمان ئەبێ . هەروا لەسەر ئەم ئوسۆڵەشە فەرموێەتی : « من صَبَرَ ظَفَرَ » واتە : هەرکەسێ خۆی بگرێ بە مەبەستی خۆی ئەگا ، چونکە لەپاش زەحمەت نۆبەی ڕەحمەتە . بەکورتێ صەبر و خۆڕاگرتن لەسەر ئوسوڵی ئیسلام صیفەتێکی زۆر گەورە و بە شانە . بۆیە خوا فەرمانی صەبری داوە بە حەزرەت و پێی فەرموە : « فاصبِرْ كما صَبَرَ اولوا العَزمِ منَ الرُسُلِ » واتە : ئەی پێغەمبەر خۆت لەبەر باری گەیاندنی ئایینەدا بگرە و بۆ ئازاری کافرەکان تەحەممولت بێ وەك پێغەمبەرە گەورەکانی پێش خۆت خۆیان گرتوە و تەحەممولیان بوە ، چونکە مەبەستی گەورەی پێغەمبەران کە گەیاندنی فەرمانی خوایە بێصەبر و خۆگرتن نایەتەدێ .

هەر لەبەر گەورەیێ صەبرە ، خوای تەعالا تەعریفی ئەو کەسانە ئەکا کە ئامۆژگاریێ خەڵك ئەکەن کەوا صەبر بکەن و ، سورەتی (عَصر)ی ڕەوانەکردوە و

لەو سوڕەتەدا فەرمویەتی سوێندم خواردوە بە پەروەردگاری زەمان هەرچی ئادەمیزاد هەیە هەموان لە زیاندان مەگەر ئەو تاقمە کە باوەڕیان هەیە بە هەرچی خوا فەرمویەتی و کردەوەی باش و بەسود ئەکەن و خەڵکیش رائەسپێرن بۆئەوە کە لەسەر حەق بەردەوام بن و لە بەرابەری ئازار و ئێش و نارەحەتیدا خۆیان بگرن .

بێجگە لەمانە هەر ئینسانێ خۆی بە ئینسان بزانێ ، ئەزانێ بەشی زۆری ژیانی لە ئازار و مەینەتایە . بۆیە مادەم خۆی ڕاگیر نەکا ئەفەوتێ و دۆستانیشی ئازار ئەدا و دوژمنانی شادمان ئەکا . مەردیش ئەوەیە نە ئازاری دۆستی بدا و نە دڵی دوژمنیشی شاد بکا .

بزانن : صەبر لەسەر دۆ جۆرە . یەکەمیان صەبرە لەسەر دەردی دەوامدار وەکو صەبر و خۆگرتن بەرابەر بە دوژمنی بەدئەندێش و بە پایە و مایە کە لاچۆنی گرانە. ئەم صەبرە بەڕاستی زۆر زەحمەتە و پیاوی خاوەن دەماغ و دڵ و موداراى ئەوێ . دۆهەمیان صەبرە لەسەر ڕۆداوێکی نابار وەکو مردنی کەسێکی خۆشەویست یا فەوتانی ماڵێك یا پایەیەك . ئەم جۆرە شتانە شتێکی وەختین ، هەر لە سەرەتاوە ئێشیان زۆرە و کە ماوەیەك بەسەرچۆ ئەو گڕە و گڕپەیەی نامێنێ و ، جەزای خێر لەوەدایە کە ئینسان لە سەرەتاوە خۆیبگرێ و ناسوپاسی بەسەریا نەیەت وەکو پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « الصَّبْرُ عندَ الصَّدْمَةِ الاولی » واتە : نرخی صەبر لای خوا و قازانجی زۆری دینێ و دنیایێ بۆ ئینسان لەوەدایە لە سەرەتای هاتنی مەینەتدا خۆی ڕابگرێ و صەبر بکا ، ئەگینا کە هێرشی لافاو سوك بۆ صەبرکردن ئاسانە .

ماموستای دڵسوز دێنە گفتوگۆ — دەرسێکی بەسود دائەدا بۆ تۆ
ئایەت و حەدیث فەرمان ئەدەن پێت — فەرزە خۆت بگرێ دەردێ هاتە ڕێت
قسەی پێشینان ڕاستە و موعتەبەر — بەراوردکرا (مَنْ صَبَرَ ظَفَرَ)
حەزرەت کە سەری پێغەمبەرانە — کانی ئەنواری گشت ڕەهبەرانە
بە هێزی صەبر و بە قایمێ جەزم — بۆ بەسەرداری دەستەی (اولوا العزم)

★ ★ ★

هەرکەس خۆی نەگرێ لەبەر گریانا — ڕانەیێ لەگەڵ سینەی بوریانا
نە چاوی ئاوی شادێ ئەڕێژێ — نە دڵی تامی مەردێ ئەچێژێ
تا ڕەنجێ نەدەی دەسکەوت نابینێ — تا گەنجێ نەدەی صیحەت ناهێنێ
یاسای ئەم دنیا وابوە و وایە — کەس بە بێ زەحمەت ناگا بە پایە
صەبرە وەسیلەی عیززەت و نەصرە — ئەمە تەفسیری سوڕەی (والعصر)ە

★ ★ ★

زەوێ خـۆی نـەگرێ لـەبەر بارانا   چۆن بەهـرەی ئەڕوا بەنـاو شارانا
کوێستان زسـتانان جێـگای ئازارە   بۆیە بەهـاران باخچـەی گوڵـزارە
کێوان تا سەرمای زستان نەنۆشـن   بەهاران بـەرگی زمـڕوت ناپۆشـن
تا گـڵ وەرنەگرێ گـەرمێ لە هەتاو   شنۆ لـە شەماڵ ، هێرش لە لافاو
تیایا نـاڕوێ نـەرگس و نەسـرین   دەم ناکاتـەوە گوڵ غونچەی شیرین

★ ★ ★

عەرعەر خۆ نەگرێ لەبەر بای چەمەن   نابێ بە هـاوڕێی داری یاسـەمەن
سەرو و سنەوبەر شۆڕەبێ و چنـار   ئەگەر خۆ نەگرن لەبـەر بای بەهار
نایـەن بەیـەکا کـاتی بەهـاران   دەس ناکەن لە مـل بە وێنەی یاران
تـۆوێ ون نـەبێ لـە بێخی چـاڵا   دەرنـایێ لەگـەڵ گوڵاڵـەی ئـاڵا
سێوێ خۆی نەگرێ لەبەر سووەیلا   نابێ بـە وێنەی سەرگـۆنای لەیلا

★ ★ ★

دارێ خـۆی نەگرێ لەبـەر مشارا   نابێ بـە صەفحە و نابـرێ بە شارا
شەمعـێ نەسـوتێ نـابێ بـە چرا   نابێ بـە هاوڕێی نـازداری سـەرا
شەو بێـدار نـەبێ بـۆ لایـە لایە   دایـە ، پێنـاگا ڕۆڵـەی بەمایـە
ئەمڕۆ سبەینێ و سـبەی ئەمڕۆیە   گیانی ئەم خەلکەش بە وێنەی تۆیە
ڕۆژێ بۆ تۆیـە و ڕۆژێ بـۆ ئەوە   یانـێ ڕۆژی تۆ لەبـۆ ئەو شـەوە
ئەو بۆ خۆی ئەگرێ بۆ پایە و شانی   تۆ بۆ خـۆت نەگرێ بۆ جـاویدانێ
بـیر مەکـەرەوە ئـەم بـیرە چایـە   هەزاران مـار و دوپشـکی تیایـە
(ثانِی اِثنَینِ اِذ هُما فِی الغار)   پێی خۆی دا بە مار لەبۆ ژینی یار
گەلێ جێ تاریك وەکـو شەوەزەنگ   ڕۆناك بووەوە بێصـەدا و بێدەنگ
لە جێـی تاریـکا چـاوت نابینـێ   فریشتە چـرای نـورت بـۆ دێنێ
بۆیە حـەزرەتی (نبـیّ الرحمـة)   گەلێ جار ئەیوت (اشتدّی ازمة)
گەر ئەلێی کێیە گەردون سـوڕ ئەدا   چرای پڕتـەودار بۆ مـن هەڵئەکـا
پێت ئەلێـم خـودای بەتەوانـایە   جیهـان لەلای ئـەو بە وەزنی کایـە
هەزار بەدبەختی کرد بە خاوەنبەخت   کردی بە پادشای خاوەن تاجوتەخت

★ ★ ★

بێئومێـد بونـی ئینسان لـە پایە   شێوەی کەسـێکە بێ ئایـە و مایە
سا مەگـەر قـەزا وا بـڕیار بـدا   هەلێـکی بەسـود بۆ تـۆ ڕۆنـەدا
(لا حـــول ولا قـــوة الا   بـالله العظیـم ، عـز و عـلا)
باسم لە صەبرە ، زینهار صەد زینهار   لە کاتی نەهـات مەیـەرە هـاوار
لەگـەڵ نەهاتـا پەرێشـان حـاڵێ   قـۆرتی نەگبـەتە هاتـوەتە پـاڵی

هـاوار لای خـودا کاری مـەردانە — لـەلای ناخـودا بـۆ نامـەردانە
گریان لەلای خەڵـك جەزا ئەکا کەم — دوژمنی بەدخوایش ئـەکا خاترجەم
بۆ گیـانی خۆت و ماڵ و منـداڵت — دەردێـکی‌ترە هاتـوەتە پـاڵت
دڵـی کۆمـەڵی دڵـدارانی تـۆ — بە وێنەی قیمـە ئەبـڕێ تـۆ تـۆ
قـەزای ڕابـوردوێش ناگەڕێتـەوە — جەزای لای خودایش کەم ئەبێتەوە

★ ★ ★

چاکوایـە بە دڵ زۆ لـە خودا بێ — بە سۆزی سینە و دەم بێ‌صەدا بێ
(اِنَّمـا اَشْـکُو بَثّی و حُـزْنی — اِلیَ اللهِ کَـیْ یَکْشِـفَ عَنّـی)
وا ئەڕۆیتـە ڕیـز لەگەڵ صـابیران — وەهـا ئەژمێـرریی لـە ئەکابیـران
باوەڕت ببـێ صـەبر و دڵشـادی — ئەبـن بە مایـەی پایـەی ئـازادی
ئەمەیـە فەیضـی بـارانی بەهـار — دەم بکاتـەوە غونچـە لـە گوڵـزار
سا بەڵکو (نامی) بە وێنەی بولبول — ذەوقی وەربـگرێ لە دیـداری گوڵ

گوڵی هەژدەهەم ـ گوڵی بەردەوامی لەسەر چاکە

بـارانی بەهـار هەتـا ئـارام بێ
چاتـرە مـادەم خـاوەن دەوام بێ
ئیستیقامـەتە مایـەی پـیرۆزی
بۆ ئینسان خۆی و بۆ گەل و هۆزی

فـاستَقِمْ کَمـا اُمِرْتَ

پەروەردگاری جیهان فەرمانی‌داوە بە پێغەمبەری مەزن کەوا بەردەوام بێ لەسەر ڕەوشت و کردار و گوفتاری چاك و لە خۆشی و ناخۆشی و لە ساغی و نەخۆشییا لەسەر ئەم حاڵە بێ نەگۆڕێ و نەلەقێ . ئەمەیە مەعنای ئیستیقامەت کە پێچەوانەی ڕاڕاییە .

ئادەمیزاد یەکەمین یادگاری ڕۆزگـارە کە پەروەدگاری جیهان کردوێەتی بە کارگوزار لەسەر زەوی . یەکەم پـایەی ئادەمیزادیش ئەوەیە کە بـەر لە هەمو شتێ هوشیار و زانا بێ چونکە لە بێ‌هۆشی و نەزانی هیچ سوودێ پەیدا نابێ و لە سەرگەردانی و پەشیمانی و ناتەوانی بەولاوە هیچی لێ ناوەشێتەوە . دوەهەم پایەشی ئەوەیە مادەم زانستێکی بەرز و بەنرخی دەسـگیر بوو و کـەوتەکار لەو مەیدانەدا ، لەسەر ئەو کارکردنەی پایەدار و بەردەوام بێ و لا نەدا .

هەر ئیشێ کە سوودێکی تیابێ وەك ئایین‌پەرستی یا وەك پیشەوەری یـا بێدارکردنەوەی خەڵك بۆ هەوڵدان و بۆ تێکۆشان بۆ بەختەوەری و بۆ دەرکردنی کۆمەڵەی ئادەمیزاد لـە نەخۆشـی و گـەدایی و نـەزانی و هـەر بەرهەمێکی

بەسوودیتر ، پێویستە ئادەمیزاد لەسەری بەردەوام بێ ، ئەگینا هەوڵەکەی بێسوود دەرئەچێ .

(ڕوونکردنەوەیەك) هەر ئیشێ ئینسان دەستی پێکرد ، ئەگەر نەیگەیەنێتە ئەنجامێك زیانی لە سوودی زیاترە . بۆ وێنە خوێندەواریێ لە ئایینداو تێکۆشان بۆ فێربوونی هونەری تەندروستێ (طب) کە لە بەرزترین زانستەکانی ئادەمیزادن، ئەگەر نەگەنە ئەندازەی خۆیان کۆمەڵەی ئادەمیزاد بەرەو چاڵی مەینەت و مەرگ ڕائەکێشن وەکو مەشهوورە ئەڵێن : « نیوە مەلا دین ئەبا و نیوە حەکیم گیان » . لەسەر ئەم ئوسوڵەیە کەوا پێغەمبەر فەرمویەتی : « اَحَبُّ الاَعمالِ اِلیَ اللهِ اَدْوَمَها واِنْ قلَّ » واتە پەسەندتر و شیرینترین کار و کردەوەی چاك لە بارەگای خوادا ئەوەیە دەوامدار بێ با ئەندازەکەیشی کەم بێ . گەلێ کەس بە سۆز و ئارەزوومەندییەکی زۆرەوە خەریکی گەلێ ئیشی سوودمەند ئەبن ، کەچێ پاش ماوەیەك لەو کارە دەستبەردار ئەبن و لەبەر ماندووبوونە بێسوود و بەهرەکەی خۆیشیان ئەبن بە دوژمنێکی ناهەمواری ئەو ئیشە کە خەریکی بوون هەرچەند ئیشێکی زۆر بەسوودیش بووبێ . هەر لەبەر ئەم ئارەزوو گۆڕانەیە خەڵکێ بۆ گاڵتەپێکردن بەوجۆرە کەسە گۆڕاوانە ئەڵێن (کتێب بۆ ئاخری ئەگێڕێتەوە) . واتە : کتێب گرتنەوە بۆئەوەیە ئینسان بزانێ سەرەنجامی کتێب بۆ گێراوەکە چۆنە ، واتە باوەڕ بە تێکۆشانی تێکۆشەرێك ناکرێ مادەم تێکۆشانەکەی تا سەر نەبێ و هەمیشە بەردەوام نەبێ لەسەری .

بۆیە زۆر پێویستە لەسەر ئادەمیزادی هوشیار کاتێ کە ویستی دەسبداتە کارێکی بەنرخ و بایەخدار ، لەپێشاندا بیری خۆی بخاتە کار و سەروبەری ئەو کارە لێكبداتەوە و ڕاوێژ بکا بە کەسانی ژیری ئەو سەردەمە و ئیستیخارەیشی بۆ بکا ، ئەوجا بکەوێتە ناو ئیشەکەوە ، ئەگینا پاشان پەشیمانێ لەدوا ئەبێ وەکو ئەڵێن « سوار بوون عەیبێکە و دابەزین دوو عەیب » . قسە قسە ئەهێنێ ڕاوێژکردن و لێكدانەوە لەپێشاندا ، ئەبێ بەهۆی ئەوە کە بنیادەم نەکەوێتە هەڵەوە و پەشیمانێ بەسەردا نەیەت . زۆر کەسیوا بوە بێ تاقیکردنەوە دۆستایەتییان لەگەڵ کەسێ دامەزراندوە ، لەئەنجاما بوە بە مایەی زیان بۆیان . کاری بێسەرەتا و بێلێکدانەوەی ورد هەر لە سەرەتاوە بنیادەم دەستی نەداتێ چاکترە ، وەك کورد ئەڵێن « ناتوانم لە ئەوەڵەوە نەك پەشیمانم لە ئاخرەوە » .

خانوی بێ سەربان ، باخی بێپەرژین دەرگای بێ چەپەر زیانن بۆ ژین
نەگبەتە سواری ئەسپی سەرکێش بێ جا نەخوازەڵلا بێ لەغاو و زین

بەڵێ هاتو ئادەمیزاد خوا یارمەتێ دا و کەوتە ناو ئیشی باشەوە و دەوامی لەسەر کرد ، ئەوسا بە هەموو بارێکا بەرهەمی ئەو ئیشەی وەرئەگرێ ، بەتایبەتێ ئەگەر ئیشی دینپەرستێ بێ وەکو خوای گەورە لە قورئاندا فەرمویەتی : « انَّ

الَّذينَ قالوا رَبُّنَا اللهُ ثُمَّ استَقاموا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِم المَلائِكَة » . واته : بەڕاستی ئەوکەسانەی کە دان ئەنێن بە خواپەرستیدا و بە ڕاسـاڵی لەسەری بەردەوام ئەبن ، ئەوکەسانە لەکاتی تەنگاوی دنیادافریشتەی ڕەحمەت دائەباری بەسەر دڵیاندا و دڵیان بە پشتەسـوری بە خودا ڕوونـاك ئەبێتـەوە و لەکـاتی سەرەمەرگدا فریشتە دێتە سەریان و دڵیان بە میهرەبانی خوا ڕوشن ئەکاتەوە و لە پەریشانی دوارۆژ و لە سەرگەردانی مەحشـەر ڕزگاریان ئەکا .

ئەبێ بزانین کە ئیستیقامەت و بەردەوامی لەسەر چاکە کاری زۆری ئەوێ و هەموکەس لە عوهدەی نایەت . بۆیە لەکاتێکا کە ئایەتی ئەمر و فەرمان بەدەوام ئەهاتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەر ، پێغەمبەر فـەرموی : « شیبتني هود » واتە : سورەتی هود پیری کردم . عەرزیان‌کرد : بۆچی ئەو سورەتە پیری کردی ؟ هەڵبەت لەبەر ئەوەیە کە باسی عەزاب و ئازاری کافرانی تیـایە و لە ناباری و زەحمەتی تاوانباران قسە ئەکا . فەرموی : نەخەیر ، لەبەرئەوە نیە ، بەڵکو لەبەر ئایەتی « فاستَقِمْ كَما امِرْتَ » کە واتە خوا ئەمر ئەکا پێم بەردەوام بم لەسەر گەیاندنی فەرمانی خوا و بەجێ‌هێنانی دەستور و ڕێ و شـوێنەکانی و ئەوەش کارێکی گرانە و پیاوی لێ‌هاتوی ئەوێ .

زانایان ئەم مەسئەلەیان زۆر بەئەهمیەت تەماشا کردوە و گەلێ لە هۆیەکانی بەردەوامی و ئیستیقامەت دواون و لەئەنجاما دایان‌ناوە کە هۆی دەوام یەکـەم بریتییە لە یارمەتی خوای میهرەبان . دوهەم کەوتنە ناو ئیشەوە و بیرکردنەوە لێی و ڕاوێژکردن بە کەسانی ژیر . سێهەم هاوڕێیەتی ئینسـانی سـاغ و دڵ ڕوناك و زانا . بەم سێ شتە ئینسان ئەتوانێ لەسەر کاری مەردانە بەردەوام و پایەدار بێ .

ئەگێڕنەوە فەقێیەك بوە هەرچەند دەرسی ئەخوێند دەرسـەکەی بۆ لەبەر نەئەکرا و ڕەنجەکەی بێ‌هودە ئەمایەوە . نائـومێد بـو ، ناچار بو دەسـت لە خوێندن هەڵبگرێ . ڕۆژێکیان بە ڕێگەیەکدا ئەڕۆیی ، ڕێی کەوتە کاچێکی بەرز و سەخت . کە تەماشای کرد دیتی ئاوێك لەو کاچەوە دێتە دەرەوە و دڵۆپ دڵۆپ ئەتکێتە خوارەوە بۆ سەر تەختە بەردێکی پان . کەمێ لە تەختـە بەردەکە ورد بوەوە دیتی تەختە بەردەکە بەهۆی ئەو دڵۆپە ئاوانەوە چاڵێکی تیـا پەیدا بوە . زۆر سەری سوڕ ما ئاخۆ چۆن بەهۆی ئەو دڵۆپە ئاوەوە بـەو نەرمی و ناسکییە ئەو بەردە ڕەقە کون بوە . لەئەنجاما حاڵی بو کەوا بەهۆی بەردەوامی داچۆڕانی ئاوەکەوەیە . لەم بیرکردنەوەی خۆیەوە بێدار بوەوە بۆ حاڵی خۆی و وتی چۆن ئەو دڵۆپە ئاوە بەهۆی بەردەوامییەوە کار لەو بەردە ئەکا و من نەتوانم بەهـۆی بەردەوام بونەوە لەسەر خوێنـدن فێری خوێندن ببم هەرچـەند ڕۆژی یەك وشەیش فێر ببم . گەڕایەوە بۆ خوێندنگاکەی خـۆی و دەسـتی کردەوە بـە

خوێندن و خوایش بەهرەیەکی باشی پێ بەخشی و بۆ بە خوێندەوارێکی باش . لەمەوە ئینسان بەڕاستی باوەڕ ئەکا کەوا کەس لە بەری کۆشش بێبەهرە نابێ و بە مەرامی خۆی ئەگا .

ڕۆڵەی هوشیاری پڕ زانست و فام — دەرسم وەربگرە و بژی بە مەرام
ئادەمی ناژی بێ زانست و هۆش — بێهیواو بێکار سەرسام و سەرخۆش
ئەوەی بێهۆش و بێبەهرە و کارە — لە هەردوو دنیا هەر شەرمەسارە
هاتو کەوتە ئیش با ئاگادار بێ — ئیشی بەسوودە کە پایەدار بێ
ئادەم بێدەوام بە پایە ناگا — بێ خۆڕاگرتن بە مایە ناگا
پایەی بوڵندی دنیا و قیامەت — بە تێکۆشینە و بە ئیستیقامەت

★ ★ ★

(جوودی) بە بەرزی و بە پایەداری — بۆ بە ئارامگای سەفینەی باری
پڕتەوی خودا لە طوری سینا — دڵی مووسای کرد بە صەفحەی مینا
لەبەر دەوام بۆ بە خزمەتکاری — بۆ مەردی خودا بە پایەداری
بۆ (خلیل الله) لەبەر ڕاوەستان — کورەی ئاگری کرد بە گولستان
ڕەهبەران هەموو بە ئیستیقامەت — بوون بە مەعدەنی ئەسراری حیکمەت
بۆیە سەرداری زومرەی ڕەهبەران — بۆ بە تاجی سەر بۆ پێغەمبەران
بۆیە خاوەنی مەقامی مەحموود — جارێکیان فەرمووی (شَیَّبَتْنِی هود)
تەقدیسی قورئان بە دینی ئیسلام — لەبەر ئیعجازە بە شێوەی دەوام
دڵی ئەسراری خودا زانەگرێ — لەکوێ پڕتەوی صەفا وەرئەگرێ
هەتا بگۆڕێ ڕەنگ و ڕوی ئینسان — ناشێ بۆ جیلوەی پڕتەوی ئیحسان
کە لە ڕەنگ بازێ بەڕاستی دەرچوون — بۆ دڵی دڵدار ئەبنە ڕەهنموون
لەبەر دەوامە قەترەی ئاوی تاف — خەت و خاڵ ئەدا لە ڕوی بەردی ساف
یاران مانەوە لە موغارانا — لە توفی سەرما و تاوی بارانا
بۆیە لەسەری بەرزی سەماوات — لە سوورەی کەهفا ئەنایان بۆ هات
زیارەتی ئەکرێ مەتحەف لە شاران — لەبەر مانەوەی ئاثاری یاران
لەبەر وەستانە نەی لە باران — ئەبێ بە گەوهەر ئەبرێ بۆ شاران

★ ★ ★

لە سێ بەردەباز گەر هەڵنەخزی — یەعنی نەخۆشی و نەبوونی و گزی
لەسەر پێتەختی سەربەرزی و مەرام — تاج ئەنێیتە سەر بە خۆشی و ئارام
بینای پێشینان کە زۆر مایەوە — ناوی بە گەور کرد دێتە کایەوە
بەرگ و پۆشاکی وا لە بەردەسمان — لەلای گەدامان یا خاوەن دەسمان
ئیستیقامەتە نرخی ئەداتی — لە هەر بازاڕێ ، لە هەر وڵاتی

یاری بێوەفـا صـەد کـە زێبـایە لەبـۆ دڵـداران مایـەی جەفایـە
مێـژۆی بێوەفا پڕ لـە نەفرینـە هێ وەفـاداریش هـەر ئافـەرینە

★ ★ ★

کاکە بەکـورتی سەربەرزی ئـادەم بە ئیسـتیقامەت دێتەدێ هـەردەم
بۆیـە عاریفـان ئەپارێنـەوە لـە ئیستیقامـەت نەگەرێنـەوە
هەتا بە شـادی لـە (دار البقـا) بگەن بـە بەهـرەی ئەنـواری لیقا
ئەمەیە دەرسی مامۆستای (نامی) ئیستیقامـەتە مایـەی ئـارامی

گوڵی نۆزدەهەم ـ گوڵی ئارامی

ئەو هەورەی مەنگ بێ پڕە لە باران
پڕ ئەکا لە فەڕ دەشـت و کۆساران
خۆزگەم بەوکەسـەی لە خۆدا مەنگە
کرداری بـەرز و بـە تـام و ڕەنگە

پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی :

العَجلَةُ مِنَ الشَّيطـانِ

واتە : پەلە لە شەیتانەوەیە .

ئارامی بریتییە لەوە کە ئینسان لە وتار و کردەوەدا لەسەرخۆ و هێمن بێ. ئەم خووە گەلێ خزمەت بە ئادەمیزاد ئەکا لە ماوەی ژیانیا . هەرکـەسێ ئـەم خووەی ببێ بۆی ئەبێ بەهـۆی ئاسـایش لە خۆیدا و لەنـاو هـۆز و نەتەوە و هاونیشتمانانیا و ئەبێ بە قەڵایەکی قایم بۆ پارێزگاری هەمویان . بەپێچەوانەی ئەمەوە هەرکەسێ خۆی لەسەر پەلەپەل و هەڵەیێ و بێئـارامی بێ هەمیشـە ئیشی ناتەواوە و خۆی و پەیوەندی لە ئازاردان . هەروا ئادەمیزادی سەرچڵ و پەلەپەلکەر ، بۆ خۆی و پەیوەندی زیانە و بۆ خەڵکیش هەر ئەبێ بە مایەی زیان، چونکە گەلێ ئیشی بەسود هەڵئەکەوێ ئەو مەیدانی ئەوە نادا خەڵکیتر بیکەن و سودی لێ وەربگـرن و خۆیشی وای نـاکا سود و کەڵکی ببێ . لـەم جۆرە وەزعە نابارەدا چەند کارەساتی پڕ لە ئاشوب و هەرا ڕوئەدا . جا لەسەر ئـەم بینـاغەیە پێغەمبـەر درودی خـوای لێ بـێ فەرمویـەتی پەلەپەلکردن لـە شەیتانەوەیە ، واتە خوی ناشیرینی پەلەپەل کردن لەئەنجـامی وەسوەسـەی شەیتانەوەیە کە دێ بۆ ئادەمیزاد ، یاخود ئەم خووە ناپەسەندە کاڵای شەیتانـە بە باڵای ئادەمیزادی ئەبڕێ .

خوی ئارامی لە هەمو کات و شوێنێکدا و بۆ هەموکەسێ و بەرابـەر بـە هەموکەسێ باشە . بەڵام لە گەلێ کاتا و لە گەلێ شوێنا بەسودترە . یەکـەم :

بەرابەر بە ئادەمیزادی بەدەست بەتایبەتی ئەگەر ستەمکار و بەدخوو و بەدسروشت بێ ، چونکە بەرابەر بە ئینسانیوا هەڵە و پەلە گەلێ زیانی لێ ئەوەشێتەوە . دوهەم : بەرابەر بە یەکێ کە ئیشی ئینسان لەژێردەستیا بێ یاخود مامۆستای دەرس پێوتنی ئینسان بێ . سێهەم : بەرابەر بە ئینسانی نەفام و هەرزەکار چونکە هەڵە و پەلەی ئینسان بەرابەر بەوکەسانە ئەبێ بەهۆی ئاشوب لە ولاتدا . چوارەم : بۆ ئینسان خۆی بەرابەر بەو ئیشانە کە تۆزێ غامیض و تاریکن . ئەمجۆرە ئیشانە ئەبێ بە ئارامی چاربکرێن و ، پێویستە ئینسان بەرلەوەی دەست بە چارەیان بکا باش تەماشای هەموو ئەو شتانە بکا کە لەو ئیشانەوە پەیدائەبن و سەنگ و سوکییان لێكبداتەوە، بۆیە حەزرەت درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی هەرکاتێ ئیشێ هاتە پێش ئینسان ، بەرلەوەی ئیشەکە بکا بڕوانێ بۆ ئەنجامی ئەو ئیشە .

پێنجەم لە وەلامی کەسێکا کە پرسیارێکت لێ بکا ، پێویستە هەرکاتێ ئینسان پرسیارێکی لێ کرا ، بەرلەوە کە وەلامی پرسیارەکە بداتەوە باش لە وتار و وەلامەکەی کە وا لە دڵیا ورد ببێتەوە بۆئەوە کە بە بێسود نەبێ بە داوی قسەی خۆیەوە و نەکەوێتە ناو ئیشی هەڵەوە . مەشهورە حەزرەتی عەلی خوای لێ ڕازی بێ فەرمویەتی هەرکەسێ بتوانێ چوار خو لە خۆی دور بخاتەوە ، ئەوە شایانی ئەوەیە کە گیرۆدەی خراپە نەبێ . یەکەم جەدەل و دەمبازی و زماندرێژی . دوهەم پەلەپەل کردن لە ئیشا . سێهەم تەمەڵی و ئیش نەکردن . چوارەم بەخۆدانازین . ئەنجامی دەمبازی سەرگەردانییە . ئەنجامی پەلەکردن پەشیمانییە . ئەنجامی تەمەڵی داماوییە . ئەنجامی بەخودا نازین ئەوەیە کە ئینسان لە کۆمەلا سوك و بێنرخ ببێ . بێجگە لەمانە زوربەی ئەو ئیشانە کە بە پەلە کراون باش دەرنەچوون ، چونکە ئیشی پەلە لەگەڵ تێفکریندا نیە و هەر کارێ ئینسان لە سەرەتادا وردی نەکاتەوە بێسەروبەر ئەبێ .

ڕۆڵەی عەزیزم ، هەی نازدارەکەم !　**دەرمانی دڵەی بریندارەکەم !**
ئەگەر ئەتەوێ بژیت بە مەرام　**کار و وتارت ئارام بێ ئارام**
پەلەپەل مەکە لە واتە و ئیشا　**خۆت مەدە بەسەر تیری تەشویشا**
باران بەئارام بڕژێتە زەوی　**ئەبێ بە بەهرە بۆ بەرز و نەوی**
پڕ ئەکا لە فەڕ سەراسەر دنیا　**چ بۆ کشتوکاڵ چ باخ چ گیا**
ئادەمیزادیش وێنەی بارانە　**مادەم ئارام بێ فەڕی جیهانە**
ئینسانی هەڵە و پەلەپەل کردو　**خۆی و هاودەمی ئەفەوتێنێ زو**
ئیشی پەلەپەل شێوەی شەیتانە　**بنکەی دەرسەکەی لەلای شەیتانە**
ئەوەی نایەوێ توشی نەگبەت بێ　**پێویستە ئیشی لەسەر مۆڵەت بێ**
مەبەست دێتەدی بە پلەپلە　**پلە مۆڵەتە نەك پەلەپەلە**

بەماوەی شەش ڕۆژ خوای پەروەردگار	دنیای دروستکرد بو ژین و ژیوار
منداڵ کە داکەوت هاودەمی شیرە	لەپاش هەژدە ساڵ هاودەمی تیرە
بەڵێ ئەو ئیشەی بۆنی بە هەڵە	کەمەندی کێشی بە پەلەپەلە

★ ★ ★

ویستت قسەیەك گەر بکەی بەیان	یەکەم تێفکرە بە وردێ جوان
مەکینەی وردیت کە هێنایەکار	بۆ سوود و زیان ئەبێ بە میمیار
جا بەقەد پێویست بێرە گفتوگۆ	هەر حەرفێ صەرفێ دەرئەخا بۆ تۆ
کە چۆی بە ڕێدا ئاگات لە ڕێ بێ	بیری بەرودوای پێکانت پێ بێ
ڕێگا ڕۆیشتن بە ئەمن و ئەمان	ئەمنایە لە بۆ (عِبادُ الرَّحمان)

★ ★ ★

لە کردەوەتا بە تەئەممول بە	لەکاتی ئیشا بە تەحەممول بە
واتە و کردەوە بە پەلەپەل بن	لە دەدا هەشتیان ئەبێ موختەل بن
وتار و ڕەفتار ئەگەر ئارامن	بەردی بناغەی خانوی مەرامن
خەڵکێ لە مەعنا تێنەفکرێن ورد	ناڵێن بە چەند سات ئەو قسەیە کرد
نەظەرگای عالەم هەندەسەی ماڵە	ناپرسن بینا کاری چەند ساڵە
بە ماوەی دە ڕۆژ تیپی پەلەوەر	باڵ ئەگرنەوە هەڵئەفڕێن بۆ دەر
منداڵ بە دوو ساڵ دەست و پێ ئەگرێ	بە سێ ساڵ بە عیلم دنیا دائەگرێ

★ ★ ★

لەسەر بەراورد بەرگی ئەگبەتێ	تەمەڵێ و پەلە تان و پۆیەتی
تەمەڵێ مەکە و پەلەپەل لابە	ئەم جارە ئیشت ڕۆ لە صەوابە
هێمنێ فەرزە بۆ تۆ لە چەند شوێن	ئەگەر حەز ناکەی لە شەڕ و لە جوێن
یەکەم کە لەگەڵ کەسێکی نەفام	ئەبێ بە هاوڕێ و هاودەنگ و مەقام
نەفام بەردێکە وا لەناو ئاوا	کە پێت هەڵخزا ئەڕۆی بەناوا
دووهەم کە قینی هەستێ ستەمکار	هێمنێ فەرزە بۆ مەردی هوشیار
ستەمکار عەینەن وێنەی لافاوە	خۆی لائەدا لێی هەرکەسێ پیاوە
خۆتی لێ لادە تا دێت و دەڕوا	بۆئەوەی نەچێ بە زایە هەروا
ئارامێ ئینسان بەرەوڕۆی بێداد	بەختیارییە بۆ ئادەمیزاد
سێهەم ئەوکەسەی سەرۆکی تۆیە	هەر ڕۆژێ بۆ تۆ کاتێکی نۆیە
بە ساتێ گونجان خۆت ڕزگار ئەکەی	ئەم خەڵکەیشی لێ خەبەردار ئەکەی

★ ★ ★

بە مۆڵەت لەبەرد دروست ئەکرێ جام	بە زەحمەت ئۆممەت ئەگا بە ئەنجام

ئەو سەرقافڵـەیەی بەمۆڵەت ئەڕوا ئەشـگاتە شـار و دیتیشـەوە دوا
بەڵام ئەوکەسەی کـەو یەڵغار ئـەکا ناگا و چەنـد پشتیش بریندار ئەکا
ئەمە بۆ دەرسی (نامێ) بۆ ئـەییام هـەر زۆڵەی هێمن ئـەگا بە مەرام

گوڵی بیستەم ــ گوڵی بەراورد و لێکدانەوە

له بارەگای پـاك زاتی (ذو الاكرام)
ئەڕژێتـە سـەر دڵ بارانی ئیلهـام
ئەڵێ ئەی بەنـدەی بـەختیاری ورد
دەست مەکە بـە ئیش بە بێ بەراورد

پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرموێەتی :

التَّدبيرُ نِصفُ المَعيشَةِ ، والتَّوَدُّدُ الى النـاسِ نِصفُ العَقـلِ ، والهَمُّ نِصفُ الهَرَمِ .

واتە : تێفکرین لە ئەنجامی ئیش‌وکار نیوەی گوزەرانە و خۆ خۆشەویست کردن لای خەڵك بە ڕەفتار و کرداری باش بەشێکە لە هوشـیاریێ و خەفەت خواردنی بێ‌سود نیوەی پیریە .

ئەم فەرمودە بەرزە دەرسێکی بەسودە بۆ ئینسانی بەختیار چونکە ژیانی ئینسان بێ‌تێکەڵێ لەگەڵ خەڵك نابێ و ئینسان بە تەبیعەتی حاڵ ئەگەر لەپێش دەست کردنەوە بە ئیش ورد نەبێ و ئەنجامی کارەکەی لێك نەداتەوە ، توشـی گەلێ کوسپ ئەبێ . ئەو کۆمەڵە ئادەمیزادەی کە ئینسـانی تیا ئەژێ ، ئەگـەر ئەو ئینسـانە لەگەڵیا ڕێ‌نەکەوێ و بە خۆ و ڕەوشتی چاك خۆی تیا خۆشـەویست نەکا و خۆی نەباتە پێشـەوە ، ئیشی بۆ ناکرێ تیایدا و هەر بەهرەیێکی کۆمەڵایەتێ ببێ هەمۆی بەزایە ئەچێ و سود لە خـۆی نـابینێ . کەواتە پێویسـتە خۆی وردببێتەوە و ڕاوێژ بە زانایانی سەردەمەکەی بکا و ، بەهۆی بەراورد کردنـی ئەفرادەکانی ئەو کۆمەڵەوە کە تیا ئەژێ و لەگەڵیـانا بەسـەر ئەبا و بەهـۆی بەراوردکردنی ئەو ئیشانەوە کە ئەیەوێ بیانکـا ــ ڕۆنـاکێ بدا بە دڵی خـۆی بۆئەوەی بە چاوڕۆنییەوە بکەوێتە ئیشەوە و بڕواتە نـاو کوڕی تێکۆشـەرانی ڕێگای ژیانەوە .

بەراوردکردن یەکە هۆیە بۆ بەرچاوڕۆنێ ئادەمیزاد ، چونکە ئەگەر ئینسـان خۆوڕەوشتی کۆمەڵەیـەك نەزانێ نـاتوانێ ببێ بە هـاوڕێیان و پێـی نـاکرێ خزمایەتییان لەگەڵا بکا و پەیمانیان لەگەڵدا ببەستێ . گەلێ‌کەس هەن لە دوورەوە بەشۆرەت و دەنگ‌وباس باشن ، کەچێ لەپاش بەراوردکردنیان بە غـەیری ئەو

وەزعەی پێیت ناسیون ، بۆت ساغ ئەبنەوە . بۆیە پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ فەرموویەتی : « وَجَدْتَ النَّاسَ اخْبُرْ تَقْلَه » . واتە : وام بۆ دەرکەوتوە گەلێ کەس هەن ئەگەر بەراوردیان بکەی بەهۆی هەندێ ڕەوشتی ناپەسەندیانەوە دڵ زویر ئەبێ لێیـــان .

دەخیل بە داهۆڵ قەت غــەڕە نەبێ   بە دەنگی دەهۆڵ دەس‌خــەڕە نــەبێ
هەتـا نــەزانی ئــەرزێ بــە هێزە   ئاشنــای پـاچ و پێ‌مــەڕە نـــەبێ

بەراورد زۆر بەسوودە ، چونکە ئەبێ بەهۆی ئەوە لە کاکڵەی مەبەستەکەت بگەیت . بەراورد بەکار ئەهێنرێ بۆ خواردن و نوستن ، بۆ پیشە و کار ، بـۆ خزمایەتی ، بۆ ئاڵوویڵ کردن لەگــەڵ تەنهــا کەس و لەگــەڵ کۆمەڵـــدا ، بـۆ پەنابردنە بەر دوکتۆر لە دیاریکردن و چارکردنی ناساغیدا ، بۆ سەفەر لەگەڵ کردن ، بەتایبەتی بۆ پەیمان بەستن لە کاری گرنگ و ئەنجام‌دارا . گەلێ کــەس ئەکەی بە یــار و دڵدار و هاوقەتاری خۆت و وای‌تێ‌ئەگەی کەوا گیانی خۆیت لەپێناودا بەخت ئەکـا ، کەچی هەر ئەوەنــدە تەمــاعێکی خرایــە بەردەم وای بەسەردێ وەکو بەدرێژایی عومری نەیدیبێ . بۆیــە پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ فەرموویەتی : « وَجَدْتَ النَّاسَ كَـابِلٍ مِئَـةٍ لا تَجِـدُ فِيهـا راحِلَـةً » واتە : وام بۆ دەرکەوتوە کەوا کۆمەڵی ئادەمیزاد وەك کۆمەڵێ حوشــتر وایــە وشتری بە هێز و هەڵمەت و لەکارنەکەوتــوی تیــا نەبینــێ کە بۆ کــارپێ‌کردن بشێت . بەڕاستی ئەم فەرموودەیە دەرسێکی زۆر بەرز و بەسوودە و پێویســـتە ئادەمیزاد کەڵکی لێ وەربگرێ .

زیاتری کاتی دەرکەوتنی ئەنجامی بەراورد سێ کاتە . یەکەم : کاتی تەماعی دنیــا . دووهەم : کاتی ترس . سێهەم : کاتی هێرشی قین . هەرکەســێ لــەم سێ کاتەدا بەرچــاوی ڕوون بێ و خــۆی لێ ون نەبــێ ئەوە ئینســـانی تەواو و برادەری ڕاستەقینەیە . هەندێ لە زانایان وتویــانە بەراوردی برادەری ســـاغ بەوە ئەکرێ کە لەکاتی داماوێ و پەك‌کەوتنتا دەس‌بەردارت نەبێ و دەسگرۆیت بکا ، وەکو وتراوە :

کــاتی دامـــاوێ و کــزێ و بێ‌شـــانێ
بـــاش حــاڵێ ئەبــێ لە بــرای گیـــانێ

ئەم قسەیە دیارە ڕاستە ، بەڵام نیشانە پێشوەکان بەسن بۆ دیاری کردنی برادەری ڕاستەقینە و ئینسـانی ساغ ، چونکە برادەرێ کە بەرابەر بە تەمـــاعی دنیا و ترسی گیان و لەکاتی شەپۆلی ڕق و قیندا لەسەر پەیمان بمێنێ ، دیـــارە لەکاتێکیشـا کە کز و داماو بێ و پەکت بکەوێ دەست‌بەردارت نابێ .

(بۆئاگاداری) . بەراوردی تەواو کاتی زۆری ئەوێ. ئەو بەراوردەی سوودی

بۆ ئێمە بێ ، یا ئەبێ لە بەراوردی پێشینان وەریبگرین یا ئەبێ بە بەراوردێکی کەم بساچێنین . پیاوێ چۆ بۆ خزمەتی حەزرەتی عومەر خوای لێ ڕازێ بێ لە مەسەلەیەکدا شایەتێ بدا . حەزرەتی عومەر لێیپرسێ : تۆ دراوسێی ئەو کابرایەی ؟ وتی : نەخەیر . پرسێ : ئەی سەفەرت لەگەڵدا کردوە ؟ وتی : نەء . پرسێ : ئەی مامەڵەت لەگەڵدا کردوە ؟ وتی : نەء . فەرموێ : کەواتە بڕۆ تۆ شارەزای ڕەوشتی ئەو کابرایە نیت . لەبارەی پێویستێ کاتێکی زۆرەوە بۆ بەراوردێکی تەواو ، سەعدێ شیرازێ فەرمۆیەتی :

ئینسانی ژیر و بە وێڵ و کەماڵ دۆ عومری ئەوێ هەریەکێ صەد ساڵ
لە یەکەمیانا بەپێی بەراورد لە چەرخی زەمان تێفکرێ ورد ورد
لە دۆهەمیانا بەپێی مەعلۆمات بەجێی بهێنێ بۆ هات و نەهات

بەکورتێ هەرچەند ئادەمیزاد لە عومری خۆیا بە هەمۆ دڵخوازی خۆی ناگا، بەلام هوشیارێ و ئاگادارێ و بەراورد بەقەدەر حاڵ گەلێ بەسودە چ بۆ ئینسان خۆی و چ بۆ هاونیشتمانانی .

(بێدارێ) هەرچەند لەسەر بەراورد ، تەنیا کەسێ یا کۆمەڵێ کە لە بەراوردا دەرچن ، زۆر کەمە و بە چەند ساڵ ئەمە بۆ ئینسان ڕێناکەوێ ، بەلام مەبەست ئەوەیە تا ئەندازەیێ بۆی ڕێبکەوێ ڕەفتار بەگوێرەی بەراورد بکا باشە و لە بەراورد کراوەکانیشا زۆرباش و مامناوەندێ و پاشکەوتۆیش هەیە. جا تا زۆر باش دەست بکەوێ نابێ ئینسان زۆ لە مامناوەندێ و لە پاشکەوتۆ بکا. ئەوەیش پێویستە کە بزانین ئەبێ ئادەمیزاد هەمیشە چاوپۆشێ هەبێ ، ئەگینا لەگەڵ باوك و دایك و برا و خوشك و کەس‌وکاریشیا هەر بە دڵخوازی خۆی ناگا .

ڕۆڵەی عەزیزم ! بە بیرێکی ورد بڕوانە بۆ ڕۆژ لەسەر بەراورد
هەتا تێبگەی لە وەزعی جیهان تا دەرکەوێ بۆت ئەسراری پەنهان
ئەوەی ئەیبینێ بە بینایێ چاو هەر ڕۆی ئەمدیوە نەك ڕۆی دیوی ناو
ئەودیو تێئەگەی بە بەڵگە و دەلیل بە بەراورد و تەمیز و تەحلیل
لەسەر تێکەڵێ و مامەڵەی بازاڕ بە دراوسێتێ و سەفەر و ئازار

★ ★ ★

دایەن ئەزانێ سروشتی منداڵ هاوماڵ تێئەگا لە حاڵی هاوماڵ
لە بەهارانا کێو و دەر و دەشت بە گوڵ و گوڵزار ئەبێ بە بەهەشت
مەرج ئەوەتانێ کە مانگی ئەیلۆل نەبێ بە گەرد و تۆز و تەمەڵۆل
هەتا سەربەرزی ، برا برایە بۆ ڕۆناکێ تۆ وێنەی چرایە
کاتێ سەرکز بۆی برایێ ئەبڕێ پێیبکرێ ئەڕوا وەك بە باڵ بفڕێ

★ ★ ★

که لێت‌هەڵسوڕا چەرخی زەمانە بڵاوە ئەکەن ئەو برایانە
دنیای گۆشادت لەسەر تەنگ ئەبێ ڕۆژت بە وێنەی شەوەزەنگ ئەبێ
نە دۆست نە برا نە ئاشنایە نە کاکە کاکە و نە (مەولانا)یە
ڕەحمەت لەو کەسە بەڕۆی حەقیقەت فەرمۆی بەشێوەی طەوری طەبیعەت
شەو حاڵێ ئەبێ چرا لەکوێیە شەڕ حاڵیت ئەکا هاوبەشت کێیە

★ ★ ★

کەواتە فەرزە بەراوردی مەرد بۆ فەرقی ڕێوێ و شێرانی نەبەرد
هەرکەسێ کوڵك و مۆ شێ کاتەوە کایێ بە کێوێ لێك‌بداتەوە
هەتاکو ئەمرێ نابێ بە ئینسان تۆ چۆن دای‌ئەنێی بە خاوەن ئیحسان
بەڕاستێ جیهان خەرمانی کایە کەمێکی ساغە و ئەوی‌کەی بایە

★ ★ ★

بەڵێ نایابە پیاوی بێ نوقسان وەکو نایابە ئیخلاص و ئیحسان
کەس نیە بەشێ نوقسانی نەبێ لە ڕۆژی ڕەشا ترسانی نەبێ
کەماڵ ئەوەیە صورەت و سیرەت هەردوو تەواو بن لەسەر بەصیرەت
ئەویش ڕەهبەری فەردی مەعصومە کە لەلای خودا وەزعی مەرسومە
کەوایە نیسبەت لە واجباتە پایە ڕاگرتن لە موهیمماتە

★ ★ ★

برایێ بیر و باوەڕی چیا بێ پایەی پیاوەتێ و فەڕی باڵا بێ
ئەوە لە عورفا پیاوی زەمانە شایانی شکۆ و مەرتەبە و شانە
لە خوی شیرینە دڵ و دەم پاکێ وەفا و ئینساف و ناوچاو ڕوناکێ
ئەمەیە بۆ تۆ ڕێکەوتی ئیمکان لَیسَ فِي الامکانِ ابدَعُ مما کانَ
وەرنە گەر دۆستی زۆر ڕاست ئەوێ یاری بەوەفا و ئیخلاصت ئەوێ
بێ بە فیدای بەژن و باڵای تۆ ڕاوەستێ لەلای سایەی ئاڵای تۆ
بە پێ بگەڕێی ئەم ڕوی دنیایە دەستت ناکەوێ هەتا هەتایە
ڕەهبەری نازدار سەرچاوەی ئەنوار سەلامی لێ بێ هەزاران هەزار
ئەمەی فەرموە بۆ دەرسی هوشیار بیکا بە سەرمەشق لە ڕوی ڕۆژگار
وا حاڵێ بووم ئەم خەڵکە وەهان زۆر لە یەك جیان ئاشکرا و پەنهان

★ ★ ★

جا ئەبێ ئینسان دڵی گۆشاد بێ بە یاری (لاباس) دەرونی شاد بێ
پێویستە ئینسان کە خەتاپۆش بێ بۆ پاسی ئولفەت زۆر جەفانۆش بێ
وەفا ڕابگرێ بە قەدری ئیمکان چ بۆ حاضران چ بۆ غائیبان

بـۆ غائیب نـامە و دیـاریَ و دیدار　　بۆ حاضر لوطف و شیرینیَ ڕەفتـار
کاتیَ نەخۆش‌کەوت زوَ بڕۆی بۆ لای　　هـاتوکۆچی‌کرد حاضر بیَ لـەدوای
موشکیلیَ ڕۆیدا لەلای حـازر بـیَ　　بـۆ ئەمـانەتی بـە دڵ نـاظر بـیَ
بۆ پاشکەوتوان هەرچەند بۆت ئەکریَ　　خزمەتـیَ بکـە کـە جیَگـە بگـریَ
لەکـاتی باسـا چیت بە بـاش زانیَ　　ئەوەی بـاس بکـە هەتـا ئەتوانـیَ
دوعای لیَ‌خۆش‌بوَن خیتامی میسـکە　　بـرا وانەبـیَ بـە وێنـەی نیسکـە
ئەمەبۆ دەرسـی (نـامیَ) بە وردیَ　　مەردی ئەگـەر زۆ لـە بـەراوردی

گوڵی بیست‌ویەکەم ـ گوڵی دۆربینیَ

خوا بە سـورمەی فـام دڵیَ بڕەژیَ
ئەو دڵـە ئەوزاع پوختـە ئـەبیَژیَ
بیَجگە لەو چەرخەی کە تیایا ئـەژیَ
بۆ پاش مردنیش درەخت ئـەنیَژیَ

پیَغەمبەری نازدار فەرمۆیەتی :

اِذا ماتَ اِبْنُ آدَمَ اِنقَطَعَ عَمَلُهُ اِلا مِنْ ثَلاثٍ ، صَدَقَةٍ جارِيَةٍ ، وعِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ ، اَوْ وَلَدٍ صالِحٍ يَدْعو لَهُ .

واتە : کە ئادەمیزادی موسولمان کۆچی دوایی کرد ، پاداشـی کرداری ئەبڕیَ و هیچ خیَریَکی بۆ ناڕوا لە یەکیَ لە سیَ ڕیَگاوە نەبیَ . یەکەم : خیَریَکی نەبڕاوە کە پاش مردنیشی پایەدار و بەردەوام بیَ . دۆهەم : زانسـتیَ کـە لە ماوەی ژیانیا بە دەرس بە موسولمانانی گەیاندبیَ و ئەوان پاش ئـەو کەڵکی لیَ وەربگرن . سیَهەم : کوڕیَك یا کچیَکی چـاك و کردار پاکی لەپـاش بەجیَ‌مابیَ دوعای خیَری بۆ بکەن و لە خوا بپاڕیَنەوە بۆی کە بیبوریَ و لیَی خۆش بیَ .

با لەم شویَنەدا کەمیَك لە وشـەی (صَدَقَة جارِيَة) ورد ببینەوە کە واتە خیَری نەبڕاوە ، تا حالیَ ببین کە خیَری نەبڕاوە لقی زۆری لیَ ئەبیَتەوە .

یەکەم زیندوَکردنەوەی سونتەتی پیَغەمبەر درۆدی خوای لیَ بیَ ، یەعنیَ لە چەرخیَکدا کە سونتەتی پیَغەمبەر هەندیَکی فەرامۆش کرابیَ و ، یـەکیَ ببیَ بەهۆی زیندوَ کردنەوەی ئەو سونتەتە فەرامۆش کراوانـە و هـۆی جیَ‌بەجیَ کردنیان ، ئەوە ئەوکەسە تا ڕۆژی قیامـەت لە خیَری هـەمۆ ئـەو کەسانەدا خاوەن‌بەش ئەبیَ . بۆنمۆنە وەکو نویَژی شەونویَژ کە ئیستا لە گەلیَ شویَندا پشت‌گویَ خراوە و ناوی نەماوە ، یا وەك بەکارهیَنانی سیواك لەپیَش نویَژ کردن

یا لەکاتی نوێژ دابەستنا کە ئیستا زۆر کەم بوەتەوە ، یا وەك نوێژی چێشتەنگا (صلاة الضحی) و ، نوێژی بەینی مەغریب و عیشا (صلاة الاوّابین) و ، وەکو دانیشتن ڕوو بە قیبلە لەبەینی بەرەبەیانو ڕۆژهەلاتندا و لەبەینی ڕۆژاوابون و نوێژی نوستنانا و ، وەکو قورئان خوێنـدن لە هەمو ڕۆژێکا و ، وەکو قورئان فێرکردن بەمندالَ کە ئیستا تەنها لە چەند جێگایەك بایەخی ئەدرێتێ .

لە بابەتی مالَ و پارە خەرجکردنیشـدا وەکو وەقف کردن بۆ مزگـەوت و قوتابخانەی ئاینێ و خزمەتکردنی ئەوکەسانەی چـویان نـابینێ و ئەیـانەوێ قورئان لەبەربکەن و ، وەکو هەولدان بـۆ کوژاندنەوەی هەرا و ئاشوب لەنێوان موسولمانانا و ، وەکو یارمەتیدانی پیـاوی بەشەرەفی لێقەوماو .. ئەمانە هەمو بەر صەدەقەی نەبڕاوە ئەکـەون . واتە با ئەسـلی ئیشـەکە خۆیشی ببڕێتەوە ، تازەکردنەوەی ئەم ئوسولانە کە بەشێکن لە ئـادابی موسولمانەتێ ، ئەبێ بە صەدەقەی نەبڕاوە . جا ئەگەر موسولمانێکی خاوەن دەست یا کۆمەلە موسولمانێکی بەحورمەت یارمەتی یەکتری بدەن بۆ زیندوکردنەوەی ئەم ئادابانە ئەوە خێرەکەیان نابڕێتەوە .

تەماشاکردنی ئەم کارانە بە دوربینێ ئەژمێررێ چونکە خاوەنەکەیـان بـۆ دور ئەڕوانێ و ئەلێ ئەگەر ئێمە لەم فرسەتەدا ئەم کارانە نەکەین ، نەتەوەمان بۆ پاشەڕۆژ بەجارێ لەم کردەوانە دورئەکەوێتەوە و ولاتەکـەمان پەیوەندی بە موسولمانەتییەوە نامێنێ . بە بیری من گەورەترین کارێکی لەم چەشنانە کـە ئیستا پێویست بێ لەسەر موسولمانان بیکەن بریتییە لە کردنەوەی قوتابخانەی ئەهلێ بۆ خوێندنی قورئان و فێربونی عەقیدە و باوەڕی ئیسلامەتێ و بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت و جەماعەت و فێربونی ڕەوشتی موسولمانانە . لە ولاتانی وەکو هیندستان و پاکستان و مالیزیا و ئەندەنوسیا و گەلێ شوێنیتردا ئـەم جۆرە قوتابخانانەیان کردوەتەوە بۆ خوێندنی نەك تـەنها قورئان بەلـکو بۆ خوێندنی تەفسیری قورئان و حەدیث و شەرع و ئەو عیلمانەیتریش کـە پێویسـتن بۆ موسولمانان و بەهۆی سندوقی یارمەتییەوە ئەوەندە پارە کۆئەکرێتەوە بەشی مەسرەفی قوتابخانە و مامۆستا و قوتابییەکانیش بکات .

ئەگەر لە هەر شارێکا لیژنەیەکی موناسب لە موسولمانانی دەولەمەند و دو سێ مەلای باش و باوەڕ پێکراو پێك بێ ئەم ئیشە بەئاسانی جێبەجێ ئەبێ . مەسـەلا لە قەزایەکدا کە بە خۆی و دەور و پشتیەوە دو هەزار کەسێکی تیابێ هەریەکێ لەم موسولمانانە ڕۆژی دە فلس بـدەن بۆ سـندوقی خێراتی دینێ و زانستێ ئەوە لە هەمو مانگێکا شەشصەد دینار کۆئەبێتەوە . ئەمـە بێجگە لە خێراتیتری موسولمانان . بەمجۆرە بە ماوەیەکی کـەم لـە هـەر قەزایەکدا خوێندنگایەکی گەورەی ئاینێ ئەبرێ بـەڕێوە . موسـولمانانی ولاتان لە ئێمە

دوربین‌تر بوون چاویان لە پاشەڕۆژی گەلەکەی خۆیان بوە ، بۆیە لە دیندا پێش‌کەوتوون وەك لە کاروباری دنیایشدا پێش‌کەوتوون .

لە دووربینییە بۆ دین و دنیا ئەم خاڵە باشانەی وا لێرەدا ئەیانووسین :

یەکەم : هیچ تاقە کەسێك و هیچ کۆمەڵێ لە موسوڵمانان دەس‌بەرداری پەروەردەکردنی منداڵی خۆیان نەبن و ئەو هونەر و پیشە و زانستانەیان فێربکەن کە ئەبن بەهۆی ژیانی دوارۆژ و سەرکەوتنیان بەسەر ئامانجی ڕاست و بەجێی خۆیاندا .

دووهەم : هیچ‌کەسێ یا هیچ کۆمەڵێ لە موسوڵمانان دوژمنی دین و نیشتمانیان بە سووك و بێ‌ئەندیشە تەماشا نەکەن ، چونکە هەر کەمە و زۆر ئەبێ و هەر شتی سووکە قورس ئەبێ و هەر داماوە دەسەڵات پەیدا ئەکا ، لەبەرئەوە کە دنیا لەسەر بناغەی تێکۆشان دامەزراوە و خوایش یارمەتی ئەوکەسانە ئەدا کە هەوڵ‌ئەدەن و تێ‌ئەکۆشن و هەلیان بۆ ڕێك‌ئەخا .

سێهەم : هەر کارەساتێ کە ئینسان ترسی ئەوەی ببێ ڕۆبدا و ببێ بە کۆسپی ڕێگای ژیان و سەرکەوتن ، هەر لەپێش ئەوەدا کە سەر هەڵبدا هەوڵ‌بدرێ بۆ چارکردنی چونکە لەپێش پەرەسەندنی هەر شتێکدا چارکردنی ئاسانە ، بەلام کە ڕۆی‌دا و بەهێز بو چاری گرانە .

چوارەم : ئادەمیزاد لەگەڵ هەر هاوماڵ و هاونیشتمانێکدا دڵ‌عاجزییەکی هەبو و دوژمنایەتی لەگەڵدا کرد ، هەر لەو کاتەدا چاوی لە ڕۆژی دۆستێ ببێ و بەشی ئەوڕۆژەی تێدا بهێڵێتەوە . یاخود ئەگەر دۆستێ لەگەڵدا کرد ئەوەندە زیادەڕەوی تیا نەکا و بەشی ڕۆژێکی پێچەوانەی تیا بهێڵێتەوە .

پێنجەم : ولاتێکی‌وا نەکا بە نیشتمان کە یاسا و نەریتی خراپ تیا فەرمانڕەوا بێ و ، لەگەڵ پیاوی ناپیاوا نەبێ بە هاوماڵ و شەریکی موعامەلە و نەیکا بە هاوڕاز و نیازی خۆی ، چونکە ئەنجامی ئەمانە هەمو بە زیان تەواو ئەبن .

شەشەم : هەر موعامەلەیەك کە ئەهمیەتی ببێ یا نەیکا ، یا هەرچێ پێویستییەکی هەیە هەموی بەجێ‌بێنێ چونکە دەردی‌سەری یەکەمجار لە دەردەدڵی سەرەنجام گەلێ چاترە .

حەوتەم : ئینسان لەبەر ناچاری و داماوییەکی زۆر بێ‌ئەندازە نەبێ پەنا نەباتە بەر ئینسانی نامەرد ، چونکە کلکەی پەنابردنە بەر نامەرد هەرگیز نابڕێتەوە ، وەکو مەشهورە ئەڵێن : « بدە لە ئاو بتبا ، مەدە لە پردی نامەرد » . هەرچەند ئەمڕۆ گەلێ‌کەس ئەم قسەیە بە ڕاست نازانن و لایان‌وایە بە هەر بارێکا بێ هەر مودارا چاترە .

هەشتەم : ئەوەیە ئینسان لەناو موڵکی غەیرەدا بینا و باغ و بێستان و تەعمیراتیوا نـەکا کە مەنعی بکا لە کۆچکردن لەو موڵکە یاخـود ئەگەر ویستی دەرچێ ئەو بـاخ و موڵکەی لە دەسـت وەربگرن . شـارەزایان هەمـوو ئەم خاڵانەیان بە دووربینیێ ژماردوە .

نۆهەم : ئەوەیـە ئینسـان بە لاف و گەزافی دۆسـت و بـرا و خزمـان دەستخەڕۆ نەبێ و هەمیشە تەماشای هێزی عیلم و زانست و توانا و دارایێ خۆی بکا ، چونـکە ئینسـان لە ژیانا لەسەر غەیری خوای تەعـالا و شان و قابیلەتی خۆی بەولاوە ، نابێ پشت بە کەس ببەسـتێ . هەرچەنـد یـارمەتێ بەسوودە ، بەڵام بە بەراورد دەرکەوتوە کە ئەوجۆرە یارمەتییانە هەموو وەختێ و بۆ پشت پێ بەستن ناشێن .

دەهەم : هەڵبـژاردنی پیاوی ژیـر و ئەمین و لێهاتوو بۆ هـەر کارێ کە ئەتەوێ بە کەسێکیتری جێبەجێ بکەی .

ڕۆڵـەی شـیرین و بینـایێ چـاوم   هێزی دوو ئەژنۆ و بەنـدی هـەناوم
جیهان بە وێنەی ڕەزمگـای جەنگە   ئادەمێ بێ چـەك مەیـدانی تەنـگە
ئەبێ دوور بـین بێ بە هەمـوو حاڵێ   با ئـاگادار بێ لـە هەمـوو قـاڵێ
دڵی دووربینـان وێنـەی دووربینـە   وەزعـی سـبەینێی لـەلا یەقینـە
دووربینـێ بـۆ دڵ دووربینـی جامـە   بینینـی ئـەمڕۆی وەکـو ئـەنجامە
ئەنجامی ئـەوزاع کەوتە بـەر نەظەر   زوو چارەی ئەگرێ بە بێ دەردی سەر

★ ★ ★

هەمیشـە تـەگبیر لـە تـیر چاترە   خاوەنی تـەگبیر هەر خۆی ظـافیرە
کە تیر و تەگبیر بـۆت بوون بە ڕەفیق   ئینجا بڕوانـە بـۆ تـاوی تەوفیق
خۆت بەدەستی خۆتوەربگرە دەرمان   تیمـاری بکـە ناسـۆری زامـان
کەس ناخورێنێ وەکو خـۆت پشتت   بۆت تیمـار ناکا برینـی زوشـتت
هەتا پەنجەی خۆت پشتت بخورێنێ   پشتت بە منـەت خـۆی ئەنموێنێ
جـا ئاگاداربـە پشـتت نـەخورێ   پاك بێ تـا باری منەت هەڵنـەگرێ
دوو چـاو پێویستە لـەبۆ دووربینان   چاوێ بۆ ژیـان ، یەکێ بـۆ ئیمـان
جا چونـکی ژیـان وا لـەبـەرچاوا   باسی پێش ئەخەم لـەم پەڕە و ناوا

★ ★ ★

تۆ نەوەی باوکی خاوەن شـمشێری   نەتـەوەی شێری شـەرزەی دلێری
تێناگـەم بـۆچێ ئـەبێ بە ڕێـوێ   یا بۆچێ ئـەبێ بـە وەحشی کێوێ
دنیـا دەشتێکە بـۆ گەلی گیانـدار   هەرکام بە توانای تیـا ئەگرێ قەرار
هەرکەسـێ بژێ بـە هێزی بـازوو   بۆ خـۆی ڕائـەگرێ وەزن و ترازوو

ئەخاتە بەرچاو سەنگ و سوکی خۆی هەتا کەرامەت دابمەزرێ بۆی
کەواتە فەرزە پێویستی ژیان ئامادە بکەی بە هێزی گیان

★ ★ ★

یەکەم پێویستە نانێك و شانێ بە پیشە و صەنعەت بۆ نیشتمانێ
تا خۆت و یاران بحەسێنەوە وەکو شەمشەمە نەسوتێنەوە
دوهەم پێویستە ئاگات لە خۆت بێ نەوەك هێرشێ بە ڕاسەرتۆ بێ
شیر و قەڵفانی باوکی مەردی خۆت بکەیتە شانت بۆ نەبەردی خۆت
هەرکەس بێ شیرە حەلوا ناتۆشێ پیاوی بێ کەللە کالا ناپۆشێ
چاوی دوهەمیش بڕوانێ بە دڵ بۆ حەقپەرستێ تا ئەڕۆیتە گڵ
هەرکەس ون بکا ڕێی حەقپەرستێ بەرەو لێژ ئەڕوا سەر بەرەو پەستێ
ناسینی خودا پیشەی مەردانە خوانەناس دائیم هەر سەرگەردانە
خوداناس لەسەر نیعمەتی خودا سوپاس گوزارە لە ڕۆژ و شەوا
لەسەر مەینەت و قەزای نازڵ بۆ خۆ ئەگرێ بە دڵ تا بۆی دێ دەرۆ
بەڵ ئەو مەینەتە لای ئەو نیعمەتە بۆ پاشەڕۆژی مایەی ڕەحمەتە

★ ★ ★

خۆگرتن بە دڵ قەلای ژیانە مایەی حورمەتە و ڕەحەتی گیانە
موسوڵمان نابێ پاڵ بداتەوە بۆ پاشەڕۆژی لا نەکاتەوە
دنیا ڕێبازە بۆ جیهانی نۆ توشەی ئەو دنیا پێویستە بۆ تۆ
ڕەهبەری نازدار سەری سەرداران سێ شتی دانا بۆ ئاگاداران
یەکەم ئەو دوعا کە نەتەوەی تۆ بینێرێ بە دڵ بۆ ڕزگاری تۆ
دوهەم ئەو عیلم و ئامۆژگارییە لە دەمی تۆوە یادگارییە
سێیەم خێراتێ بمێنێتەوە مردو بەو خێرە ئەحەسێتەوە

★ ★ ★

لە وەقفی باخێ یا زەوی‌وزارێ مزگەوتێ ، پردێ ، خانوی بیمارێ
پاداشی ئەمە لەپاشی مردن وەك ملوانکەی گوڵ ئەیکەیتە گەردن
فەرموودەی حەزرەت بۆ موسوڵمانان وەها هاتوە و گەییوە پێمان
« خَیْرُ الأَمْوالِ عَیْنٌ ساهِرَةٌ لِنائِمَةٍ » مەعنای ظاهیرە
واتە چاکترین ماڵی هەڵکەوتو چاوی بێدارە بۆ چاوی نوستو
لە چاوی بێدار مەبەست خێراتە لە چاوی نوستوش چاوی ئەمواتە
ئەگەر ئەو ماڵە داگیریش بکرێ خێرەکەی هەمو بە مردو ئەدرێ
چونکە ئەمانە بە بێ کەیف و کەم بە کردەوەی خۆت ئەدرێنە قەڵەم
بەڵام ئەو خێرەی کەسێك ئەینێرێ شەرع بە ئیحسانی ئەوی ئەژمێرێ

★ ★ ★

ئـەگەر ئەپرسێ لـە یاسای شەرعا　　لَيسَ لِلاِنسـانِ اِلا مـا سَـعى
کەوابــێ خێــرێ کەســێتر بیکــا　　چلـۆن بـە ڕۆحــی مردوٚیەك ئەگـا
ئـەڵێم لـــە دینـا یاســـا دوانــە　　یەکەمیان عەدلــە ، دوٚهەم ئیحسانە
هەرچێ خۆت بیکەی یـا بەهۆی تۆیە　　کردەوەی خۆتە ، عەدلە لـەو جێیە
ئەوەیش کە خەڵکێ ئەیکەن بۆ ئینسان　　ئەگا بە مردوٚ بە یاســای ئیحســان
قــاپێ ئیحســانی خــودا گوشــادە　　هەر بەو قاپییــە دەروٚنمــان شــادە
بەســـتنی دەرگــای ئیحسانی خودا　　مەحــاڵە مەحاڵ مەکـەوە ســەودا
کفری لێ دەرکـە خەرمانی تــاوان　　ســاتێ ئەســوٚتێ بە نوٚری ئیحسان
ئەگەر بە دوٚ چاو لە چــاوی دوٚربین　　بژیت ئەگەیێیت بـە دنیا و بـە دین
ئەمـەیە دەرســی باســی دوٚربینێ　　ئەگــەر بتـەوێ ڕاســـتێ ببینــێ

گوڵی بیستودوٚهەم ــ گوڵی ئاگاداری

ئەنـوار ئەبارێ بەســەر یارانا
بەسەر کۆمــەڵی خەبــەردارانا
دڵی خەبــەردار بە ئاگــاداری
خەڵات وەرئەگرێ لە ذاتی باری

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا فەرموٚیەتی :

اِنَّ فِي ذٰلِكَ لَذِكْرٰى لِاُولِى الاَلْبابِ

واتە : بەڕاستێ لە بەیان و دەربڕینی ئەوەدا کە باسمان‌کرد بیرکردنەوەیەکی سوٚدمەند هەیــە بــۆ ئەوکەســانەی خاوەن مێشـــك و دەمــاغن . مەبەســتی لەوکەسانەیە کە خاوەنی عەقڵی ئاگادار و خەبەردار و وردبینن .

ئاگاداری و دەمــاغی ساغ بۆ ئادەمیزاد زۆر بەسوٚدە ، بەڵکــو ئینسـان ئەتوانێ بڵێ هەرچێ سوٚدێکی مایەدار بۆ ئینسان پەیدا ئەبێ لە ماوەی ژیانیا ، هەموٚی بەهۆی دەماغ و ئاگاداریەوەیە و ، ئەگەر بە هەڵکەوت بێ و کابرا خۆی دەماغی نەبێ ئەو دەسکەوتەی بێ‌سوٚد ئەڕوا و قازانجی نابێ .

ئینسـانی ئاگــادار و دەماغدار وەکو ئەندازیارێکی بەرز چــۆن کە سەیری کۆشکێك بکا ئەزانێ توانای مانەوەی چەند ساڵی هەیە ، یا وەك دوکتۆرێکی شارەزا چۆن کە تەماشای نەخۆشێ بکا ئەزانێ نەخۆشییەکەی چیە ، یا وەك زانایەکی پایەبڵنــدی کان شناس چۆن تەماشای خاکێك بکا ئــەزانێ چ‌کانێکی پێوەیە ، یا وەکو ئاسمان‌شناس و لە هەوا زانێکی وریا چۆن بە چۆنیەتێ گۆڕانی

هەوا ئەزانێ ، ئەمیش هەروا بە دەرد و دەرمانی خۆی و کۆمەڵی دەوروپشت و وڵاتانی‌تر ئەزانێ .

لەسەر ئەم ئوسوڵ و یاسایە تاقە ئینسانێکی ئاگادار لە هەر کۆمەڵێکا بێ ، ئەگەر خەڵکەکە بە گوێی بکەن و بە ڕاوێژ و تەگبیری ئەو بجوڵێنەوە و بڕۆن بەڕێدا ، ئەوا سوودێکی باش لە بوونی ئەوکەسە لەناویاندا وەرئەگرن .

ئاگاداریێ بەگوێرەی مەعلومات چەند جۆرێکی هەیە . یەکەم : ئەوەیە ئینسان ئاگادار بێ لە بیروباوەڕی خۆی و ئەو بیروباوەڕەی کە بەهۆی حەقیقەتی یاسای ئیسلامەوە وەری‌گرتوە و لەدڵیا دامەزراوە بە شوبهەی پیاوی بێ‌باوەڕ تێك‌نەچێ و ئاگادار بێ نەهێڵێ ئەو شوبهە فرۆشانە بە فکری ناپەسەند دڵی نەخۆش بخەن و بیروباوەڕەکەی بفەوتێنن و تۆشی گرێ و گۆڵی نەفسێ بکەن . هەروا ئاگای لە کردەوەی خۆیشی بێ ، هەر واجباتێ و هەر سوننەتێ کە ئەیکا بەپێی ئوسوڵی دین بیکا و خۆی لە هەر کردار و گوفتارێکی ناڕەوا و ناپەسەند دووربخاتەوە . بەکورتێ موحاسەبەی نەفسی خۆی بکا وەك چۆن خاوەن‌ماڵ حیسابی خەرج و مەسرەف لەگەڵ خزمەتکاری خۆی ئەکا . لەسەر ئەم ئوسوڵەیە وتراوە : « حاسِبْ نَفسَكَ قَبْلَ انْ تحاسَبَ » . واتە : لە نەفسی خۆت بپرسەرەوە بەرلەوەی لێت‌بپرسنەوە واتە بەر لەوەی بمرێ و بکەویتە بەر حیساب و لێ‌پرسینەوەی قەبر و قیامەت و حوزووری خوا .

دووهەم : ئەوەیە ئینسان ئاگاداربێ لە ئەحواڵی پەیوەندی خۆی لە گەورە و بچووك بەئەندازەی حاڵی خۆی ، وەکو پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « كُلُّكُمْ راعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْؤولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ ، وَالرَّجُلُ راعٍ في اَهْلِهِ وَهوَ مَسؤولٌ عنْ رَعيَّتِهِ ، والمَرأةُ راعيةٌ في بَيْتِ زَوجِها وهِيَ مَسْؤولَةٌ عَنْ رَعيَّتِها ، والخادِمُ راعٍ في مالِ سَيِّدهِ وهوَ مَسْؤولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ ، وَالرَّجُلُ راعٍ في مالِ أبِيهِ وَهُوَ مَسْؤولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ ، فَكُلُّكُمْ راعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْؤولٌ عنْ رَعِيَّتِهِ » . واتە : موسوڵمانینە ! ئێوە هەموتان چاودێرن و هەموتان بەرپرسن لەو شتەی وا لە چاودێریتانا . سەرکردەی هەمو موسوڵمانان چاودێری هەمویانە و بەرپرسە لە هەمویان . پیاو چاودێری خێزانی خۆیەتی و بەرپرسە لە هەمویان . ژن چاودێرە لە ماڵی شوەکەیدا و بەرپرسە لە ماڵی شوەکەی . خزمەتکار چاودێرە لە ماڵی گەورەکەیا و بەرپرسە لە ماڵی ئەو . پیاو چاودێرە لە ماڵی باوکیا و بەرپرسە لە ماڵی ئەو . کەواتە هەموتان بەرپرسن لەوەی لە چاودێریتاندایە . بەڕاستێ ئەم فەرمودە بەرزە گەلێ دەرسی بەنرخی‌وای تیایە ئەگەر ئینسان بەڕاستێ جێ‌بەجێیان بکا هەموکەسێ لە سێبەری ئارامێ و هێمنیدا ئەژێ و سەربەرزێ هەردو دنیای دەسگیر ئەبێ .

سێهەم ئەوەیە ئینسان ئاگادار بێ لەوە کە خەڵکێ دەربارەی بەردەست و پەیوەندی بەهەڵەیدا نەبەن . واتە : هەرکەسێ کۆمەڵێ لە بەردەستیا بێ وەکو پیاو بەنیسبەت ژن و منالیەوە و سەرۆکی خوێندنخانە بەنیسبەت قوتابییەکانیەوە و گەورەی ئاوایێ بەنیسبەت خەڵکی ئاواییەوە و کاربەدەستی ناوچە بەنیسبەت خەڵکی ناوچەکەیەوە و غەیری ئەمانە ، ئاگایان لەوە بێ کەوا هەمیشە کەسانی ئاژاوەگێڕ و ئاشوبخواز بە درۆ و دەلەسە باسی خەڵکیان لا ئەکەن و هەواڵی خراپیان لەبارەیانەوە بۆ ئەگێڕنەوە و دڵیان لە ژێردەستەکانیان کرمێ ئەکەن و ئەیانەوێ وایان لێبکەن زیان بەوکەسانە بگەیەنن . لەمکاتەدا ئاگاداریێ و دەماغی ساغ بۆ ئەو گەورانە ئەوەیە هەروا بەئاسانێ قسەی ئەو کەسە فیتنانەیان نەچێ بەگوێدا و باوەڕیان پێنەکەن و بکەونە لێکۆڵینەوە تا کاکڵە و پوختەی مەسەلەکەیان بۆ دەرئەکەوێ . جا ئەگەر ئەو قسانەیان بۆ بەڕاست دەرچوو ئەوا چێ پێویستە ئەیکەن . ئەگەر بە درۆیش دەرچوو ئەوا تۆڵەی پێویستی ئەو کابرایانە بدەن کە درۆکەیان بۆ هێناون بۆئەوەی کەس نەتوانێ بە بێگوناه کەسێکیتر بکا بەداوەوە .

خوا لەم بابەتەوە فەرمویەتی : « یا اَیُّها الَّذینَ آمَنُوا اِنْ جاءَکُمْ فاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبیَّنُوا ، اَنْ تُصیبُوا قَوْماً بِجَهالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلی ما فَعَلْتُمْ نادِمینَ » . واتە : ئەی ئەوکەسانەی کە باوەڕتان بە ئاینی ئیسلام هەیە ئەگەر کابرایەکی گوناهبار هەواڵێکی خراپی دەربارەی کەسێك یا کۆمەڵێك بۆ هێنان ، بکەونە کۆڵینەوە و پەیجۆر بۆئەوەی بزانن ئەو هەواڵە ڕاستە یا درۆیە ، نەوەك لەخۆڕایێ و بە نەزانێ کۆمەڵێکی بێتاوان تۆش بکەن و پاشان لەو کردەوەی خۆتانە پەشیمان ببنەوە و هەڵەکەی خۆتان بۆ چار نەکرێ . ئەم ئایەتە پەندێکی پڕمەعنایە لەبارەی چۆنیەتێ هەڵسوڕاندنی کاروباری کۆمەڵەوە و تێمان ئەگەیەنێ بۆ حوکمدان بەسەر خەڵکا لەخۆڕایێ شوێنی قسەی خەڵك نەکەوین .

چوارەم : ئەوەیە ئینسانی ئاگادار بە فڕوفێڵی کەسانی فێڵباز هەڵناخەڵەتێ ، چونکە هەمیشە لێکۆڵینەوە و وردبونەوە ئەکا بە چرای دەستی خۆی و چێو لە تاریکێ ناکوتێ ، چونکە ئینسانی بەقیمەت بەتایبەتێ سەرۆك ئەگەر هەڵبخەڵەتێ بۆ خەڵك ، ئەو وڵاتە یا ئەو شوێنە کە ئەو گەورەیەتی ، ئاسایشی لێ ئەبڕێ و وێران ئەبێ . ئەگەر هاتو جارێکیش لەبەر دڵسافێ و نیازپاکێ پێی هەڵخەڵەتا ، جارێکیتر پێی هەڵناخەڵەتێ ، وەکو پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « لا یَلْدَغُ المُؤْمِنُ مِنْ جُحْرٍ واحِدٍ مَرَّتَیْنِ » . واتە موسوڵمان دوو جار لەکونێکەوە مار نایگەزێ . مەبەستی لەوەیە موسوڵمان ئەبێ هوشیار و ئاگادار بێ و بەهۆی یەك شتەوە دوو کەڕەت تۆشی زەرەر و زیان نەبێ . مەسەلەی کوردێ ئەڵێ : جارێکیان هەڵخەڵەتاندم خوا بیانگرێ ،

جارێکی‌تریان هەڵخەڵەتاندم خوا خۆم‌بگرێ ، چونکە ئینسـان ئەبێ وریا بێ و خەڵك بناسێ . بەتایبەتێ لە چەرخێکا کە فڕوفێڵ زۆربۆبێ ، ئینسـانێ پایە و مایەیەکی هەبێ گەلێ‌کەس بە چەند شێوە و چەند ڕەنگ بۆی ئەڕۆنە پێشـەوە بۆئەوە کە بیخەڵەتێنن . جا ئەگەر جاری یەکەم بۆیان هەڵنەخەڵەتا ، لە کۆڵی نابنەوە ، بۆ جاری دۆهەم بە جۆرێکی‌تر لەگەڵی دێنە کایەوە و هەروا بەوجۆرە یا تا ئەیـکەن بەداوەوە یا نائومێد ئەبن لێی و دەس‌بەرداری ئەبـن و بەدوای چارەیەکی‌ترا ئەگەڕێن بۆ هێنانەدێ مەبەستەکەی خۆیان .

ڕۆڵەی عەزیزم ، نـوری دیدەکەم ! ڕاستێ قامەتی خـەم چەمیدەکەم !
گوێم لێ ڕاگرە ، من بـۆ تۆ ئەدوم سـبەی من لەنـاو گۆڕمـدا ئـەنوم
تۆی جێگـەداری مـەردانی مەردی تۆی بۆ خانەدان جەوهەری فەردی
شەخسی بە جەوهەر ئەبێ هوشیاربێ بە دڵ و دەمـاخ ، زۆر ئـاگادار بێ
دڵی هوشیار بێ لـە خۆی و عالەم بەڵکـو لـە هەمۆ ئەوەی بنیـادەم
چونکـە هوشیارێ بـۆ هەرکەسێ بۆ خۆی و پەیوەندی لە مەینەت دەرچۆ
گەورەی هەر گەلێ خەبەردار نـەبێ ئەبێ لە خۆشێ قـەت بەشدار نەبێ
نەك بە تەنیا خۆی ، بەڵکو پەیوەندی هـەمۆ ئەفەوتێن بە حەسرەتمەندێ

★ ★ ★

جـا ئاگـادارێ یەکەمـین پایـە بۆ حـاڵی خۆتە ئەیدەی بـە زایـە
ئاگات لە خـۆت بێ بـە بیروبـاوەڕ لە کرداری خێر دۆر لە دەردی‌سەر
دۆهەم بۆ دەستە و مـاڵ و خێزانت بۆ خزم و خوێشـان ، بـۆ ئازیزانت
(کُلُکُـمْ راعٍ) واتـەی ڕەسـوڵە فەرمۆدەیـەکی بـەرز و مـەقبوڵە
سـێهەمین پایە ڕێ‌نـەدەی بە کەس خەڵکی‌تر تۆش‌کەی هەروا بە هەوەس
پیـاوی فیتنـەجۆ ئـاگری سـۆرە پـارێز لـە ئـاگر بـۆ تـۆ زەرۆرە
لێکۆڵینـەوەی قسـەی بـەدخواهان فەرزە بۆ گەورە و بۆ خاوەن جاهان
چـوارەم وریـا بـە نـەتخەڵەتێنن لەسەر تەختی خۆت هـەڵتەفڕێنن

★ ★ ★

حیکـایەتەکەی تیتیـل و بیبیـل کە بیستۆتانە وەك ڕازی تەمسـیل
لەسـەر دوژمنـی خـاوەن تەزویرە حەفتەیێ جوانـە و دۆ حەفتە پیرە
ڕۆژێ ڕەش‌باوە هەروەك شەوەزەنگ مۆی ئاڵۆز بوە وەك شـێر و پڵەنگ
جارێ‌تر زەردە و جارێ سپێ ڕەنگ چاوانی شینن وەك خەڵکی فەرەنگ
جـاربەجار ڕەنگـی قـاوەیێ بـامە غەیرە مەرغۆبی دەسـتەی عـەوامە
ئەمانـە هـەمۆ بۆیـەی بـەرچاون داوی دەرۆنـی پیـاوی شـێواون
ڕەسسامی وریا ڕەسمی خۆ ئـەگرێ کەی ڕەسمی ڕەنگ‌و کرژێ مۆ ئەگرێ

زینهـار وریا بـە برای هۆشـمەند	تیتیل وەکو دیل نەتخاتـە کـەمەند
تیتیلی عەیـار تـا بۆی ڕێ کـەوێ	تۆی بـۆ خزمەتی ورگـی خۆی ئەوێ

★ ★ ★

ئەگەر بە قەزای خـودایێ ، جـارێ	کەوتیتـە داوی یـەك بـەدڕەفتارێ
بۆ جاری دۆهەم ئاگات لە خۆت بێ	بـۆت نەیەتـەوە کایـە وەکـو دوێ
لادێیێ داماو کە هـات بـۆ بـازاڕ	نـازانێ حـاڵی جـانبازی عەیـار
ئەشێ یەکەمجار بـە خـۆی نەزانێ	بۆ بزنـەکانی چەنـد گورگێ دانـێ
بەڵام کـە سـبەی هاتـەوە بـازاڕ	بخلەتێ ، دانێ خـۆی بـە تاوانبار
فێڵبـازی دوێنـێ خـودا بیـگرێ	بۆ ئەمڕۆ خودا با ئەم خـۆی بگرێ
لـە کونێکـەوە لەبـەرچێ دوجـار	پەنجەت بگەزێ دوپشـك و ڕەشمار

★ ★ ★

کاکە بـەکورتێ پیـاوی موسـوڵمان	ئەبێ هوشیار بێ لـە چەرخی زەمان
لە سورەی یوسف نەصصی ئایـەتە	دەعـوەتی ئیسـلام بـە بەصیـرەتە
ڕێکی واقیـع و حـەقیقەت ئـەڕوا	واتـە لەسەر ڕێی شەریعەت ئەڕوا
نابێ موسـوڵمان ئـەوەندە گوڵ بێ	بکوژرێ و شوێنی تا ئەبەد چۆڵ بێ
ئیسـلام پـاکییە و دەرۆن ڕۆناکێ	عەقڵە و عەمەلە و بەرزێ و چـالاکێ
ئەمـەیە دەرســی پـیری ئاگـادار	(نـامێ) ناگـیرێ بەداوی عـەییار

گوڵی بیستوسێهەم ـ گوڵی دادگەرێ

باران کـە بارێ ئـەبێ بـە گەوهەر
ئەڕژێتە خـاکی گـەورەی دادگـەر
بـەڵام لـە موڵکی پیـاوی زۆردارا
دڕك سـەوز ئـەبێ لەجێی گوڵزارا

وَزِنوا بِالقِسطاسِ المُستَقيمِ

خوای تەعالا لە قورئانی پیرۆزدا فەرمانی داوە بە دادگەرێ و فەرمۆیەتی بە ترازۆی ڕاست و سەرنەکردۆ شت کێشانە بکەن . مەبەستی لەوەیە کارێ مەکەن حەقی کەسێك بشکێتەوە بەلای کەسێکی تردا .

ئەم جیهانە هەمۆی بە ئەرز و ئاسمان و باقی ئەستێرەکانەوە لەسەر میزان دروست کـراوە و هەریەکێ لە بەشەکانی میزانێکی تایبەتی هەیە ئەگـەر ئەو میزانەی تێك‌بچێ ، بەڕێوەناچێ . مەبەست ئەوەیە لە هەمۆ شتێکدا عەدالەت و

میزان ڕاگرتن پێویستە بۆ مانەوەی ئەو شتە و ئەم مەوزوعە بە بەراورد ثابت بوە و پێویستی بە بەڵگە و دەلیل نیە . لەسەر ئەم ئەساسەیە خوای گەورە لە قورئاندا گەلێ هەڕەشەی لەوکەسانە کردوە کە غەدر ئەکەن لە خەڵك و ترازوی دادپەروەری ڕاناگرن ، وەکو ئەوە کە ئەفەرموێت : « إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ » . واتە : بەڕاستی خوای تۆ ئەی ڕەهبەری خۆشەویست وا لە کەمینـدا بۆ ئەوکەسانەی لە ڕاستی لائەدەن و باوەڕ بەخوا ناکەن و خەریکی بێدادی و ستەمکارین ، یا وەکو ئایەتی : « ولا تَحْسَبَنَّ اللهَ غافِلاً عَمّا يَعْمَلُ الظّالِمونَ ، إِنَّما يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فيهِ الأَبْصارُ » . واتە : وا گومان مەبە کەوا خوا ئاگای لەو کردەوە ناپەسەندانە نیە کە ستەمکارەکان ئەیانکەن ، حاشا بێئاگا نیە ، بەڵکو تۆڵە لێسەندنەوەش بە سەرەیە و ئەوانەی لە دنیادا تۆڵەیان لێ ناسێنێ ، بۆ ڕۆژێکیوای هەڵگرتون و دوایخستون چاوی تاوانبارانی تیا ئەبڵەق ئەبێ لە ترسی سزای سەختی خوا . هەروەها وەکو ئەو ئایەتە کە ئەفەرموێت : « فَلا تَحْسَبَنَّ اللهَ مُخْلِفَ وَعْدِهِ رُسُلَهُ ، إِنَّ اللهَ عَزيزٌ ذو انْتِقامٍ » . واتە : وا مەزانە خوا ئەو گفتەی خۆی ناهێنێتەدی کە داویە بە پێغەمبەران کەوا تۆڵە لە تاوانباران ئەسێنێ ، نەخەیر گفتەکەی خۆی ئەهێنێتەدی و خوا تۆڵەسێنێکی دەست ڕۆیشتوە و مەسەلەکە هەر درەنگ و زوییە و لەوە زیاتری تیا نیە . هەروەها وەکو ئایەتی : « وَعَنَتِ الوجوهُ لِلْحَيِّ القَيّومِ وَقَدْ خابَ مَنْ حَمَلَ ظُلْماً » . واتە لە ڕۆژی قیامەتدا ڕوی زۆرداران کز ئەبێ و هەمو کەسێك بەهۆی ئەوەوە بەردەوام و بەڕاستی دائەمێنێ و هەرکەس کە کۆڵێکی ستەم بەکۆڵیەوە بوبێ بێچارە و نائومێد و هەناسە سارد ئەبێ چونکە کەس نیە ڕزگاری کا و تۆڵەی کۆڵەکەی لە کۆڵ بکاتەوە . هەروەها وەکو ئایەتی : « وَخابَ كُلُّ جَبّارٍ عَنيدٍ » . واتە بەڕاستی هەرکەس زۆردار و کەللەڕەق بوبێ لە دنیادا ، لە قیامەتدا یەکی ئەکەوێ و بێهیوا و بێچارە ئەمێنێتەوە . قورئانی پیرۆز ئایەتی لەمجۆرەی زۆر تێدایە کە هەمو دواڕۆژی ستەمکارانمان پیشانئەدەن .

پێغەمبەریش گەلێ فەرمودەی بەهێز و بەمەعنای لەم ڕوەوە هەیە و لە فەرمودەکانیا هەڕەشەی توند و سەختی لە زۆرداران کردوە ، وەکو ئەوە کە ئەفەرموێت : « الذَّنْبُ لا يُنْسى ، والبِرُّ لا يَبْلى ، والدَّيّانُ لا يَموتُ ، فَكُنْ كَما شِئْتَ » . واتە : تاوان لەبیر ناچێتەوە و ، کردەوەی باشیش نازێ و تۆڵەسێنیش نامرێ و تۆیش چۆن ئارەزو ئەکەی وابە . بەڕاستی ئەم فەرمودەیە ئەوەندە ورد و مەعناداره بنیادەم لێی سەرسام ئەبێ و بە کورتترین وشە زۆرترین مەعنای لەبارەی چارەڕەشی و بێئەنجامی ستەمەوە پیشانداوە . پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێ پەیڕەوانی خۆی تۆقاندوە لە ئەنجامی خراپی ستەم و ئەوەی دەربڕیوە کەوا ئەگەر تۆڵەی هەر تاوانێ دوابکەوێ تۆڵەی ستەم

دواناکەوێ و ئەبێ هەرچۆن بێ ستەمکار بە تۆڵەی حەقی خۆی بگات ، وەکو ئەوە کە ئەفەرموێت : « اعجَلَ الاشیاءِ عقوبَةً الظّلم » . واتە : لە هەمو تاوانێ نزیکتر بە تۆڵەی سەخت ، تاوانی ستەمە . بەڕاستێ ئێمە هەر لە ژیانی خۆماندا بە چاوی خۆمان گەلێ ستەمکارمان دیوە زۆ بە تۆڵەی حەقی خۆی گەیشتوە و تۆڵەی لێ سەندراوە لە شوێنێکەوە کە کەس گومانی ئەوەی نەبردوە تۆڵەی لەو شوێنەوە لێ بستێنرێ . ئەمەیە مەعنای ئەوە کە خوا لە قورئانا ئەفەرموێت : « واللهُ غالبٌ علی امرِهِ ، ولکنَّ اکثَرَ الناسِ لایَعلَمونَ » . واتە : خوا دەسەلاتی بەسەر ئەو شتەدا ئەشکێ کە ئەیەوێ بیکا ، بەڵام زوربەی خەڵك کە بێباوەڕانن بەوە نازانن و ئاگایان لێ نیە .

لەبەر ناباریێ و ناڕەوایێ ستەم و ستەمکارە خوا نەهیی فەرموە لە نزیك کەوتنەوە لە ستەمکاران ، چجای ئەوە کە ئینسان خۆی ستەمکار بێ و ، فەرمویەتی : « ولا تَرکَنوا الی الّذینَ ظَلَموا فتَمَسّکُمَ النّارُ » . واتە : نزیك مەکەونەوە لەوانەی کە ستەمکارن بۆئەوەی ئاگری ئازاری ئەوان نەتانگرێتەوە . ئەم ئایەتە زۆر بەلیغە و چەند تەفسیر و لێکدانەوەی هەیە . یەکێکیان ئەوەیە مەیل مەکەن بۆلای ستەمکاران چونکە بەهۆی ئەم مەیل و خۆشەویستییەوە بەشێ لە ئاگری تۆڵەی ئەو ستەمەتان بەرئەکەوێ کە ئەوان کردویانە . بەڕاستێ ئەگەر ئینسان پیاوی ستەمکاری خۆش بوێ هەرچەند لەبەر ستەمەکەیشی نەبێ ، بەڵکو لەبەر پەیوەندیکیتر بێ هەر وای لێ دێ چاو لەو ستەمەی بپۆشێ و بایەخی نەداتێ و دیارە ئینسان بەمە تاوانبار ئەبێ و لە دواڕۆژا بە ئاگری دۆزەخ ئەسوتێ . مەعنایەکیتری ئەم ئایەتە ئەوەیە نزیك مەکەونەوە لەوکەسانە کە ستەمکارن ، چونکە زێی تێئەچێ بەشێ لەو سودە دنیاییانە کە ئەوان دەستیان کەوتوە بلکێ بە ئینسانەوە ، سا بەهۆی خواردنی نانیانەوە ، یا بەهۆی ئیستیفادەکردن لە مالیانەوە ، یا بەهۆی ڕازیبونەوە لە هەندێ کردەوەی ناباریان ، یا بەهۆی باوەڕ پێکردنیانەوە لەوەدا کە هەندێ ئیشیان ئیشی بەجێیە و ڕەوایە . جا بەهۆی ئەوەوە بەپێی شەرع ئینسان تاوانبار ئەبێ و لە پاشەڕۆژدا بە ئاگری دۆزەخ ئەسوتێ .

مەعنایەکیتری ئەوەیە ستەمکار بە شومێ ستەمەکەی لە مەعنادا وەکو ماددەیەکی سۆزندەی زیانبەخشی لێ دێ و ، ئینسان وەك چۆن کە لەکاتی سەرمادا زۆر نزیك بێتەوە لە ئاگر ئەسوتێ ، هەروەها ئەگەر لە ستەمکاریش نزیك بێتەوە بەهۆی ئینطیباعاتی ڕۆحییەوە تۆشی زیان ئەبێ و حاڵەتێکی دەرونێ نامۆناسبی بەسەردا دێ . مەعنایەکیتریشی ئەوەیە ئینسان بەپێی ئوسولی دنیا کە نزیك بوەوە لە پیاوی ستەمکار ، بە لایەنگری ئەو ئەدرێتە قەڵەم و لە ڕۆژێکا کە ئەو ستەمکارە گیرۆدەی کردەوەی خۆی ببێ ، ئەم کابرایشە بەهۆی ئاموشۆی لەوەوپێشی ئەوەوە بە ستەمکار ئەناسرێ و گرفتار

ئەبێ . بەپێی ئەم مەعنایەیە پێغەمبەری نازدار درودی خوای لێ بێ فەرموویەتی : « مَنْ اعانَ ظالِماً سَلَّطَهُ اللهُ عَلَيْهِ » . واتە : کەسێ مەیل و موناسەبەت لەگەڵ ستەمکارێکا پەیدابکا و یارمەتی بدا ، خوا ، لە تۆڵەی ئەو کردارە ناپەسەندەیدا ، لەجیاتی ئەوەی ئەو ستەمکارە چاکەی لەگەڵ بکا ، ناکۆکی ئەخاتە نێوانیانەوە و ستەمکارەکەی بەسەردا زاڵ ئەکا ئازار و ئەزیەتی بدات .

ئەوەندەی ستەمکار لای خودا ڕەش و تاوانبارە ، دادگەریش ئەوەندە بەڕێز و پایەدارە ، ئیتر خواه گەورەی خێزان بێ یا گەورەی ئاوایێ یا هۆز یا کاربەدەستی دەوڵەت بێ کە کاروباری کۆمەڵێ لە موسوڵمانانی بەدەستەوەیە . دادگەری واتە عەدالەت بریتییە لەوە کە ئینسان لە هەمو وتار و ڕەفتارێکیا لە ئیش‌وکاری دین و دنیای خەڵکدا ڕێگای حەق و ئینساف بگرێتەبەر و لە حەق لانەدا و هیچ شتێ نەکا بە بیانوی لادان لە حەق وەکو خزمایەتی و هاوپیشەیی و هاونیشتمانی و هاوزمانی و هاومەشرەبی و تەماعی مایە و پایە و هیوای هەندێ شت کە لە ڕێگای لادانەوە لە حەق دەستی بکەوێ . کەسێ کە حاڵی وای لێهات ئەوە بەڕاستی دادگەرە . وتەیەکی مەشهورە : « قولوا الحَقَّ ولَوْ على انفسِكُمْ » . واتە : قسەی ڕاست بکەن با زیانی خۆیشتانی تیابێ .

دادگەری بناغەی هەمو پیرۆزی و سەرکەوتنێکە . بناغەی ئاسایشی جیهان و وڵاتە . ئاسایشیش بناغەی بڵاوبونەوەی زانست و هونەر و پیشە و گەشەکردنی کشتوکاڵ و باخناشتن و حەیوانداری و سنعاتسازییە . بەهۆی دادگەرییەوە دارایی زیاد ئەکا و سوپا بەهێز ئەبێ و خەڵك دڵیان بە ژیانی خۆیان خۆش ئەبێ و لەشیان ساغ و دڵیان شاد ئەبێ و باوەڕ بە یەکتری زۆر ئەبێ لەناویانا و دەستی یارمەتی بۆ یەکتری درێژ ئەکەن .

خەلیفەی یەکەم حەزرەتی ئەبوبەکری صیددیق خوای لێ ڕازی بێ بە یەکێ لەوانەی وت کە کردبونی بە فەرماندار لە شارەکانی موسوڵماناندا : هەرگیز لە دادگەری جیا مەبەرەوە و بەدەوام لە ستەم دور بە و ئەگەر لەگەڵ یەکێکدا پەیمانێکت بەست مەیشکێنە و ئەگەر دۆستێتان کرد تێکیمەدەن . خەلیفەی دوهەمیش حەزرەتی عومەری فاروق لە فەرمانڕەوایی خۆیا هەرگیز شاە و گەدای لە یەك جیانەکردوەتەوە . (جیبلەی کوڕی ایهَم) لە ترسی شکاندنەوەی ددانی لە تۆڵەی ددانی پیاوێکی هەژارا کە شکاندبوی هەڵات ، چونکە ئەیزانی کەوا بێگومان ددانی ئەشکێننەوە . عومەری کوڕی عەبدولعەزیزیش بە یەکێ لە کاربەدەستەکانی خۆیوت کە ڕقتان لە یەکێ هەستا بیر لەوە بکەنەوە کە خودایش ڕقی لە ئێوە هەستێ . یەکێ لە زانا بەرزەکان ئەڵێ : بە دادگەری هەیبەت و شکۆ دائەمەزرێ بۆ سەرۆك و بە ستەم شکۆی ئەشکێ . هەرکەسێ بڵێ هەیبەت بە ستەم دائەمەزرێ بەهەڵەدا ئەچێ ، چونکە ئەو هەیبەتەی

ستەمکارە ماوەی ئەوەندە نیە ، کەواتە بناغەی هەیبەتی ڕاستەقینە بریتییە لە دادگەریێ .

ئەنەوشیرەوان وتویەتی هەرکەسێ بیەوێ گەورەیێ بکا نابێ گەنجینەی خۆی بە مالی ڕەعیەت پڕ بکات ، چونکە ڕەعیەت بناغەی سەرداریيە و وەرگرتنی دارایێ لەوان بۆ پڕکردنی گەنجینە وەکو ئەوە وایە یەکێ گلی بناغەی دیواری خانوی خۆی هەلکەنێ بۆئەوەی سەربانی پێ پڕبکاتەوە .

دادگەریێ لە پیاوی زۆر گەورەوە جیلوەی باش دەرئەکەوێ . ئەگەر دادگەریێ بۆ پیاوی بچوك سوننەت بێ ، بۆ پیاوی گەورە فەرزە . ئەگەر بۆ بچوك فەرزی کیفایە بێ ، بۆ گەورە فەرزی عەینە ، چونکە ئەو ئیشانە ئەو ئەیانکا بە بچوك ناکرێن ، بۆیە پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی گەورەی دادگەر سێبەری میهرەبانێ خوایە بەسەر زەویيەوە .

ڕۆلەی عەزیزم ، ئەوەی دانایە   ئەزانێ خودا زۆر تەوانایە
ئەزانێ خودا خودای عالەمە   خوای گیاندار و بەنی ئادەمە
ئەزانێ خودای بە لوطف و ئیحسان   میهرەبانترە لە باوکی ئینسان
تۆلە ئەستێنێ لەو ستەمکارە   لەبۆ گیانداران وێنەی خوێنخوارە
ئەم واتە بگرە بە خۆش نیهادێ   « اِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصادِ »
کێ ڕزگار ئەبێ لە کەمینگای حەق   عالِمی غەیب و شەهادەی موطلەق
ئەو ستەمکارەی لە خۆی غەڕڕایە   لای خودا هیچە بە وێنەی بایە
ئەوەی بە ظاهیر جەسورێ ئەکا   خوا بەئاشکرا مەهجوری ئەکا
ئەوەی نهێنێ دێتە سەر تاوان   خوا ئاگادارە بۆ ڕەقەم دانان
کامەی شەددادە بێڕەحم و بێداد   سەرنگون ئەبێ بەچەشنی فەرهاد
کامە نەمرودە ئەلێ نامرێ   بە مێشولەیێ هەناسەی ئەبڕێ
کامە فیرعەونە و حوکمڕانی نیل   هەر لەو نیلەدا ئەخنکێ زەلیل

★ ★ ★

یانێ ئەم دنیا و ئەو دنیا هەردو   دو دادگاهن ئەم یەکەم ئەو دو
چاوشارکێ ناکرێ لەگەل خودادا   فێل لەگەل خودا دادی کەس نادا
(اَللهُ نُورُ السَّماءِ وَالاَرْضِ)   کە هەتاو دەرچو ڕوناکە سەر ئەرز
زەڕە لە بەڕدا و مورو لە دەریا   ئاشکران لای خوای خاوەن کیبریا
چەندکەس لەکێوا چەند کەس لەشیوا   چەند کەسی ناکەس لەمدیوەودیوا
دەسیاندرێژکرد بۆشەخصی بێکەس   تۆلەی لێسەندن خودای فەریادڕەس
(مَرْتَعُ الظّالِمِ مُظْلِمٌ وَخِيمٌ)   لەوەڕگای ستەم مەرگە بۆ لەئیم
جارێ ڕەشمارێ دای بە مەڕەوە   دوپشکێ گەستی بە ڕاسەرەوە

★ ★ ★

نازانم ئینسان بە چێ باییە   هەر ڕۆی لە ڕێگای نامرادییە
لە خوا ناترسێ بە بێویژدانێ   ناپرسێ چییە شێوەی ئینسانێ
جارێ بیفکرێ لە ئازاری خۆی   قابیلە شوعوور حاصڵ بێ بۆی
گورگێ مەڕێکی بخوا لە چۆڵێ   دز ماڵی ببا و داپاچێ قۆڵی
لە ئێش و دەردا نەڕوا بەتاسا   ڕاست نابێتەوە هەتا بە عاسا
دەی بۆچێ ئەوەند بێنرخ و کەڵکە   بیر ناکاتەوە لەم ڕەشە خەڵکە

★ ★ ★

من لەبۆ تۆمە ڕۆڵەی هوشیارم   ببێ بە بەندەی پەروەردگارم
ببێ بە خاوەن شوعوور و زانست   لادەی لە شێوەی پیاوی خۆپەرست
تۆ کە زانا بێ ، بە دەسەڵاتی   بەدەسەڵات بێ ، بە پیت و هاتی
نە ستەم ئەکەی لە پیاوی هەژار   نە خۆت ئەدەیتە بەر دەرد و ئازار
ئەو گیاندارانەی وەك تۆ گیاندارن   وەکو تۆ بە دڵ لە ئێش بێزارن
ئیمڕۆ کە لەوە سبەی لەتۆیە   درێژەی زۆرە ئەم تان و پۆیە
چەندبێ‌کەس‌کوژران لەمەیدانی‌جەنگ   چەند بریندار بوون بێ سرکەو بێ‌دەنگ
خودا چەرخێکی وای هێنایەبەر   چەرخی هەموانی کێشا لە چەمەر
بڕوانە مێژوی گشت ستەمکاران   با بێ بە عیبرەت لەبۆ بەدکاران
مادەم ئەم دنیا پڕە لە ستەم   بە ستەم جیهان پڕ ئەبێ لە تەم
فەرزە سەرداریێ بۆ بەنێ بەشەر   هوشیار و دانا و مەرد و دادگەر
هەتا ڕابگرێ ئوسوڵی ئایین   ئەم خەڵکەش هەموو بە خۆشێ بژین
بەڵام بۆ حاڵی ئەم دادگەرە   چەند شتێ فەرزە ، وەرنە خەتەرە

★ ★ ★

پێویستە عەقڵ و زانست و شوعوور   لەگەڵ دڵێکی قایم و ئەستوور
سەرۆك مودارا و ڕەشادی ئەوێ   دڵێکی گەورە و گوشادی ئەوێ
دەست و دەهەندە و ناوبانگی ئەوێ   لە بیرا ئاسۆی شەش‌دانگی ئەوێ
بۆ خاوەن خزمەت تەقدیری ئەوێ   بۆ کاری زەحمەت تەدبیری ئەوێ
هێزی جاذیبە و تەسخیری ئەوێ   بۆ شەرحی مەوقیف تەنویری ئەوێ

★ ★ ★

سوپا و سەردار و ئالایێ ئەوێ   بۆ خزمەتی عام دارایێ ئەوێ
کورسێ بۆ بە تەخت لەنگەری ئەوێ   کڵاو بۆ بە تاج گەوهەری ئەوێ
خزمەتی دین و نیظامی ئەوێ   مەجلیسی شوورای عەوامی ئەوێ
ئەهلی ڕاوێژ و تەگبیری ئەوێ   نائیبی ئەوێ ، وەزیری ئەوێ

بۆ داو و تەزویر تەحقیقی ئەوێ لە تەحقیقاتا تەدقیقی ئەوێ
لە موشكیلاتا صەدیقی ئەوێ لە كارەساتا ڕەفیقی ئەوێ
سەفیری ژیری پڕ بیری ئەوێ ئیعلامی خاوەن تەئثیری ئەوێ

★ ★ ★

هەتا بۆی ئەكرێ خاوەن تەلاش بێ گەلێ چاو تێر و خاوەن مەعاش بێ
ئەوەی دایناون لە سوپا و سەرهەنگ باشیان بژێنێ بۆ مەیدانی جەنگ
خاوەن شكۆ و داوێنە پاك بێ ئازا و هەڵسوڕاو گورج و چالاك بێ
ناچارێ نەبێ قەت درۆ نەكا لەگەڵ ڕەعیەتا من و تۆ نەكا
ئەو قسەی كردی مۆری پەیمان بێ با میللەتەكەی خاوەن ئیمان بێ
ئەوەی ئەینێرێ لەبۆ ئیش و كار ژیر و ئەمین بێ عەهد و وەفادار
ئەوەی كە ئەیكا بە گەورەی وڵات خاوەن ئیمان بێ و خاوەن دەسەڵات
كە شكات كرا لە دەستی والێ تەحقیقی بكا (عَلـیٰ التَّوالیِ)
لە هەموو باشتر پێویستە لەبۆی پشتی ئەستوور بێ بە خالیقی خۆی

★ ★ ★

كە گەورە وابوو فەرمانی فەرزە چونكە گەورەی‌وا خێری سەرئەرزە
یارمەتی فەرزە بە دڵ و بە گیان لەگەڵ سەرۆكی بە دین و ویژدان
گەلی بێ‌گەورە خانووی بێ‌بانە ئەفرادی هەموو هەر سەرگەردانە
ئیطاعەی خودا و ڕەهبەر و سەردار فەرزە لەسەرمان تا (یوم القرار)

گوڵی بیست‌وچوارەم ـ گوڵی تاوان لە خۆ گرتن

كاریز و كانی و ئاوی ڕووباران
دێنەجۆش بە با و بە بەفر و باران
زۆر كەم ئەبنەوە لە وشكە ساڵا
هۆی ئەمەش دیارە لەلای هوشیاران

پەروەردگاری جیهان لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی :

انَّ اللهَ لا یُغَیِّرُ ما بِقَومٍ حتّی یُغَیِّروا ما بِاَنفُسِهِمْ

واتە : خوای تەعالا بەڕاستی هەر نان و شانێ دابێتی بە كۆمەڵێ نایگۆڕێ و نایسێنێتەوە لێیان تا ئەو كۆمەڵە ئەو وەزعە باشە و ئەو كردەوە پەسەندانەی لەسەری‌بوون نەیگۆڕن .

زوربەی زانایانی تەفسیری قورئان مەعنای ئەم‌ئایەتەیان وا لێداوەتەوە كە

ئیستە نوسیمان . بەڵام هەندێکیشیان مەعنای ئایەتەکەیان تەنها بەم ئەندازەوە نەبەستوەتەوە و بەشێوەیەکی ڕەساتر دەریانبڕیوە ، پاڵفتەکەی ئەمەیە ئەڵێن خوای تەعالا جیهانی لەسەر ئەسباب و هۆ دامەزراندوە ، وەکو فەرموویەتی : « وآتیناهُ من كلّ شيءٍ سَبَباً ، فاتبَعَ سَبَباً » . واتە : لە هەمو ڕویەکەوە و لە هەمو لایەکەوە (ذوالقرنین)مان سەربەرز کردبو بەوە کە هۆی شتمان پیشاندابو ئەویش کۆتایی نەئەکرد لە کەوتنە شوێنی هۆی ئەوشتانە ، واتە ئەم ئادەمیزادە مایە و پایەدارە ، خوا دروستیکردوە و دایناوە بە دیاریەکی بەنرخ لە عالەمدا و حورمەتی گرتوە بە عیلم و زانست و بە بیرکردنەوە لەم گەنجینەی جیهانە کە هەمو شتێکی تیایە ، بۆئەوەی تێبکۆشێ و شت ورد بکاتەوە و بیربکاتەوە لە ژین و ژیواری ئیمڕۆ و پاشەڕۆژی و ، حیسابی ژیواری ئەم جیهانە و سەربەرزی قیامەتی خۆی بکا و ، لەو گەنجینەیەدا کەوا لە بەردەستیا ئەسبابی ڕێکخستنی هەردو دنیاکەی تەواو بکا و یارمەتی خەڵکیتریش بدا بۆ پێکهێنانی بەختەوەری خۆیان تا بەئەنجامی شیاوی خۆیان بگەن .

پایەی هەرکەسێك و هەر گەلێ لە گەلانی ئەم جیهانە بەئەندازەی یارمەتی خوا و تێکۆشانی خۆیانە بۆ سود وەرگرتن لە جیهان و بۆ سەرکەوتن . جا هەرکەس و هەر گەلێ خوا یارمەتی دان و تێکۆشان و پایەیەکی بەرزیان وەرگرت بۆخۆیان لە دین و لە دنیادا ، ئەوە خوا ئەو پایە و مایەیان لێناسێنێتەوە تا خۆیان لەو وەزعی خۆیانەدا دەستنەکەن بە سستی و پەستی و هەواپەرستی و ، کە کەوتیشنە ئەو شێوە ناشیرینە ئەوسا خوایش ئەو پایە و مایەیانە لێ وەرئەگرێتەوە و کز و کەلەلایان ئەکا . هەروا هیچکەس و هیچ گەلێ لە گەلانی کز و داماوی جیهان لەو کزی خۆیانە دەرناچن و خوای تەعالا لەو داماوییە دەریاناکا تا خۆیان تێنەکۆشن و زەحمەت نەکێشن ، واتە بەهۆی ڕاستی و ڕاساڵی و سەبەبسازییەوە لەو پایە نزمەی خۆیان دەرئەچن .

بەممەعنا هەرچەند خودا خۆی خالیقی هەمو شتێکە و هەرچی خواستی بێ ئەیکا ، بەڵام کردویشیەتی بە عادەت و قانون کەوا ئادەمیزاد لەسەر ئەندازەی تێکۆشانی خۆی بەرز ببێتەوە ، وەکو فەرمویەتی : «وأنْ لَيْسَ للإنسانِ الاّ ماسَعى » . واتە : کەس هیچی دەسگیر نابێ مەگەر بەهۆی سەعی و تێکۆشانی خۆیەوە نەبێ . کەواتە پێویستە ئادەمیزاد هەمیشە دو چاوی هەبێ ، چاوێکی لە ئەسباب و کەوتنە شوێنی ئەسباب بێ و چاوێکیشی لە خوداوە بێ بۆ یارمەتیدانیان . کەواتە هەرکەسێ توشی بەختیاری و پیرۆزی و بەرزی بو با ئەنای خودا بکا لەسەر ئەوە کەوا یارمەتیداوە بۆ هەوڵدان و خۆیشی هەوڵیداوە و ، ئەگەر توشی باری لار و بەدبەختی و ئازار بو ، با سەرزەنشتی خۆی بکا چونکە خۆی بە ڕێگەی ڕاستی پیرۆزیدا نەڕۆیشتوە .

(بناء علیه) پێویستە ئینسان هەمیشە حیسابی خۆی بکێشێ و ئەگەر کردەوەیەکی لاری لێ وەشایەوە تاوان لە خۆی بگرێ واتە موحاسەبەی خۆی بکا و خۆی خەتابار بکا و باوەڕی وابێ کەوا خەتای خۆیەتی . ئەگەر گیرۆدەی دەردێ بۆ با باوەڕی وابێ کە بەهۆی بیروباوەڕی نابار و کردەوەی ناپەسەندی خۆیەوە تۆشی بوە وەك پێغەمبەر فەرموێەتی : «کَیْفَمَا تَکُونُوا یُوَلَّی عَلَیْکُمْ» واتە: ئێوە خۆتان هەرچۆن بن و ڕۆتان لە هەر شتێ بێ خوای گەورە بەوگوێرەیە گەورە و سەردار و سەرۆکتان بۆ ئەنێرێ . ئەگەر خراپیش بن پیاوێکی خراپتان بۆئەنێرێ وەك لە حەدیثایە :« کما تَدِینُ تُدانُ » واتە : وەکو تۆ چۆن ڕەفتار ئەکەی لەگەڵ خەڵك خۆیشت هەروا ڕەفتـارت لەگەڵ ئەکرێ . ئەمە یاسا و قانۆنی خوایە و خوایش لە قورئـاندا فەرموێەتـی : « وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللهِ تَحْوِیلاً » واتە : قەت گۆڕانت بۆ یاسای خوای گەورە دەست ناکەوێ و تا ئەڕوا ئەم یاسایە هەروا ئەبێ .

ئەوەی تێبکۆشێ و ڕەنجبدا ئەبێ بکەوێتـە خۆشییـەوە . ئەوەش کـە تێنەکۆشێ هەر بە داماوێ ئەمێنێتەوە ، تا ئەکەوێتە گۆڕینی حاڵی خۆی . کـە کەوتە گۆڕینی حاڵی خۆی ، خوایش بە یاسـاکەی خۆی وەزعـی ئەوکەسـە ئەگۆڕێ . خوا لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێت وەختی خۆی بەنێئیسرائیلمـان هەڵبژارد و عیلم و زانست و پایەی بڵندمان دانێ ، کەچێ پاشان ئەوان دەستیان کرد بە پەیمان شکاندن و کوشتنی پێغەمبەران . ئێمەیـش لەسـەر ئوسـوڵی ڕێوشوێنەکەی خۆمان نەفریـن و لەعنەتمـان لێ کردن و دوورمانخستنەوە . میللەتی ئیسلامیش وەختی خۆی تێئەکۆشـان و ئایینی ئیسـلامیان بە هەمـوو وڵاتێکدا بڵاوکردەوە و پایەی خۆیانیان بەرزکردەوە بەهۆی بیروباوەڕی چاکە و دەست گرتنەوە بە فەرمانی خواوە و غەزاکردن لە ڕێی خوادا . پاشئەوەش کە وەزعی خۆیانیان گۆڕێ و بیروباوەڕیان تێکچوو و کردەوەیان خراپ بوو ، خوایش ئەو پایەیەی لێ وەرگرتنەوە و بەو دەردەی بردن کە ئێستا هەموومان ئەیانبینین.

هەر لەسەر ئەم نیظامە هەر گەلێ پشت لە فەرمانی خوا هەڵبکا خوایـش پشت لەو هەڵئەکا و گیرۆدەی ئەکا بە دوژمنی نابار و نامەرد . کاتێکیش کـە ئەو گەلە بگەڕێتەوە بۆلای خوا ، خوایش میهرەبانێ لەگەڵ ئەنوێنێتەوە . هەر گەلێ دەردی بێزانسـتێ و بێناموسـێ و بێغیرەتـێ و بێئەخلاقـێ تێدا بڵاو ببێتەوە و ئارەزۆی لەسەر پایەی بڵند نەبێ ، خوایش لە پایەی بڵند بێبەشـی ئەکا و هەروا ئەبێ تا ئەگەڕێتەوە و پەشیمان ئەبێتەوە .

پاشئەوە کە دەوڵەتی (سامانێ) فەوتا لە خوراساندا و دەوڵەت کەوتـە دەستی (غەزنەوی)یەکان ، کابرایەك لە پیرێکی سامانێ پرسی کە بۆچێ ئـەو گەورەییتانە لەدەست چوو ؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی : «از بیداری شب و خوابیدن بامدادان» . واتە : وەختی خۆی سامانییەکان شەوان بەپێی ئوسوڵی ئادەمیزادی

ڕاساڵ ئەنوستن و سبەینان زۆ لە خەو هەڵئەستان بۆ نوێژ و ئەچوون بەدوای کاری خۆیاندا و بەوجۆرە پایەیان بەرزبووەوە . پاش‌ئەوە دەستیان‌کرد بە سەفاهەت و شەونوخنی و خەریکی ڕابواردن و شەراب‌خواردنەوە ئەبوون ، لەبەرئەوە سبەینان خەویان لێ‌ئەکەوت و نوێژیان نەئەکرد تا خوا ئەو دەستەڵاتەی کز کردن و خزمەتکارانی خۆیان حوکومەتەکەیان لەدەست دەرهێنان. ئەنجامی ئەم باسە ئەوەیە دوای خواستی خوا بەرزی و نزمی هەرکەسێ یا هەر میللەتێ بەسراوە بە هوشیاری و بێهۆشی خۆیانەوە، تا هوشیارتر بن پێشکەوتوتر ئەبن و تا بێ‌هۆش‌تر بن پاشکەوتوتر ئەبن . زوربەی ئەسبابی هوشیاری دینی و دنیایی گەل بەهۆی گەورەی دنیایی و دینی گەلەکەوە دەستگیر ئەبێ . واتە تا فەرمانداران‌ی دینی و دنیایی گەل ساغتر و ڕاساڵتر و بەهۆش و وێڵ و ماریفەت‌تر بن و دڵسۆزتر بن بۆ خەڵك و زیاتر لەسەر پەیڕەوی پێغەمبەری ڕەهبەر بڕۆن بەڕێوە سەلامی خوای لێ بێ ، کۆمەڵەکەیش بەرزتر ئەبێ و بەپێچەوانەشەوە.

پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێ فەرموێەتی : « صِنفانِ اذا صَلَحا صَلَحَ النّاسُ واذا فَسَدا فَسَدَ النّاسُ العُلَماءُ والاُمَراءُ » . واتە : دوو تاقم هەن لە ئادەمیزادا کە ئەوان ساغ و ڕاساڵ و بێ‌گەرد بن ، خەڵکیش ساغ و ڕاساڵ و بێ‌گەرد ئەبن . کە ئەوانیش خراپ و خودپەرست و ئارەزوپەرست بن خەڵکیش خراپ و خودپەرست و ئارەزوپەرست ئەبن . ئەوانەیش تاقمی مەلا و تاقمی حوکمڕانانن . بەڕاستی ئەم فەرموودەیە زۆر بەرزە و بە بەراورد و تەماشای مێژو دەرکەوتوە کەوا ڕاستە . بناغەی ڕاستی ئەمانەیش لەوەوەیە کە خواپەرست بن و خۆپەرست نەبن و بۆ کۆمەڵی ئادەمیزاد تێبکۆشن تا خۆیشیان و نەتەوەکەیشیان بە سەربەرزی بژین ، چونکە ئەگەر مەبەستیان لە تێکۆشانیان تەنها خۆیان بێ ئەوەندەی پێ ناچێ وەزعیان لەناو خەڵکدا دەرئەکەوێ ، ئەوسا کەس بەگوێیان ناکا و بەفەرمانیان ناجوڵێتەوە و لەئەنجامدا ئەفەوتێن و گەلەکەیشیان سەرگەردان ئەبێ ، چونکە دڵسۆزی و پاکی دەستەو بەستەیش بەسراوە بە دڵسۆزی و پاکی سەرۆك و فەرماندارەوە.

ئەگێڕنەوە چەندکەسێك لە یارانی پێغەمبەر سەلامی خوایان لێ بێ بە دیل کەوتنە دەستی کافرەکانی مەککە . ئەوانیش داوایان‌کرد لێیان ئەگەر لە ئیسلامەتی پاشگەز ببنەوە ئازادیان ئەکەن ، ئەگینا ئەیانکوژن . موسوڵمانەکان لەبەر ساغی خۆیان لە دینا گوێیان نەدا بە قسەی کافرەکان . لەئەنجاما کافرەکان دوکەسیان لێ کوشتن . جا ڕوویان‌کردە سێهەمەکەیان پێیان‌وت تۆ بۆچی خۆت بۆ (محمد) ئەدەی بە کوشت ؟ تۆ چەند منداڵی ورد و جوانت هەیە پاش تۆ بێ‌ناز ئەکەون و سەرگەردان ئەبن . بەڵام ئەگەر بێیتەوە بۆلای ئێمە خۆێشت و مناڵەکانیشت بە خۆشی ڕائەبوێرن . ئەویش لە وەڵامیاندا وتی : بە خوا قەسەم حەزئەکەم صەد ساڵ عومرم بێ و هەمو ڕۆژێ جارێ

سەرمبڕن و زیندۆم بکەنەوە بۆ سەربڕینێکی‌تر ، بەڵام دڕکێ نەچێ بەپێی حەزرەتی موحەممەددا . کە ئەم قسەیەی کرد ئەمیشیان شەهیدکرد و گیانی پاکی چوە پاڵ گیانی دۆ هاوڕێکەی کە پێشتر شەهیدیان کردبۆن . مەبەست ئەوەیە نۆری ئیخلاص و دلسۆزێ حەزرەت درۆدی خوای لێ بێ بەجۆرێ چۆبوە ناو دلی یارانی پێغەمبەرەوە هەرکەسێ لەوان لەئاستی خۆیا بۆبۆ بە کێوێکی ئاگر و بە نۆری ئیخلاص ئەسۆتا .

ڕۆلە هوشیارە بەختیارەکەم ! شیرین ڕەفتار و خۆش‌گوفتارەکەم !
گەردۆن هەمیشە بە سوڕ و دەورە سوڕێکی لەڕە و سوڕێکی چەورە
واتە چەرخێکی پڕە لە خۆشێ چەرخێکی پڕە لە تالێ و تۆشێ
ناپرسێ چیە هۆی ئەم دوانە بۆچێ ئەگۆڕێ ئەم نیشتمانە
تا من پێت‌بلێم بە دڵ ئارامێ بەڵکو تۆیش بە دڵ هۆکەی بفامێ
گەردۆن بە وێنەی دۆخی ئەستۆرە فریشتەی خودای لەسەر مەئمۆرە
دۆخ‌ڕێس حازرە وێنەی نیگەهبان مادده وەرئەگرێ و ئەیڕێسێ بۆمان
لە خورێ و لۆکە ئاوریشم و کەتان لە هەر نەوعی‌تر دەست‌کەوێ بۆتان
ئەویش ئەیڕێسێ و دای‌ئەنێ کۆکۆ کارخانەیش ئەیبا لەبۆ تان‌وپۆ
ئەو تان‌وپۆیە ئەکا بە پۆشاك لە حەریری پاك ، لە فاسۆنی چاك
لە شیرداخی ساغ لە شەیتان‌بێزێ شەبەندەبەڕۆژ، سورمەی شەودێزێ
جا لەسەر دەفتەر بەپێی تەسلیمات قوماش دەرئەچێ وڵات بە وڵات
هەرکەس ماوەکەی لەنرخا بەرزە قوماشی ئەوە تاقانەی ئەرزە
ئەوەش ماوەکەی ئایەخە و نەوێ ئەبێ بە پەندی خەڵکی سەرزەوێ
پوختەی ئەم باسە کردەوەی ئادەم بەرگە و پۆشاکە و سەربەرزێ عالەم
خەتای خۆتانە بە بەد تەلاشێ بوون بە عیبرەت بە بەد قوماشێ
دۆخی بێچارە کەللە دارێکە دۆخ ڕێسیش وێنەی خزمەتکارێکە
ئەم باسە بەسە بۆ دنیا و بۆ دین بۆ بەرزێ و نزمێ ، بۆ ژان و بۆ ژین

★ ★ ★

گەلێ زانا بێ و کرداری چاك بێ بۆ پیرۆزێ خۆی چوست و چالاك بێ
دنیا وەرئەگرێ مایەی ئەو سەرجەم ئەیکا بە بەرگی پیرۆزی عالەم
پەی‌پەی دێ لەبۆی ثەنا و ئافەرین لە فریشتەوە بە نەوای شیرین
ئەبێ بە دارای ئەدەب و زمان ئەبێ بە خاوەن پەیمان و ئیمان

★ ★ ★

گەلێ نەزان بێ و نەفام و ناشێ بە صۆرەت ئادەم بە سیرەت وەحشێ
لەبەر نەفامێ تار ئەبێ لە شار سەر و کەللەی خۆی لێ ئەبێ بە بار
گەردۆن لەمانەش مایە وەرئەگرێ لەپاش ڕێسانی بۆ کارگە ئەبرێ

لەو تانوپۆیە بەرگی وا ئەگرێ   بۆ وەحشێ نەبێ کەڵکی کەس نەگرێ
فریشتەی فەلەك لە جێی ئافەرین   بۆیان ئەنێرێ لەعنەت و نەفرین
لە تۆڵەی ئەمەدا گیرۆدە ئەبن   نەك هەر بە بەشەر ، بە دیو و بە جین
ئەمەیە مەعنای فەرمودەی ڕەهبەر   (کَما تکونوا) باش بیکەن لەبەر
(لا یُغیِّر) فەرمودەی خودا   بۆ خەیر و شەڕی تۆیە جاڕ ئەدا
ئادەمێ ئەبێ خوداپەرست بێ   ئەمجار شانازێ بە شان و دەست بێ
ڕۆڵە بۆ خودا وەك نەذری ژۆژۆ   بە دڵ بڕوانە بۆ پەڕەی مێژۆ
گەلێ کەسی پەست لە ڕۆی جیهانا   سەرکەوتن بەسەر تەختی شاهانا
شاهێ بە عیلمە و صەنعەت و ئەخلاق   بەمانە ئەگەی بە بەرزێ ئافاق
ئینسان ئەزانێ لەبەر نەزانێ   بێئاو ئەخنکێ لە (هەزار خانێ)
گەلی بێ صەنعەت لەبەر بێکارێ   دێتە ناو ڕیزی حەیوانی بارێ
گەلی بێ بەهرەی ڕەوشت و ئەخلاق   چارەی دێزە و ترش وەك ترشەسماق
ئەخلاقی مەردان مایەی تەمکینە   مایەی نزۆلی (روح الامین)ە
بۆیە خوا فەرموی بەشێوەی تەعظیم   ((انَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيم))
بە نوری ئەخلاق دڵ گوشاد ئەبێ   بە نوری فەیضی خودا شاد ئەبێ
بەکورتێ پیشە و زانست و ڕەوشت   دنیات بۆ ئەکەن بە باخچەی بەهەشت

★ ★ ★

ڕۆڵەم کە مەتلەب گەیشتە ئەم جێ   با شەرحی بکەم ئاگات سا لێ بێ
ئینسان کە پوختەی هەمو عالەمە   نەتەوەی پاکی حەووا و ئادەمە
بەتەنیا ناژێ بە ژینێکیوا   پیت و پیرۆزێ پەیدا بێ لەوا
پێویستە کەوا بچێتە مەیدان   تا دابینیکا خۆشبەختێ ژیان
مەردێکیش ببێ بە مایەی بینا   ئەبێ مەردێ بێ شیاوی ثەنا
ئەم جۆرە مەردە کاتێ دێتەجێ   گەلێ هونەری بەشەرێ تیابێ
هونەریش بێجگە لە بەشی فیطرەت   هەمو دێتەجێ بە دەرد و زەحمەت
بە خوێندن لەلای عالمێکی بەرز   بە خزمەت لەلای گەورەیەکی ئەرز
یەعنی بە میر و بە مەردی زانا   ڕۆڵە پێئەگەن لە گشت زەمانا
حەزرەتی ڕەهبەر فەرموی (صنفانِ)   واتە دو تاقم مادی و ڕۆحانێ
ئەگەر موخلیص بون بۆ خودای عالەم   ئەسولحێ هەمو تیرەی بنیادەم
ئەگەر خراپ بن ئادەمێ هەمو   ئەکەونە گێژاو نەك هەر یەك و دو

★ ★ ★

با فەرمانداران توزێ یەك دڵ بن   مایەی گوشادێ گرێ و موشکوڵ بن
گەلێ دودڵ بێ ئاگا بە مەنزڵ   بیشگاتە مەنزڵ هەر ئەگلێتە گڵ
با زانایانی دینی پێغەمبەر   بۆ ڕەزای خودا بن بە ڕەهبەر

بەڵکو چـرایێ هـەڵکەن لـە ژینـا دەستی خەڵك بگرن بـە ڕێگای دینا
وەرنە هەر سۆچێ کە بێتـە ڕێمان سەری ئەو سـۆچە مەربوطە پێمان
لەبەر ئەو سۆچە ئـەبێ بێ‌گومـان بەشێ لـە تـاوان بگرینـە خـۆمان
لەسەر بەراورد ئـەم دەردە ڕاسـە نەك لەلای عامـە ، فیکری خەواصە
(نامێ) بە هیوای خوای (عز و جل) ئەڵێ حمل ئەبێ موشـکیلاتی گـەل

گوڵی بیست‌وپێنجەم ــ گوڵی عیبرەت وەرگرتن

سەعید بەمەعنا شەخصی بەختیـار
بە کەسێ ئەڵێن زانـا بێ و هوشیار
عیبرەت وەربگرێ لە ئەوزاعی خەڵك
بە فێربوونی دەرس چـەرخی ڕۆژگار

ڕەهبەری نازدار سەلامی خـوای لێ بێ فەرموێەتی :

السَّـعِيدُ مَـنِ اتَّعَظَ بِغَيرِهِ

واتە : ئینسـانی بەختیار ئەوکەسەیە عیبرەت لەو کارەساتانە وەربگرێ کە بەسەر خەڵکدا دێن .

ئادەمیزاد هەر بە میهرەبانی خوا بە فیطرەت بەشێکی هەیە لە بیروباوەڕ و وردبونەوە لە چاك و خراپ و جوێ‌کردنەوەیان لە یەکتر بۆئەوە کە چاکە بکا و لە خراپە لابدا . هەروا بەشێکیشی هەیە لە تەمێ و تەربییەی خانەدانی خۆی و لە خوێندنگای عادەتییەوە دەسگیری ئـەبێ و لەم‌ڕێگـایانەوە چەند دەرسـێك وەرئەگرێ .

بەڵام بەختیار ئـەوەیە ، وەکو لـەم ڕێگایانـەوە سـود وەرئەگرێ لەو کارەساتانەیش سود وەربگرێ کە بەسەر خەڵکدا دێن . بۆوێنە کە چاوی‌کەوت بە کەسێك لەبەر بەدکردەوێ و بەدڕەوشتی خۆی تۆشی ناخۆشییەك بۆ ، ئەو ئەم ڕەوشتانە نەکات بە ڕەوشتی خۆی . یا یەکێك بەهۆی تەمەڵی و بێکارییەوە تۆشی ناخۆشی بۆ ، ئەو تەمەڵی نەکا ، یا یەکێك بەهۆی نزیك کەوتنەوەوە لـە زۆردار تۆش بۆ یا بەهۆی برادەرییەوە لەگەڵ هەرزە و نەفامان تۆش بۆ ئەم لەم جۆرە وەزعانە دۆرکەوێتەوە . هەروەکو ئەگەر خۆی جارێ لە کردەوەیەکەوە زیانێکی تۆش بۆ جارێکی‌تر ئەو کردەوەیە نەکاتەوە . مەشهۆرە ئەڵێن : « کۆسە بەندێکی دێ و پەندێکی گرت » .

ئەگێڕنەوە پرسیاریان کرد لە لوقمانی حەکیم : لە کێوە فێری ڕەوشتی باش و حیکمەت و ئەدەب بوی ؟ ئەویش وەڵامی‌دایەوە وتی : لە بێ‌ئەدەبانەوە ، واتە ئەوەی ئەوان ئەیانکرد من نەم‌ئەکرد و لێی دوورئەکەوتمەوە .

ڕۆڵەی خۆشەویست نوری چاوانم ! کۆڵەکەی ئەستور ماڵی ژیانم !
گیان‌لەبەر گشتی گیانی خۆش‌ئەوێ بەتایبەت بەشەر شانی پێ ئەوێ
جا ئینسان کاتێ کەوتە دنیاوە کارەساتی دێ لە هەمو لاوە
ئەو کارەساتە بەرچاوی ئەگرێ دەرسی کەرامەت بۆ خۆی وەرئەگرێ
کە یەکێکی دێ بە تاوانبارێ پایەی دانەوێ بە شەرمەسارێ
پێی عەیبە ئەویش هەر بەو تاوانە خۆی بهاوێتە ئەو شەرمستانە
جەردەیێکی دێ گیرا و سەربڕا پیاوکوژێکی دێ تۆڵەی لێ سەنرا
جەردەیێ ناکا و کەسیش ناکوژێ نەکا تاڵاوی وەك ئەو بچەژێ

★ ★ ★

هەر بەم‌وێنەیە لە هەمو بابێ لە هەمو فەصڵێ و لە گشت حیسابێ
چ بۆ ئینارە چ بۆ ئیدارە چ لە بۆ غەوغا و فیتنە و ئیشارە
ئینسانی هوشیار عیبرەت وەرئەگرێ نەکا سەرەنجام لەداخا بمرێ
یەعنێ بەدڕەفتار نەبێ بە مایە تا بەختیاران بگەن بە پایە
یا کەسێکیان دێ بۆ خۆی تێکۆشا لەڕێی ژیانا مەینەتی کێشا
ئەبێ یەکێ‌تر بەو ڕێدا بڕوا هیوایە ڕەنجی بە زایە نەڕوا
یا گەلێکیان دێ یەك حاڵ و یەك دڵ زۆ بە سەربەرزێ گەیین بە مەنزڵ
با گەلێکی‌تر چاوبکەن لەوان هیوایە بگەن بە پایەی ئەوان
شاهەنگ کە ویستی لە کون بێتەدەر هەنگ ڕیز ئەبەستن لەم‌بەر و لەوبەر
بە نەغمە و نەوای خۆیان ئاسایێ بە مۆسیقای ساز شێوە نەوایێ
تا شا بە جیلوە دێتە دەرەوە ئەفڕێ بە دو باڵ لە ڕاسەرەوە
کێ هەنگێکی دێ لەم هەنگەژاڵە مۆسیقا لێدا بۆ زەردەواڵە
جا زۆر بەسودە لەسەر بساتا عیبرەت وەربگرن لە کارەساتا
ڕۆح و گیانی تۆ بۆ ژین و دینە ئەم دەرسە دەرسی (عین الیقین)ە
لە خودام ئەوێ بگەن بە پایە لە دەرسی (نامێ) وەربگرن مایە

گوڵی بیست‌وشه‌شه‌م
گوڵی خۆدوورگرتن له‌ هه‌رچێ گومانی خراپه‌ی لێ بكرێ

ئه‌و دڵه‌ی دووره‌ له‌ وه‌هم و گومان
پڕ ئه‌بێ له‌ نوور ، له‌ دین له‌ ئیمان
پێویسته‌ چاوت دوور بگرێ له‌ تۆز
وه‌ك فه‌رزه‌ پارێز له‌ ئاشووبی هۆز

پێغه‌مبه‌ر درودی خوای لێ بێ فه‌رمویه‌تی :

دَعْ ما يَرِيبُكَ إلى ما لا يَرِيبُكَ

واته‌ : لابده‌ له‌ هه‌رچێ بتخاته‌ شوبهه‌ و گومانه‌وه‌ و ڕووبكه‌ره‌ شتێ گومانی لێ نه‌كرێ .

پێغه‌مبه‌ری نازدار له‌م فه‌رموده‌ به‌رزه‌یدا موسوڵمانانی بانگ كردوه‌ بۆ پارێزكردن له‌ هه‌ر شتێ كه‌ له‌وانه‌بێ بكێشێته‌وه‌ بۆ تاوانبارێ ، چونكه‌ ماده‌م ئینسان خۆی نه‌پاراست له‌ جێگه‌ی گوماناویێ ، جه‌ساره‌ت په‌یدا ئه‌كا و گوێ نادا به‌ حه‌رام و له‌وه‌وه‌ ئه‌كه‌وێته‌ گوناهه‌وه‌ ، وه‌كو كه‌سێ نزیك بكه‌وێته‌وه‌ له‌ ئاگرێكی گه‌وره‌ و به‌تین ، له‌وانه‌یه‌ بكه‌وێته‌ به‌ر شه‌پۆلی بڵێسه‌ی ئه‌و ئاگره‌ و بسووتێ . مه‌سه‌لا بۆ وێنه‌ی ئه‌م فه‌رموده‌یه‌ ئه‌گه‌ر كه‌سێ بكه‌وێته‌ گومانه‌وه‌ له‌ ماڵی شه‌خسێكا ئاخۆ حه‌رامه‌ له‌به‌رئه‌وه‌ كه‌ كابرا مه‌شهووره‌ به‌ حه‌رامخۆر یا حه‌ڵاڵه‌ له‌به‌رئه‌وه‌ كه‌ مه‌علوم نیه‌ ئه‌م میقداره‌ ماڵه‌ له‌ حه‌رامه‌كه‌ بێت ، ئه‌وه‌ هه‌رچه‌ند به‌م گومانه‌ حه‌رام نابێ ، به‌ڵام چاكوایه‌ نزیكی ئه‌و ماڵه‌ نه‌كه‌وێ .

هه‌روا له‌ فه‌رموده‌یه‌كی‌ترا به‌درێژێ ئه‌م مه‌وضوعه‌ی به‌یان كردوه‌ به‌ فه‌رموده‌یه‌ك كه‌ مه‌عناكه‌ی ئه‌مه‌یه‌ : ئه‌وه‌ی به‌ نه‌صصی قورئان و حه‌دیث حه‌ڵاڵ بێ یا حه‌رام بێ ئه‌وه‌ ئاشكرایه‌ كه‌ تێكه‌ڵبونی حه‌ڵاڵ ڕه‌وایه‌ و تێكه‌ڵبونی حه‌رام ناڕه‌وایه‌ . به‌ڵام له‌نێوان ئه‌م دوو به‌شه‌دا گه‌لێ شت هه‌یه‌ جێگای گومانی حه‌ڵاڵی و حه‌رامین و گه‌لێ‌كه‌س ئاگادار نین لێیان و نازانن ئاخۆ به‌ڕاستێ له‌ به‌شه‌ حه‌ڵاڵه‌كه‌ن یا له‌ به‌شه‌ حه‌رامه‌كه‌ن له‌به‌رئه‌وه‌ كه‌ حوكمیان له‌ نه‌صدا نیه‌ و هه‌ڵئه‌گرێ له‌ولا بن یا له‌م‌لا . كه‌سێ خۆی له‌م جۆره‌ شتانه‌ بپارێزێ كه‌ جێگه‌ی شوبهه‌ن ئه‌وه‌ دینی خۆی ڕزگار كردوه‌ چونكه‌ پرسیاری له‌سه‌ر خۆی لابردوه‌ و نامۆسی خۆیشی پاراستوه‌ چونكه‌ ده‌می خه‌ڵكی له‌ خۆی گرتوه‌ . هه‌ركه‌سێكیش بكه‌وێته‌ ناو ئه‌م شتانه‌وه‌ ئه‌وه‌ خۆی ئاماده‌ كردوه‌ كه‌ بكه‌وێته‌ ناو حه‌رامه‌وه‌ ، له‌به‌رئه‌وه‌ كه‌ به‌هۆی تێكه‌ڵبونی به‌ شوبهه‌وه‌ گوێ به‌ حه‌رامیش نادا و ئه‌یكا یاخود له‌به‌رئه‌وه‌ كه‌ قابیله‌ هه‌ر ئه‌و جێگه‌ شوبهه‌یه‌ حه‌رام بێ وه‌كو شوانێ كه‌

گەلەی خـۆی بە دەوری قۆرغـدا بلەوەڕێنێ دوور نیە گەلـەکەی بکەوێتە ناو قۆرغەکەوە .

جا ئەی موسوڵمانینە ! ئاگاداربن هەمۆ خاوەن دەسەڵاتێ قۆرغێکی هەیە بۆ حەیوان و ڕەوگی خۆی مەنعی خەڵـکی لێ ئەکا . قۆرغی خوای تەعالایش ئەوەیە کە حەرام بێ و بە قەطعێ خوا ڕەزای نیە کەسێ نزیکی حەرام بکەوێ . بیشزانن لە لەشی ئادەمیزاددا پارچە گۆشتێك هەیە جێگەی بیروباوەڕە ، ئەگەر ئەو پارچە گۆشتە لەگەڵ یاسای ئاییندا سازا هەمۆ لەشی ئینسان لەگەڵ دیندا ئەسازێ . لەگەڵیشی نەســازا باقێ لەشیش ناسازێ . ئاگاداربن ئـەو پارچە گۆشتەش پێی‌ئەڵێن دڵ . جـا حەزرەت درۆدی خـوای لێ بــێ وەکو مەنعـی موسوڵمانانی کردوە لە تێکەڵبۆنی شوبهە ، خەڵکیشی ترساندوە لەوە کە بەهۆی خۆش‌ویستنی هەندێ شتەوە کەڕ و کوێر ببن و خۆیان پێ نەگیرێ . مەســەلا ئینسانێ خوازبێنێ ژنێ ئەکا و هەندێ کـەس بە واتـا ئەڵێن شیری یەکتریان خواردوە ، ئـەوە هەرچەند بەو واتەیە حەرام نابن لە یـەك ، بـەڵام چاکوایە ئینسان خۆی دوور بگرێ لە ژن‌هێنانی‌وا و بەهۆی خۆش‌ویستنی ژنەکەوە چاوی لەئاست ئەم خۆپاراستنەدا کوێر نەبێ و گوێی کەڕ نەبێ ، وەك مەشهۆرە ئەڵێن (حبك للشیئ یعمی و یصم) واتە خۆش‌ویستنی تۆ بۆ هەندێ شت کوێر و کەڕت ئەکا لەئاست ناڕەوایێ و ناڕەســایێ شتە خۆش‌ویستراوەکەدا . بۆیە پێویستە ئاگـات لە خۆت بێ بەهۆی ئـەو مەحەبەتەوە نەکەوێتـە گێژداوی میحنەتەوە .

هەروەك چـۆن پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ مەنعی خەڵـکی کردوە لە نزیك‌بۆنەوە لە حەرام و وریای کردۆنەتەوە لەبارەی خۆ تێکەڵ‌کردنەوە لەگەڵ کەسێك یا شــتێك کە جێگەی شـوبهە بێ ، هەروەهـا مەنعیشی کردۆن لــە گیرۆدەبۆن بــە دۆ شتەوە کە گەلێ تـاوان لە تێکەڵێ ئەو دوانــەوە ڕۆئــەدا کە ئەوانەیش ماڵی دنیا و ئافرەتن و ، فەرمۆیەتی : « اتقوا الدنیا واتقوا النساء فان ابلیس طلاع رصاد » . واتە : خۆتان بپارێزن لە بایێ‌بۆن بە دنیا بــە هەمۆ بەشــێکیەوە و لــە مەیل‌کردن بـۆلای ژنان و خـۆ گیرۆدە کـردن بە خۆشەویستیانەوە ، چونکە بەڕاستێ شەیتان وا لە کەمیندا و خۆی مەڵاس داوە ئەیەوێ هێرش بێنێ بۆ سەرتان . بەتایبەتێ ژن چونکە شەیتان هیچ‌داوێکی‌وای نیە کە ببێ بەهۆی دیل‌کردنی پیاو ئەوەندەی داوی تێکەڵ‌بۆن بە ئافرەتەوە پتەو و بەتین بێ .

ڕۆڵەی خۆشەویست ، بینایێ چاوان جێی هانا و هیوای دوازۆژی ئینسان
ئەگەر ئەتـەوێ بەدوور بێ و ئــازاد لە قاری خـودا و لــە ژاری عیبـــاد
ئیشێ هاتەڕێت جێی شوبهە و گومان خۆتی لێ لادە دەخیـــل صـــەد ئامان

پارێــز لە پیســێ خولقــی پــاکانە
کــــارێ نەزانــی ڕەوایــە یـــا نــە
ئیشــی نــاڕەوا لەبــۆ ڕەوەنـــــدە
پێشینان وابوَن بــە وەرع و پــارێز
لەبــەر یــەك حــەرام وا لایــانئەدا
نەئەچۆنــە پــاڵ دیــواری قــەرزار

تێکــەڵ بــۆنی پیــس بــۆ ناپــاکانە
خۆی تێـــمەهاوێ وێنــەی دێوانــە
نەك بۆ ئینســـانی مەردان پەســـەندە
لە ئــاوی شــەوێ ئەچۆنــە تــەرێز
لە چەند حــەلاڵیش ملیــان بائــەدا
نــەك لــە ســێبەریا بگەن بــە ئازار

★ ★ ★

لەبەر ئیحتیاط بــە وەرع و تــەقوا
ئەوەی خاریج بۆ لــە بیری جومهۆر
نەك وەکو ئیمڕۆ لەبــەر یــەك نیــاز
بۆ ئەحکامی دین زانــای بەئینساف
یا لای بەهێزی ئــەکرد بــە مەبەس
تەفسیری ئایەت یا مــەعنای خەبەر
نەك وەکو ئیمڕۆ هەرکەسێ بۆ خۆی
گوێنادەن بەوە خەیر وا لای کۆمــەڵ
نازانن دەلیــل حــەدیث یــا ئایــەت
برام من و تــۆ بــۆ باســی ئیمــان
گفتــی لانەدان لــە ڕێگــەی خــودا

موفتــێ لایئــەدا لــە گــەلێ فتوا
وەریانئەئەگرت هەتا لــە مەشــهوَر
دە فتوا ئەدەن بە دە قــەولی شــاذ
نزیك نەئەکەوت لــە شوێنی خیلاف
لەبەر سەربەرزێ لایخودای ئەقدەس
حەواڵە ئــەکرا بــە زانــای ڕەهبەر
موجتەهیدێکە چۆن هەڵکەوێ بــۆی
چونکە تاك چاکەی قەت نــابێ لەگەڵ
پێویستی جەمعە و ضەبط و دیرایەت
ئەبێ لانەدەیــن لەو گفتــەی دامان
دەسبەردار نەبوَن لــە ڕێگەی هودا

گوڵی بیستوحەوتەم ـ گوڵی بەهەشتییەتێ

بەهەشت وا لەنــاو ئێش و ئــازارا
بە وێنــەی گەنجە لە ئەڵقــەی مارا
دۆزەخ وا لەنــاو ئارەزوَی نەفســا
ئارەزوَبــازان نوقمــن لــە نەقســا

پێغەمبەری نازدار ، درۆدی خوای لێ بێ ، فەرموێەتی :

حُفَّتِ الجَنَّةُ بِالمكارِهِ وَحُفَّتِ النَّارُ بالشَّهَواتِ .

واتە : بەهەشــت دەورە دراوە بە زەحمەتکێشان و ئێش و ئــازار و دۆزەخیش دەورە دراوە بە ئارەزوَی نەفس و هەوەسبازێ .

لە ڕێبازی ئایــین و شــەریعەتەوە وا دەرئەکەوێ کەوا خــوای تەعالا ئەم ئــادەمیزادەی بــۆ خودانــاسین و بەنــدەیێ و گــەردن کەچێ لە ئــادابی دینا دروستکردوە و ، ئەیــەوێ ئینسان ئینســـانێکی کامڵ بێ و تــوانای بەسەر ئارەزوَی نەفــــی خۆیدا بشکێ ، چونــکە ئیسپات بوە کە نەفس فــەرمان بە شەهەوات و ئــارەزوَبازێ ئەدا و ، ئەگــەر ئینسان بکەوێتە شــوێنی نەفس

ئەبەسترێتەوە بـە ئارەزۆبازییەوە . مادەم ئینسانیش کەوتـە دوای هەوای نەفس و ئارەزۆ ناتوانێ ئـەرکە گەورەکانی مرۆڤایەتێ بـەجێبێنێ . مەسـەلا عەفو و چاوپـۆشێ و قەدری خەڵك ڕاگرتن و خزمەتی داماوکـردن و پەیمان بەجێهێنان و ڕاساڵێ لە مامەڵەدا و ڕاستێ لە وتاردا و یەك دڵ بۆن لەگەڵ خەڵکا ، ئەمانـە هەمۆ ڕیاضەت و تەمێکردنی نەفسیان ئەوێ . هـەروا خۆ مەنعکردن لە ئارەزۆی نەفس لەکاتی تەماعدا و عیففەت و داوێنپاکێ لەکاتی هێرشی ئـارەزۆی نەفسدا کـە پەیوەندیان بە هێـزی ئینسانەوە هەیـە و ، غەزاکردن و خۆبەکوشـتدان لەڕێی خـوادا و بۆ بەرزکردنەوەی حـەق کە بێ فیداکارێ جێبەجێ ناکرێن و ، تا ئینسان مەنعی خۆی نەکا لە هەوا و ئارەزۆی نەفس ناگا بە پایەی بەرز و هەرکاتێ توانای بۆ بەسەر ڕاگرتنی نەفسی خوێدا ئەوسا پێئەنێتە بارەگای کەرامەت و پلە بڵندێ لای خودا ، وەکو لە قورئاندا وتراوە : « وَأَمَّا مَنْ خافَ مَقامَ رَبِّهِ وَنَهى النَّفسَ عَنِ الهَوى ، فَإنَّ الجَنَّةَ هِيَ المَأوىٰ » . واتە : ئەوکەسەی لە پلە و پایەی خوای خۆی بترسێ و نەفسی خۆی لە ئارەزۆبازێ بگێڕێتەوە دواوە ، ئەوکەسە بەهەشت ئەبێ بە ماوا و جێگەی .

جا لەسـەر بناغەی پێشۆ پێغەمبـەری ڕەهبەر سەلامی خـوای لێ بێ فەرمۆیەتی بەهەشت دەورەی دراوە بە گەلێ بیروباوەڕ و بە گەلێ کردەوەیوا کە زۆر زەحمەت و پڕ ئێش و ئازارن بۆ ئادەمیـزاد . مەسەلا بەجێهێنانی پێنج فەرزەی نوێژ لە هەمـۆ شەو و ڕۆژێکا و ، ڕۆژۆی مانگی ڕەمـەزان لە هەمـۆ ساڵێکدا بە گەرما و سەرما و ، ماڵدان بە داماوان بە ناوی زەکاتەوە و سەفەری زیارەتی ماڵی خوا بە ناوی حەجەوە و ، غەزا لە ڕێی خوادا و ، خزمەتکردنی موسوڵمانان بـە هەر جـۆرێ کە ڕەوا بێ و سـۆدی تیا بێ ، ئەمـانە هەمۆ زەحمەت و مەینـەتن و دەوری بەهەشـتیان گرتوە ، تا موسـوڵمان بەمانەدا تێنەپەڕێ و هەنگاویان بەسەردا نەنێ ناگا بە بەهەشتی پایەدار و نابێ بە جێگەی ڕەحمەتی خوا . هەروا دۆزەخیش لەناو ئارەزۆی نەفسدایە کە پێچەوانەی ئەو شتانەیە کـە باسمانکردن . ئەگەر ئینسـان مەنعی خۆی کرد لەمانـە ئەوە بەهەشتییە وەکـو وتمان و ، ئەگەر خـۆی هاویشتە ناو کۆڕی ئـەم کردارە ناپەسەندانەوە ئەوە لەوێوە ئەچێتە ناو ئاگری دۆزەخ پەنا بە خودا .

هێزی زنجیرەی پشـتی چەمیدەم	**بەنـدی هـەناو و بینـایێ دیـدەم**
ئەوکەسـەی بـاخێ پـەروەردە ئەکا	**بـە ئـەمینێکی ئەسـپەردە ئـەکا**
دەورەکەی ئـەگرێ بە دڕك و بە دار	**شیلان و تۆڕك زریسـکی پـڕ خـار**
یـەکێ بیـەوێ بگـاتە نـاو بـاخ	**میوەی لێ بخوا بـە خواستی دەماخ**
ئـەبێ پـێ بنـێ بـەو دار و خـارا	**خـۆ بگـرێ لەبـەر ئێش و ئـازارا**
کە بۆخواستی خۆی وەها جەسۆر بێ	**بەسەر دڵخوازا ئـەبێ مەنصـۆر بێ**

★ ★ ★

بەهەشتیش وایە لەناو ئازارا ‏ وەکو گوڵ لەناو کۆمەڵەی خارا
ئەگەر بتەوێ بگەیتە بەهەشت ‏ ئەبێ خوێنی خۆت بڕێژیتە دەشت
بە زانستی چاك ، بە کردەوەی پاك ‏ بە حەق‌پەرستی ، بە دڵی ڕۆناك
پێ بنێی بەسەر خۆپەرستییا ‏ نەمێنێ لەناو خانەی پەستییا
گیانەڵاو بکەی لەبەر نەخۆشی ‏ دەس نەبەی لەبۆ کاسەی سەرخۆشی
دەس بدەی بەسەر سیخی تەمادا ‏ خۆ بگرێ لەبەر تیغی جەفادا
دەست و دەم و دڵ پاك بکەیتەوە ‏ بەلای تاوانا لا نەکەیتەوە
بەهیوای ئاوی کەوثەری ئەعظەم ‏ دەس‌نوێژ بشۆرێ لە بیری زەمزەم
بەتەمای تاجی بەرزی ڕەئیسی ‏ خۆت بپارێزێ لە داوێن‌پیسی
دڵت هەڵگیرسێ و بسوتێ بە تاو ‏ بۆ جۆش و تاوی دڵی لێ قەوماو
کەسێ بەم‌جۆرە بژێ تا ئەمرێ ‏ لەناو بەهەشتا جێگەی خۆی ئەگرێ
بۆ باخی بەهەشت ئەم تەکلیفانە ‏ وێنەی پەرژین و شورە و تەیمانە
پەرژینت بڕێ بێ‌شوبهە و گومان ‏ ئەچیتە باخی ڕازاوە و جوان

★ ★ ★

هەروا دۆزەخیش لە ئارەزۆدا ‏ ژارە وا لەناو حەڵوای گەزۆدا
هەواپەرستی و ئارەزۆبازێ ‏ ئەنجامی نادا خوای لێ بێ ڕازێ
ئەوەی نان بخوا لەگەڵ ستەمکار ‏ بێ‌شك دەرخواردی ئەدرێ ژاری مار
ئەوەی بە هەوا خۆی بایێ ئەکا ‏ خۆی بە جەفای دەرد سزایێ ئەکا
خۆلاصە خودای زانا و تەوانا ‏ ئەوەی پێ‌خۆشە کە بەندەی زانا
بە مەعنا و دیمەن بێ بە ئینسان ‏ بێ بە بنکەی پیاوەتی و ئیحسان
خۆی ئازاد بکا لە شەهوەت‌ڕانی ‏ دەرچێ لە پایەی پەستی حەیوانی
دڵی بکاتە لانەی بیری پاك ‏ بە یادی خودا و ڕەهبەری (لولاك)
ئەوسا ئەگاتە بەهەشتی بەرین ‏ شاباشی ئەکرێ هەزار ئافەرین
هەتا (نامی) بێ بە ناوی لەقا ‏ دڵی ئاو بدرێ بە ئاوی بەقا

گوڵی بیست‌وهەشتەم ـ گوڵی هاوڕێی

ئەرزێ گوڵزار بێ خاکی بۆن‌خۆشە
گوڵی سۆسەن بێ یاخود وەنەوشە
هاوڕێ لە هاوڕێ ڕەویە وەرئەگرێ
ئەگەر بێ‌خەوشە یاخود بەخەوشە

خوای گەورە فەرمویەتی :

یا أیُّها الَّذینَ آمَنُوا اتَّقُوا اللهَ وَکُونُوا مَعَ الصّادِقینَ

واتە : ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هەیە بە خودا ، خۆتان بپارێزن لە نازەزایێ خودا و لەگەڵ ئەوانەدا بن کە ڕاستن .

هاوڕێیی و هاودەمی یەکێکە لەو شتە گرنگانە کە ئەبن بەهۆی بەرزی و نزمی پایە و مایە و شانی ئادەمیزاد . ئینسان ئەگەر قیاسی شتی نەبینراو لە شتی بینراو بکا ، لە گەلێ کاتا ئەگا بە ئەنجامی ڕاست و بە گەلێ شت ئاشنا ئەبێ . تەمـاشا ئەکەیـن زەویەك گوڵزار بـێ بەهۆی بۆنی ئـەو گوڵانەوە زەوییەکەیش بۆنی خۆش وەرئەگرێ . هەروا لە شوێنێکدا مردارەوە بویەك کەوتبێ هەوای ئەو شوێنە بەڵکو زەوییەکەیشی بۆنی پیس و ناخۆش ئەبێ .

خوای تەعالا لەسەر ئەساسی حەقیقەت و واقیعی حاڵ فەرمانی داوە بە موسوڵمانان کە لەگەڵ ڕاستاندا بژین و توخنی درۆزن و ساختەچی نەکەون . ئەو ئایەتە پیرۆزەی لەسەرەوە نوسیمانەوە داوای ئەوە ئەکا لە ئادەمیزاد کە مامۆستای زانا و هوشیار و دڵ ڕوناك و دەست و داوێنە پاك و زمان شیرین هەڵبژێرێ و ، لە هەر ئیشێکا کە بە تێـکەڵی بکرێ ئینسـان هاوڕێی چاك و پاك و چالاك دیاری بکا بۆ خۆی .

ئەوانەی کـە خاوەنی تەصەووف و ڕوناکی دڵن ئەو ئایەتـەیان کردوە بە ئەساس بۆ یادی مورشیدی خاوەن ڕۆح . ئەڵێن مەبەس لە بون لەگەڵ ڕاستانا تەنیا ئەوە نیە کە ئینسـان بە لەش لەگەڵیانا بێ ، چونکە گەلێ جار ئینسان وا لەگەڵ یەکێکا و بە دڵ لەوکەسە بێزارە . ئـەم جۆرە هاوڕێیەتییە بێسـودە ، بەڵکو مەبەسـت بونـە لـەگەڵیانا بـە ڕۆح ، یەعنی ئینسـان بـە ڕۆح و بـە خۆشەویستی و بە یاد لەگەڵیانا بێ . جا بەهۆی دەوامی ئەم یادەوە ئینسان وای لێ دێ ئەحواڵی ئەو شەخصە لە دڵیا پەیدا ئەبێ . مەشهورە ئەڵێن ڕۆژێکیان لەیلای خۆشەویستی مەجنونی عامیرێ خوێنی باڵی خۆی گرت ، کەچی مەجنون لە جێگای خۆیەوە لە هەمان شوێندا خوێنی باڵی بەر بو .

لە واقیعدا بە بەراورد دەرکەوتوە هەرکەسێ هەمیشە هاوڕێی کەسێك بێ خووڕەوشتی ئەوکەسە ئەگرێ . کورد ئەڵێن : گای ڕەش لەگەڵ گای زەردا بێ ، ڕەنگی ئەو ناگرێ ، بەڵام خوی ئەو ئەگرێ . لەسەر ئەمبناغـە واقیعییەیە حەزرەت سەلامی خودای لێ بێ فەرموویەتی : «المُجاوَرَةُ موءَثِرَةٌ ، والرَّضاعُ يُغَيِّرُ الطِّباعَ » واتە : دراوسێتی و هاودەمی کارئەکاتە سەر ڕەوشت و شیری دایەنیش سروشتی منداڵ ئەگۆڕێ. ڕاستەکـەی نەفسـی ئادەمیـزاد هێزی ڕاکێشان و دەرکردنی تیایە و، لەسەر خواستی خودا وائەبێ ئینسانی بەدخۆ و بەدبیر ماوەیێ ئەبێ بە هاوڕێی کەسێکی دڵ ڕوناك و ڕۆح پـاك و بەهـۆی ئەو تێکەڵییەوە ڕەوشتی ئەم کەسە بە باری چاکەدا ئەگـۆڕێ ، وەکو ڕێئـەکەوێ ئینسـانێکی خووڕەوشت باش ماوەیەك ئەبێ بە هاوڕێی کەسێکی بەدڕەوشت و ناپەسەند و ئەوەش ئەبێ بەهۆی ئەوە کە ئەم ئینسانە پاکە ببـێ بە ئینسـانێکی بەدکردار و بەدخۆ . وەك ڕێئەکەوێ منالێکی سـاغ و سەلیم شـیری ژنێکی

نەخۆش ئەخوا و تۆشـی ئەو نەخۆشییـەی ئەو ئەبێ ، یـاخود ئەم منـاڵە لە خانەدانێکی پاکە و باوك و دایکی ئینسانی خاوەن سروشت و ڕەوشتی بەرزن ، هەر لەبەرئەوە کە ئەو ژنە حەرامخۆر و بەدخوڵقە ، مناڵەکە کە گەورە بۆ ئەبێ بە ئینسـانێکی بەدکرداری ناپەسەند .

جا لەبەرئەوە کە هاوڕێیێ و هاودەمێ ئەوەندە بەهێز و کاریگەرە و ئەبێ بەهۆی گۆڕینی خۆی ئینسان ، حەزرەت سەلامی خوای لێ بێ فەرموویەتی : « المَرءُ علی دینِ خلیلِه ، فلْیَنظُرْ احَدُکُمْ مَنْ ذا یُخالِلْ » واتە : بنیادەم لەسەر ئایین و کێشی دۆست و برادەری خۆیەتی . کەواتە با هەرکام لە ئێوە باش ورد بێتەوە بزانێ کێ ئەگرێ بە دۆست بۆ خۆی . هەروەها فەرموویەتی : « المَرءُ مَعَ مَنْ احَبَّ » واتـە : ئینسان لەگەڵ ئەوکەسەدایە کـە خۆشی ئەوێ و ئولفەتی لەگەڵیا هەیە . بەمەعنا مـادەم کەسێ مەحەببەتی کەسێکی بێ و بیکا بە هاودەمی خۆی ، ئەوە خووڕەوشتی ئەو وەرئەگرێ . جا هەروەك چۆن لەژیاندا بەیەکەوەن ، لە پاشەڕۆژیشدا هەروا بەیەکەوەن . پوختەی ئەم باسە ئەمەیە کە هاوڕێیەتێ و هاودەمێ دەوری زۆر گەورەی هەیە لە گۆڕینی ئینسـان و لە سوود و زیان گەیاندندا . بۆیە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێ فەرموویەتی : « الجارُ قَبلَ الدّارِ والرَّفیقُ قَبلَ الطّریقِ والزّادُ قَبلَ الرَّحیلِ » واتە : بەرلەوەی خانوو بگرێ بزانە دراوسێکانت کێن و ، بەرلەوەی بڕۆی بـۆ سەفەر بزانـە لەگەڵ کێ ئـەڕۆی و ، بەرلـەوەی بکەویتـە ڕێ بۆ سەفەرەکەت توێشووی بۆ ئامادە بکە . لێرەدا ئەگونجێ مەبەست لە کەوتنەڕێ بۆ سـەفەر ، بۆ سـەفەری قیامەت بێ یا بۆ سـەفەری دنیا .

کەواتـە زۆر پێویستە ئینســـان هەوڵێکی زۆر بدا بـۆ دەستخستنی هاودەمی باش و بەنرخ و تابتوانێ هاوڕێی موناسب و بەقابیلیەت و لێهاتـوو و کارامە پەیدا بکا بۆخۆی ، ئەگینا تێکـەڵێ کەس نەکا وەکو مەشهورە ئەڵێن : « الوحدة خـیر من جلیس السوء » واتە : بـە تاقی تەنیا ژیان چاکتـرە لەوە کە ئینسان هاودەمی بنیادەمی نابار و بەدکـردار بێ ، چونکە هاودەمی خراپ خۆی بنیادەم خراپ ئەکا . ئەگەر خـۆی ئینسانیش نەگۆڕێ زیانی ئەوەیە کە خەڵکێ چاوی لێ ئەکەن بۆ هاوڕێیەتێ ئینسانی بەدخوو و بەدڕەوشت . بێجگە لەوەیش گومـانی خراپ ڕوئەکاتە ئینسان و ، دوورێ لە شـوێنی توهمەت و بەدگومانێ بۆ ئینسان پێویستە وەکو حەزرەت سەلامی خوای لێ بێ فەرموویەتی : « اتّقوا مَواضِعَ التُهَمِ » واتە : خۆتان بپارێزن لەو شتانە کە ئەبن بەهۆی ئەوە گومانی خراپتان پێ ببرێ . هەروا فەرموویەتی : « مَنْ سَلَكَ مَسالِكَ التُهَمِ اتُّهِمَ » . واتە : کەسێ بە ڕێگەیوادا بـڕوا گومانی لێوە پێ ببرێ ، گومانی پێئەبرێ . لە واقیعدا ئینسان کە هـاودەمی دز و درۆزن بۆ گومانی دزێ و درۆزنێ پێ ئەبرێ وەك چۆن ئینسـان تێکەڵی پیـاوی باش ببێ گومـانی باشـێ

پێ ئەبرێ . پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ بەجۆرێ عاجزێ دەربڕیوە لە تێکەڵبون لەگەڵ ئینسانی بەدخو کەپێویست بێ بۆئینسان، خۆیشی و فامیلیشی بپارێزێ وەکو فەرموێەتی : « ایّاکمْ وخَضْراءَ الدِّمَنِ المَرأة الحَسْناءُ في مَنْبَتِ السُّوءِ » . واتە : ئەی موسولمانینە خۆتان بپارێزن لە گیای سەوزی سەر سەلوێنك کە بریتییە لە ژنی جوان کە لە بنەماڵەیەکی ناپیاو و نامەرد بێ چونکە لەوانەیە بەهۆی خۆی خراپی ئەو ژنەوە خۆی مێردەکەیشی خراپ ببێ و بەڵکو ئەو منداڵانەیش کە لێی‌ئەبن بەهۆی بەدخۆیێ دایکیان و ماڵی خاڵوانیانەوە خۆیان خراپ ببێ .

جا پێویستە هەرچەند لە ئیمکاندا بێ ئینسان تێ‌بکۆشێ بۆ پەیداکردنی ڕەفیقی باش بۆ تەمێ کردن و پەروەردەکردنی منداڵ و بۆ ئامۆژگاریێ‌کردن بەتایبەتێ بۆ پەروەردەکردنی مەعنەویێ ، یا بۆ هاتوچۆ و ڕابواردن و بۆ دراوسێیەتێ و هاوماڵێ و ، بۆ مامەڵە و کاسبێ لەگەڵ کردن و ، بۆ عەهد و پەیمان لەگەڵ بەستن و ، بۆ ژن لێ‌خواستن و لێ‌مارەبڕین وەکو پێغەمبەر درودی لێ بێ فەرموێەتی : « الدُّنيا مَتاعٌ و خَيرُ مَتاعِها المرأة الصّالِحةُ » واتە : ژیانی جیهان لەذەت وەرگرتنە و چاترین شتێ کە لەذەتی دینێ و دنیایێ لێ وەربگیرێ و خانەدانی لەسەر دامەزرێنرێ ژنی باشە .

ڕۆڵەم بۆ تۆمە ، بگەی بە پایە   عومری عەزیزت نەڕوا بە زایە
هەر منداڵ نابن لەسەر چەرپایە   خەوتان لێ‌کەوێ بە لایە لایە
ئەو لایەلایەش بۆ ئێوە ئەکرێ   بەو هیوا ئەکرێ جێگەیێ بگرێ
ئەو شیر و شەکرەی ئەدرێ بە ئێوە   ئەو حەلوای گەزۆو ئەو شەکرە سێوە
هەموێ هیوایە و ئومێدەوارێ   ڕۆڵە پێ بگا بۆ بەختیارێ

★ ★ ★

چین چین دێنەدەر گولالانی کێو   چینێ لە بەرزێ و چینێ لە نشێو
کامەیان جوان بێ لەبەر چاوانا   ئەکرێ بە سنگی گەلی لاوانا
هەر بەهار نابێ جیهان بۆ ئێوە   هاوین سەبۆن دێ تۆزیشی پێوە
هەر هاوین نابێ کاتی خەرمانان   پایز لە پێشە بۆ گەلاڕێزان
هەر پایز نابێ میوە لە داران   زستان لە پێشە و دەمەی کۆساران

★ ★ ★

منداڵ هەڵنەچێ وێنەی سپێدار   ئەبێ بە لاوی بەرزی هەرزەکار
ئەمجا ژن دێنێ و ئەساس دائەنێ   گەرای گەلێکی حەقناس دائەنێ
هەرگیز قابیلە ئەوەند نەفام بێ   دواڕۆژی ئەوەی لا بێ‌ئەنجام بێ
حەولی وانەدا کە منداڵ دەرکەوت   ڕێگەیێ بگرێ هۆ بێ بۆ سەرکەوت

هۆی ئەم سەرکەوتە ئەوەیە کە خۆی ‌ ‌ بینا و زانا بێ تا ڕێکەوێ بۆی
تۆوێ زانایێ دایکا لە زەوێ ‌ ‌ چ لە مادیّات چ لە مەعنەوێ
منداڵ لەوکاتا چاو ئەکاتەوە ‌ ‌ بە ڕەویەی بابی خێر ئەداتەوە
بابی تاجر بێ ئەڕوا بۆ دۆکان ‌ ‌ ئەگەر جانباز بێ ئەڕوا بۆ مەیدان
خۆ ئەگەر سوارەی جەنگ و نەبەردە ‌ ‌ ئەمیش وەکو ئەو دڕندەی هەردە
مەخلەس هەر گەلێ جادە نەکێشێ ‌ ‌ منالی بێ ڕێ دەماخی دێشێ

★ ★ ★

جا ئەتانەوێ خۆتان پێبگەن ‌ ‌ نەتەوەی خۆشتان لە ڕێ لانەدەن
تەوانا و زانا و بە هۆش و دڵ بن ‌ ‌ لەگەڵ هوشیاران هاوەڵ مەنزڵ بن
ژیان بینایە هاودەم ئەساسە ‌ ‌ ئەساس کە ڕاس بێ بیناکەی ڕاسە
هاودەمێ بگرن سەرچاوەی ئاو بێ ‌ ‌ دڵپاك و زانا و بەنرخ و ناو بێ
چ بۆ دانشگا و چ بۆ هاتوچۆ ‌ ‌ چ بۆ هاومالێ و چ بۆ ژن و شۆ
زینهار خۆ لادەن لە هاوڕێی بەدخۆ ‌ ‌ لە بێدەماخی بەدپێستی بەدڕۆ
ڕەوشتی ئینسان وێنەی نەخۆشێ ‌ ‌ دڵ بە دڵ ئەڕوا خۆش و ناخۆشی
گای سپێ لای ڕەش ڕەنگی ڕەش نابێ ‌ ‌ بەلام لە خوّی ئەو قەت بێبەش نابێ
هاوڕێی ستەمکار با ستەم نەکا ‌ ‌ هەر بە بلێسەی نەنگی ئەو ئەگا
بە تەنیا بڕۆی بە خارستانا ‌ ‌ نەك لەگەڵ نابار بە گولستانا
نەك هەر تەنیایێ ، بشچیتە ئەلحەد ‌ ‌ چاترە لە صوحبەت لەگەڵ یاری بەد
ئینسان لە گۆڕا ئەحەسێتەوە ‌ ‌ شۆمێ یاری بەد نابڕێتەوە
ئەوەی یاری بەد کردی بە یاران ‌ ‌ کەوەمار نەیکرد لەسەر کۆساران
بە بیری چەپەڵ ، بە کردەوەی شەڕ ‌ ‌ بە گومانی بەد بەئاشوّب و گەڕ
هەموّی لە شۆمێ هاوڕێی بەدکارە ‌ ‌ هەموّی بەبۆنەی خۆی نابەکارە
یەعنێ ئەم تۆلە تۆڵەی صوحبەتە ‌ ‌ هاوڕێ بۆ هاوڕێ بە مەحەبەتە
چەند مەردی بەرزی بەهاناو هیمەت ‌ ‌ بە هاودەمێ بەد کەوتنە بەر توهمەت
چەند دڵی پاکی مینا لەطافەت ‌ ‌ پیس بۆ بە هاوڕێی خاوەن کەثافەت

★ ★ ★

بەدخۆیەکتان دێ ، گوێبگرن لە من ‌ ‌ هەڵێن لە دەستی هەروەك لە دوژمن
نانی بەدخووان نەخۆشێ دێنێ ‌ ‌ شانی بەدخووان شانت دێشێنێ
بێ دەرمان بمرە بە بێ یەك و دۆ ‌ ‌ وەرمەگرە دەوای دوکتۆری بەدخۆ
پادشا بەدخۆ بێ حاشا لە چارەی ‌ ‌ باخی میوە بێ حاشا لە بەهرەی
دوژمنی خۆشخۆ بۆت ئەبێ بە یار ‌ ‌ برای بەد سروشت لێت ئەبێ بە مار
دوژمنی بەدخۆ بە باوەڕی من ‌ ‌ خۆی بۆ قەتلی خۆی بوە بە ضامن
ئیمڕۆ یا سبەی خۆی خۆی ئەکوژێ ‌ ‌ پێی ناوێ دوژمن خوێنی بڕێژێ

★ ★ ★

لەنـاو مەردانا زۆ ئەبێ بـە مـەرد   لەلای نامەردان بـە دڕندەی هـەرد
لە ڕێزی بەرزا خۆت بەڕێز ئەکەی   خۆت بەخاوەنی کورسێ و مێز ئەکەی
هەرچێ کەرامەت بۆ هەرکەسێ بـۆ   هەر بە هاودەمێ خۆش نەفەسێ بۆ
حەزرەت بە یارێ فریشتەی مەعبۆد   بۆ بـە خاوەنی مەقـامی مـەحمۆد
بە یومنی یارێ حـەزرەتی ڕەهبـەر   یاران گەیشـتن بـە ڕەضـای داوەر
تابیعـین لـەبەر هـاودەمێ یـاران   بـارانی ڕەضـا بـارێ لەسـەریان
چەند دڵ بە فەیضی یارانی (نامێ)   بۆن بـە هاوڕێزی مەولانای جـامێ
گڵ بە بۆنی گوڵ موعـەططەر ئـەبێ   دڵ بە فەیضی دڵ مونەووەر ئـەبێ
(حجر الاسود) لـە کەعبەی نازدار   بۆ بە جێ بۆسەی لێـوانی ئـاودار
چەند مۆرۆی شۆشەی بێنرخی بازاڕ   فرۆشران لەناو ڕشتەی جەوهەربار

★ ★ ★

بـەدخۆ بـە شێوە بدرەوشـێتەوە   خێـر لـە پـەنـایا ناوەشـێتەوە
خـۆ بپارێزن لـە یاری خـۆشڕۆ   هەڵکەوتوی هۆزی بەدئەخلاق و خۆ
گوڵی سەلوێنك زۆر زۆ ئـەفەوتێ   بە بۆقی پـەین ڕیشـەی ئەسـوتێ
ژن هەڵبژێرن بـۆ مـاڵی خـۆتان   پێوەندی خێرە بـۆ حـاڵی خۆتـان
ژنهێنـان وێنـەی پێوەنـدی دارە   هۆشـیار چاوەڕێی نەیشەکەر بارە
هاتوچۆی مناڵ لای خاڵی بـەدحاڵ   خاڵی ڕەش ئـەدا لە چارەی منـداڵ
دڵبەندی مـەردە ئینسانی هوشـیار   ئـازار و دەردە پەیوەنـدی نـابـار
پەیوەندی (نامێ) لە شەکرە سێوە   مەردێ بە دڵـە و بە فیکـر و لێـوە

گوڵی بیست و نۆهەم ـ گوڵی گونجان و سازان

ئینسـان گەدا بێ یـا وێنـەی دارا
نـازێ بـێ گونجـان ، بە بێ مودارا

زەمـانە سـازێ پێویسـتە بۆ پیـاو
ئەگەر نەیەوێ بێ شوێن بێ و بێ ناو

پێغەمبەری نازدار ، درودی خوای لێ بێ ، فەرمویەتی :

بُعِثْتُ بِمُداراةِ النّـاس

واتە : ڕەوانە کراوم بۆ بەجێهێنانی شێوەی سازش لەگەڵ خەڵکدا .

مودارا و زەمانەسازێ و گونجان لەگەڵ خەڵك قازانجێکی زۆری هەیە لـە ژیانی ئینسـاندا و هیچکەسێ ، بەتایبەتێ ئەوانەی کە کاری گرنگ و بەبایەخیان بەدەستە ، ناتوانن بێ ئەم ڕەوشتە بەئاسایش ڕابوێرن و نەسودیـان بێ ئـەم

ڕەوشتە لە خەڵك پێ وەرئەگیرێ و نە سوودیان پێ ئەگەیەنرێ بە خەڵك . ئەمخووە هەرچەند لە سروشتی ئادەمیزاددا هەیە ، بەڵام بۆ گوشادکردنەوە و ڕاگەیاندنی بە ئەفرادی کۆمەڵ توانا و قابیلەتێکی زۆر پێویستە . بەجێهێنانی پێویستییەکانی ئەم خووە گەلێ ئوسوولی هەیە کە لە هونەری حیکمەتی عەمەلیدا لەژێر عینوانی (سیاسة المدن)دا بەدرێژیی باسی لێ کراوە .

ـ گرنگترینی پێویستییەکانی ئەم ڕەوشتە بریتییە لە سێ ڕەوشت . یەکەم: ڕاگرتنی پایە و شانی هەرکەسێ ئەوەندەی خۆی . دۆهەم : قسەکردن لەگەڵیان بە وتاری موناسب بەپێی پایەی عەقڵ و تێگەیشتنیان . سێهەم : بەخشش و ماڵ سەرف‌کردن لەکاتی پێویستدا .

بەشی یەکەم ، ڕاگرتنی پایە و شان . پێغەمبەری نازدار سەلامی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « اُمِرْنا انْ ْنَنْزِّلَ النّـاسَ مَنازِلَهُمْ » . واتـە : لەلاینی خواوە فەرمانمان پێدراوە کەوا هەرکەسێ لە شوێنی خۆیا دابنێین . لە واقیعدا ئەم ئادەمیزادە هەرچەنـد یەك جۆرە ، بـەڵام ئەصنـافی زۆرە و ڕەگ ڕەگ و کان‌کانە وەکو کانی ئاڵتون و زیو و مس و ئاسن و غەیری ئەمانە . لەمصینفانەدا بێنرخ و بەنرخ و دڵپیس و دڵپاك و مەشرەب‌بوڵەند و مەشرەب نەوێ هەیـە . هەریەکێ لەم بەشانە بەش بەحاڵی خۆی پایەیەکی بۆ بڕیار دراوە ، کە ئەو پایەیە ڕانەگیرا حاڵی ناڕەحەت ئەبێ . جا ئەگەر دەسـتی هـەبێ شـۆڕش و غەوغـا ئەنێتەوە . ئەگەر دەستیشی نەبێ ئەڕوا لەپەناوە دەست‌ئەکا بە شات و شوت و هات و هاوار و پڕوپاگـاندە و بوختـان‌کردن و عەیب و عـار بڵاو کردنـەوە و نرخ‌شکاندنی ئەوکەسەی پایەی ئـەوی ڕانەگرتوە و لەپێش چـاوی خـەڵکدا سوکی ئەکا ، بەڵکو خەڵکیشی لێ ئەورووژێنێ و ئەیانکا بە دوژمن و نـاحەزی و ئەوەندەی دەستی بڕوا مەیدانی ئەوە نادا کە هیچ مەرام و مەبەستێکی جێبەجێ بێ . کەچێ ئەگەر شانی ڕابگرێ ، لەپێش چاویا خۆشەویست ئەبێ و هیوای ئەوە پەیدا ئەکا کە سوودی لێ وەربگرێ و ئەبێ بە یارمـەتی‌دەری . خـۆ ئەگەر یارمەتییشی نەدا هیچ نەبێ زیانی پێ ناگەیەنێ و ئەمەیش سوودێکی کەم نیە وەك مەشهورە ئەڵێن : هەزار دۆستت بێ کەمە ، بەڵام تاقە دوژمنێکت بێ زۆرە . بۆ ڕاگرتنی پایە و شان وتاری جوان و ڕووی خۆش و حیلم و حەوسەڵە لەکاتی ڕق‌هەستانا پێویستە . حیلم لەمکاتەدا زۆر پێویستە . پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : «ما جَمِعَ شَیٔءٌ الی شَیٔءٍ احْسَنَ منْ حِلْمٍ الی عِلْمٍ» . واتە : قەت شتێ نەخراوەتە پاڵ شتێ جوانتر بێ لە حیلم و حەوسەڵە لەپـاڵ زانست و زانیاریدا .

بەشی دۆهەم ، قسـەکردن لـەگەڵ خـەڵك سـەرنجدانی پایەی بیروباوەڕ و تێگەیشتنیاندا . ئەم بەشە ماوەیەکی گوشادی هەیـە و پێویسـتی بەوە هەیە کە ئینسـان سروشت و خوو و بیروباوەڕ و ئوسوولی ئەو خەڵکە بزانێ .

گەلێ کەس بەوە ڕام ئەکرێن کە تەعریفی باوك و بـاپیر و نەژاد یا مـامۆستا و مورشیدیان یا تەعریفی سروشت و خۆی خۆیان بکەی یا لە بابەتێکیواوە قسەیان لەگەڵدا بکەی کە ئەوانیش‌شتێکی لێ بزانن . پێویستە ئینسان خۆی دووربگرێ لە هەرا و دەمەقاڵە و چەقەچەق لەگەڵ خەڵك، بەتایبەتێ پێویستە خۆ دوورگرتن لە زەم‌کردنی بیروباوەڕ و کێش و ئایینی خەڵك چونکە خۆشەویستێ ئەم شتانە وەکو خوێن چوە بە دەمارەکانی لەشیاندا و هەتا ئەوانە گیان لە لەشیاندا مابێ ئەو بیروباوەڕانەیان لە دڵ دەرناچێ .

ئەگێڕنەوە کاتێ ئەسکەندەر کوردستان و ئێرانـی گرت ، لە بیروبـاوەڕی خەڵکەکە زۆر زویر بو . ئەیویست هەرکەسێك و هەر تیرەیەك کە ببن بەهـۆی بڵاوبونەوەی ئەو بیروباوەڕانە بەتێکڕایێ بیانکوژێ . لەم‌بارەیەوە ڕاوێژی لەگەڵ وەزیرەکانی کرد . یەکێکی زانایان تیابو ، وتی : بیری کوشتن و دوورخستنەوە سوودی نیە . چاکتر ئەوەیە خوێندنگای زۆر دروست‌بکەی بۆ منداڵەکانیان هەتا بخوێنن و تەمێ وەربگـرن بەجۆرێ کە ئـەو بـیرو باوەڕەیـان کز ببـێ . لـە لایەکی‌کەشەوە وڵاتەکەیان پارچە پارچە بکە و هەر پارچەیەکیان فەرمانداریکی لە خۆیان لەسەر دانێ و فەرمانیان بدەرێ کە هەرکامیـان سـنووری وڵاتەکەی خۆی بپارێزێ . ئەمە ئەبێ بەهۆی هەرا و ئاشوب لەناویانـا و ئەدەن لە یەك و وەزعی ئێمە فەرامۆش ئەکەن و بیروباوەڕیشیان لە بیر ئەچێتەوە . لەم‌لایشەوە بەهۆی پارچە پارچەییەوە هەمو بێ‌هێز و لاواز و بێ‌کارە ئەبن و بەتایبەتێ مادەم ببـن بە دوژمنی یەکتر سەری کەسیـان ناپەرژێ . هـەر لەسـەر بناغـەی دەست‌نەبردن بۆ کێش و ئایینی خەڵکە ئەمە کە ئایینی ئیسلام بڕیاری داوە کەوا موسوڵمانان حەقیان بەسەر ئایینی جولەکە و گاورەوە نەبێ و کەس زیانیان پێ نەگەیەنێ مادەم ئەوان بە ئارامێ و بێ‌خەیانەت لە وڵاتـی ئیسـلامدا دابنیشن و خەرج‌وباجی دەولەتێ تەسلیمی خەزینەی دەولەتی ئیسلام بکەن .

هەروا پێویستە هەر قسەیێ لەگـەڵ ئـەو خەڵکـەدا ئـەکرێ لەپایـەی تێگەیشتنی ئەواندا بێ . ئەگینا لەجیاتێ سوود زیان لەو قسـانە پەیدا ئەبـێ . بۆیـە پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێ فەرموویەتی : «اُمِرْنا انْ نکلِّمَ النّاسَ علی قَدَرِ عقولِهِمْ ». واتە : فەرمانمان پێ‌دراوە قسە لەگـەڵ خەڵکـدا بـە ئەندازەی عەقڵ و تێگەیشتنیان بکەین .

بەشی سێهەم ، مـاڵ خەرج‌کـردن . مـاڵ خەرج‌کردن یەکـەم پلەیە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاسایش . گەلێ ئیش هەیـە بە سەرف‌کردنی مـاڵ پێـك‌دێ . ئەوەندە هەیە ماڵ سەرف‌کردن پیاوی ژیری ئەوێ بۆئەوە کە ئەندازە ڕابگرێ و لە شوێنی موناسب و ڕێك‌وپێکدا سەرفی بکا . مـاڵ خەرج‌کردن هـەرچەند بەدیمەن زیانە لە بنیادەم ئەکەوێ ، بەڵام قازانجی گەلێ زۆرە ، چونکە گیروگرفت

ئەگەر بەهۆی صەرف‌کردنی ماڵەوە چارنەکرێ ، بە هەر ڕێگایەکی‌ترا چاربکرێ زیانی گەلێ لە صەرفی ماڵەکە زۆرتر ئەبێ . بێجگە لەوەیش کە زیانی ماڵێ ئەبژێررێتەوە ، بەڵام زیانی گیانێ چ لە تاقەکەس بکەوێ و چ لە میللەتێك بکەوێ بژاردنەوەی نیـە .

شێخی سەعدێ خوای لێ ڕازێ بێ کە زۆر تەعریفی ئەتابوکەکانی شیرازی کردوە ، لەبەرئەوە تەعریفی کردوّن کەوا بە صەرفی ماڵ و بە مودارا و گونجان و سازان لەگەڵ مەغۆلەکاندا ڕێك‌کەوتوّن و خوێن و حورمەتی میللەتەکەیان و وڵاتی شیرازیان لە وێران بوّن پاراستوە . مودارا ئەگەر ئینسانی بچوّك بیکا پایەی بەرز ئەبێ . ئەگەر خاوەن پایەش بیکا پایەکەی بەردەوام ئەبێ . مودارا بۆ پیاوی خاوەن‌پایە و شان گەلێ پێویستە . تا کار بە مودارا مەیسەر بێ ، بەکارهێنانی توندێ و تیژێ هیچ سوّدێکی نیە بەڵکو زیانیشی لێ ئەوەشێتەوە ، مەگەر بەرابەر بەوکەسانە کە زۆر بێ‌دەماخ و بێ‌عەقڵ و هۆشن و هیچ شتێ کاریان لێ ناکا . لەم‌کاتەدا پێویستە پیاوی گەورە ئەوەندەی پێویست توندێ و تیژێ بەکاربێنێ بەمەرجێ ئەو مەبەستە کە ئەو گەورەیە لەسەری ئەڕوا مەبەستێکی شەرعێ بێ و ڕەواج‌دانی پێویست بێ وەکو سیاسەت لە سەردەمی خەلیفەکانی پێغەمبەردا دروّدی خوای لێ بێ . مەبەست لەوەیە کەوا مودارا لای هوشیاران بریتییە لە ڕاگرتنی ڕشتەی کۆمەڵایەتێ و پاراستنی نان و شان و کەرامەت لەگەڵ پاراستنی یاسای کێش و ئایینـدا . مودارا بەم مەعنایە کارێکی بەرز و پڕ مەینەتە و پیاوی بەتوانای خاوەن ئیستیقامەت و کێشمانی ئەوێ و بە هەموّکەس ناکرێت . خۆ ئەگەر لەگەڵ ئەو مەرجانە نەبێ کە باسمان‌کردن ، ئەوە ناچارێ و چارەسەریە و مودارا نیـە .

ڕۆڵە ! جێی هیوای ڕۆژ و شەوانم ! مایەی ڕەحەتێ ڕۆحی ڕەوانم !
کەس لەم جیهانا بە بێ مودارا بە خۆشێ ناژێ گەدا یا دارا
مودارا بەردی بناغەی مەردە مایەی ڕزگارێ ڕۆژی نەبەردە
بچوّك و گەورە و بەرزی بەتەمکین بە دڵ‌ڕاگرتن لەم چەرخا ئەژین
بۆ دڵ‌ڕاگرتن پێت بڵێم دەستوّر بەجێ‌بهێنێ ئەژیت بە سروّر

★ ★ ★

لەگەڵ گەورەدا بە شەرم و شکۆ گوێ بگرە کاتێ قسەی کرد بۆ تۆ
دوّرکەوەرەوە لە غەوغا و جەدەل لە دەمەدەم و لە شەڕە مەتەڵ
لەناو قسەیا تێ‌هەڵکێش مەکە بە بێ ئوسوّڵێ دڵی ڕێش مەکە
ئیشێکی پیادای بەگوێرەی ئیمکان بە ساغێ بیکە بە شادێ و تەکان
کاتێ زویر بوّ لێت تۆ هەر بە نەرمێ ساردی کەرەوە دەروّنی گەرمی

خزمەتی بکە زۆر بە سەرخۆشی کاتی زەعیفی و ماتی و نەخۆشی
ئامۆشۆی بکە بە وەخت و وادە لە حەد لامەدە وەك پیاوی سادە

★ ★ ★

قیمەت و نرخی هاوشان ڕاگرە باری مەینەتی لە شان داگرە
لەسەر برایی پەیمانت ساغ بێ ڕۆت بەرەو ڕۆیان وەکو گوڵباغ بێ
ئەگەر بە هەڵکەوت دڵی ئێشانی چاوپۆشی لێ بکە هەتا ئەتوانی
لەگەڵ بچوکا بە میهرەبانی هەستە و دانیشە ئەی برای گیانی
تەمێ و تەربییەی دادە بەئەخلاق تێیبگەیەنە لە یاسای ئافاق
ئەگەر چاکەی کرد مەشهوری بکە بە ئافەرینی مەسروری بکە
کە خراپەی کرد بە شێوەی نەرمی لای‌بدە لە شەڕ نەك بە دڵگەرمی
بە ڕۆ شکاندن ڕۆسەختی مەکە بێ شەرم و شکۆ و بەدبەختی مەکە
بۆ دڵ ڕاگرتن ئەمەیە میزان بۆ گەورەو بچوك بۆشەخسی هاوشان
من ئەمەم‌زانی بەیانم کرد بۆت تۆش هەوڵی‌بدە لەسەرچەرخی خۆت
چەند باسی هەیە لەسەر بەراورد بۆم دەرکەوتوون لەسەر فکری ورد
هەمێ بەیاسای مودارای ڕاسان ئەبن بە مایەی ڕزگاری ئینسان
یەکەمین تەرکی جەدەل و غەوغا بەتایبەت لەگەڵ تاقمی ئاغا
یەعنی حوکمدار فەرمانڕەوای کات کاربەدەستانی میللەت و وڵات
ئەوکەسە قسەی دەستوری عامە جەدەل لەگەڵیا کاری نەفامە
چی بەدەمیا هات ئەیڵێت و ئەڕوا نە ترسی خەڵکە و نە ترسی خوا
دوهەم ئینسانی نەزانی نەفام قسە لەگەڵیا ئەڕوا بێ‌ئەنجام
ئەو کە تێ‌ناگا لە کەلامی تۆ چۆن ملکەچ ئەبێ بۆ مەرامی تۆ
گەر بە هەڵکەوتیش کەوتە بەدگۆیی تۆ خۆت لادە لێی گەر ئەو نەڕۆیی
(قالوا سلاماً) حەرفی قورئانە وەڵامی واتەی پیاوی نەزانە
نەرمی بۆ نەفام بێ‌شوبهە و گومان چاترە لە شیر لە تیر و کەوان

★ ★ ★

سێهەم ئەوکەسەی کە ئیشت پێ بێ کەم بێ یا زۆر بێ یا لە هەرکوێ بێ
چوارەم پەروەردەی خانەوادەکەت بەڵای بێ‌باری وەخت و وادەکەت
مودارا نەکەی ئەبێ هەر ساتێ ببیە سینەما لەبۆ وڵاتێ
بەتایبەت لەبۆ ئینسانی بێ‌لان زەمانە سازێ فەرزە بێ‌گومان
میوان شەڕ بکا لەگەڵ خانەخوێ پاشان ناتوانێ لەو ماڵا بنوێ
ئەو ئینسانانەی چاودێری گەلن خاوەن مودارا و بێ پەلەپەلن
چەندکەس وا لەژێر ئیدارەی ئەوان ئەوەند مودارا مەطلوبە لەوان

به دۆ دەقیقە صەبر و مودارا   خۆ ئەپارێزن لە ڕۆژگارا
ئەمنا لافاوێ ڕایان ئەماڵێ   خۆ و تەخت و بەختیان ئەخاتە چاڵێ

★ ★ ★

بەڵێ ئادەمێ ئەبێ سەنگین بێ   کار و کردەوەی زێبا و ڕەنگین بێ
بەتایبەت لەگەڵ ناکەس و نەفام   ئەگەر ئارام بێ نامێنێ نیظام
شەقێ نەترسێ لە فەرمانداران   ئەبێ بە دڕك بۆ پێی هەژاران
مەبەستمان وایە هەتا بۆی بکرێ   هەر بە مودارا عالەم دابگرێ
کە مەیدان نەما بۆ ئەخلاق و فام   حوکم بۆ شیرە و بۆ یاسا و نیظام
ئەگینا ئاگر بەرئەبێ لە عام   تەڕ و وشك هەمۆ ئەسوتێ تەمام
(اتا لِلهِ) لەم‌کاتا ویردە   چونکە عالەم گشت گیرۆدەی دەردە

★ ★ ★

سێ چارە هەیە ئەگەر ڕێکەوتن   ئەبن بە مایەی بەرزێ و سەرکەوتن
یەکەم ئەوەیە بەگوێرەی پایە   پایەی هیچ‌کەسێ نەدەی بە زایە
هەرکەسێ پایەی خەڵکێ ڕابگرێ   مەملەکەتێ دڵ گشتێ دائەگرێ
خۆی ئەسازێنێ بە وێنەی برا   لە دڵی خەڵکا ئەبێ بە چرا

★ ★ ★

دۆهەمین بەخشش بەلام بە جێگە   نەوەك مەسرەفی بێ جێگە و ڕێگە
هەر خانەدانە پایەی بڵندە   عالەم بۆ ئەوان بەستەی کەمەندە
ڕێ و شوێنی دینە ئیطعامی طەعام   بەلام بە بێ‌فەرق لەگەڵ خاص و عام
هەرکەس بە نانێ نەفسێ بکوژێ   لە ئاوی (کەوثەر) شەربەت ئەمژێ
نانی خاوەن نان بۆی ئەبێ بە شان   چ لەلای خودا یا خەڵقی جیهان

★ ★ ★

سێهەمین وتار ، وتاری ئارام   ئەبێ بە مەڵهەم بۆ ئارامێ زام
ئەو پێغەمبەرەی گەورە و نازار بو   بۆ هەمۆ عالەم شاه و سەردار بو
بەگوێرەی لەهجەی زمانی عەرەب   ئەهاتە وتار بە شەرم و ئەدەب
قورئانی پیرۆز (مُعجِز الکَلام)   خوا بە حەوت لەهجە ناردی بۆ ئەنام
لەهجەی حەوت‌تیرەی عەرەبی حیجاز   هەرکام لەوی‌تر سەربەخۆ و جیاواز

★ ★ ★

وائەڵێ (حافظ) شاعیری شیراز   مامۆستای مەعنا و زانای نوکتەساز
ڕزگاری حەصرە لەم دۆ وتارا   بۆ دۆست پیاوەتێ و دوژمن مودارا

جـا منیش ئەڵێم بـۆ شەرحی ئەمە تەفسیرێکی وا بـاش موسـەللەمە
مـایەی پیـاوەتی و پـایەی مودارا حەصرە لە صەبـر و خەرج و وتـارا
بە دەهەندەیی و بە گوفتاری خـۆش خۆت دوور ڕابگرە لە دەردی نـاخۆش
جا ئەگەر مەردی و شاگردی (نامی) دەرزم وەربگرە بۆ خۆش ئەنجـامی

گوڵی سیهەمین ــ گوڵی چاری ڕق و قین

ئەوکەسـەی دەرچێ لـە کورەی غـەزەب
ئەگاتـە ئـەوجی ئەفـلاکی ئـەدەب
غەضـەب کەمـەندی شـوومی شـەیتانە
ئەیخـاتە مـلی پیـاوی بێئـەدەب

خوای گەورە لە قورئانا فەرمویەتی :

والكاظِمِينَ الغَيْظَ والعافينَ عَنِ النّـاسِ ..

واتە : ئەوکەسـانەی ڕقی خۆیـان ئەخۆنەوە و چاوپۆشی ئەکـەن لە ئادەمیزاد ، لای خودا خاوەن پایەن .

هەروەها فەرمویەتی :

وَاِذا ما غَضِبوا هُمْ يَغْفِرونَ

واتە : ئەوکەسـانەی لەکاتێـکا ڕقیـان هەسـتێ عەفـو و چـاوپۆشی بەکارئەهێنن و سەرفی نەظەر ئەکەن .

ئەشگێڕنەوە شەخصێ هات بۆ خزمەتی ڕەهبەری نازدار سەلامی خودای لێ بێ عەرضی‌کرد : ئامۆژگارییەکم بکە ، ئەویش فەرموی : لا تَغْضَبْ . واتە : ڕق مەگرە . شەخسـەکە تا سێ جار داوای ئامۆژگاریێ کردەوە لە پێغەمبەر ، ئەویش لـە وەڵامـدا هەروەکو یەکەم‌جـار هـەر فەرمـوی : لا تَغْضَبْ . وادەرئەکەوێ پێغەمبەر درودی خـوای لێ بێ ئاگادار بوە لەوە کە ئەو کابرایە گیرۆدەی ئەو سیفەتە نابارەیە ، بۆیە هەر بەوجۆرە وەڵامی داوەتەوە ، بەڵکو کابرا چاری خۆی بکا .

ڕق‌هەستان و عەسەبی‌بون خویەکی نابار و ناڕەوایە و دوژمنی پایە و مایەی ئینسانە . کەسێ گیرۆدەی ئەم دەردە بێ لە ژیانی خۆیدا ئاسایش نابینێ و خانەوادە و منداڵ و خزم و هۆزیشی لێی وەڕز ئەبـن . لە سەردەمی منداڵیدا ناتوانێ سـود لە مامۆسـتای خوێندن و پـەروەردەکردن و وەسـتای پیشە

فێرکردن وەربگرێ و لەو بەهرانە نائومێد ئەبێ . لە گەورەیشدا ئەگەر ئیشێکی پێ سپێررا چ ژێردەستەکانی و چ ئەو کەسانەی ئیشیان ئەکەوێتە لای لێی وەڕز ئەبن و حەز لە چارەی ناکەن . تەنانەت ئەگەر عیلم و زانست و پایەی بەرزیشی هەبێ کەمکەس سوودی لێ دەستئەکەوێ . بەکورتی ئەگەر بچوك بێ گەورە لێی زویر ئەبێ و ئەگەر گەورە بێ بچوك لێی دڵگیر ئەبێ .

بێجگە لەمانە خوی ڕقهەستان و توڕەیی ئەبێ بەهوی گەلێ هەرا و ئاشوب و فیتنە لە دنیادا و ئەو شوێنەی ئەم جورە بنیادەمانەی تیابێ بەزوری پڕە لە ئازار و دەردەدڵ و هەرا . بویە ڕەهبەرانی ڕوحی و زانیاران شاگرد و قوتابی و بەردەستانی خویانیان ڕاسپاردوە کە خویان لەم دەردە ڕزگار بکەن و بە هەرجورێك بێ دەرمانێکی بو بدوزنەوە و چارێکی ئەم نەخوشییە بکەن لەخویانا . پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « لَيْسَ الشَّدِيدُ بِالصُّرَعَةِ ، إنَّما الشَّدِيدُ الَّذي يَمْلِكُ نَفْسَهُ عِنْدَ الغَضَبِ » . واتە : ئادەمیزادی توانا و بەهێز ئەوکەسە نیە خەڵك زور بکوتێ بەزەویدا و لە زورانگرتندا بیانبەزێنێ . توانا و بەهێز ئەوکەسەیە دەستی بەسەر نەفسی خویدا بشکێ و مەنعی خوی بکا لەکاتی ڕقهەستانا ، بەوچەشنە کە نەهێڵێ نیشانەی ڕقەکەی لە شێوەی قسەی ناشیرین و کرداری ناپەسەندداا دیاری بدا .

هەندێ لە زانایان وتویانە هەر شەڕێ توشی ئینسان ببێ ، یا بەهوی شوێنکەوتنی ئارەزوی نەفسەوەیە یاخود لەئەنجامی هێرشی ڕق و کینەوەیە . مەسەلا کوشتن و بریندارکردن و جنێودان و ناشوکرێکردن و سوێند و تەڵاق خواردن و ئازاردانی دڵی خەڵك و عاجز کردنی دوست و برا و وێنەی ئەم شتانە هەمو لە ڕق هەستانەوە دێن . گەلێ کەس بون لەبەر هێرش هێنانی ڕقهەستان دڵیانو ەستاوە و مردون یا شێت بون . (بناءً علیه) زور پێویستە ئینسان هەمیشە ئاگای لەخوی بێ چونکە ئەم صیفەتانە هەرچەند لە سروشتی ئینساندا هەبن ، بەڵام بەگوێرەی توانا و بەپێی ڕێکەوت چاریان ئەکرێ و ئەگەر هەر بنبڕ نەکران ئەتوانرێ سوك بکرێن . مەسەلا ئەوکەسەی گیرودەی دەردی توڕەیی بێ پێویستە بیر لەوە بکاتەوە کە توڕەیی ئەبێ بەهوی ماڵوێرانی و پەرێشان حاڵی و دنیا و دین لەدەس دەرچون و برا و دوست لەبیرکردن . بەم بیرکردنەوەیە نزیکە ئینسان سودێ وەربگرێ و ئەو ڕقەی خوی کەمکاتەوە . هەروا ئەتوانێ کاتێ کە بە خوی زانی وا نزیکە ڕقی هەستێ لەو شوێنی خویەدا نەمێنێ و بڕوا بو شوێنێکیتر ، یاخود (اعوذُ باللە) بکا ، یا بڕوا دەست نوێژ بگرێ ، یا بیربکاتەوە لەوە کە ڕقەکەی خوی بخواتەوە ، بەوجورە هەروەکو لە ئازاری دنیا و قیامەت ئەپارێزرێ بە پایەی بەرزی دوارۆژیش ئەگا . یا بیربکاتەوە لەوە کەوا خوای تەعالا دەستی ئەڕوا بەسەریا و ئەتوانێ وەك ئەم ڕقئەگرێ لە خەڵك خوایش ڕق لەو هەڵبگرێ و گیرودەی بکا .

(بێداری) ڕق‌هه‌ستان وه‌ختێ ناشیرینه که به ناحه‌ق بێ و له‌سه‌ر به‌رزکردنه‌وه‌ی پایه‌ی ڕاستی نه‌بێ . ئه‌گینا هه‌ر ڕقێ به‌هۆی تێهه‌ڵچوونه‌وه له‌سه‌ر ڕاستی په‌یدا ببێ ، مایه‌ی پاداشی چاکه له ڕۆژی قیامه‌تدا . حه‌زره‌ت درودی خوای لێ بێ له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش که به حیلم و حه‌وسه‌ڵه‌ترین که‌س بوه زۆرجار له‌سه‌ر هه‌ندێ شتی حه‌ق ڕقی هه‌ستاوه، هه‌ر بۆیه‌ش ئیمام ئه‌حمه‌دی کوڕی حه‌نبه‌ل وتویه‌تی : « نِهايَةُ الكَمالِ الغَضَبُ في مَوْضِعِهِ وَالحِلْمُ في مَوْضِعِهِ » . واته : پایه‌ی ئه‌وپه‌ڕی پێگه‌یشتن بۆ ئینسان ڕق‌گرتنه له‌کاتێکا که ڕق‌گرتن باش بێ و حه‌وسه‌ڵه‌یه له‌کاتێکا که حه‌وسه‌ڵه جێی خۆی بێ . خوای ته‌عالا بۆ ئیرشادی پێغه‌مبه‌ری نازدار بۆ ڕه‌وشتی به‌رز فه‌رموویه‌تی : « خُذِ العَفْوَ وَأمُرْ بِالعُرْفِ وَاعْرِضْ عَنِ الجاهِلِينَ » . واته : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری من لایه‌نی عه‌فو و چاوپۆشی وه‌ربگره بۆ خۆت و فه‌رمانبده به هه‌ر وتار و کرده‌وه‌یێ که له ئایینی ئیسلامدا موافیقی عورف بێ و ناسراو و دامه‌زراو بێ چ له‌وانه‌ی ئه‌کرێن وه‌کو واجب و سوننه‌ت و چ له‌وانه‌ی ناکرێن وه‌ك حه‌رام و مه‌کروه و ، پشتیش هه‌ڵکه له موناقه‌شه و ده‌مه‌ته‌قێ له‌گه‌ڵ نه‌زانان .

گێڕراوه‌ته‌وه له ئیمام جه‌عفه‌ری صادق خوای لێ ڕازێ بێ که‌وا فه‌رموویه‌تی: له قورئانی پیرۆزدا ئایه‌ت نیه له‌م ئایه‌ته ڕه‌ساتر بێ و هه‌موو ڕه‌وشت و کرده‌وه‌یه‌کی باش بگرێته‌وه . ئه‌م فه‌رمووده‌یه‌ی ئیمام جه‌عفه‌ری صادق وا ڕوون کراوه‌ته‌وه که‌وا خووڕه‌وشت به‌پێی توانای نه‌فسی ئینسان یا له حه‌ز و ئاره‌زووه‌وه‌یه یا له عه‌قڵ و ئیدراك و تێگه‌یشتنه‌وه یا له ڕق‌هه‌ستان و توڕه‌ییه‌وه . خولقی میانه و موعته‌دیل و باش له به‌شی حه‌ز و ئاره‌زوو و عیففه‌ته و ، یه‌کێك له‌وانه‌ی له عیففه‌ته‌وه په‌یدائه‌بن عه‌فوه . ئینسان که عه‌فیف بۆ شتی باش به‌جێ‌دێنێ و شتی خراپ ناکا . ئه‌و خولقه باشه‌ش که له عه‌قڵ و ئیدراکه‌وه په‌یدا ببێ حیکمه‌ته . یه‌کێ له‌وانه‌ش که له حیکمه‌ته‌وه په‌یدا ئه‌بن فه‌رماندانه به چاکه و نه‌هی‌کردنه له خراپه که یه‌که‌م واجب و سوننه‌ت و دووهه‌م حه‌رام و مه‌کروه ئه‌گرێته‌وه . عورفی ئیسلام له‌سه‌ر ئه‌وه دامه‌زراوه که ئه‌مر بکرێ به چاکه و نه‌هی بکرێ له خراپه . ڕسته‌ی (وامُر بالعرفِ) هه‌موو ئه‌مانه ئه‌گرێته‌وه .

مه‌شهوره حه‌زره‌ت درودی خوای لێ بێ به جوبره‌ئیلی فه‌رموو : مه‌عنای (خُذِ العَفْوَ وامُرْ بالعُرْفِ) چیه؟ ئه‌ویش عه‌رزی‌کرد : نازانم ، با پرس‌بکه‌م. پاشان هاته‌وه بۆ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ر و عه‌رزی‌کرد خوا ئه‌فه‌رموێت و ئه‌مرت پێ‌ئه‌کا : انْ تَصِلَ مَنْ قَطَعَكَ وَتُعْطِي مَنْ حَرَمَكَ وتَعفُوَ عَمَّنْ ظَلَمَكَ . واته : خزم دۆستی بکه‌ی له‌گه‌ڵ ئه‌و خزمه‌ت که په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ بڕیوی و ماڵی دنیا بده‌ی به‌وکه‌سه‌ی که به‌شت نادا و چاوپۆشی بکه‌ی له‌وکه‌سه‌ی سته‌مت لێ

ئەکا . ئەو خولقە باشەیش کە لە ڕقهەستانەوە پەیدا ئەبێ ئازایەتییە . لەو خولقە باشانەشە کە لەم بناغەیەوە پەیدا ئەبن چاوپۆشی کردن لە ئینسانی نەفام و بێئەدەب . (قاضی ابوبکری ابن العربی) لە کتێبی (احکام القرآن)دا ئەڵێ بە فەرموودەی زانایان ئەم ئایەتە هەموو ئەحکامی شەرع ئەگرێتەوە ، چونکە (خُذِ العَفْوَ) هەرچی نەرمی و چاوپۆشییە ئەگرێتەوە لە وەرگرتن و شتپێدان و تەکلیفاتدا . (وأمُرْ بالعرف)یش هەموو ئەو شتانە ئەگرێتەوە کە ئەمریان پێکراوە یا نەهییان لێ کراوە. ئەمانە حوکمیان لە عورفی شەرعدا هەیە. (وأعْرِضْ عَنِ الجاهِلِينَ)یش چاوپۆشی و حیلم و خەوسەڵە ئەگرێتەوە کە پێویستن بۆ بەندە لە هەموو مراد و مەقسوودێکدا .

ڕۆڵەی دڵبەندی شیرین ڕەوشتم   خاوەن تەمکینی مەلەك سروشتم
هەر لە سروشتا ئادەمی بەدبەخت   بەشێکی تیایە لە عەصەبییەت
بە کەمترین هۆ کەللەی فوئەدا   هەوای تێئەکا و ئەیخاتە سەودا
جا ڕۆڵەی هوشیار چاری خۆی ئەکا   نەوەك لەم ڕێوە بە زیان بگا
ئینسانی لاریش مێشکی نابارێ   ئەیخاتە سەر ڕێی چەتوونی و خواری

★ ★ ★

چەند دۆست و برا و چەند خزمی والا   تووڕەیی لێکی کردن تەوەلا
چەندێ دەرکرا ژنی بەکەمال   چەند زایەکرا خێزان و منال
چەند پیاوی گەورەی بە پایە و مایە   لەبەر تووڕەیی ڕۆیین بە زایە
چەندێ مەئیووس بوون لەعیلمی ئوستاد   چەندێ مەحرووم بوون لەشێخی ئیرشاد
چەندێ خۆیخستە ناوگێژی نەگبەت   لەبەر هێرشی بای عەصەبییەت

★ ★ ★

چەند جار ئاگری فیتنە هەڵکرا   بەهۆی ڕقەوە ، چەند ڕۆیدا هەرا
چەند بێئەنجامی وەك ڕەنجی فەرهاد   کە عەصەبییەت گەنجی دا بە باد
غەزەب ئاگرە و حەوالە ئەکرێ   هەتا سەر و ماڵ هەمووی گڕ بگرێ
بۆیە سەروەری عەجەم و عەرەب   بە یەکێ سێ جار فەرمووی(لاتَغْضَب)

★ ★ ★

ئەوکەسەی عەقڵ و شوعووری هەبێ   دڵێکی ساف و پڕ نووری هەبێ
تا گیانی تیابێ لەم ڕۆی دنیایە   بە عەصەبییەت خۆی نەکا زایە
ساتێ خۆی ئەگرێ و نایەڵێ غەضەب   ببێ بە ئاگر بۆ خانووی ئەدەب
ئەگەر تۆ بڵێی ئەمن ناچارم   ڕقهات بەسەرما بێئیختیارم
ئەڵێم ئەو کابرایش ڕقی هەڵئەستێ   سەرت ئەشکێنێ بە کوڵەمستێ
ئەڵبەتە ئەویش بە ناچارییە   جا وەرە سەیری ئەم نابارییە

★ ★ ★

کاکە بە شوعوور بیربکەرەوە ئەنجامی غەزەب لێکبدەرەوە
خۆت مەهاوە ناو تەنووری مەینەت پێ مەنێرە سەر سنووری نەگبەت
بە ئیستیعاذە و بە دەس‌نوێژ گرتن یاخود دەرچوون و جێ بەجێ‌هێشتن
یا بە تەفەککور لە پەریشانێ یا ترسی عەزاب لە نەشئەی ثانێ
یاخود بەهیوای جەزای قیامەت بۆ تۆش‌نەبوونی دەردی نەدامەت
ئەتوانێ وێنەی ئادەمێ (نامێ) خۆت ڕزگار بکەی لە بێ‌ئارامێ

گوڵی سێ‌ویەکەم ـ گوڵی ڕاوێژکردن

هوشیار کەسێکە بۆ کاری موشکوڵ
زۆ ڕاوێژ ئەکا بە پیاوی عاقڵ
بەڵکو هەر ئیشێ عاقیبەت دارە
ڕاوێژ لەو ئیشا بەئیعتیبارە

خوای تەعالا فەرموێەتی :

وَشاوِرْهُمْ في الأمْرِ ، فاذا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ على اللهِ

واتە : ئەی پێغەمبەر ڕاوێژبکە بە هاوڕێکانت لە کاروبارەکانتدا ، جا کە لەئەنجامی ڕاوێژەکەتدا عەزمت هاتەسەر کردنی ئەو کارەی ڕاوێژت لەبارەیەوە کردوە ، پشت ئەستوور ببە بە خودا و کارەکە بکە .

ڕاوێژ بەوە ئەڵێن کاتێ ئیشێکی سەخت هاتە پێش یاخود ئەتویست ئیشێکی بە مایە و نرخ بکەی و ئیشەکە دوادار بێ و هەڵی‌ئەگرت سوود یا زیانی تیابێ ، ڕاوێژ بکەی بە پیاوانی عاقڵ و هوشیار و خاوەن بەراورد و کارامە ، ئینجا پاش تێفکرین و کۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەنجامی ئەو ئیشە بڕیار لەسەر چێ درا ئینسان وەها دەست بۆ ئەو ئیشە ببا و پشت بە خوای عالەم قایم بکا .

(بزانن) هەروەکو ڕەنگ و دەنگ و قیافەی ئادەمیزاد یەکیان لە یەکیان جیاوازە ، عەقڵ و هۆش و بیریشیان هەروا جیاوازە ، وەکو چۆن یەکێ چاوی تیژە و یەکێ چاوی مژمۆرە و بێجگە لەمە گەلێ‌کەس لەبەرئەوە کە بەسەرهاتی زۆریان دیوە ، بەراوردیان زۆرە و ئەنجامی گەلێ کاریان لا مەعلومە. کەواتە زۆر پێویستە ئینسان لە عەقڵ و بەراوردی ئەوکەسانە سوود وەربگرێ . بەگوێرەی دین واجبە لەسەر ئەوکەسەی ڕاوێژی پێ‌ئەکرێ بە بێ‌دوڕوویی و خەیانەت چێ‌ئەزانێ دەری‌ببڕێ . پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرموێەتی : « المُسْتَشارُ موءتَمَنٌ » . واتە : ئەوکەسەی کە ڕاوێژی پێ‌ئەکرێ بە ئەمین دانراوە و حەقی‌وایە لەگەڵ خاوەن مەبەستەکەدا خەیانەت نەکا .

هەروەکو ڕاوێژکردن بە هوشیاران سوننەتە لە دینـدا ، نوێـژی ئیستیخارەیش هەروا سوننەتە . ئەم نوێژە بریتییە لە دوو ڕکات بە نییەتی نوێژی ئیستیخارە یا داوای خێرکردن لە خوای تەعالا ، لە ڕکاتی یەکەمدا لەپاش فاتیحە سوورەتی (قُلْ یاأیُها الکافرونَ) و لە ڕکاتی دووهەمدا سوورەتی (قُـلْ هو اللهُ احَدْ) بخوێنێ و لەپاش سەلامدانـەوە لە خودا بپاڕێتـەوە بۆئـەوەی لەبارەی ئەو ئیشەوە دڵی ڕووناك بکـاتەوە . هیـوا زۆرە خوای تەعـالا بە هەر وەسیلەیەك بوە ، بە خەو بینین یا شتێکیتر ، دڵی بخاتە سەر لایەك لەبـارەی ئەو ئیشەوە کە ئەیەوێ بیکا . پێغەمبەر درودی خـوای لێ بـێ فەرمویـەتی : « ما خابَ مَنِ استَخـار ولا نَدِمَ مَنِ استَشـار » . واتـە : ئەوکەسـەی ئیستیخارە بکا نائومێد نابێ لە میهرەبانێ خوا و ئەوکەسەی ڕاوێژ بکا لە ئیشی خۆیدا پەشیمان نابێتەوە . هەندێ لە زانایان فەرموویانە ئەوکەسەی سوپـاسی نیعمەت بەجێبێنێ لەسەر نیعمەت زیادە نیعمەتی ئەدرێتێ و ئەوکەسەی تەوبە ئەکا لە تاوان عەفـو و چاوپۆشـێ لە تاوانەکـانی وەرئەگـرێ و ئەوکەسـەی ئیستیخارە ئەکا ئەنجامی باشی پێ پیشان ئەدرێ و ئەوکەسەی ڕاوێژ ئەکـا بـە هوشیاران ڕێگای ڕاستی حاڵێ ئەکرێ .

هەندێ لە زانایان وتویانە ئادەمیزاد سێ بەشە . شت و نیوەشت و هیچ . شت ئەوەیە خۆی زانا بێ و زانستیش لە خەڵك وەربگرێ . نیوەشت ئەوەیـە خۆی زانا نەبێ بەڵام ئامادە بێ بۆ پرسیار . هیچیش ئەوەیە نە خۆی زانا بێ و نە ئامادەیش بێ بۆ پرسیار لە زانایان و لێفێربونیان .

ڕاوێژکردن بە کەسانی ژیر هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە خـوی ئادەمیزاد بوە . ئەم کارەگەلێ گۆڕان و زیاد و کەمی بەسەردا هاتوە تا گەیشتوە بە ئایینی ئیسلام . لە ئایینی ئیسلامیشدا بە نەصصی ئایەتی قورئان فەرمـاندراوە بـە حەزرەت درودی خوای لێ بێ کە ڕاوێژ بە یارانی بکا و بڕیاردراوە کەوا بۆ هەر ئیشێکی گرنگ ڕاوێژ بەکاربێت . لە واقیعدا ئەگـەر ئەم یاسـا بەجێبهـاتایە بەڕاستێ موسوڵمانان لەگەڵێ ڕۆژی ڕەش ئەپارێزران .

ڕۆڵەی خۆشەویست خاوەن فامەکەم	بەنـای نەهاتی ڕۆی ئەبیـامەکەم
ئینسـانی ژیـری بەنرخ و تەقدیـر	ئەژێ بە خۆشـێ بە نـوری تەدبـیر
یـاسای شـوعوری ئـادەمیزادە	ڕاوێژ بە عەقڵـی پیـاوی ئامـادە
سـوننەتی دینـە ڕاوێـژ و تەگبیر	نەصصی قورئانە و حەدیثی بەشـیر
بەڵام بە شەخصی ژیری دەروون پـاك	خاوەن بەراورد لە چەرخی ئەفلاك
ئیستیخارەیش هەر وەك ڕاوێژ وایە	دوو ڕکـات نوێـژە ، کـاری ڕەوایـە
لەپـاش نوێژەکەت ئەپـاڕێیتەوە	ئەنجـامی نەبـوو هـەم ئەیکـەیتەوە
خـودا بەڕەحمـە تێـت ئەگەیەنـێ	ڕێگـای ڕزگاریت لەبـۆ ئەنوێنـێ

نـائومێد نـابێ لـە ئیستیخـــارە
کـاری بێڕاوێژ هەروەك شیری خاو
ئیشـــی بەڕاوێژ ماسـتی ژەنـراوە
هەرکەس بایێ بێ بە ئەفکاری خـۆی
بەڵام چەند فکرێ پـاڵ بدەنە یـەك
هەر گەلێ کـاری لەسـەر ڕاوێـژە
هەر گەلـێ بـیری بۆ یـەك لا نەبـێ
بـە بـەراوردە بەیـانی (نـامێ)

پەشیمـان نـابێ لە ئیستیشــارە
مەغزەکەی ئەڕوا و ئەبێ بە سزگـاو
کەرە و دۆ و کەشکی وێنەی لێشاوە
دە لە صەدی خەیر هەڵناکەوێ بۆی
بە وێنــەی شـاباز ئەگەن بە فەلەك
ڕۆژگـاری عومـری دوور و درێـژە
چارەڕەش ئەبـێ و ژیـن کوتـا ئەبێ
هەم بەپێی واتەی شەرعی ئیسـلامێ

گوڵی سێ‌ودوەهەم ـ گوڵی یارمەتی‌دانی یەکتر

بـرام ئەگەر تـۆ خـاوەن قیمەتـی
دائیـم حـازر بـە لەبـۆ یـارمەتی
نیـوەی عیبـادەت خزمەتـی عـامە
خزمــەت ڕوکنێکـی دینـی ئیسلامە

خوای تەعالا لە قورئاندا فەرموویەتی :

وتعاونوا على البرّ والتّقوى ولاتعاونوا على الاثم والعدوان

واتە : یارمەتی یەکتر بدەن لەسەر کردەوەی چاکە و یارمەتی یەکتر مەدەن لەسەر گوناه و دەست درێژکردن بۆسەر بێتاوانان .

یارمەتی‌دانی یەکتر پێویستی ژیـانی بێ‌زیـانی ئادەمیـزادە . بەڕاسـتی دەرکەوتوە کەوا ئادەمیزاد لە جیهانا ناژێ بێ‌ئەوەی کە خەڵك یارمەتی بدەن . تەنانەت بەندەیی خوای گەورەیش بە بێ‌یارمەتی جێ‌بەجێ نـابێ بۆ ئینســان . ئەوکەسەی نوێژ بکا پێویستی هەیە بە پۆشاکێ عەورەتـی پێ داپۆشـێ ، بـە مەسینەیێ ئاوی تێ‌بکا ، بە بەردێ یا بەرماڵێ نوێژی لەســەر بکـا ، بە یەکـێ نوێژ و ئادابی نوێژی پێ بڵێ ، بە کەسێ سۆچی ڕوە و قیبلەی نیشان بدا ، بە سەعاتێ کاتی نوێژی تێ بگەیەنێ . ئەم پێویستییانەشی بە یارمەتی خەڵکی‌تر بۆ جێ‌بەجێ ئەبێ .

ئینسـانێکی خاوەن کشتوکاڵ پێویستی بە هێش و گاسن و تۆبـەرە و تۆو هەیە . پێویستی بە نان و کاسەیەك دۆ هەیە . پێویستی بە نانەوا هەیە نـانی بۆ بکا . نانەوا پێویستی بە دار و سـاج هەیە . دارهێنـانیش پێویستی بـە دارکێش و تەور و تەوراس و بە گوریسێ هەیە کۆڵە دارەکەی پێ ببەستێ .

لەسەر ئەم ئەساسە زانایان وتویانە بە وردکردنەوە دەرکەوتوە کەوا نانێکی برژاو پێویستی بە نزیکەی صەد کرێکار هەیە ئیشی تیا بکەن . کەواتە وا دەرکەوت ئادەمیزاد بە تەبیعەت شارییە ، واتە کۆمەڵە خوازە و بێ‌کۆمەڵە ناژێ ، چونکە مادەم بۆ نانێکی برژاو ئەوەندە کرێکار پێویست بێ ، ئەبێ ئیشێکی گرنگی جیهان وەکو بڵاوکردنەوەی مەعاریف و زانست و پیشە و پیشەوەری و ئاوەدان کردنەوەی نیشتمان و بەرگری لە هێرشی دوژمن و ڕێکخستنی سوپا و بەڕێوەبردنی وڵات و باقی ئیشە پێویستەکانی‌تر قەرەباڵغێکی چەند زۆرتریان بوێ ! .

ئێمە کە سەرنجی مێژوی جیهان ئەدەین بۆمان دەرئەکەوێ کەوا هیچ شتێکی بەقیمەت بێ‌یارمەتی نەکراوە و تا یارمەتی‌دانی یەکتر لە کۆمەڵدا بەهێزتر بوبێ ئیش بەئاسانتر تەواو بوە و کۆمەڵە زیاتر زۆ لە بەرزەوەبون بوە و پارێزراوتر بوە ، وەکو مەشهورە « برا لە پشتی برا بێ قەزا مەگەر لای خودا بێ » . بۆیە حەزرەتی پێغەمبەری نازدار سەلامی خوای لێ‌بێ فەرمویەتی : « المؤمنُ للمؤمنِ كالبُنيانِ يَشُدُّ بَعضُه بَعضاً » . واتە : موسوڵمان بۆ موسوڵمان وەك دار و بەرد و دیرەکی خانو وایە هەندێکی هەندێکی‌تری پتەو ئەکا . یارمەتی دارێکی ئەستورە بنەکەی لەناو زەویدایە و سەری لە ئاسمانە و پەلی گەورە و بچوکی بێ‌ژمارەی هەیە . بە دەم و دەست و خامە و نامە و بە نان و شان و تێکۆشان دێتەجێ و هەرچی یارمەتییەك کە بە عەقڵ و وژدانی پاك ڕەوا بێ ئەوە لە ئایینی بەرزی ئیسلامدا یا فەرزە یا سوننەتە .

لە یارمەتییە ئامۆژگاری کردنی ئینسانی نەزان و ڕێگا پێ نیشاندانی لە هەر ئیشێکی موشکوڵدا کە بێتە ڕێگەی . هەروا لە یارمەتییە ئەمە ئەگەر خۆت دەستت نەڕۆیشت بۆ چاکەکردن هانی یەکێکی‌تر بدەی کەوا چاکە بکا ، وەکو حەزرەت فەرمویەتی : « الدّالُّ على الخَيرِ كَفاعِلِهِ » . واتە : ئەوکەسەی یەکێ شارەزا بکا بۆ کردنی ئیشێکی چاك وەکو ئەوە وایە کە خۆی کردبێتی، واتە ئەوەندە خەیری پێ‌ئەگا . لە یارمەتی‌دانە چارکردنی موشکیلەی ئینسانێکی گیرۆدەبوی داماو . حەزرەت درودی خوای لێ بێ لە تەعریفی ئەوکەسانەدا فەرمویەتی : « مَنْ نَفَّسَ عَنْ مؤمنٍ كُرْبَةً نَفَّسَ اللهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الآخِرَةِ » واتە : هەرکەسێ ئازارێ یا گیروگرفتێك لە موسوڵمانێ لابدا خوا لە پاداشی ئەوەدا مەینەتێ لە مەینەتەکانی ڕۆژی قیامەتی بۆ چارئەکا و ڕزگاری ئەکا لێی .

دیسان لە یارمەتی‌دانە تکاکردن بۆ گیرخواردویەك کە لە کوشتن یا لە ڕاگرتن یا لە زیندان ڕزگار ببێ ، یا تکاکردنی کەسێکی گەورە بۆ بەخشینی تاوانبارێك یا بۆ دامەزراندنی کەسێك لەسەر ئیشێك کە خۆی و خێزانی پێی‌بژین یا بۆ گێڕانەوەی دەرکراوێك بۆ سەر ئیشی یا بۆ ڕێگە و جێگەی خۆی

وەکو خوا فەرموویەتی : « مَنْ يَشْفَعْ شَفاعَةً حَسَنَـةً يَكُنْ لَهُ نَصيـبٌ منها » . واتە : یەکێ تکا بکا بۆ کەسێك بە تکایەکی جوانی ڕەوا ، ئەوکەسە لـە خێری ئەو ئیشـەدا کە تکـاکەی تیـا ئەکا بەشـێکی بۆ دائـەنرێ . هـەروا لە یارمەتیدانە قەرزدان بە کەسێ کە پێویستی پێ بێ لە ڕێگەی خوادا وەکو خـوا فەرمویەتی : « مَنْ ذا الذي يقرِضُ اللهَ قرضاً حَسَناً » . واتە : کێیە ئـەو بەختەوەرەی دڵی هاتوەتەسەر ئەوە قەرزێکی باش بدا بە خوا ، واتە قەرزەکـە لەبەر ڕەزای خوا بدا بەو داماوە نەك لەبەر هیچ مەبەستێکی دنیایی .

هەر لە یارمەتییە وەقفکردنی زەویوزار و باخ و بێستان یا خانوبەرەی زیادە بۆ مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانە و بۆ داماوان و هـەژاران و بـۆ هەر مەبەستێکی چاك . هەروا لە یارمەتییە ئەمە کەوا ئینسان داوای کەسێکی بێدەسەڵات بگەیەنێ بە گەورەیەك و ئیشـەکەی بۆ جێبەجێ بکا ، وەکو حەزرەت درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « ابلغوا حاجَةَ من لا يستطيعُ ابلاغَ حاجتهِ، فمَنْ ابلغَ سلطاناً حـاجَةَ من لا يسـتطيعُ ابلاغَهـا ثبَّتَ اللهُ قدَميـهِ على الصِّراطِ » . واتە : داماوی ئەوکەسانە بگەیەنن بە گەورە گەوران کە خۆیـان داماوی خۆیانیان پێ ناگەیەنرێ ، چونکە هەرکەسێ داماوی کەسێکیوا بگەیەنێ کە خۆی پێی‌نەگەیەنرێ ، خوا لە ڕۆژی قیامەتدا پێی بەسەر پردی صیراطـەوە ڕاگیر ئەکا و ناهێڵێ بکەوێتە خوارەوە بۆناو دۆزەخ .

خوا لەسەر ئوسوڵی یارمەتیدانی موسوڵمانان بۆ موسوڵمـانان زەکـاتی فەرز کردوە لەسەر خاوەن پارە و دەغڵ و دان و حەیواندارەکان بە پێنـجیەك و دەیەك و چل یەك و وێنەی ئەمـانە .

هەر لە یارمەتییە هـەرەوەز کردن بۆ چـارکردنی ئیـشوکاری هەنـدێ موسوڵمانی ئیش لێ‌نەهـاتو ، یا کۆکردنـەوەی ڕزق بۆ موسوڵمـانێکیوا لێی قەومابێ و خۆی بۆی نەکرێ چارەسەری خۆی بکا . لە یـارمەتییە لەکاتێکـدا یەکێ تێکۆشێ بۆ ئەمر بە چاکە یا مەنعی خراپە،کەسێك پەیدا ببێ بۆ بەربەرەکانێ کردنی ، ئینسان کۆمەکی ئەم موسوڵمانە بکا کە ئەمری بە چاکە کردوە و مەنعی خراپەی کردوە و، دەنگی خۆی بخاتە پاڵ دەنگی ئەو تا ئیشـەکەی بۆ بچێتەسەر.

لە یارمەتی زۆر گرنگ و بەنرخە ئەمە کە کۆمەڵێ لە ناسراوان شانبدەنـە بەر بۆ پەیداکردنی خواردەمەنـی و بەرگ و پۆشـاك بۆ دامـاوان . هـەروا لە یارمەتیدانە دانانی سندوقی خێرات بە ناوی هەر ئیشێکی پێویستەوە کە سودی ببێ بۆ موسوڵمانان . بیستومە لە هەندێ وڵاتـدا کراوە بە عادەت کە هەژارێ منداڵێکی ئەبێ خەلکی ئەو شوێنە هەریەکی ئەندازەیەك پارە کۆئەکەنەوە بە ناوی ئەو منداڵەوە و ئەیخەنە کار و ئاڵو و ێڵی پێ‌ئەکەن و بە قازانجی پارەکە منداڵەکە بەخێو ئەکەن . ئەگەر وارێکەوت باوکی ئەو منداڵە مرد ، منداڵەکە بە سودی ئەو

پارەیە بەڕێوەئەبرێ تا گەورە ئەبێ و پێئەگا . ئەوسا چێ لە پارەکە مابێتــەوە ئەیدەنەوە بە خــۆی . ئەگــەر منــاڵەکە خۆیشـــی مرد پارەکە ئەخەنە کــار بۆ مەسرەفی داماوانیتر .

یارمەتی کارێکی بەسوودە و زۆریش ئاسانە . ئەگەر کۆمەڵێ خەڵکی هــەر شوێنێ بیریان لەسەر بڵاوکردنەوەی گیانی یارمەتــیدانی یەکتــر و هەرەوەزێ کردن بێ لەناو خۆیانا ، ئەتوانن گەلێ ڕێگای وا بدۆزنەوە ئەم مەبەستەی لێــوە بهێننەدێ و خزمەتی باشی پێویستییەکانی کۆمەڵەکەی خۆیانی پێبکەن .

ڕۆڵەم ، براکەم دۆســتی پــایەبەرز ئەم دەرسی منە فێربە وەك فــەرز
ژینی ئــەم دنیــا بە بــێ یـــارمەتێ نــاگا بــە پــایەی بەرزێ قیمــەتی
پێویستە هەمــوو وێنــەی گــوڵاڵان دەس لە مــل بکەن بــە تۆلــی ساڵان
بە دەمو دەستو ماڵو حاڵو شــان یــارمەتێ یەکتر بکەن بــە نیشــان
ئەو سەرەی نەبــێ لەنــاو سەرانــا با سەرگەردان بــێ لەنــاو دەرانـــا
سەرێ بێسوود بێ لە سەودای هۆزا بــا هــەر ون بــێ لــە تەپوتــۆزا
نەکەن لە گەلا جێتــان خــاڵێ بــێ دوژمن بە بێهێز لێتــان حاڵێ بــێ

★ ★ ★

بۆیە پێمخۆشە فەســڵی بەهــاران دەستئەکەنەمل گوڵان چون یــاران
گوڵی ڕەنگــاوڕەنگ بە شێوە شیرین وەنەوشەی شینو نەرگس و نەسرین
چەنــد خۆشە ژیــان لە ڕیزی یاران وەکو ڕیزی گــوڵ کــاتی بەهــاران
بۆ دین و دنیــا بە شادێ و خۆشــێ لەگــەڵ یــارانا ئەبــێ تێکۆشـــێ
برادەر دەســتە بۆ پیــاوی بێدەس دالدە و پەنــایە و هیوا و فریادڕەس
پیــاوی بێبرا بێ دەســت و چــاوە پیــاوی بــرادار هەمــوی تــەواوە
بــە ڕۆژی ڕەش و بــە شــەوانی تار بــرا چرایـــە لە بـــۆ گرفتـــار

★ ★ ★

صەد کە تــۆ گورد و خاوەن هیممەتی ناگــەی بە ئامــانج بە بێیـــارمەتێ
بۆیە بە حوکمی خــودا و پێغــەمبەر یــارمەتێ بوە بــە فــەرز بۆ بەشەر
ئەو تیکــە نــانەی ئەیهــاوێیتە دەم ئیشی تیــا ئەکا صەدکەس خاترخەم
ئەم یارمەتییەیــش وەکــو بۆ ژینــە پــایەی ئەســاسی میللەت و دینــە
دین ئەوە نیــە بڕۆیتە نــاو چـــۆڵ باری خزمەتی خەڵك لادەی لە کۆڵ
دین هەر خزمەتە بە خودا و بەنــدە هــەر خزمەتکــاریوا ئەرجومەنــدە
کــاسەیێ ئــاوی سەرچــاوە و کانێ ئەبــێ بــە بەهـــا بــۆ جــاویدانێ
دەمــێ تەڕ بکــەی بە تنۆکــێ ئــاو پڕتەوی ڕەحمــەت لێت ئەدا بە تــاو
گەلێ کــە فێــری یــارمەتێ بکــرێ شوێنی خۆی لەجێی بەرزیدا ئەگرێ

نـامرێ گەلی دەسـت لە مل کردوو   نـاژێ کۆمەڵـی تەمەڵـی مـردوو
یارمەتی هەرکەس سـوودی بۆ خۆیە   ئیمڕۆ بۆ منـە و سـبەی بۆ تۆیـە
کە ڕێی یـارمەتی هەڵبگرێ ئینسان   ئەگاتە مەنزڵ بە سـوك و ئاسـان
(نـامی)یە گەلی خـاوەن یارمەتی   هەر ئەخوا بەری بەرزی هیممەتـی

گوڵی سیوسێهەم ـ گوڵی یەکێتی و یەکدڵی

هـەرچی ئـازادی و بـەرزی ئافاقە
سەرچاوەی هەمووی هـەر ئیتتیفاقە
هەرچی داماوی و پەستییە هەمووی
بـن و ڕیشـەکەی دەردی نیفـاقە

خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی :

وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللهِ جَمِيعاً وَلا تَفَرَّقُوا

واتە : هەمووتان توند دەست بە پەیمانی ئیمـان و خوداناسینەوە بگرن و لەیەك جوێ مەبنەوە .

هەروەها فەرمویەتی :

وَلا تَنازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ

واتە : بەگژی یەکدا مەچن تا ژێربکەون و ناوتان بزڕێ .

لەوڕۆژەوە کە ئادەمیزاد لەسەر زەوی بڵاوبوەتەوە و پـەرەی سەندوە و چاوی‌کراوەتەوە ، هەرچی پێشکەوتنی بۆ هەر تاقمێ بوبێ هەر لـە یەکێتی و یەکدڵی و یەکمەبەستییەوە بوە و ، هەرچی سەرکزی و پاشکەوتنی بوبێ هەر لە جیاوازی و دوودڵی و خودخواهییەوە بوە . یەکێتی ئەوەیە هەر کۆمەڵەیێ لە هەر خاك و سامانێکدا بن یەکدڵ و یەك ئامانج بن ، سـوود و زیانیان لە سوود و زیانی گشتیدا بزانن . جا کە خۆیان هاتنەسەر ئەم بارە هەمو وەك یەك ئینسانیان لێ دێ ، ئەگەر یەکێکیان توشی زیانێ بو ، باقی خەڵکەکە بۆی بێ‌ئاسایش ئەبن ، وەك چۆن ئەئەر ئینسانێ سەری یا چاوی یا سـکی ئێش بکا ، ئاسایشـی لێ هەڵ‌ئەگیرێ تا ئەو ناساغییە چارئەکا .

بۆ بەجێ‌هێنانی یەکێتی چەند شتێ پێویستە . یەکەم : ئەوەیە ئەو گەلە یا زوربەی ، خوێندەواری باش و پێگەیشتو بێ و لە قازانج و زیـانی خـۆی و وڵاتەکەی تێ‌بگا و پاشەڕۆژی خـۆی بهێنێتـە پێش چـاو . دووهەم : ئەوەیە

ڕۆڵەکانی ئەو گەلە بۆ پێگەیشتنی گەلەکەیان قازانجی تایبەتی خۆیـان فەرامۆش بکەن ، واتە قازانجی خۆیان لە قازانجی گەلەکەیاندا بزانن . سـێهەم : ئەوەیە گەلەکە نیظامێکی بۆ خۆی هەڵبژاردبێ هـەمۆ حورمـەتی بگرن ، چونکە گەلی بێنیظام بە هیچ جۆرێ جێگەی باوەڕ و متمانە نیە . چوارەم : ئەوەیە ڕەهبەرانی ئەوگەلە سـەربەرزێ خۆیان لـە ڕزگـاریێ گەلەکەیانـدا بزانن و چاویان لـە مەسلەحەتی تایبەتی خۆیان نەبێ ، بەم‌مەعنا کەوا ئەو مەبەسـتی خۆیانە لەناو مەبەستی گشتێ ئوممەتەکەیاندا بتوێننەوە و ببن بـە خزمەتکاری . پێنجەم : ئەوەیە زانست و پیشە و هێزی خۆ ژیاندن لەو گەلەدا پەرەبسێنێ ، ئەگینا گەلی برسێ بە فیکەیەك هەڵئەخەڵەتێ ، چجایە بە تیکەیەك .

جا مادەم زانست و تێگەیشتن و پێگەیشتن یەکیان‌گرت و ڕاوێژ و واتەیان کەوتەیەك ، ڕۆڵەکانی ئەو گەلە ئـەتوانن تێبکۆشـن و هـەوڵ‌بدەن بـۆ مایەی ڕزگاریێ و سەربەرزێ خۆیان و نەتەوەکەیان و هەمۆ ئامانجێکی خۆیان بەئاسانێ دەست‌ئەکەوێ . ئێمە کە تەماشای مێژۆی ئیسلام ئەکەین ئەبینین پیاوە بەرز و بەناوبانگەکانی ئیسـلام وەك عومـەری کـوڕی خەططاب و عومـەری کـوڕی عەبدولعەزیز و صەلاحەددینی ئەیوبی خوایان لێ ڕازێ بێ هەمۆ لەبەرئەوە بۆن بە هۆی ڕێکخستنی ئیش‌وکاری حوکومەتی گەورەی ئیسلام و توانییان دوژمن لە وڵات دوربخەنەوە چونکە خۆیان لـە هەوا و ئـارەزۆی نـەفس و مەبەستی تایبەتێ دورخستەوە .

هەر گەورەیێ کە دڵسۆزێ و ساغێ لەگەڵ گەلەکەی دەربکەوێ ئەوە ئەو گەورەیە گەلەکەی بۆی‌ئەبن بە فیدائێ و قوربانێ لەبـەر پێیدا . بـەڵام ئەگەر خودخواە و خودپەرست بێ و دوای ئارەزۆی تایبەتێ خۆی بکەوێ ، ڕۆژبەڕۆژ لە نەفسی میللەتەکەی خۆی دوژمنی بۆ پەیدائەبێ و ئەوەندەی پێناچێ لەسەر تەختی سەربەرزییەوە فڕێی‌ئەدەنە خوارەوە بۆسـەر خاکی دامـاوێ و کزێ و پەستێ ، بەڵکو لەوانەیە بیشیکوژن و لەناوی بەرن .

گەلێ کە بیەوێ بەرز ببێتەوە ، هەروەك زانست و پیشـە و صەنعەت و یەکێتی پێویستە ، خۆوڕەوشتی بەرزیشی پێویستە ، وەکو شاعیر وتویەتی :

وإنَّمَـا الأمَمُ الأخـلاقُ ، مـابَقِيَتْ
بَقُوا ، وإنْ ذَهَبَتْ أخلاقُهُمْ ذَهَبُوا

واتە : مانەوەی میللەت بە ئەخلاقەوەیە ، ئەگەر ئەخلاقی میللەت مایەوە میللەتەکە خۆیشی ئەمێنێتەوە و ئەگەر ئەخلاقی نەما خۆیشی نامێنێ . سیڕێ ئەمەیش ئەوەیە کەوا هەرکاتێ ئەخلاقی پەسـەند لەناو کۆمەڵدا نـەما ، ئەوە لەجیاتێ ئەو ئەخلاقە پەسەندانە ئەخلاقی ناپەسەندی وەك سـتەم و زوڵـم و

زۆر و فیسق و فوجوور و داوێن‌پیسێ و بێ‌شەرمێ و بێ‌کەرامەتێ و تەماعکارێ و بێ‌ئینسافێ و بێ‌ڕەحمێ و شتی‌وا پەیدا ئەبێ و ئەبێ بە باو . ئاشکرایشە کۆمەڵی‌وا ڕۆژبەڕۆژ ئاشوب و فیتنە و غەوغا لەناویا بڵاو ئەبێتەوە. لەولایشەوە خوای تەعالا غەزەبی دێتەجۆش و لەناکاو لە شەوێکدا یاخود لە ڕۆژێکدا ئەو پایە و مایەیە تێك‌ئەدا و ئەیکا بە سەرگوزەشتەی پێشینان .

(بزانن) پێویستە بۆ ئەوکەسانەی کە ئەیانەوێ میللەت یەك‌بخەن ، چەند خۆیەکیان هەبێ . یەکەم : ئەبێ موجامیل و ڕۆخۆش و دڵ گوشاد و هۆگر بن . پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ فەرموێەتی : لا خَیْرَ فِی مَنْ لا یَألِفَ وَلا یُؤلَفَ . واتە : ئەوکەسانەی نەئولفەت لەگەڵ کەس ئەگرن و نە ئولفەتیان لەگەڵ ئەگیرێ ، کەڵکی هیچیان پێوە نیە . دوهەم : پێویستە تێکۆشەر و بەکێشمان بن و زو نەگەڕێنە دواوە . سێهەم : ئەبێ دەست گوشاد و خاوەن بەخشش بن چونکە ئینسانی ڕژدی پارە دۆست کەس خۆشی ناوێ . چوارەم : ئەبێ هەل لە کیس نەدەن و بە هەر واسیطەیەك مەیدانی ئەوەیان بۆ هەڵکەوت بە ڕێگای یەکخستنی میللەتدا هەنگاو بنێن ، ئەو هەنگاوە بنێن . پێنجەم : ئەبێ چاوپۆشییان هەبێ لە ڕەوشتی بەدی هەندێ‌کەس ، چونکە ئینسانی تۆڕە و تۆش ناتوانێ خەڵك بخاتەیەك .

ڕۆڵەی ئارامی بێ پەلەپەلم   هەوێنی شیری یەکێتی گەلم
پێویستە یەك بن بە دڵ و زوبان   بەڵکو ڕزگاربن لە بەلای زەمان
سەربەرزێ کۆمەڵ بە یەکێتییە   نیفاق سەرچاوەی گشت نەگبەتییە
هەر بە یەکێتێ مەردانی وڵات   گەیین بە تەخت و تاج و دەسەڵات
هەر بە یەکێتێ بوون بە پاشا   بۆن بە خاوەنی تەعمیر و ئینشا
گەڵێکمان بینێ جۆگەلەی کەم‌کەم   کە بۆن بە یەکێ بۆن بە گەورە چەم
تاتای دەزوی خاو منال ئەیبڕێ   کە هۆنرایەوە دەستی شێر ئەگرێ
چەند هەودا دەزو بەیەکا پێچران   ئەبن بە کەمەند لەبۆ دلێران

★ ★ ★

مایەی وێرانێ لە هەرلای جیهان   دەردی نیفاقە ئاشکرا و پەنهان
نیفاق دەردێکە ئەوەندە شومە   لە هەر شوێنێ بو بە چەشنی بومە
کاتێ ئەڕوانین بۆ مێژوی ئوممەت   باش دەرئەکەوێ بۆ خاوەن حیکمەت
ئەساسی نیفاق خودپەرستییە   ئەمەیش لە دەردی مەستێ‌و پەستییە
کابرا نازانێ کە چەرخی گەردون   نابێ بە برا لەبۆ پیاوی دون
چەند ڕۆژ بە مەستێ دەڕوانی شادە   پاش ئەوە مەیدان چۆڵە لەبادە
مەرد ئەوکەسەیە بۆ نیشتمانی   خۆی ئەکا بە قۆچ قۆچی قوربانی

نە ماڵ و نە گیان نە پایە و نە شان   نابن بە ساتێ بەرزێ نیشتمان
چونکە نیشتمان بێشکەیە بۆ گەل   مایەی ژیانە بۆ گەل تا ئەجەل

★ ★ ★

یەکێتێ ئەبێ بەپێی یاسا بێ   یاسایێ بۆ داد بە حەق ڕەسا بێ
وەطەن بێ یاسا و یاسا بە بێ‌داد   وێرانە ویران ، بەربادە بەرباد
هەرکەسێ بۆ خۆی بێتە فەرماندار   ژین ئەبێ بە ژان ، ژانی ژاری مار
یاسای وا ڕەساش یاسای خودایە   قورئانە ژین و دینی تیایە
(اَمْرُهُمْ شُورى بَيْنَهُمْ) بە حەق   بۆ شەوی تاریك ئەبێ بە شەبەق
شوڕا بەمەعنا ڕاوێژ و تەگبیر   بە پیاوی زانای بە هۆش و ضەمیر
بە هەڵبژاردن لە هەمۆ سامان   ژیران بێنە سەر تەقریری فرمان
مەجلیسێکی‌وا گرد ئەبێتەوە   عالەم لەبەریا ئەحەسێتەوە
لاتێ و نەخۆشێ و نەزانێ یەکجار   ڕیشەکێش ئەبێ لە لادێ و لە شار
بەم یاسا فەرمان نابێ بە میرات   لەسەر کەلەپۆر ویران بێ ولات
زەند و ئەردەڵان بابان و بۆتان   بۆ میرێ میرات ولاتیان سۆتان
مەجلیسی گشتێ بەهەشتی عامە   چونکە ئەمساسی بە ئیعتیصامە
ڕێگە بەڕاستێ بۆ (واعتَصِموا)   ئەبێ بە مایەی یەکێتێ هەمو
بۆ ئەمە (عومەر) بە دڵ ئاگاهێ   فەرمۆی (حَسْبُنا كِتابُ اللهِ)
بە هیوای حوکمی کیتابی خودا   لەویا بێ‌دەنگ بۆ ڕەسۆلی هودا
بێن بۆ بەراورد دەورێ وا بڕۆن   بەڕاستێ نانتان ئەکەوێتە ڕۆن

★ ★ ★

لەم ڕێگە لات‌دا خودپەرستییە   ئەوەڵ و ئاخر مایەی پەستییە
من لەو باوەڕام جەنگی خێر و شەڕ   بە خودپەرستێ کەوتوەتە گەڕ
گومانم‌وایە کە بت‌پەرستێ   هاتە ڕۆی جیهان بۆ خۆپەرستێ
بتی ئەو (لات) و هێ ئەم (مەنات)ە   بۆن بەهۆی هەمۆ ئەم کارەساتە
نازانن ئەگەر لە حەق بپرسن   نە بت ئەپرسن نە قەت ئەترسن
من بم بە فیدای ڕەسوڵی خاتەم   کە حەق‌پەرستێ هێنا بۆ عالەم
ئیستەش بەم هەمۆ بێ‌مەرامییە   هەر حەق‌پەرستێ بەرزە و (نامی)یە

★ ★ ★

جا لەم مەقاما بە نیازی ئیعلام   بۆت بەیان‌ئەکەم سیرەتی ئیسلام
تا باش تێ‌بگەی کە دین ڕەسایە   بۆ سۆدی عالەم پایەی بالایە
بیناغەی ئیمان تەصدیقە و باوەڕ   بەوەی هێناویە بۆمان پێغەمبەر
کە بە ئەخلاق و موعجیزەی ئیسپات   ڕیسالەی دەرکەوت بۆ گشت کائینات

بە کیتابێکی جامیع و نافیع   لەبۆ خەیر و شەڕ جالیب و دافیع
بە سوننەتی خۆی وتار و کردار   بە تەقریری کار لەسەر ئیعتیبار
جا بە کیتاب و سوننەتی ڕەهبەر   گەلێ یاسای بەرز دێتە بەر نەظەر
موهیمماتەکان بۆت تەقریر ئەکەم   بەو موهیمماتە تۆ تەنویر ئەکەم

★ ★ ★

یەکەم موهیممات بۆ زانای هوشیار   باوەڕ کردنە بە پەروەردگار
پەروەردگاری حەکیمی خەللاق   خالیقی هەمۆ ئەنفوس و ئافاق
پەروەردگاری زانا و تەوانا   کە لەسەر حیکمەت جیهانی دانا
دۆهەم موهیممات باوەڕ بە ڕەهبەر   بۆ ڕێنیشاندان بە پەرێ و بەشەر
ڕەهبەر پێت ئەڵێ پێویستە شوعۆر   بە مەسئۆلیەت لە نزیك و دۆر
پرسیار نەکرێ لە خێر و لە شەڕ   نامێنێ فەرقی حەیوان و بەشەر
سێهەم باوەڕە بە فریشتەی حەق   چوارەم بە کتێب سەماوێ موطلەق
پێنجەم باوەڕە بەوە کە قەزا   بە مەیلی ئەوە هەرچێ ڕۆئەدا
شەشەم باوەڕە بە ڕۆژی جەزا   لەبۆ کردەوەی سزا و ناسزا
پێنج بەندی فورۆع ئەرکانی ئیسلام   خێر و حیکمەتن لەبۆ خاص و عام
دوازدەهەم یاسای ڕەوشتی بەرزە   هەر ڕەوشتی بەرز خۆشێ سەرئەرزە
ئەمر بە مەعرۆف ، نەهی لە مونکەر   بەرزتر ڕەوشتی بەرزی پێغەمبەر
سیازدەهەم زانست بۆمەردی هوشیار   لە ئیش وکاری بە سۆد و بەکار
چواردە مل کەچێ بۆ خودا و ڕەهبەر   بۆ فەرمانداری گەورە و موعتەبەر
بۆ ڕاگرتنی ئیدارەی ئیسلام   لە فەرزی عەین و کیفایەی ئەحکام
پازدەهەم هێزە بەگوێرەی زەمان   بۆ پاراستنی خاکی نیشتمان
تا زیان نەگا بە سنۆری خاك   لە شەڕ و گەڕی دوژمنی ناپاك
شازدە ئیدارەی ثەقافەی ئوممەت   بە عیلم و هونەر بە کەسبو صەنعەت
حەفدە ئیدارەی تەندروستێ عام   تا خەڵکێ نەمرن ناوادە و ناکام
هەژدە ئیدارەی ژیانی میللەت   ژیانی ڕەسا و بێ قەهر و ذیللەت
نۆزدە ئیدارەی ئەحکامی ئیسلام   بە عولەمای دین بۆ نەشری ئەحکام
ئەوەی وا لەناو کیتاب و سوننەت   خەڵکێ تێبگەن بە ڕۆی حەقیقەت
ئەوەی پەنهانە وا دەری بێنن   تا موسوڵمانان هیچ دانەمێنن
(اكملتُ لكم) فەرمۆدەی ڕۆن بێ   چۆن ئەبێ زانا حوکمی لێ ون بێ
یاسایەکی وا و مەجلیسێکی بەرز   بەشێوێ سا چۆن ڕۆئەکاتە ئەرز
مەگەر کۆمەڵێ خائینی دین سست   لەباتێ خودا بنە خودپەرست

★ ★ ★

توخوا بڕوانن بۆ ئەم بەندانە　　کامەیان دژی هێزی ژیانە !
کامەیان بەشەر ئەباتەوە پاش　　کامەیان دژە بۆ سەعی و تەلاش
کە ئەمەت زانی بزانە تانە　　یا هی دوژمنە یا هی نەزانە
نە واتەی دوژمن نە واتەی نەزان　　لای مەردی هوشیار ناخرێنە میزان

دوژمن تەفسیری وا ئەکاتەوە　　کە دین پیاو لە ژین دوورئەخاتەوە
ئەگینا بەڕاست ئەم دینە ڕاسە　　لە دواکەوتنی بەشەر هەراسە
دین قەت نایەوێ ئینسان نەزان بێ　　دەرۆزەکەری بەر دەروازان بێ
نایەوێ سستی تەمەڵ و بێ‌کار　　بێ‌پایە و مایەی چەرخی ڕۆژگار
دوورە لە گەلی گۆلی سەرسەری　　گیرۆدەی هەوا و لە بەرزی بەری
دین خاوەن‌دەستی سەربەستی ئەوێ　　خاوەنی هیوا و مەبەستی ئەوێ
یەکێکی ئەوێ وەك هەوری بەهار　　گەوهەر هەڵڕێژێ لەسەر زەوی‌وزار
صیددیقی خۆ بێ و عومەری هەیبەت　　عوثمانی حەیا و حەیدەری هیممەت
ئەیوبی مەشرەب صەلاحەددین بێ　　بەرەو ڕووی دوژمن هێرش و قین بێ
خاوەن غیرەت بێ و کەرامەت کۆ کۆ　　دڵی یەك تۆ بێ لەگەڵ من و تۆ

بەڵام فەرمانی خودا و پێغەمبەر　　بێ فەرمانڕەوا چۆن ئەچێتە سەر
قورئان چی بکا لە تاقی مزگەوت　　کابرا نایبینێ مەگەر بە هەڵکەوت
سولطەی تەشریعە قورئانی کەریم　　تەنفیذی ئەوێ بە خودای عەظیم
چەند ساڵ لەمەککە فەخری ڕیسالەت　　ئازاریان ئەدا ئەهلی جەهالەت
کە خودا بۆی کرد چۆ بۆ مەدینە　　هێزی پەیداکرد لەوێ ئەم دینە
نەزانی چۆن بۆ شەپۆلی ئایین　　لە حیجازەوە گەیشتە لای چین
مەغریب و مەشریق پڕ بۆ لە هەڵلا　　بە ناوی خودا و بە (الله الله)
دین بە بێ دەوڵەت ناگا بە ئەنجام　　کەس بە بێ توانا ناگا بە مەرام
هەڵەیە جیایێ بەدەوڵەت لەگەڵ دین　　دەوڵەت بەشێکە لە مەعنای ئایین
ئایین کە یاسای پیرۆزی عامە　　بە هێزی دڵسۆز مایەی مەرامە
لە خودامان ئەوێ هێزی یەکێتی　　بێ بە دەوای سستی و نوشوستی
ئەوسا تێ‌ئەگەی بە فەیضی سامی　　ئایین ئەبێتە شەجەرەی (نامی)
بێخی لە ئەرزا و پۆپەی لەسەما　　سێبەریش ئەکا بەسەر عالەما

گوڵی سێ‌وچوارەم
گوڵی سەبەب‌سازێ و پشت بە خوا بەستن

بــە بێ دوٚ شــاباڵ شــاباز نــافڕێ
بە بێ دوٚ پێی ســاغ ئینسان ناگەڕێ
بێ ســەبەب‌سازێ و بە بێ هێزی دڵ
ئینســان بــە مەردێ ناگا بــە مەنزڵ

خوای تەعالا لە قورئانا فەرموٚیەتی :

وَعَلىَ اللهِ فليتوكّلِ المُتَوَكّلُونَ .

واتە : با ئەوانەی ئەیانەوێ پشت بە کەســێ ببەستن ، پشــت بــە خوا ببەســتن .

هەروەها پێغەمبەریش ، درووٚدی خوای لێ بێ ، فەرموٚیەتی :

اِذا آرادَ اللهُ شَيئاً هَيّأ آسبابَهُ .

واتە : خوا کە شتێکی ویست هوٚیەکانی جێ‌بەجێ ئەکا .

ئادەمیزاد کە لــە ڕووٚداوەکانی جیهــان ورد ئەبێتەوە بــاش تێ‌ئەگا کەوا هەرشتێ بەتایبەتێ هوٚیەکی هەیە و پێویستە لەسەر ئینسان کە ویستی شتێ بکا هەوڵبدا بوٚ بەجێ‌هێنانی هوٚیەکانی . خوێندن دەرسی ماموٚســتای ئەوێ . پایەی بەرز لە دنیادا هەوڵ و تەقــالای پێویســتە . باخدارێ و بێستان‌کارێ درەخت ناشتن و ئاودێرێ و پاسەوانێ ئەوێ . گەیشتن بە ماوا و مەنزڵ ڕێگە ڕوٚیشتنی لازمە . زاڵبوٚن بەسەر دوژمنا ئامادەبێ بوٚ گیان بەخت‌کردن ئەوێ . ئادەمیزاد بەپێی دەســتوبرد و چــالاکێ لە سەبەب‌ســازیدا هەندێکیان لــە هەندێکی‌تریان پێش‌ئەکەون . لە لایەکی‌کەشەوە تەماشا ئەکەین گەلێ‌کەس هەن لە سەبەب‌سازیدا زوٚر چالاك و بێ‌باکن و گەلێ حەولی‌وا ئەدەن تــا زوٚر نزیك ئەبنەوە لە مەبەستەکەیان . کەچێ لەولاوە بێ‌ئاگادارێ خوٚیان شتێ پەیدا ئەبێ ئەو ئەسبابانە هەمــوٚیان تێك‌ئەدا و لەئەنجاما ڕزگارێ و بــە مــەرام گەیشتن بوٚ کەسێکی‌تر ئەبێ . ئەمەیش ئەوە نیشان ئەدا کــەوا هەرچەند حــەولی ئینسان پەیوەندی بە مەبەستەوە هەیە ، بەڵام بەڕاستێ ئیش لای خوایە و خودا بەپێی ئەو یاسا کە لە عیلمی خوٚیایەتی مەبەستەکەی یا خواســتەکەی جێ‌بەجێ ئەکا وەکو فــەرموٚیەتی : « وَاللهُ غــالِبٌ عَلى اَمْرِهِ ، ولكِنَّ اَكْثَرَ النــاسِ لا يَعْلَمُونَ » . واتە : خوا زاڵە بەسەر هەرشتێکا کە خواستی خوٚی لەسەری بێ ، بەڵام گەلێ‌کەس بەمە نازانن .

کەواتە پێویستە ئینسان هەمیشە هەوڵبدا و سەبەبسازی بکا چونکە یاسای خوا لە جیهاندا وایە ، بەڵام پێویستیشە ئینسان بایی نەبێ لە خۆی و هەر ڕۆی دڵی لە خودا بێ ، چونکە ئێمە نازانین ئاخۆ خوای تەعالا خواستی لەسەر خواستی ئێمەیە یا نە و ، بە بەراورد تێکەیشتوین کەوا هاتنەدێ ئاواتی دڵ بە بێسەبەبسازی مەگەر بەدەگمەن ڕێبکەوێ .

پشت بە خوا بەستنیش مەعنای ئەوەیە لەگەڵ ئەوەشدا کەوا ئادەمیزاد ئەبێ بەپێی توانای خۆی تێبکۆشێ ، پێویستە باوەڕیشی وابێ کەوا بێجگە لەم ئەسبابانە کە ئێمە دەستیان پێوەئەگرین ، ئەسبابیتریش هەن کە وان لە عیلمی خوادا و ئەگەر خوا خواستی لەسەر ئیشەکەی ئێمە نەبێ چەند کۆسپ و گرێ ئەخاتەڕێی ئیشەکە . ئەگەر خواستیشی لەسەر ئیشەکەی ئێمە بێ گەلێ ئەسبابیوای بۆ ڕێکئەخا کە بە خەیاڵی ئێمەدا نەهاتوە .

لەسەر ئەساسی تێنەگەیشتن لە مەعنای قورئان و ئەخلاق و کردەوەی حەزرەت دروودی خوای لێ بێ و ڕوداوی دنیا ، هەندێکەس مەعنای پشت بە خوا بەستنیان وا لێکداوەتەوە کە ئینسان موبالاتێکی زۆر نەکا و هەرچۆنی بۆ هاتە پێشەوە ، بەئەندازەیەکی کەم نەبێ مەبەستی نەبێ و تەنها بەخوای خۆی پشت ببەستێ و هەر بەو پشت ئەستور بێ کەوا ئەو ئیشەکەی بۆ ئەکا . ئەم بیرە هەڵەیە . ڕاستە خوا تەوانایە و ئەتوانێ هەمو شتێ بکا و هێزی بەسەر هەمو مومکینێك و بەسەر هەمو کائیناتا زاڵە ، بەڵام خوا خۆی یاسای هەوڵ و تەقەلای داناوە و ئەمری کردوە بە سەعیکردن و هەوڵدان و تێکۆشان و ڕاوێژکردن و خۆڕاگرتن . پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ کە گەورەترینی بەندەگانی خوا و گەورەترینی ئەوانەیە کە پشتیان بە خوا ئەستورە ، لە هەموکەس زیاتر حازر و ئامادە بوە بۆ ئیشکردن و هەوڵدان و فەرمویەتی : « اِلْتَمِسُوا الرِّزْقَ فِی خَبَایَا الْاَرْضِ » واتە : بگەڕێن بۆ ڕۆزی لە بنی زەویدا . مەبەست لە گەڕان بۆ ڕۆزی لە بنی زەویدا کشتوکاڵ کردن و کان دۆزینەوە و دەرهێنانی ئاوە لە بنی ئەرزدا . فەرمویشیەتی : « طَلَبُ الْكَسْبِ الْحَلَالِ فَرِیضَةٌ » واتە : گەڕان بەدوای کاسبی حەڵاڵدا فەرزە لەسەر هەمو موسوڵمانێك . هەروا فەرمویشیەتی : « بُورِكَ لِاُمَّتِی فِی بُكُورِهَا » واتە : پیرۆزی و خێر دەسکەوتن و دەسکەوتی باش دانراوە بۆ ئوممەتی من لە حەولی بنەڕۆژانا ، یەعنی هەر لە سبەینێوە ئینسان ڕاست ببێتەوە و ئیشی خۆی ببینێ . هەروا فەرمویەتی : « اِنَّ اللّٰهَ یُحِبُّ الْمُؤْمِنَ الْمُحْتَرِفَ » واتە : خوا موسوڵمانی پیشەوەر و کاسبکاری خۆشئەوێ . هەروا فەرمویەتی : « اِنَّ اللّٰهَ یَكْرَهُ الرَّجُلَ الْبَطَّالَ » واتە : خوا خۆشی لە پیاوی بێکار و ئیش نەکەر نایەت . دیسانەوە فەرمویەتی : « الجالِبُ مَرْزُوقٌ وَالْمُحْتَكِرُ مَلْعُونٌ » . واتە : ئەوکەسانەی ڕۆزی ڕائەکیشن بۆ خۆیان و بۆ خەڵکی وڵات، خوا ڕۆزیان

ئەداتێ و ، ئەوانەش کە ئەیشارنەوە و نایفرۆشن بە خەڵك بۆئەوەی پاشان بـە گران بیفرۆشن بەر لەعنەتی خوا کەوتۆن . هەروەها فەرمۆیەتی : « اَلْخَیْلُ مَعْلُقٌ بِنَواصیها الخَیْرُ » واتە : خێر و ڕۆژێ بەسراوە بە ناوچاوی وڵاخـی بەرزەوە . فەرمۆیشیەتی : « سافِروا تَصِحّوا » واتە :سەفەر بکەن و بە وڵاتدا بگەڕێن لەشتان ساغ ئەبێ . مەبەستی لەوەیە هەواگۆڕین هۆی تەندروستییە و گەڕان بە وڵاتاندا و تێکەیشتن لە ئەوزاعی عالەم عەقڵ و هۆشتان لە نەخۆشێ و بێهۆشێ و لە کەم و کورتێ و نارەسایێ ڕزگار ئەکا . هەروەها فەرمۆیشیەتی : « اَلْکَیِّسُ مَـنْ دانَ نَفْسَهُ ، وَعَمِلَ لِما بَعْـدَ الْمَوْتِ ، والْعاجِزُ مَنْ اَتْبَعَ نَفْسَهُ هَواها وتَمَنی عَلیَ اللهِ الاَمانیِ » . واتە : ئینسـانی زیرەك ئەوکەسەیە کە زاڵ بێ بەسەر نەفسی خۆیدا و ڕامی بکـا بۆ ڕێگەی پیرۆزێ و کردەوەی باش بکا بۆ کاتی پاش مردنی ، یـەعنی عیبادەتی خـوا بکا و خزمەتی داماوان و بێکەسان و بێدەستان بکا و بەگوێرەی توانای خێری نەبڕاوە بکا کە ئەمانە هەمۆ بۆ پاش مردن خێریان لێ ئـەبینێ . ئینسانی بێکـەڵك و هیچ لێ نەهاتۆیش ئەوەیە نەفسی خۆی بەرەڵڵا بکا بەشوێن ئارەزووەکانیا و بـە بێ هۆ داوای بەجێهێنانی دڵخواز بکا لە خوای تەعالا ، چونکە هەرچەند خوا ئەتوانێ بە بێکردەوە هەمۆ پایەیەك بدا بە ئینسـان ، بەڵام واناکا ، بەپێی کردەوە بەرهەم بە هەرکەس ئەدا . ئەمەش دادپەروەریێ ڕاستەقینەیە .

ئەم حـەدیث و فەرمۆدە بەرزانەی باسـمان کردن ، هەمۆ وائـەگەیەنن کەوا پێویستە ئینسـان بۆ ژین و دینی خۆی هەمیشە لە هەوڵ و تەقەلادا بێ و هەوڵەکەی ڕاساڵانە بێ و بە خۆپەرستێ نەبێ و سۆدی خۆی لە زیانی خەڵکدا داوا نەکا و قەت کاری ژین و دینی خۆی بەرەڵڵا نەکا تا ئەمرێ . هـەر لەسەر بناغەی سەبەبسازییە پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێ فەرمۆیەتی : « فِرَّ مِنَ الْمَجذوُمِ فِرارَكَ مِنَ الاَسَدِ » واتە : هەڵبێ لە ئینسانی گول وەك چۆن لە شێر هەڵدێی، چونکە هەرچەند نەخۆشێ بەدەستی خوا خۆیەتی و هەر خۆیشی شیفای دەرد ئەنێرێ ، بەڵام خوا خۆی هەندێ شتی کردوە بە هـۆ بۆ هەندێ شت و ، ئەبێ ئادەمیزاد ئەوەندی بۆیبکرێ خۆی بپارێزێ و پـارێز شـتێکی بەسۆدە وەکو مەشهۆرە کە ئەڵێن خۆپاراستن لە نەخۆشکەوتن بۆئەوەی ئینسان نەخۆشنەکەوێ گەلێ باشترە لەوە کە لەپاش نەخۆشکەوتن و تۆشبۆن تیمار و دەرمانی خۆی بکا و بەوجۆرە خۆی چاكبکاتەوە . هـەروەها مەشـهۆرە کەوا سەرەتای دوکتۆرێ خۆپاراستنە لە نەخۆشکەوتن ، یاخـود خۆپاراستن لـە نەخۆشکەوتـن باشـترین دوکتۆرێکـــە . هەندێکـەس خوا لاشـەکەیوا دروستکردۆن لە نەخۆشیترەوە تۆشـی نەخۆشـێ ئەبـن . بەڵام هەنـدێ ئادەمیزادیش هەن (مەناعە)یان هەیە واتە خۆیان ئەگرن و بە هاوڕێیەتێ نەخۆش نەخۆش نـاکەون . هەرچـۆن بێ لە هەمـۆ حـاڵێکدا بنیـادەم پـارێز بکا لە نزیككەوتنەوە لە نەخۆش و خۆی بپارێزێ ئەوە چاکترە .

ئەگەر ئەڵێیت پێغەمبەر درودی خـوای لێ بی فەرموێەتی : « لا عدْوی فی الاسلام » واتە : دینی ئیسلام باوەڕی بەوە نیە کە کەسێك لە کەسێکی‌ترەوە تۆشی نەخۆشیێ ئەبێ ، ئەی ئەمە چۆنە ؟ لە وەڵامدا ئەڵێین : زانـایانی حەدیث فەرموێانە ئەم حەدیثە بۆ وەڵام دانەوەی ئەوکەسانە وتراوە کـە باوەڕیان وابوە بێ‌گومان بنیادەم لە نەخۆشەوە نەخۆشیێ وەرئەگرێ و تۆش‌ئەبێ و ئەمە هەمیشە وایە . جا پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێ فەرموێەتی وا نیە ، ساغیێ و ناساغیێ بە ئیرادەی خوایە ، ئەگەر ویستی هەندێ‌کەس لە هەندێ کەسـی‌ترەوە تۆشی نەخۆشیێ ئەبن و ئەگەر نەشیویست ئەوە هیچ ، چونکە بە بـەراورد دەرکەوتوە وەك چۆن هەندێ‌کەس لە هەندێ‌کەسی‌ترەوە تۆشی نەخۆشیێ بوون ، هەندێ کەسی‌تریش بووە ماوەیەکی دوور و درێـژ لەگەڵ نەخۆشـدا ژیاون و لەگـەڵ ئەوەشدا تۆشی نەخۆشیێ نەبوون لێیانەوە . کەواتە پارێزکردن چاکە و پێویستە بەڵام باوەڕ بەوە کە بێ‌گومان هەمیشە نەخۆشیێ لە یەکێکەوە ئەچێ بۆ یەکێکی‌تر ئەوەیش هەڵەیە .

ئەگێڕنەوە کەوا خەلیفەی دوهەم عومەری کوڕی خەططاب خوای لێ ڕازیێ بێ لەو سەفەرەیدا کە بۆ شام ئەچۆ بیستی نەخۆشیێ تاعۆن لە شام داکەوتوە . ئەویش ڕاوێژی‌کرد بە هاوڕێکانی کەوا چیێ‌بکەن باشە و لەمبارەوە پێغەمبەر چیێ فەرموە ؟ یەکێ لە هاوڕێکانی وتی لە پێغەمبەرم بیستوە فەرموێەتی کە بیستتان تاعۆن لە وڵاتێکا داکەوتوە و ئێوە لەوکاتەدا لـەو وڵاتەدا بـۆن لێی دەرمەچن و ئەگەر لە وڵاتێکی‌تر بۆن مەچن بۆ ئەو وڵاتە . حەزرەتی عومەر بـەم فەرمودەی پێغەمبەرە زۆر شادمان بۆ و بڕیـاری‌دا بگەڕێتەوە بـۆ مەدینەی مونەووەرە . ئەبۆ عوبەیدەی کوڕی جەڕڕاح پرسیێ : عومەر ! ئەوە لە قەزا و قەدەری خـوا ڕائەکەی ؟ حەزرەتی عومەریش وەڵامی دایەوە وتی : خۆزگـە ، ئەبۆعوبەیدە ، یەکێکی‌تر ئەم قسەیەی تۆی بکردایە . سەیرە،بۆچی ئەگەر لەم قەزایە دەربچین، لە قەزا و قەدەری‌تری خوا ڕزگار ئەبین ؟ ئێمە هەمیشە لەژێر قەزای خوادایین و ڕاکردن لە قەزاوقەدەر مومکین نیە ، بەڵام ئەمە ڕێ و شوێنێکە پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ بۆی داناوین بۆ پارێزکردن بەپێی دەسەڵات و دەست ڕۆیشتن .

لەم فەرمودەی حەزرەتی عومەرەوە گەلیێ ڕاسـتیێ دەرئەکەوێ ، یەعنی هەرچەند ئەوەی لە زانستی خوادا ڕابوردبێ پێویستە وابێ ، بەڵام ئێمـە بەو عیلمی خودایە نازانین و مادەم کە عەقڵ و هۆشمان هەیە و سود و زیان لەیەك جوێ ئەکەینەوە و فەرقی ژار ئەخەین لە خواردەمەنیێ باش ، پێویـسـتی عەقڵە کە لە ژارەکە لادەین و خواردەمەنییە باشەکە بخۆین ، ئەگەرچیێ بە خواردنی ئەم خواردەمەنییە باشەیش بمرین .

بۆ ڕۆن‌کردنەوەی ئەم باسە بە پێویستی ئەزانـین بڵێین خـوای تەعالا ئەم عالەمەی دروست‌کردوە و هەر ئیشێکی بەستوە بە هۆیەکی تایبەتییەوە و ئەمەی

کردوه بە قانونی جیهان . هەندێ شت هۆیە بۆ هوشیارێ ، یا تەندروستێ ، یا دارایێ ، یا شان و پایە ، یا دڵ ڕوناکێ و هەندێ شتیش بەپێچەوانەی ئەمەوە .

ئەم قانونە لای هوشیاران شتێکی ئاشکرا و دیارییە و لادان لێی نەفامێ و گومڕاهییە . (بناء علیه) ئەوکەسەی ئەیەوێ تەندروستێ هەبێ ئەبێ خواردن و هاتوچۆ و بیرکردنـەوە و حەســانەوەی لـەگەڵ مەبەستەکەیدا بگونجێ . لای هەمومان ئاشکرا و دیارییە کەوا نابێ لەم سنورە لابدەین . ئیتر ئاگامان لەوە نیە کە عیلمی خوا چۆن ڕابوردوە و لەوکاتەدا کە ئێمە تەندروستێ خۆمان ڕائەگرین ئەو مارێ ئەنێرێ بدا پێمانەوە یا کابرایەکی زۆردار ئەنێرێ‌بمانکوژێ ، یـاخود ئێمە خۆمان بەدەسـەنقەسـت یا بە هەڵە زەهرێك ئەخۆینەوە و ئـەو دوکتۆرێك ئەگەیەنێتە فریا و لە مردن ڕزگارمان ئەکا . .

بڕۆینەوە بۆ بابەتی قەزا و قەدەر . مەشهورە قەزا و قەدەری موعەللەق هەیە کە بەسراوە بە هەندێ ئەسبابەوە و ، قەزا و قەدەری موبرەمیش هەیە کـە قەطعییە و گۆڕانی نیە . لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی عیلمی شامیلی خوا ، ئەوەی لـە عیلمیا ڕابوردوە ببێ ، ئەبێ ببێ و ئەوەی ڕابوردوە نەبێ ، ئەبێ نـەبێ . کەواتە مەعنای موعەللەق چیە ؟

ڕاستێ ئەم مەسئەلەیە ئەوەیە کەوا لە عیلمی خوادا تەردید و دوودڵی و ئەبێ و نابێ نیە . بەڵکو مەسئەلە بڕاوەتەوە وەك ئەڵێن (جَفَّ الْقَلَمُ) . بەڵام ئەوەی لە عیلمی خوادا ڕابوردوە کەوا ئەبێ ، لـە عیلمیشـــیدا ڕابوردوە کەوا سەبەبەکەی بەهۆی کەسێکەوە دێتەجێ . ئەوەش کە لە عیلمی خوادا ڕابوردوە نابێ ، هەروا لە عیلمیشیا ڕابوردوە کە سەبەبەکەی نایەتەجێ . نیظامی بون و نەبونیش بۆ ئێمەی دەرخستوە . کەواتە ئەنجام کە بون یا نەبونی موسەببەکەیە ، بە خەریك‌بون یا خەریك‌نەبونی ئێمە بە سەبەبەوە دەرئەکەوێ . قەزا و قەدەری موعەللەق لە بابەتی شتی عادەتییە و مەحوکردنەوە یا هێشتنەوەشی لە بابەتی هۆ ڕێکخستن یا هۆ ڕێك‌نەخستنە ، نەك لە بابەتی گۆڕانی عیلمی خودا ، چونکە عیلم بە قەطعێ ناگۆڕێ و گۆڕانی مەحاڵە .

هەندێ لە زانایان وتویانە ئـەوەی قەزاوقەدەری موعەللەق بێ لـە (لوح المحفوظ)دا نوسراوە و هەر ئەمجۆرەیە کە بە دوعا و پاڕانەوە یا بە صەدەقە و خێرات یا بە دوکتۆر و دەرمان یا بە پەنابردنە بەر پیاوی خاوەن شان جێ‌بەجێ ئەبێ . جا خواناسەکان خوا ئاگاداریان ئەکـا کەوا ئـەم قەزایـە بەسراوە بـە دوعایەکەوە یا بە دوکتۆرێکەوە و لەسەر ئەو ئەساسە هەوڵ‌ئەدرێ و هۆیەکەی جێ‌بەجێ ئەکرێ و لە عەینی حاڵدا لای خوا مەعلومە کە هۆیەکـەی دێتەجێ ، بۆیە ئەو شتە ئەبێ .

بەکورتی پێویستە ئەم مەتلەبانە بزانرێن : یەکەم : خودای تەعالا نیظامێکی داناوە پێویستە کەوا ئینسان لەسەر بناغەی ئەو نیظامە بجوڵێتەوە . دوهەم : ئێمە ئاگامان لە عیلمی خوا نیە ، بەس بەسراوین بە نیظامەوە و لەسەر نیظام ئەڕۆین . سێهەم : هەرچی لە عیلمی خوادا ڕابوردوە هەروا ئەبێ . بەلام ئەمانە ئەغلەب وایە بەسراون بەو ئەسبابانەوە کە ئێمە ئەیانکەین و ئەنجام ئەوەیە بەپێی عیلمی خوا هەمو شتێ بڕاوەتەوە .

وتمان سەبەب سازی و پشت بەخوا بەستن پێویستی ژین و دینی ئینسانە . سەبەب سازی و پشت بە میهرەبانی خوا بەستن ، واتە هو ڕێکخستن بۆ ئەو ئیشەی کە مەبەستمانە و لە هەمان کاتیشدا دڵ ئەستوری بە یارمەتی خوای تەعالا ، هەم واجبی ئایینی و هەم پێویستی ژیانیشە . ئەگەر بە جاری یا دو جاریش ئەو مەبەستەمان بۆ جێبەجێ نەبو ، مادەم مەبەستەکە مەبەستێکی وا بێ ڕێی عەقلی تێبچێ ، پێویستە لێی سارد نەبینەوە و تێبکۆشین بەلکو ئەمڕۆ بێ یا سبەینێ بێ جێبەجێ ببێ بۆمان . ئێمە تەماشا ئەکەین مێروله بەو زەعیفی و بێدەسەلاتییەوە کە هەیە شتێ وا هەڵئەگرێ لە خۆی گەورەترە . چەند جار ئەو شتەی لێ ئەکەوێ و تل ئەبێتەوە و خۆیشی لەگەڵیدا تل ئەبێتەوە ، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو هەر دەست بەردار نابێ تا بە هەر جۆرێ بێ ئەیگەیەنێتە شارەکەی خۆی .

ئەوەندە پێویستە ئەو ئیشە لەوانە نەبێ بەپێی یاسای عادەت مەحاڵ بێ یا نزیك لە مەحاڵ بێ ، چونکە خۆماندو کردن بە شتێکی واوە کە بە عەقل دیار بێ مەحاڵە ، کاری ئینسانی فامیدە نیە . ئەبێ کە دەستیشمان کرد بە هەوڵدان بۆ شتێ لەو ڕێگاوە بڕۆین کە بەئاسانی بمانگەیەنێتە مەبەستەکەمان . خوای گەورە فەرمویەتی : « وَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا » واتە : لە دەرگاوە بچنە ماڵەوە . مەبەستی لەوەیە هەرشتێ ئوسوڵ و نیظامێکی هەیە و ئینسان کە ویستی شتێ بکا ئەبێ بەپێی یاسای تایبەتی ئەو شتە خۆی بیکا . نە لە زەوی شۆڕدا تۆو ئەوەشێنرێ و نە لە دێمە خاکا مەرەزە ئەکرێ .

لە جوملەی بە ڕۆی ئیشەوە چون بە ئوسوڵی عادەتی ئەمە کە ئەگەر ئینسان کەوتە ڕۆژێکەوە حەق لەو ڕۆژەدا گوم بوبو و یارمەتی دەری حەق کەم بو ، ئینسان بێواسیطە بۆ لای گەورەی وەخت ڕۆنەکاتە بارەگای ئەو گەورەیە ، چونکە ئەو جۆرە پیاوە گەورانە وەك شێر وان و خزمەتکارەکانیان وەك شێرەوان و دیارە شێرەوانیش ئەزانێ چۆن خواردەمەنی ئەدا بە شێر . هەروا ئینسانی غەریب و ناشارەزا لە شار و بازاڕدا مامەڵە نەکا مەگەر کابرایەکی چاوکراوە بێ یا چاوکراوەیەکی لەگەڵدا بێ . هەروا کەسێك مەسەلا بیەوێ ژنێ بێنێ ، تا چەند هاودەمێك لەگەڵ خۆی نەبا نەچێ بۆ داوا کردنی . ئەگەر ئەشتزانی

هەندێ‌کەس بەهۆی دیاریێ بۆ بردنەوە نەبێ تەفاهومیان لەگەڵ ناکرێ ، بێ‌دیاریێ نەچێ بۆلایان . بەڵام ئەمە بۆ کاتێکە کەوا مەبەستەکەت حەڵاڵ بێ و بە شەرع ڕەوا بێ بۆئەوەی دیارییەکەت نەبێ بە بەرتیل و نەبێ بە تاوان بـۆ تۆیش و بۆ ئەوانیش .

بەم‌بۆنەیەوە لە جێی خۆیایەتی بڵێین کەوا دیاریێ‌بردن یەکێکە لە هۆیەکانی زیادبوونی دۆستیێ لەنێوان برادەرانا . بۆیەش پێغەمبـەر درودی خـوای لێ بێ فەرموویەتی : « تَهادَوا تَحـابُوا » واتـە : دیـاریێ بۆ یەکتـریێ بـەرن بۆئەوە خۆشەویستیێ لەنێوانتاندا زیاد بکات. بۆیە سوننەتیشە کە ئینسان لە سەفەرێك گەڕایەوە ئەوەندەی پێی‌بکرێ دیاریێ لەگەڵ خۆی بێنێ بۆ ماڵ و مناڵەکـانی تـا دڵیان خۆش ببێ .

ڕۆڵەی عەزیزی دڵ هوشیارەکەم ! گوڵی بۆن‌خۆشی نـاو گوڵزارەکەم !
دوێ بـاڵی ئـەوێ ئینسـانی بـزان یەکـێ ئاشـکرا و یەکێکـی پەنهـان
یەکەم ئەسبابە و وەسـیلەی عـادیێ پێویسـتە بـۆ تـۆ بـە ئیعتیـادیێ
دوێهەم بـاڵێکە شـێوە مەعنـەویێ پشت‌بەستن بە خوای عەزیز و قەویێ
هەردوێ مەطلوبن بە نەصصی کیتـاب بۆ پەیوەندانی ئەشیـا بە ئەسبـاب
یەکـەم لەپێشـا حـازر بەدەسـتە ئەمەیش بەگوێرەی هێزی مەبەستە
خُـذوا الاشْیـاءَ بـاسْبابِهـا واتـوا البُیـوتَ مِـنْ ابوابِهـا

★ ★ ★

کاتێ ئیشێکت کەوتـە لای گـەورە مەعلوومە گەورەیش بەگوێرەی دەورە
کەسـێ نزیکـە بـەو بـارەگایـە پێویستە بـۆ تـۆ بێتـە سـەرکایە
ئەوەی بـە سـاڵێ بۆ تـۆ نـاکرێ بەو بە سەعاتێ جێ‌بەجـێ ئەکـرێ
یـا بە لەحظەیێ وەك بەرقـی بەصەر جێ‌بەجێ ئەبێ بە بێ دەردی سـەر
نەکەی بە بێ‌کەس بچیتـە دەربـار تەوقیفت ئەکەن سەرەڕای ئـازار
هەروا دەست و پێ لەبـۆ خـانەدان وەکو کلیلـن بـۆ قوفلـی یەغـدان
ئـەوەی ئەیەوێ گـەورە بیـەوێ لەگەڵ ئاشنـای ئەبـێ ڕێکـەوێ

★ ★ ★

بۆ ئـەم ئیشـانە بردنـی دیـاریێ وەك دەرمان وایە بـۆ دەردی کـاریێ
بەڵام وریـا بە نەبـێ بـە بەرتیـل حەڵاڵ حەرام‌کا و حەرامیش تەحلیل
هەروەها دیـاریێ هۆیـە بۆ ئولفـەت بۆ جەلبی ڕەضا و بۆ دەفعی کولفەت
ئەتـەوێ ببـێ بـە ئەموستـیلە بۆ پەنجەی بـرا و دۆسـت و قەبیلە
هەرکەس بەقەد خـۆی نرخی بزانە خامە ، ئاوریشمە ، چیتە ، کەتـانە
ئەمـانە هەمـوێ دیـاریێ دەمـن وەهـا ڕەفیقـان زۆر خاتر جەمن

کە چۆی بۆ دیدەن بێجگـە لەمـــانە | بــا دیاریت پــێ بێ خۆشــێ دڵیــانە
دیـاریێ ئولفەتە بــۆ مــاڵ و منداڵ | لە خواردەمەنــێ بەپێی وادەی ســاڵ
لە زۆر و لە کـەم لە تــۆخ و لە کاڵ | یا تۆزێ نوقــوڵ بــۆ دەستی منــاڵ
بــە مشــتێ مێوژ مــاڵی ساڵی نــۆ | منــاڵان ئەبــن بــە پەروانــەی تــۆ
کە لە ســەفەرێ چۆیتەوە بۆ مــاڵ | دیارێ هەڵبگرە بــۆ مــاڵ و منــاڵ
وەهایــە دەرسە بەرزەکەی حەزرەت | بــۆ دامەزرانی بینــای مەحــەببەت
حەڵواییێـکی دەم یــا ماتێکــی کــەم | چاترە لە صەد هاشە و هۆشەی دەم

★ ★ ★

زیــاتر لەمــانە پێویســتە ئینســان | پشتی ببەســتێ بــە ذاتی یــەزدان
تەوەککول هێــزی دڵ و ئــەژنۆیــە | وەك پشــتیوانی ئەســتۆری تۆیــە
بەلام حاڵێ بــە ئەی نــوری چــاوم | ڕۆنــاکێ دڵ و هێـــزی هـــەناوم
تەوکلول نــەکەی بــە هۆ بۆ زیــان | بیکــەی بــە باری ناباری ســەرشان
بــەتاڵ داکەوێ بــە خەیاڵی خــاو | ببێ بــە تانــەی تاریــکێ ســەرچاو
بە مەحضی هــەوا و داوای تەوەککول | ببــێ بــە داری بێبـــەر و تۆکــڵ
تەوەککول وایــە بــە ئەمری ئایــین | پاش تێکۆشــین بێ لەبۆ ژین و دیــن
ئــەوەی کــە خــودا داوای کــردوە | لــە بیروبــاوەڕ یــا لــە کــردەوە
بە ئەندازەی خــۆی بۆی تێبکۆشــێ | بە صەبر و ئارام بە شەوق و خۆشێ
تــەوەککولیشت بــە خــودا وابــێ | کە بێ خواستی ئەو هیچ شتێ نابێ
هەرگیز دەرمەچن لە ڕێی عەقڵی ورد | دین لــەگەڵ عەقڵە لەســەر بەراورد
وەهای فەرموە مــەولەوێ سەربەرز | خاوەنی شیعر و ئەدەبی صەد تــەرز
حەرەکــەت کــە بۆ بەرەکــەت دێنێ | بەرکــەت دیســان حەرەکەت دێنێ
بەلام بە هێزی خــۆت مەغرور نەبێ | لــە ئیعتیمــادی خــودا دوور نــەبێ
خودا موشــکیلەت بــۆ ئاسان ئــەکا | بــۆ ڕێگەی ڕاســتت پاڵەوان ئــەکا
هێزی وەسیلەی وات ئــەخاتە پــاڵ | هەرگیز نەتدیــوە بــە خەو یا خەیاڵ
ئەو بۆتئەنێرێ شوعور و ئیــدراك | بارمەتیت ئەدا بــۆ کردەوەی چــاك
ئەمەیە دەرسی (نــامێ) لەم باســە | بۆ پیر و بۆ جوان باسێکی خاســە

گوڵی سێ‌وپێنجەم ـ گوڵی ئیقتیصاد (میانەکارێ)

ئەگــەر طالیبی بــۆ بەختیــارێ
بــژێ بــە شــێوەی میانــەکارێ
نە دەس‌بەگــەردن ، نە بلاوێ‌وا
کیسەکەت بدڕێ بە هێزی هەوا

خوای تەعالا فەرمویەتی :

وَلا تَجعَلْ يَدَكَ مَغلُولَةً الى عُنُقِكَ وَلاتَبسُطها كُلَّ البَسطِ ، فَتَقعُدَ مَلُوماً مَحسُوراً

واتە : نە دەستت بگرەوە لـە پارە خەرجکردن وەك دەسـتی شـكاو کە کرابێتە مل و ، نە بەتەواویش بیکەرەوە ، تا بە لۆمەکراوێ و داخ بۆ خوراوێ دانیشی .

میانەکارێ یاخـود دەست پێوە گرتـن شتێکی زۆر بەسوودە بـۆ ژیانی ئادەمیزاد چ تـاك و چ کۆمـەڵ . ئیقتیصـادی ڕێكوپێك ئینسـانی وریـا و تێکەیشتوی ئەوێ و تا ڕوەکانی مەسرەف کردن گوشادتر بن ئەرکەکە گرانتر و قورستر ئەبێ و بۆیەشـە دەولەتانی جیهـان بـۆ کاروباری مەسـرەف کردن وەزارەتی ئیقتیصـاد دائەنێن . بەر لە هەرچێ لە مەسـرەف کردندا دوو شت پێویستە . یەکـەم ئەوە کە خەرج بەگوێـرەی داهات بێ . دوهـەم ئینسانی مەسرەفکەر دەست وا بکاتەوە تەماشـای هاوشانی خۆی بکا و بۆ بەرزتر لە خۆی نەڕوانێ . هەرکەس خاوەن ئیقتیصـاد و دەست پێوەگرتو بێ شان و حورمەتی ئەپارێزرێ و لەناو خێزانی خۆیشیا بە ئوسوڵێکی‌وا ئەڕوا بەڕێوە کە بتوانن بە خۆشێ بژین . لەسەر ئەم ئەساسەیە پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرموویەتی : « الاِقتِصادُ نِصفُ المَعیشَـةِ » . واتە : میانەکارێ نیوەی گوزەرانە . مەبەستی ئەوەیە ئەوەی میانەکار و دەست پێوەگرتو بێ بەشێ لە خەرجی بۆ ئەگەڕێتەوە و تێ‌ناکـەوێ . هەروەها فەرموویەتی : « لا عالَ مَنِ اقتَصَدَ » واتە : ئەوەی دەست پێوە بگرێ لات ناکەوێ .

دەست پێـوەگرتن لە هەموو شـتێکا پێویستە . بەتایبەتێ یەکـەم : لە خۆماندووکردنا بـۆ ئیش‌وکار ، چونـکە ئەگەر ئینسان زیاد بـڕوا دەوام‌ناکا و نەخۆش‌ئەکەوێ . مەسەلەیەکی مەشهورە : مۆم لە هەردوو سەرەوە داناگیرسێ . دوهەم : لە طاعەت و عیبادەتدا . پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرموویەتی : « سَدِّدوا وَقارِبوا » واتە : عیبـادەت بـە باشێ جێ‌بەجێ بکەن و خۆتـان نزیك‌بکەنەوە لـە تەواو کردنی ، بەومەعنا کە ئێوە ناتوانن هەمـوو صیفاتەکانی عیبادەت بەجێ‌بێنن ، بەڵام ئەتوانن نزیك‌ببنەوە لە پایەی ڕەسـایێ . هەروەها فەرموویەتی «اِنَّ الدِّینَ یُسْرٌ وَلَنْ یُشادَّ اَحَدٌ هذا الدِّینَ اِلاّ غَلَبَهُ» واتە : ئایین پەرستێ لەسەر ئاسانێ دامەزراوە و خودا داوای پایەی‌گرانی تیادا نەکردوە . کەواتە ئێوەیش لەسەر میانەکارێ بڕۆن چونکە قەت ڕێ‌ناکەوێ یەکێ بەرابەرکێ لەگەڵ دیندا بکا و بیەوێ هەموو نەوعێکی جێ‌بەجێ بکا و هەرکەس بیەوێ شتی‌وا بکا لەئەنجامدا پەکی‌ئەکەوێ و دەرەقەت نایەت و دین بەسەریا زاڵ ئەبێ .

هەروەها زیـادەڕەوێ لـە مەدح و تەعریف‌کردنی پێشەوایانی دینیشدا ئەکێشێتەوە بۆ بیروباوەڕی ناڕەوا و ناپەسەند وەکو حەزرەت سەلامی خوای لێ بێ فەرموویەتی : « لاتُطرونی کَما اَطرَتِ النَّصاری فی نَبِیِّهِم » واتە :

زیادەڕەویی مەکەن لە باسکردنی پایە و شانی منا وەکو گاورەکان زیادەڕەوییان کرد لە شانی پێغەمبەرەکەیاندا کە حەزرەتی عیسایە و بڕیاریاندا کەوا ــ پەنا بەخودا ــ حەزرەتی عیسا کوڕی خوایە . کەواتە زۆر پێویستە ئینسان لە شانی هەر پیاوێکی ڕۆحانی و پایەبلنددا میانەکار بێ و زیادەڕەویی نەکا تا نەکێشێتەوە بۆ بیروباوەڕی خراپ و ناڕەوا بەتایبەتی کە عەوام و ڕەشەخەڵك بەمهۆیەوە زۆریان سەریان لێشێواوە .

هەرچی کە ئینسان زیادەڕەویی تیا بکا وەك دوین و نوستن و خواردن و ئامۆژگاریکردنی خەڵك ، ئەنجامەکەی خراپ ئەبێ ، بەتایبەتی پێویستە ئامۆژگاریی لە هەلا بێ و ئینسان ئەوەندە بدوێ کە گوێگرەکان ماندوو نەکا ، ئەگینا ئەبێ بە گوناە بەئەستۆیەوە . هەروا لە صەدەقەیشدا میانەکاریی پێویستە . ئەگێڕنەوە سەعدی کوڕی مەعاذ خوای لێ ڕازی بێ ویستی وەصیەت بکا بە ماڵێکی زۆر بۆ خێر و خێرات ، بەڵام حەزرەت ڕێگای نەدا و فەرمووی ئەگەر دارایی بەجێبێڵی بۆ منالەکانت بەڕەسایی و خۆشی بژین چاترە لەوە کە داوای شت لە خەڵك بکەن ، واتە با خێراتەکەت ئەوەندە بێ بەشی منالەکانیشت بە ڕەسایی بمێنێتەوە .

بچینەوە سەر مەسەلەی دەست پێوەگرتن و میانەکاریی لە ماڵ و دارایی ئینسان خۆیدا .

وەك وتمان دەست پێوەگرتن بۆ ئینسان زۆر پێویست و بەسوودە ، چونکە ئینسان بە ئارەزووبازیی تێر نابێ و کاتێ عادەتی گرت بە مەصرەفی زۆرەوە ئیتر دەستبەردار نابێ و تا بدا بە دەمی نەفسیەوە نەفسی سەرکێشتر ئەبێ . کەواتە پێویستە ئینسان دڵخوازی خۆی بکا بە دوو بەشەوە ، بەشێکی بداتێ و بەشەکەیتری ڕابگرێ بۆ ڕۆژی تەنگانە . ئەم شێوە وەك سوودی هەیە لە مانەوەی ماڵەکەیدا ، سوودێکیتریشی هەیە کە خۆی و ئەفرادی عائیلەکەی خۆ بە ئیقتیصادکردن و دەست پێوەگرتنەوە ئەگرن و هەڵپەیان کەم ئەبێتەوە و لە ڕۆژی ڕەشدا بەئاسانی ئەژین . سوودی دووهەمی دەستپێوەگرتن ئەوەیە ئەوکەسەی دەست پێوەبگرێ قەدری نان و نیعمەتی لائەمێنێ و قابیلە لەسەر نیعمەت سوپاسی خوا بکا ، بەڵام ئەوانەی بە ئارەزووبازیی ڕائەبوێرن نەفسیان ڕۆئەکاتە سەرکێشی و سوپاسی نیعمەت فەرامۆش ئەکەن .

دەست پێوەگرتن وەك بۆ گەدا پێویستە ، بۆ دارا و خوا پێداویش هەروایە بە چەند دەلیل . یەکەم : بەراورد کراوە کەوا قەت ئارەزووی نەفس تەواو نابێ و گومانی تێرکردنی نەفس بە شت پێدانی زۆر وەکو گومانی ڕاوەستانی خوێنی دەماری زامارە بەوە کە زامەکەی گەورەتر بکرێ ، هەروەك ئەوە مومکین نیە ، هەروا بەعادەت مومکین نیە نەفسی ئینسان بەهۆی

ئارەزۆبازییەوە تێر ببێ . دۆهەم : کاتێ نەفس ڕاهات بە ڕابواردنەوە حاڵیوای لێدێ ژیانی لێ تاڵ ئەبێ و بەهۆی ئەوەوە کە شتێك لە دڵخوازەکانی نەهاتە بەردەست ، نەفسی ئەتۆرێ و ئەبێ بەهۆی زویرکردنی خێزان و هاوڕێ و ماڵ و منالی خۆی . سێهەم : هەرکاتێ شتێ لەوانەی کە داوای کردۆن حازر نەبۆ دەستئەکا بە ناسوپاسێ و بەپێی بەراورد هەرکەسێ یا هەر کۆمەلێ دەستیان کرد بە ناسوپاسێ نانیان ئەبڕێ و ئەو نیعمەتەیان نامێنێ . چوارەم : ئەو خێزانەی فێری ئارەزۆبازێ بۆبێ لەکاتی لێقەومانا ناژێ و دنیای لێ تاریك دادێ تا مەحو ئەبێتەوە . لەسەر ئەم ئەساسەیە پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ فەرمۆیەتی : « اِخْشَوْشِنُوا فَاِنَّ التَّرَفَ يُزِيلُ النِّعَمَ » واتە : فێری ژیانی زبر ببن ، چونکە ڕابواردنی بێئەندازە خۆشێ لە نیعمەت هەڵئەگرێ ، چونکە نرخی خواردەمەنێ خۆشتان لا ناهێلێ و نیعمەتەکەتان لا بێقەدر ئەکا و خوایش لەبەر ناسوپاسێ و کوفری نیعمەت نانەکەتان ئەبڕێ .

ڕۆڵەی هوشیارم دنیا دەریایە   هەزاران ماری مەینەتی تیایە
ماوەی ژینی تۆ گەلێ ئەگۆڕێ   بە خۆش و ناخۆش زۆر هەڵئەسوڕێ
نیوەی ڕۆناکە و نیوەی تاریکە   ڕێی شەو پانیش بێ هێشتا باریکە
گەردۆن لە چەرخا گەلێ چالاکە   تاوێ تاریکە و تاوێ ڕۆناکە
لە ڕۆناکیدا فەرزە هەوڵ و دەو   لەبۆ فانۆزێ هەڵیکەی بە شەو
چۆن ئەبێ پایز وێنەی سەرمەستان   فەرامۆش بکەی ئالۆزێ زستان
ئەوەی غەمنەخوا بۆ ژینی سبەی   بە دانی حەسرەت ئەگەزێ پەنجەی

★ ★ ★

ژیان وەکو ڕێی سەفەری دۆرە   خەرجێ لەبۆ ڕێ حەتمی و زەرۆرە
خۆت بایێمەکە بەهۆی خزمو خوێش   تا لە داخی خوێش نەبێ بە دەرویش
ئەو نانەی ئەمڕۆ کەوا لەناو تەشت   پێویستتە سبەی کەئەڕۆی بۆ دەشت
ئەو پارەی ئیمڕۆ لە کیسەدایە   هەندێکی لادە ، ڕۆژیکەش دایە
پارەی سپێ تۆ لەبۆ ڕۆژی ڕەش   وەك خوێن وەهایە بۆ دەماری لەش
بە چێشتێ ئەمڕۆ سکت نەیەشێ   سبەی لەبرسا سکت نایەشێ
ڕۆژی قاتەساڵ نەفسی نەفسییە   هەرکەس ئەڕوانێ وەك تۆ برسییە
ئاگات لە خۆت بێ لەکاتی خۆشێ   دەرمان هەڵبگرە لەبۆ نەخۆشێ

★ ★ ★

پانایێ دنیا هەر تەپ و تۆزە   بۆ هەرکوێ ئەڕۆی هەر شەڕە هۆزە
لەکاتی غەوغا ببێ بە میوان   کێ بێ تۆ ببا بۆ ژۆری دیوان
بەکوردێ ژیان وێنەی ڕەزمگا   پڕە لە هەڵا و ئاشوب و هەرا

ئادەم بە بێ چـەك دوورە لە ویـژدان   هەستێ دەرپەڕێ و بڕواتە مەیدان
چەك بۆ ئەم ڕەزمە لەسەر سێ بەشە   عیلم و ئەخـلاق و پارەی بێغەشە
هەر بـە ئیقتیصاد پارە جـەم ئەبێ   بۆ ئەو ڕۆژانەی توانـات کەم ئەبێ

★ ★ ★

قەت مـەڵێ گەدا پـارەی لەکوێیە   دەعـوای ئیقتیصـاد لەلات بێجێیە
ڕۆژی وا هەیـە ئـەوەنـدە تاڵـە   گـەدایێ پێشـوی لـە لا ئیقبـاڵە
دەی با لـەو ڕۆژا پوڵێ هەڵبـگرێ   تا لـەم زەمانـا کەلکێـکی بـگرێ
گـرام لە دەنـکە و کیلـۆ لە گـرام   لە کیلۆیشـەوە تۆن دێتـە ئەنجام
پەندم بۆ تۆیـە ئەی بـرای سامێ   باشە گوێ بگری لە دەرزی (نامێ)

گوڵی سێ‌وشەشەم ـ گوڵی قەناعەت

هەرکەس بەکەمی خـۆی ئەساچێنێ
سـەری بـۆ پاشـا دانانـەوێنێ
گـەدا پاشـایە کـاتی ئـازادێ
چونـکە لەبۆ شـا خۆی ناشـکێنێ

خوای تەعالا لە قورئاندا فەرمویەتی :

لِیُنْفِقْ ذُو سَعَةٍ مِنْ سَعَتِهِ ، وَمَنْ قُدِرَ عَلَیْهِ رِزْقُهُ فَلْیُنْفِقْ مِمّا آتاهُ اللهُ .

واتە : ئـەوانەی ڕزق و ڕۆزیان گوشادە با بەپێی ئـەو ڕزق و ڕۆزییە گوشادەیان مەسرەف بـکەن بۆ خێزانیان . ئەوانەش ڕۆزیان کـەم و کورت کراوە با لەوە خەرج بکەن کە خوای تەعالا پێی‌داون .

پێغەمبەریش ، درودی خوای لێ بێ ، فەرمویەتی :

القَناعَةُ کَنْزٌ لایَفْنی .

واتە : ساچاندن بەو ئەندازە ڕۆزییەی خوا داویە ، گەنجینەیەکە هەرگیز نابڕێتەوە . مەبەستی لەوەیە وەك چۆن کەسێ گـەنجێکی ببێ ئەوەندە زۆر بێ هەرچەند لێی بخوا هەر نەبڕێتەوە ، ئەوەش کە قەناعەت ئەکا بەو کەمەی خوا داویەتێ و ئەساچێنێ پێی ، ئەو ساچاندنەی بۆ ئەبێ بە گەنجی نەبڕاوە و هەتا هەتایە دەست لە کەس پان ناکاتەوە .

بەڕاستێ قەناعەت ڕەوشتێکی بەنرخە و ئەبێتە هۆی ئەوە کە ئەوکەسە بە ئاسایشی دڵ و بـە قەدر و حورمەتەوە ڕابوێرێ . بۆ ڕۆن‌کردنـەوەی پایەی

بەرزی قەناعەت چەند قسەیەك پێویستە بکەین . یەکەم : ئەوەیە ئادەمیزاد ئاسایشی نابێ تا دڵی دانەمەزرێ و نەحەسێتەوە . دڵی ئینسانیش لەکاتێکا دائەمەزرێ کە بە بەشی خۆی بساچێنێ و هەڵپە و تەماعی زۆری نەبێ. دۆهەم : خاوەن قەناعەت لە هەمۆ چەرخێکا ئەژێ ، چونکە خۆی گرتوە بەوەوە کە بە کەم بساچێنێ و بەو ڕۆزییەی کە هەیەتی قەناعەت بکا . سێهەم : ئینسانی قانیع لەبەرئەوە کە چاوی لە دارایێ زۆرەوە نیــە مەجبۆری ماستاوکردن و درۆ و دەلەسەکردن نابێ بۆ کەس و خۆی ناهاوێتە ناو کاری ناپەسەندەوە و حورمەتی وەکو خۆی بۆ ئەپارێزرێ . چوارەم : ئینسانی قەناعەتکار لەبەرئەوەی نەفسی ساچاوە بە فەقیرێ خۆیەوە ، باسی فەقــیرێ خۆی لای کەس ناکا و کەس بە حاڵی نازانێ ، بەڵکو خەڵکێ بە دەوڵەمەندی ئــەزانن و شانبەشانی ئینسانی خاوەن دارایێ ئەڕوا بەڕێوە .

(بزانن) ئەمر بە قەناعەت مەعنایوا نیە کابرا کاســبێ نەکا و هەوڵنەدا بۆ ڕۆزێ باش و چاوی بۆ بەرز نەڕوانێ . بەڵکو مەعنای وایە لەپاش تێکۆشان و کەسابەتێکی پەسەند ئەگەر دەسکەوتێکی زۆری نەبۆ ، بەو ئەندازە کەمەی کە دەستی کەوتــوە دڵی خۆی ڕابگرێ و بە هیوای ڕۆژێ بێ باشتر تیــا بژێ و بەتەمای ئەو پاداشە چاکە بێ کە خوا لە ڕۆژی قیامەتدا ئەیداتەوە .

یەکێ لەو شتانەی قەناعەت بۆ ئینســان ئاسان ئەکەن ئــەوەیە ئینسان سەیری ئەوکەسانە بکا کە ژیانیان لە ژیانی ئەو ناخۆشترە ، نەك بۆ بەرەو ژۆرتر بڕوانێ . یەکێکیتریش لەو شتانە ئەوەیە ئادەمیزاد بە ویژدان بیر بکاتەوە لەوە کەوا ئازاری کەم و کورتێ ڕزق و ڕۆزێ شتێکە لەبەینی ئــەو خۆی و خوادا و کەس پێینازانێ . بەڵام دەردیکارێ داواکردن لە خەڵك و دەس بەڕوەوەنانی ئەوەندە گرانە هەرگیز نابڕێتەوە و لەولایشەوە خەڵك پێیئەزانن و لەبەرچاویان سوك ئەبێ و ئەمەش دەردێکی سەرەڕا و سەرباریە .

ڕۆڵەی عــەزیز و گــەورە و گرانم	بە شەرم و شــکۆ و پایە و میزانم
قەناعــەت بۆ تــۆ قــەڵای پۆڵایــە	هۆی پاراســتنی قــەدری گەدایــە
هیچکەس لە کــزیت ئاگادار نــابێ	دڵ بە تــانەی کەس برینــدار نــابێ
مەینەت باشــترە لە نــانی منــەت	بمرە و وەرمەگرە نــانی بێهیممەت
هەرکەس قانیــع بێ بە ئیعتیبــارە	قەنــاعەت قــاصەی پــڕ لە دینــارە
قەناعەت کاڵا و پــەردەی سڕپۆشە	شیفای ئــازاری دەردی نەخۆشــە

★ ★ ★

ئینســانی قانیــع شایە بــە بێتاج	بۆ تــیری تــانە نــابێ بــە ئامــانج
ئینسانی قانیــع دەنــگی دڵبێــرە	لە هەرلایــەك بــێ وەك نەڕەشــێرە
بێبــاکە لــە شــا چونــکە ئــازادە	بــەم ئازادییـــە دەروونــی شــادە

ئینسـانی قانیع لـە شـا ناترسێ
چون بێتەماعـە لە کـەس ناپرسێ
قانیـع هەمیشـە دڵـی گوشـادە
بـە میهـرەبانێ خـودا دڵشـادە
بێجگە لە بـەرزێ پـایەی قیـامەت
هەر لـە دنیـادا ئەگا بـە نیعمەت
کە تەمـای نەمـا بە غەیـری خودا
بە صەبر و ئارام بۆ خۆی هەوڵئەدا
پاش تاڵێ صەبریش نۆبەی ظەفەرە
کە شـەو تەواوبێ کاتی سـەحەرە
ئەمەیە پەنـدی خـودا و پێغەمبەر
ئەمەیـە دەرسی مـەردانی ڕەهبەر
بەم دەرسە ئەگەی بە پایەی سامێ
لەناو دۆسـتانا ئـەبێ بە (نامێ)
کاتـێ داراییش بەرەو پـیرت هات
حەمدی خودا کە بۆ فەیضی خەڵات
کێ بێ شەرابی ڕەحمـەت نەنۆشـێ
کێ بێ لیباسی عیـزەت نەپۆشێ

گوڵی سێ‌وحەوتەم ــ گوڵی ئەمینێ

ئـادەمێ هێمـن فریشـتە خـووە
خۆ بێتـە بەرچاو بەهەشـتێ ڕووە
بۆ باوەڕکـردن بە شـەخصی هێمن
ئینسانی هوشیار بێ یـەك و دووە

خوای تەعالا لە قورئاندا فەرمۆیەتی :

وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ

واتە : ئەوکەسانەی چاودێرێ ئەمانەت ئەکەن و گفتی خۆیان ڕائەگرن ، ڕزگارئەبن لە ئاگری دۆزەخ .

ئەمانەت صیفەتێکی پیرۆزی بەمایەیە لە نەفسی ئینساندا و بەهۆیەوە خاوەنەکەی چاودێـرێ حوقوقی خوای تەعالا و حوقوقی ئادەمیـزاد ئەکا . مەبەست لە ئەمانەت ئەوەیە ئەگەر ئینسان کرا بە ئەمین لەسەر ماڵێ چاودێرێ بکا و بیپارێزێ و خەیانەتی تیا نەکا و ، ئەگەر شتێکی کەسێکی لا دانرا بە ساغێ هەڵیبگرێ و هەرکاتێ خاوەنەکەی داوای کردەوە بیداتەوە و ، ئەگەر کرا بە وەکیلی کەسێك وەکو ئیش بۆ خۆی بکا ئیش بۆ ئـەو کابرایەش بـکا و ، ئەگەر هاوبەشی کەسێك بێ لە کەسابەتدا بە ئاشکرا و بە نهێنێ بە ساغێ ڕەفتاری لەگەڵ بکا و ، ئەگـەر کرا بە (وەصێ) بەسەر چەند هەتیوێکەوە بـاش تەمێ و تەربییەیان بـکا و موحافەظـەی ماڵەکەیان بـکا . بەتایبەتێ ئەگـەر ئینسان بەڕێوەبردنی کارێکی گشتێ دەوڵەتێ درایە دەست یا خۆی بۆ بە سەرۆکێکی دەوڵەتێ بە ئەمانەت و دادپەروەرێ و پیاوەتێ ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکا . ئەگـەر مامۆستای قوتابخانە یـا دانشگا بێ بە دڵسۆزییـەوە دەرس بە

قوتابییەکانی بلێ و تەمێی دڵسۆزانەیان بکا . بەکورتی تا ئەڵقەی کار گوشادتر بێ مەسئۆلیەت و لێپرسینەوە زیاتر ئەبێ و ئەرکی ئەمانەت زۆرتر و گرانتر .

جا ئەگەر ئینسان لە بەجێگەیاندنی واجباتی سەرشانیدا مەردانە بجوڵێتەوە و باش دەرچێ ، ئەوە ئەبێ بە خاوەنی پایەیەکی بەرز لای خوای تەعالا و لای بەندەیش هەروا سەربەرز ئەبێ و بە ئەمین و خاوەن ئەمانەت ئەناسرێ . ئەگەر ئەمانەتیشی نەبۆ زۆر نزیکە خوای تەعالا غەزەبی لێ بگرێ و نور لە دڵیا نەهێڵێتەوە و بە بێئیمان بمرێ وەکو لەم حەدیثەوە دەرئەکەوێ کە ئەفەرموێت : « لا اِیمانَ لِمَنْ لا اَمانَةَ لَهُ » واتە : ئەوەی ئەمانەتی نەبێ ئیمانیشی نیە . هەروەها لەم حەدیثەشەوە کە ئەفەرموێت : « آیَةُ المُنافِقِ ثلاثٌ اِذا حَدَّثَ کَذَبَ ، واِذا وعَدَ اَخْلَفَ ، واِذا اؤتُمِنَ خانَ » واتە : نیشانەی ئینسانی دۆ ڕۆ سێ شتە یەکەم کاتێ قسە بکا درۆ بکا ، دۆهەم : کە وەعدەی شتێکی بە کەسێ دا وەعدەکەی جێبەجێ نەکا ، سێهەم : ئەگەر بە ئەمین دانرا لەسەر شتێك دەس‌پیسی و نادڵسۆزی تیا بکا .

ئەمانەت هەروەکو بۆ ماڵ و بۆ ئیدارە و بەڕێوەبردنی هەتیو و هەژار و بەخێوکردنی حەیوان و ئاژاڵ پێویستە و خەیانەت تیاکردنی تاوانە ، هەروەها بۆ ڕاگرتنی قسەی پەنامەکی و مەحرەمانەش پێویستە ، بەڵکو وائەبێ ئەمانەت لەمدا موهیمتر ئەبێ . حەزرەت درۆدی خوای لێ بێ فەرموێەتی : « اِذا حَدَّثَ الرَّجُلُ بِحَدیثٍ ، ثمَّ التَفَتَ فهیَ اَمانَةٌ » واتە : کاتێ کەسێك قسەیەکی لا کردن و بە مەحرەمی دانان لەسەر ئەو قسەیە و خۆی پشتی پێ هەڵکرد و ڕۆیشت ، ئەوە ئەو قسەیە ئەمانەتە لای ئێوە و پێویستە ڕای‌بگرن و لای کەسی‌تر نەیڵێن . هەروەها فەرموێەتی : « المَجالِسُ بالاَمانَةِ » . واتە : ئەو قسانەی لە مەجلیس و کۆڕی دانیشتندا ئەکرێن هەمۆ شێوەی ئەمانەتیان هەیە و ڕاگرتنیان پێویستە . هەروەها ئەگەر ئینسان گفت و پەیمانێکی لەگەڵ کەسێکدا کرد و گفت و پەیمانەکەی شتێکی دروست و ڕەوا بۆ ، ئەبێ ڕاگیری کا و نەیشکێنێ . لەم‌ڕووەوە پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ فەرموێەتی : « حُسْنُ العَهْدِ مِنَ الاِیمانِ » واتە : بە باشی ڕاگرتنی گفت و پەیمان بەشێکە لە باوەڕ و نیشانەی هێزی موسوڵمانەتییە . پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ لەبارەی ڕاگرتنی ئەمانەتەوە گەلێ فەرمۆدەی هەیە و داوای چاودێری‌کردنی ئەمانەتی کردوە ، تەنانەت بەرابەر بەوکەسانەیش کە خەیانەت لەگەڵ ئینسان خۆی ئەکەن هەر داوای کردوە بنیادەم لەگەڵیان ئەمین بێ و خەیانەتیان لێ‌نەکا . پێغەمبەر فەرموێەتی : « اَدِّ الاَمانَةَ اِلی مَنِ ائتَمَنَكَ ولاتَخُنْ مَنْ خانَكَ » واتە : ئەمانەت بدەرەوە دەستی ئەوکەسەی بە ئەمینی داناوێ و خەیانەت مەکە تەنانەت لەگەڵ ئەوکەسانەش کە خەیانەتیان لەگەڵ کردۆی .

کاتێ کە حەزرەت سەلامی خوای لێ بێ بە هەشت هەزار کەسەوە لە

شاری مەدینەی مونەووەرەوە چۆ بۆ گرتنی شاری مەککەی موکەڕەمە و خودا سەری‌خست و گرتی ، ویستی بڕواتە ناو ماڵی کەعبەوە ، دوو ڕکات نوێژی تیا بکا . داوای کلیلی دەرگای کەعبەی کرد لە عوثمانی کوڕی طەلحە کە کلیل‌داری کەعبە بوو . ئەویش نەیدایە . حەزرەت فەرمانی‌دا بە حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبوطالیب بە زۆر لە دەستی وەرگرت و دەرگای کەعبەی کردەوە . حەزرەت چوە ژوورەوە دوو ڕکات نوێژی تیا کرد . لەو میانەدا حەزرەتی عەبباسی مامی پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ داوای کلیلەکەی کرد بۆئەوەی بدرێتە دەستی وەك چۆن ئاوی زەمزەمیشی لە دەستدایە . حەزرەت فەرمووی ڕاوەستە تا بزانین فەرمانی خوا بە چیە . لەودەمەدا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە : « اِنَّ اللهَ يأمرُكُمْ اَنْ تؤَدّوا الاَمانات الى اَهلها » . واتە : خوا فەرمانتان ئەداتێ کەوا ئەمانەت بدەنەوە دەستی خاوەنەکەی . مەبەست ئەوەیە وەختی خۆی ئەم کلیلە بە دەست خانەدانی عوثمانی کوڕی طەلحەوە بوە و ئەو بە شێوەی ئەمانەت لە دەستی عوثمانی وەرگرتوە و ئیستە کە ئیشی پێ نەما ئەبێ بیداتەوە دەستی عوثمان خۆی . جا حەزرەت بە حەزرەتی عەلی فەرموو کلیلەکە بداتەوە بە عوثمانی کوڕی طەلحە و ئەویش دایەوە پێی . عوثمان پرسی بۆچی کلیلەکەم ئەدەنەوە ، کەچی وەختی خۆی بەزۆر لێتان سەندم ؟ حەزرەتی عەلی بۆی ڕوونکردەوە کەوا لەوڕۆوەوە ئایەت هاتوەتە خوار . ئەوە کاری کردە سەر دڵی عوثمان ، وتی : دیارە ئەم ئاینەی ئێوە ئاینێکی ساغ و ڕاستە و موسوڵمان بوو . حەزرەت فەرموویەتی : دوو شت هەن توولەی چاکیان زوو دەسگیر ئەبێ : ئەمانەت و شوکری نیعمەت . دوو شتیش هەن توولەی خراپیان زوو دەسگیر ئەبێ : خەیانەت و ناشوکری نیعمەت .

ئەگێڕنەوە کەوا لە سەردەمی فەرمانداری (عضد الدولە)ی بوەیهیدا لە بەغدا کابرایەك لە دوورەوە هات بۆ بەغدا بچێ بۆ حەج . لە بەغدا پرسیاری کرد کێ لەم شارەدا بە ئەمینێ ناوبانگی دەرکردوە ؟ کابرایەکیان پیشان‌دا ناوبانگی بە ئەمینێ دەرکردبوو . حاجی چوە لای کابرا و لەپاش مەرحەبا و خۆپێ‌ناساندن پێی‌وت من گەردنبەندێکم پێیە بایی هەزار دینارە ، ئەمەوێ لای تۆ بە ئەمانەت دایبنێم تا لەم سەفەری خێرە ئەگەڕێمەوە بۆ بەغدا . ئەویش وتی باشە فەرموو و گەردنبەندەکەی لێ وەرگرت . حاجی چوو بۆ حەج و گەڕایەوە . کە گەیشتەوە بەغدا و دوو سێ ڕۆژێك حەسایەوە ، چوەوە لای کابرای ئەمین . پاش سەلام و مەرحەبا داوای ئەمانەتەکەی لێ کردەوە ، ئەویش ئینکاری کرد و وتی ئەمانەتی تۆم لا نیە . حاجی هەرچەند ناوونیشانی هەڵدا سوودی نەبوو . پاش نائومێد بوون ڕاوێژی بە چەند دۆست و برادەرێك کرد ، پێیان‌وت پێویستە بەتایبەتی بچیتە لای (عضد الدولة) خۆی ئەو ڕێگایەکت بۆ دانێ و چارەیەکت نیشان‌بدا .

حاجی هەرچۆن بوو خۆی گەیاندە لای (عضد الدولـة) و باسەکەی بۆ

گێڕایەوە . (عضد الدولة) وتی چارت ئەوەیە سبەینێ لە فلانە سەعاتدا بچیتە سەر دوکانی کابرای ئەمین دانیشی . من بەوێدا تێئەپەڕم و سەلامت لێ ئەکەم و گلەییەکی زۆرت لێ ئەکەم کەوا بۆچی هاتویتە بەغدا و سەرت لە من نەداوە ؟ تۆش بێموبالاتانە وەلامم ئەدەیتەوە جا بزانین ئەنجامی چۆن ئەبێ . بۆ سبەینێ حاجێ چوەوە لای کابرا و لەسەر دوکانەکەی دانیشت . ئەوەندەی پێ نەچۆ (عضد الدولة) بەویادا گوزەری کرد ، کە حاجێ دێ دابەزێ و سەلامی لێ کرد و گلەیێ لێ کرد کەوا بۆچی سەری لێ نەداوە و وتی کەی دۆستێ و برایەتێ وا ئەبێ ! حاجێ وتی ئەمجارە بە سەفەری دین هاتم و نەمویست دنیای تێکەڵ بکەم ، هەڵیگرە بۆ جارێکیتر . دوای ئەم گفتوگۆیە (عضد الدولة) چۆ بە ڕێگای خۆیەوە . کابرای بەناو ئەمین کە ئەمەی دێ گیانی تیا نەما . وتی مادەم ئەم حاجییە ئەوەندە دۆستی (عضد الدولة) بێ شکاتی منی لائەکا و ئەویش لەناوم‌ئەبا . ڕۆی‌کردە حاجێ و وتی بۆ خاتری خوا تۆ بۆ منت شەرمەزار کرد ، ناوونیشانی خۆتت بۆچی باش هەڵنەدا بۆم تا بتناسمەوە . ئیستا ئەتناسمەوە . فەرمو ئەوە ئەمانەتەکەت و گەردنبەندەکەی دایەوە . حاجێ چوەوە بۆ لای (عضد الدولة) و پاشماوەی سەرگوزەشتەکەی بۆ گێڕایەوە . ئەویش فەرمانی‌دا کابرایان گرت و کردیان بە دارا و تەختەیەکیشیان بە ڕاسەریا هەڵواسێ لێیان نوسیبو : ئەمە سزای ئەوکەسانەیە کە خەیانەت لە ئەمانەت ئەکەن .

کەواتە پێویستە لەسەر هەرکەس هەر جۆرە ئەمانەتێکی گەورە یا بچوکی کەسێك یا کومەڵێك یا میللەتێکی لە بەردەستدا دانرابێ بزانێ خوا ئاگادارە لە ئاشکرا و پەنهانی ، لە قسەی دەم و ڕازی دڵی . تا لە توانایدا هەیە ئەمین و دڵسوز بێ بۆ ئەو شتانەی بەدەستیەوەن ، بۆ ئەوکەسانەی کاریان لای ئەوە . دنیا وەکو دەریا وایە . ئەو کاربەدەستانەش کە ئیشی خەڵکیان لەدەستدایە وەکو کەشتێ وان . خەڵکیش وەك ئەو ڕێبوارانەن لەناو کەشتییەکەدان . ئاگادارێ و ئەمینێ ئەو کاربەدەستانەش هۆی پاراستنی کەشتییەکەیە لە نوقم‌بون . خەیانەت‌کردنیشیان هۆی نوقم‌بونی کەشتییەکەیە . پێویستە لەسەر هەمو ئەوانەی کاروباری ئەم خەڵکانەیان بە ئەمانەت دراوەتە لا ، وادابنێن کەوا ئەم خەڵکەی بەردەستیان برا و برازا و کوڕ و خزمی خۆیانن . لەگەڵ ئەوان چۆن ئەجوڵێنەوە ، ئەبێ لەگەڵ ئەمانیش هەروا بجوڵێنەوە و وایان پەروەردە بکەن و پێ‌بگەیەنن .

برادەرانی شیرین سروشتم — هاووڵاتانی بلند ڕەوشتم
ئێوەن ئەمیندار بۆ گەنجی وڵات — یا ئاییندارێ خاوەن دەسەڵات
لە ڕێی خودادا دڵتان ئەمین بێ — لەگەڵ خۆتاندا دەمتان شیرین بێ
ئەی سەرۆکاتی خاوەن ئیدارە — ئەی زانایانی خاوەن ئیشارە

ئەی کاسبانی هۆی زیندەگانی سەرچاوەکانی ژینی ئینسانی
پیشەوەرانی بەرزی هونەرمەند ئێوەن ڕەهبەری گەلی هۆشمەند
دێ‌بەدەستەکان دێوان ڕەوێن بن ئەوەك وەکو دێو گێرەشێوێن بن
ئێوەن دەسمایەی ڕۆڵەی مەملەکەت بە عەقڵ و بیر و بە هێزی صەنعەت
ئێوەن واسیطەن بۆ نانی مەردێ دوژمنی لاتێ و پەستێ و نامەردێ
ئێوەن دوژمنن بۆ نانی منەت مناڵ فێرئەکەن بە شانی حورمەت
بۆ ڕەزای خودا با دڵتان پاك بێ لەگەڵ ئەم گەلە با خۆتان چاك بێ
گەلی خۆتانن خۆ بێگانە نین یەکن بە خاك و بە زمان و دین
ئیمڕۆ ئێوە باب ئەوان ڕۆڵەی چاك سبەینێ ئەوان ئەبنە بابی پاك
دنیا چین چین و تەبەق تەبەقە هەر دەستەوامە و هەر حەق بە حەقە

★ ★ ★

مامۆستای دەرسی عیلم و ثەقافەت نوختەی مەرکەزی فەضڵ‌وشەرافەت
کە مەرکەز نەبۆ دائیرە نابێ جیهان بێ زانست عامیرە نابێ
ئێوە میعمارن بۆ بینای وڵات با بناغەتان ساغ بێ و بە ثەبات
ئێوەن باخەوان بۆ باخی میلەت ئێوەن بەرپرسن لە دەرد و زەحمەت
بە ئاوی صافی دەرس و پەروەردە ڕیشەکێشی کەن ئەم ئێش و دەردە
بە پەیوەندکردن لە ڕەوشتی بەرز ڕۆی وڵات بکەن بە بەهەشتی ئەرز
پەروەردەی بکەن دەستەی قوتابێ لەسەر ڕەوشتی عالێ جەنابێ
تا بە سینەی ساف پیرانی جاف بن بۆ ڕۆژی مەصاف شێرانی قاف بن
بە بیرو باوەڕ بە کردەوەی چاك شۆرەتیان بڕوا بۆ ئەوجی ئەفلاك
بە شەرم‌و شکۆو دەست‌و داوێن پاك خۆگر و هۆگر زانا و دڵ ڕۆناك
لە ڕۆژی ڕەشا کە خۆیان بادەن لە ئاگری سوور وڵاتیان لادەن
کێوان وەرگێڕن بە جادە و سارا بۆ تاریکە شەو ببن بە چرا
تا ڕزگار ببن لە لۆمە و تانە بناسرێن لەناو خۆیێ و بێگانە
ئەمەیە واتەی (نامێ) لە ژینا ببارێ ڕەحمەت بەسەر ئەمینا

گوڵی سێ‌وهەشتەم ـ گوڵی پیاوەتی

بە پیاوەتییە نرخی ئادەمێ
بەلام بە مەعنای بەرزی عالەمێ
غیرەت و پەنا و بەخشش بەقەد حاڵ
سڕپۆشێ لەگەڵ حاڵی خادەمێ

خوای تەعالا لە قورئاندا فەرمویەتی :

وَيُطْعِمُونَ الطَّعامَ عَلى حُبِّهِ مِسكيناً وَيَتيماً وَاسيراً

واتە : پیاوە باشەکان نان و چێشت و خواردەمەنێ دەرخواردی هەژار و

هەتیو و دیل ئەدەن . مەبەستی لەوەیە کە ئەم ناندانەیان هەر لەبەر ڕەزامەندیٓ و خۆشەویستیٓ خوایە .

پیاوەتیٓ ، کە لە زمانی عەرەبدا پێیئەوتریٓ (مروءة) بەوە ئەڵێن کەسێك خاوەنی گەلیٓ ڕەوشتی شایان و بەرز بیٓ . لە گەورەترینی ئەو ڕەوشتانەیە غیرەت و پەناداریٓ و بەخشینی ماڵ بەپێی حاڵ و شاردنەوەی ڕازی خەڵك و خزمەتکردنی ئینسانییەت لەڕێی خوادا .

مەبەست لە غیرەت ئەوەیە ئینسان شتی سوك و پەستی بۆ خۆی و خانەدان و خزمانی و بۆ تێکڕای موسوڵمانان و بۆ ئەو کافرانە نەویٓ کە لە پەنای ئیسلامدا ئەژین . مەبەست لە پەناداریش ئەوەیە ئەگەر کەسێك یا کۆمەڵێك لەکاتی پەرێشانیٓ و داماویدا پەنایان هێنا بۆ کەسێك پەنایان بدا و بە هەرجۆریٓ کە بکونجیٓ چاری گیروگرفتەکەیان بکا و هەوڵبدا بۆ ڕزگارکردنیان ، تەنانەت ئەگەر پەنا هاوردوەکە کەسێکی ئەمی کوشتبیٓ ، مادەم پەنای هێناوە بۆلای لێی خۆش ببیٓ و چاوپۆشیٓ لیٓ بکات ، چونکە غیرەتی مەرد ڕازیٓ نابیٓ بەوە کە پەنای خۆی بشکێنیٓ ، بەمەرجیٓ پەنادانەکە لە ڕێگای دین بەدەر نەبیٓ .

لە خوالیٓخۆشبوٓ شێخی بیارەم بیست فەرمویٓ پیاویٓ لە عەشایری نزیکی زەهاو کوڕی ڕەئیسی خێلێکی کوشتبوٓ و پەنای بردبوە بەر گەلیٓ کەس و گەلیٓ شوێن کەس داڵدە و پەنای نەدابوٓ . تا سەرەنجام هات بۆ خزمەتی شێخ عومەری باوکم و پاڕایەوە کە تکای بۆ بکا بەڵکو کابرا کوڕ کوژراوەکە لێی خۆش ببیٓ و دەستبەرداری ببیٓ . شێخ فەرمویٓ باوکم ئەمری پیٓکردم کەوا مەلا موحەممەدی جوانڕۆییش لەگەڵ خۆم هەڵگرم و بڕۆم بۆ ماڵی کابرا کوڕ کوژراوەکە و لە زمانی باوکمەوە تکای لیٓ بکەم ئەم قاتیلە عەفو بکا و لێی خۆش ببیٓ . شێخ فەرمویٓ ڕۆیشتین بۆ ماڵی کابرا. کە گەیشتینە ئەویٓ و بەخێرهاتنیان لیٓ کردین دەوارێکی تازەیان لە نزیکی ماڵەوە هەڵدا ، وامانزانیٓ بۆ ئێمەی هەڵئەدەن . ئێوارە نانیان دانا ویستم نان نەخۆم تا گفتێکی لیٓ نەسێنم کەوا لەم کوڕە خۆش ئەبیٓ . کە باسەکەم کردەوە وتی یا شێخ فەرموٓ نان بخۆ خوا کەریمە . پاش نان خواردن وتی یا شێخ بفەرموٓ باماموٓستا ئەو کچەم مارە ببڕیٓ لەم کوڕە کە هێناوتە بۆ لام عەفوی بکەم ، چونکە من ئەمەویٓ عەفوی بکەم و ، ئەگەر نەیکەم بە خزمی نزیکی خۆم ئیسراحەت ناکا ، بەڵام کە بۆ بە زاوام ئەوە وەکو کوڕی خۆمی لیٓ دیٓ و ئەو دەوارەیشم بۆ ئەوان هەڵداوە . شێخ فەرمویٓ منیش زۆر سوپاسی خوام کرد لەسەر ئەم نیعمەتەی کە دڵی ئەم کابرایەی بۆ هێنایە سەر ئەم حاڵە و کچەکەمان مارە بڕیٓ لە کوڕەکە . پاش ئەوە کابرا بە کوڕەکەی وت ڕۆڵە ئەوە دەواری ئێوەیە بڕۆ تفاقی خۆتی تیٓ بگوێزەرەوە و وەرە ژنەکەشت بگوێزەرەوە .

مەبەست لە بەخشینی مالیش ئەوەتە بەگوێرەی دەسەڵات بە پارە یا بە خۆراك یا بە جل و بەرگ و کەلوپەل یا بە هەر شتێکیتر کە بـە ماڵ بژمێررێ دەسگرۆیی خەڵك بکەی ، نەخوازەڵا هێ گەدا و هەژار و بەتایبەتی لـە ساڵە گرانی و ساڵی قاتی و نەهاتیدا . پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ فەرمـوویەتی : « اتَّقوا النّارَ ولَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ » واتە : خۆتان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن بـا بە لەتی خورمایەکیش بێ . هەروەها فەرمویەتی : « صَنائعُ المَعروفِ تَقِي مَصارِعَ السُّوءِ ، وَصَدَقَةُ السِّرِّ تُطفِيءُ غَضَبَ الرَّبِّ ، وصِلَةُ الرَّحِمِ تَزِيدُ فِي العُمْرِ » . واتە : پیاوەتی و ئیشی چاك ئینسـان لە کەوتنی خراپ و مردنی ناشیرین ئەپارێزێ . بەخششی پەنامەکییش بە داماوان وەك ئاوێك بکەی بە ئاگرا غەزەبی خوای گەورە ئەکوژێنێتەوە و ، چاکەیش لەگەڵ خزمان عومری ئینسـان درێژ ئەکا .

مەبەست لە سرپۆشیش ئەوەیە ئەگەر ئینسان عەیبێك یا ئیشێکی نابـاری لە کەسێك دێ خۆی لێ وێڵ بـکا وەك نەیدیبێ . خوا خـۆی عەیبپۆش و (سَتّار)ە و حەزی لەوەیە بەندەکانیشی عەیبپۆش بن . حەزرەتی پێغەمبەریش فەرمویەتی : « مَنْ سَتَرَ مُسْلِماً سَتَرَهُ اللهُ يَومَ القِيامَةِ » واتە : کەسێ عەیب و عاری موسولمانێ داپۆشێ بەجۆرێ کە خەڵك بەو عەیبە نەزانن ، خوا ئەوکەسە بە بەرگی ڕەحمەتی خۆی دائەپۆشـێ لە ڕۆژی قیامـەتدا . هەروەك پێویستە ئینسان عەیبی خەڵکێ داپۆشێ ، پێویستە عەیبی خۆیشی داپۆشێ ، یەعنی عەیبێ کە لە خۆیدا بێ و خەڵك پێی‌نەزانن دەری‌نەخا و ئابڕۆی خۆی نەبا . پێـغەمبەر ، درۆدی خوای لێ بێ ، فەرمویەتی : هەمو کەسـێ لە قیامەتـدا سەلامەتە و ئابڕۆی پارێزراوە ، مەگەر ئەوکەسانە کە عەیبی خەڵك دەرئەخەن ، ئەوانە لەقیامەتدا ئابڕۆیان نامێنێ و لەناو قەرەباڵغی مەحشـەردا ڕسـوا ئەبن . لە واقیعدا کەم وا ڕێ‌ئەکەوێ ئادەمی‌زاد بێ‌عەیب بێ و زوربەی خەڵك ، کەم یـا زۆر ، عەیبدارن . ئینسـانیش تا عەیبی دەرنەکەوێ لە بەرچاوی خەڵکا سـوك نابێ . بەڵام کە عەیبی دەرکەوت لەناو عالەمدا سوك ئەبێ و ئیعتیباری ئەشکێ و کەڵکی قازانج گەیاندنی نامێنێ چ بۆ خەڵك و چ بۆ خۆی . بەتایبەتی ئەوکەسانەی کە سەرۆکی کۆمەڵی ئادەمیزادن وەك سەرۆکانی دەوڵەت و پیاوانی ڕۆحانی و زانایانی بەرز و هەر کەسێکیتر کە خەڵکی لە بەردەستا بێ هەتا ناوبانگی بـاش بێ هێشتا کەمە . بۆیە پێویستە پارە خەرج بکرێ بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی باش بۆئەوەی کۆمەڵ زۆرتر سودی لێ وەربگرێ .

بەشی گەورەی پیاوەتی بریتییە لە خزمەتکردن بۆ ئەوانەی کە موحتاجن بە خزمەت . لە واقیعدا هەمو ئادەمیزاد لە گەورە و بچوك و دەوڵەمەند و گەدا پێویستیان هەیە بە خزمەتی خەڵـك ، بەڵام فـەرق لەوەدایـە هەنـدێ‌کەس خزمەتیان نەکرێ ناژین و هەندێ‌کەسیش خزمەت نەکردنیان کارناکاتە سەریان.

بۆ وێنە ئینسانێکی بەدەسەڵات کە خۆی لەخۆیدا ئەوەندە دەسەڵاتی هەبێ بتوانێ کاروباری خۆی بەرێبەرێوە . ئەم کەسە پێویستی بەوەیە ناوبانگی باشی بڵاو ببێتەوە و خزمەتی بکرێ ، بەڵام ئەگەر کەس چاکەشی نەڵێ و خزمەتی نەکا زۆ پێیەوە دەرناکەوێ . کەچێ گەدایەکی برسێ پێویستێکی زۆری بە یارمەتییە و ئەگەر یارمەتی نەدرێ زۆبەزۆ ئەفەوتێ و لەناوئەچێ .

لە ئایینی ئیسلامدا تەعریفێکی زۆری خزمەتکردن کراوە . بەتایبەتی پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ فەرموویەتی : « في كلّ كبدٍ رطبةٍ اجرٌ » واتە : لە خزمەتکردنی هەمۆ گیانلەبەرێکا کە جگەری تەڕی بێ ئەجر و حەسەناتێك بۆ ئەوکەسە هەیە کە خزمەتەکە ئەکا . لە بوخاری شەریفدا ئەگێرێتەوە کەوا کابرایەك بەرێگایەکدا ئەڕوا ، زۆر تینوی ئەبێ ، لە رێگادا رێی ئەکەوێتە بیرێکی ئاو ، خۆی دائەهێڵێ ئاوبخواتەوە . کە دێتەوە سەرەوە تەماشا ئەکا سەگێ لە قەراخی بیرەکەدا لە تینوێتیدا قەپ لە ئەرز ئەگرێ . لە دڵی خۆیدا ئەڵێ واچاکە داپەڕمەوە بۆ ناو ئاوەکە هەندێ ئاوی بۆ هەڵگۆزم ، وادیارە زۆری تینوە. دائەپەڕێتەوە خوارەوە تایەکی کەوشەکەی بۆ پڕئەکا لەئاو و ئەیگرێ بەدەمیەوە و سەرئەکەوێتەوە سەر. ئاوەکە ئەدا بە سەگەکە ئەیخواتەوە. خوای تەعالایش وەحی ئەنێرێ بۆ پێغەمبەری ئەو شوێنە لەو سەردەمەدا ، کەوا ئەو کابرا هەرچەند تاوانبار بو ، لەبەر ئەو خزمەتەی بەو سەگە بێزمانەی کرد وا من چاوپۆشیم لێکرد و لێی خۆش بۆم .

بۆیە هەندێ لە زانا بەرزەکانی ئیسلام وتویانە ئیسلامەتی بریتییە لە ساغی لەگەڵ خوادا . ساغییش لەگەڵ خوا بە ڕەفتاری باشدا دەرئەکەوێ لەگەڵ مەخلوقاتی خوا . سەعدێ شیرازێ ڕەحمەتی خوای لێ بێ شیعرێکی هەیە مەعناکەی ئەمەیە : خواپەرستی لە خزمەتکردنی خەڵك بەولاوە نیە و بە تەزبێح و بەرماڵی ساختە و فزوفێڵ نیە .

ڕۆڵەی عەزیزم زۆر بەتایبەتی بۆت بەیانئەکەم مەعنای پیاوەتی
پیاوەتی بەرزێ خولقی بەشەرە ڕاستییە و پاکێ و صەرفی نەظەرە
غیرەتە و پەنا و بەخشین بەقەد حاڵ سڕپۆشی و خزمەت بە دارایێ و ماڵ

★ ★ ★

ڕاستێ ئەوەیە پەیمانت نەشکێ ئارەقەی شەرم لە ڕۆی ڕۆت نەتکێ
وەعدەیەکت دا زۆ بەجێیبێنێ نەوەك سبەینێ سەر دانەوێنێ
وتارت ڕاست بێ بۆ دۆست و دوژمن حەق دانەپۆشێ نە بۆ خۆت نە من
مەعنای غیرەتیش ئەوەیە کە مەرد بێ بە قەلا بۆ ڕۆژی نەبەرد
یەعنی وەها بێ بە بەرزێ ڕەفتار جێگەی هیوا بێ لەبۆ گوروفتار
پەستێ و ڕەذیلە و نابودێ و زیان ڕەوا نەبینێ بۆ نەوعی ئینسان

وەك لە كتێبی دینا وتراوە
زۆر بە ڕۆشنی باسی كراوە
پاكی ئەوەیە نەبی بە فەساد
لەبۆ نیشتمان یاخود بۆ عیباد
ماڵی كەس نەخۆی چ شا و چ فەقیر
دەسی كەس نەبڕی بە حیلە و تەزویر
صەرفی نەظەریش واتە چاوپۆشی
خەتای خەتابار هەمۆ بپۆشی
چاكەیەكی‌تر پەنادارییە
كە قەلای ڕۆژی گروفتارییە
ئەگەر دوژمنی پەنات بۆ بێنی
لە دەستی زۆردار ڕاكا لە شوێنی
بەقەد حالی خۆت پەنای بدەرێ
مەهێلە دوژمن دەستی بۆ بەرێ
پیاوی بەشەرەف كوڕی بكوژرێ
پەنایە ئەگەر پەنای بۆ ببرێ
نوسوڵی مەردان وابو تا مردن
بۆیە پاش‌مردن مان و نەمردن
چاكەیەكی‌تر بی بە پشتی تۆ
پۆلێكە دەرچی لەناو مشتی تۆ
بەخشە ناوت ئەخاتە جیهان
لەگشت لا ئەتكا بە ویردی زوبان
بەخشە پایەی پێ ڕاگیر ئەكرێ
ولاتی چۆلی پی تەعمیر ئەكرێ
بەخشە خۆشی بە تۆ ئەنۆشی
هەمۆ عەیبێكت بۆ دائەپۆشی
بەخشە دوژمن ئەكا بە برا
بۆ تاریكە شەو ئەبی بە چرا
بەخشە گرێت بۆ ئەكاتەوە
دەرگای ڕزگاریت لێ ئەكاتەوە
كاری موشكوڵت بۆ ئاسان ئەكا
زامی نابارت بۆ دەرمان ئەكا
كاتی لێ‌قەومان ئەگا بە فریات
لەجیاتی برای هوشیار و وریات
مایەی پیاوەتی و پایەی مودارا
حەصرە لە صەبر و پارە و وتارا
دەس بەبەخشین‌و دەم بەواتەی خۆش
خۆشت ڕابگرە لەكاتی ناخۆش

★ ★ ★

ئینسان لە گڵە و گڵیش مادّەیە
دائیم بۆ مادّە بەخت ئامادەیە
ئەگەرچی مادّە لەبۆ مەعنایە
مەعنا بێ‌مادّە حالی فەنایە
دین لەسەر ژینە و ژین لەسەر ژیوار
ژیوار بە ماڵە لە ڕۆی ڕۆزگار
ئەو زامەی زانا لێی حەیران ئەبێ
ئینسان بە پارە بۆی ئاسان ئەبێ
قەت باوەڕ مەكەن بە بێ‌دارایی
ئینسان بكاتە هۆی تەوانایی
بەلام بزانن پارە بۆ پایە
پێش‌قەرەوڵە و پیرۆزی تیایە
پارەیێ نەبێ بە مایەی شەرەف
با لەگەڵ بادا بڕوا بە تەلەف
قەت پارە مەكەن بە قیبلەی وجۆد
قەت بەرەو پارە مەڕۆنە سوجۆد
ئەوەی بۆ پارە سەر دانەوێنی
هەرگیز مەرتەبەی شەرەف نابینی

★ ★ ★

ئەتەوێ كاڵای بەرزی بنۆشی
بچۆ ژێر ئاڵای بەرزی سڕپۆشی
وەهایە دەرسی ئایینی ئیسلام
خودا سەتتارە و سڕپۆشە بۆ عام
حەزئەكا لەوە كە تۆیش سەتتار بی
بۆ شەرەفی خەڵك چەشنی دیوار بی

هەرکەس داپۆشێ عەیبێ لە بەشەر   عەیبی ون‌ئەبێ لە ڕۆژی مەحشەر
خزمەت بە دەستەی داماو و دڵڕێش   چ لە بێگانە و چ لە خزم و خوێش
ئەگەر بە مـادە یـاخود بە مەعنـا   بە مەرجێ کـە دڵ بکـا دڵنیـا
بە پەند و دەرس و ڕێی ئامۆژگاریێ   بە نیشاندانی ڕێـی بەختیـاریێ
بە مـاڵ و بە نـان بە پارە و بە پۆڵ   بە پـایە و شـان و بە تکای مەقبوڵ
بە دەرمـانکردن بۆ زامـی زامـار   بە دۆزینـەوەی دەرۆ بـۆ ناچـار
بە چارە و ئیسلاح بۆ ناوبەینی خەڵك   بە هەر شێوەیێ لێی وەرگیرێ کەڵك
بە دەفعی شەڕی ئینسـانی شەڕۆر   کە فەرزە بە دیـن واجبـە و زەرۆر
بە ئینصاف و داد لەگەڵ خاوەن حەق   بە تەمێ دادان بـۆ هەرزەی ئەحمەق

★ ★ ★

سڕپۆشێ شێوەی پیـاوی بەشەرمە   بە نوری ئیمـان دەروونی گەرمـە
ئـای بۆ ئەو مەردەی لەبەر کەرامەت   چـاوی ئەپـۆشێ لە عەیبی ئوممەت
هەر بۆ عەیبی خۆی ئەڕوانـێ بە دڵ   ناپەرژێتە سەر عـارف و عـاقڵ

★ ★ ★

کـاتێ کە یەکـێ لەبـەر دەردی دڵ   پەنای پێ‌هێنای بۆ حەللی موشکوڵ
بزانـە ئـەوە پەنـای هێنـاوە   کە تـۆی بە جێگـەی هانـا دانـاوە
دۆرە لە ئینصاف جـاڕی لێ بدەی   دەنگی خەڵکی دێ و شاری لێ بدەی
ئەسراری خۆت و خـزم و بێگـانە   لە پاراپستنا هەمـوو یەکسـانە
چونکە بەگوێرەی ئـایینی ئیسـلام   سـاغێ پێویستە لەگەڵ خاص و عام

★ ★ ★

خۆلاصە نرخی شەخصی بەهیممەت   بە کێشـانەی حەق خزمەتە خزمەت
ئەمـانەی وتمـان بە دەم ئاسـانن   بـەڵام نـایـابن ئەگـەر بزانـن
ئینسـانی بێ‌ڕۆح بە شـت مـەزانە   پیـاوی بـاش کەمـە لە ڕۆی زەمانە
پیـاو وەکو هەتاو دنیا ڕۆن ئەکـا   پەستێ و بەدخوێێ سەرنگۆن ئەکـا
ئەگەر پیاوی باش بێ بە سەرپەرشت   سەرزەوێ ئەبێ بـە باغـی بەهەشت

★ ★ ★

ئینسـان مەجبورە بـە دینی ئیسلام   بە خزمەتکاریێ لەبۆ خـاص و عـام
موسوڵمانانێ بەڕاسـتێ ژیـرن   هەموو وەك ئەلقەی ڕشتەی زنجیرن
پەیوەندی یەکن لەمسـەر تا ئەوسەر   یەك لەش و یەك ڕۆح یەك‌دڵ و یەك‌سەر
وایـە برایـێ نـەك بـە بەدڕایـێ   بـە دەم یەکێتـێ ، بـە دڵ جیـایێ
بەم دەرسـی منـە ئەگەر دڵ نەدەن   هەرچیتان‌دەس‌کەوت بەشی‌من‌مەدەن

گوڵی سێ‌ونۆهەم ــ گوڵی خۆبەکەمزانین

ئەو ئینسانانەی خۆ بە کەم ئەگرن
لەناو دڵانا جێی خۆیان ئەگرن
ناویان نامرێ هەتا هەتایە
لە دڵا ئەژین پاش ئەوەی ئەمرن

خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی :

وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ

واتە : باڵی میهرەبانی پان‌کەرەوە بەسەر زەویدا بۆ ئەو موسوڵمانانەی پەیڕەویت ئەکەن و شوێنت کەوتوون .

خۆبەکەم‌گرتن کە بە عەرەبی پێی‌ئەڵێن (تواضع) ئەوەیە کەوا ئینسان خۆی بەرابەر بە خەڵك بە کەم نیشان‌بدا و فیز و دەمار نەکا بەسەریاندا . ئەم صیفەتە صیفەتێکی زۆر بەرز و بەنرخە و ئەبێ بەهۆی ئەوە کەوا ئینسان لەناو کۆمەڵی ئادەمیزاددا جێگەی خۆی بە پایە و حورمەتەوە بگرێ و ، ئەبێ بەهۆی ئەوە کە بەپێی قابیلەتی خۆی فائیدە و سوودی مادی و مەعنەوی بگەیەنێ بە خەڵك‌و هەروا سوودیش لە خەڵك وەربگرێ و بەئاسوودەیی بژێ . بەتایبەتی بۆ ئەوکەسانەی کە ئیش‌وکاریان بەدەستە وەك بەڕێوەبەرێتی و پەروەردەکردن و ڕێکا پیشان‌دانی خەڵك ، زۆر بەسوودە و ئەبێ بە مایە و هۆی سەرکەوتن و ڕزگاری و سەربەرزی لە جیهاندا و لەوانەیە لە هەندێ کاتدا جێگەی مادّە و پارە بگرێ و بەڵکو زیاتریش لە مادّە کار بکا . پێغەمبەری نازدار ، درودی خوای لێ بێ ، فەرمویەتی : « العَفْوُ لايَزِيدُ العَبْدَ اِلا عِزاً ، وَالتَّواضُعُ لايَزِيدُهُ اِلا رِفعَة ، وَما نَقَصَ مالٌ مِنْ صَدَقَةٍ » . واتە : چاوپۆشی لە تاوانی تاوانبار هیچ زیاد ناکا بۆ بەندە بەرزی و نرخ و حورمەت نەبێ و ، خۆ بە کەم‌گرتن هیچی بۆ زیاد ناکا پایەبڵندی نەبێ‌و ، هەرگیزیش دارایی بەهۆی خێر لێ کردنیەوە کەم‌ناکا .

بەڵام بۆ خاوەنی ئەم صیفەتە چەند مەرجێك پێویستە . یەکەم : لە ئەندازەی یاسای عادەتی دەرنەچێ بەجۆرێ کە خاوەنەکەی سوك و ڕسوا بکا . دوهەم : بەرابەر بە هەموو تاقمێ بێ لە موسوڵمانان و فەرقی پایەدار و بێ‌پایەی تیا نەخرێ ، ئەگینا ئەبێ بە ڕووپامایی و زۆر ناشیرین ئەبێ . سێهەم : کابرای خۆ بەکەم گرتوو هەوڵ بدا بۆئەوە کە دڵیشی لەگەڵ دیمەنیا ڕێك‌بکا ، واتە بەڕاستی تەماشای دڵی خۆی بکا و حیسابی خۆی لێك‌بداتەوە و وادابنێ کەوا پێویستە موسوڵمانان قەدر و حورمەتی یەك‌گرتن لەنێوانیانا ببێ بۆئەوە کە ئولفەت

لەبەینیانا پەیدا بێ ، ئەگینا ئەبێ بە نیفـاق و دوڕوویی کـە ئەوەیش خوویەکی پەستە و پێویستە ئینسان خۆی لێ لابدا .

پێغەمبەر درودی خـوای لێ بێ فەرمـویەتی : فریشتەی خوا فەرمانی ئەوەی بۆ هێناوم کەوا بەرابەر بە یـەکتر خۆتان بـە کـەم بزانن و فیز بەسەر یەکتردا نەکەن بۆئەوەی کە ئولفەت و هۆگری لەنێوانتانا دابمەزرێ . قسـەیەکی بەجێ مەشهورە کەوا پایە لە خۆ بە کەم گرتندایە و کەرامەت و گەورەیی لە خۆ لە گوناە پاراستندایە و ئازادی لەوەدایە ئینسان بە کەمی خۆی بساچێنێ و چاو نەبڕێتە زۆری خەڵك .

برای سـەربەرزی ڕێـزی یـارانم　　جێی هیـوا و هانـای ڕۆژگـارانم
پێت ئەڵێم دەرسـی بەسـود بۆ برا　　خۆت بە کەم بگرە لەنـاو بەشـەرا
خۆ بە کەمگرتـن ئەبێ بە سـوپەر　　بۆ قەزای خودا و ئـازاری بەشـەر
بـەڵام وانەبـێ کە سـوکت بکـا　　لەنـاو یـارانا مەهتوکـت بکـا
ئەبێ میـزانی قـەدرت بزانـی　　ئەگەر بـە تەمـای خۆشـی ژیـانی

★ ★ ★

ئەگەر بۆخودایش خۆت بە کەم نەگری　　پێویستتە بۆ ژین تـا کاتێ ئـەمری
چ لەگەڵ گەورە و چ لەگـەڵ هاوشان　　چ لەگەڵ بچوك فـەرزە بێگومـان
تەواضوعکردن لەبـۆ سـەرداران　　ئەیانگەیێنـێ بـە پۆپـەی داران
تەواضوع لەگـەڵ دۆسـت و برادەر　　ئەتکا بـە برای هەموویـان یەکسـەر
تەواضوع لەگـەڵ بچوکتر لـە خۆت　　پـایەی گەورەیـی پەیدا ئەکـا بۆت
ئیسـپاتە کەوا خۆ بە کـەم دانـان　　ئەبێ بە مایەی بەرزی پـایە و شـان

★ ★ ★

بڕوانە هەرکەس لە گەورە و هاوشان　　خۆی بە کەم دانا بە دڵ و بە گیـان
خەڵکی بۆی ئەبن بە دۆستی گیـانی　　گیان بەخت ئەکەن بۆی بە میهرەبانی
خۆ ئەگەر گەورە خۆی بە کەم دانـێ　　بە چاوی برا بـۆ خەڵـك بـڕوانێ
دنیا تەخت ئەکا بە بێ کۆسپ و کەند　　دڵی ئەم خەلکەی بۆ ئەچێتە بەنـد
دۆستی بەوەفا و دوژمنی دڵڕێـش　　بۆ پیـاوی بەفیـز ئەبن بە دەروێش
هەریەکێ یەکێ ئەداتـە لای خـۆی　　ئەبن بە سوپـا و جیهـان ئەگرن بۆی

★ ★ ★

بـا بێـم بـەم لاوە توخـوا پێـم بڵێ　　تۆ دڕکت ئـەوێ یـا دەستەگوڵـێ
چۆن ئەبێ ئینسـان کـاریوا بکـا　　لەجیـاتێ قـازانج ئێشـی پێ بگـا
تۆ چۆن فیز ئەکەی بەسـەر دامـاوا　　بەسـەر بێدەسـتـا یـا دڵشکـاوا
هەرکەسـێ لای خۆی شانێکی هەیە　　عیزەتی نەفس و گیـانێکی هەیـە

که لەبۆ زامی نابێ بە مەلهەم بۆچی خەم ئەکەی بە سەرباری خەم
ژیژك کە بەرگی دڕکە تان و پۆی بەچکەکەی نەرمە لە بەرچاوی خۆی

★ ★ ★

دنیاش دۆلابە هەر هەڵئەسوڕێ ڕۆژێ بە چەند جۆر وەزعی ئەگۆڕێ
خودایش زانایە بە ئەحوالی تۆ بە دەستی ئەوە حاڵ و ماڵی تۆ
جا لەبەر خودا نەك لەبەر دنیا خۆت بێ وێل مەکە بە تاقی تەنیا
(ولا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنّاس) فەرموودەی خوایە بیکە بە میقیاس
ئادەم لە خاکە و ئادەمێ هەروا میزاج ئەگۆڕێ بە ئاو و هەوا
هەوا ئەندازەی ڕابگری چاکە شەخصی کەم هەوا دڵی ڕۆناکە
پێویستە ئینسان بەپێی حاڵی خۆی بکەوێتە هەوڵ بۆ کەماڵی خۆی
هاتو کەوتەبەر هەوای سەرزەوێ با میانە بێ نە بەرز نە نەوێ
بارێ تاکانی یەك بن لە کێشا بارەبەر ئەیبا بە ڕێ و لاڕێشا
کە زۆر و کەم بن ناڕوا بە ڕێدا بەڵکو ئەکەوێ لە هەمان جێدا
کە موعتەدیل بۆن لە دنیا و دینا بە بەرزێ ئەژیت لە هەردو ژینا

★ ★ ★

(اعدى عدوك نفسكَ التی بَيْنَ جَنْبَيْكَ) گەر بەغیرەتی
هەر نەفسە ئینسان ئەخاتە هەوا ئەیخاتە سێ باز لە نیوەشەوا
لەمە ڕزگار بۆی چاوان هەڵدێنی ڕێی بەختیارێ بۆ خۆت ئەبینی
(رَحِمَ اللهُ مَنْ عَرَفَ نَفْسَه) هەرکەسێ گوێی بێ پەندێکی بەسە
هەرکەسێ لەسەر نەفسی خۆی زاڵە ڕوستەمی چەرخە و خاوەن گۆپاڵە
خۆ تەسلیم کردن بە نەفسی بەدکار پەنجە دانانە لەناو دەمی مار

★ ★ ★

هەر بۆ ئەمەیە سزای ڕەهبەران هاوار و نزای هونەر پەروەران
ئینسان بەم ڕێدا بێ هەوا و سزا لە دنیا دەرچێ بۆ (دارُ الجزا)

★ ★ ★

بە ئەخلاقی بەرز بە شیرینێ ڕۆ ڕێگە ساف بکە لەبۆ هاتوچۆ
با یەکێ ببێ بە پەرداخێ ئاو ڕزگارت بکا لە تیکەی گیراو
ئەمەیە دەرسم بۆ هاوزمانم وایە دەستوری دین و ئیمانم
هەر بە تەواضوع ئینسان (نامی)یە خۆ بەزلزانین هۆی ناکامییە

گوڵی چلهەم ـ گوڵی شەرم و حەیا

وەنەوشەی باخان چونکــە بەشەرمە
لەنــاو گوڵانــا شـــۆرەتی گــەرمە
بــە تەڕێ بەستەی دەستی دڵبەرە
بــە وشکێ دەوای ئــازاری ســەرە

پێغەمبەر ، درودی خوای لێ بێ ، فەرمویەتی :

اَلحَیاءُ مِنَ الاِیمانِ .

واتە : شەرمکردن لە ئیمانەوەیە .

شەرم صیفەتێکە ئادەمیزاد ئەگێڕێتەوە لە وتار و کرداری ناپەسەند ، واتە ئەوەی شەرمبکا ، قســەیەك و کردەوەیەکیوای لێ ناوەشێتەوە بە ســەنگ و ترازوی کۆمەڵ ناپەسەند بێ و ، هەر مەبەستێکی هەبێ بــە شــێوەیەك هەوڵی بۆئەدا لەگەڵ عەقڵدا بگونجێ و لە ڕێ و شوێنی هوشیاران دەرنەچێ و لەوانە نەبێ هیچ ئینسانێکی ژێر ڕەخنەی لێ بگرێ . ئیتر مــەعنای شـــەرم ئــەوە نیە ئینسان لەبەر بێهێزێ نەفس نەتوانێ مەبەستی خــۆی جێبەجێ بکا ، چونکە وەزعیوا بە جۆرە نەخۆشییەك ئەدرێتە قەڵەم .

شەرم لقی زۆرە وەك شــەرم لــە موقەددەساتی ئــایینێ وەکو خــوا و پێغەمبەر و قورئان و حەدیث و شەریعەت و ئایین و پێشەوایانی ئایین و پیاوانی لەخواترس و خواپەرست . هەروەها وەك شەرم لە مامۆستای زانــا و باوك و دایك و خزم و کەسوکاری لــە خــۆ گەورەتر بەوجۆرە کــە لــە ڕێگادا لێیان پێشنەکەوێ و لە مەجلیسدا نەچێتە لای سەرویان و ئەگەر فەرمانێکیان پیادای بەقەدەر توانا بەجێیبێنێ و گوێی بۆ بگرێ و بە گەپ و گاڵتە و هەرا و جەدەل ڕۆبەڕۆیان نەکەی. لقێکیتری شەرم ئەوەیە ئینسان لەکاتی قسەکردنا دەنگی نزم بێ و ، لە قسەی بێنەزاکەتی شەرمهاوەر خۆی بپارێزێ و ، لەخۆیەوە قسەی بێموناسەبە نەکا و، لە وەڵامی خەڵکا قسە بەقەدەر پێویست بکا و، کە پرسیاری لە کەسێك کرد ڕاوەستێ تا کابرا وەڵامەکەی ئەداتــەوە و ، لەپێش تەواوبونی وەڵامەکەدا بەربەرچی نەداتەوە تا قســەکەی لێ تێكنــەدا و ، ئەگــەر کەسێك پرسیارێکی لە کەسێك کرد ئەم خــۆی تێهەڵنەقورتێنێ و قســە تێهەڵکێشی قسەی خەڵك نەکا .

لقێکیتری شەرم ئەوەیە ئینسان لەکاتی هێرشی ڕقدا قسەی بێئەدەبانەی وەك جنێو و قسەی تاڵ و سوێر بەدەمیا نەیەت . یا ئەگەر کەسێك یا کۆمەڵێك هاتن بۆ دیدەنی حورمەتیان بگرێ و لەبــەر ناچارێ نەبێ بەجێیــان نەهێڵێ و کەسێکی بەئەدەب دانێ خزمەتیان بکا و ، وەکو بەرەوڕۆ حورمەتی خەڵك ئەگرێ لە پاش ملەیش حورمەتیان بگرێ تا شەرمەکەی نەبێ بــە نیفــاق . لقێکیتری

موهیممیشی ئەوەیە هەرچەند بۆی بکرێ لە هەمو حاڵێکدا ئاگای لە خوا بێ و بێ فەرمانی نەکا . جا لەبەرئەوەیە کە شەرم و خواپەرستی لەیەك جوێ ناکرێنەوە پێغەمبەر درودی خـوای لێ بێ فەرموویەتی : « اَلْحَیاءُ وَالاِیمانُ فی قَرَنٍ فَاِذا ذَهَبَ اَحَدُهما تَبِعَهُ الآخَرُ » واتە : حەیا و موسوڵمانەتی پێکەوەن ، کە یەکێکیان فەوتا ئەویشیان ئەڕوا بەدوایا .

یەکێ لە زانایان وتویە هەر لەشێ بـەرگی شـەرم لـەبەر بـکا عەیبی دەرناکەوێ و ، سـەرگەورەی هەمو جۆرەکانی شـەرمیش شەرمکردنە لە خوا .

(شکۆ)یش ئەوەیە ئینسان لە قسەدا نەرم و ئارام و لە ڕێگە ڕۆیشتندا هێمن بێ و ، لەگەڵ کەسانی بێنرخ و بێقیمەتدا هاتوچـۆ نەکا و ، نـەڕوا بۆ شوێنیوا گومانی خراپی پێ ببرێ و ، گاڵتە و یاری کەم بێ و ، ئەگەر نەفامێك قسەی توند و زبری لەرودا کرد وەڵامی نەداتەوە و ، ئەگەر لە ئیشـێکی سوك ئاگادار بو خـۆی لێ هەڵـە بـکا و ئەوەنـدە لێی دور بکەوێتـەوە وەك هـەر پێی نەزانیبێ و ، زۆر بە پارێزەوە تەمێی ئینسانی نەفام و بێدین بکا .

ڕۆڵەکەی خاوەن حەیا و شەرمەکەم   ئـارام کردەوە و وتـار نـەرمەکەم
شێوەی ئـادەمی شـەرم و حەیـایە   ئینسانی بەشـەرم دۆستی خودایـە
ناسـکی و نەرمی و لـەطافەتکاری   ئینسان ئـەبەنە پلـەی سـەرداری
هەرکەس شەرمیکرد لەخودای عالەم   شەرمی لێئەکەن گشت بەنیئـادەم
پەڕندەی دەشت و دڕوندەی کۆسار   بە داوی شـەرمی ئـەبن گوروفتار
پیاوی بە حەیا و بە شەرم و شـکۆ   پایـەی بڵنـدە وەکو لوتکـەی کـۆ
مەردی بێشکۆ هـەرچەند شـایێکە   قیمەت و پایـەی وەك هی کایێـکە
ئـەوانەی خـاوەن شەرمن و حەیـا   دڵیان ڕوناکـە بـە نـوری خـودا
خودا بـە یومنی سـیمای دڵپاکان   بمـانژمێـرێ لـە دڵ ڕونـاکـان
بـەڵکو بـە نوری دەرونی (نـامی)   وەربگرین فەیضی دینـی ئیسـلامی

گوڵی چلویەکەم ـ گوڵی دڵنەرمی

به دو بـاڵی پـان ئـەفڕێ ئـادەمی
بـاڵی دڵگەرمـی و بـاڵی دڵنەرمی
دڵنـەرمی لەگەڵ دامـاوانی گـەل
دڵگەرمی لەبـۆ دڵسـۆزی و عەمەل

پێغەمبەر ، درودی خوای لێ بێ ، فەرموویەتی :

الرّاحِمونَ یَرْحَمُهُمْ الرَّحْمانُ

واتە : ئەوکەسانەی لەگەڵ خەڵکدا میهرەبانن ، خوایش لەگـەڵ ئـەوان میهرەبـان ئەبێ .

دڵنەرمێ یەکێکە لەو خووە جوانانەی کە ئەبێ لە ئادەمیزاددا هەبێ و ئەبێ بەهۆی بەختیاریێ لە دین و لە ژیانا و ئەبێ بە مایەی سەربەرزیێ خاوەنەکەیان و ئاسایشی ناو کۆمەڵیان پێ مسۆگەر ئەکرێ . گەلێ لەو کارەساتە نابارانە کە ڕۆئەدەن ، بەهۆی دڵڕەقیێ و قسەی ناشیرین و ناپاسەندەوە ڕۆئەدەن کە لەگەڵ کەسێکدا ئەکرێن . ئەگەر ئەودوانە لەوکاتەدا خۆیان بگرتایە ، ئەو کارەساتانە ڕۆیان نەئەدا .

دڵنەرمێ وەك دارێکی ئەستوری ڕیشە داکوتاو وایە چڵوپۆپی زۆری لێ بوبێتەوە و سێبەری بە هەمولایەکدا بکات و خەڵکێکی زۆر لە سایەیدا بحەسێنەوە . لەو لقانەیە دڵسۆزیێ و ، ڕوخۆشیێ و ، قسەخۆشیێ و ، مۆڵەتی قەرزار و ، بەخشش بە داماوانی ڕۆزگار و ، چاوپۆشیێ لە هەڵە و بەکارنەهێنانی هێز و زۆر . ئادەمیزاد کە دڵی نەرم بو هەرکەسێکی داماوی دیێ بەزەیێ پیا دێتەوە و بەپێی توانا یارمەتیێ ئەدا . ئەگەر شەلێ ، کوێریێ ، نەخۆشێ ، هەتیویێ ، پیرەژنێ ، بێکەسێ ، بێدەستێکی دیێ بەپێی ڕێکەوت و توانا هەولیان بۆ ئەدا و بەم هەوڵدانە بەفریایان ئەگا و سەربەرزیێ دنیا و قیامەتیش بۆ خۆی دابین ئەکا .

میهرەبانێ و دڵنەرمێ مایەی ڕاگرتنی دنیا و پەروەردە کردنی منالی ورد و دەرمانکردنی نەخۆش و تیمارکردنی زامارە . بەهۆی میهرەبانێ ئینسانەوە لەگەڵ گیانلەبەران ، خوای تەعالایش میهرەبانێ لەگەڵ ئینساندا ئەکا . پێغەمبەر ، درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « ارْحَموا ترْحَموا » . واتە : میهرەبانێ لەگەڵ مەخلوقاتی خوادا بکەن ، تا میهرەبانییش لەگەڵ ئێوە بکرێ ، مەبەستی لەوەیە تا خوایش ڕەحم بە ئێوە بکا . هەر لەبەر زۆریێ میهرەبانێ خوایە لەگەڵ گیانلەبەران ، بەتایبەتیێ لەگەڵ ئادەمیزاد و نەخوازەڵا لەگەڵ موسوڵمانانا ، خوای تەعالا لە سەرەتای هەمو سورەتێکی قورئانەوە ئایەتی « بسمِ اللهِ الرّحمنِ الرّحيمِ »ی داناوە کە واتە دەست ئەکەم بەمکارە بە پیرۆزیێ ناوی ئەو خوداوە کە میهرەبانە لەگەڵ هەمو گیانلەبەران لە دنیا و لە قیامەتا ، بۆئەوەی کە میهرەبانێ خوا لە هەمو موناسەبەیەك و لە هەمو سورەتێکدا دەرکەوێ بۆ هەرکەسێ کە پەیوەندی بە تەمێ و پەروەردەکردنەوە هەبێ .

میهرەبانێ جگە لە پاداشی چاکی قیامەت ، ئەبێ بەهۆی ئاسایش و ئارامێ جیهان و قانون و نیظام وەرگرتنی خەڵکیش . بەنمونە ئەگەر داماوێك ڕوی کردە شوێنێك ، مادەم کەسێك هەبێ چاودێریێ بکا و ڕێگای ژیانی پێ نیشانبدا ، ئەو داماوە ئەحەسێتەوە و چاوی ئەکرێتەوە و خۆی و خێزانی ئەژێنێ و سوپاسی کابرای ڕێگا پیشاندەریش ئەکا . خۆ ئەگەر کەس گوێی

نەداێ ، ئـەوا چەواشە و چوارچاو ئـەبێ و دنیای لێ تاریـك دادێ . جا ئەگەر مەیدانی کار و کاسبێ لێ گیرا و ڕێی نەبۆ دەست بۆ هیچ کارێ ڕاکێشێ، ئەوا بە ناچارێ دەست ئەکا بە دزێ و درۆزنێ و پیاوکوژێ و دەسـتبڕین و ، ئەگەر لەناو شاردا مەیدانی ئەوەی نەبۆ ئەوا ئەڕواتـە دەرەوە بۆ جـەردەیێ و خەڵك ڕووتکردنەوە و کوشتن و ماڵبردن و ڕێگا لە ڕێبوار ئـەبڕێ و وائەبـێ کەسانی وەك خۆیشی ئەچنە پاڵی و پێکڕا ئاشوبێکی گەورە لە وڵاتدا ئەنێنەوە .

ئادەمیزاد کە دڵی نەرم بۆ ڕوخۆش و قسەخۆش ئەبێ و خەڵك ئولفەتی پێوە ئەگرن و خۆشـیان ئەوێ . جا ئەگەر گەدا و داماو بێ جێـگەی خۆی لـەناو دڵـی ئەنـدامانی کۆمـەڵدا ئەکاتـەوە . ئـەگەر پیشـەوەریش بـێ خەڵکی لێ کۆئەبنـەوە و بۆ ئیش و کـاری خۆیان ڕوی تێئەکـەن و سوودی ئەگەیەنێ و سوودی لێ وەرئەگرن . ئەگەر هونەرمەند و زانا بێ قوتابێ زۆری لەدەور کۆئەبێتـەوە . ئەگەر سەرۆك و فەرمـاندەریش بێ کۆمـەڵ ملی بۆ ڕائەکێشێ و خەڵـك بە دڵ ئیشی بۆ ئەکەن بەڵکو خۆیان ئەکـەن بە قوربانێ لەبەر پێیدا . خوا فەرمویەتی بە پێغەمبەر : « فَبِما رَحْمَةٍ مِنَ اللهِ لِنْتَ لَهُم ، وَلَو كُنْتَ فَظّاً غَلِيظَ القَلْبِ لانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ » واتە : بەهۆی ئەو میهرەبانییەوە کە لەلایەنی خواوە پێت دراوە ، دڵت بۆ هاوڕێکانت نەرمبوە . ئەگەر بنیادەمێکی مۆن و دڵڕەق بوێتایە خەڵك ئولفەتت پێوە نەگرن ، ئەو هاوڕێیانەت بڵاوەیان لێ ئەکرد و بەدەورتدا نەئەمان .

دڵنەرمێ لقی زۆرە ، گەورەتریان دڵنەرمێ پیاوی بەدەسەڵاتە ، ئەمجار دڵنەرمێ مامۆستای قوتابێ ، ئەمجار دڵنەرمێ ئینسانی دارای خاوەن مایە و پایە ، چونکە تا ئینسان دەسەڵاتی زۆرتر بێ دەستە و بەستەی زۆرتر ئەبێ . تا دەستە و بەسـتەشی زۆرتر بێ دڵنـەرمێ پێ پێویسـتترە . لـە هەمو دڵنەرمییەکیش پێویستتر دڵنەرمییە لەگەڵ ئینسانی بێدەستدا وەك قەرزاری نابوتکـەوتو و پیـاوی خێزانـداری بێکاسـبێ و هەتیـوی بێکـەس و بێسەرپەرشتێکەر . بەڵام لە هەمو صورەتێکی دڵنەرمێ و چاوپۆشیدا ئەبێ ئینسان لە ئوسـوڵی دین دەرنەچێ ، بەتایبـەتێ پێویستە دڵنـەرمێ لەگەڵ کەسێکیوادا نەبێ کە ئەگەر ڕزگار بۆ دیسانەوە ببێتەوە بەهۆی تێکدانی دین و بەهۆی ئاشوبی دنیا ، چونکە چاکە لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا خراپەیە لەگەڵ دین و جیهان و کۆمەڵدا .

ڕۆڵەی خۆشەویست دڵنەرمی مەردم — شیری بەشکۆی ڕۆژی نەبـەردم
مەردێ بۆ ئینسان ڕەوشتێ بەرزە — ڕەوشتی بەرزیش خۆشێ ڕۆی ئەرزە
لەم ڕەوشتانا دڵنـەرمێ ئینسـان — ئینسـان ئەباتە مەرتـەبەی شاهان
هەر بە دڵنەرمێ و چـاکە بۆ داماو — ئەڕژێ بەسەرتا ڕەحمەت وەك سیلاو

حــازر بــە لەبۆ دەرمــانی دەردی   ڕزگاری بــکە گەر ڕاســتە مەردی
قســەم ئاشــکرا دا بەدەســتەوە   ڕۆی خۆش هاتوە لــە بەهەشتەوە
کاتێ هاتەلات شــەخصی لێقەوماو   بە جۆشی سینە و بە کــزەی هەناو
من ئامــۆژگاریم بۆ ســوودی تۆیــە   خولقت گــەنم بێ کــە نانت جــۆیە
مەبەست هەرتەنیا ئــاو و نان نیە   مەبەست لــە دیــدار میهــرەبانییە
ئاوی سوێر و تاڵ لە دەستی خۆشڕۆ   نەك ئاوی زولاڵ لای شەخصی بەدخۆ
بە صــەرفی نەظەر لــە تاوانبارێ   ڕەحمەتی خــودات لەســەر ئەبارێ
ئەگەر شەخصێکی بێڕەنگ و بێبۆ   بە هیــوا و پەنــا هاتــە مــاڵی تۆ
باش وەرێبــگرە و مەرحەبــای بکە   بە دۆ قسەی خــۆش ئاشنای بــکە
بە تەنگێ خولقی سەرۆك و سەردار   ژینیان تاڵ ئەبێ بــەرەی دەردەدار
بەرزێ مەرتەبەی عەفــوی گوناهێ   ئەگاتــە بەرزێ مەرتــەبەی شاهێ
مادەم ئینسانی بە شێوە و بە ڕەنگ   دڵت ڕەق نەبــێ وەکو سیاسەنگ
ئەبــێ بــزانن بناغــەی ئیســلام   لەسەر ڕەحمەتە لەبۆ خاص و عام
ســــوورەتەکانی قورئـــانی کەریــم   سەریان بیسمیللا و ڕەحمانە و ڕەحیم
یەعنــێ ڕەحمــەتی خــودا کاملــە   بۆ سەر ئەم خەڵقە هەمۆی شاملە
ئەمەیە دەرسی مامۆستای (نامێ)   عەینی ڕەحمــەتە دیــنی ئیســلامێ

گوڵی چلودۆهەم ــ گوڵی خزمدۆستێ

خــزم دۆســـتەکان بــە میهــرەبانێ
مایــەی پــیرۆزین بــۆ زینــدەگانێ
هوشــیار بێــگانە ئــــەکا بــە بــرا
چۆن برا نــاکا بە بــرای گیــانێ !

خوای تەعالا لە قورئانا فەرمۆیەتی :

قُلْ لا اسئالكُمْ علَيهِ اجراً الاّ المَوَدّةَ في القربى

واتە : ئەی پێغەمبەر بە کافرەکان بڵێ من لەسەر ئەم ئامۆژگاریێ کردنەم بۆ ئێوە ، هیچ کرێیــەکم لێتان‌ناوێ ، ئــەوە نەبێ کە لەگەڵ خــزمی خۆتاندا دۆست بن .

هەروەها فەرمۆیەتی :

وَاُولُوا الارْحامِ بَعْضُهُمْ اَوْلى بِبَعْضٍ فِي كِتابِ اللهِ .

واتە : ئەوانــەی خزمیان هەیە هەندێکیان لە هەندێــکیتریان نزیکترن لەوانیتریانەوە . بەمەعنا کامیان نزیکتر بن ، شایانترن بە چاودێرێ .

خزم دۆستی ئەوەیە ئینسان بەرابەر بەوکەسانەی لە ڕشتەی نەسەب و بنەچەدا ئەبنەوە بە یەك و ئەوکەسانەی بەهۆی ژن و ژنخوازەوە بوون بە خزم ، بەپێی ڕێکەوت و توانا و بۆلوان یارمەتی و دەسگرۆیی بەکاربێنێ .

خوای تەعالا ڕشتەی هۆنراوەی هەمو نەوعی بەنیئادەمی لە تاقە پیاو و ژنێ ڕێکخستوە . هەمو گیانلەبەرێ ژیانی خۆشئەوێ وەك چۆن هەمو ئادەمیزادێ پایە و شانیشی بۆ خۆی پێئەوێ بۆئەوەی خۆیان بپارێزن لە فەوتان و بەرباد بۆن . هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە هەر چەند بنەماڵەیەك یەکیانگرتوە بۆئەوەی هێزیان ببێ بۆ پاراستنی خۆیان ، هەروا هەر چەند بنەماڵەیەکیش کە لە باپیرە گەورەدا یەكبگرنەوە کەوتونەتە یەك و بە هۆزێ ناوبراون بۆئەوەی هێزیان زۆرتر بێ و خۆیان بپارێزن لە دەستدرێژی دوژمن . بینا لەسەر ئەمە ، کە ئەڕوانین یەکەم تاقمێ کە خزمەتی ژیانی ئینسان بکات خزم و خوێشە . بۆیە پێویستە تۆڵەی ئەم چاکەیەیان بدرێتەوە بە یارمەتی و دەسگرۆیی کردن .

لەلایەکیتریشەوە ئەم خزمانە لەبەرئەوەی کە نزیکن لە یەك و هاتوچۆی لای یەکتر ئەکەن ، لە هەموکەسێ زۆرتر خزمەتی شەخصی ئینسان ئەکەن و زۆرتر خۆشەویستییان بۆ یەك هەیە . کەواتە زۆر لە ویژدان دوورە و لەگەڵ ئینساف ناجۆرە ئینسان بەرابەر بەمانە بێموبالاتی بکا ، بەڵکو پێویستی ئینسانییەت و ئیسلامەتی و پیاوەتییە بەپێی توانا و دەسەڵات خزمەت بکرێن و ، ئەگەر حاڵ و ماڵ ڕەسایی نەبو بنیادەم خزمەت بەهەمویان بکا ، کامیان نزیکترە و لە نزیکەکانیشیاندا کامیان موستەحەقترە خزمەت بەوەیان بکا . ئەگەر وایش ڕێکەوت کە ئینسان ماڵی دنیای نەبو بیانداتێ ، بە خوورەوشتی باش و بە نامە ناردن و سەرلێدان بەسەریانبکاتەوە و دڵیان ڕابگرێ . بەکورتی ڕێگای خزم دۆستی زۆرە، ئینسان هەرکامیانی بۆ ڕێکەوت ، بەجێیبێنێ و بەوە خزمەتی بە دینی پیرۆزی ئیسلام کردوە و کارێکی بەسودی بۆ دنیا و قیامەتی خۆی بەجێهێناوە . پێغەمبەر ، درودی خوای لێ بێ ، فەرموێەتی : « صِلَةُ الرَّحِمِ وَحُسْنُ الخُلُقِ وَحُسْنُ الجِوارِ يَعْمُرْنَ الدِّيارَ وَيَزِدْنَ فِي الأَعْمارَ » واتە : خزمەتی خزم و خوێش و خوورەوشتی جوان و دراوسێ پەرستی ئەبن بەهۆی ئاوەدانبونەوەی وڵات و زیادبونی عومری ئەوکەسانەی خاوەنی ئەو سیفەتانەن .

ڕۆڵە دڵبەندە پایەدارەکەم جێگای ئومێدی ڕۆژگارەکەم
کەس لە جیهانا ناچێ بە عەبەس ڕەنجی بکێشێ بێسود و مەبەس
دەشتەوان ئەچێ تۆو ئەکاتە خاك ئەیەوێ بژێ بە ژینێکی چاك
باخەوان ئەڕوا نەمام ئەنێژێ چەند ساڵ لەگەڵیا ئارەق ئەڕێژێ

هیوای ئەوەیە پاش ماوەی چەند ساڵ — خۆشیێ وەربگریێ لـە میوەی حەلاڵ
هاوڕشتەکانت لە خزم و لە خوێش — کە بـۆ ژینی تۆ ئەبن بـە دەروێش
هەلهەلە ئەکەن بە کۆمەڵ هەموان : — خوا کوڕێکی نوێی بەخشیوە پێمان
دێن ئێشك ئـەگرن حەفتەیێ تەواو — ذیکر و تەلیلەیش ئـەکەن ناوبەناو
حەیوان سەرئەبڕن مەولوود ئەخوێنن — ئوسـوڵی حـەوتم بەجێئـەهێنن
مەلایش ئەخوێنێ بەگوێرەی عادەت — بانگ بەگوێی ڕاستتاو بەچەپتا قامەت
جا یا بە قورعە یا حـەزی خـۆیان — ناوت لێئەنێـن ناوێکی زۆر جـوان
ئەمـە گشت لەبەر ئـەوەیە کـەوا — دوازۆژ بۆ هەمـوان بێ بە پـەنا
کوڕێـکی وابـێ ئـازا و بەغـیرەت — بێ بە مایـەی پیـاوەتیێ و خزمەت
بەر لە هەموکەس بۆ خزم و خوێشان — ئەوجا بۆ گـەل و خـاکی نیشتمـان
ئیتر مەپرسـە لە خوشـك و پورت — ئەکەونە سەمـا لـە خـوار و ژوورت
توخوا ویـژدانە ڕۆڵـەی بەتەمکـین — سوودیـان نەدەیتێ بۆ دنیـا و بۆ دین
نەبـێ بە دەرمـان بۆ زامی دڵیـان — نەبێ بە چـارەی گریێ و موشکوڵیان
من هیـوام وایـە ڕۆڵـەی گـیرامێ — تۆ ڕۆڵەیەك بێ بە سـوود و (نـامێ)
سوودت بـۆ گەل و نیشتمـان زۆر بێ — زۆر بەکەڵکیش بێ نەك زۆر و بۆر بێ
ئەمجا بەتایبەت بۆ خـزم و بـۆ کەس — لە تەنگییانـدا بێ بـە فریـادڕەس
ئەوکەسەی دڵـی خـزم خۆشئەکـا — پاش مەرگ (شرابا طهورا) نۆش ئەکا
چونکـە لە ژینـا مـەردی مەیـدانە — حەشریشـی لەگەڵ گەورە مەردانـە
مەخصوص بۆدایكو بۆخوشکی داماو — بۆ پور و پورزای گەدای لێ قەومـاو
ئەمـانە هەمـو چـاوەڕوانی تـۆن — تینوی سەرچاوەی پڕ ئیحسانی تۆن
مـادەم ئەمـانە تێراو بـون لە تـۆ — خەلاتی خێرت بۆ دێ نـۆ بـە نـۆ

★ ★ ★

ئەوکەسـەی کەوا ڕژد و دەس وشکە — هۆی نـائومێدیێ دایـك و خوشـکە
دیـارە وەجاخی کوێـر ئەبێتـەوە — خۆشی لەو نـانەی نـاحەسێتەوە
هەناسەی سـاردی خزمـانی گـەدا — زۆر زوێ ئەگـاتە بـارەگای خـودا
دادی خۆی ئەکـا لای پەروەردگـار — لەبەر بێڕەحمـێ خزمـی نـالەبار
جوابیش وەرئەگریێ لەخودای قەهار — کە بێدەنگ نابێ قەت لە سـتەمکار

★ ★ ★

وەرە سـەیری ئـەم داد و بـێدادە — خوا فریـادڕەسە بـۆ ئـەم فریـادە
بێڕەحمـان ئەبێ چـۆن بن ڕزگـار — لە داوی قەهـری خودای کردگـار
خوایە بە ئیحسـان بە شێوەی کەماڵ — بمانهێنـە سـەر پرسـینی ئەحـواڵ
تا خزمـان دڵیـان لێمـان ڕازیێ بێ — بەڵکو ئاخرمـان سـەرفرازیێ بـێ
بە مـایەی نوری حەزرەتـی (نـامێ) — بە پـایەی فەیضی دینـی ئیسـلامێ

گوڵی چلوسێیەم ـ گوڵی دراوسێ پەرستی

ئەوکەسەی خــودا بە حەق ئەناسێ
ڕەوشتی باشــە لـەگەڵ دراوســێ
ئەوەی ناپرســێ لـە دراوسێی خۆی
دیــارە حورمەتی خۆیشـــی ناناســێ

پێغەمبەری نازدار ، درۆدی خوای لێ بێ ، فەرمۆیەتی :

مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ جارَهُ

واتە : ئەوکەسەی باوەڕی بە خوا و بە ڕۆژی قیامــەت هــەیە پێویستە حورمەتی دراوسێی خۆی بگرێ .

ڕاگرتنی حەقی دراوسێ یەکێکە لە ڕەوشتە بەرزەکانی ئادەمیزاد . ئــەم ڕەوشتە لە ئایینی ئیسلامدا زۆر بەرز و بەنرخە و جیاوازێ لەوەدا نیــە کەوا دراوسێکە ماڵی لەنزیك ماڵتەوە بێ یا نە و خزمت بێ یا نە . خوا لــە قورئاندا فەرمۆیەتی : وَالْجارِ ذِي الْقُرْبى وَالْجارِ الْجُنُبِ . واتە : چاکە بکەن لەگەڵ دراوسێی نزیکدا خواه بە خزمایــەتی نزیك بێ یا بــە ماڵ . لــەگەڵ دراوسێی دوریشدا خواه بە خزمایەتی دوور بێ یا بە ماڵ . پێغەمبەریش درۆدی خوای لێ بێ فەرمۆیەتی : دراوسێ کە خزمیش بێ و موسوڵمانیش بێ سێ حەقی بەسەر ئینسانەوە هەیە ، حەقی دراوسێتی و حەقی خزمایەتی و حەقی موسوڵمانەتی . دراوسێی کافریش حەقێکی هەیە کە بریتییە لــە تــەنها حەقی دراوســێتی . هەروەها پێغەمبــەر فەرمۆیەتی : مــازالَ جِبْرِيلُ يُوصِينِي بِالْجارِ حَتّى ظَنَنْتُ اَنَّهُ سَيُوَرِّثُهُ . واتە : جیبرەئیل ئەوەنــدە زۆر لەبابەتی دراوسێ دۆستییەوە قسەی بۆ کردوم وامئەزانی کە دراوسێ مرد دراوسێکەی میراتی لێ ئەبا .

چاکەکردن لەگەڵ دراوسێ لقی زۆری لێ ئەبێتەوە وەکو ئەوە کە نەهێڵی ستەمی لێ بکرێ و شەرەفی بشکێنن ، یا کە کەوتە تەنگو چەڵەمەیەکەوە یارمەتی بدەی ، یا قەرزی کەسێکی کەوتەسەر هەوڵبدەی قەرزەکەی بۆ بدەیتەوە ، یا کە برسی بۆ هەوڵبدەی بۆ تێرکردنی،یا کە نەخۆش کەوت بچی سەری لێبدەی و دوکتۆری بێنیتە سەر و دەرمانی بۆ بکڕی ، یا کە مردۆیەکی مرد نان و چێشتیان بۆ بکەی ، یا کە چۆ بۆ سەفەرێك ئاگاداری و سەرپەرشتی مــاڵ و منداڵەکەی بکەی تا خۆی دێتــەوە ، یــا کــە منداڵــەکانی بێشەرمییەکیان لەگــەڵ کردی چاوپۆشییان لێ بکەی و بە هێمنی ئامۆژگارییان بکەی و، تەمێی منداڵەکانی خۆت بکەی کە دڵی نەیەشێنن ، یا کە دیارییەکی کەمیابیان بۆ هێنای بەشی بدەی لێی،

یا ئەگەر عەیب و عارێکی بەسەردا هات هەوڵبدەی بۆی داپۆشێ و بیشاریتەوە، یا ئەگەر کردارێکی چاکی‌کرد هەوڵ بدەی دەنگوباسی ئەو کردارەی بڵاوبکەیتەوە. ئاشکرایشە ئەم ئیشانە هەمێ بەسراون بەتواناوە و لە سنووری دەسەڵاتدا پێویستە بکرێن .

(بێدارێ) ئەم جۆرە چاکەکردنانەی باسمان‌کردن ، بەرابەر بە دراوسێی باش ئازایەتییەکی ئەوتۆیان تیا نیە ، چونکە ئەویش هەروا ئەکا لەگەڵ تۆ . مەردی ڕاستەقینە ئەوەیە لەگەڵ دراوسییەکدا بیانکا کە ئەو وانەبێ لەگەڵ ئەم.

ئازاردانی دراوسێ ، بەتایبەتێ دراوسێی بێگانە و غەریب یا بێ‌کەس و بێ‌دەسەڵات، لە تاوانە گەورەکانە و لەوانەیە ببێ بەهۆی غەزەبی خوا. پێغەمبەر، درودی خوای لێ بێ ، فەرموویەتی : لا يَدْخُلُ الجَنَّةَ مَنْ لا يَأمَنُ جارُهُ بَوائِقَهُ . واتە : هەرکەسێ دراوسێی ئەمین نەبێ لە کرداری بەدی ئەو ، ئەوکەسە ناچێتە بەهەشت . بەم‌مەعنا ئەگەر ئینسان کردەوەی خراپ لەگەڵ دراوسێدا بە حەڵاڵ بزانێ ئەوە کافر ئەبێ و کافریش ناڕواتە بەهەشت . ئەگەر بە حەرامیشی بزانێ و بیکا ناچێتە بەهەشت تا سزای ئەو گوناهەی ئەچەژێ ، مەگەر بە ئیحسانی خوا خۆی بەر عەفو بکەوێ یا تکایەکی بۆ بکرێ ، یاخود مەبەست لەوەیە کە خراپەکردن لەگەڵ دراوسێ گوناهێکی ئێجگار گەورەیە . بۆیە ئەگەر موسوڵمانان لەناو خۆیانا بەپێی ئەم ڕێ و شوێنە بجوڵانایەتەوە کە ئاینی ئیسلام بۆی داناون ، ئەبوون بە خێزانێکی بەختەوەر و بە شادێ و خۆشێ بۆ خۆیان پێکەوە ئەژیان ، بەڵام بەداخەوە لەم شاڕێیەی ژیان لایاندا و ئەوەش یەکێ بوو لە هۆیەکانی ئەو وەزعەی ئیستا تیایدان .

ڕۆڵەم ! ئەوکەسەی خودا بناسێ — ڕەوشتی باشە لەگەڵ دراوسێ
یاخود قەدری خۆی بە راستێ بگرێ — قەدری دراوسێیش بە ڕاستێ ئەگرێ
لەگەڵ دراوسێ شیرینێ ڕەوشت — کلیلی دەستتە بۆ دەرگای بەهەشت
کێیش کاری لەگەڵ دراوسێ پەستە — نە خوا ئەناسێ و نە حەق‌پەرستە
دراوسێ کەوا پێی خۆی لار دانێ — بۆ دۆزەخ ئەبێ ڕێگا نازانێ
پیاوی خاوەن دڵ لە گشت لای جیهان — تیشك‌ئەدا هەروەك ئەستێرەی بەیان
تۆیش ئەگەر مەردیو خاوەنی ویژدان — قەدری دراوسێ بگرە وەك مەردان
دراوسێ کە هات خۆی خستە پاڵت — ماڵی خۆی هێنا بن‌دەسی ماڵت
وای‌دانێ پەنای بە تۆ هێنابێ — تۆی بە سەنگەر و قەڵا دانابێ
بۆ پەنا هاوەر ، پیاوی بەکەماڵ — یەکسەر بەخت ئەکا گیانو پایەو ماڵ
تۆیش لەگەڵ ئەودا بە شەرم و تەمکین — ببە بە هاودەم بە قسەی شیرین
ببە بە دەرمان بۆ ئازاری ئەو — بە دڵ تێکۆشە بۆ تیماری ئەو
تۆ لەبۆ ئەوان ، ئەویش لەبۆ تۆ — تۆ وەکوو‌ئەوشەو ئەویش وەك‌شەوبۆ
بۆنی خۆش بەرن بیدەن بە یەکتر — ژینتان بەرنەسەر ڕۆژ لە ڕۆژ خۆشتر

★ ★ ★

منالەکانتان بە پەندی جوان جوان — پەروەردە بکەن صوبح و ئێواران
قسەی جوان وەك نوقڵ بخەنە دەمیان — قسەی جوان بکەن بە مۆچە و ژەمیان
چەندە بەسۆدە ئەو نوقڵە جوانە — ئەینێینە دەمی ئەو منالانە
بە لێو ئەیمژن ، بە چاو ئەڕوانن — ئێوەش بە خاوەن نوقڵ ئەزانن
تا بەمجۆرەیە ئامۆژگاریێ دین — دەر و دراوسێ بەمجۆرە بژین
ئەمەیە دەرسی دین و ئایینم — باش وەری‌بگرە برای شیرینم
ئەگەر نەشگاتە (بەهاری جامیێ) — نەشێ بۆ پایەی ئەدەبی (نامیێ)
مەبەست لە (جامیێ) و (نامیێ) ئەمەیە — حەق بێتە بەرچاو ، باقیێ گەمەیە
جوانیێ لە بەرگا مالی بەرچاوە — حەقیقەت ساغیێ مەکینەی ناوە
وا داوا ئەکەین لە پەروەردگار — زانای ظاهیر و باطین و ئەسرار
بە سیڕی نوری ڕەهبەری نازدار — بمانپارێزێ لە نەفسی بەدکار
زەمانمان بکا بە خامەی نوسین — بۆ نیشاندانی ڕێی خۆش بەختیێ ژین

گوڵی چل‌وچوارەم ـ گوڵی غەریبنەوازیێ و میوانداریێ

به عورفی پیاوان غەریب و میوان
خۆیان خاوەنن بۆ ماڵ و دیوان
ماڵ بۆ غەریب و بۆ میوان نەبێ
جنۆکە ئەیبا و ئەیدا بە دێوان

پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێ فەرمویەتی :

مَنْ كانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ .

واتە : ئەوەی باوەڕی بەخوا و بە ڕۆژی قیامەت هەیە، با حورمەتی میوانی خۆی بگرێ .

لە لایەکی‌تریشەوە خودای تەعالا ڕێبوار و هەژاری وەك یەك بە هاوبەش داناوە لە خێراتی کۆمەڵەی موسوڵمانانداا .

غەریبنەوازیێ ئەوەیە بەرابەر بەوکەسەی لە وڵاتیێ یا شارێ یا دێیەکی‌ترەوە هاتوەتە ماڵت ، یارمەتیێ و میهرەبانیێ بنوێنیێ تا چاوی ئەکرێتەوە و ڕێگا و جێگایەك بۆ خۆی ئەدۆزێتەوە و دەستی ئەچێ بە ئیشێکا ، یا تا کارەکەی مەیسەر ئەبێ و ئەگەڕێتەوە ، یا تا لای تۆ نامێنێ و ئەڕوا بە لایەکی‌تردا .

غەریبنەوازیێ پێویستە بە چەند دەلیل ، یەکەم : ئەوەیە غەریب ئەگەر موسوڵمانە، دیارە موسوڵمان برای موسوڵمانە و حەقی برای دینیێ بەسەر برای دینییەوە بەپێی ئایینی ئیسلام جێگای گومان نیە . ئەگەر کافری ئەهلی ذیمە یا

پەنادراو یا پەیمان لەگەڵ کراویشە ، ئەوە مادەم خوێن و ماڵی حەرامە لەسەرمان ، حەقی یارمەتێ و دەسگرۆییشی هەیە . دۆهەم : ئادەمیزاد بەهۆی ژیان و بەهۆی پێویستێ فێربوونی پیشە و زانستەوە ناچارە بۆئەوە کە بڕوا بە وڵاتاندا و زۆر وائەبێ ئەم جۆرەکەسانە یا خەرجییان تەواو ئەبێ یا هەر لە خۆیاندا گەدا و بێدارایین . جا ئەگەر موسولمانان یارمەتییان نەدەن گەلێ سوودی گشتێ و فەردێ موسولمانان ئەفەوتێ و دنیا لەڕۆی زۆر کەسدا تاریك دایەت . سێهەم : ئادەمیزاد بە ڕێکەوتی ئاشوب و شەڕ و شۆڕ و گرانێ و لێقەومان و باوك مردن و شتیوا ئەکەوێتە وڵاتی غەریبێ . جا ئەگەر چاودێرێ غەریب نەکرێ بەشێکی گەورەی ئادەمیزاد ئەفەوتێ . چوارەم : ئادەمیزاد بە میهربانێ و دڵسۆزێ لە زۆر لە گیانلەبەرانیتر جیا ئەبێتەوە . غەریبیش لەوکەسانەیە کە زۆر پێویستیان بە میهرەبانییە ، چونکە دوورە لە ماڵ و حاڵ و خزم و خوێش و ئاشنا و ، دڵتەنگ و بێتاقەتە و هەرکەس بە قسەیەکی خۆش دڵی شاد بکا زۆر مەمنوون ئەبێ و ئەتوانێ هەوڵێ بدا بۆ کەسبی زانست و فێربوونی پیشە . ڕزگاربوونی ئەویش بۆ باقێ میللەت بەسوودە ، کەواتە چاودێرێ کردنی غەریب کارێکی پێویستە . جا لەسەر ئەم ئەساسانەیە لە دینی ئیسلامدا بڕیار دراوە بەشێ لەزەکاتی ماڵی دەوڵەمەند بدرێ بە ڕێبواران کە دیارە غەریبن بۆئەوەی سەفەرەکەیانی پێ تەواو بکەن .

میوانیش ئەگەر غەریب بێ ، ئەوە باسی غەریب نەوازیمان کرد . ئەگەر غەریبیش نەبێ ، ئەوە یا ناسراوە و بە صیفەتی ناسراوێ ئەبێ ئینسان خزمەتی بکا ، یا نەناسراوە و لەمحاڵەدا مادەم ڕووی کردوەتە ماڵی ئینسان ئەبێ ئینسان چەندی لەتوانادا بێ خزمەتی بکا .

ڕۆڵەی دڵبەندم ، غەریب و میوان — خزمەتیان فەرزە لە ئەستۆی ئینسان
چونکە غەریب زۆر بێهاز و بازە — صەد ڕەحمەت لەوەی غەریب نەوازە
بێبرا و باوك ، بێ خزمە و بێخوێش — وێڵ وێڵ ئەگەڕێ بە وێنەی دەروێش
چەند نەجیبزادە و ئینسانی مەشهوور — ڕۆژئەمدا ئەڕوا بۆ وڵاتی دوور
جا دائەمێنێ بێدەس و بێکەس — بێیار و کۆمەك بە بێفریادڕەس
مەخصوص غەریبی ڕێی خوێندەوارێ — زانست بۆ میللەت دێنێ بەدیارێ
لە خۆراواوە هەتا خۆرەڵات — دنیا ئەگەڕێ وڵاتەو وڵات
لەمدەر و لەودەر وەرئەگرێ زانست — خۆی فیدا ئەکا هەروەك حەقپەرست
وابزانە ئەگەر وریا و لەبیبی — کوڕەکەی خۆتە وا لە غەریبێ
ساتێ کوڕەکەت کە لێت ببێ ون — دەروونت ئەبێ گشت ئەنجن ئەنجن
هەروا باوکی ئەو بە ڕۆژ و بە شەو — خەم بۆ ئەو ئەخوا ، بێ خۆراك و خەو

★ ★ ★

میوانی ڕێی کەوت لە دیوەخانت
پێویستە خولق و ئیکرام و نانت
ئیکرامی میوان بە دینی ئیسلام
با کافریش بێ فەرزە لەسەر عام
مەڵێ بە ناوەخت هاتوەتە سەرم
من لە هاتنی ئەمو بێخەبەرم
قیسمەت هێناویە بەمو نیوەشەوە
با نانی تۆیش بێ ، نصیبی ئەوە

★ ★ ★

نەکەی کە میوان گەیشتە ماڵت
دەس‌کەی بە هەرا لەگەڵ منالت
ئەوکاتە کاتی حاڵ و مەقامە
کاتی مەرحەبا و کاتی سەلامە
ئەمو وا تێ‌ئەگا بە هاتنی ئەمو
دنیات لێ بوە بە تاریکەشەو
بە شەرمەزاری دڵ ئازاری خۆی
بە فیرۆ ئەڕوا هەرچی ئەکەی بۆی

★ ★ ★

گەر بێتو (بانو) بێ سەرلێشێوان
سفرە بەڕۆی خۆش ڕاخا بۆ میوان
بە بێ گۆشت و ڕۆن خۆشە طەعامی
هەر لفت و گفتی ئەبێ بە تامی
مادەم میوانیش بە شەرافەت بێ
ئەبێ چاوی هەر لە لەطافەت بێ
ئاداب ئەمەیە کە تێم‌گەیانی
ئیتر هەرکەسێ خۆی و ویژدانی
(نامی) بە غەیری دەرسی شاگردان
مەبەستی نیە لە چەرخی گەردان

گوڵی چل‌وپێنجەم ـ گوڵی دڵپاکی

ئادەمی هەرچەند نەوعێکە خاکی
پایەی بڵندە لەبەر دڵپاکی
ئەتەوێ ببێ بە ڕۆژی ڕۆناك
بە دڵ تێکۆشە بۆ دڵڕۆناکی

پێغەمبەر ، درودی خوای لێ بێ ، فەرموێەتی بە مەعاذی هاوڕێی :

يا مَعاذُ قَلبٌ شاكِرٌ ولِسانٌ ذاكِرٌ وَزَوجَةٌ صالِحَةٌ تُعينُكَ عَلى أمرِ دينِكَ وَدُنياكَ خَيرُ ما اكتَنَزَ النّاسُ .

واتە : ئەی مەعاذ دڵێکی پاك و ڕۆناك و نورانی کە سوپاسی پەروەردگار بکا و زوبانێکی خەریك بە هێنانی ناوی خواوە و ژنێکی باش کە هاودەمی تۆ بێ و یارمەتی بەجێ‌هێنانی کاری دینی و دنیاییت بدا ، چاکترین شتێکن کە بنیادەم تائیستا بۆ خۆی هەڵی‌گرتبێ .

مەعنای ئەم فەرمودەیە وایە دڵی پاك و ڕۆناك و زمانی بە ناوی خواوە خەریك‌بو و ژنی چاك لە شیر و تیر و زێڕ و زیو و هەمو گەنجینەیەك چاترن بۆ

ئادەمیزاد ، چونکە سوودیان لە هەموو ئەو شتانە زۆرترە و بەردەوامترن .

لەناو ئەوانەدا کە خوای تەعالا دروستی‌کردوون و گیانی‌کردوون بـە بـەرا ، ئادەمیزادی بەوە هەڵبژاردوە کە بەشێوەی پەیکەرێکی جوان و نازەنین دروستی کردوە و لـە پەنامەکیشەوە عەقڵ و هۆشی پێداوە کە مایـەی ئەوەیە ئەرز و ئاسمان و وشك و تەڕ و دەریا داگیر بکا و بە تێگەیشتن و پێگەیشتن بەسەر هەموو شـتێکی‌ترا شانازی بکا . ئەم عەقـڵ و هۆشەشی لە مێشـك و دڵی ئینسانا داناوە بەوجۆرە کە خۆی ئەیزانێ و ئیشارەتی بۆ ئەم مەعنایە کردوە و لە ئایەتێکی قورئاندا فەرمویەتی : « اَفَلا یَتَدَبَّرُونَ القُرآنَ اَمْ عَلى قُلوبٍ اَقفالها ؟ » واتە : ئاخۆ ئەم کافرانە خۆیـان بیرناکەنەوە لەم قورئانە کە ئێمە ناردوومانە بۆ موحەممەد ، کە بە لەفظ و مەعنا موعجیزەیە و ڕۆشنترین دەلیلە لەسەر یەکێتی خـوا و ناردنی موحەممـەد بە پێغەمبەرێتی و سـاغی ئاینی ئیسلام ، یاخود قوفڵ لەسەر دڵیان دانراوە و ڕێگای بیر کردنەوەیان نیە و دڵیان لەڕاستی تێناگا . ئـەم ئایەتە بەئاشکرا ئەوە ئەگەیەنێ کـەوا دڵ پەیوەندی بە تێگەیشتنەوە هەیە . بۆیە دڵ مادەم پاك بکرێتەوە لە ژەنگی بێ‌ئاگایی و پڕوپوچی بێ‌کەڵکی هەوایی و لە شوبهە و گومانی گومـڕایی ، ئەبێ بەهۆی ڕێکەوتن و سازشی هەموو ئەندامانی لەشی ئینسـان و ئەکەونە کار بۆ دابین‌کردنی بەختیاری بۆی .

یەکەم پایەی دڵپاکی ئەوەیە ئینســـان باوەڕێکی پتەوی بە پەروەردگاری خاوەن کەمـاڵ و بێ‌عەیبی ئەم دنیایە ببێ ، هەروا بە هەرچی کـە حەزرەتی موحەممەد لای خواوە هێناویەتی . دووهەم پایەشی ئەوەیە پاك بێ لە خۆی خراپی وەك کینە و ڕژدی و ڕق و فێڵبازی و ساختەچیەتی و فیز و خۆپەرستی و ئارەزووبازی و بێ‌پەیمانی و سپڵەیی و دووڕوویی و هەرخوویەکی خراپی‌تر .

لە پێش‌چاوی ئینسـانی هوشیاردا دیارە کەوا خۆی پەست خاوەنەکەی ئەگەیەنێتە شانی دڕندە و جانەوەرە زیانبەخشـەکان ، بەڵکو لەوەیش خراپتری لێ‌ئەکا . کـەواتە پێویستە ئینسان هەرچۆن بێ خـۆی لـەو خـووە خراپانە بپارێزێ . مەسەلا وەکو چۆن ئینسـان ڕازی نابێ بەوە کە پشکۆیەك لە باخەڵی خۆیدا دابنێ چونکە ئەزانێ ئاگری تێ‌بەرئەدا و ئەیسوتێنێ ، ئەبێ ڕازییش نەبێ کەوا خۆی خـراپ لە دڵ و بیریدا بمێنێتەوە چونکە زیانی لە ئاگـر بۆ ماڵ و گیان کەمتر نیە .

بەئەهمیەت‌ترین هۆی پاك‌کردنەوەی دڵ هاوڕێیەتی ئینسانی دڵنورانی و هوشیار و پارێـزگارە . ئەنجـا خەریـك‌بوون بـە کـردەوەی چاکـەوە وەکو خواپەرستی و بەندەیی بـۆ خوا وەك نوێژ و ڕۆژوو و تەوافی مـاڵی خوا و خوێندنی قورئان و دەرس‌وتنەوە بە قوتابییان و ئەو شتانەی‌تر کە بۆ ڕووناکی‌دڵ بەسوودن .

ڕۆڵەی شیرینی ئاگا لە حاڵم   دڵ بێدارەکەی خاوەن کەماڵم
ئەگەر ئەتەوێ بژیت بەختیار   دڵت پاککەوە لە گەرد و غوبار
یا بە هاوڕێیی مەردانی دڵپاک   یا بە تاعەتی خودای تەنها و تاک
ئەمجا ئەو نەفسە ئەژدەها سەرە   کە تا عاصی بێ زۆرتر خەتەرە
دەخیل صەد دەخیل هەروەها زینهار   بەرەڵلای نەکەی ڕەشمەی نەفسی هار
نەفسی بەدسروشت وەك ئەژدەهایە   ژاری کوشندەی لەناو دڵتایە
کانە بۆ هەمۆ پەستێ و بەدخوێی   ساختە و دەغەڵێ و کینە و دوڕوویی
درۆ و دوڕوویی هەم دوو زوبانێ   پیشەی مەردان نین ئەگەر بزانێ
مەردان بە پاکێ ئەژین و ئەمرن   لە هەردوو دنیا هاوشانی فەخرن
ئارەزووبازێ و شەهوەت پەرستێ   ئەنجامی نیە بێجگە لە پەستێ
بلێ هەزار ساڵ یەکێ نەخۆش بێ   بە ئارەزووی خۆی لە عەیش و نۆش بێ
ئەنجامی چیە غەیری بێهۆشێ   سوکێ و ڕسوایێ و لاتێ و نەخۆشێ
صەدجار داپەڕێ ڕەوشتی پەستێ   هێشتا هەر ناگا بە خۆپەرستێ
ئەوە چاترە هاودەمی مار بێ   لەگەڵ خودپەرست نەك هاوگوفتار بی
پیاوی خودپەرست تا ماوە پەستە   نەفسی بتیەتی و خۆی بتپەرستە
مادّە بناغەی هەمو ئەمەیە   بناغەی ئەم گشت دەرد و خەمەیە
شیرێکی ڕووتە لە ڕاسەری مەرد   ڕەق ئەکا دڵی ئینسان وەکوو بەرد

★ ★ ★

لە زانایەکیان پرسێ جارێکیان   کە فەرقی مادّە و مەعنا کا بەیان
وتی ئەم قورسە وا لەپاڵمانا   ئەو سوکە و ئەڕوا بەئاسمانا
واتە پایەی ئەم وا لەسەر ئەرزە   ئەو لە ئاسمان ئەوەندە بەرزە
خوا مادّە بگرێ کاتێ جێبگرێ   هەزار پایەدار بە بایێ ئەگرێ
لە هەرلا نانێ بێتە ناوناوان   بە گونیە و خەروار ڕێز ئەبێ تاوان
دەخیل صەد دەخیل بۆ پایە و بۆ نان   نەبن بە هاوڕێی دەستەی بەدناوان
زۆر کەسیوام دێ دیمەن جەوانمەرد   نانیان بۆ دەرخست دڵی بوو بە بەرد
زۆریوایش هەیە نە نان نە پایە   دین و باوەڕی نادا بە زایە

★ ★ ★

قەساب بۆ پلە گۆشت گیر و گەڕیەتی   چ باکی چەقۆی ملی مەڕیەتی
پیاوکوژێ کەوا دڵی وەك بەردە   کە بۆ جەردەیێ چوّتە ئەو هەردە
بە دڵیا نایێ لە تاڵان زیاتر   کەی مەبەستیەتی گریانی تاجر
دز کە دەرئەچێ بەهیوای دەسکەوت   لای ئەو چون یەکە ماڵی تۆ و مزگەوت
جانباز کە ئەڕوا بەدەم گەلەوە   سەرما لێیئەدا بەسەر ملەوە
متمانەی هەیە کەوا سبەینێ   لادییێ داماو هەڵئەخلەتێنێ

حـاکمی خوێنڕێژ که لای ئەو فەرزە بەخوێن سوری کا ڕوی ئەم سەرئەرزە
گوێ نادا بەوە چەند کەس ئەکوژرێ چەند منـاڵ بـێ شیر لە دایکی ئەبڕێ
ئەوکەسەی بە شەو ئەڕواتە سەر ماڵ شەویـان لێ ئەکا بە وەیشوەمەی تاڵ
فەخرە لەلای ئەو ئازاردانی خەڵـك بۆ خۆی دائەنـێ بە خزمەت و کەڵك
خۆی ئەخـاتە بەر لەعنەت و نەفرین بۆنـەوەی ئـاغەی بڵێ (ئافەرین)
بەڵام هەرچەندیش کە درێژ بێ ساڵ ئەو چەرخە ئەڕوا و ئەگۆڕێ ئەحواڵ
ئەمجار مەیدانـی مەحکەمـە و دادە کە زاڵم خەمگـین ، مەزڵوم دڵشادە
لەسەر کێشانەی حەقی خاوەن حەق سـزای تـاوانی ئەدرێتـەوە دەق
سەربـاری هەمو عـارەقی نـاوچاو بە شەرمـەزاری دەرئەچـێ لەنـاو
لەمـانە بەدتـر لەبـۆ بەدبەختـێ تاوانبار بۆنـە بۆ سـودی خەڵکـێ
حەدیثی شـەریف جێگەی یەقینـە (اخسَرُ النّاس مَنْ بـاعَ دینَه)

★ ★ ★

تـاوانێکی‌تر لـەم ڕوی جیهـانە تـاوانی شـەخصێ کـە دوزمـانە
شەخصی دوزمـان ئەوەنـدە شومە لـە هەر لایێ بـێ هەر ئەڵێـی بومە
دوکەڵی فیتنەی وەك تونـی حەمـام بەرز ئەبێتەوە بۆسەر خـاص و عام
پیـاوی درۆزن بێ‌ئیعتیبـارە مەهتـوکی لادێ و بـازاڕی شـارە
ئەگەر ئـاگرێ بەر بـێ لـە مـاڵی کەس گوێـی ناداتێ و ناپرسێ حاڵی
زیاد لەوەش کە خۆی ئاخر شەڕ ئەکا خەڵکیش لە یەکتر بێ‌بـاوەڕ ئەکـا
کە دڵـت پـاك بـۆ لە خـۆی ئەمانە دڵپاکێ بـۆ تـۆ موڵکـە بیـزانـە
ئەگەرچێ زۆرن ڕەزیلـە و پەسـتێ هەموی دێتـە سـەر دنیـا پەرستێ
خـودا بنوێنـێ پێمـان ڕونـاکێ بمـانخاتە سـەر ڕێگـای دڵپـاکێ
بەڵکو (نـامێ) بێ درەختـی دڵمـان سـایەش بێتە سەر ماوا و مەنزڵمان

گوڵی چل‌وشەشەم ــ گوڵی داوێن‌پاکێ

بۆ داوێـن پـاکێ وێنـەی دڵپاکـان
بـگرە بە ئیخلاص داوێنـەی چاکان
بەڵکـو بە فەیضـی تەوفیقی خـودا
بگەی بە پلـەی دەرون ڕونـاکـان

خوای تەعالا لە قورئاندا فەرموێەتی :

قُلْ لِلمؤمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ ابْصارِهِمْ ويَحْفَظُوا فُروجَهُمْ .

واتە : ئەی موحەمەد بە پیـاوە موسوڵمانەکـان بڵێ بەرابـەر بە ژنی نامەحرەم چاوی خۆیان داخەن و عەورەتی خۆیان بپارێزن .

هەروەها فەرمویەتی :

وَقُلْ لِلمؤمنات يَغْضُضْنَ مِنْ ابصارِهِن ويَحفَظْنَ فُروجهُنَّ ولا يُبدِينَ زينَتَهُنَّ الا ما ظَهَرَ مِنها وليَضرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ على جُيوبِهِنَّ .

واتە : بە ژنە موسولمانەكان بلێ چاو كز كەن و نەڕوانن بۆ نامەحـرەم و عەورەتی خۆیان بپارێزن و جوانی خۆیان دەرنەخەن مەگەر ئەوەی هەر خـۆی بەدەرەوەیە و سەر و مل و سنگی خۆیان داپۆشن .

(بزانن) هەمو گیان‌لەبـەرێ لەوانەی كە زاوزێ ئەكـەن خـاوەنی هێزی شەهوەت‌ڕانی و ئارەزوی نەفسن لە سروشتدا. ئادەمیزاد كە خوا هەڵیاوێردوە و ئایینی بۆ ناردوە ، فەرمانی دراوەتێ كەوا بـە غەیـری ئەو یاسـا و ئوسـوڵە نەجوڵێتەوە كە خوای تەعالا لە مەیدانی پەیوەندی نێر و مێدا دایناوە و ، شوێن ئارەزوی نەفس نەكەوێ بۆئـەوە كە نەوەی ئـەم و ئەو تێكـەڵی یەك نـەبن و خانەدان و خێزان تێك‌نەچێ و ئاشوب نەكەوێتەوە لەناو ئادەمیزاددا .

هەروا بزانن هەركارێ كە ڕەوا نەبێ ، سەرەتا و پێش قەرەوڵیشی ڕەوا نیە ، مەسەلا هەروەكو زیناكردن و دەست‌بردن بۆ نامەحرەم كردارێكی تاوان و ناشەرعییە ، تەماشاكردنی ئافرەتی نامەحرەم بۆ پیاو و هێ پیاوی نامەحرەم بۆ ژن و دەست‌دان لە لەشی و بەتەنها دانیشتن لەگەڵیدا ، ئەویش تاوان و گوناهە چونكە ئەبن بە سەرەتا و پێش‌قەرەوڵ بۆ زینا و دەس‌بردن بۆ نامەحرەم . لەسەر ئەم بنـاغەیەیە زانایانی (اصول الفقه) وتویانە سەرەتای كرداری واجب مادەم لە ئیختیاری موكەللەفدا بێ واجبە و ، سەرەتـای كرداری حەرامیـش هەروا حەرامـە .

بۆ ئیشـارەت بەو ئەنجامە خراپانەی لە تەماشاكردنی ئافرەتی نامەحرەمەوە پەیدا ئەبن ، پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « اَلنَّظْرَةُ سَهْمٌ مَسْمُومٌ مِنْ سِهامِ اِبْلِيسَ » واتە : تەماشاكردنی ئافرەتی نامەحرەم تیرێكی زەهراوییە لە تیرەكانی شەیتان . مەبەستی لەوەیە وەك چۆن ئەو تیرە زەهراوییە ئەگەر بەتەنیا تیژییەكەی و بەو برینەی لە ئینساندا ئەیكا ، ئینسـان نەكوژێ ، بە ژاراوییەتەكەی ئەیكوژێ ، هەروەها تەماشاكردنی نامەحرەمیش هەرچەند لـە ذاتی خۆیدا تاوانێكی زۆر گەورە نەبێ ، بەڵام بە پەیداكردنی پەیوەند لـەنێوان نەفسی ئینسـان و ئەوكەسـەدا كە بۆی ئەڕوانێ و مانەوەی ئەم پەیوەندە لە دڵدا ، ئینسـان خراپ ئەكا و ئامادەی ئەكا بۆ دوبارە كردنەوەی ئـەو تەماشایە تا وردە وردە ئەگا بە تاوانی گەورە. هەر لەبەر ئەم ترسەیە دروسـت نیە پیاو بەتەنهـا لەگەڵ ژنی نامەحرەمدا دانیشێ چونكە یا ئەكەوێتە تاوانەوە یـا گومانی تاوانی پێ‌ئەبرێ . هەر لەبەر پەیوەندی نەفسێ پیـاو و ئافرەتیشە بەیەكترەوە و لەبەر موسـەخخەربونی نەفسی ئینسانە بۆ ئارەزو ، حەزرەت لە گەڵێ حەدیثدا پیاوانی

موسوڵمانانی ترساندوه له تێکەڵبوون لەگەڵ ژنان و هەڵخەڵەتانیان پێیان . بە هەرحاڵ داوێن‌پاکی بە خۆی و سەرەتاکانیەوە کارێکی زۆر بەئەهمیەتە بۆ ئینسانی موسوڵمان .

له داوێن‌پاکیە ئەمە کە ئینسان نەڕوانێ بۆ حەوشەی ماڵی خەڵك یا بۆ ناو هۆدەی و بۆ هەرکوێ کە کەسێکی تیا دابنیشێ ، بەتایبەتی لە کاتی‌وادا کە کاتی حەسانەوە و خۆ ڕووت‌کردنەوە و نوستن بێ . هەروا لەگەڵ نامەحرەمدا سەفەر نەکا. هەروا کە بانگ‌کرا بۆماڵێك بۆ نان خواردن، بە بەهانەی خۆشەویستییەوە تەماشای نامەحرەمی ئەو ماڵە نەکا . ئەمانە هەمـو تاوانن و بـە بێ‌ناموسی و داوێن‌پیسی ئەدرێنە قەڵەم و بە بێ‌شوعوری ئەژمێررێن .

داوێن‌پیسی زەرەری زۆرە بۆ ئادەمیزاد، یەکێکیان ئەوەیە بە تەماشاکردنی نامەحرەم تۆوی بێ‌شەرمی لە دڵی ئەوکەسەدا ئەچێنرێ و ئەم تەماشایە مەراقی لەناو دڵدا دروست‌ئەکا تا تەماشاکە دوبارە و سێ‌بارە ئەکاتەوە . دوهەم مادەم ئەو نامەحرەمە لە پێش‌چاوی تەماشاکەرەکەدا جوان بێ حەسرەت و ئێشێکی زۆر سەخت لە دڵیا پەیدا ئەبێ و گەلێ‌جار وائەبێ ئەبێ بەهۆی ناساغی و لەڕ و لاوازی تەماشاکەرەکە . سـێهەم : کەسێ بـۆ نامەحرەم بڕوانێ مـادەم ئـەو نامەحرەمە لە حەلاڵی خـۆی جـوانتر بێ ، ئـەبێ بەهـۆی سـاردی لەنێوان تەماشاکەرەکە و حەلاڵەکەی خۆیدا و بەپێچەوانەشەوە، بەم‌جۆرە لەوانەیە دڵیان لە یەکتری سارد ببێتەوە و ئاشوب و هەرا لە ماڵا پـەیدا ببێ لەنێوانیانا و ئەم ئاشوبە ئەکێشێتەوە بۆئەوە کە لەیەك جـوێ ببنەوە و بنەماڵەی خێزانەکەیان تێك‌بچێ . چوارەم : وائەبێ ئەم‌کەسەکەوا بەردەوام ئەبێ لەسەر تەماشاکردنی نامەحرەم ، پەنابەخوا ، توشی زینا ئەبێ کە لە تاوانە گەورەکانە لە شەریعەتی ئیسلامدا و ، لەم تاوانەشەوە چەند زیان پەیدا ئەبێ :

یەکەم : فێربونی کردەوەیەکی بەد کە لە ئایینی ئیسلامدا لەپاش کوشتن تاوانی یەکەمە . دوهەم : زێ‌تێ‌چونی توش‌بونی نەخۆشی‌وا کـە تیماری زۆر زەحمەت و گران بێ . سێهەم : لەدەس‌چونی دارایی ئەوکەسە بە سەرف‌کردنی لەپێناوی ئارەزوبازیدا و بۆ تیمار بەنیسبەت ئەوانەیانەوە کە توشی نەخۆشی خراپ ئەبن . چوارەم : نەمان یا کەم‌بونەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان ژن و مێرددا . پێنجەم : ئەو هەرا و ئاشوبەی لەم کردارەوە پەیدا ئـەبێ لەو ولاتانەدا کە بە چاوی ڕێز و قەدرەوە تەماشای مەسەلەی شـەرەف و ناموس ئەکەن. جا لە حاڵێکا کە پیاو توشی ئەم گوناهە گەورەیە ببێ لەوانەیە ژنەکەیشی لەبەر ئارەزو یا لەبەر تۆڵە سەندنەوەی خۆی توشی ئەم کارە ناپەسەندە ببێ .

لەسەر بناغەی ئەم وەزعە ناباره‌یە کە لەئەنجامی داوێن پیسییەوە پـەیدا ئەبێ ، لە ئایینی ئیسلامدا بڕیاردراوە ئەگـەر کوڕی بێ‌ژن یـا کچی بێ‌مێرد ئەم

تاوانەی لێ بوەشێتەوە صەد داری لێ بدرێ و ساڵێکیش دوور بخرێتەوە . ئەگەر لە پیاوی ژندار یا ژنی مێردداریش بوەشێتەوە سەنگەسار بکرێ تا ئەمرێ .. هەر لەبەرئەوەشە کە ئادەمیزاد لەم تاوانە دوور بکەوێتەوە بڕیار دراوە مادەم گەنج ئارەزووی نەفسی پەیدابوو و مەسرەفی ژنهێنانیشی بوو سوننەتە زوو ژن بهێنێ . هەروا سوننەتە کچ زوو شوو بکا واتە پاش باڵغبوون ماتڵ نەکرێ و نەهێلرێتەوە . هەروەها بۆیە سوننەتیشە مارەیی کەم بێ و شیربایی حەرام کراوە و ئەگەر باوك داوای شیربایی بکا ویلایەتی بەسەر کچەکەیەوە نامێنێ و تا تۆبە نەکا بۆی ناگەڕێتەوە . سوننەتیشە پاش نیازی ژن هێنان و شووکردنی کوڕ و کچ و بەر لە خوازبێنی کوڕ و کچەکە تەماشای یەکتر بکەن بۆئەوە کە ڕێکەوتنەکەیان بە ئارەزووی خۆیان بێ . هەروەها سوننەتە لەپێشا هەردوکیان لە ڕەوشتی یەکتر بپرسن تا باش لەیەك حاڵی ببن .

بزانن هۆی یەکەمی فێربوونی داوێنپیسی بریتییە لە هاوڕێیەتی ئینسانی بێئەخلاقی ناپاك . بەتایبەتی پێویستە گەنج ، کوڕ بێ یا کچ ، لە عومری چواردە ساڵان بەملاوە تا بە هاوڕێی شەرعی خۆیان ئەگەن مەجالی ئەوەیان نەدرێ لەگەڵ ئینسانی داوێنپیس و بێناموسدا هاوڕێیەتی و تێکەڵی بکەن . ئامادەیی لاو بۆ فێربوونی ئەخلاقی خراپ لەم تەمەنەدا وەکو گڕگرتنی بەنزینە لە نزیکی ئاگرەوە . هۆی دووهەمی فێربوونی داوێنپیسی هاتوچووی ئەو شوێنانەیە کە دیمەنیوایان تیا پیشاندەدرێ هانی گەنج ئەدەن بۆ گرتنەبەری ئەم ڕێگایە وەك هەندێ فلیمی سینەما ، یا ئافرەتیان بەشێوەیوا تیا دەرئەکەوێ کە گەنج ئەخاتە سەر ئەم ڕێگایە وەك تیاترۆخانە و شتیوا . هۆی سێهەمیشی ئەوەیە مەسرەفی ژنهێنان گران بێ و کەسوکاری ژن داوای خشڵ و کەلوپەل و مارەیی زۆر بکەن وەك ئێستا لە زۆر خێزاندا باوە . چوارەم ئەوەیە کەسوکار بە زۆر ڕێگا لە کچیان بگرن کە شوو بکا بە کەسێ کە موناسبی بێ و ئارەزووی بێ شووی پێ بکا ، یا هەڵیبگرن بۆئەوەی بە ژنبەژن بیدەن بە شوو یا بەتەمای پارە و شیربایی زۆر بیدەن بە کەسێکی پیر و نابار کە کچەکە نەیەوێ .

ڕۆڵەی دڵبەندم سیرەتت ببێ — خولقی ناموس و غیرەتت ببێ
مەشهووری عامە چاو بۆ بینینە — بۆ دۆزینەوەی ڕێگای یەقینە
بە چاو بڕوانە لەبۆ ڕێگای ڕاست — جیابکەرەوە موو لە کاسەی ماست
موتاڵای دەرزی پیرۆزی ئینسان — بە تەماشایە بۆ عیلم و عیرفان
نەك بۆتەماشای جێی شەرمو عەورەت — بوون بە حەیوانات پاش ئینسانییەت
عارە بۆ عاقڵ لەبەر بێکەڵکی — تەماشای شەرم و ناموسی خەڵکی
خەیانەت کاری مەینەتە و سزا — لەبۆ پاشەڕۆژ ئازارە و جەزا
خوا ئەمری داوە بە پیاو و ژنان — کەسیان نەڕوانن بۆ لەشی ئەویان
نەظەر تیرێکە ژاراوییە و پیس — لە تیرەکانی تیردانی ئیبلیس

★ ★ ★

چاو بۆ لادانە لە کۆسپی سەر ڕێ   نەك بۆ فرمانی بێسوودی بێجێ
چاو بەرەللا بێ چاڵ هەڵئەکەنێ   ئیمڕۆ تێیئەگلێی یاخود سبەینێ
بە وردە وردە دەرچوون بۆ گەورە   بەرز ئەبێتەوە دەورە بە دەورە
کاتێ بۆ گوناە کەوتیتە سەما   ئەوەندەت زانی شەرەفت نەما
شوشە کە شکا نالکێتەوە   حەیا کە تکا ناگەڕێتەوە
چاو بۆ پارێزە لە بەرد و لاڕێ   هەتا لانەدا ڕێڕەو لە شاڕێ
بۆ هێنانەوەی قەدری سەلەفە   لەبۆ نوسینی نامەی شەرەفە
بۆ وەرگرتنی تاجی ڕەئیسێ   نەك وەرگرتنی ڕەزیلە و پیسێ

★ ★ ★

بە دڵ تێفکرە و بە چاو بڕوانە   ڕێگەکەت لارە یاخود تەختانە
چاك بەلادا کە بۆ شەرەفکارێ   نەك هەرزەکارێ بۆ شەرمەزارێ
با نەکوژێتەوە وەجاخی بەرزت   با نەشکێ شانی نامۆس و عەرزت
بمێنیتەوە بە تەندروستێ   ناساغ نەکەوێ بە ڕەوشت پەستێ
مایەی دارایێ و پایەت بەرجا بێ   پەنات مەڵبەندی تکا و ڕجا بێ
من لەبەر تۆمە ئەم حیکایەتە   تا خۆت لابدەی لەو جینایەتە
(نامێ) وا ئەڵێ بە داواکردن   داوێنە پاکان لە دنیا فەردن

گوڵی چلوحەوتەم ــ گوڵی دەمپاکێ

نیشانەی یەکێ کە دلی چاکە
یەکەم ئەوەیە کە دەمی پاکە
دەم تەرجومانە بۆ خەزێنەی دڵ
بە خراپ بدوێ یاخود بە چاکە

خوای تەعالا لە قورئاندا فەرموێە :

وقولوا لِلنّاسِ حُسْناً

واتە : قسەی جوان بکەن بۆ خەڵك .

پێغەمبەریش ، درۆدی خوای لێ بێ ، فەرمویەتی :

قُولُوا خَيْراً تَغْنَمُوا ، وَاسْكُتُوا عَنْ شَرٍّ تَسْلَمُوا

واتە : قسەی چاك بکەن بۆ خەڵك با قازانجتان دەسگیر بێ و ، لە قسەی خراپ بێدەنگ بن با بپارێزرێن .

دەمپاکێ بریتییە لە پاراستنی دەم لە وتارێ کە بەپێی ئایین ڕەوا نەبێ بوترێ . وتاریوا کە ڕەوا نەبێ بوترێ جۆری زۆری هەیە ، گرنگترینیان

ئەمانەن : کوفرکردن ، لەعنەتکردن لە خەڵك ، بوختان ، قسەی خراپ بردن بۆلای پیاوی گەورە کە پێی‌ئەڵێن (سعایە) ، قسەهێنان و بردن لەنێوان خەڵکدا بەنیازی تێکدانی بەینیان کە پێی‌ئەڵێن (نمیمە) ، غەیبەت و لە پاشملە قسەکردن، ڕۆشکێنێ ، ناتۆرە هەڵدان بەسەر خەڵکدا ، تەعنەدان لە خەڵك ، جنێودان ، شادەکامێ‌کردن بەوانەی کە تۆشی دەرد و بەڵایەك ئەبن کە بەعەرەبێ پێی‌ئەوترێ (شماتە) ، زەم‌کردن بە ناحەق ، تەعریف کردن و بەسەردا هەڵخوێندنی خەڵك بە ناحەق ، درۆ کردن لەبەر هەر هۆیەك بێ .

خوای تەعالا عەقڵ و هۆشی داوە بە ئادەمیزاد بۆئەوەی بزانێ قسەی باش بکا و کرداری باشی لێ بوەشێتەوە . ئایینی بۆ ناردوە بۆئەوەی ، ئەوەی کە چاکە یا خراپە ، سۆدمەندە یاخود بێ‌سۆدە لە وتار و کردار بیانزانێ ، لە چاك و سۆدمەندەکان نزیك بکەوێتەوە و لە خراپ و بێ‌سۆدەکان خۆی دۆرخاتەوە . دیارە ئادەمیزاد لە هەمۆ کاتێکا قسە و کردەوەی ناپەسەند ناکا ، بەڵکو لەکاتێکا ئەیانکا کە بە گومانی خۆی قازانجێکی لێ دەسگیر ببێ وەکو کاتی تەماع و هەوڵدان بۆ پایە و شان ، یا کاتێ بیەوێ خۆی لە زیانێ لابدا وەکو ئەوە کە دوژمنایەتێ و ناحەزێ هەبێ لەگەڵ کەسێکدا و بیەوێ بە وتاری ناشیرین دۆری بخاتەوە لە خۆی و دەفعی بکا . ئینسانی موسوڵمان بەپێی دین و ئایین داوای لێ ئەکرێ کەوا بۆ خاتری تەماع یا بۆ دوژمنایەتێ لەگەڵ کەسێکدا لە ڕێگەی شەرع و ئایین لانەدا و قسەی ناڕەوای بەدەمدا نەیەت و کردەوەی ناپەسەند نەکا . جا ئەگەر خۆی لە خۆیدا پەیوەندی لەگەڵ ئایین‌پەرستێ ئەوەندە بەهێز بێ ڕاست بڕوا ئەوە باشە ، ئەگینا بە زۆر نەبێ هەرگیز لە ئارەزۆی خۆی لانادا .

بێجگە لەم شتانەی کە وتمانن چەند شتی‌تر هەیە وتنیان زیانی هەیە بۆ ئینسان وەك سوێندخواردن و تەڵاق‌خواردن و ئاشکراکردنی قسەی پەنامەکێ‌وا کە شاردنەوە و نەوتنی پێویست بێ و، قسەی پڕوپۆچ و گاڵتەکردنی لە شێوەی سوعبەتدا بۆ کەیف خۆش کردن وەك کەسانی بەتاڵ و بێ‌کار ئەیکەن ، یا بڵاوکردنەوەی هەندێ قسەی‌وا کە بەڵا و مەینەت بەسەر ئینساندا بهێنێ وەکو ئەوە کە پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ فەرمۆیەتی : «البَلاء موَکَّل بالمَنطِقِ» واتە : مەینەت و ئازار بەسراوە بە زمان و بە قسەکردنەوە . لەناو خەڵکدا مەشهۆرە «سَلامَةَ الاِنسانِ فی حِفظِ اللّسانِ» واتە : پارێزراوێ ئادەمیزاد بەسراوە بەوەوە کە ئینسان زمانی لە هەندێ وتاری ناموناسب و نەگونجاو بپارێزێ کە بۆ ئەو شوێنە و ئەو سەردەمە دەست‌نەدا .

وا وردە وردە لە جۆرەکانی وتاری خراپ ئەدوێین و لێکیان ئەدەینەوە .

کوفرکردن . وا ئەبێ ئینسان لەبەر نەفامێ زمانی خۆی بەرەڵلا ئەکا بۆ وتاری‌وا کە ببێ بەهۆی کافربۆن وەکو ئینکاری خوا یا بەندێ لە بەندەکانی

ئیمان و ئیسلام ، یاخود لەکاتی ڕق هەستاندا سەری لێ تێكئەچێ و قسەی ناباری وەك کوفری بەدەمدا دێ . ئەم کردارە ناپەسەندە چەند زیانی لێ ئەوەشێتەوە . یەکەم : ئەوە کە کابرا بەو قسەیەی لە ئایینی ئیسلام دەرئەچێ و پێویستە گورج تەوبە بکا و داوای چاوپۆشی بکا لە خوا ، ئەگینا موستەحەقی ئازاریدنیا و قیامەت ئەبێ . دووەم : ئەوە کە خەڵکیتریش بەهۆی ئەوەوە فێری ئەم خووە ناپەسەند و نابارە ئەبن و هەتا هەتایە هەرکەس کە لەوەوە فێربوبێ وشەیەکی کوفر بەدەمیا بێت ئەمیش ئەبێ بە هاوبەشی تاوانی ئەو . . سێهەم : ئەوە کە بەهۆی ئەم وەزعەوە متمانە و باوەڕ بە دین و ئایینی ئەم کابرایە نامێنێ . چوارەم : بێجگە لە شەرمەساری هیچ سوودێ لەو قسەیە وەرناگرێ .

لەعنەت . لەعنەت لە مەعنادا داواکردنی ئەوەیە کابرا لەعنەت لێکراوەکە لە ڕەحمەت و میهرەبانێ خوا بێبەش ببێ لە دنیا و قیامەتدا . دوعایوا ڕەوا نیە لە حەقی کەسێکدا نەبێ کە دڵنیا بێ بە کافرێ مردوە . کەسێك لەعنەت لە کەسێك بکا ، بەو لەعنەت کردنەی نزیك ئەبێتەوە لەوە کە خۆی لەعنەتەکەی بەسەردا بێتەوە چونکە داوای نائومێد بونی موسوڵمانێکی کردوە .

بوختان . بوختان کە بە عەرەبێ پێیئەوترێ (بهتان) ئەوەیە ئینسان بە درۆ عەیبێکی ناڕەوا بداتە پاڵ کەسێك مەسەلا بڵێ کوفری کردوە یا کەسێکی کوشتوە یا زینای کردوە ، یا شتێکیتری لەمچەشنەی کردوە . ئەم جۆرە نیسبەتدانانە لە ئایینی ئیسلامدا زۆر ناڕەوان و تەنانەت ئەوەی بوختانی زیناکردن بەدەم کەسێکەوە بکا ئەبێ هەشتا داری لێ بدرێ مادەم ئیسپاتی ئەوە نەکا کە ئەو کەسە زیناکەی کردوە و بە فاسقیش ئەناسرێ و شایەتێ لێ وەرناگیرێ مەگەر تۆبە بکا و ساڵێ بەسەر تۆبەکەیدا تێبپەڕێ .

قسەی خراپ بردنیش بۆلای پیاوی گەورە ، تاوانێکی گەورەیە و بەپێی کردەوەی کابرای گەورە لەگەڵ ئەوکەسەی قسە لەبارەیەوە براوە بۆ لای ئەو پیاوە گەورەیە ، گوناە ئەکەوێتە ئەستۆی قسە بەرەکە ، بەتایبەتێ قسەبردنێ کە ببێ بەهۆی کوشتن یا نانبڕین . بەڵکو ئەگەر کابرای گەورە هیچ ئازارێکیش نەگەیەنێ بەوکەسە کە قسە لەبارەیەوە براوە ، ئەم هەر گوناهبار ئەبێ . لەڕاستیدا قسەبردن زیانبەخشە چ بۆ کابرای قسەبەر و چ بۆ قسە لەبارەوە براوەکە و چ بۆ گەورەکە کە قسەی براوەتە لا . بۆیە پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « حَدِيثُ السَّاعِي مُثَلِّثٌ » واتە : قسەی ئەوکەسەی قسە ئەبا بۆلای خاوەن دەسەڵات سێ کەس تۆشی زیان ئەکا وەکو باسمانکرد .

قسەهێنانیش لەنێوان خەڵکدا بەنیازی تێکدانی بەینیان کە پێیئەڵێن (نمیمە) وەکو ئاگری هاوین وایە کە بەربێتە شارای دەغڵ و گەڵێ زیان و فیتنە و ئاشوب و کوشتاری لێ پەیدا ئەبێ . بۆیە حەزرەت درودی خوای لێ بێ

فەرموویەتی : « لایَدخُلُ الجَنَّةَ قَتّاتٌ » واتە : ئەوەی قسەی خراپ لەبەینی خەڵکدا دێنێ و دەبا ناچێتە بەهەشت .

غەیبەتیش ئەوەتە کەسێك ناوی یەکێ بەجۆرێ ببا کە خۆی یا کەسێك لە ئەندامانی خێزانی یا هۆزی یا نەتەوەی یا هەر پەیوەندێکی عەیبێکیان تیایە کە ئەگەر ئەوان ببیستنەوە پێیان ناخۆش بێ و لەوانەبێ هەرایەکی لێ پەیدا ببێ . لەبارەی تاوانی گەورەی غەیبەتەوە خوا فەرموویەتی : « وَلا یَغتَب بَعضُکُم بَعضاً ، ایُحِبُّ احَدُکُم اَن یَاکُلَ لَحمَ اَخیهِ مَیتاً » واتە : نابێ هەندێکتان غەیبەتی هەندێکی ترتان بکەن، چونکە غەیبەت کردنی کەسێك وەك خواردنی گۆشتی ئەو کەسەیە بە مردوویی ، دەسا کێتان حەز ئەکا گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوا ؟ سەیرێکی ئەم وێنە بەسام و دڵ لێبێزراوەی غەیبەت بکەن کە خواوەند لە قورئاندا پیشانی داوە . لەڕاستیدا غەیبەت دەرگای دوژمنایەتی ئەکاتەوە لەنێوان خەڵکدا ، چونکە کابرای غەیبەت کراو کە غەیبەتەکەی خۆی بیستەوە ، ئەویش ئەکەوێتە بیری تۆڵە سەندنەوە بە غەیبەتێکی تر و بەمجۆرە چەند ئازار و بێزار لەنێوانیاندا ڕوئەدا و ئەکێشێتەوە بۆ گەلێ مەینەت و پشێوە لەنێوان موسوڵماناندا . لەولایشەوە بەهۆی غەیبەتەکەوە هەردولا لە بەرچاوی کۆمەڵدا سوك ئەبن و خەڵکیش لە سوود لێ وەرگرتنیان نائومێد ئەبن .

ڕوشکێنی و ناتۆرە هەڵدان بەسەر خەڵکدا و تانەدان لە خەڵك و جنێودان بە خەڵك ئەمانە هەموو جگەری ئەوکەسەیان پێ بریندار ئەبێ کە ئاراستەیان کراوە و پێیان ئەکەوێتە گیروگرفت و موشکیلەی نەفسییەوە، چونکە ئەم وەزعانە ئەبن بەهۆی سوکبوونی ئەوکەسە لەناو کۆمەڵدا و کەسیش ڕازی نابێ بەوە کە پایەی بشکێ و لە هەمانکاتدا ئەویش هەوڵ ئەدا بۆئەوە کە وێنەی ئەو قسانە بە کابرا بڵێتەوە جا هەردولا ئەبن بە کەسێکی بەد وەکو حەزرەت درودی خوای لێ بێ فەرموویەتی : « المُتَسابّان شیطانانِ یَتهاتَرانِ » واتە : دوکەس کە جنێو بە یەکتر بدەن ، دو شەیتانن قسەی تاڵ بە یەکتر ئەڵێن .

کەواتە زۆر پێویستە ئادەمیزادی موسوڵمان شەرم بکا لە خودا و لە پێغەمبەری خودا و لە شەرافەت و پایەی خۆی و ، پایەی موسوڵمانان نەشکێنێ و دڵیان ئازار نەدا ، چونکە ئەم جۆرە وتارە نابارانە و ئەم کردەوە ناپەسەندانە ئەبن بەهۆی پەیدابوونی دوژمنایەتییەکی نەبڕاوە لەناو کۆمەڵدا و خانەدان لە خانەدان و هۆز لە هۆز و مامۆستا لە قوتابی و بچوك لە گەورە و برادەر لە برادەر و ژن لە مێرد جیائەکەنەوە . مەشهورە برینی تیر سارێژ ئەبێ ، بەڵام برینی قسە خۆش نابێتەوە . بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی : « یا اَیُّهَا الَّذینَ آمَنوا لا یَسخَرْ قَومٌ مِن قَومٍ عَسی اَن یَکونوا خَیراً مِنهُم ، وَلا نِساءٌ مِن نِساءٍ عَسی اَن یَکُنَّ خَیراً مِنهُنَّ ، وَلا تَلمِزوا اَنفُسَکُم وَلاتَنابَزوا بِالالقابِ . بِئسَ الاِسمُ الفُسوقُ بَعدَ الایمانِ وَمَن لَم

يَتُب فاوُلئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ » واتە : ئەی موسولمانینە ! با هیچ کۆمەڵە پیاوێ گاڵتە بە کۆمەڵە پیاوێکی‌تر نەکەن ، لەوانەیە گاڵتە پێکراوەکان لە گاڵتەکەرەکان چاکتر بن . با کۆمەڵە ژنێکیش گاڵتە بە کۆمەڵە ژنێکی‌تر نەکەن ، لەوانەیە گاڵتە پێکراوەکان لە گاڵتەکەرەکان چاکتر بن . خۆیشتان مەکەن بە نیشانەی تیر و توانج و ناو و ناتۆرەی ناشیرین لە یەکتر مەنێن . ئەم ناو و ناتۆرە خراپانە زیان‌بەخش و ناشیرینن پاش‌ئەوەی کە هەردولا ئیمانتان بە خوا و پێغەمبەر هێنا و لە تاریکی گومڕاهییەوە چونە بەر ڕۆناکی موسولمانەتی . ئەگەر لەمەولایش کەسانێ ببن تۆبە نەکەن لەم گوناهە نابارانە ئەوە ئەوکەسانە بەڕاستی بە ستەمکار ئەژمێررێن .

شادەکامییش کە بە عەرەبی پێی‌ئەڵێن (شماتە) ئەوەیە یەکێ تۆشی مەینەت و مصیبەتێ بۆبێ و کەسێکی‌تر ئۆخەی بۆ بکا بڵێ دە بخۆ ئەوە دردت بێ ! کرداری‌وا کرداریکی سوك و پەستە ، چونکە مادەم کابرای گیرۆدە بۆ کابرایەکی موسولمان بێ پێویستە ئینسان بەهۆی ئەو مەینەتەوە کە تۆشی بوە دڵگران ببێ چونکە موسولمان برای موسولمانە و نابێ بەهۆی ناحەزییەکی نێوانیانەوە دڵیان لەیەك ئەوەندە ڕەش ببێ حەز لە گرفتاربونی یەکتر بکەن. زیاد لەوە ئەو خودایە کە ئەویانی تۆش کردوە ئەتوانێ ئەمیش تۆش بکا . بۆیە پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « لا تُظهِرِ الشَّماتَةَ لاخيكَ فَيَرحَمهُ اللهُ وَيَبتَلِيكَ » واتە : شادەکامی دەرمەبڕە بەرابەر بە برای خۆت ، نەکا خودا ئەو ڕزگار بکا و تۆ گرفتار بکا . لەناو کوردیشدا مەشهورە : هەرچی بڕواتە ژێری گڵ ، شادەکامی ناڕواتە ژێر گڵەوە . لە هەمو خراپتریش لەم مەیدانەدا ئەوەیە ئینسان بایێ ببێ و وابزانێ ئەوکەسەی تۆش بوە لەبەر بێ‌قابیلیەتی تۆش بوە ، بەڵام ئەم خۆی بەقابیلەت و لێ‌هاتوە و تۆش نابێ . مەسەلەی کوردی ئەڵێ : بەخ ناچێتە قەبرەوە .

پێویستە ئینسانی موسولمان ئاگای لە خۆی بێ و لەم بەردەبازانەدا نەخلیسکێ . پێویستە ئینسانی هوشیار هەر تەعریف و ستایشێکی کەسێك بکا و بەیانی هەر ناتەواوییەکی کەسێکی‌تر بکا زیادەڕەوی تیا نەکا چونکە زیادەڕەوی لە ستایشدا ئەگاتە پایەی گومڕایی و سەرگەردانبونی ئادەمیزاد . باسی ناتەواوی هەر کەسێکیش ئەگەر بە بێ‌ڕەوابونی شەرعی بێ ئەوە کەم و زۆری تاوانە . تاوانیش تا کەمتر بێ باری ئینسان سوکترە . ئەگەر لەسەر یاسای شەرعیش بێ بەوڕەنگە کابرا ڕاوێژی پێ‌کرابێ و ناچار بێ بیڵێ ، ئەوە ئەبێ لە ئەندازەی پێویست لانەدا .

درۆکردنیش هیچ پێویست نیە باسی خراپیەکەی بکەین ئەوەندە ئاشکرایە . لای کەمی خراپی درۆ ئەوەیە ئینسان لە دنیادا قسەی بێ‌نرخ و بێ‌ئیعتیبار ئەبێ و خۆی سوك ئەبێ ، بێجگە لەوە کە لای خوایش موستەحەقی

ئازار و عەذاب ئەبێ و بەگوێرەی ئەنجامی درۆکەی تاوانبار ئەبێ و ئەگەر درۆکە شایەتێ درۆ بێ کە حەقێ بەتاڵ ئەکاتەوە ، ئەوە بە تاوانی گەورە ئەژمێررێ و گەلێ جار چەنـد ئاشوبی لێ پەیدا ئەبێ . ئەگەر سـوێندی درۆیش بێ ئەوە بەپێی یاسای ئیسلام تاوانێکیوایە پێویستی بە کەفارەتە . ئەگەر لە دادگایشدا بێ ئەوە خاوەنەکەی ئەبا بە چاڵی قاری خوادا و وڵاتیش بەمجۆرە سوێندانە وێران ئـەبێ وەکو حەزرەت درۆدی خـوای لێ بێ فەرموێـەتی : « الیَمینُ الفاجِرَةُ تَـدَعُ الدّیارَ بَلاقِع » واتە : سوێندی درۆ وڵات وێـران ئەکا ، مەبەستی ئەوەیە بەهۆی بڵاو بۆنەوەی سوێندە درۆکەوە ئاشوب و فیتنە بەناو خەڵکدا پەرەئەسێنێ و ئەکێشێتەوە بۆ وێرانبۆنی وڵات و بەهۆی سۆك کردنی ناوی خوایشـەوە خوا قار ئەگرێ لەو خەڵکە و وڵاتەکە وێران ئەبێ .

لەملایشەوە سـوێندخواردنی کەسێ لەسەرئەوە کە فلانـە شت ئەکا یا نایکا ، هەر ذەمی کراوە لە ئایینی ئیسلامدا چونکە حەزرەت درۆدی خوای لێ بێ فەرموێـەتی : « الیَمینُ حَنَثٌ اَوْ نَـدَمٌ » . واتە : سـوێند خواردن لەسەرئەوە کە ئەو شـتە ئەکەم یا نایکەم ئەنجامی ئەوەیە کابـرای سوێندخۆر سوێندەکەی بشـکێنێ و کەفارەت بدا . یاخود ئەگەر نەیشـکێنێ پەشیمان ئەبێتەوە ئەڵێ ئەو سوێندەم بۆچی خوارد و بۆچی خۆم هاویشتە ناو کورەی نارەحەتییەوە بـەو سوێند خواردنە . ئەگەر قسەی درۆ بۆ هەڵـە پێکردنی خەڵکیش بێ ئەوە بە مەکر و فێڵ دائەنرێ و خاوەنی قسەیوا تۆشی عەذاب و ئازار ئەبێ وەکو پێغەمبەر ، درۆدی خوای لێ بێ ، فەرموێەتی : « مَنْ غَشَّنا فَلَیْسَ مِنّا » واتە : هەرکەسێ غەش بکا لە موسوڵمانان ئەوە لە ئێمە نیـە ، یەعنی بە موسوڵمانی ساغ ناناسرێت . هەروا فەرموێەتی : « المَکْرُ وَالخَدیعَةُ فِي النّارِ » واتە : کەسێ فرۆفێڵ بکا بـۆ زیان گەیاندن بە موسوڵمانان لەناو ئاگری دۆزەخدا ئـەبێ و ئازار ئەدرێ . خودای تەعالا هەڕەشـەی کردوە لە ئینسانی مەکرباز و فەرموێەتی سەرەنجام خۆی ئەبێ بە داوی مەکرەکەیەوە . لە قورئاندا وتـراوە : « وَلا یَحیقُ المَکْـرُ السَّیِّیءُ اِلاّ باهْلِـهِ » . واتە : فرۆفێڵی خراپ سەرەنجام هەر دەوری خاوەنەکەی ئەداتەوە و خۆیی پێ گیرۆدە ئەبێ .

لە وتاری ناپەسـەندە باسکردنی مردۆ بە خراپە ، چونکە مـادەم کابرا مردوە خۆ تازە ناتوانرێ ئەو کابرایە لـەو خراپەیە بگێڕرێتەوە . بۆ پاراستنی خەڵکیش لە زیانی کردەوەی خراپی وەك کردەوەی خراپی ئەو مردوە ، ئەتوانرێ خراپێ ئەو جۆرە کردەوانە بە خەڵك بگەیەنرێ و باسی ئەوە بکرێ کە ئەو جۆرە کردەوانە بوون بەهۆی زیان پێگەیشتنی نەوەکانی پێشۆ و لە حاڵەتێ تایبەتیدا نەبێ ناوی کەسە کردار بەدەکان نەهێنرێ . پێغەمبەر ، درۆدی خوای لێ بێ فەرموێەتی : « اذْکُروا مَوْتاکُمْ بِالْخَیْرِ » واتە : ناوی مردوەکانتان بە چاکە

بەرن . لەبارەی ئەوەشەوە کە پێویست نیە ئینسـان خۆی بە باسی خراپـەی وەچەکانی پێشـوەوە خەریك بکا ، ئەو ئایەتە باس‌ئەکەین کـە ئەفەرموێت : « تِلْكَ اُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ ، لَها ما کَسَبَتْ وَلَکُمْ ما کَسَبْتُمْ وَلاتُسألُونَ عَمّا کانوا یَعْمَلُونَ » . واتە : ئەو ئۆمەتانەی باسمان‌کـردن ئۆمەتێك بوون بەسەرچوون . ئـەوەی ئەوان کردویانە بۆ خۆیانە و ئەوەیش ئێـوە ئەیکەن بۆ خۆتانە و پرسیارتان لێ ناکرێ لەبارەی کردەوەی ئەوانەوە .

هەر لە جۆری کردەوەی بێ‌سوودە قسەی پڕوپوچ و گەپ و گاڵتەی لە ئەندازە زیاد کە زۆرجاریش وائەبێ هـەرا و دڵئێشانی لێ ئەوەشێتەوە وەك ئەڵێن : المِزاحُ لِقاحُ الضَّغائِنِ ، واتە : گەپ و گاڵتە کردن هۆی بڵاوبونەوەی تۆوی کینەیە لە دڵاندا .

(بێداری) ئینسان ئەبێ لەکاتی قسەکردنا ئاگای لە دەمی خۆی بێ و تا ورد نەبێتەوە لەوەی ئەیەوێ بێڵێ ، نەهێڵێ لە دەمی دەرچێ . مەشهورە : هر سخن جایی و هر نکتە مقامی دارد . واتە : هەر قسەیەك جێی خۆی هەیە . ئینسان ئـەبێ ئاگادار بێ لەوە کەوا قسـە تا لە دڵایە کەس پێی‌نـازانێ و لە بەندیخانەی بنیادەمـەکەدایە ، بەڵام کـە کردێ هەر بەوەوە داناکـەوێ کە لە بەندیخانەکەی ڕزگار بوە و بڕوا بە ڕێی خۆیەوە ، بەڵکو کابرای قسەکەر ئەخاتە بەندەوە و هەر تاوێك لەوانەیە کابرا تۆشی ئەنجامی خراپی ئەو قسەیە ببێ کە کردویەتی .

باشترینی قسە ئەوەیە ئەبێ بەهۆی سوودی کۆمەڵ هەمۆی یا یەکەیەکەکانی وەکو ئەو ئامۆژگاریانەی کە ئەکرێن بۆ موسوڵمانان لە موناسەبەت و ڕێکەوتی وەك ڕۆژانی جومعە و جەژن و کۆبونەوەی موسوڵمانانا ، خوا بە پەخشان بێ یا بە هۆنراوە . لەم جۆرەشدا جوانترینی ئەوەیە کە لەبەر ڕازاوەیی و ڕەوانبێژی پلەیەکی بەرزی ببێ و هانی خەڵك بدا لەسەر کردەوەی باش و بە سود وەك پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « اِنَّ مِنَ الشِّعْرِ لَحِکْمَةً وَاِنَّ مِنَ البَیانِ لَسِحْراً » واتە : بەڕاستی هەندێ شیعر هەیە پڕن لە حیکمەت و ڕاستی و هەندێ پەخشان هەیە وەك جادو کار ئەکەنە سەر دڵ .

ڕۆڵەی هوشیـاری دڵ پڕ شوعـورم — هیـوای ژیـانم ، مـایەی سرورم
ئادەمێ دڵە و دڵ گەنجـی ئەسـرار — یـا پـڕە لە نـور یـا پـڕە لە نـار
یـا وێنەی گوڵـی بـاغی صەفـایە — یـا دڕکوداڵی شـاخی جەفـایە
تەرجومـانی دڵ زیـڕەی زمـانە — زمـان کاشـیفی دڵـی ئینسـانە
ئاگـات لە دڵ بـێ بـا دڵت پـاك بێ — بە وێنـەی جـامی مینای ڕۆناك بـێ
چونکـە ئەوکەسـەی دڵی ڕۆنـاکە — لە خەوش‌وخـاڵی کەدورەت پـاکە

★ ★ ★

ئاگات لە خۆت بێ بە حەق‌نەناسێ   کوفری حەق نەکەی بە ناسوپاسێ
لەپاش نیعمەتی ئیجادی وجوود   تەمێ و تەربییە و میهرەبانێ و جوود
لەپاش نیعمەتی عەقڵ و هۆشی تۆ   ناردنی مایەی عەیش و نۆشی تۆ
لەپاش صورەتی (احسن التقویم)   لەپاش دەماغ و شوعوری سەلیم
پاش بەعثی ڕەهبەر بۆ ئیرشادی عام   تەنویری عوقوڵ بۆ دینی ئیسلام
حەق نیە بۆ تۆ خۆت خامۆش بکەی   حوقوقی خودا فەرامۆش بکەی
لەعنەت و نەفرین نەکەی بە زمان   نەفرین حەرامە لەسەر موسوڵمان
هەرگیز خۆ مەگرە بە بوختانەوە   ئەگەر دڵت وا بە ویژدانەوە
بوختان تیرێکە تیژ و ژەهراوێ   ئەدا لە دڵ و بەندی هەناوی
وەها کە بدەی لە بێ‌گونایێ   بە بێ‌ئاگایێ بیخەیتە چایێ
جا نەخوازەڵا بوختانێکی‌وا   بدا لە نانی ماڵێکی ئاوا
ئەوەی کە ذەوقی لە نان‌بڕینە   دوژمنی دین و مانیعی ژینە
نان‌بڕین ئەبێ بە مایەی غەوغا   ئەبێ بە ئاشوب بۆ گەدا و ئاغا
یەکێ ئەم فیتنە بکوژێنێتەوە   ژیانی گەلێ ئەژێنێتەوە
خۆزگەم بەوکەسە بە بێ‌چاووڕاو   ئەبێ بە حافیظ بۆ نانی داماو

★ ★ ★

بەدێ و بەدگۆیێ لەلای سەرداران   غەضەب ئەڕژێنێ بە وێنەی باران
ئەم بە وتارێ گەلێ ئەکوژێ   خودایش بارانی قاری ئەڕێژێ
کێ بێ خۆی بگرێ لەبەر لافاوا   نەسۆتێ لەناو ئەم جۆش و تاوا
واتەی بەد مەبەن بۆ لای خاوەن‌دەس   خەڵکێ توند مەکەن لە تەلی قەفەس
بە فیتنە و ئیفساد هەڵمەکەن عەلەم   ئاگر بەرمەدەن لە گیانی عالەم
کاتێ پەرەی‌سەند ئاگری فەساد   بەر لە ڕەفیقان خۆت ئەبێ بەرباد
بە ئاه و ناڵەی دڵ بریندارێ   شەوێ یا ڕۆژێ ئەتگەزێ مارێ
خودا دێتە قار بۆ دڵ شکاوێ   تۆش زنجیر ئەکا بە ڕشتەی داوێ

★ ★ ★

ئەوەی کە قسە ئەبا و ئەهێنێ   ناوبەینی ئەم و ئەو ئەشێوێنێ
بو ئاگری شەڕ داری وشك دێنێ   خۆیشی وەك ئەوان هەڵئەقرچێنێ
دنیا بە جارێ گشت ئەداتەبەر   گڕ بەرئەداتە کزر و وشك و تەڕ

★ ★ ★

غەیبەت کردنی برای موسوڵمان   ناگونجێ لەگەڵ ئیمان و ویژدان
تۆ غەیبەتی ئەو ، ئەو غەیبەتی تۆ   ئەگبەتێ دێنێ بۆ ئەو و بۆ تۆ
وڵات داتەگرێ بەدێ ئاثاری   گەلێ توش ئەبن بە دەردی کارێ

باوەڕ نامێنێ و متمانە و پەیمان — دڵ خاڵیێ ئەبێ لە نوری ئیمان
کێ بگرێ گۆشتی مردوی خۆی ئەخوا — چون دنیایەکە دنیایەکیوا !

★ ★ ★

نە توانج بگرە و نە تیر و تانە — لە کەس ، خۆیێ بێ یاخود بێگانە
کە پەستێ کەسێ بە خەڵك ئەنوێنێ — شەرەف و قەدری خۆیشت ئەشکێنێ
وریابە نەکەی قەت سەرشەق نەبێ — فێری جنێو و قسەی ڕەق نەبێ
عەیبە قسەیێ بدەی بە هەوا — خۆتی پێ بکەی بەدناو و ڕیسوا
دڵ مەیەشێنە چونکە دەردی دڵ — چاك نابێتەوە هەتا ژێری گڵ
سەهلە زامی دڵ چاك ببێتەوە — بەڵام هەمیشە سوێی ئەکولێتەوە
بۆ زامێ ئەکەی کە بە وێنەی خاڵ — شینبکاتەوە بە درێژایێ ساڵ
مولکی ئەم دنیا ئەوە ناهێنێ — ئینسانێ دڵی یەکێ بێشێنێ

★ ★ ★

هەرگیز لامەدە لە ڕادەی عادەت — نە بۆ عەداوەت نە بۆ عیبادەت
نە بۆ زویرێ و شکات لە جەفا — نە بۆ تەعریفی ئەربابی صەفا
هەرکەس لە چەرخا ڕانەگرێ میزان — ببێ بە فیدای کەسێکی نەزان

★ ★ ★

نەکەی بە شێوەی هەوای نەفامێ — خۆت دڵخۆش بکەی بە شادکامێ
(شاکامێ) ناکەن مەگەر نەفامان — مەگەر هەرزەگۆ و هەرزە کەلامان
نازانێ خودا باش خەبەردارە — لەم وەزعی تۆیە زۆر ئاگادارە
داماوی ناکام ڕۆیێ بە ئەرزا — تۆیش سبەی ئەڕۆی بە ناخی درزا
بە کورتێ و کوردێ نیشانەی مەردێ — خۆ دورگرتنە لە هۆی دڵ سەردێ

★ ★ ★

زمان شیرێکی خاوەنبڕشتە — شیروەشێنەکەیش خولق و سروشتە
بۆ تەمێی ئادەم بو ئامۆژگارێ — بۆ دەرخستنی ڕێگای ڕزگارێ
پلوسکی پاکی سەرچاوەی دڵە — دڵ بونی خۆش بێ ئەویش هەر گوڵە
جاربەجار مشتێ لەو ئاوە جوانە — مایەی مانەوەی گەلی ئینسانە
جاربەجار وێنەی پیاڵەی ژارە — زیندو ئەمرێنێ ئەوەند بەکارە
یەعنی زمانت وێنەی تەرجومان — مەبەستەکانت ئەدا بە جیهان
کەلام صیفەتی موتەکەللیمە — نەخۆش بێ نەخۆش ، ساغ بێ سالمە
هەروا دەست و پێت خادیمی دڵن — یا نێشی خارن یا پەڕەی گوڵن
خۆزگەم بەو دڵەی جێگەی ئەنوارە — لە ڕوی جیهانا لانەی ئەسرارە

★ ★ ★

دەم و زوبـانێ کـە وان لەکـارا — سبەینێ ئەزرێـن لە گـڵ و خـارا
تۆ بە دەم تـۆوێ نـاچێنیتە گـڵ — سبەینێ بـێ بـە دارێکـی گـوڵ
دەرچێ لـەم ئـەرزە بەرەو ئاسمان — دەماغت پڕکـا لە ڕەوح و ڕەیحـان
هـەر وتـارێکت شـیرین وتـارە — سـبەینێ بـۆ تۆ بـاخ و گوڵـزارە
هەروا هەر کـارێ بەسـود و بەر بێ — بە شەرعی ئیسلام خـاوەن ئەمەر بێ
سبەی بە وێنـەی کۆشکی شاهانـە — جیلوەگـای تۆیـە ئەو کۆشکە جوانە
بەپێچەوانەیش ئەسڵە نـەك عەکسە — ئەمە فەرمـودەی جەنـابی قودسە

★ ★ ★

چیت لێ کەم ئەبێ بەم واتـە چـاکە — لە خۆت گەورەتر بانگ بکەی : کاکە
بـە بێـگانەی بڵێی : بـرا گیـان — لـە خزمەتـایە چ مـاڵ و چ گیـان
کە چۆی بـۆ خزمەت عـالمی زانـا — بە شـێوەی ئەدەب بڵێی : مەولانـا
بە پیران بڵێی مامە و خـاڵە و پـور — بە ئافرەت بڵێی هەی خوشکی ڕۆسۆر

★ ★ ★

بێجگـە لەمـانە ئیسـلام پـاکییە — صەفای سینەیـە و دڵ ڕۆنـاکییە
چڵوبەرگی بەر هەم دەس و ڕوخسار — بگەشـێنەوە وەك گوڵـی هەنـار
کاسە و گلاست تا قـۆرێ و پیـاڵە — خاوێـن بێ چونکـە زینەتـی مـاڵە
خودا بـە دیمـەن جەمـالی ئـەوێ — لەبـارەی مەعنـایش کەمالی ئەوێ

گوڵی چڵوهەشتەم ـ گوڵی تەندروستی و ئاسایش

نیعمەتی گەورەی خـودا بۆ ئینسان
یەك لەشساغییە و دۆهەمیان ئەمان
واتە بێ تـرسی گەزەنـدی بەشـەر
بەسەربەی بۆ خۆت سەردەمی ژیان

پێغەمبەر ، درودی خوای لێ بێ ، فەرموێەتی :

نِعْمَتانِ مَغْبُونٌ فِيهِما كَثِيرٌ مِنَ النّاسِ الصِّحَّةُ وَالفَراغُ

واتە : دۆ نیعمـەت هەن گەلێ کـەس حەقی خۆیانیـان نادەنەدەس و بەتەواوێ قـەدریان نازانـن ، یەکەم ساغێ لەش و دۆهەم بـونی مەجـاڵ بۆ خۆخەریكکردن بە کاری سودمەند و بەکەڵکەوە .

لە هەندێ ڕیوایەتیشدا لەجیاتێ (والفراغ) گێڕراوەتەوە : (والأمن) واتە ئەمینێ و نەترسان لە ستەمکار .

بەڕاستێ هەرکام لەم دۆ ڕیوایەتە تەماشا بکەین هەر ڕاستە ، چونکە چ‌نیعمەتی مەجاڵ بۆن بۆ خۆخەریكکـردن بە کاری بەکەڵك و بەقازانجەوە و

چ نیعمەتی ئەمین بوون لە ستەمی ستەمکار هەردوکیان دوو نیعمەتی گەورەن نرخیان تەواو نابێ . لەواقیعدا ئادەمیزاد ئەگەر لەشی ساغ نەبێ ژیانی پڕ ئەبێ لە دەرد و مەینەت و کەڵکێکی وای بۆ خۆی لێ وەرناگرێ و بۆ کۆمەڵیش وەك مردوو وائەبێ . ئەگەر لەژێر باری ترس و مەینەتیشدا بێ هەمیشە دڵی پەرێشانە و بنیادەم بە دڵی پەرێشان و پڕ لە دڵەکوتەوە ناتوانێ کارێکی ئەوتۆ بەئەنجام بگەیەنێ . بۆیە لە خوا ئەپاڕێینەوە ئەم دوو نیعمەتەمان پێ ببەخشێ و هێزی ئەوەشمان بداتێ لەسەر نیعمەتەکان سوپاسی بکەین .

ڕاگرتنی تەندروستێ بۆ ئینسانێ کە دەستی بگات بە دوکتۆری باش ، بەوە ئەبێ کە لەسەر ئامۆژگاریێ دوکتۆرەکە بڕوا لە خواردن و حەسانەوە و هەستان و دانیشتن و نووستن و شتیوادا و چێ بۆ دیاریێ ئەکرێ ئەوە بخوا و چێ لێ قەدەغە ئەکرێ توخنی نەکەوێتەوە . بۆ کەسێکیش کە دەستی نەگا بە دوکتۆر هیچ لە بەراورد باشتر نیە ، واتە ئینسان لەسەر بەراوردی خۆی ڕەفتار بکا لە ئەندازەی خواردەمەنێ و جۆرەکەیدا . هەروا بە بەراوردی خۆی هەرشتێ زیانی هەبێ بۆی نەیخوا و خۆی لێ بپارێزێ . حەزرەت ، درودی خوای لێ بێ ، فەرموویەتی : « رَأسُ الحِکمَةِ الحِمیَةُ » واتە : بناغەی ڕەفتاری ڕاست بۆ پاراستنی تەندروستێ پارێزکردنە لەو شتانە کە زیانیان هەیە بۆ لەش ساغێ ئادەمیزاد ، چونکە بەراورد دەلیلێکی ساغ و باوەڕپێکراوە .

لەم چەرخەدا زۆرخواردن بوە بە باو . بەڵام لە سەرەتای ئیسلامدا تێرخواردن کەم بوە ، چونکە موسوڵمانان ویستوویانە لەشیان سووك بێ بۆ عیبادەتکردن و نووستنیان کەم بێ بوو شەونوێژ کردن . موسوڵمانەتێ و ئیطاعەکردنی خوایش پەیوەندیان بە ڕابواردن و ئارەزووبازییەوە کەمە . ئەم وەزعەی ئیستا لەگەڵ وەزعی لەمەوپێش زۆر دوورن لە یەك . لە لایەکیترەوە ئینسان تەماشائەکا گەلێجار گەدە (میعدە)ی بەهۆی زۆر خواردنەوە ماندوو ئەبێ ، بەڵکو نەخۆشیش ئەکەوێ . چاری عادەتێ ئەم حاڵە ئەوەیە ئینسان تا ماوەیەك نیوەی ئەوەندە بخوا کە زوو ئەیخوارد ، بۆئەوەی کە گەدەی بتوانێ پاشماوەی پێشووی شیبکاتەوە و لەو دەردی زۆرخواردنەی پێشووی ڕزگار بێ .

لەسەر بناغەی ئەوە کەوا کەمخواردن ئەبێ بەهۆی سووکبوونی لەش بۆ عیبادەت ، هەروا ئەیشبێ بەهۆی نوورانییەتێ دڵی ئینسان ، چونکە بەهۆی ڕیاضەکێشانەوە ئارەزووی نەفس کەمئەبێتەوە و نوورانیەت زۆر ئەبێ ــ خوای تەعالا لە هەموو ئاینێکیا ڕۆژووی فەرزکردوە بەتایبەتێ لە دینی ئیسلامدا ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزی واجب کردوە .

فەلسەفەی ڕۆژوو بەکورتێ بریتییە لە : یەکەم ــ بەهۆی کەمخواردنەوە دڵی ئینسان ڕووناك ئەبێ و نەفسی سەرکێش ڕام ئەبێ بوو تاعەتی خوا .

دۆهەم ـ بەم مەشق کردنە ئینسان خۆئەگرێ بە برسیەتییەوە و لەکاتی نەهاتێ و برسیەتیدا ئەتوانێ ماوەیێ خۆی بگرێ و بژێ . سێهەم ـ بەهۆی برسیەتییەوە قەدر و قیمەتی تێرێ ئەزانێ و سوپاسی خوای تەعالا ئەکا . چوارەم ـ بەهۆی برسیەتێ خۆیەوە لە برسیەتێ داماوان و لێقەوماوان ئاگادار ئەبێ و ڕەحمیان پێ ئەکا . پێنجەم ـ ئیمان و باوەڕی ڕاستەقینەی بە خودای خۆی دەرئەکەوێ چونکە ئەگەر کابرا باوەڕی بەخودا نەبێ ، لە خانوی چۆلی خۆیدا کە کەس بە ئەحوالی ناڒانێ بۆچی نان ناخوا ؟

(بزانن) پێشینان وتویانە بێجگە لەو ڕۆداوانەی لە ئینسان ڕۆئەدەن و ئەبن بەهۆی مردنی وەکو کوژران و سوتان و خنکان و شتیوا ، بەشی زۆری ناساغێ لە سەرما و ماندۆ بوِن و خواردەمەنێ ناموناسب و زیادەخۆرێ و خەم و مەراق و شتیواوە پەیدا ئەبێ . بۆیە پێویستە بۆ ئینسانی ژیر لەبەر ناچارێ نەبێ خۆی زۆر مانـدۆ نەکا و خۆی لە سەرما بپارێزێ و شـتیوا نەخوا کە پێینەکەوێ و زیادەخۆرێ نەکا و زۆریش ئەهمیەت نەدا بە خەم و خەفەت چونکە چاری ڕابوردۆ ناکرێ بە خەم و خەفەت . هەروەك پێویستە ئینسان بە نیعمەتی پەیدابۆیش زۆر شادمان نەبێ . خوای تەعالا فەرمۆیەتی : « لِكَيْلا تَأسَوا عَلى ما فاتَكُمْ وَلا تَفرَحوا بِما آتاكُمْ » واتە : بۆئەوەی خەم نەخۆن بۆ شتێ لە دەستان دەرچوە و شادمانیش نەبن بەوەی خوا پێیداون ، چونکە ئەوەی ڕۆیشتوە ناگەڕێتەوە و خوایش ئەتوانێ بۆتـان بیژێرێتەوە و ، ئەوەش کە بەدەستانەوەیە لەوانەیە لە دەستان دەربچێ و هەر ڕەزای خوا مەبەستە و پشت هەر بەو ئەبەسترێ .

تەندروستێ بۆ ساغێ لەش و ساغێ هۆشە . هەروەکو پێویستە ئینسان چ بە پارێزکردن و چ بە بەراوردکردن و تاقێکردنەوەی خۆی و چ بە پەنابردنە بەر دوکتۆر ساغێ لەشی خۆی بپارێزێ ، هـەروەها پێویستە ساغێ عەقلیشی بپارێزێ ، بەلکو سودی لەشساغێ لەکاتێکا دەرئەکەوێ کە عەقل و هۆشیش ساغ بن . لەسەر بناغەی ڕیعایەت و چاودێرێکردنی ساغێ عەقلە ئایینی ئیسلام شەراب و تریاك و ئەو جۆرە شتانەی حەرام کردوە . ئەو مەشرۆباتەی کە ئینسـان سەرخۆش ئەکەن ، لەوانەیە ماڵ و بەلکو شەرەفیشـی بفەوتێنن و لەناوبەرن . ئەو ئینسـانەی گیرۆدەی خواردنەوە ئەبێ ، ئەبـێ بە دیلـی ئـەم عادەتە . ئەگـەر جارێکیان لەکاتی خۆیدا بۆی ڕێنەکەوێ بخـواتەوە وەزعی تێكئەچێ و واشئەبێ نەخۆشئەکەوێ . ئیسپات بوە کە خواردنەوە دەورێکی خراپ ئەبینێ لە پەیدابۆنی گەلێ نەخۆشێ و لە پەرەسەندنی گەلێ نەخۆشیتردا .

لەم موناسەبەتەدا باسی ئەوە ئەکەین کەوا ئەو شتانەی پاراستنیان لە هەمۆ ئایینێکدا بڕیاردراوە بە ناچارێ ئەمانەن : دین و ئایین ، ژیان ، عەقل و هۆش ، شەرەف و نامۆس ، ماڵ و دارایێ . بۆ پاراستنی ئایین حەد و یاسایەکی

تایبەتی دانـراوە لە کتێبـەکانی شەرعدا بەدرێـژی باسی لێ کـراوە . بۆ پاراستنی ژیـانیش قیصـاص دانراوە کـە لە حاڵەتی کوشـتنی عەمدی و دەسەنقەستدا ئەگاتـە کوشتنەوە . بۆ پاراستنی عەقـڵ و هۆشیش مەنعی خواردنەوەی مەشروبی سەرخۆشکەر بڕیاردراوە و بڕیاردراوە ئەوەی شتیوا بخواتەوە چل تا هەشتا جەڵدەی لێ بدرێ . بۆ پاراستنی ماڵ و داراییش حەد لەسەر دز و ڕێگـر دانراوە کە بـۆ دز دەستبڕین و بـۆ ڕێگر کوشـتن و هەڵواسینە . بۆ پاراستنی شەرەف و ئامۆسیش حەدی قەذف دانراوە کە هەشتا جەڵدەیە و حـەدی زینای بنیادەمی بێهاوسەر کە صـەد جەڵدە و دوورخستنەوەی ساڵێکە و هی هاوسەردار کە سەنگەسار کردنە .

هەروەها بۆ تەندروستی ئینسان پێویستە بنوێ ، بەڵام بە ئەندازەیەك کە لەگەڵ ساغی لەشدا ڕێکبکەوێ ، یەعنی ئەوەندە بنوێ کە لەشی ئارام بێ و ئەوەندەیش زۆر نەبێ کە ببێ بەهۆی دواکەوتنی لە کار و کاسبی و پەیداکردنی هۆی ژیانی خۆی و خێزانی . دیارە کاتی نوستن شەوە ، لە ڕۆژگاری درێژیشدا هەندێ وەختی ڕۆژیش هەر دائەنرێ بۆ خـەو . هەروا ئاشکرایە ئینسان لە شەو و ڕۆژدا حەوت هەشت سەعات بنوێ بەسیەتی. ئەگەر بیشتوانی کەمتر بنوێ و لەشی تێکنەچی ئەوە عەیبی نیە .

هەروا پێویستە بۆ تەندروستی ئینسـان زۆر نەدوێ و لەڕادەی پێویست تێنەپەڕێ ، چونکە تا زۆرتر بدوێ پرسیاری زۆرتری لێ ئەکرێ و کە زۆر دوێ چاکیش و خراپیش بە دەمیدا دێ و ناتوانی ئەوەی لە دڵیـایەتی بە پاڵاوتەیـی دەریکـاتە دەرەوە و ئەوکەسـانەیش کـە قسـەکەی وەرئـەگرن مەلـوول و بەریشـان ئەبـن . کەواتـە پێویسـتە قسـە بەئەندازەی پێویسـت بـێ ، ئەگینا بێدەنگ بێ و خـۆی لە دەرد و مەینەت بپارێـزێ . پێویستیشە ئەو قسـەیەی ئەیکا وایبـکا بە ڕەوانی بێ و خەڵك حاڵی ببن لێی وەکـو پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « رَحِمَ اللّهُ امْرءً اَصْلَحَ مِنْ لِسانِهِ » واتە : ڕەحمەتی خوا لەوکەسەی لە کاتی قسـەکردنا ڕاست و ڕەوان بێ .

پێویستیشە ئینسـان هەرچیەکی بیست باشەکەی هەڵگرێ بۆ خۆی و ڕەفتاری پێ بـکا وەکو خـوا فەرمویـەتی : « الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ اَحْسَنَهُ » واتـە : خۆشی بۆ ئەو بەندانەم کە گـوێ بۆ قسە شلئەکەن و شوێنی باشەکەی ئەکەون . ئەگینا بڵاوکردنەوەی قسەی بێبناغە یا هیچوپوچ زیـان ئەگەیەنی نەك سوود ، وەك پێغەمبەر فەرمـویەتی : « كَفى بِالمَرْءِ اثْماً انْ يُحَدِّثَ بِكُلِّ ما سَمِعَ » واتە : بەسە بۆ گوناهی پیاو ئەوە کە هەرچی بیست بیگێڕێتەوە . هەندێ لە زانایان وتویانە : ئەگەر قسەکردن زیـو بێ بێدەنگی زێڕە، بەڵام ڕاستەکەی ئەوەیە قسەکردنیش و بێدەنگییش هەریەکی

ئەندازە و شوێنی تایبەتیَ خۆیانیان هەیە . قسەیوا هەیە واجبە و هیَوا هەیە سوننەتە و هیَوا هەیە حەرامە و هیَوا هەیە مەکرۆهە و هیَوایش هەیە کردن و نەکردنی لەبارەی حوکمی شەرعییەوە وەك یەك وایــە . موهیـم ئەوەیـە هەر قسەییَ بۆ هەرکەسیَ بکریَ لە ئەندازەی تێگەیشتنی ئەوکەسەدا بیَ و بەگوێرەی باری دەروونی ئەو بیَ و لەوانە نەبیَ بیَتاقەت و عاجزی بکا و لە سنووری ئەدەب و ئیحتیرام نەچێتە دەرەوە و قسەی ڕەقی تیا نەبیَ و ئەگەر بەنیـازی هێنـانەدیَ مەبەستێك بیَ وابیَ کە مەبەستەکەی پیَ بێتەدیَ وەکو خوای تەعالا بە پێغەمبەری فەرموە : ادْعُ الی سَبیلِ رَبِّكَ بِالحِکْمَةِ والمَوْعِظَةِ الحَسَنَةِ وجادِلْهُمْ بِالَّتي هِیَ احْسَنُ . واتە : خەڵك بانگ کە بۆ ڕێگەی فەرمانبەرداریَ خوا بە وتار و کرداری باش و ئامۆژگاریَ جوان و بە کام شێوە جوانترە بەو شـێوەیە موجادەلەیان لەگەڵ بکە . مەبەسـتی لەوەیە کەسـانیوا هەن چـاو لە کرداری باش ئەکەن و گویَ بۆ قسـەی جـوان ئەگرن . لەگـەل ئەوانـەدا بەوجـۆرە بجوڵێرەوە . کۆمەڵێکیش هەن حەز لە موجادەلە ئەکەن . ئەوانە موجادەلەیان لەگەڵ بکە ، بەلام با بە جۆرێکیوا بیَ لە هەمو جۆریَ جوانتر و باشتر بیَ .

ڕۆڵەی نموونـەی فریشتەی بـەرزم   لە مـاوەی ژینـا پڕتـەوی ئـەرزم
بڕوانـە بـە دڵ زنجـیرەی دنیـا   بۆ هەر مەبەسـتیَ شـتیَ دانـرا
چوار فەصڵەی جیهان هەرکام بەباریَ   قازانجیان هەیە بۆ ئیـش و کـاریَ
ڕۆژ کـاتی هەوڵـە بـۆ مایەی ژیان   شەو بۆ ئاسایش بۆ لەش و بۆ گیـان
ئەوکەسەی شەو زوو ئەچێتەناو جیَ   سبەینیَ زۆر زوو لە خەو هەڵئەستیَ
بێجگـە لە دوعـا و ئیطاعەی خودا   خودا وەسـیلەی ڕزقیشـی ئـەدا

★ ★ ★

خواردن بـۆ هێـزی لەش و گیـانە   زیـاتر لە پێویسـت بـاری گرانـە
بـا میـانە بـیَ ئـاو و نـانی تـۆ   با سـەر ڕەو نەکـا لە میـزانی تـۆ
بەقـەد ئـارەزوو طەعامێکی پـاك   ئەبیَ بە مـایەی تەندروستیَ چـاك
کە خۆت گرت بە کەم کاتی لیَقەومان   بە خۆشیَ ئەژیت بیَ ئـاخ و ئامـان
کە خواردن کەمبوو نوستن کەم ئەبیَ   بۆ خواپەرستیَ لەشت گەرم ئەبـیَ
بە خواپەرستیَ دڵـت جـەم ئەبـیَ   لە خێـردا نەبـیَ قسـەت کەم ئەبیَ
ئینسـانی کەمدوو کەمخۆر و کەمخەو   هەمیشـە سیمـای پڕە لـە پڕتـەو
بـە نـووری خـودا دڵـی بە ئیمـان   ئەشئـە وەرئەگریَ لـە بەرەبەیـان
ئەو ئەشئـە ئەدا لـە دەمـاخی دڵ   بۆنی خۆشـترە لە نەسریـن و گوڵ
بە وێنـەی بولبول دڵ دێتە فوغـان   نەك بۆ عەشقی گوڵ بۆ عەشقی یەزدان
لیَئـەدا نەغمـەی هـەزار ئـاوازە   عـاریف تیَئەگـا لـەم نـەوعە ڕازە
زەوقی مەحەبەت سەرمەستی ئەکـا   لە دەرد و ئـازار سەربەستی ئەکـا

به نـور ئەسـوتێ وەکـو پەروانـە	لە کەس نـاپرسێ وێنـەی دیوانـە
جـا ئەژێیتـەوە بـە نەزمێکی نـەو	لەسەر حسـێبی پەروانـە پرتـەو

★ ★ ★

به گەزاف نـاڵێم بە چـاوت قەسەم	لـەم قسـەی منـە ببە خـاترجەم
دنیـا بـە بێدڵ پـوچ و بەربـادە	شـا ئەوکەسەیە کـە دڵـی شـادە
بەذەوقی دڵبەر سەرخۆش و سەرشار	هاویـن و پـایز زستـان و بەهـار
ئیـش بە دەم نـابێ بـە کردەوەیـە	هەرکەس تێکۆشـێ بەش بۆ ئەوەیە
لەبـۆ بێدڵان فوغـــان عەبەســـە	هەرکەسێ کەسـە حەرفێکـی بەسە

گوڵی چل‌ونۆهەم ـ گوڵی سوپاسگوزاری بۆ خودا

سـوپاسی خودا فـەرزی ئینسانە
مایەی لێشـاوی فەیضی ئیحسـانە
ئەوکەسەی سوپاس بۆ بە ڕەوشتی
سـەیری بەهەشـتی لەبۆ ئاسـانە

خوای تەعالا لە قورئاندا فەرموێەتی :

لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ ، وَاِنْ كَفَرْتُم اِنَّ عَذابِي لَشَدِيدٌ

واتە : بەڕاسـتێ ئەگەر سوپاسی خودا بکەن لەسەر نیعمـەتەکانی ئەوا نیعمەتتان بۆ زیاد ئەکەم ، ئەگەر ناسوپاسییش بکەن بەرابەر بەو نیعمەتانە ، ئەوە بزانن بەڕاستێ ئازاری من زۆر سەختە .

سوپاسی نیعمەتی خوا کردارێکی مەردانەیە ، ئەوەی دڵی پاك و ڕۆناك بێ لەم کردارە دواناکەوێ . ئینسان بە ویژدانی خۆی چاك و خراپ لە یەك جوێ ئەکاتەوە . جا هەروەکو یەکێ زیانێك بە کەسێك بگەیەنێ ئەوکەسە دڵی پەرێشان ئەبێ ، یەکێ چاکەیەکیش لەگەڵ کەسێك بکا ئەوکەسە دڵی خۆش و شاد ئەبێ و بە پێویستی ئەزانێ دان بە چاکەکەیدا بنێ و ئەوەندەی ئەو چاکەیە تۆڵەی چاکی بداتەوە .

یەکەم کـەس کە سـوپاسی پێـویست بێ ذاتی خـوایە کـە ئینسانی دروستکردوە و صورەت و سیرەتی جوانی پێ بەخشیوە و بە بیر و هۆش و ویژدان و حەواس و هەستی ساغ ڕازاندۆیەتیەوە . دۆهـەم ئەو پێغەمبـەرە نازدارەیە کـە وەکو چرایـەکی عالەمێ لـە جیهاندا هەڵکـراوە و بەرچاوی ئادەمیزادی ڕۆناك کردوەتەوە و شـارەزای کردوە بۆ ڕێگای ڕاست لە هەمۆ بابەتێکەوە و وەسیلەی ڕزگاریێ دنیا و قیامـەتی نیشان‌داوە و گەلێ نیعمەتی

بەسەردا ڕژاندوە . سێهەم ئەو باوك و دایكەن كە هۆی پەیدابونی ئینسانن و ڕەنجێكی زۆریان لەگەڵدا كێشاوە و پەروەردەیان كردوە و چەند جۆر تاڵی و سوێریان لەپێناویدا چەشتوە . چوارەم مامۆستای دەرسی زانستە كە ئینسان بەهۆی ئەو دەرسەوە لە خامی و نەفامی دەرئەچێ و ئەبێ بە ئادەمیزادێكی خاوەنبیری ڕوناك و ئەندێشەی چاك و لە جیهاندا سەربەرزی ئەكات ، بەتایبەتی ئەو مامۆستایە كە بوە بەهۆی ڕوناكبونەوەی دڵ و دەرچون لە تاریكی هەوای نەفس و گومڕاهی بۆ مەیدانی هیدایەت و عینایەتی ئیلاهی تا بوە بە مەردێكی پێگەیشتو و تێگەیشتو . پێنجەم مامۆستای پیشە و سەنعەت كە ئینسانی پێ ئەبێ بە ئینسانێكی ئازاد لە ژیانی دنیایدا . دیارە ئینسان بێزانینی پیشەیەك وەك كوێر وایە ، هەمیشە پێویستی بە كەسێكە دەستی ڕابكێشێ و ئیشێكی پێبكا . بەڵام شەخصی خاوەن صەنعەت خاوەنی خۆیەتی و بە بێمنەت بە سەربەخۆیی ئەژێ ، بەڵكو خەڵكیتر لە سایە و پەنایدا ئەژین . شەشەم هەركەسێ لەم جیهانەدا حوقوق و چاكەیەكی ببێ لەسەرت ، یا لە ڕەنج و كێشەیەك ڕزگاری كردبێ ، یا نان و نیعمەتێكی دابێتێ . ئەمانە سوپاسیان لەسەر ئینسان پێویستە .

سوپاسی ئەمانە هەركام شێوەی تایبەتی هەیە . سوپاسی خوای تەعالا بەوەیە كە ئینسان بە دڵ و بە لەش هەرچی خودا فەرمانی داوە بكرێن ، بیانكا و هەرچی فەرمویەتی نەكرێن ، نەیانكا . سوپاسی پێغەمبەریش درودی خوای لێ بێ ئەوەیە ئینسان تێبكۆشێ بۆ بڵاوكردنەوەی دین و ئایینەكەی و بە دڵ خۆشیبوێ و بە دەم سەڵەواتی لێ بدا و هەركەسێ لە نەتەوەی ئەو بێ حورمەتی بگرێ و بە خاوەن پایە و شەرەف تەماشایان بكا . سوپاس بۆ مامۆستای زانست و ڕێگاپیشاندان و وەستای سنعات و پیشە و هەر خاوەن حوقوقێكیش بەوەیە بە دڵ خۆشتبوێن و ، حورمەتیان بگرێ و شەرمیان لێ بكەی و ، هەر یارمەتییەكیان پێویست بۆ پێشكەشیان بكەی و ، كە تۆشی هەر دەرد و مەینەتێك بون تا پێتبكرێ هەوڵی ڕزگاربونیان بدەی و ، پاش مردنیان دوعای خێریان بۆ بكەی و لەگەڵ نەوەیان باش بێ و پێویستی وەفایان لەگەڵ بەجێبهێنێ .

ڕۆڵەی بەوەفای خاوەن سوپاسم دڵ پڕ لە صەفای حەقیقەتناسم
سوپاس ڕەوشتی سیرەت پاكانە خولقی بەهەشتی دڵ زاناكانە
سوپاس بەرابەر بە نیعمەت ئەبێ ئەنجامی سوپاس هەر ڕەحمەت ئەبێ
نیعمەتی خودا حسێبی نیە جێگەی نوسینی كتێبی نیە
وجود نیعمەتە دەركەوت لە عەدەم خوا ئامادەیكرد بۆ عیلم و عەلەم

★ ★ ★

بەلام بەکورتی چەند بابێ هەیە / بۆ هەرکامێکیان حیسابێ هەیە
یەکەم لەش‌ساغی و تەندروستی تۆ / بۆ وەفا بەهۆی حەق‌پەرستی تۆ
دوهەم ئاسایش لەگەڵ بەروبوم / بە بێ‌توش‌بونی بەلای ڕەش و شوم
بە تەندروستی و بەهرەی ئاسایش / بۆ تۆ دێتەدێ گەشە و نومایش
سێهەم ژیواری ڕەسا بە ئەحواڵ / بۆ خوت و میوان بۆ ماڵ و مناڵ
خانوی بێ‌ژیوار بەندیخانەیە / وەك گوڕی سیای ئەم ژیانەیە
ئەمجار هاوسەری خاوەن وێڵ و فام / ڕازاوە و نازدار وەك تولە نەمام
دەم‌خوش و ڕوخوش ماڵداری ماڵ بێ / خاوەن ڕەوشتی پڕ لە کەماڵ بێ
هاتو بەدڕۆ بوو بەدخوو بەدسروشت / لەگەڵیا مەڕۆ بۆ باخی بەهەشت
بەهەشت لەگەڵ بەد دۆزەخی تارە / ژیان لەگەڵیا چون ژاری مارە

★ ★ ★

چوارەم دراوسێی ئارام و هێمن / وەك قەلایە بوت بەرەوڕوی دوژمن
بۆیە ڕەهبەری پێشڕەوی نازار / پەندی داداوین (الجار قبلَ الدار)
خانوێك ئەگری بێ دراوسێی چاك / ئەگەر ناتەوێ سەر بدەی لە خاك
هاوسێی بەد چاکەت ئەهاوێتە چاڵ / ورتەت لێوە بێ بوت ئەکا بە قاڵ
پەنا بە خودا لە دراوسێی‌وا / ژینە لەگەڵ مار ژیان لەگەڵیا
پێنجەمین هاوڕێی هاودەرد و دڵە / بە دڵ ئامادەی حەللی موشکوڵە
ئەبێ بە سپێر لەبۆ برای خوی / کاتێ کە ناحەز تیرێ باوێ بوی
مایەی سەربەرزی ڕوژانی ژینە / شانازی دنیا و شانازی دینە
ئەمانە وێنەی هومای ڕاسەرن / بە فرچەی هاوین شنە و سێبەرن

★ ★ ★

شەشەم سەرۆکی بەهۆش و دادە / سایەی ڕەحمەتی (ربّ العباد)ە
مایەی ڕەحەتی هەمو عالەمە / هوی ئیسراحەتی بەنی ئادەمە
پێویستە بە دڵ خزمەتی بکەی / هەرگیز مەیدانی ڕەحمەتی نەدەی
شەو و ڕۆژ بە دڵ بپارێتەوە / عالەم لەسایا بحەسێتەوە
بە دڵ ، بە زوبان ، بە خامە و نامەت / یارمەتی بدەی هەتا قیامەت
وڵات بێ سەرۆك بەربەرەللایە / سەروکیش بێ داد دەرد و بەلایە
حەوتەم مامۆستای دەرسی ڕزگاری / هێ دین و زانست هێ سەنعاتکاری
بۆ نەخوشی دڵ چارە و دەرمانە / حەللی موشکولی لەلا ئاسانە
بۆ پێشکەوتنی کومەڵی بەشەر / ڕەوایە ناوی ببەی بە ڕەهبەر
یەك ئینسانی ساغ ملیونێ ئەژێ / بۆ چاری دەرد و بۆ مەینەت کوژێ
ئینسانی لاریش مارە و ئەژدەها / بۆ دەسکەوتی خوی ئەکوژێ صەدها

★ ★ ★

ئەم نیعمەتانـە هـەمۆ بـۆ خـودان   هەر لە ڕەحمـەتی خوداوە پەیـدان
بێ ڕەحمەتی حەق نیعمـەتێ نـابێ   چ لـەبۆ شا بێ چ بـۆ گـەدا بـێ
حەمد و سوپاس و ثەنـا و ستایش   هـەر لەبـۆ خـودا ئـەدا نومایش
بـۆ کەسـێکیوا لەسـەر مەظهەرە   مەسەلا ئەڵێن حـەزرەت ڕەهبـەرە
لـەلای خـوداوە ئـاییني هێنـا   دڵـی تاریـکیکـردین بـە مینـا
ئەڵێن باوکودایك لەسەرخواستی ئەو   بۆن بە وەسـیلەی ڕۆڵەی بە پڕتەو
ئەڵێن سەرکۆمار بـە فەیضی خودا   بۆ بە سایەی خەیر بـۆ دارا و گەدا
هەروا هەرکەسـێ مایـەی نیعمەتە   لـەخوداوەیـە ئـەو حـەقیقەتـە
ئـەمانە هــەمۆ ڕیـزی ئەسـبابن   فەرعی تـەحریری (امّ الکتـاب)ن
تەوفیق بـۆ ئەسباب هەر لە خودایە   تێکۆشانی تۆیش پـەیوەندی تیایـە
لە ئێمە کۆشش لە خـودا تەوفیق   (واللهُ الهـادی سَـواءَ الطـریق)

★ ★ ★

بـا لێـرا شـتێ بـەیانبکەم بـۆت   کۆسپی زل هەیە بـا نەیەتـە ڕێت
ئەو کۆسپە چیـە بایێبۆن لـە خۆ   لەسەر نیعمـەتێ هاتـوە بـۆ تـۆ
زینهـار ئەنـازێ بـە شـانی خۆتا   دار نـەدەی بەسـەر ئیمـانی خۆتا
دەخیل صەد دەخیل ئەڵێی ئـەم نانە   بە هەوڵی خۆمە و بە ڕەنجی شـانە
هەزار شان و قۆڵ بۆ خۆت بکوتـی   کە خوا ئەتداتێ هـەروا بێدەسـتی
ئەڵێیت ئـەم پایـە بە مایەی خۆمە   تەقەلای خۆمە و بە سایەی خۆمـە
پاڵـەوانی زۆر مـردن بێئـەنجام   پاڵـۆیان دانـا بێکـام و مـەرام
تێکۆشان فەرزە بـەڵام سـەرەنجام   وەستاوە لەسەر خودای (ذو الاکرام)

★ ★ ★

ئەسباب دۆ نەوعە بـۆ مایەی ژیان   نەوعێکی دیارێ و نەوعێـکی پەنهان
پەنامەکیەکەی تـەنیا هـەر خـودا   بە ئیرادەی خـۆی جێبەجێی ئـەکا
بەو ڕێگا لێرا کـە تـۆ سـەرئەخا   شێر بۆی بڕوانێ (فورا) بەرئەخـا
موشکولێ هەیـە تیـایـا دامـاوی   ئەوەند هەوڵتدا تیـا تێشـکاوی
بێ عیلم و حەول و تێکۆشـینی تـۆ   دەوا دێ لـەبۆ نـەخۆشـینی تـۆ
یـەکێ ئەبینێ بـە مەحضی ئیحسان   ئەو کـارە زلەت بـۆ ئـەکا ئاسـان
جا خۆت و بەخت و بەختیارێ خۆت   خۆتو وریایێو خۆشکرداری خۆت

★ ★ ★

(لئن شکرتم) شـەرطی خـودایە   زۆربۆنی نیعمەت بـۆ ئـەو جەزایە
(لئن کفرتم) مـەرجی دۆهـەمە   جـەزای عـەذابی نـاو جـەهەنەمە
بەهـار بۆئـەوە بـاران ئـەڕێژێ   باخـەوان داری پڕ بـەر بنێـژێ
ئەگەر تێفکرێ بە عـەقڵ و میقیاس   ئەزانێ فەرزو پێویسـتە سـوپاس

★ ★ ★

سوپاسی خودا ئیخلاصی دینه   به عەقل و نەقڵ ڕیشەی ئایینه
بۆن و بیر و هۆش ساغێ بۆ ئەندام   پایه و مایەی تۆ بەو دێته ئەنجام
خۆ تۆ ئینسانی مەبه بە شاخێ   له سوپاسی حەق خۆت مەکه یاخێ
خوا خۆی فەرمۆیه بێ زیاد و کەم :   بۆ سوپاسگوزار نیعمەت زیاد ئەکەم
لانابا نیعمەت حەتتا له عاصێ   هەتا دەس‌نەکا بە ناسوپاسێ
له دوو جیهانا ئاسایش بۆ تۆ   لەسەر سوپاسه بە بێ گفتوگۆ
هەرکەس که سوپاس ڕەوشتی ئەو بێ   بەشێ له بەهەشت ئەبێ بۆ ئەو بێ
مادەم به سوپاس زۆر ئەبێ نیعمەت   به ناسوپاسێ وەرمەگره زەحمەت

★ ★ ★

سوپاس به دڵه و به دەمه و بەکار   به هیوای جەزای خوای پەروەردگار
بۆ هەر نیعمەتێ خزمەتێ فەرزه   باسی ئەم فەرزه لەسەرمان قەرزه
کەسێ له مالیا خەڵکێ بەشداره   ئەوکەسه بە حەق سوپاسگوزاره
یەعنی ئەو بەشه خودا داویه پێت   لەبۆ خزمەته ئاگات بێ له خۆت
بۆ خۆت ئەصیلی بۆ خەڵکێ وەکیل   خەیانەت نەکەی دەخیل صەد دەخیل
وەکیلی خائین زوو ڕسوا ئەبێ   له سزای خۆیا زوو توانا ئەبێ

★ ★ ★

که هات‌و نەهات هەر بە ڕەحمەت بێ   هەردوو لەلای تۆ ئەبێ نیعمەت بێ
بۆ بەراورده بێ مالت ئەکا   یاخود بێ شان و بێ حالت ئەکا
(لِیَبْلُوَکُمْ) فەرموودەی خوایه   ئینسانی هوشیار لەمە ئاگایه
تا له زحمەتدا سوپاسی بکەی   وەك له ڕەحمەتیا حەق‌ناسێ ئەکەی
ئەگەرنا توخوا پێم بڵێ برا   ئەو هەر ڕاتبگرێ له کۆشك و سەرا
پەروەردەت بکا به ناز و نیعمەت   به پایەی بەرز و بە قەدر و قیمەت
هەرگیز نەبینێ ڕەنج و نەخۆشێ   کام کالا ئاله بۆ خۆت بپۆشێ
ساتێ ئارەقی مەینەت نەڕێژێ   کاتێ تامێکی تالێ نەچێژێ
به چ دەلیلێ ئەڵێی من ساغم   عەبدێکی ساغی سینه و دڵ داغم

★ ★ ★

زۆر کەست دیوه بێ دەست و داماو   بێ‌حاڵ و بێ‌ماڵ خام و ناتەواو
زۆریشت دیوه پیاوی خانەدان   به لێ‌قەوماوێ کەوته ناو کۆلان
مادەم ئینسانی تۆیش هەر لەوانیت   خوا کوڕی نیه تۆیش کوڕی خوا نیت
بەنده تا ماوه فەرزه بەنده بێ   بۆ خودای عالەم سەرئەفگەنده بێ
کەوایه بێ دڵ فەرمان بەردار به   لەسەر بەندەیێ باش پایەدار به
بێ‌جەزا نابێ ، ئەمڕۆ بێ و سبەی   حەقت نافەوتێ به حەقت ئەگەی
به مایەی دنیا یا پایەی بەهەشت   یەکوده جەزات بۆ ئەنێرێته مشت

★ ★ ★

ئەمجار بە ئەمری حەزرەتی داوەر   بێ بۆ سوپاسی جەنابی ڕەهبەر
ڕەهبەر (رَحمةٌ للعالمینَ)ە   پیرۆزێ ژین و هێ دنیا و دینە
ئێمەی دەربازکرد لە تاریکستان   لە شوێن‌کەوتنی ڕێی ڕەشی شەیتان
دەرسی مەبدەئی ئایینی هێنا   دەرسی ژیانی ئەمینی هێنا
دەرسی ئەخلاق و ڕەوشتی هێنا   دەرسی خولوودی بەهەشتی هێنا
دەرسی برایێ و ساغی و یەکێتێ   دەرسی ئارامێ بۆ چەرخی گێتێ
ڕەهبەرێکی‌وا سوپاسی فەرزە   چونکە ڕۆناکێ ئاسمان و ئەرزە
سوپاسی چیە ؟ ئیمانە و باوەڕ   لەگەڵ پەیڕەوێ ئەخلاقی ڕەهبەر
تەئییدی دینی هەتا هەتایە   بە هەر پایەیێ کە لە دەستایە
بەرپەرچدانەوەی دوژمنی ئایین   خزمەتی ئایین تا (یوم الیقین)

★ ★ ★

شوکری باوك و دایك ئەمری قورئانە   پاش خودا و ڕەسوڵ نۆبەی ئەمانە
بە پارە ، بە دەست بە دەم بە فرمان   هەرچۆن پێویست بێ بۆ ڕەوتی ژیان
دوعای خێر بۆیان بەیانێ و شێوان   کە بکەونە بەر ڕەحمەتی یەزدان

★ ★ ★

هەروا سوپاسی مامۆستای زانا   کە دەرسی دادای بەگوێرەی توانا
هەرکەسێ چاکەی هەیە لەسەرت   گەورە یا بچوك یا بەرابەرت
بە مەردێ و گوردێ لادە لە پەستێ   هەرکەس حەقی خۆی بدەرە دەستێ
بۆ نەتەوەشیان لەکاتی جەفا   فەرامۆش مەکە دەستووری وەفا
ناوی گەورەکان فەرامۆش مەکەن   چرای پیاوەتێ قەت خامۆش مەکەن
دڕندەی کێوان نانی بدەیتێ   ئەو نان‌پێدانەی هەر لەبیر ئەبێ

★ ★ ★

با پایەدار بێ حەقی قەدیمێ   هەر بەرقەرار بێ خولقی کەریمێ
هەرکەسێ نەکا سوپاسی ئینسان   سپڵەیە و نایشکا سوپاسی یەزدان
چاوێ نەبینێ نیعمەتی زەوێ   چلۆن ئەبینێ فەیضی مەعنەوێ
هەرکەس بە ساغێ ڕۆی لە خودا بێ   ئەبێ بۆ سوپاس بە دڵ ئاگا بێ
ئەمەیە دەرسی مامۆستای نامێ   بەپێی پەیڕەوی شەرعی ئیسلامێ

گوڵی پەنجاهەمین ـ گوڵی پاراستنی حەقی خودا

هەرکەس پاراستی حوقـوقی خودا
خوایش ئەیپارێزێ لە دەرد و بەڵا
ئینسـانی دڵسۆز حـەقی دابینـە
چونـکە پاداشـی دڵسـۆز یەقینە

پێغەمبەر ، درودی خوای لێ بێ ، ڕۆژێ لە ڕۆژان عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسی ئامـۆزای خستبوە پاشکۆی خۆی ، پێی‌فەرمو : « يا غُـلامُ انّي اُعَلِّمُكَ كَلِماتٍ » واتە : ڕۆڵە من چەند کەلیمەیەکت فێرئەکەم بۆئەوەی ڕەفتاریان پێ بکەی و نیشانیشیان بدەی بە خەڵك « اِحْفَظِ اللهَ يَحْفَظْكَ ، احْفَظِ اللهَ تَجِـدْهُ تِجاهَكَ » واتـە : حوقوقی خوا بپارێـزە ، ئەوەی فەرمانی‌داوە بیانکەی بیانکە ، خوایش حوقوقی تۆ ئەپارێزێ ، چونکە پاداشی ئینسان لـە چەشنی کردەوەکانیـەتی . حوقوقی خوا بپارێـزە و مەهێڵە بفەوتێن ، تۆیش لە پاداشی ئەوەدا هەمیشە خوا لە بەردەمی خۆتدا ئەبینێ و لە هەمو شتێکدا دێ بەدەمتەوە و یارمەتیت ئەدات « وَاِذا سَاَلْتَ فَاسْاَلِ اللهَ » واتە : کە ویستیشت داوای شتێ بکەی لە خوای داوا بکە ، چونکە هەمو شتێ بە دەستی خوا و بە دروست‌کردنی ئەوە و کەس پایە و مایە بە کەس نادا خوا نەبێ « وَاِذا اِسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللهِ » کە ویستیشت داوای یارمەتێ و بەفریاگەیشتن بکەی لە کارێکی دنیایێ یا قیامەتیدا ، هەر ڕۆبکەرە خوا چونکە هەر ئەو بەسەر هەمو شتێکدا دەسەڵاتی ئەشکێ و لەو بەولاوە کەس توانـای هیچی نیە « وَاعْلَمْ اَنَّ الاُمَّةَ لَوِ اجْتَمَعَتْ عَـلى اَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَم يَنْفَعُوكَ اِلاّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللهُ لَكَ » واتە : بیشزانە ئەگەر خەڵك هەمو کۆببنەوە بۆئەوە قازانجێکت پێ بگەیەنن ، ناتوانن هیچ قازانجێکت پێ‌بـگەیەنن مەگەر لە شـتێکدا کە خوا خۆی لـە چارەی نوسیبی « وَاِنْ اجْتَمَعُوا عَلى اَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ اِلاّ بِشَيْءٍ قَـدْ كَتَبَهُ اللهُ عَلَيْكَ » واتە : ئەگەر خەڵك هەمـو خڕببنەوە بۆئەوەی زیانێکت پێ بگەیەنن هیچ زیانێکت پێ ناگەیەنن مەگەر لە شتێکدا کە خوا خۆی لە چارەی نوسیبی . « رُفِعَتِ الاَقْلامُ وَجَفَّتِ الصُّحُفُ » واتە : هەمـو شتێ بڕاوەتەوە ئـەو قەڵەمەی قەزا و قـەدەری پێ نوسراوە هەڵگیراوە و ، ئەو کاغەزەی قەزا و قەدەری لەسەر نوسراوە وشك‌بوەتەوە . کەواتە پێویسـتە ئادەمیزاد هەر پشت بـە خوا ببەستێ و هەر ئـەو بکا بە پاڵپشتی خۆی و باوەڕی وابێ هەمو شتێ بە خواست و ئارەزوی ئەوە .

ئەم فەرمودە بەنرخە ئینسان بانگ ئەکا بۆئەوە کە بە خوای خۆی پشت ئەستور بێ و لەئاست هیچ ئازارێکدا دڵی نەلەرزێ چونکە ئەوەی بە عیلمی

خوادا ڕابوردبێ ڕوئەدا و خواستی لەسەر بوبێ ڕوبدا هەر ڕوئەدا .. ئیتر مەبەست لەم فەرمودەیە ئەوە نیە ئینسان پاڵ بداتەوە لە ئیش‌کردن ، چونکە ئەوەی لە عیلمی خوادا ڕابوردوە ببێ ، ڕایشبوردوە کە ئینسان لە ڕۆژێکی تایبەتیدا هەوڵی بۆ ئەدا و هۆی بۆ بەکاردێ . ئەوەیش لە عیلمی خوادا ڕابوردبێ کە نابێ و خواستی لەسەر نەبوبێ ، بەعیلمیشیا ڕابوردوە کە کابرا سەبەب سازێ بۆ ناکا ، یاخود بەپێی ئەو ئوسوڵەی بۆ جیهانی داناوە ، بۆ هەرشتێ سەبەبێکی بڕیار داوە و لە ئایەتی قورئاندا ئەمری فەرموە کە ئێمە شوێنی ئەسباب بکەوین و بەتایبەتێ فەرمویەتی « وَاَنْ لَيْسَ لِلاِنْسانِ الاّماسَعى » واتە : هەرکەسێ حەقی تۆڵەی ئەوەندەی هەیە کە بۆی تێکۆشاوە و لەوە زیاتر حەقی نیە و هەرچێ زیاد لەوە دەس‌کەوێ لە دنیادا یا لە قیامەتا هەر بە فەضڵی خوا خۆیەتی .

(بزانن) مەعنای ئەو قسەیە کە پێغەمبەر فەرموی : کاتێ داوای شتێکتان کرد هەر لە خوای داوابکەن ئەوە ئەگرێتەوە کە داواکردنەکە ڕاستەوخۆ لە خۆتانەوە بێ یا بەهۆی کەسێکەوە بێ کە داواتان لێ کردبێ دوعاتان بۆ بکا ، چونکە حەزرەت دروودی خوای لێ بێ لەوساڵەدا کە حەزرەتی عومەری کرد بە سەرگەورەی حەج و ناردی بۆ مەککە ، داوای لێ کرد دوعای خێری بۆ بکا . هەروەها چونکە پێغەمبەر فەرمویشیەتی « اَرْجَى الدَّعَواتِ دُعاءُ الاَخِ لاَخِيهِ بِظَهْرِ الغَيْبِ » واتە : نزیکترین دوعا لە قوبوڵبون لەلایەن خواوە دوعای برایە بۆ برا لە پاشملە .

هەروەها مەعنای ئەو قسەیەش کە فەرموی : ئەگەر ویستت داوای یارمەتییەك بکەی ، هەر لە خوای داوا بکە ئەوەیە یارمەتییەکە ڕاستەوخۆ بێ یا بەهۆی کەسێکی‌ترەوە بێ و هەردو جۆرەکە ئەگرێتەوە چونکە وەسیلەسازێ بە حەزرەت لە ژیانی حەزرەت خۆیدا ڕوی‌داوە وەکو ئەوە کە (نسائي) و (ترمذي) گێڕاویانەتەوە کەوا پیاوێکی کوێر هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر عەرزی‌کرد بۆم بپاڕێرەوە لە خوا کە لەم کوێرییە ڕزگارم‌کا ، ئەویش فەرموی ئارەزوت هەیە دوعات بۆ ئەکەم و ئارەزوێشت هەیە صەبر بکە و خۆت‌بگرە بۆ جەزای قیامەتت باشترە ، ئەویش عەرزی کرد ئەمەوێ دوعاکەم بۆ بکەی چونکە کەسم نیە دەستم ڕاکێشێ و هاتوچۆم بۆ ناکرێ . پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ فەرموی بڕۆ دەس‌نوێژێکی باش بگرە و بپاڕێرەوە لە خوای تەعالا و بڵێ : « اللَّهُمَّ اِنّى اَسْاَلُكَ وَاَتَوَجَّهُ اِلَيكَ بِنَبِيِّكَ مُحَمَّدٍ ، يا مُحَمَّدُ اِنّى اَتَوَجَّهُ بِكَ الى رَبّى في حاجَتى لِتَقْضى . اللَّهُمَّ شَفِّعْهُ فِيَّ » واتە : ئەی خودا من لێت ئەپاڕێمەوە و ڕوت تێ ئەکەم بەهۆی موحەممەدی پێغەمبەری خۆتەوە کە پێغەمبەری ڕەحمەتە . ئەی موحەممەد من ڕوت تێ ئەکەم و ئەتکەم بە وەسیلە بۆلای خوا بۆئەوەی ئەم مەبەست و

داوایەم بۆ جێبەجێ بێ . خوایە تکای لەبارەی منەوە قوبوڵکە . « فَعادَ وَقَدْ ابْصَرَ » واتە : کابرا ئەم دوعایەی کرد و دوعاکەی گیرا بۆ و چاوی ڕۆشن بوەوە .

(بخاری) لە تەئریخەکەیدا و (ابن‌ماجە) و (حاکم) لە (مستدرك)دا ئەم حەدیثەیان بە ئیسنادێکی صەحیح گێڕاوەتەوە . (جلال الدینی سیوطی)یش لە (الجامع الکبیر) و (الجامع الصغیر)دا گێڕاویەتەوە .

بە وەسیلە کردنی جاهی مردوێش لەپاش مردنی دروستە و بەڵگەی لە دیندا هەیە وەکو ئەو حەدیثە کە (طبرانی) لە (کبیر) و (اوسط)دا و (ابن‌حیان) و (حاکم)یش گێڕاویانەتەوە و تەصحیحی ئیسنادەکەشیان کردوە لە (انس)ی کوڕی (مالك)ەوە خوای لێ ڕازێ بێ ئەفەرموێت کە (فاطمە)ی کچی (اسد) دایکی حەزرەتی (علی کوڕی ابوطالب) وەفاتی کرد پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ لایا دانیشتبۆ، چونکە وەختی خۆی پاش وەفاتی (آمنە)ی دایکی حەزرەت، (فاطمە) حەزرەتی بەخێو کردبۆ . حەزرەت فەرمۆی خوا ڕەحمەت پێ بکا ئەی دایکی من لەپاش دایکم و ئەمری فەرمۆ قوماشێکی بوردی یەمەنییان بۆ کرد بە کفن و قەبریان بۆ هەڵکەند . کە گەیشتنە ئاستی ئەڵحەدەکەی ، حەزرەت خۆی چوە ناو قەبرەکە و ئەڵحەدەکەی هەڵکەند و گڵەکەشی بە دەستی خۆی ئەکردە دەرەوە . کە قەبرەکەش تەواو بۆ خۆی لەناویا ڕاکشا . ئەنجا فەرمۆی : « اللهُ الَّذي يُحْيِي وَيُمِيتُ . وَهُوَ حَيٌّ لا يَمُوتُ . اغْفِرْ لِأُمِّي فاطِمَةَ بِنْتِ اسَدٍ وَوَسِّعْ عَلَيْها مَدْخَلَها بِحَقِّ نَبِيِّكَ والأَنْبِياءِ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِي فإنَّكَ ارْحَمُ الرّاحِمِينَ » واتە: خودا ئەو خودایە کە خەڵك ئەژێنێ و ئەشمرێنێ و خۆی هەمیشە زیندوە و هەرگیز نامرێ . خوایە لە فاطمەی کچی ئەسەدی دایکم خۆش ببە و گۆڕەکەی گوشاد بکە بۆ خاتری من خۆم و پێغەمبەرەکانی پێش خۆم ، تۆ لە هەمۆ بەڕەحمێ بەڕەحم‌تری .

هەروەها بە وەسیلە کردنی خاتری پیاوچاکان و کرداری چاکیش دروستە. (ابن‌ماجە) بە ئیسنادێکی صەحیح گێڕاویەتەوە لە (ابوسعیدی خدری)یەوە کەوا پێغەمبەر فەرمویەتی : کەسێ لە ماڵی خۆی دەرچێ و ئەم دوعایە بخوێنێ ئەوە خوا ڕۆی ڕەحمی تێئەکا و بەزەیی پیا دێتەوە . دوعاکەیش ئەمەیە « اللّهُمَّ إنّي اسألُكَ بِحَقِّ السّائلِينَ عَلَيْكَ واسألُكَ بِحَقِّ مَمْشايَ هذا اليكَ ، فإنّي لَمْ اخْرُجْ اَشَراً وَلا بَطَراً وَلا رِياءً وَلا سُمْعَةً ، خَرَجْتُ اتِّقاءَ سَخَطِكَ وَابْتِغاءَ مَرْضاتِكَ ، فَاسألُكَ انْ تُعِيذَني مِنَ النّارِ وانْ تَغْفِرَ لي ذُنُوبي ، فَانَّهُ لا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ الاّ انْتَ » واتە : خوایە من داوات لێ ئەکەم بە حەقی حورمەتی ئەوکەسانە کە داوای ڕەحمەتیان لە تۆ کردوە . داوات لێئەکەم بە حەقی حورمەتی ئەم ڕێ‌کردنەم بۆلای تۆ ،

چونکه من بۆ فیزکردن و خۆبەزلزانین نەهاتوم .. بۆئەوە نەهاتوم خەڵك بمبینن یا ناوبانگی باشی خۆم ببیسمەوە . بۆیە هاتوم خۆم لە عاجزبونی تۆ بپارێزم ، بۆئەوە کە ڕەزامەندیی تۆ دەستبخەم . داوات لێ ئەکەم پەنام بدەی لە ئاگری دۆزەخ و لە گوناهەکانم خۆش ببێ ، چونکە لە تۆ بەولاوە کەس لە گوناه خۆش نابێ .

داوای دوعاکردن لە زیندوێش دروستە وەکو پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ فەرموێەتی بە حەزرەتی عومەر لەکاتێکا کە کردی بە سەرکردەی حەج و ناردیی بۆ مەککە : « لاتَنْسَنا مِنْ دُعائِكَ يا أخيَّ » واتە : برای خۆشەویست فەرامۆشمان مەکە لە دوعای خێرت . عومەریش فەرموێەتی : « كَلِمَةٌ ما يَسُرُّ انَّ لِي بِها الدُّنْيا » واتە ئەم فەرمودەی حەزرەتە قسەیەکە حەزناکەم بیگۆڕمەوە بە موڵکی دنیا . دوعا بۆ مردو کردنیش لە گەڵێ ئایەتی قورئاندا هەیە . ئەم هەمو جۆرانە کە باسمانکردن قازانجیان هەیە چونکە گەیشتنی سودیان لە فەضڵی خوا خۆیەوەیەتی و پەیوەندی بە عەدالەتەوە نیە، چونکە عەدالەت لەسەر بناغەی ئایەتی « وأنْ لَيْسَ لِلإنْسانِ الاّ ماسَعى » بەڕێوە ئەڕوا .

کەواتە دروستە ئینسان پایە و جاهی خودا بکا بە وەسیلە و بڵێ خوایە بۆ خاتری پایەی دڵسۆزیی و ساغیی کردەوەی باشی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ یا فلانە ئەصحابە یا فلانە وەلیی تەوفیقم بدە و باوەڕی وابێ خوا بە میهرەبانیی خۆی دوعاکەی گیرا ئەگا ، وەکو ئەوە کە حەزرەتی عومەر لەکاتی پاڕانەوەدا لە خوا بۆ باران حەزرەتی عەبباسی مامی پێغەمبەری کرد بە وەسیلە بۆ لای خوا . بە تکاکارکردنی دڵسۆزیی ئینسان خۆی و کردەوەی خۆیشی هەر دروستە وەکو لە (صحاح)دا بەیانکراوە لە باسی ئەو سێکەسەدا کە لە ئەشکەوتەکەدا گیریان خواردبو .

ڕەهبەری بەرزی فروستادەی خوا — **بۆ (ابن عباس) وا دەرسی دادا**
فەرموی تۆ حەقی خودا ڕابگرە — **حەقت ڕائەگری خواوەندی گەورە**
کە فەرمانی ئەو ڕابگریی بە دڵ — **لەگەڵتا ئەبێ مەنزڵ بە مەنزڵ**
باوەڕت وابێ ئادەمیی هەمو — **ناتوانن تەنها ئەوەندەی یەك مو**
بگەیەنن پێت قازانج یا زیان — **مادەم ئیرادەی وانەبێ یەزدان**

★ ★ ★

ئەم دەرسە بەرزەی ڕەهبەری نازدار — **بەسە بۆ دین و بۆ دنیای هوشیار**
یەعنی هەر خودا پەروەردگارە — **هەر ئەو کلیلی گوشادیی کارە**
دڵپاکیی ئینسان بە ناوی ئەوە — **ڕۆناکی جیهان بە ناوی ئەوە**

تەوانایێکە لەنساو بەردی ڕۆت   وەك خوێنی جگەر دەرئەکا یاقوت
بۆ سکی صەدەف نمێ ئەنێرێ   سبەی دەریاگەرد گەوهەر ئەژمێرێ

★ ★ ★

بۆ پاراستنی (نوح نجی الله)   کەشتێ سازئەکا بۆ دەفعی بەلا
بۆ پاراستنی گیانی ئیبراهیم   تەنوری ئاگر ئەکا بە نەعیم
یونس دەرئەکا لە سکی نەهەنگ   یوشەع سەرئەخا لە مەیدانی جەنگ
بۆ پاراستنی یوسفی کەنعان   بنی بیری کرد بوێ بە گوڵستان
تا ملی عیسا لە پەت دەربێنێ   جولەکەیەکی پێ ئەشوبهێنێ
بە جاڵجاڵۆکەی لاوازی بێ ڕەوت   پەردە ئەتەنێ بۆ دەرگای ئەشکەوت
هەتا ڕزگار بێ سەروەری عالەم   بێ بە ڕۆژی ڕوون بۆ بەنیئادەم
دەموکە ئەکا بە مەمەی دایە   تا منال بژێ بێ لایە
بزنی کوڵ ئەکا بە دایەی مالێ   گوانی ئەخاتە دەمی (قوچالێ)

★ ★ ★

سوێند بە (والعصر) مەعنای وەهایە   گەردشی گەردوون لەدەست ئەوایە
خودا ئەم چەرخە وەها ئەگوڕێ   عاقڵ سەرسام بێ و سەری بسوڕێ
ئەغلەب ڕوداوی چەرخی کائینات   وەك نمونە وان لە بۆ موعجیزات
یەعنی هەر خودا پشت و پەنایە   پەنا خودایە بۆ گشت قەزایە
جا تۆ بە هەرجۆر خوت دایە پەنا   ئەو بە حالی تۆ بەصیرە و بینا
ئەمەتە دەرسم تا ئاخر زەمان   هیچکەس مەناسن بە غەیری یەزدان
هەر ئەوە پشت و پەنا و ئەمانە   کلیل بە دەستی دەرگای ژیانە
لە غەیری خودا کەس کارا نیە   هیچکەسێ هیچی لەبارا نیە

گوڵی پەنجاویەك ـ گوڵی ڕەوشتی ناو مزگەوت

مزگەوت لە ئەرزا ماڵی خودایە
(بیت المعمور)ی صەفحەی سەمایە
قەلای پەنایە بۆ موسوڵمانان
ماوای طاعەت و حەمد و ثەنایە

خوای تەعالا لە قورئانا فەرمویەتی :

وَاَنَّ المَساجِدَ لِلهِ فَلا تَدعوا مَعَ اللهِ اَحَداً

واتە : لەلاینی خواوە خەبەرم دراوەتێ کە مزگەوتەکان بۆ عیبادەت و طاعەتی خوا دروستکراون ، کەواتە لەگەڵ خوادا ناوی کەس مەهێنن .

جا هەر لەبەرئەوە کە مزگەوت ماڵی خودایە و کەسێ خانوێەك بۆ خواپەرستن بکاتەوە شایانی ئەوەیە خوایش خانوێەك بۆ ئەو بکاتەوە، پێغەمبەر، درودی خوای لێ بێ ، فەرموێەتی : « مَنْ بَنَى لِلّهِ مَسْجِداً وَلَوْ كَمِفْحَصِ قَطاةٍ ، بَنَى اللهُ لَهُ بَيْتاً فِي الجَنَّةِ » واتە : کەسێ لەبەر ڕەزای خوا مزگەوتێ بکاتەوە هەرچەند ئەوەندەی قەفەزی قەتیەکیش بێ ، خوای تەعالا لە تۆڵەی ئەوەدا ماڵێکی بۆ ئەکاتەوە لە بەهەشتدا . جا مادەم مزگەوت بە ساغێ ماڵی خوایە و بۆ عیبادەت دروستکراوە ، پێویستە لەسەر موسوڵمان بەشێوەی ئیحتیرامەوە بڕواتە ناو مزگەوتەوە ، واتە دەسنوێژ بگرێ و لەش و پۆشاکی پاك بێ ، بەڵکو هەر بەرگێکی خاوێن و بەنرخی هەبێ ئەوە بکاتە بەری، وەکو خوای تەعالا فەرموێەتی : « وَخُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ » واتە : هۆی پاك و پوختەیێ و جوانێ خۆتان هەڵبگرن لەگەڵ خۆتان کە ئەچنە ناو هەر مزگەوتێکەوە . یەکەم لەبەرئەوە کە ئینسان تا پاك و خاوێنتر و جوانتر بێ ئاسایشی لەشی زۆرترە و ئەتوانێ بە خۆشێ و شادمانییەوە خواپەرستێ خۆی بکا . دۆهەم لەبەرئەوە کە لەبەر چڵك و بۆنی ناخۆش نابێ بەهۆی ئازاردانی موسوڵمانانیتر . سێهەم لەبەرئەوە کە فریشتەی ڕەحمەت بێزارن لە بۆنی پیس و شادمانن لە بۆنی خۆش .

سوننەتە ئینسان کە ڕۆیشتە مزگەوت پێی ڕاستی پێشبخا و گورج نیەتی ئیعتیکاف بێنێ ، یەعنی نیەتی ئەوە بێنێ کە بۆ عیبادەت لە مزگەوتدا ئەمێنێتەوە و بەرلەوە دانیشێ دۆ ڕکات نوێژی (تحية المسجد) بکا واتە ئەو دۆ ڕکاتە نوێژە دیارییە بۆ مزگەوتی هێناوە . پاش ئەوە سوننەتی ڕاتیبەی نوێژی ئەو کاتە بکا و پاش ئەوە خەریکی نوێژە فەرزەکەی ببێ . لەپاش فەرزەکەشی تا لە مزگەوتا ئەمێنێتەوە خەریکی قورئان خوێندن و ذیکری خوای تەعالا و ئەو ویردانە ببێ کە سوننەتن . هەروەها بەگوێرەی حاڵ خەریکی صەلەوات دان بێ لە حەزرەتی فەخری عالەم درودی خوای لێ بێ ، چونکە هەرکەس تاقە صەڵاواتێ بدا لە حەزرەت خوای تەعالا دە ڕەحمەت ئەڕێژێ بەسەریدا ، بەڵکو زیاتریش هەرچەند خۆی بیەوێ ، چونکە صەڵاوات دان لە حەزرەت درودی خوای لێ بێ ئەبێ بەهۆی خۆشویستنی و خۆشویستنیشی ئەبێ بەهۆی پەیڕەوێ لێ کردنی و ، پەیڕەوێ لێ کردنی ئەبێ بەهۆی ئەوە کە خوای تەعالا ئەوکەسەی خۆشبوێ کە پەیڕەوێ لە پێغەمبەر ئەکا و ئەمەش عەینی سەعادەت و پیرۆزییە بۆ ئادەمیزاد . خوای تەعالا فەرموێەتی : « قُلْ إِن كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللهُ » واتە : بڵێ بەو خەڵکە ئەگەر ڕاست ئەکەن . خواتان خۆشئەوێ ، شوێنی من بکەون خوا خۆشی گەرەك ئەبن .

دروست نیە بۆ کەسێ لە مزگەوتدا بێ بە قەطعێ قسەی ناشیرین و

نازەوا و قسەی دنیایی زۆت و قسەی گاڵتــە و گــەپ و هیــچ کردەوەیەکی ناپەسەند بکا . هەروەك دروست نیە تف دابکا لە مزگەوتدا و بە پێڵاوی پیس یا بە هەر شتێکی پیسیتر پیسی بکا . دروستیش نیە بە لەشی پیسەوە تیــا بمێنێتەوە . ئەگەر لە کاتی نوێژی جەماعەتیشدا لە مزگەوتا بۆ سونەتە بڕوا لە ڕیزی پێشەوە شوێنی خۆی بگرێ . ئەگەریش شــوێن لە ڕیزی پێشــەوە نەمابێ دروست نیە هەنگاو بەسەر خەڵکدا بنێ و دروست‌نیە بەپێــش دەمی نوێژکەردا هاتوچۆ بکا . هەروا پێویستە ڕێك ڕاوەستێ لە ڕیزدا و بلکێ بەو خەڵکەوە کە لە ڕاست و چەپیەوە وەستاون ، بەڵام وانەکا کە ئازاریان بدا . جا ئەگەر ئینسان بەم‌شێوەیە مزگەوتی ئاوەدان کردەوە ئەوە مەعنای وایە ئەوکەسە موسوڵمانە وەکو خوا فەرموێــەتی : « اِنَّما یُعَمِّرُ مَساجِدَ اللهِ مَنْ آمَنَ بِاللهِ وَالْیَوْمِ الآخِرِ » واتە : بەڕاستی کەسێ مزگەوتی خوا ئاوەدان ئەکاتەوە کە باوەڕی بە خوا و بە ڕۆژی قیامەت بێ . پێغەمبەریش فەرموێەتی : « اِذا رَاَیتُمُ الرَّجُلَ یَعْتادُ المَسْجِدَ ، فاشْهَدُوا لَهُ بِالایمانِ » واتە : کە دیتان پیاوێ عادەتی گرتوە بە مزگەوتەوە و هەمیشــە ئــەچێ بــۆ مزگەوت ، شایەتی بۆ بدەن کەوا موسوڵمانە ، چونکــە دەوام‌کردن لەســەر کرداری چاك نیشانەی ئەوەیە ئەوکەسە پیاوی چاکە .

سونەتە بۆ موسوڵمان ئەگەر پاش نوێژ لە مزگەوتدا مایەوە ئەو ویردانە بخوێنێ کە سونەتن وەکو (سبحان الله) و (الحمد لله) و (الله اکبر) یەکی سێ‌وسێ جار ، دواییشیان بێنێ بە (لا اله الا الله). سونەتیشە (آیة الکرسي) بخوێنێ . لەپاش نوێژی بەیانی و مەغریبیش دە جار دە جار بڵێ (لا اله الا اللهُ وحدَهُ لاشریكَ لهُ، لهُ الملكُ و لهُ الحمدُ یُحیی وَیُمیتُ ، بیدِهِ الخیرُ ، وهو علی کلِّ شیئٍ قدیر) . سونەتیشــە لەپاش نوێژەکان لە خوا بپاڕێتەوە بۆ خێری دنیا و قیامەت بۆ خۆی و بۆ موسوڵمانان . هەروا ســونەتە ئینسان ئیحیای (بین الطلوعین) و (بین الغروبین) بکاتەوە ، واتە پاش بەرەبەیان تا خۆر دەرئەکەوێ و پاش ڕۆژاوابوون تا سورایی کەناری ئاسمان ون ئــەبێ و نوێژی عیشا دێتە پێشەوە ڕوبەڕوی قیبلە دانیشێ خەریکی عیبادەت و ذیکری خوا بــێ .

ڕۆڵەی دڵبەندی مــایل بە طــاعەت — تێکۆشەری ڕێی بەخت و سەعادەت
مزگەوت لە ئــەرزا ماڵی خودایــە — جێگای طاعــەت و ذیکــر و دوعایە
واتــە ســکاڵا و پاڕانــەوەی تــۆ — لەلای خــالیقی هەمۆ کۆنــە و نــۆ
بۆ پاراســتنت لــە فیتنەی زەمــان — لە شەڕی ئینس‌و لەنەفس‌و شەیتان
لەبــۆ یارمــەتیت بــۆ بەختیــارێ — بــۆ ســەرکەوتن و بــۆ پایــەدارێ
ماڵێ کە مــاوای ئــەم باســانە بێ — کۆمەڵگای ئەم گشت خواناسانە بێ
ئەبێ بــە ئەدەب بــە دەس‌نوێژەوە — بە ڕۆی شەرمینی شــەونم ڕێژەوە

بێدەنگ و صەدا بڕۆیتە ناوی … دەس‌نوێژێ بگرێ لە حەوز و ئاوی
جا دوو ڕکات نوێژ دیاریّ مزگەوت … جێ‌بەجێ بکەی بەگوێرەی ڕێکەوت
واتە بە نوێژی سوننەت یاخود فەرز … سەری بەندەگیّ دانێی لەسەر ئەرز
لەپاش نوێژەکان هەرچێ دەستئەدا … قورئان بخوێنە یا ذیکر و دوعا
جا ئەگەر کاتی ئامۆژگارییە … بۆ ئەو ڕێ کە ڕێی بەختیارییە
فەرموو بەئەدەب بە پاسای دانا … گوێ بگرە لەبۆ مامۆستای زانا
ئەگەر لە لەفظی باش حاڵێ نەبوی … پرسیار بکە بە ئەدەب لە خۆی
مامۆستایش ئەبێ دڵ پڕ لە نوور بێ … لە فیز و هەوا و تەکەببور دوور بێ
لە ڕێی خودادا بە میهرەبانێ … ڕابگرێ حاڵی دانیشتوانی
بە واتەی سادە و صاف و بێ‌گرێ … ئیرشادیان بکا بۆ کاری بەجێ
قەدری هەرکەسێ بەقەد شانی خۆی … ڕابگرێ هەتا گوێ ڕابگرێ بۆی
بە وتاری وشك هەرکەس بواردی … ئاسن ئەکوتێ بەڵام بە ساردی
با واتەی نەرم و گەرم و جوان بێ … جارجاریش قسەی‌خۆش لەنێوان بێ
ڕۆبکاتە هەموو بە نۆبە و مۆڵەت … ئەگەر طالیبە بۆ یومن و دەوڵەت
کەس وا تێ‌نەگا گوێی پێ نەدراوە … بە ئینسانێکی هیچیان داناوە
بوە بە عادەت لە گشت جیهانا … مادە وا لەپێش مەعنای ئینسانا
پایەت بۆ قسەت بەڕەواج ئەبێ … پایەت بۆ خەڵکت پێ موحتاج ئەبێ
هەرچۆن کە ژیان بە نان و ئاوە … ئەو شتە شتە کە لە بەرچاوە
واقیع خۆی دەرسی واقیع دائەدا … بە غەیری واقیع مەکەوە سەودا
جاریّ تۆزە بۆی تۆ لە نەزانێ … جاریّ‌تر هەنگاو بۆلای تۆ نانێ
گەلێ پەیمانی چەند ساڵە بەسراو … دای بە فەنادا قسەی دوو ناپیاو
گەلێ جار ئینسان بە خۆشێ وتار … ئیشی وائەکا نایکا صەد هەزار
وتارتان نۆش بێ لە لێو و دەما … ڕوخسارتان خۆش بێ لەگەڵ عالەما
هۆش لەناو دڵا و نۆش لەناو دەما … وتارت ئەدا بە گوێی عالەما

★ ★ ★

لۆمەی کەس مەکە بە شێوەی دیاریّ … گەر سوودت ئەوێ لە ئامۆژگاریّ
ڕەهبەری نازار بە شێوەی گشتێ … وەعظی دائەدا بۆ دەور و پشتێ
گەلێ برینی قەدیمی نابار … بە دەردی وتار دێتەوە ئازار

★ ★ ★

وتاریّ بدە کە خاوەن سوود بێ … کورتا و پوختە بێ و زوو لە مەقسوود بێ
بەڵکو حازران لە مەعنای بگەن … نەك بە نەفامێ لە ڕێ لابدەن
ئەگەر ئیشکالێ لە وتارا بۆ … زوو بیکەرەوە با تێ‌بگەن زوو
شەرم نەتگرێ و حەق نەدەیتەوە … ئەگینا بۆچێ دەم ئەکەیتەوە
هەرچەند پایەیان زیاتر بێ لە تۆ … ئیستا وەك شاگرد لێت کۆبونەتۆ

★ ★ ★

بەم پێیە مزگەوت ئەبێ بە کەشتێ تیا کۆئەبنەوە دەستەی بەهەشتێ
پێغەمبەران و فریشتەی خوا ستایش ئەکەن بۆ مزگەوتیوا
کۆمەڵ کە دوور بێ لەم ئادابانە مزگەوت ئەگۆڕێ بە قاوەخانە
کە مزگەوت کرا بە جێی قرەقڕ خواپەرستێ تیا ئەچەقێتە قوڕ
دوورە لە خێر و فەیض و بەرەکەت نادا بەسەریا بارانی ڕەحمەت

★ ★ ★

ڕەحمەت لە کەسێ تەمێ وەرئەگرێ بە تەمێ و تەسکین ئەژێیت و ئەمرێ
(نامێ) وا ئەڵێ بە ڕۆڵەی زانا تەمێ زینەتە لە ڕوی جیهانا
خوایە من تەمێی خاسانم ئەوێ سولوکی ڕێگای ئیحسانم ئەوێ
ڕێگای ئەو ذاتەی پێتوت بۆ تەکریم (انك لعلی خلق عظیم)
بڕژێ بەسەریا صەلات و سەلام بەدرێژایی هەمو صوبح و شام

گوڵی پەنجاودوو ـ گوڵی ژیانی بەختەوەر

پێویستە ئینسان بۆ ماوەی ژینی
دوو هێزی هەبێ دنیایی و دینی
قەت بە چاوێك و دەستێك و پێیەك
نە باش کار ئەکەی نە باش ئەبینێ

پێغەمبەر ، درودی خوای لێ بێ ، فەرموێەتی :

لَيْسَ الرَّجُلُ رَجُلَ الدُّنْيا ولا الرَّجُلُ رَجُلَ الآخِرَةِ ، بَلِ الرَّجُلُ رَجُلَهُما .

واتە : پیاو ئەو پیاوە نیە کە بەس خەریکی دنیا بێ . هەروەها ئەو پیاوەیش نیە کە بەس خەریکی قیامەت بێ . پیاو ئەو پیاوەیە پیاوی دنیایش و قیامەتیش بێ .

ئادەمیزادیش وەك هەر گیانلەبەرێکیتر ماوەیەکی تایبەتێ هەیە لە دنیادا و کە ئەو ماوەیەی بەسەرچوو ئەمرێ . ئەو ماوەیە بریتییە لەو ئەندازەیەی خوای تەعالا بە خواستی خۆی بۆی داناوە بژێ و لەوەش تێناپەڕێ ، ئیتر خواه تەواو بونی ئەو ماوەیە بەهۆی ڕوداوێکەوە بێ وەك ئاگر و ئاو و گەستنی مار و دڕندە و کوشتن و شتیوا ، یا بەهۆی مردنی سروشتییەوە بێ وەك نەخۆشێ و هێزی ژیان پێوەنەمانی لەش کە سروشتناسەکان بڵێن ئەم لاشەیە توانای ژیانی لەوەندە زیاتری پێوە نەماوە .

بەپێی ڕێوشوێنی شەریعەتی ئیسلام و لەسەر بەراورد و لێکدانەوەی زانایانی جیهان ، پێویستە لەسەر ئادەمیزاد چەند شتێك بكا بە خەتی جوڵانەوەی خۆی لە ژیاندا . یەکەم : ئەوەیە ئینسان لەکاتێکەوە تەمیز و هۆش پەیدائەکا دەس‌بکا بە فێربونی زانست و هونەر و پیشە و فرمانی‌وا کە لەگەڵ دین و دنیا و ڕۆژگاری ژیانی خۆی بگونجێ بەجۆرێ کە ئینسانێکی ڕەسای‌وای لێ پەیدا ببێ بە کاری ئیشی دین و دنیا بێت تا لە دنیادا بە سەربەرزی بژێ و لە قیامەتیشدا بە سەرفەرازێ بگا بە قەرارگای خۆی و بە لیقای ذاتی خوا شادمان ببێ . دوەهەم : ئەوەیە کە پشت و پەنای ڕاستەقینەی ئینسان لە ماوەی ژیانیا هەر ذاتی خودا بێ ، چونکە ئەو دروستی کردوە و ئەو چارەنوسی بۆ داناوە و ئەو هەمو سوود و زیانێکی وا لە دەستدا و هەر ئەو ئەتوانێ قازانج بگەیەنێ و زیان لابەرێ .

لەپاش ذاتی خوا ئەبێ پشت و پەنای یەکەمی ئینسان نەفسی خۆی بێ و بە شان و باڵی خۆی بنازێ و هیممەتی قایم و دڵی ئەستور بێ و قیمەتێکی موناسب بۆ خۆی دابنێ . ئیتر ئەگەر بەهۆی خزمایەتی و ژن و ژن‌خوازەوە لەگەڵ چەند کەسێکدا پەیوەندیەکی هەبۆ یا لە هەڵسوڕانی ژیاندا چەند کەسێك بۆبون بە هاوڕێی ، ئەبێ سوپاسی خوا بکا لەسەر ئەوە و بەگوێرەی توانا کەڵك لەو پەیوەندییە وەربگرێ و گەشەی پێ بکا ، بەڵام نابێ بیانکا بە بنکەی یەکەمی بەڕێوەچونی کاروباری چونکە تەنانەت باوك و دایکیش کە دڵسوزترین کەسن بۆ ئادەمیزاد ، بۆئەوە ناشێن جێگەی ئینسان خۆی بگرنەوە بۆی . سەرەڕای ئەوە بەشێکی زۆری پەیوەندی خەڵك بە بێ‌وەفایی و لێك‌بڕان دوایی دێ ، بەجۆرێ هەندێ‌کەس هاتونەتە سەر ئەو باوەڕە کە وەفا شتێکی نایابە و کەم دەس‌ئەکەوێ . سەعدی شیرازی لە حیکایەتێکدا بە ناوی یەکێ لە قارەمانانی حیکایەتەکەوە ئەڵێ :

یــا وەفــا نەبــوە لــەم جیهـــانەدا
یــا هیچ‌کــەس نــایکـا لــەم زەمــانەدا

زۆرتری بناغەی بێ‌وەفایی ئەگەڕێتەوە بۆئەوە کە ئەوکەسانەی جاران برادەر بوون و پاشان بەرابەر بە یەك بێ‌وەفایان لێ‌دەرچوە ، دۆستایەتییەکەیان لەسەر ئەساسی سوودی تایبەتی دامەزراندوە و بە نەمانی ئەو سوودە تایبەتییە دۆستایەتییەکەیان تێکچوە . ئەگینا ئەگەر دو کەس لەسەر ئەساسی یەکێتی بیروباوەڕ یەك‌بگرن و ببن بە دۆست ، قابیل‌نیە تا مردن لە یەك جوێ ببنەوە . بەڵکو ئەتوانین بڵێین ئەوانەی جاران دۆست بوون و ئیستا لەیەك جوێ ئەبنەوە، هەر لە سەرەتادا دۆستی ڕاستەقینە نەبوون .

سێهەم : ئەوەیە ئینسان لەسەر بناغەی پێویستی واقیع بڕوا بە ڕێدا و

پێچەوانەی ئەو پێویستییە نەجوڵێتەوە . ئینسان لە زستـانـدا بە ڕۆتی و لـە هاوینا بە قاپۆتەوە ناژێ . ماڵ و خێـزان بە بـێ‌ژیواری ڕەسـا بە خۆشـی ڕانابوێرن . میوان بێجگە لە قسەی خۆش نان و ئاوی ئەوێ . دوژمن بە هێز ئەبەزێنرێ . سوپا بە دڵدانەوە و پـارە بۆ خەرج‌کردن دڵی خـۆش ئەکرێ . ئینسانی بێ‌شەرم پێویستی بەتەمێیە و کوڕ و کچ کە گەورە بۆن ئەمیان ژن و ئەویان شوی ئەوێ . فەرەبـالغی وڵات کە زۆر بۆ ئیش‌وکـاری ئەوێ . بـۆ ئیدارەی وڵات پیاوی بە کیفایەت پێویستە .. تاد .. ئەم باسە باسـێکی زۆر بەئەهمیەتـە .

چوارەم : ئەوەیە ئینسـان لەوکاتانەدا کە حورمەتی هەیە و خەڵك دەستی ماچ ئەکەن پێویستە تێ‌بگا کەوا ئەو خەڵکە گەلێکیان لەبەر گومانی قازانجێك و گەلێکی‌تریان بۆ دەفعی زیانێك و هەندێکیان بۆ چاولێ‌گەری و هەندێکی‌تریـان بۆ فێڵ و تەفرەدان و کەمێکیشیان لەبەر ساغی و شوعۆر و پێوەند دەستی ماچ ئەکەن . کەواتە نابێ لە خۆی بایێ بێ و بەو دەست‌ماچ‌کردنە بنازێ و لە خـۆ قایم‌کردن و خەریك‌بۆن بە ئەسبابی مانەوە و بەختەوەری خۆیەوە غافڵ بێ ، چونکە کاتێ کە چەرخی گەردۆنی لێ هەڵگەڕایەوە دوژمنان سـواری سـەری ئەبن و ، چـاو لە خەڵك کردوەکانی ئەوسـا ئەکەونە پـاڵ دوژمنەکـانی و ، قازانج‌خوازەکانیش مادەم بە قازانجی خۆیان نەگەیشـتبن جنێـوی ئەدەنێ و ئەگەر پێیشی گەیشتبن بە ئامانجی خۆیان گەیشتۆن . ئیتر مەبەستیان نیـە ئەو چی بەسەردێ . تەنها دڵسۆزەکان ئەمێننەوە . ئەمانیش ماوەیێ هەوڵی بۆ ئەدەن یاخود هەر لە سەرەتاوە ڕائەکـەن و خۆیـان ئەشـارنەوە ، یـاخود بۆ پاراستنی خۆیان ئەچنە لای دوژمنەکانی و لەگەڵ ئەم ئەبن بە دوژمن و ئەمە بە بەراورد دەرکەوتوە .

پێنجەم : ئەوەیە پێویستە ئینسان ئەوەندەی پایە و مایەی خۆی هوشیار بێ و ئاگادار بێ لە بیروباوەڕی کەسانی دەوروبەری خۆی و گۆڵ نەبێ بەئاسانێ هەڵی‌خەڵەتێنن . ڕەوا نیە ئینسان نەتوانێ دۆست و دوژمنی خۆی لەیەك جوێ بکاتەوە و پێویستی یەکەم کە پیاوەتی و پێویستی دۆهەم کە بەرگری و پێویستی سێهەم کە مودارایە جێ‌بەجێی نەکا . ئینسـان نـابێ هەرگیز ئەمین بێ بەرابەر بەوکەسانە کە بەدخۆییان بۆ بوە بە خو . ئەگەر جارێکیش هەڵخەڵەتا و بەهەڵەدا چۆ نابێ جارێکی‌تر هەڵخەڵەتێ . هەروەها پێویستە هەمیشە بـە ماڵ و بە حاڵ و بە خامە و نامە دۆست بۆ خـۆی زۆر و دوژمن کەم‌کاتەوە .

شەشەم : ئەوەیە ئینسـان هەرگیز لە وڵاتی بێ‌قانۆن و بێ‌گەورەدا دانەنیشێ . وڵات کە قانۆن و گەورەی هەبۆ ئینسـان ئەتوانێ لـە هـەر ڕێگەیەکەوە بێ حورمەت و شانی خۆی تیا بپارێزێ. بەڵام شوێنی بێ‌قانۆن و بێ‌گەورە وانیە و ڕزگاربۆن تیا زەحمەتە .

حەوتەم : ئەوەیە لە شوێنێکدا کە گەورەی تیابێ ، ئینسان مادەم بیەوێ بمێنێتەوە ، ئەبێ لەگەڵ ئەو گەورەیەدا ڕێکبکەوێ ، ئەگینا ئەگەر گەورەکە زویر بێ لێی فەرمانئەدا دەست و پێوەندی ئەوەی نەشێ پێیبکەن ، چونکە دەست و پێوەند وەك حەیوانی بێهۆش وان . گەورە کە وتی فلانکەس ئینسانی چاکە دەستی ماچ بکەن ، دەستی ماچ ئەکەن و ئەگەر لە هەمانکاتدا پەشیمان بێتەوە بڵێت فلان پیاوی خراپە بیکوژن ، ئەیکوژن . ئەم حاڵە حاڵێکی گشتییە بۆ هەر گەلێکی نەخوێندەوار و نیمچە خوێندەوار و پێنەگەیشتوو و تێنەگەیشتوو ، ئەگینا ئەم هەموو پشێوییە لەنێوان دوو برای گەورەدا بۆچی و لەسەرچی پەیدا ئەبێ ؟ هەشتەم : ئەوەیە ئینسان چەند پێویستە خوو بە ئەخلاقی بەرزەوە بگرێ ، ئەوەندەیش پێویستە تێبکۆشێ بۆ پاراستنی حورمەت و ئابڕووی خۆی بەتایبەتی ئەگەر پیاوێکی گەورە و بەسوود بێ بۆ کۆمەڵ . ئەم پاراستنی حورمەتە زوربەی بە ماڵی دنیا صەرفکردن و بەشێکی بە ئەخلاق و ڕەوشتی پیاوانە و بە ڕاستی و پاراستنی ڕاز و سڕی هاوڕێیان و دۆستان ئەبێ .

ڕۆڵەی دڵبەندم ، مایەی ژیانم ! ڕووناکی دیدە و شەوقی بەیانم !
لەبەر نزیکی بە دەرسی ئەنجام چەند پەندێ ئەڵێم بەسوود بۆ ئەییام
بیکەن بە ئەڵقەی گۆشەوارەی دڵ بۆ ئاسانی ژین ، بۆ حەللی موشکوڵ

★ ★ ★

گیانلەبەر بەرگەی گەردوون ناگرێ هەزار ساڵ بژێ ، نەڵێ نامرێ
کەواتە بژێ ژینێکی بەسوود بۆ دین و دنیا بگەی بە مەقسوود
بێدنیا دینت بۆ ناچێتە سەر بێ دینیش دنیا زیانە و خەتەر
قەت سەرناکەوێ پیاوی بێئیخلاص بێئیخلاص بۆخواو بێخزمەت بۆناس
تا لە ئیخلاصدا نەبێ بە قەقنەس نابێ بە مایە بۆ ژیانی کەس
دەستووری مەردان مەرگە بۆ ژیان نامەردیش ئەژێ هەر بۆ ئاو و نان
جا ئەگەر مەردی بمرە تا بژیت گەر نامەردیشی خوا بکا بمریت

★ ★ ★

پشتیوان تەنها دوان بەسوودن بۆت یەکەمیان خودا و ئەوی تریان خۆت
هەرکەسێ خودا نەناسێ بە دڵ زینهار قەت ناوی نەبەی بە عاقڵ
کەسێ قەدری خۆی بەڕاستی نەگرێ لێی دڵنیا بە بە جەفا ئەمرێ
قەدری ئەوەیە لەسەر تێکۆشین چاری خۆت بکەی بە بێ نەخۆشین
لەشساغیت ئەوێ بە دەوا و دەرمان یا بە صەدەقە و دوعای موسوڵمان
چاری دوژمنێ کە خاوەن دەستە یا ملی پەستە یا شیری دەستە

بەلام کێ مەرد بێ ڕازییە بە مردن
نەك گەردن لەبۆ دوژمن کەچ کردن
بۆ هەر مەبەستێ کە تۆ بۆی ئەچێ
کە دەستت نەکەوت نائومێد نەبێ
دەرگای ذاتی حەق هەمیشە وازە
بۆ میهرەبانی هەمیشە سازە
ئەوکەسەی کاتی تەنگانە پەستە
نازانی خودا دنیای بەدەستە
هەتیوێکی ڕوت بێ ڕەنگ و بێ بۆ
بێ شافە و شۆرەت لەلای من و تۆ
ئەیکا بە سەردار بە سەر سوپادا
پال ئەداتەوە لە خەیمەگادا

★ ★ ★

باوەڕت بە خۆت ئەبێ ئەستور بێ
هێزی دەروونت لە پەستی دور بێ
مەبە بە تەمای دۆست و ئاشنا
کەڕەتی دیارن صەد کەڕەت پەنا
زوربەیان تۆیان بۆ خۆیان ئەوێ
بەلکو سودێکیان لە تۆ دەس کەوێ
کە سودت نەبۆ ئاشنا و ئەحباب
بەجێت ئەهێلن تا (یوم الحساب)
برادەر لە صەد یەکیان بەسودە
صەد یەك بۆ حیساب وەکو نابودە
بەش بە حالی خۆت خەلکی ناناسی
تا لێت نەقەومێ بە شێوەی ڕاستی
کاتێ لێت قەوما بۆت دەرئەکەوێ
کێیە بۆ تۆیە و کێیە خۆی ئەوێ
کاتی لافاوی مەینەت و بەلا
بلێی ئەمناسی ؟ ئەلێ : نەوەللا
ڕۆژێوا دۆستی ڕاس گەر هەلکەوێ
هەزار نامەخوا و ماشەللای ئەوێ

★ ★ ★

هێ وا ئەناسم بە جۆرێکی وا
لەگەل واقیعدا ئەیکەن بە هەرا
لە شاخی شەیتان قەت نایەنە خوار
لێکنادەنەوە قازانج و خەسار
زۆرداری کەوا بەدەسەلات بێ
گەورەی بێ پرسی خەلك و ولات بێ
توخنی ناکەوێ ئەوەی وریا بێ
نەوەك لێیەوە توشی بەلا بێ
ئەوەی ئەزانێ ئەتدا بە عەرزا
پیا هەلمەشاخێ لە شوێنی بەرزا
کەسێ مەشهور بێ بە ڕەوشتی بەد
مەیکە بە هاوڕێ تا ڕۆژی ئەلحەد
دلت بە دۆستێ ئەوکەسە فێر بێ
کە بۆت دەرکەوێ نییەتی خێر بێ

★ ★ ★

مودارا لەگەل پیاوی بەدئەندێش
دلێکی ئەوێ قایم و بە کێش
ئیدیعای شتی نەبو بێ سودە
شتی بێ دەلیل دور لە مەقسودە
خەنەی دوژمنان پزیسکی بەرقە
لەگەل بەرقی شیر کەمێکی فەرقە
ئەویان لەسەر لێو ئەم لە دەستایە
ئەو لە بەرزایی و ئەم لە پەستایە
پزیسکێ ئاگر بەسە بۆ شارێ
قسەیەك بەسە بۆ فیتنەکارێ
تاقە یەك پیاوی قسەزان بەسە
بۆ وەفدێ کەوا کاری بەدەسە
مشکێ بگاتە ناو کۆگای دەفتەر
دەفتەری ساغی لێ نایەتەدەر

نە خۆشی زستان نە هۆشی مەستان   نە هیوای مەردێ لە دەستەی پەستان
بەکورتی هەرکەس مادّە پەرستە   بیشگاتە میرزیخ هێشتا هەر پەستە

★ ★ ★

دەستوپێی گەوران بێفام و هۆشن   بو سەلب و ئیجاب دائیم پەرۆشن
گەورە چی بڵێ حازر بەدەستن   لایان چونیەکە بەرزن یا پەستن
چونکە بێمایە و بێهۆش و فامن   صەدسال ببرژێن هێشتا هەر خامن
جا یا دوورکەوە لە دەور و بەریان   یا بە مودارا برۆ بۆ سەریان

★ ★ ★

دەخیل صەد دەخیل بەقەدری ئیمکان   بە مونافەسە قەت وەرمەگرە نان
ئەو (بەرانبەرکێ) بۆ دنیا ئەکرێ   نەقصە و زیانە لە ئایین ئەدرێ
نە ژین بە مەرام نە دین بە ئارام   بە مونافەسە نایەنە ئەنجام
بێ بەرانبەرکێ پیاز و نانی سوێر   چاترە لە هەڵپە بۆ کەرە و پەنێر

★ ★ ★

پیاوی بەختەوەر نیشانەی وایە   تاوێ عومری خۆی نادا بە زایە
ڕۆژ ئەڕوا و شەو دێ و ڕۆژ ئەبێتەوە   کاتی ڕابوردوو ناگەڕێتەوە
کات بە ثانیە و دەقیقە و سەعات   لەئەستۆیایە چەند مەسئولییات
نەختێکی بەنرخ بە وێنەی ژیان   نابێ ڕێ بدەی بڕوا بە تاڵان
ژین ئەو ژینەیە کە بەهرەمەند بێ   کە بەهرەی نەبێ یاخوا بە بەند بێ
شەو موتاڵاکرد سبەینێ مەلای   ڕۆژ کاسبیت کرد لە ماڵ ئاغای
چیت نوستێ لەسەر لاپەڕەی ژیان   ناکوژێتەوە بە تولی زەمان
وەخت لای ئینسانی بەوێڵ و بەفام   نەختێکە نرخی قەت نابێ تەمام

★ ★ ★

کارێ بە نامە بگاتە ئەنجام   نامەی تیا بەسە بو کەسبی مەرام
ئەگەر پێویستی بە پەیامبەر بێ   ئەبێ پەیامبەر زۆر هونەروەر بێ
ئەگەر پێویستی بە نەفسی خۆت بێ   پێویستە ئاگات لە قورسێ خۆت بێ
جیهان سەرانسەر ئەوە ناهێنێ   کە لەپێناویا پایەت ژەنگ بێنێ
با لەگەڵتا بێ بەگوێرەی ئیمکان   یارمەتیت بدا یەکێ لە یاران

★ ★ ★

هەمو گیانداری گیانی خۆشئەوێ   هەمو هوشیاری شانی پێ ئەوێ
مادەم هەولی مەرد بۆ گیان و شانە   حەرامە هەوڵت بە نامەردانە

گوڵی پەنجاوسێ ـ گوڵی گەڕانەوە بۆ لای خوا

عافیبەت لەسـەر پایـەی تـەقوایە
عاقیبـەت خەیریش لەلای خودایە
بۆیـــە پێویســـتە بگەڕێینـــەوە
بۆلای ئەو خودای تـاق و تـەنیایە

خوای تەعالا فەرموێەتی :

وَمَنْ تابَ وعَمِلَ صالِحاً فَاِنَّهُ يَتُوبُ اِلى اللهِ مَتاباً .

واتە : ئەوکەسەی بگەڕێتەوە بۆلای خوا و دەس‌بەرداری ئەو تاوانانە بێ کە کردوونی و دەس‌بکا بە کردەوەی باش باش بەجێ هێنانی ئەوەی فەرمانی پێ دراوە بیکا و پاش دەس‌بەرداربوون لەو کردەوانەی کە مەنعیان لێ کراوە ، ئەوە بەڕاستی گەڕاوەتەوە بۆلای خوای میهرەبان و گەڕانەوەکەی لێ قوبوڵ ئەکرێ و بە ڕەحمی خوا شاد ئەبێ .

تەوبە ، واتە گەڕانەوە بۆ دەرگای خـودا بریتییە لـەوە کـە ئادەمیزاد هەرچەند بەهۆی سەرکەشێ نەفس و غرووری جـوانێ و بـەهۆی بەدخـوویێ سروشت و هێرشی کینەی شەخسییەوە گوناهی کردبێ و حەقی خوا و خەڵکی کەوتبێتە سەر، پێویستە بیربکاتـەوە و پەشیمان ببێتـەوە لـەو تاوانانـەی کردوونی و هەر حەقێکی غەیری بەسەرەوەیە بیانداتەوە ، یاخود کارێك بکا کە گەردنی ئازاد بکەن و لێی خۆش بن و ، بڕیاربدا لەوەوپاشیش نەگەڕێتەوە بۆسەر وێنەی ئەو تاوانانە . جا لەبەر ڕووناکێ ئایاتی قورئـان و فەرموودەکانی پێغەمبەردا درودی خوای لێ بێ ئەم شەخصە خوای تەعالا تۆبەکەی لێ قوبوڵ ئەکا و بەڵکو لەسەر ئیخلاص و پاکێ دڵی لە تاوانە پێشوەکانیشی خۆش‌ئەبێ و بۆی ئەگۆڕێتەوە بە کردەوەی چاك و پاداشی چاکی بۆ ئەنوسێ .

ئادەمیزاد مادەم بە دڵ بیربکاتەوە لەم بارەگای جیهانە و لـەم نەخش و نیگارە جوانە ، باوەڕێکی تەواو پەیدا ئەکا بـەوە کە ئـەم عالەمـە پێویستە پەروەردگارێکی بێ و نیظام و یاسایەکی بێ بۆ ئەوە کەس تەجاوز نەکاتە سەر حەقی کەس و ئەو فرمانانەی کە ئینســانیان پێ ئەبێ بە ئینســانێکی تـەواو بەگوێرەی حاڵی خۆی جێ‌بەجێیان بکا . لەم‌لایشەوە بەهـۆی تەماشاکردنی قورئان و سەیرکردنی مێژوی ڕەوشتی پێغەمبەرەوە درودی خـوای لێ بێ و ئەو موعجیزانەی کە بێ‌گومان و بە شێوەیەکی ڕاست گەیشتوون بـە ئێمـە ، ئینسان بەڕاستێ ئیمان پەیدا ئەکا بە خودا و پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ و بە هەر ئایین و نیظامێ کە لەلایەنی پێغەمبەرەوە بە ئێمە گەیشتبێ . لەو ئایین و نیظامانەشە کە لەوەوە بە ئێمە گەیشـتوون ئەمـە کە پێویسـتە ئینسـان لـە

بیروباوەڕ و وتار و کردەوەدا لە سنووری شەرع دەرنەچێ و ، ئەگەر هاتو بەهۆی ئارەزووبازێ یا ڕەذیلەی نەفسەوە لایدا زووبەزوو بگەڕێتەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاست و عوزر بێنێتەوە لای بارەگای پەروەردگار . بەمە ئەڵێن (تەوبە) .

لە گەڵێ ئایەتی قورئاندا باسی تەوبە کراوە و هانی موسوڵمانان دراوە کەوا تەوبە بکەن و پێغەمبەر فەرمویەتی ئەگەر ئینسانێکی شەل و کوێر و کەڕ سواری وشترێ بێ و هەموو پێویستێکی ژیانی لەسەر پشتی وشترەکە قایم کرابێ و ئەو وشترە بەهۆی ڕووداوێکەوە لەو کابرا شەل و کوێر و کەڕە ون بێ ، جا کابرا پاش ئەوە کە زۆر هاواری کرد و کەس بەفریای نەگەیشت نائومێد بێ لە وشترەکەی و لە ژیانی خۆیشی و ، لەم کاتی ماتێ و نەهاتییەدا وشترەکەی بێتەوە بەردەستی ، چەند شادمان و کەیفخۆش ئەبێ ، (بلا تشبیه) خوای تەعالایش لەوە زیاتر بە تەوبەکردن و گەڕانەوەی بەندەیەکی تاوانباری شادمان ئەبێ و وا لەو کابرا خۆش ئەبێ و تاوانەکانی ئەبەخشێ وەك هەرگیز تاوانی نەکردبێ ، وەکو حەزرەت درودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « اَلتَّائِبُ مِنَ الذَّنبِ کَمَنْ لاذَنْبَ لَهُ » واتە : ئەوکەسەی تەوبە بکا لە گوناه وەك کەسێکی لێ دێ کە هەر گوناهی نەکردبێ ، بەڵکو لە نەصصی ئایەتدا هەیە کە خودا لەجیاتێ تاوانەکانی کردەوەی چاکەی بۆ ئەنوسێ . خوا لە قورئاندا فەرمویەتی : « فَأُولَئِكَ یُبَدِّلُ اللهُ سَیِّئَاتِهِم حَسَنَاتٍ » واتە : ئەوکەسانە کە تەوبەیان کردوە لە بیروباوەڕ و کرداری تاوانبارێ ، خوا تاوانەکانی ئەوسایان بۆ ئەگۆڕێتەوە بە چاکە .

تاوانبار ئەگەر تەوبە نەکا لە تاوانەکانی ، ئەگەر تاوانەکانی بچوکیش بن ئەبن بە تاوانی گەورە ، چونکە تا تەوبە نەکا لەو تاوانانە خوای تەعالا تەوبە نەکردنەکەشی بۆ ئەنوسێ بە تاوانیتر و ئەیخاتە پاڵ تاوانە پێشوەکانی و پێکڕا ئەبن بە تاوانی گەورە . بۆیە واجبە ئینسانی تاوانبار گورج تەوبە بکا لە تاوانەکانی و مادەم ئەم واجبەی فەوتاند تاوانبار ئەبێ . مادەم بنیادەم سوور بێ لەسەر تاوانی بچوك تاوانە بچوکەکەی بە بچوکێ نامێنێتەوە و گەورە ئەبێ ، بۆیە حەزرەت فەرمویەتی : « لا صَغِیرَةَ مَعَ الاصرارِ ولا کَبِیرَةَ مع الاِستِغفار » واتە : لەگەڵ سووربوندا لەسەر تاوان ، تاوان تاوانی بچوك نابێ و لەگەڵ تەوبە و داوای لێبوردنیشدا تاوانی گەورە بە گەورەیێ نامێنێتەوە .

(بزانن) پێویستە ئادەمیزاد هەمیشە لەبەینی ترس و ئومێد (خوف و رجاء)دا بێ . واتە ترسی ئەوەی لە دڵدا بێ کە خوا سزای گوناهەکانی لێبسێنێتەوە و هیوای ئەوە کە لە هەموو گوناهەکانی خۆش بێ ، چونکە هەردوو

سەرەکەی لای خوا ئاسانە . خوا لە قورئاندا فەرمویەتی : « نَبِّیءْ عِبادی اَنّی اَنَا الغَفُورُ الرَّحِیمُ وَاَنَّ عَذابی هُوَ العَذابُ الاَلیمُ » واتە : ئەی پێغەمبەر بە بەندەکانمی ڕابگەیێنە کەوا من خوایەکی بەخشندە و میهرەبانم و کەوا سزایشم سزایەکی سەختە . پێویستە ئادەمیزاد بێباك و چاونەترس نەبێ لەئاست خوادا و ئاگای لە خوا هەبێ و بەهۆی نەفسانیەتەوە دەوامنەکا لەسەر تاوان ، وابزانێ بەسەر خوادا تێئەپەڕێ و تۆڵەی لێ ناسێنێ ، چونکە بنیادەم بەوە کافر ئەبێ . خوا فەرمویەتی : « فَلا یَأمَنُ مَکْرَ اللهِ اِلاّ القَومُ الخاسِرُونَ » واتە : کەس ئەمین نابێ لە عاجزبوون و ئازاری خوا مەگەر ئەوکەسانەی کە ڕەنج بەخەسارن . هەروەها ناشبێ ئینسان نائومێد بێ لە ڕەحمەت و عەفو و چاوپۆشی خوا ، ئەگینا کافر ئەبێ . خوا خۆی فەرمویەتی : « اِنَّهُ لایَیأسُ مِن رَوحِ اللهِ اِلاّ القَومُ الکافِرُونَ » واتە : ئەوانە نەبێ کە لە زیاندان ، کەس لە ڕەحمەتی خوا نائومێد نابێ .

ڕۆڵەی دڵبەندم ئەگەر تۆ ژیری — زانا و هوشیار و خاوەن تەگبیری
بڕوانە تاق و هەیوانی کەیوان — خەیمە و بارەگا و میزانی جیهان
نەخش و نیگاری ڕۆژ و ئەستێران — کێو و دەشتی پان شیاوی سەیران
کانیاو و چەم و ئەرز و بێشە و باخ — مێرگ و مێرغوزار گوڵباخی پەرداخ
هەمو بە هێزی قودرەت کراون — بۆ ئاسایشی تۆ دانراون
خوا تۆی دروستکرد تا خۆت بناسی — ئەمجار دەستبکەی بە خوداناسی
بە بیروباوەڕ بە کردەوەی چاك — پایەت بگاتە بەرزتر لە ئەفلاك
بە ئینسانییەت وێنەی فریشتە — لادەی لە هەرچی ڕەوشتی زوشتە
تا ئەم جیهانە بە تۆ ئاوا بێ — نەك پەڕەی مێژو بە تۆ ڕسوا بێ
زۆر عەیبە کە تۆیش وا بێوەفا بێ — لەبەر سەرکێشی زۆ لە جەفا بێ
ئاخر پێم بڵێ بۆچی ناسازی ؟ — بۆچی بێباکی و بە چی ئەنازی ؟
دڵت ئەوەستێ بە یەك هەناسە — ئەمرێ و ئەزانێ قسەی من ڕاسە
یا بە قومێ ئاو گیرایە گەروت — ئەمرێ و ون ئەبێ سوڕایێ لە ڕوت
لەپاش مردنیش بەرزەخ مەقەڕە — بۆ چاکان نەبێ ئاگری شەڕە
لەپاش بەرزەخیش ڕۆژی ڕەستاخێز — نیە مەیدانی بەرتیل و گوڕێز
بۆ حیسابات دیوانێ هەیە — بۆ چاك و خراپ میزانێ هەیە
خودای تەعالایش بینا و زانایە — بە نێك و بەدی تۆ ئاشنایە
لای ئەو ڕۆناکە سەراسەر جیهان — یەکسانە لای ئەو ئاشکرا و پەنهان
کە خەبەرداری لە زەمانی خۆت — بیر بکەرەوە بۆ دەرمانی خۆت
ئێستە فرصەتە وای لە ژیانا — خۆت بۆ نوقمئەکەی لەناو تاوانا
لە کردەوەی بەد بگەڕێرەوە — لەلای خودای خۆت بپاڕێرەوە
وەکو مەسینەی ئاسنی حەوجۆش — لە ترسی خودا ساتێ بێرە جۆش

تۆبەیێ بکە بە ئیخلاصی دڵ　تا دڵ بە ئیخلاص بێتە کەفوکوڵ
هەرچیت کردوە گوناە و تاوان　ئەسری بۆ هەڵکە وێنەی شەتاوان
داوێنەی خەڵکێ بگرە بە دۆ دەس　بەڵ بۆ ئازادیت بن بە فریادڕەس
پەیمان ببەستە تا هێزت ماوە　تاوان و گوناە بخەیتە لاوە
بەمجۆرە بڕۆی بە ڕێگەی ڕاسا　ڕۆ بکەیتە خوا لەگەڵ ئیخلاصا
بە هێمنێ دڵ ئەحەسێبیتەوە　دەرگای ئیحسانت بۆ ئەکرێتەوە
خوایە صەد تەوبە بە ئیخلاصی دل　بمبەخشە بە شای (سید الرّسل)
برژێ بەسەریا صەلات و سەلام　بە تاوی (بەهار) تا کاتی ئەنجام

گوڵی پەنجاوچوار ـ گوڵی پاڕانەوە

ئەوەی بۆلای حەق بگەڕێتەوە
پێویستە بەکوڵ بپاڕێتەوە
ڕۆحی عیبادەت پاڕانەوەیە
نابێ بە هەوا بسوڕێتەوە

خوای تەعالا لە قورئاندا فەرمۆیەتی :

ٱدْعُونِى أَسْتَجِبْ لَكُمْ

واتە : بانگم لێ بکەن دێم بە دەنگتانەوە . مەبەستی لەوەیە دوعاکەتان قوبۆڵ ئەکەم و مرازتان ئەهێنمەدێ .

پاڕانەوە ئەوەیە ئادەمیزاد دڵخوازی خۆی بە کزێ و داماوێ و لارەملێ لە خوای تەعالا داوا بکا ، خواە دڵخوازەکەی دەس‌کەوتنی قازانجێ بێ یا لابردنی زیانێك . دیارە هەر خودا خاوەنی کائیناتە و هەرچێ خواستێکی هەبێ ئەتوانێ بیکا . پاڕانەوە بە مۆخ و ناوکورۆکی خواپەرستێ دانراوە ، چونکە مەعناکەی بریتییە لە ئیعتیراف کردن بە توانایێ خوا و دەسەڵات شکانی بەسەر هەمۆ شتێکدا و ، مل کەچ‌کردنە بۆی . بەندەییش بەڕاستێ ئەمەیە ، بۆیە پێغەمبەر درۆدی خوای لێ بێ فەرمۆیەتی : « الدُّعاءُ مُخُّ العِبادَةِ » واتە : پاڕانەوە لە خوای تەعالا مۆخی عیبادەت و بەندەییە بۆ خوا .

بناغەی دوعا و پاڕانەوە ئەوەیە خوای تەعالا ئەم دنیایەی لەسەر ئەسباب داناوە و هەر شتێکی بەستوە بە سەبەبێکەوە . بەڵام سەبەب و هۆی هەندێ شت تەنها لە عیلم و زانستی خۆیدایە و ئادەمیزاد مەجالی نیە تێی‌بگا . ئەم جۆرە بابەتانە بەر قەضا و قەدەری موبرەم واتە قەزا و قەدەری پێویست و بڕیار لەسەر دراو ئەکەون . ئەسبابی گەلێ شتیش وا دانراوە

دەستی گیانلەبەریان پێ ئەگا بەتایبەتی ئادەمیزاد ، جا ئەگەر هۆیەکەیان بێتەجێ ئەبن و ئەگەر نەیەتەجێ نابن . ئەم جۆرە بابەتانە بەر قەزا و قەدەری موعەللەق ئەکەون یەعنی جێبەجێبونیان بەسراوە بە بونی ئەسبابەکانیانەوە ، هەرچەند لە عیلمی خوا خۆیدا کە پێی‌ئەڵێن (امّ الکتاب) ڕابوردوە ئەو شتە ئەبێ یا نابێ و بڕاوەتەوە چونکە خوا ئاگادارە لەو سەبەبە کە ئەبێ بەهۆی بونی یا نەبونی .

جا ئـەم ئەسبابانە هەندێکیان مـادّی و مەحسوسن وەك خـواردن و خواردنەوە و دەرمانکردن و شتیوا . هەندێکیشیـان مەعنەوین و بـە چـاو نابینرێن و لـە مەعقولاتن وەکو صەدەقەکـردن بۆ چاری دەرد و بـەڵا وەکو حەزرەت دروودی خوای لێ بێ فەرمویەتی : « الصَّدَقَةُ تَسُدُّ سَبْعينَ باباً مِنَ السُّوءِ » واتە : صەدەقە و خەیراتدان بە داماوان ، حەفتا دەرگای ڕوداوی خراپ ئەبەستێ و مەجالی دەرکەوتنیان نادا . هەروەها فەرمویەتی : « الصَّدَقاتُ بالغَدَواتِ يَذْهَبْنَ بالعاهاتِ » واتە : صەدەقە و خێرکردن بە سبەینان ئافات و بەڵا و ئازار ئەڕەوێنن . هەروەها هۆی مەعنەویێ وەکو دوعا و پاڕانەوە لە خوای تەعالا ، وەکو خوا لە قورئاندا فەرمویەتی :« أَمْ مَنْ يُجيبُ المُضطَرَّ إذا دَعاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ » واتە : یا ئەوکەسە کێیە لە خوا بەولاوە کە دوعای داماوی ناچار قوبوڵ ئەکا کە لێی بپاڕێتەوە و هاواری بۆ بەرێ و ئـەو دەرد و مەینەتەی بەسەریا هاتوە لەکۆڵی ئەکاتـەوە ؟ دیارە ئەوکەسە هـەر خودایە . یا وەکو حـەزرەت فەرمویەتی : « الدُّعـاءُ يَرُدُّ البَلاءَ » واتە : پاڕانەوە لە خوای تەعالا دەرد و بەڵا ئەگێڕێتەوە بە خواستی خوا . هەروەها فەرمویەتی : « الدُّعاءُ يَنْفَعُ مِمّا نَزَلَ ومِمّا لَمْ يَنزِلْ ، فَعَلَيْكُمْ عِبادَ اللهِ بِالدُّعاءِ » واتە : دوعا و پاڕانەوە لە خوا قازانج ئەگەیەنێ بەرابەر بەو دەردەی هاتوەتە خوارەوە یا دێتە خوارەوە . بۆ یەکەم ئەبێ بەهۆی سوکبونی ئەو دەردە و بۆ دوهەم ئەبێ بە چارە و حەسار و نایەڵێ بێتە خوارەوە .

جا تەماشائـەکەین وەك چۆن کشتوکاڵ و ئاڵوویـڵ و پیشەسازیێ ئەسبابی سود دەسکەوتنن لە ژیانا و ، دەرمانکردن و خزمەتی نەخۆش ئەبن بەهۆی شـیفا و چاکبونەوەی نەخۆش ، هەروەها صەدەقە و خەیـرات و دەست و دەهەندەیش هۆی مەعنەوین بۆ شیفای نەخۆش و بۆ چاری دەرد و بەڵا و ئازار . ئەمە بۆ ئەوکەسانەی کە ئیمان و باوەڕیان بە ئایەت و فەرمودەی پێغەمبەر هەیە ئاشکرایە و جێگای گومان نیە . جا ئەم صەدەقە و دوعایە خاوەن دەردەکە خۆی بیانکا وەك عادەتوایە لای ئێمە ، یا یەکێکیتر بیانکا مەسەلا کە بیستت ئاشنایەکت نەخۆشە صەدەقەیەك بکەی بەنیازی چاکبونەوەی یا دوعای خێـری بۆ بکەی ، هەر بەسـودە ، یاخود یەکێ پەنا بەرێتـە بەر

پیاوێکی دڵ و دەروون پـاك کە دوعای خێر بکا بۆ نەخۆشێ ، ئـەوەیش هەر بەسوودە . ئەوەتە مەشهوورە پێغەمبەر درودی خوای لێ بێ ئەمری فەرموو بە حەزرەتی عومـەر خوای لێ ڕازی بێ بڕوا بۆ مەککە بۆ ئاگاداری لـە وەزعی حاجییەکان و کە کەوتەڕێ پێی‌فەرمـوو فەرامۆشمان مەکە لە دوعای خێر . مەشهووریشە هەروا بە حەزرەتی عومەری فەرموە : هەروەختێ لەمەوپاش کۆمەڵێ یەمەنی هاتن بۆ لات کوڕێکـی گەنجیـان تیابوو ناوی (أُوَیْس) بـۆ سەلامی منی پێ‌بگەیەنە و داوای دوعای خێری لێ بکە . هەروا مەشهوورە حەزرەت دوعای خێری بۆ گەلێ‌کەس کردوە لە ساغ و نەخۆش و گەورە و منداڵ و ئەوانەیش سوودیان لەو دوعای خێرە وەرگرتوە .

هەروا ڕەوایـە و سوننەتی دینە ئینسـان داوای دوعای خێـر بکا لە پیاوچاکان و لە پاشملەیش دوعای خێر بکا بۆ برای دینی خۆی وەکو حەزرەت فەرموویەتی : « أرْجى الدَّعَوات دُعاءُ الأخ لاخيه بِظَهرِ الغَيْبِ » واتە : نزیکترین دوعا لە گـیرا بوونەوە دوعای برایە بۆ برا لە پاشـملە . هەروا ڕیوایەتی صەحیحـدا دەستگیرمـان بوە کەوا خوێندنەوەی ئـایەت بەسـەر ناساغ و برینـدارا سوودی هەیە وەکـو مەسەلەکەی (ابوسـعیدی خدری) و دەشتەوانە عەرەبە پیرەکە کە ابوسعید سورەتی فاتیحەی بەسەردا خوێند و خوا بە بەرەکەتی ئەوەوە شیفای بۆ نارد . لەم ڕوداوەدا ابوسعید چەند سەری حەیوانیشی لە عەرەبەکە وەرگرت . کە هەواڵەکەشیان گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر ناڕەزایی خۆی لێ پیشان نەدا و تەقریری کرد .

ئەوەی کە هەندێ کەسی بێ‌ئاگا لە کاروباری دین ئەیڵێن کەوا خوا خۆی ئاگای لە هەموو شتێك و لە هەموو کەسێ هەیە ، ئیتر بۆچی ئینسان خۆی دوعا نەکا بۆ خۆی و بۆچی یەکێکی‌تر دوعای بـۆ بکا ، لەگەڵ ڕێ‌وشوێنی دیندا ڕێ‌ناکەوێ چونـکە بە ئایـەت و حەدیث و مێـژووی گەورە پیـاوانی ئیسلام دەرکەوتوە کەوا حەزرەت درودی خوای لێ بێ بەو شێوە دوعاکردنە ڕازی بوە و ئەمری بـە موسوڵمانان کردوە کـە دوعای‌وا بۆ یەکتری بکـەن و زانـا گەورەکانی ئیسلامیش لەسەر ئەم ئوسوڵە بەڕێدا ڕۆیشتوون . ئیتر هەرکەس بەپێچەوانەی ئەوە قسە بکا قسەکەی بێ‌جێیە .

حەزرەت درودی خوای لێ بێ فەرمـانی‌داوە بەخەریك‌بوونی ئەسبابی ئاشکرایش ، وەك ئەوە کە ئەفەرموێت : « داوُوا مَرْضاکُمْ ، فانَّ لِكُلِّ داءٍ دَواءً الاَّ السّامَ » واتە : تیماری نەخۆشەکانتان بکەن چونکە بەڕاستی هەموو دەردێ دەرمانی هەیە مردن نەبێ . کەواتە پێویستە ئادەمیزاد بە هەموو جۆرێ هەوڵ‌بدا بۆ ڕزگاربوونی خۆی و پەیوەندی و باقی موسوڵمانان بە هەر شێوەیەك بۆی ڕێ‌کەوێ ، بەهۆی ظاهیری و بەرچاوێ یا بەهۆی پەنامەکی و مەعنەوێ و ئەمە ڕێ و شوێنی ئایینی ئیسلامە .

ڕۆڵەی خۆشەویست بینایی چاوم ڕۆناکی دڵ و بەندی هەناوم
دەرست دائەدەم لە بیرت نەچێ تا لەم جیهانە کۆچت دەرئەچێ
قەت ماتڵ نەبێ لە ذیکر و دوعا لە ماوەی ژینا ، بە ڕۆژ و شەوا
بەتایبەت لەپاش نوێژی بەیانی یا بە نیوەشەو ، کاتی نیهانی
لەم دوو کاتەدا و لەپاش فەرزەکان جیلوەی تەجەللای خوا ئەدا بەیان

★ ★ ★

چەند کاتی هەیە بۆ دوعای ئینسان یەکەمینیانە کاتی بەربەیان
لە بەیانەوە تا هەتاو دەردێ تەجەللای ئیحسان بەسەرمانا دێ
بەینی مەغریب و عیشایش هەروایە کاتی تەجەللای نووری خودایە
(بین الطلوعين) ، (بین المغربين) بەدەوام ، باقی لەسەر (بینَ بین)
شەو کە تەواو بۆ شەونوێژ کردنتان ڕۆ لە خودا کەن بە هێز و تەکان
لەم‌کاتا دوعا ئەغلەب گیرایە دیارە هەمۆیشی ئیرادەی خوایە
هەروا کە بانگدەر بۆ نوێژ بانگ‌ئەدا دوعای خۆت بکە دڵ پڕ لە هیوا
بەتایبەت کاتی دوو (حي على) کە نووری خودا ئەدا تەجەللا

★ ★ ★

کاتی چاوت کەوت بە قوببەی خەضرا ڕەوضەی پیرۆزی شای (ابو الزهراء)
کاتی چاوت‌کەوت بە کەعبەی ئەعظەم لەلای حەجەر و حیجر و مولتەزەم
کاتی هەڵسوڕان بە نیازی طەواف دوعا مەقبوڵە لە دەروونی صاف
کاتی وەستانت لە عەرەفاتدا کە نوور ئەبارێ بە کائیناتدا
کاتی بارانی ئارام دێتە خوار هی سەرپەڵە بێ یاخود هی بەهار
کاتی کە دایك و ڕۆڵەی دوورکەوتوو یەك‌ئەگرنەوە هەردوو دوو بەدوو
کە بەیەك‌ئەگەن دۆستانی خوایی ڕەحمەت دێتە خوار باران ئاسایی
کاتی کە خەطیب دێتە خوارەوە تا قامەت ئەکرێ لە کەنارەوە
هەم لەنێوانی بانگدان و قامەت دوعا نزیکە زۆر لە ئیجابەت

★ ★ ★

ڕۆڵەی عەزیزم قەت غافڵ مەبە لە دوعاکردن قەت ماتڵ مەبە
موخی عیبادەت لالانەوەیە لە دەرگای خوادا پاڕانەوەیە
ئەم پاڕانەوە هۆی ڕزگارییە لەلای خواناسان ئەمە دیارییە
ئەم کائیناتە لەسەر ئەسبابە بەڵام سەرەنجام هەر خوا حیسابە
هەم سەبەب‌سازە هەم سەبەب‌سۆزە خۆی هەموو شتە و ماسیوا تۆزە

★ ★ ★

نیظامی لەسەر حیکمەتی ڕاستە   ئەسباب تابیعی خواهیش و خواستە
مەردانی پەیکار لە مەیدانی جەنگ   بە شیر بە نێزە بە تۆپ و تفەنگ
مەردانی مەعنا بۆ دوعا و نزا   صەدەقە و دوعا بۆ چاری سزا
یەعنێ ئەو قەزا کاتێ دێتە خوار   بەردەمی ئەگرێ قەلغانی هاوار
دە سەعات باران بە خوڕ بباری   تەڕ نابێ وەستاو لەژێر پاساری
هەروەکو چاری نەخۆش دەرمانە   دوعایش بە چارەی نەخۆش بزانە
من نالێم کاتێ کەوا قەزا هات   تۆ داتە دواوە بە دوعا و نزات
ئەلێم ئەو قەزا قەزای حەق وابوو   بە قەزای دوعا بە ساتێ لاچوو
دەخیلە نەکەی ڕاستێ نەبینێ   بێی لە دوعای خێر ڕوو وەرچەرخێنێ
صەدەقە و دوعا مەعنەوییاتن   دەرمان و دەردیش لە مادّییاتن
ئەم بۆچێ ئەلێی نایەلێ بمرێ ؟   بۆ نالێی ئەویش جێگەیێ ئەگرێ ؟
بە خواستی خودا چ ئەو و چ ئەم   ئەبن بە سەبەب یەقین خاطرجەم
خواستیشی نەبێ ، هەزار ئەفلاتون   ڕاست ناکەنەوە نەخۆشی زەبوون

★ ★ ★

بە کوردێ هەرچێ بە عەقل و بە دین   گەیشتوە بە تۆ ڕاستە بە یەقین
ئەمەیە دەرسی سوننەت و کیتاب   بە دل وەکوو مەرد بڕۆ بۆ ئەسباب
توخوا پێم بلێ یەکێ جووت ئەکا   یەکێکیش هەروا هەیت و هووت ئەکا
کامیان لە ئەرزا تۆو ئەوەشێنێ !   کامیان لە زەوێ بەرهەم دەردێنێ !

★ ★ ★

کۆمەلی بۆشی بۆ هەوا مردوو   ئەبن بە پۆشی ڕەشەبا بردوو
بە کوردێ ئەلێم نەك واتەی درێژ   ژیان بە ژانە و بە هێزی ڕاوێژ
ڕاوێژ ئەوەیە یەکێتی بێنێ   بەرزێ و ئازادێ دوو گێتی بێنێ
هەرکەسێ ببێ بە دزی گای خۆی   نە خۆی ئەمێنێ و نە گاکەی لەبۆی
با لاچێ باسی دەوری کلکی گا   بگەڕێینەوە بۆ دلی ئاگا

★ ★ ★

وای فەرموو خودای زانا و تەوانا   کە لەسەر ئەسباب جیهانم دانا
بۆ هەر ئێشێکم سامانێ هەیە   بۆ هەر ئێشێکم دەرمانێ هەیە
ئاسمانی بەرز تا تەختی زەوێ   باش بۆی بڕوانن بۆ بەرز و نەوێ
ڕۆژ وەکو چرا کە داگیرساوە   بۆ ئاسایشی تۆ دانراوە
بە بارانی نەرم زەوێ ئەجۆشێ   بەرگی زمڕووتێ لە خۆی ئەپۆشێ
جا دێتە شەپۆل ئاوی سەرچاوە   جۆباری ئەڕوا لە هەموو لاوە
بۆ باخ و بێستان بۆسەر کشتوکال   بۆ مایەی ژینی گەورە تا منال

★ ★ ★

هەر ئەو خودایە کە تەوانایە   بە ئەسراری دڵ زانا و بینایە
ئەڵێ هەرکاتێ کۆسپێ هاتە ڕێت   ئەگەر ئەتەوێ من لای بدەم لێت
بەو گشت ئەسبابەی بۆ تۆم داناوە   چاری خۆت بکە لە هەمووی لاوە
بە دەوا و دەرزێ بە خێر و بەخشین   بە دوعا ئەکرێ چاری نەخۆشین
کۆسپی بەردەمت وەها لائەدەم   دڵت دائەگرێ گەرد و تۆزی خەم

★ ★ ★

هەمووی حازرین بۆ ئەمری خودا   موطیعی ئەمرین بێ سەنگ و صەدا
هیوامان تەنها تەوفیقە تەوفیق   لەبۆ پەیڕەوێ ڕەهبەری ڕەفیق
ڕەهبەر سەروەر و سەییدی ئەنام   یەعنی موحەممەد (علیه السلام)

تکا لە زانایانی بەڕێزی دین

پێشەواکانی صەفاخانەی دین !   ڕەهبەرەکانی شا ڕێگەی یەقین !
ڕازاوە (بەهار) لەگەڵ (گوڵزار)ا   لە دەشت و سارا و لە لادێ و شارا
سوودێ وەربگرن لە وادەی بەهار   بەهار نامێنێ هاوین دێتە کار
لەپێش سەبوونی بەجۆشی هاوین   بەشێ وەربگرن لە نەسیمی ژین
دەرسێکی بڵێن بە منداڵەکان   با بێننە ڕێزی بەکەماڵەکان
سەرچاوەی هەمووی ئایەتە و حەدیث   فەرموودەی بەرزی حەزرەتی ڕەئیس
بەڵکو نەفحەیێ لە فەیضی ڕەحمان   بدا لە دڵمان بۆ حیفظی ئیمان
بدا لە دڵی تاریکی (نامێ)   نووڕانی ببێ بە نووری سامێ
(عبدالکریم)ی موحتاجی کەرەم   کەرەمی سفرەی حەزرەتی ئەکرەم
تا بەمەحەببەت بژێ لە دنیا   لەو دنیاش بگا بە پایەی عولیا
بۆ فەیضی خودا ئەمە حوججەتمە   بە (لا الـه الا الله) خەتمە

★ ★ ★

لێبوومەوە لە نووسینی ئەم کتێبە لە حوجرەی دەرس‌وتنەوەی خۆمدا لە مزگەوتی حەزرەتی شێخ عبدالقادری گەیلانێ لە بەغدا لە سەعات دوازدەی شەوی پێنجشەممەی بیست‌ویەکی موحەڕڕەمی ١٣٩١ ڕێکەوتی هەژدەی مارتی ١٩٧١ والحمد لله رب العالمین ، والصلاة والسلام علی سیدنا محمد وآله وصحبه اجمعین .

نـــاواخن

لاپەڕە	بـــابەت
٥	پێشەکی
٧	گوڵی یەکەم ـ گوڵی ئایینپەرستی
٢٠	گوڵی دۆهەم ـ گوڵی ترس لە خوا
٢٣	گوڵی سێهەم ـ گوڵی شێوە و ڕەوشت
٢٤	گوڵی چوارەم ـ گوڵی عەقڵ
٢٨	گوڵی پێنجەم ـ گوڵی ئەدەب
٣٢	گوڵی شەشەم ـ گوڵی عیلم و زانست
٣٤	گوڵی حەوتەم ـ گوڵی ڕەنجی شان
٣٨	گوڵی هەشتەم ـ گوڵی سوود و مەنفەعەت
٤٠	گوڵی نۆهەم ـ گوڵی بەندەیی خوا و خزمەتی باوك و دایك
٤٤	گوڵی دەهەم ـ گوڵی نیازپاکی
٤٨	گوڵی یازدەهەم ـ گوڵی ساغی و ڕاستی
٥٢	گوڵی دوازدەهەم ـ گوڵی میانەڕەوی و چاکەکردن
٥٧	گوڵی سیازدەهەم ـ گوڵی ئامۆژگاری
٦٤	گوڵی چواردەهەم ـ گوڵی هیوا
٦٩	گوڵی پانزەهەم ـ گوڵی ئەخلاقی جوان و پەسەند
٧١	گوڵی شانزەهەم ـ گوڵی ڕاستی (صیدق)
٧٣	گوڵی حەفدەهەم ـ گوڵی خۆڕاگرتن (صەبر)
٧٧	گوڵی هەژدەهەم ـ گوڵی بەردەوامی لەسەر چاکە
٨١	گوڵی نۆزدەهەم ـ گوڵی ئارامی
٨٤	گوڵی بیستەم ـ گوڵی بەراورد و لێکدانەوە
٨٨	گوڵی بیستویەکەم ـ گوڵی دووربینی
٩٣	گوڵی بیستودۆهەم ـ گوڵی ئاگاداری
٩٧	گوڵی بیستوسێهەم ـ گوڵی دادگەری
١٠٣	گوڵی بیستوچوارەم ـ گوڵی تاوان لەخۆگرتن
١٠٩	گوڵی بیستوپێنجەم ـ گوڵی عیبرەت وەرگرتن
١١١	گوڵی بیستوشەشەم ـ گوڵی خۆدوورگرتن لە هەرچی گومانی خراپەی لێ بکری
١١٣	گوڵی بیستوحەوتەم ـ گوڵی بەهەشتییەتی
١١٥	گوڵی بیستوهەشتەم ـ گوڵی هاوڕێیی
١٢٠	گوڵی بیستونۆهەم ـ گوڵی گونجان و سازان

لاپەڕە	بـابەت
١٢٦	گوڵی سیهەمین ـ گوڵی چاری ڕق و قین
١٣٠	گوڵی سیٚ‌ویەکەم ـ گوڵی ڕاویٚژکردن
١٣٢	گوڵی سیٚ‌ودوٚهەم ـ گوڵی یارمەتی‌دانی یەکتر
١٣٦	گوڵی سیٚ‌وسیٚهەم ـ گوڵی یەکیٚتی و یەك‌دڵی
١٤٢	گوڵی سیٚ‌وچوارەم ـ گوڵی سەبەب‌سازی و پشت بە خوا بەستن
١٤٩	گوڵی سیٚ‌وپیٚنجەم ـ گوڵی ئیقتیصاد (میانەکاری)
١٥٣	گوڵی سیٚ‌وشەشەم ـ گوڵی قەنـاعەت
١٥٥	گوڵی سیٚ‌وحەوتەم ـ گوڵی ئەمینی
١٥٩	گوڵی سیٚ‌وهەشتەم ـ گوڵی پیاوەتی
١٦٥	گوڵی سیٚ‌ونوٚهەم ـ گوڵی خوٚبەکەم‌زانین
١٦٨	گوڵی چلهەم ـ گوڵی شەرم و حەیا
١٦٩	گوڵی چل‌ویەکەم ـ گوڵی دڵ‌نەرمی
١٧٢	گوڵی چل‌ودوٚهەم ـ گوڵی خزم‌دوٚستی
١٧٥	گوڵی چل‌وسیٚهەم ـ گوڵی دراوسیٚ‌پەرستی
١٧٧	گوڵی چل‌وچوارەم ـ گوڵی غەریب‌نەوازی و میوانداری
١٧٩	گوڵی چل‌وپیٚنجەم ـ گوڵی دڵ‌پاکی
١٨٢	گوڵی چل‌وشەشەم ـ گوڵی داوین‌پاکی
١٨٦	گوڵی چل‌وحەوتەم ـ گوڵی دەم‌پاکی
١٩٥	گوڵی چل‌وهەشتەم ـ گوڵی تەندروستی و ئاسایش
٢٠٠	گوڵی چل‌ونوٚهەم ـ گوڵی سوپاسگوزاری بوٚ خودا
٢٠٦	گوڵی پەنجاهەمین ـ گوڵی پاراستنی حەقی خودا
٢١٠	گوڵی پەنجاویەك ـ گوڵی ڕەوشتی ناو مزگەوت
٢١٤	گوڵی پەنجاودوٚ ـ گوڵی ژیانی بەختەوەر
٢٢٠	گوڵی پەنجاوسیٚ ـ گوڵی گەڕانەوە بوٚلای خوا
٢٢٣	گوڵی پەنجاوچوار ـ گوڵی پاڕانەوە

بەشی دۆهەم

گوڵزار

بسم الله الرحمن الرحيم

حەمد و ثەنا

(بسم الله) بەهۆی ناوی ئەو خودا   خاوەن تەجەللای صیفاتە و ئەسما
هەر ئەو واجبە و هەر ئەوە مەعبوٓد   هەر ئەو خالیقە بۆ هەردوٓ دنیا

یەعنی بە یومنی ناوی ذاتی حەق   کلیلی دەرگای ئیحسانی موطلەق
خاوەن صیفاتی کەمالێ هەموٓ   خاوێن لە وەصفی نەشێ لەبۆ حەق

ڕەحمان و ڕەحیم وەصفی شانی ئەو   میهرەبانێ عام یەك نیشانی ئەو
(علّم القرآن ، خَلَقَ الانسان)   (علّمَ البیان) لە ئیحسانی ئەو

بارانی فەیضی دابداتەوە   سینەی وشکەناو نمئەداتەوە
دەماخ وەکوٓ باخ دێتەوە پەرداخ   دڵ وەکوٓ غونچە دەم ئەکاتەوە

سینەی بیماران بە جیلوەی ڕەحمەت   پاك ئەکاتەوە لە دەرد و زەحمەت
دڵی دڵداران بە شێوەی ئیحسان   ئەکا بە ساحەی (گوڵزاری حیکمەت)

(الحمد لله) هەموٓ ستایش   هەر لەبۆ ئەوە بە بێئالایش
هەر شتێ هەبێ لە کائیناتا   بە سوپاسی ئەو ئەکا نومایش

یاخود ئەو ثەنا ئەو لەبۆ خۆی کرد   کە هیچ زانایێ ڕێگەی پێ نەبرد
یا ئەو ثەنایە کە دۆستەکانی   بە ئیخلاصی دڵ لەبۆ ئەویان کرد

هەر بۆ تۆ ئەشێ سوپاس و ثەنا   بۆلای تۆ ئەبرێ هاوار و پەنا
ئێمە قەت ناگەین بە سوپاسی تۆ   هەر بە خۆت ئەکرێ خودای تەوانا

لە مەرکەزەوە تا ئەوجی فەلەك   لە پەرێ و ئینسان لە فەوجی مەلەك
ئەوەندەی لەبۆ بەرزێ تۆ بشێ   سوپاسی تۆ بێ (والثّناءُ لكَ)

خوایە شاهیدە نیظامی دنیا   ئەتۆ ذاتێکی کامڵ و تەنیا
حەییو قەییوٓمی ، زانا و تەواناێ   ذەڕڕە ئەبینێ لە بنی دەریا

بە خواستی تۆیە ئەجزای کائینــات   زەوی و مانگ و ڕۆژ باقی سەییارات
بە دەستی تۆیە پەستی و بوڵەندی   مەبەســتی تۆیە پــایە و مەقــامات

بچوك ونــابێ لــە مەبەســتی تــۆ   گــەورە دەرنــاچێ لە بەردەستی تۆ
بە هەمــوو عــالەم ئیشێ نــاکرێ و   نابێ بێ خواست و بێ مەبەستی تۆ

شت نیە فەیضت نەڕژێ بەسەریا   بەرگی عەطــای تۆ نەکرێ بەبەریــا
نــامەی تەقــدیرت نانوسرێتــەوە   بــە داری چیــا و بە ئــاوی دەریــا

هەرکوێ ئەڕوانــین جیلوەگای تۆیە   دڵە یــا گوڵە ، دەشــتە یــا کۆیــە
هوشیــار ئەوەیــە ئاگــای لە تۆ بێ   بێهــۆش ئەوەیــە غــافڵ لە تۆیــە

لە چــاو پەنهانی و بــۆ دڵ دیــاری   مەبدەئی عەقــڵ و عیلم و ئەسراری
پەروەردگــاری شەهــادە و غەیبی   مەنشــەئی بیر و کــار و ئاثــاری

لەبــەر نیعمەتی بــێ قیــاسی تــۆ   عــالەم دێتە دەنــگ بە سوپاسی تۆ
ئەگەر زمــانیان نەبــێ بــۆ بەیــان   حاڵیان شــاهیدە بــۆ ئیخلاصی تۆ

ئەجزای کائینــات لە سەما و زەوی   هەرچییان تیــایە لە بەرز و نــەوی
هەمــوو دەلیلن لەسەر ئــەم حوکمە   تۆی تەنیــا و زانا و تەوانا و قەوی

بۆییت و هەیــت و ئەبی بە ئەبــەد   بێوێنە و شەبیه واحید و ئەحــەد
بێئیحتیــاجی لــە هەمــوو عــالەم   عالەم لە تــۆوە وەرئەگرێ مــەدەد

کونهی ذاتی تــۆ ئەی خودای بێباك   کەشف نــاکرێ بە عەقڵ و ئیدراك
دەریــای صیفاتت بێنیهــایەتە   ڕەهبەر نــاطیق بــۆ بە (ما عرفناك)

سەییارات هەمــوو بەنــدە فەرمانن   هەریەك بەجــۆرێ سەر لە دەورانن
بە هەزاران ســاڵ مووێ لانــادەن   لــە هەیبەتی حەق هەمــوو حەیرانن

بە وجوودی حەق هەر تۆ مەوجوودی   لەبۆ هوشیاران هەر تۆ مەقصوودی
عــالەم مــلکەچی فەرمــانی تــۆیە   پایــەدارێکی غەیــرە مەحــدوودی

هەموو کــارێکت بەپێــی حیکمەتــە   دوورە لە وەهمــی هەرچــی توهمەتە
(مفــاتیح الغیب) وا بــەلای تۆوە   داوێنەی حوکمت خــاوەن عیصمەتە

هەرچــی ئەنێــرێ هەمــوو نیعمەتە   تەنــانەت ئەوەیش مــایەی ڕەحمەتە
یــا کەفــارەتی بــاری تاوانــە   یا هۆی سەربەرزی و پایەی نیعمەتە

هەرچی تۆ ئەیکــەی عەدلە یا فەضلە   کەشفی ئەم حوکمە بۆ زانــا سەهلە
هەر تۆی مەلیك و (مالك الملك)ی   بۆچی و لەسەرچی خەتایە و جەهلە

صەلات و سەلام

خودا تۆ بەپێی ڕەحمەت و ئیحسان
بۆ دەرسی بەرزی تەوحیدی ذاتت
ڕەهبەرانت نارد لە نەوعی ئینسان
هەتا ڕێگەی ڕاست نیشان‌دەن پێمان

هۆنراوە ڕشتەی جەواهێرکاریێ
لە ئادەمەوە تا ذاتی خاتەم
لە ڕەهبەرانی ڕێی بەختیاریێ
یەك یەك فائیزی پایەی موختاریێ

لەسەر یەك ئوسوڵ بۆ بیروباوەڕ
بەڵام بەگوێرەی مەسڵەحەتی ڕۆژ
بۆ کرداری خەیر ، بۆ دووریێ لە شەڕ
فورووع ئەگۆڕان بۆ خەیری بەشەر

گەلێ تێکۆشان بە درێژیێ ساڵ
ئەوەی بەختی بۆ گەییێ بە مەبەست
بۆ بەختەوەریێ بۆ گەورە و منداڵ
بەدبەختیش ڕۆییێ کەوتە بێخی چاڵ

خوایە دەی لەسەر ئیحسانی عامت
بڕێژە بەسەر ئەو ڕەهبەرانا
لەسەر دەستووری فەیضی ئینعامت
بارانی فەیض و فەضڵ و ئیکرامت

صەلات و سەلام ئەزەل تا ئەبەد
لەویش سەر واز کا بۆ پێغەمبەران
بەتایبەتیێ بێت بۆسەر (محمد)
بۆ ئال و یاران بێ حەصر و عەدەد

ئەو (محمد)ەی (طـه) طەلعەتە
ئەو خاوەن دینەی کە پایەدارە
کە تەکاکاری خەتای ئوممەتە
خاوەنی فەیض و خاوەن هیممەتە

دینێکی هێنا هەتا قیامەت
بۆ هەموو چەرخێ تەواو دەس‌ئەدا
سەرچاوەیە بۆ خەیر و کەرامەت
بۆ ئەوەی بگرێ ڕێگەی سەلامەت

لەسەر کیتابی خودای تەوانا
بۆ حەقی نوفووس حیجابی لابرد
دین و ئایین و حیسابی دانا
بۆ حیفظی نوفووس حیجابی دانا

بەسە بۆ ثەنای قورئانی کەریم
بڕژێ بەسەریا صەلات و سەلام
(اِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيم)
هەرچەند شایانە بە شانی تەعظیم

هەم بڕژێتە سەر ئال و یارانی
تا پڕتەو ئەدا هەتاو بە هەوا
بۆسەر ئەتباعی فیداکارانی
تا هەور ئەڕژێ تاوی بارانی

گەلێ ڕازیێ بۆ لەو گەلە خودا
داوای ڕەزایشی لەو گەلە ئەکرد
چونکە بۆ خودا بوبون بە فیدا
چونکە طالیب بون بۆ ڕەزای خودا

لە ثەنا لەسەر ئال و ئەصحابا
پاش ثەنای خودا ثەنای پێ ناوێ
بەسە چەند ئایەت لەناو کیتابا
ئەوکەسە ئەڕوا بە ڕێی صەوابا

پاڕانـــەوە

بــە موناســـەبەی باســی ئەو ذاتــە — جیلــوەگای نــوری ڕۆی کائینــاتە
بــە یومنێ باســی ئــال و یــارانی — قــاپێ کــراوە ڕێــی مونــاجــاتــە

ڕەببی بــــەدەوام پایــەدار ئــەتۆی — بــۆ هەمۆ عالەم ســایەدار ئــەتۆی
کەس نیــە ئێمە پــەنای بــۆ بەین — پەنامــان بــدە ، پــەنادار ئــەتۆی

ڕەببی بیمــارین ســەر تا بە دامان — غەیری تۆیش نیە پشت و پــەنامان
پەنامان بــدە بــە فەیضــی فرەت — لە دەستی نەفس و پەستێ هەوامان

بێ نۆری فەیضــت دڵ تاریك ئەبێ — شوعــۆر لاواز و ملبــاریك ئــەبێ
کە شنۆی مەیلت گەیشــتە دەمــاخ — ســەرمەستی ڕازی بێشەریك ئەبێ

موحتاجی ڕەحمن گشت گیانلەبەران — لە وەحشێ دەران لــە پەلــەوەران
لە پەرێ پەنهان لــە بەنێ ئینسان — چ خــەبــەرداران چ بێخــەبــەران

هەرچەند تاوانمان بەتاو ئەجۆشــێ — نمێ عەفــوی تــۆ سڕی ئەپــۆشێ
کــەم نابێتــەوە دەریــا بــە نمێ — هەرچەند بەو نمــە دەریا ئەجۆشێ

بیکە بــە ڕجای صــەفای ئەصــفیا — بیــکە بــە تــکای مــەولای ئــەنبیا
بێبەشمان مەکە لە دەریای فەیضت — بۆ دڵ لەبۆ گوڵ بۆ دەشت و چیــا

هەوری ئیحســانت بێنــەرە بــاران — بۆســـەر کۆمەڵــەی مەعصیەتکاران
دڵی مردۆمــان بەشـــــدار بفەرمــۆ — بــە وێنەی گوڵزار لەپــای کۆساران

ئەوەند بەئــارام پەیدەرپــەی بڕژێ — تا دڵ بیمژێ و بــە بێســۆد نەڕژێ
دەماخ بە پەرداخ، دڵ بە وێنەی باخ — بگەشێتــەوە و لــەو ئــاوە بمــژێ

دڵمان بــە وێنەی کاســەی گەدایە — خوانی عــەفوی تۆیشــ بێئینتیهایە
کەی بێبەش ئەبێ تینــۆ لــە دەریا — گەدا لەم ســفرەی خــوانی یەغمایە

خودا بە فەیضــی (خیر البریّة) — بــە فوتوحاتی نەفســی قودســییە
لـــە هـــەردۆ دنیــا بمــانپارێزە — لــە زەبانییــەی (بئس البليّــة)

ڕابــگرە ســاغێ ئــەندام و دڵمــان — هەتــا ئەگەینــە ئــاخر مــەنزڵمان
تەوفیقمان بــدە بــۆ کردەوەی حەق — ئەوەی بەسۆدە بــۆ نــوری دڵمــان

بمانپــارێزە لــە فیتنــەی زەمــان — ئەمانمان بــدە لــە دەست بێئەمان
لەبــەر پــیرۆزێ ئــاینی ئیســلام — بمانپــارێزە لــە نەفســی خۆمــان

خودایــە نــورێ بــدە بــە دڵــم — ڕۆن بکــاتــەوە ڕێ بــۆ مــەنزڵم
ببێ بــە دەلیل بــۆ شــەوی تاریك — ببــێ بــە کلیــل لەبــۆ موشــکوڵم

چەند خاوەن پایەی ئەوەند بێ‌پایەین   چەند دەوڵەمەندی ئەوەند بێ‌مایەین
پایە و مایەمان لە سایەی تۆیە   لە مایەی فەیضت طالیبی سایەین

خوایە هەر ئیشێ لەبەر تۆ کردم   هەر ڕەنجێ لەبەر ڕەزای تۆ بردم
ئەیاندەم بە دوو کەلیمەی شەهادەت   پێم بدەیتەوە کاتێ کە مردم

خوایە هەرچی‌بین بەندەی دەرگاتین   تازەدەی تاوان ڕۆ لە پەناتین
بێ‌بەشمان مەکە لەو پەنا گەورە   ئومێدەواری پەنای لیقاتین

عالەم بەش ببا بەشت کەم نابێ   کەس بێ بەشی تۆ خاطرجەم نابێ
نمێ تۆفانە بۆ حالی ئێمە   دەریا بە نمێ کێشی کەم نابێ

لە عەفوی ئێمە زەرەر نابینێ   لە ئازاریشمان ئەمەر نابینێ
گەر بمانبەخشێ خودای بەخشندە   بۆ گەنجی کەرەم خەتەر نابینێ

هەر تۆ پێت‌ئەکرێ حەللی موشکوڵمان   بە تۆ دێتەدێ مەرامی دڵمان
سا لەبەر صەفای نووری ڕیسالەت   لابدە لە خار لاپەڕەی گوڵمان

لەبەر خاتری دۆستی ئەمینت   کە نوورە لەبۆ سەما و زەمینت
بمانپارێزە بە ئیحسانی خۆت   لە دوژمنانی دین و ئایینت

بمانپارێزە لە غایەی نابود   هەڵمانسووڕێنە ڕووبەڕووی مەقصود
بە ڕووناکی دڵ خاتیمەم بێنە   لەبەر خاوەنی مەقامی مەحمود

خوایە پەروەردەی حیمایەتی تۆم   پێویستی عەفو و عینایەتی تۆم
دنیا تاریکە لەبەر چاوانم   پێویست بە چرای هیدایەتی تۆم

چرای هیدایەت بۆ بە یاری دڵ   لائەبا پەردەی مەفهوم و موشکوڵ
دڵ ئەخاتە ڕێ بۆ (عين اليقين)   لەبۆ شوهود و حوضووری کامڵ

خوایە هەرچی هەم ئەم بەندەم کەهەم   تۆیش ماوا و پەنای عالەمی سەرجەم
صەدبار بێ‌میزان بارم تاوانە   پەنام هێناوە (رَبِّ اغفِر وارحَم)

کاسەی چاوانم پڕە لە ئەسرین   لە تاوی تاوان ، لە تەمی نەفرین
دڵ وەکوو مەنجەڵ کەفوکوڵ ئەکا   لە جۆشی قەهری جیهان ئافەرین

سینەم بە وێنەی مەسینەی گەرمە   گەرمێ لە تاوی ئاگری شەرمە
شەرمم لە باری شەرمەساریمە   سەتاری سڕپۆش(أستُرْ بالرَّحمة)

بە صەفای جیلوەی تەنیایی و تاکیت   لامەدە لە جەفای قەهر و بێ‌باکیت
سەیری بارەگای ڕەحمی خۆت فەرموو   مەپرسە لە من چ‌کارەیت و چیت

بنازم بەهۆی میهرەبانی تۆ   بنازم بە بۆی نیگابانی تۆ
دنیا وا لەژێر فەیضی ڕەحمەتتا   ئەشنێ بە شنۆی بای ئیحسانی تۆ

ئەودەمە شنۆی لوطفت دەربخەی   بە ئانێ زامی دڵ دەرمان ئەکەی
کاتێ نەسیمی ئیحسانت بشنێ   غونچە لە باخا دائەدڕێ یەخەی

کە دەستی فەیضت واز بکرێتەوە   نەسیمی ڕەحمەت ئەشنێتەوە
سەوزە لە سارا سەر ئەخاتەدەر   غونچە لە باغا ئەگەشێتەوە

ئەمجارەیش بە جۆش ئەپاڕێینەوە   لە قاپێ عەفوا ئەلاڵێینەوە
دەستێکی قودسێ لە غەیبەوە بێ   ڕزگارمان بکا لەم ناڵینەوە

گرێی خەتەرمان بۆ بکاتەوە   گەردێ لە دڵمان لابداتەوە
بە نەشەی صەفای بەهاری فەیضت   غونچەی ئومێدمان دەم بکاتەوە

بەهرەی عەقڵ

بەهرەی بێهەمتا عەقلی سەلیمە   عەقڵ بناغەی عیلم و تەعلیمە
لە هەر نەفسێکا عەقڵ جێگیر بۆ   خاوەنی پایە و مایەی عەظیمە

گرامێ عەقڵ و خەرواریێ زانست   کێشانەیانکە بە وەزنی دروست
تێئەگەی فەرقی نێوانی هەردۆ   ئەگەر کەسێ بێ ڕاستێ پەرست

عەقڵ ئەساسە بۆ عیلمێکیوا   ئینسان بەرێتە ناو ناخی فەضا
عەقلە عەرشت بۆ ئەکا بە کورسێ   تا خۆت بناسێ و خودا و ماسیوا

عەقلە هەرکەسێ پشتێنەی پێبەس ت   ڕێگەی لێ ئەگرێ لە کرداری پەست
لەبەر حورمەتی عەقلە وا خودا   ڕێی ئینسان نادا کە خۆی بکا مەست

ئاسانە کەسبی عولۆم و فونۆن   کە عەقلت ئەبۆ شێت ئەبێ و زەبۆن
لەسەر بناغەی بایەخی عەقلە   (ن ، والقلم و ما یسطرون)

بە فەن بگەیتە ئەوجی ئاسمان   کە عەقلت نەبۆ خاکت بەدامان
زانایان تێکڕا ڕایان وەهایە   کە لەسەر عەقلە بناغەی ئیمان

زانایان زۆرن ، هوشیاران کەمن   ئەمان خاوەن دڵ ، ئەوان بە دەمن
عالم ئەکەونە هەزاران غەلەت   بەلام عاقلان دڵ دۆر لە خەمن

با کارگوزارت شەخصێ عاقڵ بێ   با فروستادەت عەقلی کامڵ بێ
قەڵەمداری تو زوبانی تۆیە   ئینسان لە نۆسەر نابێ غافڵ بێ

چۆن ئەبێ ئینسان بە وێنەی حەیوان　　لەبەر بێعەقـڵـێ بداتــە کێـوان
ئەگەر عاقڵ بێ بە ذەڕڕەی مەعقـوڵ　　ئەگا بە سـارا سەرلوتکەی کێـوان

هەر بێعەقلییە هـۆی سەرلێشێوان　　لەبەر شـێتییە هـاوڕێیێ دێـوان
ئەگەر عاقـڵ بێ بـە بیسـمیللایێ　　ئەخەیتە کەممەند هـەزار لە دێوان

عەقڵ بە بـەش و بەهـرەی خودایە　　دەلیـلی عاقـڵ بە بـیر و ڕایـە
عەقـڵ بە لەش و کەللەی زل نیـە　　عەقـڵ نـوورێکە لەنــاو دلایــە

لەبەرچـاودایـە گایەکـی کێـویێ　　بە لەش زلترە چەنـد قات لە ڕێویێ
ئەمیـان میشـالە بۆ وردەکـاریێ　　ئەویـان وێنـەیە لەبـۆ پەشێویێ

هەرچەند بـاریکە نەسجی عەنکەبوت　　چونکە تەنراوە بە شێوەی مەزبـوت
چەند زەردەواڵەی گەورەی زیاندار　　گلئەداتەوە بـە ڕز تـاق و جـوت

ئیسلام دامەزرا بە دەرسی کیتـاب　　کیتابی جامیع بۆ خەیر و صـەواب
مەصحەفی شەریف موتالای بکـەی　　(فیـهِ آیـاتٌ لِاولـی الالبـابْ)

عەقلی نەظەریێ هەرچەند حیکمـەتە　　بێعەقلی عەمـەل زۆر کەمقیمـەتە
زانست و تەطبیق کە بوون بە هاودەم　　دنیـا خەرمـانی خێر و ڕەحمەتـە

پـاش هێزی عەقڵ جا نۆبەی عیلمە　　پاش عیلمیش عەمەل ئەمجارە حیلمە
حیلمە ڕزگـاریێ بەشەر لە ئاشـوب　　نەبن بـە پارچە و بە تیلمـە تیلمە

زانسـت

عیلـم عەشرەتـە و عیلـم برایـە　　لەبـۆ ڕۆژی ڕەش عیلـم چرایــە
هەرکەس زانـا بێ بۆ کەس دانـابێ　　هەرکەس دانەبـێ پـایەی بـالایـە

عیلـم ببیلـەی چـاوی جیهــانە　　عیلـم زنجـیری ملـی دێوانــە
ئەوەی لە عیلـم و زانـین بێبەش بێ　　دانیشتـوی چـاڵی ڕەشی زیندانە

زانـا گەوهـەری گەنجـی جیهـانە　　زانـا لابـەری ڕەنجـی ژیـانە
شاهەنشا هـەبێ لە ڕۆی زەمینـا　　زانـا شەهەنشـای شەهەنشەهانە

ئـاوەدانـیێ خـاك بە عیلمی چـاکە　　زانـا بە زانسـت دڵـی ڕۆنـاکە
ئینسـانی زانـا غەریـب نـاکەوێ　　قوبـەی خێـوەتی ڕۆ لـە ئەفلاکە

زانست دێتـەبەر بەسەر بـەردەوە　　بـەلام بە هیـوای دڵـی مـەردەوە
کەس بـە بـێ هیـوا نایەتە سەودا　　مەر زۆر بیتلێنـێ بـەدەم دەردەوە

عیلم دیتەبەر بە ناوی عەمەل   عەمەل بە دەوام ، دەوام بە ئەمەل
ئەمەل لە خەیردا (اهلا وسهلا)   بێ‌ئەمەل مەڕۆێ تا ڕۆژی ئەجەل

پیاوی بێ‌کەمال دژی کەماله   بەدەوام هەوڵی بۆ پارە و ماله
نازانێ کەمال ئەساسە بۆ ماڵ   کە عیلمی دەس‌کەوت دنیا هەر ماله

لەسەر زانستە تەعمیری عالەم   لەسەر زانستە تەدبیری ئادەم
لەسەر زانستە گۆڕانی جیهان   زانستە دینی ئەحمەدی خاتەم

لەگەڵ زانایان ببە بە برا   لە شەوەزەنگا ئەبێ بە چرا
یارمەتیت ئەدەن لە ڕۆژی ڕەشا   بە ماڵ بە ئەحواڵ بە باوك و برا

نەزانێ ئەبێ بەهۆی بەتاڵێ   بەتاڵییش بەهۆی پەرێشان حاڵێ
کە پەرێشان بۆی هۆشت نامێنێ   هوشیشت نەبێ بێ شان و باڵێ

نەزان داماوی داوی بەلایە   لە دە داماوا دوانیان دانایە
ناچارە بلێ بە دارای بێ‌دڵ   ماشەڵڵا سایەی ڕەحمی خودایە

ئینساف

قیمەتی ئینساف کە هاتە مەیدان   یەکەم ئیمانە دووهەمین ویژدان
ئیمان و ویژدان گەیشتن بەیەك   خاوەنیان ئەکەن بە خاوەن جیهان

مەڕوانە کەللە پڕ لە هەوایە   مەڕوانە بالا خاوەن ئالایە
تەفسیری ئینسان بەمەعنای مەعقوڵ   دین و ویژدان و خولقی بالایە

ئەگەر ئەتەوێ تەفسیری ویژدان   دەق بە وێنەی خۆت بڕوانە هەموان
هەرچی نارەوا و ڕەوایە بو خۆت   وای تەماشاکە بۆ هەمو ئینسان

لە ویژدانەوە دەرئەچێ ئینساف   وتار و ڕەفتار بە دڵێکی ساف
بە دڵ دابنێ حوقوقی خەڵکێ   دەرچێ لە مەعنای عەناد و خیلاف

زۆر جوانە ئینساف دابگرێ ژیان   بەش‌بەحاڵی خۆت وەك حاڵی هەموان
بە حەق دان بنێی بە حەقی خەڵکا   هەروەها خۆیشت چیت هەبێ تاوان

خێرە لە خەتا وەرگەڕانەوە   بەرەوڕۆی ڕاستێ وەرچەرخانەوە
ترازوی ڕاستێ ئەوەیە کەوا   هەمیشەیێ بێ ئاوڕدانەوە

بە بێ‌نیشانەی ئینساف و ویژدان   باوەڕتان نەبێ بێ‌گەردە ئیمان
ئیمان سیڕێکە لەناو دڵایە   شاهیدی ئەوە ئینساف و ویژدان

زنجیری دە باڵ وا لە پێمانا   بەحرێکی بێ پەی وا لەپێشمانا
سەییارەی سارا و پاپۆڕی دەریا   ویژدانە و قەزایش وا لە ڕێمانا

ئادەمێ نیە شەخسی بێ‌ویژدان   دڕندەیەکە لە شێوەی ئینسان
دڕندە گەلێ چاترە لەوەی   ویژدانی نەبێ لەئاستی خەڵکان

بەخولقە مەدحی ڕەسوڵی کەریم   (انكَ لعلى خلقٍ عظيم)
بێ‌ویژدان خولقت نایەتە قەوام   لەسەر تەجرەبە و بە عەقڵی سەلیم

پایەی بنیادەم ئەخلاقی پاکە   ئەخلاق سەرچاوەی کرداری چاکە
ویژدان مەنبەعە بۆ خولق و کردار   سەرچاوە پاك بێ جۆگا ڕۆناکە

بەفیطرەت لەسەر (احسن التقويم)   بالاَ و شێوەی باش لایقی تەکریم
ئاثار بەعەکسی ئەمانە دەرچوو   قەت شایان نابێ بۆ قەدر و تەعظیم

یەکڕۆی یەکزمان دەستو داوێن‌پاك   قسە و ڕۆخۆشی سەختێ دڵ‌ڕۆناك
دڵسۆز و سڕپۆش لەتاوان بوردوو   یەکە بەندەیە بۆ خودای بێ‌باك

بە پێنجەی بەرزی پایەی ئەخلاقە   هەزارە صەدە دەیە یا تاقە
ئینسانی خۆش‌خۆ کۆمەکی ناوێ   هەر خۆی سەربەخۆ میری ئافاقە

ئینسانی بەدخۆ خۆی خۆی ئەکوژێ   خۆی کارێك ئەکا خوێنی بڕژێ
مەیدان ناهێڵێ بۆ صەرفی نەظەر   عالەم حەزئەکا خوێنی بمژێ

هەرکەس ئەیەوێ بۆخۆی ڕزگار بێ   لەماوەی ژینیا چەشنی سەردار بێ
ئەخلاقی (ڕەسوڵ) بکا بە میسال   سەهوی هەڵئەگرێ تا بەرقەرار بێ

(الله اکبر) لەمو خولقە بەرزە   دنیای ڕۆشن‌کرد بەو شێوە و طەرزە
دوژمن بۆ بە دۆست دۆست بۆ بە برا   بۆیە پەیڕەوێ ئەم ذاتە فەرزە

دڵسۆزێ بۆ خەڵك

یەکێ بێ غەم بێ لە غەمی عالەم   قەت نەیژمێرێ بە بەنێ‌ئادەم
خاوەن ویژدانان خەفەتبار ئەبن   کاتێ بزانن بە خەمی عالەم

فرمێسکی چاوی هەتیوی بێ‌کەس   یەکێ بیسڕێ لەبەر خودا و بەس
لەکاتی دەرد و ئازاری ئەودا   خوا ئەنێرێ بۆی دەستی فریادڕەس

عەباسە دزەی خەڵکی (خالیصات)   گەلێ دزێ کرد لە هەرلای وڵات
بەهۆی بەزەیێ بە دۆ هەتیوا   ئەنجامی خێری کرا بە خەڵات

تینوێتی ئاوی هەڵگوست لە بیرێ   دای بە سەگێکی لێکەوتوی پیرێ
خودا عەفوی کرد لە گشت گوناهی   بەمە وەحیی نارد بۆلای بەشیرێ

شەخصی لێقەوماو دەروونی تەنگە   ڕۆژی ڕوون لەلای وەك شەوەزەنگە
یا گوشادیکە دەروونی تەنگی   یا تەنگتر مەکە ئەو دڵە تەنگە

ئەوکەسەی ڕۆڵەی وا بەدەشتەوە   کوورەی ئاگری وا لەپشتەوە
پەنجەیەکی ئەو بدا لە ئاگر   گڕ لەم بەرئەبێ لە تەنشتەوە

هیچکەس تێناگا لە جۆشی جگەر   لە ڕێشی سینە و لە ئێشی نەشتەر
هەتاکو بۆ خۆی گیرۆدە ئەبێ   ئەوجا تێئەگا و دەرسی دێتەبەر

پیاوی پەرێشان زۆر شپرزەیە   هەڵمەتی وەکوو شێری شەرزەیە
ناپرسێتەوە لە چاك و خراپ   واتە ڕەفتاری وێنەی هەرزەیە

ئینسان لێیقەوما بەدگومان ئەبێ   لە دەروونیشا کەم ئیمان ئەبێ
وێنەی پەلەوەر سەرئەدا لە تەل   کە لە قەفەزدا دەستەوسان ئەبێ

لە من وەربگرە ئەگەر نازانێ   گەدا نافامێ ساڵە گرانێ
گۆشتی مردار و گۆشتی سەربڕاو   بێفەرقە لای ئەو لە ترسی گیانی

دوو جار بەهەشتی کڕیوە عوثمان   جارێکیان بە ئاو جارێکیان بە نان
خۆزگەم بەوکەسەی لە ڕێی خوادا   ئاو و نان ئەدا و وەرئەگرێ ئیمان

ئاخ بۆچی نەما بۆی میهرەبانێ   بۆ کوێ باریکرد بۆچمان نەزانێ
هەر لەسەر کۆچی ئەم بارخانەیە   ئەم هەموو غەوغا کە تۆ ئەیزانێ

دەردی داماوت قەت لە بیر ناچێ   ئەگەر بای سزای ، دڵت هەڵپاچێ
مادەم لە دڵتا خەمی ئەو نەبێ   صەد دەزوی پەنجە بە پۆلێ ناچێ

نەرمێ

نەرمێ مایەیە لەبۆ کەریمان   نەرمێ مایەیە بۆ خانووی ئیمان
نەرمێ کەمەندە دوژمن دیل ئەکا   نەرمێ ڕامئەکا سامی نەریمان

نەرمێ پلەیە بۆ بەرزێ پایە   نەرمێ پیشەت بێ تا هێزت تیایە
نەرمێ دوژمنت بۆ ئەکا بە دۆست   نەرمێ ئارامێ ڕووی ئەم دنیایە

زینهار قەت نەبێ بە مایەی ئازار   بۆ کەس بەتایبەت لەبۆ دەردەدار
ئازاردانی دڵ ئەگەڕێتەوە   بۆ سەر دڵی خۆت لێی ئەبێ بە بار

هەموو ئەم دنیا ئەوە ناهێنێ   دڵی بەئازار لە تۆ دامێنێ
ئازار عالەمت لێ بێزار ئەکا   ئیتر ڕۆژگار بۆ تۆ نامێنێ

دڵ لەطیفەیە و جێی سیڕی خودا   پڕە لە هێزی بەرقی کارەبا
کە دڵێکت گرت بە ئێش و ئازار   ئەویش تۆ ئەگرێ و قەت بەرتنادا

دڵ عەرشی خوایە ، دای مەلەرزێنە   غەضەب لەبۆ خۆت دامەبەزێنە
دڵ لەرزاندنە قیامەت خێزێ   قیامەت بۆ خۆت قەت مەخێزێنە

چاکە بە وێنەی کردەوەی چاکەت   وتاری نەرمت لەگەڵ نەزاکەت
هەر واتەی نەرمە هۆی ڕزگارییە   هەر واتەی زبرە مایەی فەلاکەت

دڵ دیار نیە ، شێوە دیارە   دڵ گرۆی شێوەی شیرین وتارە
وتاری شیرین بە وێنەی هەتاو   لە ڕۆی جیهانا ناوی دیارە

دڵ کە خۆش ئەبێ بە مەرحەبایێ   بڵێ مەرحەبا هیچت لێ نایێ
نە نانە و نە ئاو شنۆی بایێکە   بەلام نەسیمە و دێنێ صەفایێ

ئەوەی دڵی لێت بتەوسێتەوە   بیشمرێ قەت لێت ناپرسێتەوە
بۆیشی هەڵکەوێ بە داخی ئازار   ئەتکوژێ ئەوجا ئەحەسێتەوە

سەرمەنێرە سەرشەخصی دەردەدار   دڵی داماوان مەشکێنە بە قار
شەخصی لێقەوماو دڵ بریندارە   تیماری ناکەی لێی مەبە بە مار

هەرکەسێکت دیێ بەقەد شانی خۆی   قەدر و ئیحتیرام ڕابگرە لەبۆی
ئەگەر ئەتەوێ تەمێم تێبگەی   خۆت دابنێ بەو جا بڕوانە بۆی

لە شوێنێ نانێ شوێنێ سەلامێ   بۆت ئەکاتەوە قاپێ مەرامێ
عەلاوەی تۆلەی ڕۆژی قیامەت   سەربەرزت ئەکا ، بگەی بە کامێ

خوڵقی حەزرەتە خۆی میهرەبانێ   چونکە پێویستە بۆ نیگابانێ
بەتایبەت لەگەڵ میوان و غەریب   با ئەو کافر بێ و تۆ موسوڵمانێ

پێویستە بۆ تۆ ئیحسان و ئیکرام   بەئەندازەی حەق لەگەڵ خاص و عام
بەشەر هەرچۆن بێ لە یەک بنەچەن   چ ئارێ و سامێ و چ نەتەوەی حام

خودا خودایە بۆ هەموو عالەم   ئێمەیش ئەولادەی حەووایین و ئادەم
پێغەمبەریشمان وەهای فەرموە   ئیکرامی بەشەر ڕابگرین سەرجەم

فەرزە لەسەرت حەقی دراوسێ   جارێک و دوو جار تا ئەگاتە سێ
یەک بۆ کافر و دوو بۆ موسوڵمان   کە بێگانە بێ ، خزمیشت بێ سێ

سیلەی ڕەحم

بەسەرکردنەوەی خزمـان و کەسان   فەرزی خودایە لەسەر موسولمـان
ڕەحـم کلیلـی ڕەحمـی خودایـــە   ڕەحـم دەلیلـە بـۆ نـوری ئیمان

کـە نـاوی ڕەحـم بە عەرزا ڕۆچو   بلـێ وا زەوێ نـاگری تێ‌چــو
بـرا نەپـرسێ لـە حـالی بـرا   هەرکەســێ بۆ خۆی بێتە هـاتوچۆ

براو خوشك‌و پوور لەگەڵ خاڵ‌و مام   حەقیان لەسەرتە بە دینـی ئیسلام
نـای لەو هیوایە و لەو دڵخۆشییە   خوشك بڵێ ئەڕۆم بـۆ ماڵی برام

خزم و هـۆزی تـۆ بە وێنەی باخە   بۆ بـاخی بێ‌بەر دەرۆن پەرداخـە
بـاخێ بێ‌بەر بـێ وشـك بێ چاکە   بێ‌فەرقە لەگـەڵ ئەو شـاخ و داخە

خزمـان کە لەلای تـۆ گەڕانــەوە   بە دڵـی خـۆش و شـادمانەوە
فریشـتەی خودا دوعـات بۆنەکەن   بـە بورجـی بـەرزی ئاسمـانەوە

هـاتو زویر بـون فەلـەك ئەلەرزێ   فریشتەیش بە داخ دڵیـان ئەتەزێ
نەك هەر فریشتە عەرشی خوداوەند   لە ترسـی خودا هەموی ئەلـەرزێ

هەرکەسێ ڕشتەی ڕەحمی بپچڕێ   زنجیری شەیتان هەردو پێی ئەگرێ
بۆ پاش مردنیش ئینسانی بێ‌ڕەحـم   بە دینـی نیـوەو نـاتەواو ئەمـرێ

بڕوانـە بـەلام بە عەقلـی سەلیـم   سـورەتەکانی قورئـانی کەریـم
بـۆ بە کلیلیـان بـە میهرەبـانێ   (بسم الله) لەگەڵ (ڕەحمان و ڕەحیم)

باسی خزمم کرد نەك هێ دایك‌و باب   حـەقی ئەمانـە نایـەتە حیسـاب
بەسـە پـاش ئەمری خوداپەرستێ   ئەمری ئیحسانە لەگەڵ دایك و باب

مەبن بە وەحشێ ڕۆمەکەنە دەشـت   خۆتان حازرکەن بۆ باخی بەهەشت
سەر دانێن لەبـەر پێـی دایکتانـا   ژێر پێی ئەوانە مەڵبەندی بەهەشت

شەرم و حەیا

بژێ بە حەیا و بە شەرم و تەمکین   لەبـەر فەرمانی جیهـان ئافەریـن
دڵی بێ‌شەرمـان دوورە لە ئەنـوار   با پڕ بێ لە نـور سەما و سەرزەمین

حەیـا پێویستە لە خـودا و ڕەهبەر   لە دایك و باب و مامۆستای سەروەر
یەعنـی ئەمـانە پـایەیان بـەرزە   ئەگینـا فـەرزە لـە هەمـوو بەشەر

حەیا ئیمانە و ئیمان حەیایە   شەخصی بێحەیا دوژمنی خوایە
گوڵی وەنەوشە بەشەرمە ، بۆیە   زینەتی باغ و چەم و چیایە

حەیا بارانی فەیضی خودایە   لە هەرکوێ بارێ باخی صەفایە
حەیا وەکو نوور ئەدرەوشێتەوە   لەڕوی ئەوکەسا خاوەن حەیایە

ڕەوشتی بەرزی زۆری بۆ عوثمان   هەر حەیاکەی بۆ بە ویردی زوبان
فریشتەی نازدار شەرمیان ئەکرد   لە حەیای ، زیاتر لە حەیای هەموان

حەیا ڕابگرە بۆ ماوەی حەیات   چاویش دامەگرە لە حەقی حەیات
ئیعتیدال شەرطە بۆ ژینیئینسان   چ لەبۆ حەیا و چ لەبۆ حەیات

هەرگیز گوێمەدە بە واتەی ئەوەی   حەیا دائەنێ بە شوورەیێ و وەی
ڕۆژی بەشەرمان قەت نابڕێتەوە   ڕۆژی بێشەرمان ئەمڕۆیە و سبەی

ئەساسی حەیا حەیایە لە خوا   بەحەیا لە خوا ئەسوتێ سەودا
ئەم پەلەقاژە و بێشەرمێ ئێمە   بێشەرمیمانە لە ذاتی خودا

کەسێ بزانێ خوای لە لادایە   بە هەموو حالێ بینا و ئاگایە
شەرمی دێتەوە لە کرداری بەد   ئەگەر صیفەتی شوعوری تیایە

سوپاسی نیعمەت

قەت غافڵ مەبن لە شوکری نیعمەت   خصوص نیعمەتی ئەمانو صیححەت
قەدری عافیەت کەسێ ئەیزانێ   گیرۆدە بۆبێ بە ئێش و زەحمەت

یەکێ نەچەژێ وەیشومەی زستان   نازانێ قەدری شوێنی دارستان
هەرکەس گیرۆدەی خۆپەرست نەبێ   نازانێ قەدری خوداپەرستان

هەرکەس سوپاسی نیعمەتی نەبێ   وەفای حوقوقی خزمەتی نەبێ
بزانە پوچە ، چونکە بێنرخە   ئەوەی قیمەتی حەقی لانەبێ

پێویستە سوپاس بە فەرمانی دین   یەکەم بۆ خودای جیهان ئافەرین
دوهەم بەرابەر بە فەخریڕوسول   لەگەڵ یاران و ئال و تابیعین

سێهەم و چوارەم بۆ دایك و بۆ باب   سوپاس واجبە بە نەصصی کیتاب
کەی ڕەوای حەقە سوپاسیان نەکەی   گەر بە بنیادەم خۆت ئەکەی حیساب

پێنجەم سوپاسی ئوستادی بەرزە   ئەتکا بە زانا لەسەر ئەم ئەرزە
دەرسی ئەو ئەبێ بە هۆی ڕزگاری   بۆیە سوپاسی لەسەر تۆ فەرزە

شەشەم ئەوکەسەی کەوا بە ڕەحمەت　　پەروەردەت ئەکا بە ناز و نیعمەت
حەوتەم ئەوکەسەی ڕزگارت ئەکا　　کاتی لێقەومان لە دەرد و زەحمەت

پێویستە ئینسان بێ لاف و گەزاف　　بڕوا لەسەر ڕێی ویژدان و ئینساف
گەردن کەچ بکا بۆ وەفای حوقوق　　ئەگینا دوورە لە شێوەی ئەشراف

سوپاس بە دڵە و زوبان و ئەعزا　　بۆ هەر حەقدارێ بشێ بۆ جەزا
نەك دەم ئاشنای بە دڵ بێگانە　　خوا لەم سوپاسە دوورە و ناڕەزا

هەرکەسێ نەکا سوپاسی بەشەر　　سوپاسیش ناکا بۆ خودای ئەکبەر
ئینسانی سپڵەی سوپاس ناگوزار　　حەقی هەمۆلا ون ئەکا یەکسەر

سوپاسی نیعمەت باسی نان ئەکا　　داوای نان و ئاو بۆ ژیان ئەکا
بێسوپاس ئەگەر بێ بە قارۆن　　هەر سەرنیگونە و هەر زیان ئەکا

پێی ناڵێن سوپاس ئەوەی بەناچار　　بڵێ خوا شوکر بەڵام بە وتار
سوپاس ئەوەیە بە دڵ بێتە دەنگ　　بە شوکرانەی ساغ بۆ پەروەردگار

سوپاس ئەوەیە صوبح و ئێواران　　لابکەیتەوە لە دەردەداران
لەوەی پێی داوی خودای میهرەبان　　بەشێ دابنێی لەبۆ بێچاران

سوپاسی خودا ئەگەر ئەپرسێ　　خزمەتی خەڵکە لەپاش حەقناسێ
بە دڵ بە زوبان بە حورمەت بە نان　　بە ئیخلاصی دڵ بەوپەڕی ڕاسێ

شوکری دەم دەمێ زۆر بێصەفایە　　صەد حاشای لێ بێ هەتا هەتایە
(الحمد لله) کاتێ سوپاسە　　بە زمان تایێ بە دڵ دو تایە

ئەگەرچێ سوپاس هەر بۆ خودایە　　هەر ئەو خاوەنی فەیضی دنیایە
لەسەر فەرمۆدەی ڕەهبەری نازدار　　لەبۆ حوقوقی خەڵکیش ڕەوایە

فەرامۆش مەکەن حەقی ڕەهبەران　　بێحوقوق مەبن لەگەڵ سەروەران
بەتایبەت ڕێزی زنجیرەی نەسەب　　هەروەها دەستەی دۆست و یاوەران

تاوێ بە ڕەحمەت لابکەنەوە　　تۆڵەی زەحمەتیان پێ بدەنەوە
هەرچەند نۆستوون دڵیان بێدارە　　ئێوەش بۆ ئەوان ئاگا بنەوە

تەمێ

تەمێ و تەربییە و دەرسی ئوستادان　　ئینسان ئەباتە مەرتەبەی مەردان
شوان بە پەروەردە ئەبێ بە پاشا　　ڕۆڵەی بێتەمێی شایش ئەبێ بەشوان

تەمێ بۆ ئینسان پێوەندی دارە   دار پێوەند کرا بەری بە بارە
سەگ هەر ئەوەندە تەمێ کراو بێ   نەچێری ئەخوری ، ئەمنا مردارە

تەمێ تەمەڵی بینای صەفایە   بەڵام بە وردی سوودی تیایە
داری بە تەڕی نەچەمێنەوە   کەی کاتی پیری جێگەی تەمایە

ڕۆڵەی بێ تەمێ ئەبێ بە وەڵەک   ڕۆڵەی بەتەمێ ئەبێ بە مەلەک
زۆر بەچکەی بنچك بە هێزی تەمێ   باڵیان گرتەوە ڕۆیین بۆ فەلەک

ئەوەی وەرنەگرێ بە حەرفی تەعلیم   بە قامۆسێکیش ناگا بە تەسلیم
سوودی تەربییە بۆ خاوەن هۆشە   بە بێ گۆش و هۆش بێ سوودە تەعلیم

زانا زیندوە و نەزان مردوە   بێ ژین ژینی خۆی بەسەربردوە
ئەوکەسەی بیری سبەینێی نەبێ   کێ ئەڵێ ئەمڕۆیشی هیچی کردوە

زیندوو مردوە بە بێ دڵشادی   دڵشادی نابێ بە بێ ئازادی
ئازادی عالەم هەر لەسەر عیلمە   بەردەوام نابێ دڵشادی مادی

بە کەم مەڕوانن لەبۆ سیاسە   سیاسەی شەرعی مایەی خەلاصە
سیاسەت بنکەی ژیانی بەرزە   مادەم کە بینای لەسەر ئیخلاصە

چیمان کەمترە لە هەموو عالەم   هەموو ئەولادی حەووایین و ئادەم
چونکە نەزانین تەم دایگرتوین   خەڵکیش لایاندا لە ڕۆی خۆیان تەم

سروشت و هاوڕێ و دانشگا و وڵات   چوار ئامۆژگارن بۆ ماوەی حەیات
ئەگەر یەکبگرن لە ڕێی پیرۆزی   ئینسان ئەگاتە ئەوجی سەماوات

خوڵقت لەگەڵتە تا کاتی مردن   ئوستادی بەرزە بۆ تەمێ کردن
باڵاتر لە خۆ وەزعی موحیطە   دەوری باڵایە بۆ کار تێ کردن

منداڵێك نەگبەت داوێنەی نەگرێ   هەرچۆن تەمێت کرد تەمێ وەرنەگرێ
بەڵام بەمەرجێ کە وەزعی موحیط   ئەو تەربییەتەی لەدەست وەرنەگرێ

بەڵێ بێ تەما بێ سوودە تەمێ   ترسیش پێویستە زۆر بێ یا کەمێ
ئینسان سبەینێ لە خەو هەڵناسێ   بە بێ هیوایێ یا ترسی خەمێ

لووت بۆ بە لوتی بێ کەماڵەوە   دوو سێ شەقازلەی پیا بماڵەوە
صەد ئامۆژگاری لەبۆ بەدخۆیەک   گوێزە هەڵی دەی بە لاپاڵەوە

چاوساغی ئینسان تەمێیە و ئولفەت   چ لەگەڵ هاوڕێ یا بەهۆی حیرفەت
تەربییەو ئولفەت ڕۆی نەکرد لە خێر   چار نیە مەگەر بە هێزی قووەت

هەر شوێنێ غەوغا و جێی بەلبەلەیە — جێگەی بێ تەمێی خاوەن پەلەیە
هەر ئەرزێ پڕ بێ لە بورکانی شۆڕ — دیارە ئەو ئەرزە جێی زەلزەلەیە

ڕۆح و جەوهەری تەربییەی بەسۆد — وا لە تەربییەی خالیقی مەعبۆد
کە ڕۆی کردە دڵ بە میهرەبانی — زۆری پێناچێ ئەگا بە مەقسۆد

خودا بیەوێ کەرەم بنوێنێ — نوور و ڕوناکی بۆ دڵ ئەنوێنێ
هەزار حوججەت و بورهانی قاطیع — ئەوە ئەهێنێ خەوێ ببینێ

هەرچەند هەڵسوڕێ شاگردی مزگەر — ژەنگی ڕۆی مەنجەڵ فڕێداتە دەر
ئاگا بە تۆزێ لە قەڵایێ ساغ — وەستا لێیدا ڕاستەوخۆ یەکسەر

ڕەوشتی بەرزی ڕەهبەری حەبیب — بە تەربییەی حەق بەشێوەی عەجیب
بە بێ مەدرەسە و دەرسی مامۆستا — گەیێ بە پایەی (اَحسَنَ التَّادیب)

چاتر لە تەمێ ئەمەیە بەشەر — لەگەڵ ڕەوشتبەرز بێ بە هاوسەر
هاودەمێ پاکان ئەوەندە چاکە — ئانوسرێتەوە بە خامە و دەفتەر

ئەگبەتێ گەورە ئەوەیە ئینسان — بێ بە هاودەم لەگەڵ ناکەسان
زۆری پێناچێ لەدەست دەرئەچێ — سەرکەوتن سەختەو داپەڕین ئاسان

گای سپێ لای ڕەش تۆکی ڕەش نابێ — بەڵام لە خوڵقی قەت بێبەش نابێ
لەسەر بەراورد بۆ ئێمە دەرکەوت — هاوڕێی نامەردان قەت بێغەش نابێ

لەگەڵ ناسازان با خۆت ئەزانێ — وەها ئەزانن لە هاوڕازانی
یاری هەرکەس بۆی هاوترازۆی بۆی — واتەی ڕەهبەرە ئەگەر نازانێ

هەستان لە خەو سبەینێ زوو

ئەوەی عاشقی جیلوەی دڵدارە — سبەینان زۆر زوو ئاگا و بێدارە
لەبۆ بەهرەی دین ڕۆنەکاتە خوا — بۆ بەشی ژینیش خەریکی کارە

سەحەر فریشتە دێنە خوارەوە — لە فەیضی ڕەحمەت خۆت مەشارەوە
بە وێنەی ڕاوچێ فرسەت بسێنە — تا شاباز بگرێ بەسەر دارەوە

قورئان بخوێنە بە ئیخلاصی دڵ — دەرمان وەربگرە بۆ زامانی دڵ
قورئان چەند گرێت بۆ ئەکاتەوە — قورئان کلیلە بۆ مەرامی دڵ

بنێرە دیاری صەلات و سەلام — بۆ ڕۆحی بەرزی سەروەری ئەنام
فەرمانی حەقە و سوپاسی نیعمەت — یەعنی نیعمەتی تەبلیغی ئیسلام

بە دڵ بێرە کوڵ بە ناز بە نیاز   لای خودا لەبۆ داوای دڵخواز
بزانە ئەوەند میهرەبانە بۆت   بێبەشت ناکا لە بەهرەی نیاز

وێنەی قورئانە بە ڕیوایەی ڕاس   خێری سێ جاری سوڕەتی ئیخلاص
چونکە نیشانەی ئایەتەکانی   لەسەر تەوحیدە و تەنزیە و ئیخلاص

قەت غافڵ مەبە لە یاری دڵدار   یار ئامادەیە بۆ دەوای بیمار
تۆ عاشق بێ بەو ئەویش لەگەڵ تۆ   وێنەی بولبولە بۆ گوڵی گوڵزار

ساتێ یادی یار بە ڕۆژ یا بە شەو   بەبەهاترە لە گەنجی خوسرەو
یادی ئازیزان جار لە جار باشتر   دڵ ئەکاتەوە بۆ بەرقی پڕتەو

هەلە لە بۆ تۆ هەڵکەوێ جارێ   بە ئاگاهێ دڵ دیداری یارێ
کە لە دەس دەرچێ نایێتەوە دەست   نایابی چەرخە بەرقی ئەنوارێ

تەجەللای خودا بە بارانی نوور   سینە و دڵ ئەکا بە سینا و بە طوور
لە ئەنجومەندا خەڵوەت لەگەڵ یار   دەس‌نادا مەگەر بۆ خاوەن حوضوور

خواردن و نوستن بە قەد پێویستە   زۆرنوستوی زۆرخۆر دەماخی‌پەستە
لەوانە بەدتر دوینی زۆرە   بەقەد پێویستێ هەرچەند بێ بەستە

کاتت بەش‌بەش کە لەبۆ سەعادەت   کاتێ بۆ عادەت کاتێ عیبادەت
پێویست بە شان و نان و ئیحسانی   میانەکارن ئەهلی سەعادەت

هەر خەیرێ ئەکەی با دڵ یاری بێ   قەصدی ڕەضای‌حەق زەمامداری‌بێ
قەصدت بەئیخلاص بڕازێنەوە   جا خەوف و ڕەجایش هاوقەتاری‌بێ

هەر لەفظە بەدەم ئەیخوێنینەوە   جارێ لە مەعنا نافکرینەوە
بۆیە نوێژ ئەکەین تا هەشتا ڕکات   هێشتا لە تاوان ناگەڕێینەوە

هەر وەعظێ ئەیکەی وەعظت بەدڵ بێ   مەبەستت حەللی گرێی موشکول بێ
موشکوڵە بێ‌هێز بارێ لابەری   کاتێ بارەبەر لە قوڕ ماتڵ بێ

پێشینان بە دڵ ئیرشادیان ئەکرد   بۆیە غوباریان لە دڵ لائەبرد
ئێمە هەر بە دەم مەشغوڵی تەمبێن   بۆیە تەمێکمان لە دڵ لانەبرد

دڵ بەستەی دڵە گوێ ڕۆی لە دەمە   کەی دڵ بە هەوا خاطری جەمە
سەرداری وجود جەنابی دڵە   هەتا هوشیار بێ هێشتا هەر کەمە

ئینسان دارێکە و گوڵەکەی دڵە   گوڵە مەعشوقەی تەیری بولبولە
ئەو فریشتەی دێت لەلای خوداوە   ماوای خۆش هەوای هەوارگەی دڵە

دڵە جیلوەگای نۆری خودایە   دڵە وەکۆ طۆر جێی تەجەللایە
هەتا ئەتوانێ با نۆرانێ بێ   چونکە دڵ عەرشی ذاتی خودایە

قەت غافڵ مەبە بە ڕۆی دنیاوە   لە نزا و لاڵە بە لای خوداوە
مەغزی عیبادەت پاڕانەوەیە   بە حەیا و شەرم و خۆف و ڕجاوە

ئەندامی لەشت لەگەڵ پێنج حەواس   خادیمی دڵن بە واتەی خەواص
غەیب و شەهادەت یەکسانن بۆ دڵ   کام دڵ ئەو دڵەی پڕە لە سوپاس

دڵ فەرشی مادّە و عەرشی مەئوایە   بە مادّە پەست و مەعنای باڵایە
نامرێ ئەوکەسەی کە دڵ بێدارە   مردوە ئەوەی دڵ نابینایە

بێچارە بولبول شەیدا بۆ بۆ گوڵ   چون گیرۆدەیە بە ماجەرای دڵ
هەرکەس بزانێ دڵ چۆن گوڵێکە   لاڵەدا لە گوڵ ، شێت ئەبێ بۆ دڵ

گەر نەبوایە داخی لەناو دڵ   بولبول نەیئەخوێند لەبۆ پەڕەی گوڵ
ئەگەر تیماری دڵی بۆ ئەکرا   خەستە نەئەکەوت لەسەر پۆپەی چڵ

خودا بۆ صەفای دڵی دڵداران   بە نۆری شیفای دەرۆن بیماران
دڵمان بە ئیحسان بکا بە ماوا   بۆ تەجەللای خۆی سوبح و ئێواران

ملکەچ کردن بۆ قەزا

ڕەزا بە قەزا شێوەی مەردانە   ناڕەزایی دڵ بۆ نامەردانە
شێران بێباکن لە زنجیری مل   پەلەپەل شێوەی وەحشی هەردانە

قەزا بەقیسمەت بە حەق دێتە خوار   لەسەر سەرەیە بۆ هار و هەژار
کەس ڕزگار نابێ لە تیری قەزا   نە شێری شەرزە نە ڕێوی کۆسار

قەڵا بێسۆدە بۆ تیری قەزا   حاشا نابۆدە بۆ ڕۆژی جەزا
قەزا ناپرسێ لە پیر و جوان   لە مەرد و نامەرد ڕازی و ناڕەزا

بۆ قەزا کە هات بێسۆدە تەگبیر   لە کەوان دەرچۆ نایەتەوە تیر
هەروەها گەدا ئەخاتە کەناو   بەو وێنە پاشاش ئەخاتە زنجیر

هەرچی نۆسیبێ لە هەر ناوچاوێ   لەسەر ئەو شێوە دێتە بەرچاوێ
ئەوەی ئەیەوێ مانیعی نیە   ئەوەیش نەیەوێ مانیعی ناوێ

خواستی لە چی بۆ هۆی بۆ جەم ئەکا   مانیع بێ دەست و چاو و دەم ئەکا
ئەوەی تێنەگا لەم قەضایانە   وێنەی (قەزاڵە) قولەی تەم ئەکا

وێرانی بوێ سوپا کەم‌ئەکا   پاسەوان تۆشی دەرد و غەم ئەکا
قەڵای سەر لەکۆی بەر لە چیمەنتۆ   وێنەی تۆڵاشی ڕۆی تەم‌تەم ئەکا

پێنج پەنجەی قەزا بۆ خاوەنی هۆش   لەسەر دۆ چاوەو یەکدەم‌و دۆ گۆش
ئەوەی کە هۆشی ئەمە وەرنەگرێ   وەرە بەئەدەب پێی بڵێ خامۆش

بۆیە پێویستە پەیوەندی خودا   لە قەزای ئەودا نەیەتە صەدا
قەزا دێتە خوار بۆ شێت و هوشیار   بۆ ساغ بۆ نەخۆش بۆ شا بۆ گەدا

قەزای شەو کەڕە لە ڕۆژا کوێرە   بۆ کوێیش هاتبێ دانایە و فێرە
کەوابێ لە ڕۆی کائیناتەدا   پەنا خودایە لەوێ یا لێرە

ئینسانێ عارەق لە گۆنای ئەڕژێ   یەکێکێش لێوی لەیلی ئەمژێ
نە ئەم فریشتە نە ئەویان دێوە   بە دەستی قەزا ئەم ڕەنگە ئەڕژێ

نەصیبی هیچ‌کەس لەبۆ کەس نیە   لەخوا بەولاوە فەریادڕەس نیە
غەیری تەسلیم و ڕەزا بە قەزا   بۆ کەسێ کەس بێ جێی نەفەس نیە

مەبەست لە ڕەزا بە قەزا وایە   دوای کۆشش هەرچەند لە تاقەتدایە
کە چارە ئەما ئەبێ بزانین   ئەم قەزا لەسەر خواستی خودایە

مەبەست وا نیە بنوێ بە بێ‌خەم   لە هۆی ڕزگارێ لە زۆر و لە کەم
کاتێ کە بەڵایش دەرگای پێ گرتێ   بڵێی من ڕازیم بە دڵ نا بە دەم

سەروەری جیهان (رسول الله)یە   مێژۆی ژیانی هەر تەقەلایە
ساتێ لە کۆشش ئارامی نەبۆ   بە ئوسوڵی دین لەم ڕۆی دنیایە

ئینسان پێویستە بە هۆش و بیر بێ   لە موشکیلاتا ڕۆی لە تەگبیر بێ
یا هەر لەپێشا چارەسەر بکا   یا لەناو دەردا بۆ دەوا ژیر بێ

بەڵێ کە نەهات بە ناچارێ هات   دەرمانی نەبۆ لە ڕۆی سەربسات
بزانێ ئەمڕۆ ڕۆژی قەزایە   سبەینێیش ڕۆژی خەڵاتە و بەرات

(انّ مع العسر) شاهیدی ڕاستە   ئەنجامی مەینەت خەیری خەڵاصە
ئەگەر چەند کەسێ بەو بەڵا بمرن   ئاکام هەرچۆن بێ بێ دەنگ‌وباسە

کەمێ بە وردێ تێفکرە لە خۆت   بزانە چەند سڕ دەرنەکەوێ بۆت
چەند دۆست‌و دوژمن هەمۆیان مردن   هەر ئەم ئەنجامەش دابنێ بۆ خۆت

دڵ و دەماغ و عەقڵ و هۆشی خۆت   ڕوخساری‌جوان‌و چاوی‌ڕەشی خۆت
مەکینەی مەعدە و هێزی ئەعصابت   هەمۆ بە قەزان لەناو لەشی خۆت

چەند ساڵ لەمەوپێش تۆ بۆنت نەبۆ   ئەوەنــدەت زانــێ دۆبـاره ونبـۆ
دیــاره کــه حیساب لەسەر قەزایە   ئەم ماوەی ژینە بــه جونۆن نەبــۆ

جا تا هەی بەهۆش ڕێی بەندەکارێ   بگره بــه مــەردێ بــۆ بــەختیارێ
بەختیش وەرگەڕا بــه وێنەی تەختە   تــەختی کێ مــاوه بــه پایــەدارێ

ڕێ بەندە بەندی ڕشــتەی ئەسبابە   بــۆ ژینی ئینسان کیتاب حیســابە
من ئاگادار نیم لــه (لوح المحفوظ)   بالاتر لــه لــەوح (امّ الکتــاب)ە

لادان له درۆ و دوڕۆیێ

لادەن لــه هــەوا و خەیاڵی بەتــاڵ   کێ لەسەر خەیاڵ بۆ بە خاوەن‌ماڵ
هەرچەند کــه هەوا دڵبەری نەفسە   بەڵام دوژمنە بــۆ عــەقڵ و کەماڵ

هەوا ئــادەمێ کوێر و کــەڕ ئــەکا   پیــاوی ئارامیش تۆشــی گەڕ ئەکا
مــەرد بــەوە ئەڵێن لــه هەوا لادا   کاتێ ئاشۆبیش لا لــه شــەڕ ئەکا

مەرد ئەوکەسەیە کــاتێ جۆشی ڕێق   تالاو بنۆشێ لە ڕەزای حــەق
کــه ساردەوە بــۆ ئــەبێ بــه مردۆ   منەتی نیە پێست ئێبســکی ڕەق

کاتێ بــارانێ بارییــه ســەر ئەرز   باش حاڵێ ئــەبێ لەجێی نزم و بەرز
کــاتی تەمــاع و تــرس و ئــارەزۆ   بۆت دەرئەکەوێ گەلێ جۆر و تەرز

کەللە کە پڕ بــۆ لە هــەوای تاریك   شوێنی نامێنێ بــۆ بــیری بــاریك
دەلیــل و بورهــان بــۆ بێ‌هــەوایە   لەگەڵ هەوادار خــۆت مەکە خەریك

هەرچێ ئاشــۆبی دنیــای بــەربادە   لەســەر نەزانێ و هــەوا و عەنادە
مثقــاڵێ عیلــم و گرامــێ ویــژدان   لــه هــەر شــوێنێ بن هەرا بەربادە

مەرد ئەوکەســەیە دڵی خۆی بگرێ   ڕێگەی عــەناد و هــەوای لێ بگرێ
هەرکەس بەڕاستێ شاری دڵی گرت   ئــەوە ســوڵطانە هــەتاکو ئــەمرێ

کە دڵت ڕەش بۆ بە نەفــس و هەوا   ڕۆنی کــەرەوە بــه یــادی خــودا
کە شەیتان تیری نەزعــەی بۆ خستی   جــوابی بدەوە بــه (حســبی الله)

شەخصی بێ‌هەوا قوطبی ئیحســانە   مەرکەزی دەوری نــەوعی ئینســانە
لــه دەریای موحیط بکەوێتــە بــن   ڕزگاربــۆنی لێــی گــەلێ ئاســانە

شەخصی بێ‌هەوا وەزنی ســەنگینە   فــەرمانڕەوایــە و کــاری شــیرینە
پەنجەی کلیلە بــۆ فەتحی موشکوڵ   فکــری دەلیلــی ڕەحــــەتێ ژینــە

هەرکەس بەرێ بۆ لە دۆ دەردی پیس   لەسەر صینفی خۆی ئەبێ بە ڕەئیس
یەکەم بەدبینێ نیسبەت بـە ئەغیار   دۆهەم خۆبینێ بە وێنـەی ئیبلیس

ئـەگەر ئەتەوێ خـۆت لێ نەشێوێ   تیری بایێبۆن قـەت نەتئـەنگێوێ
کێـوێ پیـاوەتێ دانێ بـە کـایێ   کایێ لـە تـاوان دانـێ بـە کێوێ

نەخۆشێ و سۆکێ و لاتێ بۆ ئینسان   سێ بەردەبازن لەسەر ڕێی ژیـان
بەسەر ئەم سیانا کەسێ بازی برد   ڕێگەی خۆی ئەگرێو ئەبێ بەئینسان

خوایە هەڵەم‌کرد ، یا (حي) و (منان)   لامدە لە بەردی ڕێـگەی ئیمتیحان
منو سۆکێ و دەرد منو لاتێ و گەرد   ڕزگارم بکە لـە مەکری شـەیتان

یا دەمتان‌بگرن وەعدەی هیچ مەدەن   یا ئەگـەر داتان جێبەجێی بـکەن
کە وەعـدە نەدەن ناکەونـە داوی   بە بێ‌وەعدەیێ حەیـای خۆ مەبەن

بـە بێ‌وەفـایێ ئینسـان ئـەکەوێ   لـە ئاسمانیش بـێ زۆ دائـەنەوێ
پەیمـان ڕاگران دۆسـتی هەموانن   دوژمنیش وەك دۆست ئەوانی ئەوێ

ئیمـان و پـەیمان دۆ هاوپەیمـانن   پـەیمان سـاغەکان خـاوەن ئیمانن
(اوفـوا بالعهـود) ئـەمری خودایە   مەردان تـابیعی ئـەمر و فـەرمانن

دەسـت‌خەڕە کردن کـاری دوژمنە   زەرەری بـۆ خۆی چەند قاتی منە
من تاقـە جـارێ نائومێـد ئـەبم   ئـەو هەتـا مـاوە حورمـەتی ونە

ئیسلاح

ئیحسانت ئەوێ ئـەی نوری چاوان   دۆسـتێ و برایێ بخـەرە نێـوان
(وان تصـلحوا) فەرمودەی خوایە   واتـە ئیسـلاحی بـەینی برایـان

هەتا ئەتوانێ دۆ کـەس ڕێك‌بخـە   عەیبو عاری کەس بۆکەس دەرمەخە
سڕپۆشێ شـێوەی شەرافەت‌مەندە   مەبە بە مەقەست بۆ سینە و یـەخە

ئەوەی ئەیەوێ بەهەشـت بنۆشـێ   نەفسێ بمرێنێ و سـڕێ بپۆشـێ
بـۆ ڕێکخسـتنی دۆ دڵی شێواو   هـەتا ئـەتوانێ بـە دڵ تێکۆشـێ

خەیانەت‌کارێ و فیتنە

خەیانـەت مەکـەن خەیانەت عـارە   بەری خەیانەت وەك زەهری مـارە
ئینسـانی خائـین هەر ڕیسوا ئەبێ   فریشتەی حیساب زۆر خـەبەردارە

شەخصی بێتاوان قەت مەخەنە داو   ئاگر ڕای‌ماڵێ یاخود بیبا ئاو
ئەوکەسەی داوێ دانێ لە ڕێدا   سەرەنجام خۆیی ئەکەوێتە ناو

هەموکەس ڕۆڵەی خۆیی خۆش‌ئەوێ   بە نەخۆشێ ئەو نەخۆش ئەکەوێ
دەی بۆ بێڕەحمی لەگەڵ ڕۆڵەی من   چاکەت بۆ منیش وەك بۆ خۆت بوێ

ئەوەی بێ‌خەتا دائەچڵەکێنێ   عەرشی خوا بەقار لێی ئەنرکێنێ
بڵێن ئەمین بێ ئەو نائەمینە   داری قاری حەق پشتی ئەشکێنێ

دڵی داماوان عەرشی خودایە   بەرقی تەجەللای خودای تێدایە
هەرکەس نەترسێ لە قەهری خودا   یەقین یا شێتە یاخود گومڕایە

ئەرز و ئاسمان ئەلەرێتەوە   دڵێ بە ناحەق بسوتێتەوە
ئەم خەلکە قەدری خۆیان لا نیە   بۆیە فیتنەیان لێ نەبێتەوە

دلێر ئەوەیە لە خوا بترسێ   نەهێڵێ ئاگری فیتنە هەڵگیرسێ
ئەگەر بە قەزاش کەوتە فیتنەوە   ئاوی پیا بکا و لە کەس نەترسێ

کەس باسی فیتنە نەگێڕێتەوە   با فیتنەی نوستو ڕاست‌نەبێتەوە
هەر باسی شەڕە هەوێنی ئاشوب   هەزار بێ‌خەتای پێ ئەتلێتەوە

کا کونەی ڕزیو قەت بە با مەکەن   لە پیاوی فیتنە مەرحەبا مەکەن
صەد جار زویر بن خزم هەر خزمە   دەخلی ناو خزم و ئەقرەبا مەکەن

بێ‌تەحقیقی کار جەسارەت مەکەن   بێ‌تاوان توشی خەسارەت مەکەن
ئەم چەرخە پڕە لە فیتنە و درۆ   بە قسەی درۆ قەضاوەت مەکەن

ئەوەی هەوێنی فیتنە و ئاشوبە   لە گشت ڕوداوا بەشی مەحسوبە
چونکە ئەو داینا ئەساسی فیتنە   بە یەکەم بەشدار ناوی مەکتوبە

هەرچەندە بکرێ قەتڵێ لە دنیا   هابیل بێ‌گومان هاوبەشە تیا
چونکە یەکەم‌کەس لە ڕوی زەویدا   ئەو بو بناغەی کوشتنی دانا

شەخصی فیتنەجۆو بێ‌شەرم و حەیا   لە دەستی هەڵبێ و بژێ بە تەنیا
دور نیە خودا لەبەر شومێ ئەو   لەو هەرێمەدا نەڕوێنێ گیا

قسەهێنان و بردن

دنیا ئەسوتێ بە نەوتی (نەممام)   بچوك و گەورە لە خاص و لە عام
ئەگەر بشیایە زیندو لە چاڵ نان   ڕەوابو نەممام بکرێ بە نەمام

بەتایبەت ئەممام لای پیاوی گەورە   بۆ درەختی دین بە وێنەی تەورە
لەگەڵ ئاییندا قەت ڕێناکەوێ   ئیسلام بێزارە لەم خوڵق و طەورە

ئەممام ئاگری ئاشووبی عامە   دوژمنی سەختی دینی ئیسلامە
نەك هەر لە بۆ دین بەڵکو بۆ دنیاش   فیتنە و ئاشوبی چەرخی ئەییامە

هەرکەسێ لای تۆ باسی خەڵکی کرد   باسی تۆیش ئەبا بۆ مەرد و نامەرد
ئەخۆشییەکە وا لەناو دڵیا   لێی ڕزگار نابێ تا ئەڵێن وا مرد

پیاوی بەدزوبان مەهێنەرە لات   ئاگرە بەرئەبێ لە پۆشی وڵات
یاخوا مار بدا بە زمانیەوە   دەم ئەکاتەوە هەرگیز و هیچ کات

دەم و دڵ خاوێن دەست و داوێن‌پاك   پایەی ئەگاتە سەر لوتکەی ئەفلاك
عەکسی ئەمانە گەرای ئاشوبن   خوا بیانخاتە ناخی قوڵی خاك

پیلان‌گێڕان

پیلان‌گێڕەکان لە ڕوی ڕۆزگار   ڕێ‌ئەگرن لە ڕوی ڕێبواری هەژار
چەند هاوار بکا مەیدانی نادەن   تا توشی ئەکەن بە ئێش و ئازار

ئەڵێم ڕێبوارم بە ڕێدا ئەڕۆم   ڕێگەم لێ مەگرن منیش وەکو تۆم
با هەردو بڕۆین بە ڕێی ئینسافا   خۆ تۆ لە منی و منیش خۆ لە تۆم

لەباتێ پاسێ دو پاس دەردێنم   ئیجازەنامەیش بە تۆ ئەنوێنم
ئەگەر ئەیشپرسێ دین و ئایینم   سورەی ئیخلاصت لەبۆ ئەخوێنم

یاخوا ئەم ئەرزە پاك ببێتەوە   ئەوەندە دڵمان باش بژیێتەوە
بەڵکو ئەو مەعنا لەبیرمان چوە   لەبەر ئارامێ بیرمان بێتەوە

شەخصی پیلانگێڕ دڵ پێی ئەتەزێ   لە دو سەرەوە ئینسان ئەگەزێ
کلکی دوپشکە و سەری ڕەشمارە   بە دەم ئەگەزێ و بە دەم ئەچزێ

پۆستەی فەسادە لەبۆ نامەردان   مەکۆی دزانە لە ڕوی سەرهەردان
بەدێ تەنها خوی (الحكم لله)   گیرۆدەی ئەکا بە گەلی بەدان

ئەو توتکە سەگەی دایکی ئەمژێ   ئەوەڕێ لەوەی دایکی ئەکوژێ
یەکێ دێوانەی گۆشتی بەراز بێ   بەدوای بەرازا خوێنی ئەڕژێ

بۆیە ئەترسم توتکە بوەڕێ   گەماڵ تێ‌ئەگا و بۆم دەرئەپەڕێ
پیلانگێڕ دنیا ئەکا بە ئاشوب   لەسەر بەهانە بۆ شەڕ ئەگەڕێ

بێ دڵ و بەد دڵ چاریان ناکرێ   لەبەر چارەیان ئەفلاتون ئەمرێ
لەهەر ولاتێ ئەمانە هەبن   هوشیار پێویستە شوێنێتر بگرێ

کافر کافرێکی ڕەذیلەی نەفسە   ڕەزیلەی نەفسە هەوێنی نەقسە
یەکێ بە پیلان ماڵ پێکەوەنێ   دوجار کافرە ئەو شومی نەحسە

من ساغ پێت‌ئەڵێم کاکی پیلانگێڕ   جیهان کاغەزە و کردەوەی تۆ دێڕ
هەرچیت نوسیوە بە خامەی عەمەل   حسێبی ئەکرێ هەموی دێڕ بە دێڕ

مسقاڵە ذەڕە لە سەما و زەوێ   لە شوێنی بەرزا یا شوێنی نەوێ
خوا ئاگادارە و گشتی ئەژمێرێ   جا بۆکوێ ئەڕۆی ؟ هەروا ئەکەوێ

تۆزێ بڕوانە بۆ ئەحوالی خوت   بۆ وەزعی تالی بێ ئیقبالی خوت
هەرچەند تۆ عالەم بەر زیان ئەدەی   بڕیارێ بدە بۆ ئەحوالی خوت

خەڵکیش وەکو تو هەمو گیاندارن   دڵخوازی خێر و لە شەڕ بێزارن
کە تۆ حەز ناکەی مارێ بتگەزێ   بزانە خەڵکیش ناحەزی مارن

دور بن لە هەرچێ پیلان و غەشە   هەرچێ ناحەقە و بە حەق ڕوکەشە
(مـن غشّ فينـا فليس منّـا)   بەسە بۆ غەشاش بای ئەم هەڕەشە

پاکیزە دڵ بە لە بەدێ بیدعەت   بگرەبەر ڕێگە و ڕەویەی سوننەت
ڕێگای ڕزگاری ڕێی پێغەمبەرە   ئەو بو بە ئیمام بو هەمو ئوممەت

ڕێگای ئەو ڕێگای ئال و یارانە   ڕێگای ئەتباعی چاکە کارانە
با بێتە سەر ڕێی کیتاب و سوننەت   هەرکەس طالیبی ڕێی ڕزگارانە

هەرکەسێ لادا لە ڕێگەی شاران   ئەچێتە سەر ڕێی وەحشی کوساران
گورگان ئەو مەڕە هەڵئەدڕن بە گاز   ون بێ لە شوان ، تار بێ لە ڕان

فەرز و سوننەتت بە ئیخلاصی دڵ   جێبەجێ بکە تەواو و کامڵ
لادە لە تاوان قەدەغەی حەقە   لادە لە بیدعەت پڕە لە چقڵ

لادەن لە درۆ درو زیانە   شەخصی درۆزن کاری نوقسانە
خەڵکیش لە ڕاستان بێباوەڕ ئەکا   هوی پەرێشانێ وەزعی زەمانە

ئەگەر ئاگرێ بەر بێ لە ماڵی   کەس باوەڕ ناکا بە گاڵەگاڵی
جا چ مەینەتێ لەمە بەدترە   بمرێ و کەس نەیێ بو فریای حاڵی

دوڕوێ مەکەن ، لادەن لە نیفاق   با نەبن بە پەند لە کورەی ئافاق
ئینسانی دوڕو مەلعونە بە شەرع   بێبەهرە و بەشە لە بەرزێ ئەخلاق

پرسیم لە درۆ ڕاستم پێ بڵێ　جێگەت لەکوێیە لە شار و لادێ
وتی لە شاردا قەڵای سیاسەت　لە لادێیش دێیەك جێی نەبوونێ بێ

پرسیم لە دەردی دووڕوویی و نیفاق　ماوای تۆ کوێیە لە کورەی ئافاق
وتی هەر شوێنێ جێی ستەمگەر بێ　مەڵبەندی منە بێ درۆ و نیفاق

حەرام حەڵاڵە لەلای ناچاران　چون حەق بەتاڵە لای ستەمکاران
ناوی ناچاری مەکەن بە قانوون　بە درۆ و بە ڕاست لە ڕۆژگاران

نەفسی ناموسی حوقوقی ماڵی　شان و شەرەفی خاوەن کەماڵی
ببە بە مەتاڵ بۆ پاراستنیان　تا وای لە دنیا بە هەموو حاڵی

غەیبەت و لە پاشملە قسەکردن

غەیبەت بەیانی عەیب بە پاشملە　بە سووکی مەگرە تاوانی زلە
غەیبەت خواردنی گۆشتی مردوە　زۆرمان گوناهی ئەمەی لە ملە

عەیبی هەرکەسێ باس‌کەی لە دنیا　ئەڕوا تا دوایی ئەچێ بەگوێیا
ئەویش دەس‌ئەکا بە باسی عەیبت　عەیبی هەردوکتان پڕ ئەکا دنیا

ئەڵێن فلان‌کەس بێ‌حەیا و شەرمە　باسی ئەم خەڵکەی لە دەما گەرمە
بەلام ئەو خۆیشی زۆر خەتابارە　وا بەرپا ئەکا ئەم بەزم و ڕەزمە

گرتنەبەری ڕێی سەرلێ‌شێوان　ئەنجامی نابێ غەیری قوڕ پێوان
ئەوەی کۆچی کرد لە ئاوەدانی　جێی دەشتی چۆڵە یا لووتکەی کێوان

ئەوکەسەی عەیبی ونە لە بەرچاو　کە غەیبەتت کرد ناوی دێتە ناو
ئەویش ناوی تۆ بە خراپ ئەبا　لە ڕێگای خۆیا تۆ ئەخاتە داو

دیارە ئەم خەڵکە بۆ بیستن خێران　ئیتر چش صەدان بین ماڵوێران
بەلام سەرەتا تۆ تاوانباری　کە باسی خەڵکت خستە سەر زمان

بەدگومانی

دنیا تێك‌مەدەن بە نوێڵی گومان　کرمۆڵی مەکەن داری دڵ و گیان
دڵ و دەم‌پاکی شێوەی ئیسلامە　ئێوەیش ئیسلامن دەخیل و ئامان

ئەوەی کەوتەسەر ڕێی بەدگومانی　خۆشی نابینی قەت لە ژیانی
خزم و بێگانە وەڕز ئەبن لێی　حەزی لێ ناکا دڵداری گیانی

حوسنی ظەن باشە بەلام بە میقدار　　بۆ یەکێ مسقاڵ بۆ یەکێ بە بار
خۆ خدران هەموو خدری زیندە نین　　ڕۆژی صەدخدر ئەمرێ لە دێو شار

بەراوردێکتان بێ لە ژینا　　چ لە ڕێی دنیا و چ لە ڕێی دینا
حسێب بە وردێ ڕابگرن بە دڵ　　بەلام دەس‌مەنێن بە ڕوی یەقینا

مەنعی شەڕ بکەن بەلام بە دیققەت　　لەگەڵ خائینان مەکەن مەرحەمەت
ڕێ لە خێر مەگرن (مَنّاعٍ للخیرْ　　مُعتَدٍ اثیم) نەصصە بە ئایەت

هەتا ئەتوانن لە حەسەد دوور بن　　حەسەد تەنوورە دوور لە تەنوور بن
لێی دوورکەونەوە ، نەداتە دڵتان　　نەوەك گیرۆدەی ئاگری سوور بن

دوور بن لە دەردی فیز و کیبریا　　هەروەها دوور بن لە دەردی ڕیا
ئەوەی دەروونی بەم دەردە پڕە　　بە ڕیشی بەختی خۆیەدا ڕیا

هەرکەسێ دڵی پڕ کا لە کینە　　دوژمنی ڕاستی دین و ئایینە
کینە ناگونجێ بۆ دڵی خاوێن　　سەرەنجامەکەی لای شەیاطینە

ڕق و قین

ڕق و قین گرتن داوی بەلایە　　کرمی ناو میوەی دین و دنیایە
هەرکەسێ خوی‌گرت لەگەڵ ڕق‌وقین　　ناحەزی شەرعی پاکی خودایە

زینهار صەد زینهار شایەتێ درۆ　　لەبن دەردێنێ ڕەگ و ڕیشەی تۆ
زامێکی پیسە بە وێنەی خۆرە　　ئەدا لە گۆشت و ڕەگ و پێشەی تۆ

بوختان بۆ گیانتان ئەبێ بە ئاگر　　پێی دائەمرکێ غائیب و حازر
بە دنیای ڕۆشن ئەمەیە کاری　　بۆ دنیاکەی‌کەش خودایە ناظیر

خۆتان دووربگرن لە ماڵی ئەوقاف　　توخنی ناکەوێ خاوەنی ئینساف
ماڵی هەتیو بێ مەگەر لە وێنەی　　ماڵت تەختئەکا وەکو عەرزی ساف

هەرگیز بە سووکێ مەڕوانە بۆ کەس　　تۆ بۆچی کەسی و ئەو بۆچی ناکەس
کەسێ و ناکەسێ بەپێی ڕەوشتە　　خودایش پەنایەو پشتەو فریادڕەس

سەنگین بێ چاکە نەوەك بە دەمار　　بۆ سەر ئینسانی داماو و هەژار
ژاری دانی مار گەلێ کەمترە　　لە ژاری فیزی پیاوی بەدەمار

بە هەموو دینێ دەمار خەتایە　　زۆر ناپەسەندێ و بەدێ تێدایە
بەلام بەرەوڕوی ئینسانی بەفیز　　جۆرێکی‌ترە و لەوێیا جودایە

لاناکاتـەوە لـە پیـاوی بێحـاڵ   کڕنۆشیش ئـەبا لەبـۆ خاوەنماڵ
ئەگـەر بەشـێکی لە کەمـاڵ ئەبۆ   نرخی دائـەنا بـۆ پایـەی کەمـاڵ

خۆتان مۆن مەکەن لەبەر فیز و ناز   تۆن مەبن لەسەر زوبان چەشنی پیاز
دۆزەخ نشـینە ئینسـانی بەدخـۆ   حاشا لە بەدخۆ و بەدڕەوشت و شاز

دنیایش پێویستە

دنیا پێویسـتە تا ئینسـان مـاوە   هەرکەس بەپێی خۆی هەوڵی بۆداوە
ئینسـان لە ژینـا وەك پەلـەوەرە   دنیایش وەك دانـە و ژیانیش داوە

ئینسـانی بێچـاو دنیـا نابینێ   یەكچاویش جارجار هەر دائەمێنێ
ڕزگار ئـەوەیە بـۆ دین و دنیـای   بە جارێ هەردوو چـاوی هەڵبێنێ

چاوێ بـۆ دین و یـەکێ بـۆ دنیا   بەمشـێوە ئـەگا بە پایـەی بـاڵا
ئەمەیە شـێوەی دروسـتی ژیـان   هەر لەمەشـایە ڕەزامـەندێ خـوا

ئەگـەر طالیبـی مـاڵ و کەمـاڵی   قەت دامەنیشـە دەست بە بەتاڵی
شێخی عەطار بێ ئەگـەر بەتاڵ بێ   ئەژیت بە بێحاڵ ، ئەمریت بە تاڵێ

تـاڵانی ژینـە وەزعـی بەتـاڵێ   بە تـاڵێ بمـرە نـەك بە بەتـاڵێ
ئەنجـامی نیـە ئینسـانی بەتـاڵ   غەیری نـاکامێ و پەریشـان حاڵێ

ژیـان ڕێییـەکی دوور و درێـژە   پلە و ملـەیە و سـەر بەرەولێـژە
پێویستە ڕێبوار ئاگای لە خۆی بێ   هەرچەندە کوێرە یا سـەری گێژە

هەر دوژمنێکت زۆر بەدفەساڵ بێ   ئیسلاحی حاڵی بـۆ تۆ مەحاڵ بێ
دوعای شەڕی تۆ بـۆ ئەو ئەمە بێ   بڵـێ یاخـودا دائیم بەتـاڵ بـێ

وتـار و ڕەفتـار ڕۆیین بـە ڕێدا   ئەم گەیشتە جێ ئـەو ما لە جێدا
هەنگـاو هەڵێنان پێویسـتە بۆ تۆ   ئەگـەر ئەتـەوێ بـڕۆی بە ڕێـدا

ئەو بـارەی لار بێ بە میـزانی بار   ئەبێ بـکەوێ لە ژۆر یا لـە خوار
ئەوکارەی لەسـەر ئیعتیدال نـەبێ   کاری نابـارە و نادروسـت و لار

پیشە و سنعات

هەرکەس سنعاتێ نەزانێ بۆ خۆی   ئـەم سەرزەوییە زینـدانە لەبـۆی
پیشەیـەکی باش فێربە بۆ خـۆت   تا بە نۆشت بێ ئەو نانەی ئەیخۆی

پیشە بۆ بەشەر ئالتونی نەختە / مەردی پیشەوەر سەرداری وەختە
هۆی ژینی خۆشە زانست و پیشە / پیاوی بێ‌سنعات ژیانی سەختە

پیشە فێر نەبێ کاتی منداڵی / پیشەت ئەشکێنێ پەرێشان حاڵی
کە پیشەت زانی بە شادی ئەژیت / قەت تێپەڕ ناکا دنیات بە تاڵی

پاشازادە بێ بێ سنعات گەدای / بەچکەی گەدا بێ بە پیشە پاشای
مەیلی بێ‌کاری لە دڵت دەرکە / ئەگەر بەڕاستی لە نەگبەت حاشای

هەر منداڵ نابێ ئەمبێ بە بابە / بابە پێویستی کیسەی حیسابە
هەرکەسێ گەورەی کیسەی خۆیەتی / خواه بازرگانە یاخود قەسابە

دنیا بە ڕێشە لەسەر دوو لایە / بەشێکی مادّە و بەشێ مەعنایە
نە مەعنا ئەژێ بێ هێزی مادّە / نە مادّەش ئەژێ بێ ئەو مەعنایە

ئینسانی تەواو لەپاش ساغی لەش / ئەوەیە بۆ عیلم ببێ بە هاوبەش
عیلم و صەنعەتە هۆی سامان و ماڵ / ماڵیش چرایە لەبۆ ڕۆژی ڕەش

پیاوی پارەدار وا هەڵئەکەوێ / گەدا ئەکەوێ بە ڕۆژ و شەوێ
بەڵام پیشەوەر قەت دانامێنێ / مەگەر هەر تیری قەزای بەرکەوێ

ئەگەرچی داوۆد شیرین‌نەوا بۆ / بە هێزی زرێ فەرمانڕەوا بۆ
ئاواز و نەغمە ئەو ئیشەی نەکرد / بە زرێ و خودە بۆ ئەو بەرپا بۆ

ژیان بە پیشە و پیشە بە زانست / بەم‌جۆرە ئینسان ئەگاتە مەبەست
پیشە تۆشەیە بۆ ڕێگای ژیان / چ بۆ خۆپەرست چ بۆ خواپەرست

پیاوی بێ‌سنعات منەت‌کێش نەبێ / بە باری منەت پشتی ڕێش ئەبێ
یەکێ میعماری قەسر و قەڵا بێ / ئەگبەتی نەبێ بۆ بە نێش ئەبێ

زانای پیشەوەر کە ئازار دریا / لە بەڕ بار ئەکا بۆ سەطحی دەریا
باڵ ئەگرێتەوە ئەفڕێ بۆ هەوا / ئەگەر لە دەریا غەم هات بەسەریا

ئەگەر عاشقی ژین و حەیاتی / بۆ خۆت ڕێ‌بخە ئیکتیفای ذاتی
یەعنی بە عیلم و ئیخلاص و پیشە / ببە بە پاشا ئەگینا لاتی

ئیسلام لە گەلێ میللەت زۆرترە / فەردیشی (بالذات) خاوەن جەوهەرە
چونکە دەستوری دینیان‌بەجێ‌هێشت / ئوممەت و فەردی وا قوڕبەسەرە

دەستوری دینی پیرۆزی خۆمان / عیلم و عەمەلە و پیشە بۆ هەموان
بەشەرتێ کەوا خودایش بناسێ / ڕەوشتی بەرزیش بخەیتە تەکیان

سەیری کردەوەی خۆت بکە

به یاسای حیکمەت فتوا ئەدەم بۆت ... خودا بناسە و جەهد و جەفای خۆت
کردەوەی دینی بۆ ڕەزای خودا ... کردەوەی دنیایش لەبۆ صەفای خۆت

کەس بۆ تۆ نابێ بە باوك و برا ... بۆ تۆ ناسۆتی بە وێنەی چرا
هەرکەسێ بەری ڕەنجی خۆی ئەبا ... دەوارنشین بێ یا کۆشك و سەرا

ڕاستە دایك و باب بۆ تۆ دڵسۆزن ... لە ڕۆڵەی تەمەڵ بە دڵ ناڵۆزن
هاتو ئیشت‌کرد بێگانەکانیش ... وەکو دایك و باوك بۆ تۆ بەسۆزن

هەرکەسێ چاوی لە ڕەنجی خەڵکە ... چاوەڕێی میوەی چنار و پەڵکە
هەر ڕەنجی تۆیە بۆ تۆ بەسوودە ... هەر گەنجی خۆتە بۆ تۆ بەکەڵکە

چاوەڕێی خەڵکێ ئەمرێ بە ئازار ... هەر دڵقایمە کە ئەگا بە یار
شێری بێشەیە پیشەوەر پیشە ... قەت تانەی بەدکار لای نادا لە کار

ئەوەی گرەوی لە گشت بردەوە ... بە نینۆکی خۆی گرێی کردەوە
ئومێدەواری نینۆکی خەڵکێ ... خۆی ئەدا بەدەم داخ و دەردەوە

ژیانی دنیا نانێکی ئەوێ ... سەر و سامان و شانێکی ئەوێ
کار بە ناتەواو بەجێ‌مەهێڵە ... دیواری خانۆ بانێکی ئەوێ

نە گوڵ بێ دڕك نە ئاگر بێ دوود ... نە کەس بێ زەحمەت ئەگا بەمەقسوود
ساڵێ نەهات بۆ نائومێد مەبە ... خوا گەورەترە لە سوڵتان مەحموود

بۆ ماڵ تێکۆشن کە بۆ بینۆشن ... پۆشاکی سادە و نەخشین بپۆشن
دنیا نۆشینە و پۆشین و بەخشین ... بۆ ڕەزای خودایش دائیم تێکۆشن

دنیا مەیدانی زۆران بازییە ... کە هێزت نەما چار خۆسازییە
هەر بازۆی خۆتە بازت بۆ ئەگرێ ... کە بازۆت نەبوو ژینت بازییە

ئەگەر خاوەنی عەزم و نیازی ... ئەبێ بە بازۆی خۆتا بنازی
بەدەم بادام و لە مەغزا توێکڵ ... مەڵێ بادامم ، توێکڵی پیازی

مەرد ئەو مەردەیە لە ئیشا مەردە ... دانیشتۆ دائیم کوانۆی سەردە
تەنوری گەرمی ڕۆژی نان‌کردن ... ڕۆژی بێ‌نانێ هەر قوڕ و بەردە

تاوانی نیە کردە پەشیمان ... ناکردەی تەمەڵ بێ‌دینە و ئیمان
کردە پەشیمان هەر بێ‌بەش نابێ ... ئیمڕۆ نە سبەی ، ڕۆژێ لە ڕۆژان

ئینسانی تۆستۆ سەر لە بەیانێ ... هەستان گرانە لەسەر گیانی
کە چاوی شۆڕێ و هەوایێ لێ‌دا ... ئەوجا تێ‌ئەگا خۆشە ژیانی

زاناکانی ڕۆژ بە شەو ئامادەن   ئەگەر سوارەن یاخود پیادەن
بێئازاری گیان قەت ناگەی بە نان   منداڵیش نەگرێ شیری پێ نادەن

بکێشە خاری مەینەت و ماتەم   مەکێشە باری منەتی حاتەم
منەت تانەیە لەسەر چاوانت   مەینەت نگینە بۆ خانەی خاتەم

بەڵام بزانە کە نانت دەس‌کەوت   بڵێ خودا دای مەڵێ بە ڕێکەوت
بێ خواستی خودا ئەزڕە نابینێ   قەت بایێ نەبێ بە کیسە و دەسکەوت

ئاگات لە خۆت بێ و لە توغیان لادە   ئینسانی بایێ مایەی بەربادە
کەللەیێ پڕ بێ لە هەوای توغیان   کەللەیێ پۆچە و زۆ لە فەسادە

کەسان بە کوێێ و ناکەس بە جۆیێ   ئەو لەسەر ئەدەب ئەم‌جوست‌وجۆیێ
ڕێگەی حەق ئەگرێ خاوەن مرووەت   بۆسەر کۆی صەفا بە نەشەی بۆیێ

ڕۆژ دوورکەوتەوە ، سێبەر درێژە   حەواست کول بوون، سەریشت گێژە
تیرێ ئەیهاوێ با بە گەنجێ بێ   ئینسان بە پیرێ کەم دەستاوێژە

جوانێ جوانە بۆ مەلەوانێ   گەنجێ زەمانە بۆ پاڵەوانێ
کاتێ کە پیر بوی لە پێ ئەکەوێ   یا ماڵەوانی یا چاڵەوانی

هێشتا کە گەنجی بۆ خۆت تێکۆشە   کاتێ کە پیر بوێت لەشت نەخۆشە
وەزیفەی پیران بیر و ڕاوێژە   مەگەر ئەو پیرەی دەماخی بۆشە

مێش دائەباری بەسەر نەخۆشا   تەشویش دێ بەسەر پیاوی بێ‌هۆشا
تا هێزت تیایە ئاگات لە خۆت بێ   یا فەرقت هەبێ لەگەڵ سەرخۆشا

گەنجی تەوانا بێ‌باکە لە بار   لەبۆ چاوی خۆی ئەڕوا شارەوشار
بێچارە پیرە بۆ خۆی ئەکەوێ   یا بە ئێش ئەمرێ یا تانەی نابار

پیرێ و هەزار عەیب بەتایبەت فەقیر   مردن دەرمانە بۆ داماوی پیر
بۆ هەر بەلایێ دەرمانێ هەیە   بەڵام بۆ پیرێ هیچ ناکرێ تەگبیر
خۆزگەم بەوکەسەی لەکاتی پیرێ   دوورە لە دەردی لاتێ و فەقیرێ
بە دڵ ڕووناکێ و یادی خوداوە   لە ماڵی خۆیا ئەمرێ بە میرێ

بۆ خۆت تێکۆشە

بۆ خۆت تێکۆشە مەڕوانە بۆ کەس   ئەویش وەکو تۆ ئیش ئەکا بە دەس
بمرێ باشترە نەك تێ‌نەکۆشێ   هەتا داکەوێ بێ‌نەشە و نەفەس

بە ڕۆژا مەنوە نوستو مردوە   بە نوستن عومری زایە کردوە
هەرگیز نەمدیوە ئینسانێ بڵێ   بەدەم خەوەوە کارم کردوە

دۆ دەستت ئەوێ لە ماوەی ژینا   یەکێ لە دنیا و یەکێ لە دینا
تا دین و دنیا دەس‌نەکەنە مل   ناگەی بە کەعبە لەسەر زەمینا

لەبەر بێ‌نانێ ئەکەویە پەلە   لەگەڵ بێ‌ئاوییش ئەکەویە مەلە
کە حاڵت وایە ماڵت پێویستە   بزانە ماڵیش لەسەر عەمەلە

هۆشە هەوایە ، قسە فەقیرە   هەر تێکۆشەرە بە حەق ئەمیرە
باڵداری بێ‌چنگ خواردنی زیخە   خۆراکی بازیش گۆشتی نەچیرە

هەر حەقێ حەقدار بەدوایا نەڕوا   لە صەد ئەوەدی بە زایە ئەڕوا
پیاو بە ڕەنجی شان زۆ ئەگا بە شان   پیاوی چاوەڕوان ئەمرێ بە سەودا

هەرکەس بیەوێ بە بێ‌تێکۆشین   بگاتە پایەی پیاڵە نۆشین
نەخۆشی دەردی هەوا و غرورە   لە غرور بەدتر نیە نەخۆشین

گەنج هەر بۆ ڕەنجبەر نابێ

ئەو ڕەنجەی ئەیدەین گەنجی بەکۆ بێ   سا لەبۆ خۆ بێ یا لەبۆ تۆ بێ
جیهان هەمیشە هەر ڕەنجە و ڕەنجە   وەنیە هەر ڕەنجێ گەنجی بۆ خۆ بێ

چینێ لە دەشتا دوژمن ئەیکوژێ   چینێ‌تر بۆ خۆی نیعمەت ئەمژێ
دنیا وا بوە چینێ سەیر ئەکا   چینێکیش خوێنی بە پشتا ئەڕژێ

گایێ جوت ئەکا لە بۆرە وەردا   گایێ بۆ گێرە ئەڕوا بە هەردا
کەر بەخۆڕایێ سەر ئەکاتە جۆ   گایش چەرخە ئەدا لە ئێش و دەردا

بەشێ لە خەڵکێ ڕوستەمی زاڵن   دائیم هەڵگری گورز و گۆپاڵن
بەشێکیش بێ‌خەم بە وێنەی گوربە   مێملی چێشت و چڵێسی ماڵن

مێژۆ بۆ هەردۆ ئەنوسێ ستۆن   ئەمیانە بە خوم ئەویان بە ئاڵتۆن
ئەمیان با ئەیبا بەسەر سارادا   ئەویان ئەمێتە نەخشی بێستۆن

هەرکەسێ ئەگژێ لەسەر دەماخێ   هەرکەسێ ئەمژێ میوە لە باخێ
تۆیش باخێ بۆ خۆت بێنەرە ئەمەر   با بێ‌خێر ئەمرێ بە دەرد و داخێ

ئەم دنیا داوە ژیانیش ژانە   بەڵام بۆ کۆشش نیە بەهانە
بە شاد و ناشاد پێویستە بژین   ژینیش پێویستی دۆ لوقمە نانە

حەقیقەت ڕۆژە دنیا دائەگرێ   کێ بە ڕۆی بێژنگ بەری ڕۆژ ئەگرێ
دەرچۆن لە واقیع خەیاڵی خاوە   عاقڵ ئەوەیە ڕێی واقیع بگرێ

بەندە ڕاوێژ و تەگبیر ئەزانێ   ئیتر لە سیڕی تەقدیر نازانێ
بە یاسای ئایین پێویستە ئینسان   بۆ حەق تێکۆشێ هەتا ئەتوانێ

بۆ ژیواری خۆت بیرە دەور و دەو   به یاسای ئینسان به ڕۆژ و به شەو
ئەنا (کاشکێ) بێ‌سوودە بۆ تۆ   هیچ دەسگیر نابێ لە(لَیت)و لە (لَو)

بەخت و نەگبەتێ بێجگە لە قەدەر   بە تێکۆشینە هەمۆ سەرانسەر
شەو و ڕۆژ خۆیشی دیلی قەدەرە   بێ‌دەخلە تیایا ڕەجەب و سەفەر

ژین تێکۆشینە لە ڕۆژ و شەودا   گیاندار هەمۆ وان لە تەك و دەودا
کەسم نەدیوە شەو و ڕۆژ بنوێ   کرێیش وەربگرێ لە تۆڵەی خەودا

سوود لە عەمەلە و عەمەل لە ئەمەل   ئەمەل بێ‌باکە لە تیری ئەجەل
حەقی ئەدەمێ ئەمەل وا نەبێ   ئینسان نایەتە مەیدانی عەمەل

خودا موحسینە بە فەیضی ڕەحمەت   هەروا بێ‌باکە لە قەهر و زەحمەت
هەتا نیعمەتی ڕژاند بەسەرتا   باش وەری‌بگرە بە شوکری نیعمەت

ئەوپەڕی نیە سارای خەیاڵات   سنوری ئەڕوا تا لای مەحاڵات
هەمۆی هەوایە مەگەر خەیاڵێ   بەرگی خەباتی بکرێ بە خەڵات

دنیا تاریکە بێ نوری شادێ   شادیش مەحاڵە بە بێ‌ئازادێ
ئازادییش نابێ تا دەرباز نەبێ   لە دەست ستەم و جەور و بێدادێ

مایەی پیرۆزێ لە ژینا چوارە   یەکەم زانست و فەنی بەکارە
دۆهەم یەکیتی سێهەم تێکۆشان   چوارەم ئەخلاقی گەلی هوشیارە

قەت بە ئاف و ئۆف یا بە ئاخ و داخ   پەروەردە نابێ نە باخ نە دەماخ
کارە دەشت ئەکا بە باخی بەهەشت   کارە شاخی سەخت ئەگێڕێ بە باخ

بەرد بەدەن بەسەر پیاوی بێ‌هۆشا   دەرد بدەن بەسەر هەوا فرۆشا
ئەوەند ئەو دڵی ناسکی ئێشاند   لێی‌گەڕێن ئەمیش بمرێ لە جۆشا

ئەوکەسەی ئەڕوا بۆ ڕاوە بەراز   عەفوی بۆ ئەدرێ لە پیسێ ڕێباز
یەعنی دائیرەی ڕەحمەتی خودا   گوشادە بەقەد گوشادێ نیاز

مایەی یەکیتی لەم کائیناتە   لە پلەی یەکدا نوکرانی ذاتە
لەسەر تەعقیبی سوودی شەخصییە   ئاشوبی عالەم لەم ڕۆی بساتە

دۆهەم تەقدیری خزمەتی فەردە   سێهەم سەرۆکێ ئینسانی مەردە
چوارەم هەرکەسێ تۆشی دەردێ بۆ   زۆ چاری بکەن دەرچێ لەو دەردە

قەت غافڵ مەبن

قەت غافڵ مەبە و ئاگات لە خۆت بێ   بیرت لە ڕۆژی ڕەشی ڕۆ ڕۆ بێ
چرا حازر کە بۆ شەوی تاریك   نەك وەك داماوان دەس لە ئەژنۆ نێ

کاتی سەربەستێ و مەوسیمی شادێ   خۆت خەریك مەکە بە کاری عادێ
هەتا ئەتوانێ بناغە دانێ   بۆ کۆشکی بەرزی ژینی ئازادێ

ئەو ڕۆژە خۆشە پێنەکەنێ پێت   ئەڵێ هوشیاربە کابرای شێتوویت
شەوی تاریکت وا لە بەردەمدا   چەندین مارومۆر کەوتۆن لەسەرڕێت

با هەمۆ لەشت دەماغ و دڵ بێ   ئاگات لە دار و دڕك و چقڵ بێ
هەروا هاتوە یاسای زەمانە   ئینسان لە ژینا نابێ غافڵ بێ

دۆربینی بلۆر لەبۆ کەشفی دۆر   دۆربینی بیریش بۆ چارەی زەرۆر
ئەوکەسەی بیری لەلای دەرگایە   نەکەوێتە بیر بە کورتێ شوعۆر

قەت ئەمین مەبن لە چەرخی زەمان

قەت ئەمین مەبن لە چەرخی زەمان   جادۆی هارۆتە لە دەوری سەرمان
هەزار قامەتی سەرو و عەرعەری   بە خەم پێچاوە بە وێنەی کەمان

تاسی حەمامە لەم دەس بۆ ئەو دەس   بێفەرقە لایئەو کەس لەگەڵ ناکەس
لەبۆ هیچ کەسێ دەوامی نیە   ساڵە یا ساتە یاخود چەند نەفەس

دنیا جادوە و خاوەن بلۆفە   ڕۆژێ بەسامە و ڕۆژێ بێخۆفە
دەمێ بەهار و گوڵ و گوڵزارە   دەمێ دەمەیە و سەرمایە و تۆفە

شەبەندەبەڕۆژ وێنەی زەمانە   بە هەزار ڕەنگە لەپێش چاوانە
خۆت بە یەك ڕەنگێ ثابت ڕابگرە   مەکەوە شوێنی ڕەنگی زەمانە

مودارا نالێم مودارا فەرزە   ژین بێمودارا نابێ لەم عەرزە
بەڵام مودارا ئەبێ وەهابێ   شەرەف نەخاتە بەر بۆمەلەرزە

ئەو چەرخەی ئەمڕۆ وا بەلاتەوە   کە بە ذەوقی تۆ لائەکاتەوە
کاتێ هەڵسوڕا بە وادەی ساتێ   تۆڵەی ساڵێکت لێ ئەکاتەوە

خۆت لادە لەبای لافاوی بەتاو   لە کاتی جۆشا خۆت مەهاوە ناو
سەرێکە دێت و ئەڕوا بە چەما   گەردۆن ئەسوڕێ بە چەرخی کڵاو

لافاو کە جۆشا بەردێ زل دێنێ   ڕیشەکەن ئەکا و وردەتل دێنێ
نە خانۆ نە دار خۆی بۆ ناگیرێ   چەند پاشازادە لەسەر مل دێنێ

تەوژمی زەمان مەعنای قەزایە   چاری بە جارێ زۆر ناسزایە
یا ئەبێ بمرێ یا کەنار بگرێ   یا وەریبگرێ چونکە قەزایە

لەبەر قەزادا ڕێێ گوریز نیە   بە ناڕەزایێ جێی تەریز نیە
ئەو تیرەی قەزا هاویشتیە کەوان   هەرگیز پێویستی مەتەریز نیە

کار یا بۆ دنیا یا بۆ خودا

کار یـا بـۆ دنیـا یـا لەبـۆ خـودا　　بێ قەصد و مەبەست مەکەوە سەودا
ئینسانی هوشـیار نەفەسێ لە ژین　　ناکێشـێ مەگەر بـۆ خۆی یـا خودا

مەبەست لە خزمەت ئـەگەر خودایە　　کلیـلی کـارت بـە (بسـمالله)یە
هـات بـۆ دنیـا بـۆ بـۆ یەکێ بمرە　　ئەویـش لەبـۆ تـۆ ڕۆحی فیدایـە

چۆن ئەبێ ئینسان بـۆ یەکێ بمرێ　　کە ئەو قەدری ئەم بەڕاستێ نەگرێ
زینهار دوورکـەوە لـەو بێوەفایـە　　بمرێ لاشـەکەت نەخاتـە قەبـرێ

زۆر ئینسانی پـاك بـە سافێ نیهاد　　تـەقالا ئـەدا بـە وێنەی فـەرهاد
شـەو پاسی سـەری بێوەفا ئەکا　　ڕۆژ دەسـتە ئەژنۆ ئـەکەوێ بێزاد

وەکـوو جادووگـەر بنیـادەمی دوون　　دێتە پێشەوە بـە بەند و ئەفسوون
ئاگات لە خۆت بێ پاشقولت نـەدا　　بتدا بـە ئـەرزا بڕۆی سـەرنیگوون

قەت بایێ نـەبێ بـە مەیلی پاشـا　　بـۆ زەردەخـەنەی مـەکـە تەماشا
صەدسال بۆیبمرێ کە لێت تووڕە بوو　　ئـەڵێ ناینـاسم نەمـدیوە حاشـا

ئینسانی مادّی و شەخصی سیاسێ　　صەد ساڵ بە گیان و بە دڵ بیناسێ
کـە بـیری گـۆڕا ئـەتهاوێتە بـیر　　خـواە ئەمەوێ بێ یاخـود عەبباسێ

سـەهلە سالم بێ بـە وێنەی سەلمان　　یاخود عالم بێ وێنـەی سولەیمان
شەرت ئەوەتانێ کـاتێ هەڵکـەوتی　　بمێنیتـەوە بـە مـەرج و پەیمان

هەرکەس خەریکی کۆشکەکەی خۆیە　　بە مەڕمەڕ بە گەچ بە نەخش و بۆیە
حەزرەتی خدر و دیـواری هـەتیو　　فرمـانی ئـەوە نـەك مـن و تویـە

تف لـە دینفرۆش بۆ دنیـای دەنێ　　تف لـە سیاپۆش بـۆ دەوڵـەمەنێ
ئافەرین لـەوەی بە جەوانمـەردێ　　دنیا و دیندار بـێ بـە ئەرجومەندێ

ڕاستەکەی جیهان دێوجامـە ڕەنگە　　هەرکەس بـۆ ڕاوی دەروونی تەنگـە
ئەگەر لەسەر حەق عالەم بێتە دەنگ　　بۆچ دنیا وەها بـە غەوغا و جەنگـە

هەرکەس ئەیەوێ هەرخۆی بەشانبێ　　خۆی خاوەنچەك و تیر و کەوان بێ
هەرکەسێ نرخی کالای خۆی ئەوێ　　خـواە لـە ئاوریشم یا لە کەتان بێ

جانباز کە ئەڕوا سەری مەڕ نـەگرێ　　هیـوای ئەوەیـە سـوودێ وەربگرێ
صـەد سەر سەربڕن باکی لێ نیـە　　مادەم سـوودەکەی لەبۆ ئـەو ببرێ

ئینسانی مادّی عادێ و بێشـەرمە　　هەر ڕۆی لە پارە و بـازاڕی گەرمە
ئیتر ضەمـیر و ویـژدان و ئیمـان　　وا لـەبەر پێـدا ناوکەفی نـەرمـە

زینهار قەت نەبن بـە دێوجامەی ڕاو   ڕاو مەکەن لەبۆ شەخصی خاوەنداو
کـە ڕۆژتان نـەما تاریکـە شـەوە   بێچـرا دامـان ئـەکـەونـە نـاو

ئینسانی مادی و مـەردی ئـەنانێ   هـاوڕێی نـەفـام و خلـەژنـانێ
بۆ باوەڕ ناشێن ئاگات لە خۆت بێ   ئـەگەر طـالیبی بـەرزێ ژیـانی

یارمـەتێ دنیـا پێویسـتی ژینـە   دنیـا بـۆ دنیا و دین لەبـۆ دینـە
یەکێ بـۆ دنیا وەفات لـێ نـەدێ   باوەڕت نـەبێ کـە خـاوەن دینـە

خۆتان لە پیاوی خراپ بپارێزن

لـە پیـاوی خـراپ خـۆ بپارێزن   ئـەگەر خـاوەنی هێـزی تـەرێزن
بـەدەوری چاکدا چـاك بـەلادا کەن   ئەگـەر لـە دڵا خـاوەنی هێـزن

ئەوەی دڵخوازی مـەکر و تەلبیسە   بزانـن لەسـەر بـیری ئیبلیسـە
دوور بن لە بێنوور نزیك بن لـە طـوور   پاك لەگەڵ پاکە و پیس لەگەڵ پیسە

ڕێوێ ڕێوییـە خۆیشـی بگـۆڕێ   بـە هـەزار بـارا پیـلان ئـەگێڕێ
جادوگەر لـەبۆ چاوبەسـتی خەڵکێ   ساتێ بەچەندجۆر سۆکهەڵئەسوڕێ

قەت براکوژراو خۆی سەرخۆش ناکا   ماریش کلکی خـۆی فەرامۆش ناکا
ئـەوەی داری دا بـە سەری مـارا   لەجێی ماراندا خۆی بێهۆش ناکـا

پیـلانگێڕەکان دێنەسـەر تەلاش   بە چەند تەعبیر و چەند عینوانی باش
ئـەوەی ئەخلەتێ یـا سـاویلکەیە   یا خۆی گێل ئەکا بۆ پارە و مەعاش

هەرکەس تێفکرێ لـە درۆ و ڕاسێ   لێکیان جیـا ئـەکا لەسەر میقیاسێ
شـوعوری ئینسـان چاوی بینایـە   کوێر بێ ئەو چاوەی کە چاك نەناسێ

نائەمین چاوی سـەر بەرەو لێـژە   زمـان بێپەیمان ، تەفرەقـە وێـژە
ئاتـارە ئـەبێ بـە بورهـانی تـۆ   بە شەودا سەرخۆش سبەینێ گێژە

هەرکەس جەسوور و واتـە بەلێـوە   وەهمی لێ مەکە ئـەگەرچێ دێـوە
ئینسانی مۆنـە جێـی ئـەندێشەیە   هەر هەوری ماتە بەفـری وا پێوە

هەرچێ لە مشك بێ جەواڵ ئەدڕێ   هەڵۆ لـەبۆ کـەو زۆر تیژ ئـەفڕێ
بـەرازێ شـفرەی دەرنـەهێنرابێ   هـەلی بـۆ هەلکەوت بێباڵ ئـەبڕێ

پێستی سەگ و خۆگ ناشێ بۆ دەباغ   پـاك نابێتـەوە پـەین لـەناو بـاغ
دۆڕەگیش هەروا (نجس العین)ە   پاك نەبێ پـاك بێ بـە دڵ و دەماغ

پیلانگێڕەکان لەگەڵ یەکانە زیانیان لای من بە یەك میزانە
ئەم بۆی هەڵکەوێ ئەتکا بە سفرە ئەو بۆی ڕێکەوێ ئەتدا لە شانە

مار کراژ ئەخا بەڵام ناخا ژار پێتەوە بدا ئەگەی بە ئازار
دانیشی دەرکەی، هێشتا شێوەکەی نابارە لەلای چاوی خاوەن بار

پیلانگێڕەکان لایان لێ گرتین دەماغیان بردین بۆیە وا پەرتین
ئەوان ئاگری فیتنەیان گەرمە ئێمەیش دارێکی سەراسەر نەوتین

هەر شوێنێ شوێنی دەڵەبەبایە هەمیشە وەڕە و قڕە و غەوغایە
بێئەساس نابێ ئاشوبی دنیا بۆ غاز یا بۆ خاك یا بۆ هەوایە

کاتێ هێرشی قینی ستەمکار خۆت بپارێزە لە کاری نابار
حەڵوای تۆ لای ئەو بە وێنەی ژارە چجای قسەی تاڵ بۆ ذەوقی سەرکار

کەوانێ لەسەر شانی تەقین بێ پلێکی ئەوێ لەلات یەقین بێ
لەسەر بەهانەی ستەمکارییە ئەوکەسەی سینەی مەکینەی قین بێ

لەگەڵ گەورەدا مەکە ستێزە وەکو دیزەی پڕ مەکە لەبڕێزە
بەتایبەت ئەوەی سەرۆکی کارتە خۆتی لا مەدە بەر نوکی نێزە

ناسك بە ناسك وێنەی پەڕەی گوڵ ئەشنێتەوە بۆ چاوی بولبول
گەورەی دڵناسك کە پەردەت دڕێ دڵت پڕ ئەبێ لە دڕك و چقڵ

کە دەرگای داخست ئینسانی ئاگا کلیل دانانێ لە پەنا دەرگا
هوشیار بە بێچەك ناچێتە مەیدان شوان مەڕ دەرناکا مەر لەگەڵ سەگا

گورگە مێشەکان لە پێستی مەڕا بە شادێ ئەژین لەناو لەوەڕا
کاتێ کە شوان غافڵ بۆ لەوان مەڕ مل ئەشکێنن لەمپەڕەوپەڕا

جاربەجار ڕێوێ خۆی ئەمرێنێ هەناسەی ئەگرێ و چاو ئەنوقێنێ
هەتا نەچیرێ دێتە بەردەمی پەلامار ئەدا زوو ئەیفڕێنێ

من وات پێئەڵێم ئاگات لە خۆ بێ ئاگات لە ساختە و فێڵ و درۆ بێ
بە دەسنوێژەوە چەکت لادا بێ هاوڕێت دەمپاکی بەتانوپۆ بێ

ئاگات لە خۆت بێ نەوەك بکەوێ ئەگەر بکەوێ توند دائەنەوێ
پایەی بەرز هەر بۆ پیاوی وریایە پایەت چۆن بەرز بێ کە هەر بخەوێ

مەڵێ ئەم باسە خەیاڵی خاوە گەلێکم دیوە من بەم دوو چاوە
ئەوەش نەمدیبێ من بە چاوی خۆم مێژووی ڕابوردوو پیشانی داوە

ئەم دنیا هەموّی لەسەر پەیوەندە

ئەم دنیا هەموّی لەسەر پەیوەندە   لەبەر پەیوەندە دڵ دەردمەندە
ئەوەی پەیوەندی بڕیّ لە دنیا   لە دین و دنیا کاری پەسەندە

خۆزگەم بەوکەسە کە کەسی نەبوّ   لە خوا بەولاوە مەبەسی نەبوّ
بیّ یادی خوا بە ڕوّی حەقیفەت   لە ماوەی ژینا نەفەسی نەبوّ

ژین دوّ دەروازەی بوّ کرانەوە   یەکەم بوّ چوّن و تیدا مانەوە
دوّهەم بوّ دەرچوّن مادەم وەهایە   بیّسوّدە بیّسوّد لەویا مانەوە

چاو بەرزەوە کە بڕوانە بوّ دڵ   نازدار و ناسك وێنەی پەڕەی گوڵ
عەرشی خودایە میشکاتی ئەنوار   فریشتە بوّ دڵ بوون بە بولبول

دڵ ئەبیّ بوّ حەق بیّ بە مەنزڵ   نابیّ بە بیّسوّد پڕ بیّ لە موشکوڵ
دڵیّ بوّ دڵدار نەبیّ بە جیّگا   با لە باتیّ گوڵ پڕ بیّ لە گڵ

دڵبەریّ بە حەق بوّ خودا فەرزە   هەر ئەوە نوّری ئاسمان و ئەرزە
هوّی تاریك بوّنی دڵمان ئەوەیە   دڵ ڕوّی لە ئەرزە دڵبەر لە بەرزە

میشکاتی ئەنوار جیّی ظوڵمات نیە   لەویا ئەغیارە بەرەکات نیە
حەیات بە ئاوی فەیضی ڕەحمەتە   شوێنی دوّر لە ئاو جیّی حەیات نیە

یەکیّ بیەویّ نیگای ڕوّی نیگار   چاوی نایەشیّ بە گەردی ڕێی یار
ئەو گەردە سورمەی دیدەی دڵیەتی   کاتیّ کە تیّکچوّ بە گەردی ئەغیار

پەیوەندت بڕە لەگەڵ مەظاهیر   دوّر بە لە دەوران باطین و ظاهیر
مەظاهیر هەموّ بوّ توّ مەجازن   یەعنی ڕێبازی غائیب و حاضر

پەیام بوّ دڵە و ئیلهام لەبوّ دڵ   نەظەر بوّ دڵە و هوّش و فام بوّ دڵ
پیّکان و هەڵە صیفەتی دڵن   چاودێریّ مەقام لە مەقامی دڵ

چاری لیّقەومان لەپیّشا ئەکریّ

چاری لیّقەومان لەپیّشا ئەکریّ   سەلەم لەبوّ نان لەپیّشا ئەدریّ
کاتیّ کە مەینەت دەرگای پیّ گرتی   چیّ لەگەڵ عەدوّی بەردەرگا ئەکریّ

دوژمنی بیّهێز بە قاویّ ئەڕوا   پزیسکی ئاگر بە ئاویّ ئەڕوا
بەلاّم کە زوّر بوّن ئەویان ئەتکوژیّ   بەمیان ولاتیّ بە تاویّ ئەڕوا

ئەو مارە سڕەی کە وا لەسەر ڕێت   پیّیشی پیا بنیّی هێشتا نابزوێت
بەلاّم کە هەتاو توّزیّ گەرمی کرد   ئەکەوێتە دوّت هەتا ئەتکوژێت

جا تۆ بە سڕێ بدە لە سەری تا تۆش نەبۆیت بە دەردی سەرێ
هەر مارمان پێچا بە ملمانەوە بۆیە کەوتینە ڕێی دەربەدەرێ

ئەوەی داماین بۆ چاری ئیشی ناپەرژێتە سەر تاشینی ڕیشی
گریانیش دڵی ئاسوودەی ئەوێ تۆ هەڵتبڕن چۆن دائەنیشی

دوژمن بۆ گەستن مار و دۆپشکە بۆ وێران‌کردن بە وێنەی مشکە
پیاوی ئاشوب‌گێڕ دەفعی پێویستە لەناو بەدکاران هەر خۆی سەرپشکە

کاتی هەنگ‌بڕین کە هەنگ ئەخرۆشێ هەنگ‌بڕ پێویستە ڕۆی‌خۆی داپۆشێ
ئەگینا لەبۆ کەوچکێ هەنگوین ئەبێ گڵاسێ تاڵاو بنۆشێ

ماری بریندار دێتە تەك و دەو تۆڵە ئەستێنێ بە ڕۆژ یا بە شەو
یا خۆی لێ لادە با بڕواتە کون یا وای لێ‌بدە بکەوێ لە دەو

کەللە سەری مار مەرکەزی ژارە یا ئەو لولەیە لە ملیا دیارە
بەسەر زیندوو بێ تۆڵە ئەستێنێ کە سەری نەما خەڵك لێی ڕزگارە

یەکێ پێی وتم لە خوا بترسە ڕێگەی حەق بگرە و لە کەس مەپرسە
پێم‌وت ئەوکەسەی لە خوا ناترسێ تا گیانت تیایە هەر لێی بترسە

ڕۆژپەرستەکان بەم‌دیوەودیوا ئەگەڕێن لەگەڵ بەرزێ و نشێوا
هەرکەس سکەی بۆ ئەبنە غولامی لەسەر ڕۆی مس بێ یا لەناو زیوا

پیاوی خاوەن‌بیر بە دڵ ئەترسێ چون لەئەنجامی موشکوڵ ئەپرسێ
هەر هەرزەکارێ بێ بەراورد بێ لەبەر هەرزەیێ لە کەس ناترسێ

بۆیە بە شێوەی مەتەڵ باس‌ئەکرێ بۆ ئەوەی تەمێی ئادەمێ بدرێ
هەر بەشێ چەورە بۆ چاو قایمە پیاوی چاوەڕوان بە مەراق ئەمرێ

شوێنی دڵبەرێ کە دڵڕوبایە شوێنی ئاشوبی گەنجی دنیایە
نزیك مەبنەوە لە یاری عەیار کەمەندی گێسوی لە صەد هەودایە

دڵی کەوتە بەند بە جادوی لاوان بۆ دوو لێوی ئاڵ یا سورمەی چاوان
قەت ڕەها نابێ لەو یارە ڕەندە کچە پاشا بێ یا کچە گاوان

مادەم کەوتەناو تەنورەی لاوان وا لەدوێ نەوای تەنورەی تاوان
کەللە کە پڕ بۆ لە هەوای نەوا جێگە نامێنێ بۆ پەندی باوان

باش ئاگادار بە یار بێ‌وەفایە ساتێکی صەفا و ساڵێ جەفایە
عاشق ئەکوژێ بە هیوای بەتاڵ ساوا فێر ئەکا بە لایەلایە

مانگ و ئەستێرە و ڕۆژ لە ئاسمان   کە بە ڕێز هەمو هەڵدێن لەسەرمان
هەروا پاش ئێمەش ئەدرەوشێنەوە   ئێمە کە مردین نامرن بۆمان

تافی ئاوی (زەڵم) چەمەی (بێدرواز)   چەمەی (کەیمنە)و (هەیات)ی سەرباز
چەند نازداریان دێ بە مەینەت مردن   کەوتن لە دەران بێ‌ناز و نیاز

نابێ بە ماسێ تۆلەی کەوەمار   نایەتە ڕاستێ ناحەزی بەدکار
ئازاد ئەوەیە ئازا و مەردانە   چاك و بەد جیاکا لە گفت و کردار

خانۆ سڕپۆشە ، هاوسێ قەڵایە   یەکێتی خێزان خێری خودایە
لەش‌ساغێ و ئەمن و ڕەسایێ ژیوار   بۆ هەرکەسێ بۆ خۆی پادشایە

هاوڕێ پێویستە

بە بێ‌هاودەمی خاوەن دیدە و دڵ   دیشوارە ڕێبوار بگا بە مەنزڵ
هەرچەند نایابە هاودەمێکی‌وا   ڕۆ بە وێنەی دڵ دڵ بە وێنەی گوڵ

هاوسەران ئەبێ هاودەم و دڵ بن   یەك لە ڕۆی یەکا بەوێنەی گوڵ بن
هاودەردی ژانی ژینی دنیا بن   تا پەنجەی چارەو حەللی موشکوڵ بن

من بڵێم سەرما و ئەو بڵێ گەرما   بەردێ زل بێنە و بیدە بەسەرما
دۆ هاوڕێ کاتێ پێکەوە ئەژین   یەك لەئاستی یەك ون بن لە شەرما

ڕاگری ئەسرار لەم سەربیساتە   وێنەی فریشتەی ڕۆی سەماواتە
جەفای یەکڕووان سەفای دەڕۆنە   سەفای دوڕووان مایەی ظوڵماتە

دڵبەری دۆڕۆ دۆستی دوڕووە   ژنێ عەیار بێ ژنی چەند شووە
ڕاس لەگەڵ ڕاسە ناڕاس بۆ ناڕاس   باز لەگەڵ بازە ، بۆ لەگەڵ بووە

تا لە هەواوە نەبارێ باران   تێ‌ناگەی بەرزێ و نزمێ دیاران
قەت باوەڕ مەکەن بە هاشە و هۆشە   هۆشە بایێکە وشکی بێ‌باران

هەرکەس هەر تەورێ بڕوا لە ژینا   با برین بێنێ بەسەر برینا
موداڕای ئەکرێ بە ئینسانی ژیر   مەگەر بەدئەندێش لە شادێ و ژینا

مودارا نیە لەگەڵ بەدئەندێش   لەگەڵ بەدتەوری دەرۆن پڕ لە ئێش
خوا پەنامان دە لەم جۆرە کەسە   بە ئەنواری دڵ ، دڵ بۆ حەق ڕاکێش

پیاوی بەدئەندێش هەروا دڵنەخۆش   چارەیان ناکرێ بە تەدبیر و هۆش
بینای مودارا لەگەڵ ئەمانە   بینای خانووە لەسەر ئەرزی بۆش

قابیلە ژیان لەگەڵ بەد زۆدا　　یاخود مودارا لەگەڵ بەدخۆدا
بەڵام هاودەمی بەدخۆ و بەدزۆ بێ　　زەق وەك مەرگ وایە لەپێشی تۆدا

کەم کەس ئەبینێ لە برای صەفا　　دڵ دامەزراو بێ بەشێوەی وەفا
کاتێ نەهاتێ ڕێگەی پێ گرتی　　لە ڕێگەت لادا ئازار و جەفا

تا لەشت ساغە دڵت دەرمانە　　باخت بەبەر بۆ دنیا خەرمانە
کاتی ناساغێ و سالی نەهاتێ　　باش حالێ ئەبێ چۆنە زەمانە

دۆستەکانی زۆت مەگەر بەدەگمەن　　ئەگینا هەمو پشتت تێ ئەکەن
لە خوایان ئەوێ هەرگیز نەتبینن　　کە باست بکرێ ملیان بائەدەن

واتەی من سافە و ساغە و ڕۆبەڕۆ　　هاودەمی زارا بێ کەڵکە و بێ سۆ
ئەوەی ڕۆژی ڕەش خۆیت لێ ون کا　　وێنەی نابێکە هەڵبێنی کەڕۆ

زۆرکەس بەدیمەن هاوپەیمانی تۆن　　وێنەی قرژانگیش بە دۆسەر ئەڕۆن
زینهار دۆستیوا بە دۆست مەزانە　　ماری ژاراوێ دڵ و گیانی تۆن

کە قسەئەکا ئەدوێ بەتەرێز　　لەگەڵتا نارۆا مەگەر بەپارێز
کاتێ تێکەوتی خۆی ون ئەکا لێت　　وشکانت بوێ ئەتبا بۆ کارێز

هاودەمێ سێ کەس حەرامە حەرام　　دۆزۆ و ستەمکار ، ئینسانی نەفام
هاودەمی چاکان بە پاکێ ئەمرێ　　هاودەمی ناپاك ئەمرێ بە ناکام

هاوڕێی ئەژنەوا و هەڵەی زۆر بڵێ　　چارت ئەکردن لە دەسیان هەڵێ
ئەوەی گوێ نەگرێ لە واتەیەکت　　خۆتی لێ دور خە و هیچی پێ مەڵێ

گوێچکە دوانە و یەکێکە زمان　　یەعنی یەك بڵێ و ببیسە دوان
وتار لە زیو بێ بێدەنگێ زێڕە　　مەگەر هەر لەبەر پێویستێ ژیان

ئەوەی زۆر بڵێ خۆی پێ سوك ئەکا　　کە درۆیشی کرد خۆی چروك ئەکا
خۆ ئەگەر واتەی ئازاری دڵ بێ　　ئەوە بەجارێ خۆی مەهتوك ئەکا

دۆستم ئەوەیە کە دەستم بگرێ　　یارمەتیم ئەدا چەندی پێ بکرێ
ئەوەی لە کۆسا هاوکاسەم نەبێ　　کەسی من نیە ، با بڕوا بمرێ

دڵ گرفتاری شۆرەت و ناوە　　بولبولی گوڵی دیار و بەرچاوە
بەڵام ئەو ڕەنگەی بۆیەکارێ بێ　　بەندی سەعاتێ تاوی هەتاوە

ئەوەی بە چەند جۆر خۆی بکا بۆیە　　قەت باوەڕ مەکە کە دۆستی تۆیە
کاتێ سەر کەوت و پایەی دەسگیر بۆ　　چاك حالێ ئەبێ لەو ڕەنگ و بۆیە

بـرادەر زۆرن ئـا لـەم وڵاتـە
ساڵی نەهاتیٚ تیٚئەگەی لە دۆست
مادەم کـە دەستت بـە دەسـەڵاتە
مەحـەکی ڕاسـتیٚ ڕۆژی نەهاتـە

ئینسان لـەوڕۆژا کە بەختـی یارە
کە نەهـاتی هات هونـەر ون ئەبیٚ
عەیبی پەنهانـە و گەورەیێ دیـارە
ئەوسا نیشانـەی عەیب بە هەزارە

بەختی یار نەبۆ کەس نایگرێتە خۆی
ئینسـانی بەدەست عـەیبی هونەرە
قێز ئەکەنەوە لە ڕەنـگ و لە بۆی
دەس دائەپۆشیٚ عەیبی کۆنە و نۆی

لـەو ڕۆژانـەدا کە هـەوریٚ دیارە
بە ڕۆژپەرسـتدا بۆت دیـاریٚ ئەدا
ڕۆژی ژیـانت تـۆز و غوبـارە
کیٚ بـە دڵ یـارە یا بـۆ دڵ بارە

دەغەڵ دۆستەکان بۆ کاتی ئاهەنگ
کە دەمیان تاڵ بۆ هەمۆ ئەوڕۆژێن
پۆرەت لیٚئەدەن وێنەی پۆرە هەنگ
پێتـەوە ئـەدەن زەردەواڵـە ڕەنگ

ئەوەی تـا دوێنیٚ برای بابت بـۆ
پاش کۆچی دوایێ باوکی ڕەحمەتیت
مامەی دڵسـۆزی لای جـەنابت بۆ
دەری‌خست هەڵە لە حیسابت بۆ

دۆستی ئەم چەرخە زۆری گەزافە
لە هەزار قسەی پیاوی ساختەچیٚ
بەڵام ئەڵێی چیٚ خەڵك دڵیان سافە
هەر دوانی ڕاسـتە ئەوی‌کەی لافە

ڕۆی خەڵك گەلێکی ڕۆکەشە و بۆیە
ڕەنگ بـەوە ئەڵێن کـە پایەدار بیٚ
بۆیەکـەی لاچیٚ نە ڕەنگ نـە بۆیە
بۆنیش ئەوەیە خۆشـە و لە خۆیە

هۆشەی سەرتەنۆر هەناسە و فووە
لە ڕۆژی ڕەشدا بـۆت دەرئەکەویٚ
کاری هەناسە و فۆیش هاتوچووە
کیٚ لەگەڵتـایە و کێیە نۆسـتووە

زوربەی ئـەم خەڵکە بێـگانە و برا
کە دنیـا بۆ تـۆ تاریکەشـەو بـۆ
هەر بۆ خۆی ئـەویٚ ڕۆناکیٚ چرا
بە تۆ چـیٚ چرا بـۆ کیٚ هەڵکـرا

چاوی بنیـادەم هـەتا لـە خـەوا
نـازانیٚ خۆیشی وێنـەی تۆزێـکە
هەرخـۆی ئەبینیٚ ئـەوەك ماسیوا
بـا بیداتە بـەر تـەوژمی هـەوا

گەلیٚ‌کەس دەستت ئەخەیتە دەستی
کەچـیٚ بـە دۆربـین نایدۆزێتـەوە
پێکەوە ئەژین بە خۆشیٚ و مەستیٚ
کاتیٚ تیٚگەیشت کەوتـۆتە پەستیٚ

دڵ ڕوبـا نیـە هەمـۆ دیـداریٚ
لە هەمـۆ دەوریٚ دەوریٚ پڕ نابـیٚ
بۆ یاریٚ ناشـیٚ گشت جۆرە یاریٚ
لە هەمۆ هـەوریٚ بـاران نابـاریٚ

هەرکەسیٚ مەعنـای واتـەی تاریکە
کە سـەر و بنی قسەی یەك‌نەگرن
بزانـە ڕێـگای لار و باریـکە
مەعلۆم لە درۆ ، تا ڕاست ، نزیکە

هەرکەسێ دۆربۆن قسە و کردەوەی / مەبە بە هاوڕێی نە بۆ مەی نە وەی
ئەوەی دۆ ڕێی بۆ بە دۆ سەر ئەڕوا / قرژانگ لە ئینسان جیایە نەتەوەی

خودا خۆی ڕاسەو ڕاسی پێخۆشە / ڕاستێ بەڕاستێ دەوای نەخۆشە
ئەوەی کە لار بێ قسە و کرداری / یا منافقە یاخود سەرخۆشە

گەلێکیان بانگکرد ئەربابی کەماڵ / کەمکەس تێگەیێ بەموقتەضای حاڵ
بۆیە بە داخۆ سەریان نایەوە / بە حەسرەتەوە ڕۆیینە ناو چاڵ

ئێمەیش بە وێنەی برایانی دین / هەر هاوار ئەکەین با گردەوە بین
بە ڕاستێ بژین ، بە پاکێ بمرین / بە پێی فەرمۆدەی (ربّ العالمین)

ئەو براییەی لەسەر هەوا بێ / کە هەوا نەما ئەبێ بە با بێ
بینای برایێ ڕاستێ وا نابێ / کێ دیویە بینای خانۆ ئا وا بێ

دەستێ دەغەڵدۆست بڕیویە لە بن / دەردێ ئاشنا چەشتۆیە بە من
ناحەز شتێوای لەگەڵ نەکردۆم / کە بەئاشکرا پێیئەڵێن دوژمن

ئەمەی کە وتم بە ئەغلەب ڕاسە / بۆ هەر باسێکیش ئەغلەب ئەساسە
یەکێ لە هەزار وانەبێ چیە / کەی لە هەزارا یەکێ قیاسە

دۆستی پاك هەیە بەلام زۆر کەمە / لە هەر بارێکا خاتر لای جەمە
هاوڕێی ژیانی شیرین و تاڵە / هاوبەشی شادێ و شەریکی خەمە

خۆزگەمبۆدۆستێ یەكڕێگاو مەبەست / پەیمانی دۆستێ لەگەڵتا ئەبەست
بە دڵ و بە گیان وەك یاری گیانێ / هەمیشە دەستێ ئەخستە ناو دەست

برا سێ جۆرە یەکەم زوبانێ / دۆهەمیان ئانێ سێهەمیان گیانێ
یەکەم و دۆهەم بۆ خۆیان ئەژین / سێهەم بۆ تۆیە ژیان و ژانی

ئەم بەشە برای بەوەفا و ویژدان / وەکو قوربانێ بۆی وەرە مەیدان
ئەو کە بەوەفا بۆ بە ئیسماعیل / تۆیش بۆ ئەو ببە بە قۆچی قوربان

دڕکیان پیائەچێ بۆ پاسی ناوباخ / مار ئەیانگەزێ تا بگرن سۆراخ
وەك (ثانی اثنین اذ هما فیالغار) / ئەشە ئەبەخشن بە بیر و دەماخ

کاتی ئەهاتێ خۆیان زویر ناکەن / مەیلی پیاچۆنی ڕێی تەزویر ناکەن
لەجیاتێ ئەوەی عەیبت داپۆشن / بە ناتەواویت قەت تەشهیر ناکەن

بەکوردێ بۆ ژین دەردی بێهاودەرد / پەناهێنانە بۆ پیاوی دڵ بەرد
لەوەش خراپتر هاوڕێی نەفامە / لەو دوانەیش بەدتر ئینسانی نامەرد

من بم به فیدای ئینسـانی بێغەش / نەڕوانێ بۆ ماڵ گوێ نەدا بە بەش
ببێ به چرا بۆ شەوی تاریك / ببێ بە برا لەبۆ ڕۆژی ڕەش

تێگەیشتنی یاسای ژیان

ئەوکەسە یاسای ژیان ئەزانێ / کە دوژمنی خۆی بە کەم نەزانێ
صەد برا کەمە و دوژمنێ زۆرە / بۆ کەسێ کەوا بۆ دوور بڕوانێ

دوژمنی خۆنکار جگەری سوورە / چونیەکە ئاخۆ نزیك یا دوورە
مێژۆوی زەمانە فێری کردوین / دوژمن بۆ تۆڵە گەلێ چەسوورە

خۆ ژیژك زبرە و نەرمە پێستی مار / ئەو خاوەندڕکە و ئەمیش خاوەنژار
دڕکی ئەو پێستی دەس ئەڕۆکێنێ / ژاری ئەم ئەگا بە خوێن و دەمار

یەعنی دوژمنێ دڵ ڕەق وەك بەردە / بێهۆشە و هەراو بێقسەی سەردە
گەلێ خەتەری بۆ تۆ زیاترە / لەوەی کە ئەدوێ بە بگرە و بەردە

بمرێ باشترە لەوەی کە بێکەس / ببێ بە دیلی نامەردی ناکەس
شاباز بکوژرێ ئەوەك بە بێناز / بمێنێتەوە لە بەندی قەفەس

ژار فڕێ نەدا نامەرد وەکو مار / مەیلی لە غەدرە ئینسانی غەددار
مێشێ ڕەحەتێ گەلێ تێکئەدا / چجای دۆپشکی زەردی کلكدار

بەدکار بە شەودا بۆ دزێ وێڵە / چاوی لە ڕاوی گۆماوی لێڵە
زیانی ئەوە ئارامێ ئێمە / بۆیە بۆ ئاشوب بە فڕوفێڵە

گیانداری بێباڵ هەرگیز نافڕێ / دز بێ دزدەسەك دیوار نابڕێ
تەرەقەی تفەنگ ئەگەر خاڵێ بێ / گوللە دەرناچێ و باروت ناگرێ

ئاخ ئەگەر ئێمە بەشوعور ئەبوین / لە دزدەسەکی دوژمن دوور ئەبوین
کەسمان گیرۆدەی ناکەس نەئەبوین / لە جێی خۆمانا زۆر مەسرور ئەبوین

ئەوەی پشتگیرێ ستەمکار ئەکا / هەر بەدەستی خۆی خۆی بیمار ئەکا
لە سەرەنجاما بە خەنجەری ئەو / دڵ و دەروونی برینـدار ئەکا

بە بەراوردی ئینسانی عالم / قەت ڕزگار نابێ کۆمەکی زاڵم
هەر بە دەستی ئەو گرفتار ئەبێ / ئاخرێ ئەڵێ هاوار بە ماڵم

فەرزە سەری مار پان بکرێتەوە / ئەوەك برینی خۆش ببێتەوە
ئەگینا هەرکات کەوتەوە تەکان / صەدکەس بە دەردی ئەو ئەتلێتەوە

ماری کلک بڕاو کلکی لەبیرە   بۆ سەندنەوەی تۆڵەی خۆی ژیرە
کلکی بڕاوە و لە جاران باشتر   بۆ هەڵمەتبردن بە وێنەی تیرە

موسوڵمانی ساغ لە حەق نابەزێ   مار لە یەك کونا دوجار نایگەزێ
واتەی ڕەهبەرە لەگەڵ فامیدە   نەفام لە یەك جێ صەدجار ئەتەزێ

وێنەی منالە ذەوقی فەرمانفار   چۆنت تێگەیاند وا دێتە ڕەفتار
هێرشی سوپا وێنەی لافاوە   ئەو هات بەرەوڕوت خۆت بدە کەنار

گەورە یەکەمجار کە تۆ ئەیبینێ   تامت وەرئەگرێ تاڵێ و شیرینێ
زینهار مودارات باش بێ لەگەڵیا   ئەگینا پاشان لێی دائەمێنێ

خۆت دەری‌نەبڕێ لەلای ئینسانێ   خەیاڵی دڵت ، ڕازێ ، پەنهانێ
هەر چێشتێ بخۆی لە ماڵی خۆتا   خۆتان دەنگنەکەن کەس پێی‌نازانێ

ئەگەر ئەتەوێ سەری بێ‌ئازار   دەمی خۆت بگرە زینهار صەد زینهار
بەتایبەت لەلای بەدخواهانی خۆت   لای دۆستیش هەروا ڕابگرە ئەسرار

مردن جارێکە و جا ئەبڕێتەوە   دیلێ نامەردان سوێڵی هەر دێتەوە
ڕۆژێ چەند کەڕەت دڵت دێشێنێ   شەویش لەتاو دەرد هەر ئەتلێتەوە

ژیان بە هێزە

ژیان بەهێزە لەسەر ڕوی جیهان   بە مێژۆی چەرخ و بە بیری پەنهان
ئینسانی بێ‌هێز بونی نەبونە   هەر لەسەر هێزە شەوکەتی شاهان

ئەم ئەرزە باخە و هێزیش ڕوبارە   باخێ بێ‌ئاو بێ دورە لە بارە
جۆگەلەی پڕ ئاو کە گەیشتە ناو   جا تەماشاکە بەرهەمی دیارە

ئاوی ڕەوانیش بۆ نزیك و دور   بە وشتر گەلێ ئەڕوا بەرەو ژور
ئاوی بۆ نەهات وشك ئەبێ و ئەمرێ   بێستانی دەشتی پانی شارەزور

زۆردار کڵاوی بەن ئەکا بە تاج   کاغەز وەکو زێڕ ئەخاتە ڕەواج
قازییش ناچارە فتوای بۆ ئەدا   بۆی حەڵاڵ ئەکا ڕەسمی خەرج و باج

زۆردار ئەگاتە چەرخی ئاسمان   خەرج و باجی خۆی ئەخاتە سەرمان
زۆردار بە هێزی زەڕ و زۆری خۆی   هەزار ئەمرێنێ بە بێ ئاو و نان

لەمەش بەولاوە خاوەن دەسەڵات   ئەبێ بە شێخی خاوەن کەرامات
لەبەر هەیبەت و شان و شوکۆهی   دەستی ماچ ئەکەن لەبەر بەرەکات

هەزار و یەك فەن عیلم بزانی   خاوەنی دین بی و مەردی ڕۆحانی
کە بێهێز کەوتی کەس لێت ناپرسی   کە دەستت هەبوو مەردی مەیدانی

ئەوەی گەنجینەی تۆ ئەپشکێنی   هێزێکی هەیە دات ئەمرکێنی
زۆ بیستوومانە پەندی پێشینان   سەگ بەزۆری‌کلك ئێسقان‌ئەشکێنی

بێگانە برای پیاوی دەس‌دارە   برا بێگانەی برای هەژارە
حەرامی زۆردار حەلاڵی پاکە   حەلاڵی بێ‌دەست گۆشتی مردارە

ئەم چەرخە بە هێز ئەسووڕێتەوە   ڕۆژ کە ئاوا بوو ئەگەڕێتەوە
بنیادەم بە هێز فەضا لەت‌ئەکا   پاشانیش بێ‌ترس ئەگەڕێتەوە

هۆش و زانیاری و کار و دارایی   یەك‌گرتنی گەل ، یەك بیر و ڕایی
ئەمانەن مایەی هێزی ژیانت   ئەمانەن هێز و بەهرەی خودایی

بە هێزە خودا داینا سەماوات   دروستی فەرموو هەموو کائینات
بە هێز ئەستێرە هاتوچوو ئەکەن   بەپێی میزان و نەظمی دەرەجات

بە هێزە هیچیان لە هیچیان نادەن   بە هەرلایەکدا لەغاویان ڕادەن
هێزە ڕام‌ئەکا سەراسەر جیهان   ئەستێرە لە ڕێ ناتوانن لادەن

بێ‌دەستی دەردە لەبۆ بێ‌دەستان   ناچاریان ئەکا بۆ بە پێ وەستان
بێ‌دەستی نەبێ قەت پیاوی هوشیار   پەنا ناباتە بەردەرگای پەستان

ئینسانی هەژار دەلیلی نیە   دەروازەی بەختی کلیلی نیە
باخی بێ ئاوە و بێ تیشکە چاوی   سەعاتی ژینی هیچ میلی نیە

ڕاستی ئینسانی هەژار درۆیە   شالی چنراوی بێ تانوپۆیە
لەبەر بێ‌هێزی ئەوەند بەدبەختە   خێری بۆ خەڵکە و شەڕی بۆ خۆیە

ئینسانی بەدبەخت زاڵی زەبوونە   هونەرمەندیش بێ بوونی نەبوونە
بڕوانە خودا چونکە بەدەستە   مەیلی لە چی بوو (کن فیکون)ە

بەکورتی دنیا پێویستە بە دەست   هەروەها دەستیش بەپاکی مەبەست
دەست و مەبەستت کە بۆ کەوتەیەك   کێو لەبەردەستتا گەردن ئەکاپەست

ئەم قسە ڕاستە وەك تیژی نێزە   مەذهەب چوارە و پێنجەمیان هێزە
بێ هێز کەس قسەی بۆ ناچێتەسەر   (یوسف) بێ‌هێز بێ تۆك تاڵ و دڕێزە

هێز بە زانستە و بە پیشە و کارە   بە تێکۆشانی وچان نەدارە
ئەوکەسەی وابێ کێو لە بن دێنێ   ئەوکەسەی وابێ جێ دەستی دیارە

داخی بەجەرگم شەپۆلی ڕۆبار   بە دڵ ئەکوڵێ لەبۆ زەویوزار
دەشتی دزەییش واهەڵئەقرچێ   بۆ نمە ئاوێ لە چەمی زێبار

مەرجی ژیانی سەربەرز

هەرکەس ئەیەوێ بژێ بەشەرەف   دەس پێوەبگرێ بۆ خەرج و مەسرەف
نە لەبەر ڕژدێ دەس ببەستە مل   نە ماڵی خۆیشت بدە بە تەلەف

لە ڕۆژی ڕوونا ئاگات لە خۆ بێ   نەك ڕۆژێکی ڕەش لەپێشی تۆ بێ
ئەبێ بە پەنای حەیات و حەیات   نەختێ لە ڕۆژی ڕەشا بە تۆ بێ

بەتایبەت غەریب دیناری بۆ ئەو   برایە بۆ ڕۆژ ، چرایە بۆ شەو
ئەبێ بە خەلیل بۆ ڕێگای مەقسوود   ئەبێ بە دەلیل بۆ تاریکە شەو

هەرکەس ئەیەوێ سەری نەیەشێ   بەقەد بەڕەی خۆی قاچی ڕاکێشێ
هەرکەس نازەڕۆر خەرجی زۆری کرد   بە زۆر بۆ لاتێ خۆی ڕائەکێشێ

فلسێ بژمێرە بۆ موعامەلە   ئەگەر دەرنەچێ لە موجامەلە
بەخشش بە بار و مامەڵە مثقاڵ   مامەڵە ئارام ، بەخشش بە پەلە

مەکەونە شوێنی بایی هەوایێ   با مەلوول نەبن لەبەر ڕسوایێ
ئەبلە بە هەوا پێ‌مەلە ئەکا   بۆیە ئەخنکێ لەجێی وشکایێ

ئەوەی بایێ بۆ چون کەوی ماڵێ   بە چنگی سوور و بە خەت و خاڵێ
سینەی خاڵ‌خاڵ بۆ بە نێزەی دنیا   کەس فریای نەکەوت کاتی بێ‌حاڵێ

خەرجی نەخۆشێ‌و میوان و زۆردار   حسێبی نیە دوو سێ تا چوار
صەرفی ئەمانە لە ناچارییە   ناچار بەمەعنا دوور لە ئیختیار

من پێتان‌ئەڵێم ژیان هەر ژانە   ئادەم گیرۆدەی ئاو و دۆ و نانە
بەڵام صەد حاشا لەو نان و ئاوە   دوور لە شەرەف و قەدری ئینسانە

ئەوەی نانی بۆ لەگەڵ ویژدانا   ڕەوشتی چیا بۆ لەگەڵ ئیمانا
بە ویژدانی من ئەوە پاشایە   پاشای بێ‌ناوە لە ڕوی جیهانا

ئاشوب و هەرای گەلانی جیهان   یەکەم بۆ ژینە دووهەمیش بۆ شان
ژیان یەکەمین فەرمانڕەوایە   بەسەر ئینسانا بێ‌شوبهە و گومان

شازادەی بێ‌ماڵ پۆلێکی سوورە   خانزادەی بەڕاست خاوەن تەنوورە
بێگانەی بەدەست برای عەزیزە   برای گیرفان‌چۆڵ لە باوان دوورە

دۆستێ عەلاوەی هەوای طەبیعەت   گشت دامەزراوە لەسەر مەنفەعەت
تا سوودت هەبێ دۆست و فریشتەی   بێسوود بۆی ئەبێ بە مایەی نەگبەت

ئەمگشت ئاشوبو گشتبگرەوبەردە   لەسەر تەماعە بۆ گەل یا فەردە
ئەگەر دانەوێ هەوای تەماعکار   گشت ڕزگار ئەبین لەم هەموو دەردە

بنیادەم پەلەی پەلێ نان ئەکا   تەلاش بۆ تەختێ ڕێی ژیان ئەکا
گیان لەبەر هەموو سوودی خۆخوازن   ئەوەی وانەبێ خۆی زیان ئەکا

لەسەر ڕێی هەرکەس لابەی زیانی   یا ببێ بەهۆی خۆشێ ژیانی
ئەیخەیتە بەندی فیداکارێ خۆت   نەك هەر بە مادە بە ڕۆح و گیانی

ئینسان یەکێکی ئەوێ لەم دنیا   کە هەر خۆی نەوێ بە تاقی تەنیا
صەد سەر بە فیدای تاقە سەرێ بێ   کە نەبێ بەهۆی ڕۆناکێ دنیا

حەزرەتی زوبەیر بۆ هەڵنەسوڕا   لە دەوری سەری پێغەمبەری خوا
چونکە پێغەمبەر بەشبەحاڵی خۆی   سپێری خەڵك بۆ بۆ دەفعی بەلا

هەر سەرشۆڕیێ بۆ کەسێ بکرێ   ترسە یا هیوا کە کەلکی ئەگرێ
کاتێ کە دەرکەوت بێسوودە بۆیان   سەری بەر بەرد و بەر کوتەك ئەدرێ

هەندێ دڵخوازن بۆ نەفسی قودسێ   بەلام پاش هەموو ئامانجی شەخسێ
کەی جێی بڕوایە ئەو قودسیەتە   کەوا پاك نەبێ لە هەوای نەفسێ

تۆ ڕاستت ئەوێ ئەم شەڕ و کینە   کەمی بۆ دینە و زۆری بۆ ژینە
هەر مادّەی ڕۆتە هۆی بگرەو بەردە   ئەم حەرفە سینەو ئەو حەرفە شینە

ڕۆژێ لە ڕاوا لە هەرد و بەردێ   (قانیع) عەرزیکرد بە گەورە مەردێ
نانێ بە شانی کەروێشکەوە بێ   تانجێ ئەیگرێ بە دەست و بردێ

لێم دڵگیر مەبن لەم بەیاناتە   باسی عادەتی ڕۆی کائیناتە
ئەگینا هەیە ئینسانی وەهایش   کایە لەلای ئەو ئەم حەشاماتە

بەلام بە گولێ قەت بەهار نایێ   ئەوەیش ئەوەرێ بە ڕەشەبایێ
ئەگینا بۆچێ لانساکەنەوە   لە بێنەوایێ بە مەرحەبایێ

فەرموون ئایاتی سوورەی (حجرات)   لەگەڵ تەفسیری عولەمای وڵات
گەلێ ئەسراری وەزعی زەمانەت   نوختە بە نوختە بۆ بەیان ئەکات

ئەڵێن ئەم دنیا پووچ و بێسوودە   ئەڵێم ئەی بۆچێ ئەوەند مەقسودە
ئەوەی بێسوودە عاقڵ بۆی ناچێ   مادەم بۆی ئەمرێ یەعنێ بەسوودە

بەلێ بێسوودە بۆ دەم بەتالان　　نە دینە و نە ماڵ بڕوا بە تالان
نەك بۆ دڵداریّ بۆ خۆی بینۆشێ　　شیرینیش بکا دەمی دەمتالان

ئەوکەسەی ئەڵێ دنیا جێبێڵە　　لە یاسای دینی ئیسلامێ وێڵە
یا ساویلکەیە بۆیە وائەڵێ　　یاخود کەسێکی پڕ فڕوفێڵە

ئەگەر بێسوودە بۆچ تا بۆی لوا　　لە بۆی هەڵسوڕا هەتا پێی سوا
گەر باسی دنیا بێسوودە لەلای　　بۆچ بۆی ماندوو بوو ئەوەندە دوا

لەسەر تەحقیقی زانیاری وریا　　هەر ذەمێ هەبێ دەربارەی دنیا
هەر لەبۆ دنیای ڕێگای چەوتییە　　نەك دنیای مەردێ و مەرتەبەی عولیا

هەر واتەی ڕۆتە ئەم جۆرە واتە　　بە جوت دامەزرا ئەم کائیناتە
تا دنیا ڕۆنە نان و حورمەتە　　دنیا تاریك بۆ چرای ظوڵماتە

دنیا مەزرەعەی ئاخیرەتمانە　　دنیا سەرچاوەی سەعادەتمانە
دنیای دەرچێ بە بازوی مەردێ　　میزانی وێنەی عیبادەتمانە

بە دنیا ئەبێ تەربییە و تەعلیم　　ڕێپیشاندانی ڕێی عەقلی سەلیم
لەسەر دنیایە ئەسبابی دیفاع　　لە ستەمکاری غەدداری لەئیم

بە دنیا ئەبێ ناندانی میوان　　خزمەتکردنی دەستەی داماوان
باری مەینەتی هەژار سووك کردن　　ڕزگارکردنی ڕێ لێ گیراوان

دروستکردنی مزگەوت و مینبەر　　بۆ گەیاندنی دینی پێغەمبەر
دروستکردنی نەخۆشخانەی زۆر　　بۆ سووككردنی ئازاری بەشەر

پرد و ڕێبازی چەمی قووڵ و پان　　هێنانی ئەرزاق لە دێ بۆ شاران
خزمەتی کۆمەڵ بە هەموو جۆرێ　　بە ماڵی دنیا ئەکرێ بێگومان

مەبەست لە ذەمی دنیا ئەمەیە　　دنیا بۆ نەفام شوێنی گەمەیە
چەند ڕۆژێ وێنەی منالان ئەژێ　　پێویستێ منال شیر و مەمەیە

ئاگات لە خۆت بێ ئەی خاوەنکەمال　　قەت بەشت نابێ بە بێئیعتیدال
دنیات پێویستە بۆ دین و دنیات　　تەقوایشت ئەوێ بۆلای (ذوالجلال)

خۆراکی حەلاڵ پێویستە بۆتان　　بۆ دنیا و دین و شەرەفی ژیان
لێرە دەسنەکەوت بڕۆ بۆ زاخۆ　　کە لەوێیش نەبوو بڕۆ بۆ بۆتان

نان ئینسان ئەبا بە چەند کۆلانا　　سەری پێ ئەکا بە چەند دالانا
هەر بە نان و خوان بوو بە پاشا　　ئەوەی تێکۆشا لە ڕێی ژیانا

ئەوەی دارا بێ بۆ سکەی ڕەواج ئەبێ بە دارای بەخت و تەخت و تاج
دارا ئەوەندە فەرمانڕەوایە لە فەرمانڕەوا ئەسێنێ خەراج

پارە لەبارەی هاوکوفێ زیواج پێنج خەسلەتەکەی بردوە بەتاراج
پارەیە لەژێر دەرەکی ئەسفەل ئینسان ئەباتە بەردەمی ئامانج

پارەیە پایەی بەرزە بیناکان پارەیە مایەی مەدح و ثەناکان
پارەیە مایەی (خرق العادە)ی زۆر پیر ئەکا لاوە گەردن میناکان

پارەیە پەردەی سڕپۆشی تاوان پارەیە بەهرەی خەباتی لاوان
پارە تاوانبار بێتاوان ئەکا بێتاوان ئەکا بە خاوەن تاوان

پارەیە کە دەور هەڵئەسوڕێنێ کەوا بە دیندار دین ئەدوڕێنێ
پارەیە ئینسان کەڕ ئەکا لە حەق بۆ ناحەق وێنەی گا ببۆڕێنێ

پارەیە یاسای زەمانەی گۆڕێ پەردەی ویقار و هێمنی دڕێ
پارەیە دیوان ئەخاتە ژێر کار لەسەر پارەیە هۆی سیلاحشۆڕێ

قەلای ڕۆژی ڕەش سکەی ڕەواجە دارا تاریش بێ هەر خاوەن تاجە
پیاوی پارەدار غەریب ناکەوێ پارە هەویر و ئاگر و ساجە

مەردی دامەزراو

هاوار بۆ مەردی دامەزراو بە دڵ ببێ بە مایەی چارە بۆ موشکوڵ
زانست و پیشە و کردەوەی ئینسان مەغزی مەردییە و لەو بەولا توێکڵ

ئەوکەسەی دەست و دڵی گوشادە لە بەندیشا بێ دڵی ئازادە
مەردی خاوەندڵ لە ڕۆژی ڕەشا لەبەر مایەی خۆی دەروونی شادە

گەیشتن بەحەق بە بەتاڵ نابێ پایە بەرزێ مەرد بە خەیاڵ نابێ
زانستی ئەوێ و هۆش و حەوسەڵە نوستن لەناو ماڵ بە کەماڵ نابێ

حاشا لەو کەسەی لە گەلا قەل بێ لەو کۆمەڵەیشە بێ سەر و پەل بێ
حاشا لەوکەسەی بە بێکار ئەژێ حاشا لەو کارەیش بە پەلەپەل بێ

قەت بایێ مەبن بە هۆشە و پاتاڵ پیاوی پاتاڵچێ پوچە و بێکەماڵ
هۆشە نیشانەی باداری و دەردە کە باکەی دەرچو پێستێکە بەتاڵ

دەسبڕ داماوان سەرگەردان ئەکا توش و گیرۆدەی بە دەردان ئەکا
بەدیمەن وەك مەرد دێتە کایەوە کەچێ کرداری نامەردان ئەکا

ئای نامەردان چۆن پەلامار ئەدەن | بە دەردی دەرۆن ئازارمان ئەدەن
صەد پاڕانەوە پارەیێ ناکا | دەریش‌کەوت بانگی ئیعتیذار ئەدەن
بترسە لەوەی لە خوا ناترسێ | مەپرسە لەوەی لە درۆ ناپرسێ
نرخی ئادەمێ ڕاستییە ڕاستێ | ئینسانی ناڕاست ناهێنێ فلسێ

ئینسان پڕە لە بەهرە

ئادەمێ پڕە لە قابیلیات | نمونەیەکە لەبۆ کائینات
فریشتە و ئینسان ، کێوییە و کەوێ | مەڕە و دڕندە و مارە و حەشەرات
پەیکەری هەرکەس لەبۆ کارێکە | بەهرەی هەرکەسێ بە بڕیارێکە
توانای خاوەن‌عەقڵ ئەگەرچێ زۆرە | ئیمکانی فیعلێ لەسەر بارێکە
بەرد هەیە ئەبێ بەگەردی سەرهەرد | هەندێکیش ئەبێ بە مینای بێ‌گەرد
هەرکەس لەجامی چارەی‌خۆی ئەخوا | جا یاکاسەی مەی یاخود کاسەی‌دەرد
ئینسان دێتەکار لەسەر شاکیلە | بەپێی شاکیلە ئەنجام حاصڵە
شاکیلەی سروشت لەسەر ئیبداعە | شوعوری ئێمە بێرە واصیلە
کە بەختیارێ کەوتە نومایش | ئەبڕێ بە باڵات کاڵای ئالایش
کاتێ کە لای‌دا ئاڵای سەربەرزێ | پاشایش بێ ئاگا بە هۆی ئاسایش
لادە لە شیعار بێ بۆ لای شوعور | شیعار بێ شوعور ئاگرێکە بێ نور
تەکلیف لە ئینسان بەپێی تاقەتە | لەوەندە زیاتر مەکە بە دەستور
بێ ناوی خودا حەرەکەت نابێ | بە بێ حەرەکەت بەرەکەت نابێ
بێ ڕەنجی شان و ئارەقی ناوچاو | بەدەگمەن نەبێ سەعادەت نابێ
گوڵ بە بێ‌ڕیشە یا بێ تۆو نابێ | خەرمانی کۆکۆ بە بێ هۆ نابێ
ئەوەی بیەوێ بێ بە خانەدان | بێ گۆشت و ڕۆن و نان و دۆ نابێ
تاعەت‌کارەکان چارە نورینن | خزمەتکارەکان بەهەرە شیرینن
پێشەواکانی ڕێگای پیرۆزێ | لە هەردۆ دنیا خاوەن نگینن
ئینسان هەمیشە لەسەر سەودایە | جا یا لەبۆ خۆی یا بۆ خودایە
جامیعی هەردۆ (ذوالجناحین)ە | مەعنای ئینسانێ لە ڕۆی ئەودایە
ئەگەر ئەتەوێ لە ژینا کەڵکێ | دڵت بۆ حەق بێ و ڕۆت لەبۆ خەڵکێ
دار یا بۆ بەرە یا بۆ سێبەرە | بۆ سایە نەبێ بۆ چێتە بەڵکێ ؟

هەمۆ هەر فەیضە و هەر تەجەللایـە   پـایە یـا مـایە ئەمەر یـا سـایە
چ کەم و چ زۆر لـە فەیضی ئیحسان   سەرچاوەی هەمۆی لوطفی خودایە

ئینسان گیاندارە و ئارەزۆبازە

ئینسـان گیـاندارە و ئـارەزۆبازە   لەکـاتی فینـا دەسـت و دەم گازە
ئومێـدە یـا تـرس ئەیگێڕێتـەوە   ئەگینـا بـۆ خـۆی گەلـێ ناسازە

هەرچەندە ئینسان عاقڵە و هوشیار   بـە ڕەوشتی بەرز ئەبـێ بە مەدار
کـاتێ ڕەوشـتی بـەدی گرتـەبەر   دڕونـدەی هـارە یا دۆپشك و مار

عەقڵ و زانست و پەروەردە و ئایین   هات لەبۆ ئینسان لە ڕۆم تا بە چین
بەڵکو بەڵگەیێ لـە فەضڵ و هونەر   بـۆ خۆ وەربگرن ، لـە سایـا بژین

ئینسان دۆ هێزە حەیوانێ و ئینسێ   بەو ئەبێ بە دێو ، بەمیان بە قودسێ
بەولادا بڕوا ڕێـی شەیتان ئەگرێ   بەملا ڕێی پەرێ ، ڕێـی فریادڕەسێ

هەرکەس کار ئەکا بە شاکیلەی خۆی   هەوڵی چار ئەدا بۆ موشکیلەی خۆی
تێکۆشان لە تـۆ و بەخشش لە خودا   هەرکەسێ بەشـێ دانـراوە بـۆی

خۆزگە بە کەسێ کەوتەلای ئوستاد   کەوتەسەر ڕێگەی پیرۆزی ڕەشـاد
سۆدێکی باشی لە ژینـا وەرگـرت   بۆ بە ڕۆنـاکێ بۆ خـۆی و عیبـاد

ڕەوشـتی بـەرز و زانایێ بەکـار   سەرمایەی دەستە لە لادێ و لە شار
ڕاوێژ بەدەستەی خاوەن عەقڵو فام   ئەبـێ بە مـایەی دۆریت لە ئـازار

هەتـا ئەتوانـن گوێ مەدەن بە نـاز   خـۆ بسـاچێنن بـە نـان و پیـاز
ئەوەی خۆی فێرکا بە ناز و نیعمەت   گیرۆدە ئەبـێ بە چەرخـی ناسـاز

بێنـاز ئەسـاچێ بە نـان و پیازێ   نـازدار بە نـاز و نیعمەت ناسازێ
دەخیل منـاڵتان فێرە نـاز مەکەن   ئەوەی نـازئەکا بە خـۆی ئەنـازێ

کـاتێ کە ڕۆڵە بە سەختێ داهـات   تۆ بڵێ تەختی پـیرۆزێ بـۆ هات
بەچکەی حەڵواخۆر دەمی تاڵ ئەبێ   کـاتێ کە کەوتە بەدبەختێ و نەهات

بۆن نـاچارییە هەروەهـا ژیـان   ژین پڕە لە ژان بۆ لەش و بۆ گیـان
ئەوەی هەوای ژین ئەیکـا بە بەشەر   دوژمن پێیناکـا بە تۆلـی زەمـان

ژین نەخۆشییە با لەشیش ساغ بێ   دنیا دۆزەخە با وێنـەی بـاغ بـێ
دڵ ڕۆنـاك ئەبـۆ دنیـا تـاریکە   با ئەم گەردۆنەیش هەمۆی چراغ بێ

خۆت سوودت نەبۆ لەبۆ گیـانی خۆت   کەس نابێ بەهۆی خێر و سوود لەبۆت
بابەو دایەشت چەندرۆژ پاشمەرگت   دەسبەردار ئەبن لە رۆ رۆڵـەرۆت

ئەوەی کە فێر بۆ بە نـانی خۆساو   ئەبـێ بە وێنـەی بەرانـی خەساو
لە شـان و مل و شـاخا تـەواوە   بەڵام کەللـەی وەك کۆلەکەی بێناو

کارکردن عەقڵە و تەمەڵـێ شێتـێ   بەرزێ بە هێـزە و هێز بە یەکێتێ
دنیـا پێویستە بە هەوڵ و کۆشش   وەهایە دەرسی مامۆستـای گێتـێ

ئەتەوێ بـۆ خۆت دڵت خۆشحاڵ بێ   بـا تامی دەمت لـە دەردا تـاڵ بێ
داخی تـاوی ڕۆژ لەسـەر گۆناتـا   وێنەی خاڵی ڕۆی باڵا شمشاڵ بێ

ژینـی بنیـادەم هاوشـانی ژانـە   ژانـی هەرکەسیش بەگوێرەی شانە
کەس لـەم جیهانـا بێژان نەڕۆیێ   ئەگەر بـۆ شـانە وەگەر بـۆ نـانە

لەگەڵ قـەزادا جـەدەل بێسـوودە   خواسـتی خوا نەبێ عەمـەل نابوودە
کردم بە ڕاوێژ تۆ بـوێ بـە ئەیـاز   فەرمان هەر لەلای سوڵتان مەحموودە

پەیـوەندی ئینسـان تـازادەیـەکە   بۆ یاسای گشتێ دان و سـەندێکە
هەوڵی ئـادەمێ بە مـەد و جەزرە   بۆ دەریـای دنیا جەزر و مەددێـکە

دین وەجاخ کزە

دین وەجاخ کزە و دنیـا وەجـاخدار   بە سـکێ دێنێ چەند ڕۆڵەی نازدار
گشت (ابن الوقت)ی قەواڵە لە مل   تیر و کەوان کێش بـۆ ئەسفەندیار

زرتەبـۆزەکان سـەرگەرمی دەمـن   بە داوا زانـای ئیسـمی ئەعظـەمن
کـە کەوتنە پەنایش پەنا بـە خودا   بە وێنەی دێـوی نـاو چڕ و چەمن

ئەی هەژار دینی دامـاوی گەردوون   بێدەستە و بەستە و زویر و زەبوون
بـە قەڕنێ جـارێ کوڕێ ئـەبینێ   ئەویشڕەش ئەکەن بەسیحر وجونوون

جادوو لـە ئـەرزا عـەلەمی بـەرزە   چاوبەندی مەکری صەدهەزار تەرزە
بەڕاسـتێ ئـەڵێم بـۆ ڕاوی لاڕان   دێوجامـەی ئەلوان لەسەر تۆ فەرزە

بـە دڵ ڕابـگرە چـەکی بـەراورد   بێجگە لـە تیری تیژی بـیری ورد
تـا جیاکەیتەوە فریشـتە لـە دێو   گورگت لێ نـەبێ بـە ئینسانی گورد

میـزان ڕەفتـارە بـە دینی ئـەمین   ئاشکرا و پەنهان بـە صیدق و یەقین
ئەگەر چەکدار وا بێتـە نـاو کۆمەڵ   خـودا یـارت بـێ (اللهَ آمـین)

دڵ لەشێوەی مار هەرچەند ئەلەرزێ   ژاری تێناگــا هەتـــا نەیگــەزێ
هیچ‌کەسێ نــەڵێ ئــەو هۆزە باشــە   تــا بــە هــاوماڵێ لایــان نــەبەزێ

قــەت یــەك‌ناگرن مایــەی ئاسایش   قــەت خۆشێ نابێ بــە بێ‌ئالایــش
زینــەتی دنیــا هەرچەند شــیرین بێ   بۆ مەعرەض ناشــێ کاتێ نومایش

چــارێ نــابینم بــۆ گیــانی ناچار   لــە بــۆ ڕزگازێ لــە ڕۆژی ئــازار
بێجگە لــە دین و خزمــەتی دامــاو   بە قەد دەستەڵات لــە یەك تا هەزار

ڕێگــای ڕزگــاری

خودا بناســە و خۆت و پیاوی مەرد   ئەگەر ئەتــەوێ ڕزگار بێ لــە دەرد
داماوێ نامــەرد هەناسەی ســەردە   بۆ خۆی بێ‌سوودە چجایێ بــۆ مــەرد

کاتــی لێ‌قــەومان کەســێ بناســە   خاوەن ویژدانــە و ڕاستێ شناسە
پیــاوی بێ‌ویــژدان وجــودی نیــە   نــە وادەی هەیــە و نە وتەی ڕاسە

دنیــا خەرمــیزە دەس‌خــەڕە نەبێ   بە دەنگی دەهۆڵ قــەت غەڕە نەبێ
ئەگــەر وەنەوشە دەرنــەچۆ لە باغ   طــالیبی بــۆنی شــاتــەڕە نــەبێ

ڕاستت پێ‌ئەڵێم بە بێ تۆز و گەرد   قەت پەنا مەبە بــە پیاوی نامــەرد
مردن جــارێکە و جــا ئەبڕێتــەوە   ساتی مەرگێــکە دیــداری نامــەرد

گەییم بە یاری هاودەم و هاوفــەرد   بۆی خوێندمەوە ئەم بەیتە وەك مەرد
میرزام بنۆسە ئەم حەرفە بــە فەرد   ((کێ مەردێ دیوە لە دەستی نامەرد))

عیبادەت بــۆ حــەق بکە بــە پیشە   کار بــۆ خۆت بکە و منەت مەکێشــە
خاوەن هیممەت بــە لە ڕۆی دنیــادا   شەخسی بێ‌هیممەت دەردێ لەڕیشە

زۆر خۆشــە دڕك بدا لــەو دەستە   گوڵ بۆ خۆی ئەکا بەستە بــە بەستە
بەلام بێ‌سوودە گوڵ بۆ خۆت نــەبێ   دەستیێشت بــە خار بیمار و خەستە

هەرکــەس ئــەیەوێ پایــە وەربگرێ   بەڕاســتێ قاپێ خودای خۆی بگرێ
ئەســاسی عیــزەت خوداناســینە   خەڵاتی عیزەت لــە خواوە ئەدرێ

وێنــەی منــاڵێ ئـــەهلی زەمانــە   دەســـتیان ئاشنای دەمــی خۆیــانە
بۆ بە بازوی خۆت بــە خوا نانازێ   بۆ خەڵك و بۆ تۆ هێزی یەكســانە

گەلێ کەس ئەکەی بەهــۆی ڕزگارێ   لێت ئەبێ بــە هۆ بــۆ دڵ بیمارێ
چوار جار بانگ‌بدە بەسەر ئەم خەڵکا   ڕۆ لــە خــوا بکــە بــۆ مەدەدکارێ

یـەعنی یارمەتی بەشەر بـۆ بەشەر   عادەتـە ئـەنا خـودایـە ڕەهبـەر
مەعنای عیبادەت بە شێوەی ڕاستی   حەصـری طاعەتە لە خودای ئەکبەر

زۆرکەسم دیـوە بە کـردە نـاکەس   بەڵگەی عەیبێکی خەڵکیان کەوتەدەس
بەقـەد تۆمـاری تـۆلی ئـەدەنێ   پێستی هەڵئەخەن بۆ مێش‌ومەگەس

دەی بۆ ڕۆنەکەین بـە دڵی ڕۆنـاك   لە خودای پاك و فەرد و تەنیای تاك
لەگەڵ هـەزاران عـەیبی ئینسـانا   پەردەی لوطفی بـۆ ئەکا بە پۆشـاك

ئیعلانی فـەرمۆ لـە ئەرز و سـەما   هەر خۆی ئەرحەمە لەگشت ڕوحەما
ڕەحمەتی خۆی نارد بۆ هەمۆ بەشەر   کە (محمـد)ی کرد بـە ڕەهنومـا

خۆشەویستی نیشتمان

(حُـبُّ الوطـنِ مِـنَ الایمـانِ)   ئەگەر بەڕاسـتی مەعنـای بزانـی
ئەتۆ لە خاکی و خاکت خۆش بـوێ   گۆڕستـانی خـۆت بکـە نۆرانـی

بێ‌سۆدە خزمەت بۆ شەخسی نابۆد   لەبـۆ بێ‌سۆدان بێ‌سۆد لە بێ‌سۆد
لەگـەڵ موسـوڵمان بـڕۆ بـە ڕێدا   لەگەڵ کافـرا ناگەی بـە مەقصۆد

لە ئەرزی خەڵکا درەخـت مەنێـژە   ڕەنگـی بنـاغەی خـانو مەڕێـژە
قوربـانی بـۆ خەڵك سۆدی تیا نیە   قورئان بۆ کافر بێ‌سـۆد مەیێـژە

هێـزی ئاوازە و ڕوخساری شیـرین   دڵ وەهـا ئـەگرن نزیکـە بمریـن
ڕامان ئەکێشـن لەسـەر لەطافەت   بـۆ عـالەمی ڕۆح وەتەنـی پێشـین

پیـاو ئەبـێ دڵی لـەلای وەتەن بێ   گیرۆدەی خـاك و هەوای وەتەن بێ
نەتەوەی ڕەسـەن لەسـەر ڕەسەنە   ئەولادی (عەلی) ئەبێ (حەسەن) بێ

هەرکەس پێی نەبێ نیشـانەی بابی   طەبعی تێکـەڵە لـە ناحیسـابی
نـابێ ئینسـانی ڕەسەنی ساغ بێ   لای نەبـێ سیما و سیرەتـی بابـی

ئەگـەر بپۆشی کـالا لە چەند طەرز   ئەگەر بنۆشی هەمـۆ خۆشی ئەرز
دڵ وەکو بلبل لەسەر شاخی گـوڵ   (یا وەطەن !) ئەڵێ بە ئاوازی بەرز

خوێنی ڕەوانـی گەشی لەشی خۆت   نۆری چاوانی مەستی ڕەشی خۆت
لە ئـاو و هەوا و خـاکی وەتەنـە   لەسەرتە خزمەت بەقەد بەشی خۆت

(دیجلە) تێکەڵە لـە ئـاوی گیـانت   (فورات) بە پڕ هات لە کوێستانانت
ئـاوی حەیات و زیندەگـانی تـۆن   بـۆ قوتی ڕۆح و قووەتـی گیـانت

جۆماڵیان بکەین بە دەستی ئیخلاص   سەدیان ببەستین بە بەستی ئیخلاص
ئەمـانەن ئەمـان بـۆ مـایەی ژیان   ئەمـانەن مایەی دۆریّ لە ئیفـلاس

تـا کەی مانەوە بەم گشت پەستییە   مردن چـاکترە لـەم سەرمەستییە
ژیـن بۆ سەربەستیّ دیـن و دنیایە   کەی سەربەستییە ئەم سەرپەستییە

هەرکەسیّ فێـر بۆ بە گەنـەکاریّ   قورسە لەسەر ئەو تـاجی سەرداریّ
هەر بە فێربۆنە پەستیّو سەربەستیّ   هەر بە عادەتە مەسـتیّ و هوشیاریّ

تـا هەوا پەرسـت لە دنیـادا بـیّ   شێوەی نیشتمـان ئەبیّ هەر وا بیّ
بینـایێ لەسـەر هـەوا دامـەزریّ   نـابیّ ئـاوا بیّ ، ئەبـیّ هەروا بـیّ

خۆپەرستەکان بە حـەق فێر نـابن   مودریکی مەعنای ڕێگای خێر نـابن
ڕێی خێر یەکێتیّ و کۆششە بۆ خێر   تا لە مەی تێر بن لەمەی فێر نابن

بیّهۆشێکیـان دیّ ئەبنـە فیـداکار   هۆشیـارێکیان دیّ لێی ئەبن بە هار
نـاحەقە فیدا لەبۆ غەیری حـەق   حەق نیە لە حەق خۆت بکەی بە مار

خەتـایە مشـتیّ لە خـاکی وەتەن   بگۆڕێتـەوە بـە میشکـی خوتـەن
گەردی نیشتمـان سورمەی چاوانە   ئـاوی حەیـاتە سـەراوی وەتـەن

مەفرۆشە پۆشی نـاو تۆنی وەتەن   بە زیوی خەتـا و ئالتـۆنی خوتـەن
ئـالتۆنی خەڵکیّ تـۆ تۆنـا ئەکـا   شەوچرای ماڵە پۆش و کای وەتەن

حەقـی لەسـەرتە خـاکی نیشتمان   خـادیم بۆ لەبۆ بـاوك و باپیرمـان
ئەوەی کە وەفای حوقوقـی هەیـە   ئەبـیّ ڕابـگریّ پـاکیّ نیشتمـان

تۆڵـەی خزمەتـی پیّبـەندەرەوە   بـۆ تەمێـی ڕۆڵـەی لابـکەرەوە
لە گەرد و تۆزی قەپـۆزی دوژمـن   سەرزەویّ وەطـەن پـاك بـکەرەوە

بـرای نیشتمـان بـرای شـەفیقە   بـۆ یـارمەتیّ تـۆ یـار و ڕەفیقـە
هەرکەس یـارمەتیّ برای خۆی بـدا   نزیکی هەرچـیّ خێـر و تـەوفیقە

بەجێـی مەهێڵـە ڕەنجی کێشـاوە   وەتـەن لەبـەر تۆ سـەری ئێشاوە
ئاوەکەی خوێنە و هەواکـەی گیانە   لە گیای وەتەنیش بەرگت پۆشـاوە

خۆپەرسـتەکان بیّشـاڵاو نـابن   بە دەجلە و فورات هەر تێراو نـابن
بـرای عـەزیزیان لـەلایان بمـریّ   لەبەر سەرخۆشیّ قـەت تەنگاو نابن

عێراق (هیراك)ە یـەعنیّ خۆرەتـاو   خاوەن مەعدەنە و خاوەن نـان و ئاو
هەتـا ئـەتوانیّ خزمـەتی بکـە   بە ڕۆح و بە دڵ بە ماڵ بـە هەنـاو

هەردەوان سەیری ئەو هەردە ئەکا   دار و دەوەنی پەروەردە ئەکا
یەکێ نوێژی کرد لەسەر بەردەنوێژ   بە مەردێ سەیری ئەو بەردە ئەکا

تۆیش لەبەر وەفا وەرگەڕێرەوە   پەردەی تاریکی لێ بدێرەوە
باش بیپارێزە لە شۆمێ دوژمن   دەستی دوژمنی لێ بگێڕەوە

دایکی ئێمەیە وەتەنی ئیسلام   خزمەتی فەرزە بە نەصصی کەلام
کە (واعتصموا) فەرمانی حەقە   فەرزە لەسەرمان ڕاستێ و ئیعتیصام

ئێسقان و گۆشتت تا خوێنو دەماخ   بە خاك و هەوا و ئاو کەوتە پەرداخ
گیانیش جەوهەری غەیبی قودسییە   بۆ وەتەنی خۆی موشتاقە و بە داخ

لەش لەبۆ خاك و ڕۆح بۆ نوری پاك   با تێبکۆشن شاتر و چالاك
سەرفەراز ئەبن لە باری مەینەت   باڵپەرواز ئەبن بۆ بەرزێ ئەفلاك

بە دڵ تێفکرە هەتا ئەتوانێ   (حب الوطن من الایمان)
یانێ بۆ خۆشێ هەردوێ وەتەنت   بە دڵ و بە گیان بێ بە قوربانێ

کاتێ کە وەتەن پاك بۆ لە ئەغیار   تیا نەمایەوە ئاثاری بەدکار
ئەوجارە بە حەق بۆ وەتەنی خۆت   فیداکارێکی عاقڵ و هوشیار

وەتەنی گوشاد خاکی ئیسلامە   هەوای حەیاتی قەلبی پڕفامە
تا عالەم بە دڵ خزمەتی ئەکرد   ئەتوت ئەم دنیا (دار السلام)ە

عینوانی شەرەف بۆ (رسول‌الله)   لەگەڵێ شوێنا بۆ بە (عبدالله)
یەعنێ بۆ کەسێ بەندەی خودا بێ   دائیم دیارە جیلوەی (وجه الله)

خۆشێ سەرزەوێ لەسەر نیشاطە   ئەنا یەکسانە ئەم سەربیساطە
لە هەر ئەرزێکا کە دڵت شاد بێ   وەتەنیش ئەبێ جێگای ئاواتە

گڕەی سەبۆن و گریوەی سەرما   لە گەڵێ شوێنا هاتون بەسەرما
هەر بە غەمی دڵ دڵپەریشان بوم   نەك بە گریوە یا گڕەی گەرما

ناخۆشێ ولات لەبۆ غەمبارە   دنیا بۆ دڵشاد وێنەی گوڵزارە
قەصر زیندانە لەبۆ غەمباران   قەبریش بەهەشتی گیانی ئەبرارە

هەرکەس ئارەزوی هەبێ لە ئیشێ   لە ڕێی ئەو ئیشا پشتی نایەشێ
هەر ولاتێکیش دڵ شاد بێ تیایا   بە وێنەی وەتەن دڵ ڕائەکیشێ

مەینەتی ئینسانی بێشوعور

چێبکەم لە دەستی مەستی بێشوعور   لە پیشە بێبەش لە مەعریفەت دور
خۆی و خاوەن و خاك و هاوماڵی   بە هیچ دائەنێ لە خوار و لە ژور

ئەوەند ئاخم کرد ئاخ بۆ بە داخم — سوتاندی پەڕەی دڵ و دەماخم
یەکێ بیەوێ بمدۆزێتەوە — بە بۆیرۆزا ئەکا سۆراخم

تاوس ئەڕوانێ لەبۆ باڵای خۆی — نازئەکا بەهۆی جوانێ پەڕوپۆی
بەڵام کەسەیری پێی ڕەشی خۆی کرد — چارەی نامێنێ بێجگە ئای و ئۆی

ئاخ برادەران چەند بریندارم — سینە لەتلەتی تەعنەی بەدکارم
گەلێ ئاواتی مەرگم خواست نەبۆ — ئەنا دەمێکە لە ژین بێزارم

ئاخ بۆ هوشیارێ مێژۆ ڕاگرێ — خۆی و هاوماڵی پەندی پێ بگرێ
کەسێ نەزانێ باوکی لەکوێ مرد — مەبەستی نیە کێ بمرێ و نەمرێ

مەینەت کە ڕابۆرد فەرامۆش ئەکرێ — مەگەر بەدەگمەن یادێکی بکرێ
بەڵکو ئەو چەرخی دەرد و مەینەتە — بە چەرخی شادێ لە قەڵەم ئەدرێ

تا لەسەر ڕێگەی ئەبێ هوشیار بێ — چۆیتە ناو ماران ئەبێ بێدار بێ
لەناو مارانا دارت پێویستە — لە بازاڕیشا با پارەدار بێ

چاوێ بەهێز بێ چاویلکەی ناوێ — منداڵ کە پێیگرت ڕەوڕەوەی ناوێ
ئەو باڵا بەرزەی کە خۆی زێبا بێ — نە کارەبای مل نە شەوەی ناوێ

نەفام بە بێدەنگ کاری ئاسانە — کە کەوتە وتار چەقۆ و هەسانە
کە کەوتە جەدەل پەنا بە خودا — هوشیار لەبەریا دەستەوەستانە

ئەوەی تێهەڵچێ لەگەڵ نەفاما — خۆی ڕسوا ئەکا لە ڕۆی ئەییاما
چارت ئەوەیە لەگەڵ نەفامان — بەدیان پێ وتێ بڵێی (سلاما)

یەکێکم ئەوێ پایەی داپەڕێ — یەکی یەخەی خۆی لەبۆ دادڕێ
هەر سەرزەنشتە و تانە و لۆمەیە — ئەگەر هەڵفڕێ و ئەگەر دافڕێ

توانج و تانەی بەرزە هەوایێ — دڵ ئازار ئەدا نەك وەك ڕسوایێ
ڕسوایێ هێزی ژیان نامێڵێ — چ بەهۆی دین و چ هۆی دنیایێ

یەعنێ ئەم ژینە بۆ هەوڵی شانە — شان لەبۆ پایە و بۆ ئاو و نانە
نانێکت دەسکەوت‌بەقەد وەزنی خۆی — ئێش و ئازار و مەینەت و ژانە

وانەڵێ مێژۆی ڕێی ئادەمیزاد — ژیان پێویستە بە سینەی گوشاد
قەت دانەی بێداو بۆ هیچکەس نابێ — یا دانەت نەوێ یا بمرە دڵشاد

مێژۆی بەسەرهات باش بکەنەبەر — بۆ کاتی شادێ و بۆ ساتی خەتەر
سوننەتی ڕەهبەر (خیرُ السُنّه)یە — چ بۆ ئیقامە و چ کاتی سەفەر

ڕێگا بڕینی دەمی بەربەیان   ئارامی لەشە و ئاسایشی گیان
هەمۆ کاتێکت نرخی بۆ دانێ   ئەگەر ئەتەوێ نرخی بۆ ژیان

لە کورتی مێژوی ڕێی ئادەمیزاد   هەر خاوەن کۆشش ئەژێ بە دڵشاد
مادام تێکۆشان لە ڕێی ڕاستا بێ   (اعانك الله لنيل المراد)

ئادەمێ ئاشە و هۆی گێلی ئاوە   ئاو لە عارەقی ناوچاوی پیاوە
تا عارەق نەکا گرانەتادار   خۆش نابێتەوە ، گیرۆدەی تاوە

ژیان بەهێزە و هێز بە دارێ   دارایی پیشەی ڕێی تەوانایێ
پیشە بە زانست زانستیش بە هۆش   هوشیار هیوایە بۆ ڕۆشنایێ

گرێی ئەمڕۆی خۆت مەخەرە سبەی   سبەی گرێیتر ئەبێ حەڵبکەی
گەردون کلیلەی موشکیلەی زۆرە   ناخۆن پێویستە بۆ تۆ هەتا هەی

هۆشی بەتەنیا نەیەتە سەر پێ   بە بیر و ڕاوێژ ئەکەوێتە ڕێ
حەزرەتی ڕەسوڵ ڕەهبەری عالەم   دایناوە ڕاوێژ بۆ شەخصی بەجێ

هەتا هەتایە لە ڕوی دنیادا   هەرگیز وەکو خۆت کەس گوێت پێنادا
تا مینای دڵت نەشکێنێ بە دەرد   نانیشێ لەناو قەصری مینادا

ئاشێ کە بۆ تۆ مزەیێ نەدا   هەر سەر دێشێنێ بە ڕۆژ و شەودا
خەیاڵی نەبێ بەهۆی کەماڵی   پڕوپوچێکە لە کاتی خەودا

لە تۆوە تەدبیر لە خواوە تەقدیر   لە تۆوە هەوڵ و لە خواوە تەئثیر
قەت وانەزانێ هیچ ئەکرێ بێحەق   شیری بێ هەوێن نابێ بە پەنیر

هەتا قاڵ نەبێ پڕکەماڵ نابێ   تا بێحاڵ نەبێ خاوەن ماڵ نابێ
بە بێخوازبێنێ و ماڵ و مارەیێ   هەرگیز بە خاوەن ژن و ماڵ نابێ

ئالتون لەکانا بەردە و زەوییە   ئینسان لە کونا برای ڕێوییە
ئەو کەوتە کورە و ئەم هاتە ناو کوڕ   ئەو لیرەی زەردە و ئەم پیاوەتییە

بێوەفایی چەرخ مەوضوعی نیە   واتەی تەمەڵ و پیاوی خوێڕییە
گەردون نە دۆستەو نە دوژمنی کەس   ئیش سەعیی خۆت و لوطفی خواییە

گەردون شاتری پەروەردگارە   لە ڕێی عالەما بەتاو و غارە
ئەگەر بە قول بێ لەگەڵیا ئەڕۆی   ئەگەرنا بێ پێ جێگەی دیارە

لە وردیم نیە لە بەراوردە   ئیش تەواوکردن بە دەست و بردە
ئاو و زەوی‌وزار با ئامادە بێ   تۆو نەوەشێنێ کارت ناکردە

ئەگەر خودای خۆت بە حەق ئەناسی   بژی بۆ خۆت و بۆ خوا بەڕاسی
کوسپی هاتە ڕێت (الحكم لله)   کەسبی هاتەجێ بکە سوپاسی

باوەژن خووە ئەم چەرخە گێژە   بۆ چاك و خراپ دەستی درێژە
لەلای باوەژن ڕۆڵە کولۆڵە   کولۆڵ گولۆڵەی سەر بەرەو لێژە

یا زۆران مەگرە لەگەڵ ملقەوی   یاخۆت توند بگرە نەتخاتە زەوی
کەوتی ئەکەویە چاڵی ڕەشەوە   عومرێکی ئەوێ دیسان سەرکەوی

دنیا سەرمایە و ئەرزە و ڕۆژ و شەو   چەرخیش هەمیشە بەتەکانە و دەو
کۆششی دوێنێ لەبۆ دوێنێ بۆ   ئیمڕۆیش موحتاجی بە نانێکی جەو

کەسی دڵ بە خەیاڵ نەبەستێتەوە   چونکە بە بێ‌هەوڵ ناحەسێتەوە
کە ئارەق ڕژا بەسەر ڕوخسارا   ڕوخسار وەکو گوڵ ئەگەشێتەوە

ئێمە غەریبین لەم دنیای دۆنا   ئێمە ونبووین لە تۆناوتۆنا
بە دەنگێکی بەرز بانگ‌بکەین لە یەك   بە یەکتر ئەگەین لەژێر گەردۆنا

غەریب بکوژرێ بێ‌سۆچ و تاوان   هێشتا مەسئولە بۆچ هاتە ناوان
لەسەر بەراورد خەلکی مەملەکەت   ناخرێتە شانی نیشانەی تاوان

غەریبی داماو کەس لێی ناپرسێ   داریشی پێ بێ سەگ لێی ناترسێ
ئەهلی مەملەکەت داریش هەڵ‌نەگرێ   سەگ لە کوتەکی قەت ناخەلەسێ

ئەو ئەرەستووەی حەکیمی یۆنان   لەبەر ئەسکەندەر دەرکەوت بۆ جیهان
صەد دوکتۆری‌بەرز بێ‌ئیذنی ڕەسمی   کەس بانگی ناکا بۆسەر نەخۆشان

مەبەست ئەوەیە دابنێین میقیاس   بۆ خەلکی شار و لادێی کەس‌نەناس
هەرچەندە هونەر ئیشی خۆی ئەکا   لەلای دوژنەناس بێ‌نرخە ئەلماس

کە غەریب کەوتن دڵتان نەگۆڕێ   بە خەیاڵی خاو دینتان نەدۆڕێ
لەپاش چەند ڕۆژێ ئەبنە هاوشارێ   چەرخیش‌بۆ ئێوە سوك هەڵ‌ئەسوڕێ

ڕەوشتی هەندێ‌کەس

هەرکەس هاتەڕۆ لە چەرخی‌گەردۆن   ئەڵێ هەر منم وێنەی ئەفلاتۆن
باڵ‌ئەگرێتەوە بەسەر هەوادا   تا دائەکەوێ و ئەکەوێتە تۆن

ئەو بنیادەمەی عەقلی ڕەسایە   هەرچەند زاناش بێ هێشتا پەرسایە
چۆنە ناو دەریا بێ‌مەلەوانێ   کەی شێوەی هۆش و پیاوی دانایە

ئینسان ئەوەیە پێگەیشتو بێ   لە کۆن و لە نوێ تێگەیشتو بێ
سورمەی چاوانی گڵی مێژو بێ   نەك لەناو بیری تەنگا نیشتو بێ

بە مێژوی دۆستو دوژمن دانا بێ   بۆ بێژاندنیان زۆر تەوانا بێ
ئادەمێ بالا کەللەی بالایە   لەبۆ بیری پەست هەرگیز دانابێ

لەگەڵ ساغاندا ئەڕواتە ناو بیر   ناچێتە ناوباغ لەگەڵ بێ‌تەدبیر
پیاوی بێ‌دەماغ هەرچەند پەرداخە   بۆ ڕۆژ و ساتە نابێ بە شەهیر

هاوڕێی دۆ ڕوان بیری دۆ ڕوە   ئەوان چۆن بوون ئەمیش وا بوە
شێوەیان ئەگرێ ، خۆیان وەرئەگرێ   باز لەگەڵ بازە و بۆ لەگەڵ بوە

خۆزگە صەد خۆزگە ڕەنگێ بوایە   ڕەنگی ڕەوشتی دەربخستایە
ئەوسا ئەتزانێ خوڵقی ناپیاوان   لە چڕەنگێکی بەد و پەستایە

بە سەیلی مادە مایەی مەعنا چۆ   پایەی فەضیلەی ڕۆی دنیا لاچۆ
مەگەر میعماری ڕەحمەتی خودا   تازەی کاتەوە ئەگینا دەرچۆ

تێکڕا نەزان و زانایان هەمو   لە دڵ لایاندا و ڕۆیان کردە ڕۆ
شێوەی ئەم دنیا بۆ بە شەوەزەنگ   چونکە حەقیقەت لە وەزنا کەم بۆ

دۆ شت فەضیلەن بۆ زاتی ئینسان   یەکەمین ئایین دۆهەمین ویژدان
کە ویژدان نەما و ئایین باری‌کرد   بە کام فەضڵەوە بڕۆینە مەیدان

ئینسانی پەست

ئینسانی دۆنێ خەرمان بە کۆیە   بۆ هەر زەمانێ هەیەتی بۆیە
بەپێی پێویستی ڕۆژ خۆی ئەگۆڕێ   بۆیەش هەمیشە بە ڕەنگ و بۆیە

ڕۆژپەرستەکان حەق ناپەرستن   لە فەرمانی خوا دائیم سەرمەستن
زولالی بیری پاکانیان ناوێ   ئەوان سەرخۆشی شەرابی دەستن

ئینسان تا کارێ نەدرێتە دەستی   پایەی نازانێ بە بەرزێ و پەستێ
کاتێ دەسەڵات ڕۆن ئەبێتەوە   تۆ خواپەرستی یا خودپەرستی

ئای لە بنیادەم ، بە گەنجێ مەستە   بە پیرێ سستە و بە لاتێ پەستە
کاتێ نانێکی لەخواوە بۆ بێ   ئەڵێ هێ خۆمە ئەو خۆپەرستە

کەس بێ‌مەبەسە لە بنکە کۆیێ   ناکەس دێتە دەنگ بۆ دەنکە جۆیێ
کەس ئەوکەسەیە یەکسان بێ لەلای   دنیا و دانەیێ ، کایەك و کۆیێ

سێ دەردی گران باڵان لە دەردان   یەك پەنابـردن بـۆ لای نامـەردان
دۆ نائومێـدی لـە جێـی ئومێـدا   سێ گیرۆدەبۆن لـەلای دڵبـەردان

گیان خۆشەویستە ئاخ بۆ گیانداری   دڵی بێتـە ئێـش بـۆ دەردەداری
ئەوانـە مـەردن لـە ڕۆژگـارا   ئەپرسـن حـاڵی خـاوەن ئازاری

ئینسان نەفسی بێ یاوەکو قودسی   نایناسـی هەتا نـەگا بـە کورسی
ئەوجا تێ‌ئەگەی ئەو ئـادەم شێوە   دێوە یا پـەری ، تێرە یا بـرسی

چین‌چین دێنەپێش چین لە چین پتر   لەباتی چاکان ئەمیـان لەو بـەدتر
هەتاکو چـینی ئەبن بـە بەشـەر   صەد چینیان ئەبـن بە دز و ڕێگر

تا بـێ عاسـا بـۆ ئەبـوە پارسـا   کە عاسای دەس‌کەوت ئەیدا لە مۆسا
ئـەم مردوانـە زینـدوو نابنـەوە   مەر بە موعجیزەی حەزرەتی عیسا

مەڕوانـە ئینسـان وێنـەی دێوانە   جارجار دڕنـدەی هـەرد و کێوانە
هەتا بێ‌دەس بێ فریشتەی چەرخە   دەسـتی پەیداکرد ئەڵێـی شەیتانە

جیاوازی دەر و ناوی زوربەی خەڵك

بە هەرکەس ئەگەی وەها تێ‌ئەگەی   دڵی پتـەوە وەکـو دانـەی بـەی
کە چاك ئەڕوانی هەموی کون‌کونە   ئاوازەی لێ دێ وەکـو ئەوای نەی

چاریشـت نیـە ئەبـێ تێکۆشـی   ژاری دانی مـار بـە دڵ بنـۆشی
سا ئەگەر ساتێ ڕۆت لە خودا بۆ   خاترت جەمـە ، ئەنـا پەرۆشـی

بـە ئـامۆژگاری پێت‌ئەڵێـم کـاکە   دڵ قایمـی بـۆت دەستوری چـاکە
خودا دوو دڵی نـەداوە بـە کـەس   یەك دڵ بـە ، یەك‌دڵ دڵـی ڕۆناکە

ئینسانی دوودڵ قـەت ناگا بە شان   دەسـتی بلـەرزی نـادا لە نیشان
ئەوکەسەی ناڵ و بزماریش ئەکوتی   دەخیل و ئامان ئەیکە بە هاوشـان

چونکە ئـەم دنیـا پیشـانگای تیرە   بێ تـیر دەرنـاچی لاتـە یا میـرە
لەگـەڵ مەردانـا مـردن ژیانـە   نامری ئەوکەسـەی دڵ بە تەنویرە

ژیـان مـەردییە و کـردەوەی باڵا   نیتـر ئەنجامیش وا لـەلای خـودا
بە بێ‌کام بمری یاخـود کامـەران   (الحکـمُ لله والحمـدُ لله)

مەینەت بۆ دیـن و دنیـایی ئەبـێ   هوشیار لەبۆ دیـن شەیدایی ئەبـێ
دنیاییش زۆرن لـە هەمـوان بەدتر   بە هاوسەر کەمی و ڕیسوایی ئەبێ

بەرموزۆی قەزا مەدوە هێ خوایە بێڕەزامەندێ جەزات بۆ نایە
خۆزگە خلیسکە بۆ پایەی جەزا خۆزگە قەت خۆزگە فێر نەبۆینایە

چارەیێ بێ بۆ تیری قەزا لەپێشا ئەکرێ بە خۆشێ و سزا
ئەگەر نەتزانێ یا نەتتوانێ مەعنای ئەوەیە موبرەمە قەزا

هاوار ئەم دنیا تەلیسمی گەنجە پیاوی بێدنیا گیرۆدەی ڕەنجە
کە دنیای دەسکەوت دەستی نامێنێ قەڵەمبڕ بە دەست دەست بە نارنجە

دنیا چەند دەردی تیایە بێدەرمان ناساغێ هەروا نەبوونی ئەمان
هەروا بەدخوێێ کۆمەڵی ناوماڵ ئای لەم دۆزەخە ئامان صەد ئامان

دۆ شت بەسوودە بۆ بەختی ئینسان ئیخلاص بۆ خودا و پارە بۆ ژیان
دینت بۆ حەق بێ و دنیات بۆ ژیان دڵمەدە بە کەس ئامان صەد ئامان

دنیا سزایە صەدجار بانگم‌کرد تەمێ جارێکە من چەند جارم کرد
لە دڵما نەما داخی خامۆشێ بە نەوای چوارگا من شەش‌دانگم کرد

ئەم دنیا هەلە ئەوی بۆی هەڵکەوت بە بازێ بەقەد شابازێ سەرکەوت
ئەو بازەیش تەوفیق هاوڕازی نەبێ ویستی باز ببا بەسەر پشتا کەوت

بەرزێ بە بیرە و ڕاوێژی یاران بە دڵسۆزێ مەرد لەبۆ بێچاران
یارمەتێ خودا بناغەی هەموە لەگەڵ یەکێتێ و یەلەدڵێ یاران

هەرکەس لەلای خۆی زانا و بینایە زیاتر لەیاران بەتەوانایە
کە کەوتە گەردش ئەوسا دەرئەچێ ساغە یا ناساغ کوێر یا بینایە

ژین چەند ساڵێکە بێ تاڵێ نابێ لە ئازار و ژان قەت خاڵێ نابێ
سیرڕی بێباکێ خودای تەوانا بەدەگمەن نەبێ کەس حاڵێ نابێ

دنیا دۆ ڕۆژە صوبحە و ئەمڕۆیە ڕۆژێ بۆ منە و ڕۆژێ بۆ تۆیە
خودا بێباکە لە غەمناکێ تۆ خۆگرتن نەبێ مەینەت بێشۆیە

هوشیارێ پێویستە

برا هۆشت بێ هۆش مایەی مەردە بێهۆش بەدبەختەو هەناسەسەردە
خۆت بەراوردکە لەگەڵ خەڵکانا شوێنی ئەو وەرد و هینی تۆ هەردە

ئینسان ئینسانە پەرێ و دێو نیە شارستانییە ، وەحشێ کێو نیە
کردەوەی پەسەند بکە بە سەنەد مولکی بێسەنەد خاوەن خێو نیە

ئەو تیرئەندازەی کە نیشان پێکە   لەناو لەشکردا سەربەرز و ڕێکە
کە دەستو دڵت یەکیان گرت بۆحەق   ئەوجارە ئەڵێم کردەوەت نێکە

نەتیجە لەسەر موقەددیماتە   نایەقین یاخود یەقینییاتە
با جاڕت پاك بێ لە دڕك و خاشاك   دڕکی سەرەڕێ مایەی ئافاتە

ڕاستە کەوا خوای تەوانای بێچوون   لە نەبوونەوە تۆی هێنا بۆ بوون
بەڵام نەیکردی بە بەرد و بە دار   نەیکردی بە گیای ڕیشە سەرنیگوون

شوعووری پێ دای بە وێنەی گیاندار   خەڵاتی کردی بە عەقڵی نازدار
عەلاوەی عەقڵ و بەراوردی زۆر   بۆی ناردی دەرسی ڕەهبەری موختار

هێشتا تۆ ماوی لەناو ئاشۆبا   غەوغا ئەنوێنێ لە ڕۆی مەحبوبا
پێچ ئەکەیتەوە لە ڕێی پیرۆزێ   چاوشارکێ ئەکەی لەگەڵ مەطلوبا

بۆچێ نافامی بە شێوەی ئادەم   دەرسی پیرۆزێ سەروەری عالەم
بۆچی نادڕێ پەردەی خەیاڵات   تا دەرچێ لەژێر گەردەلوولی غەم

بەپێی گەلیانن یەقین خاترجەم   سەرۆکانی گەل لە ڕۆم و عەجەم
بۆ بەشێ (عەلێ) ئەبێ بە وەلێ   بۆ گەلێکی کەش کوڕەکەی (مەلجەم)

من وام بیستوە ڕەوشتی مەردان   یارمەتێ بوە لەبۆ سەرگەردان
تۆیش ئەگەر مەردی مەردیت دیار بێ   ئەگەر نامەردی بڕۆ سەرهەردان

قیبلە دوانن بە عەقڵ و بورهان   یەکەم کەعبەیە و دۆهەمیان پەنهان
کاتێ کە دڵیش ڕۆی کردە کەعبە   نوێژەکەت ئەبێ بە هێ ئەصحابان

زوربەی ئەم خەڵکە ڕۆی لە نیازە   نەك ماڵی کەعبە کە لە حیجازە
کە ڕاز و نیاز لەگەڵ خودا بێ   دەروازەی قوبوڵ لەسەر تۆ وازە

لە خەڵوەتخانەی مەردانی هوشیار   ڕێگەی کوڕ نیە چجایێ ئەغیار
دۆست چۆن لە پەردە ڕۆ ئەخاتەدەر   کە مەنزڵ پڕ بێ لە تۆز و غوبار

خەڵکان چێ ئەکەن موقەووای چۆڵە   بە شێوە گیاندار بەڵام داهۆڵە
ئەگەرنا بۆچێ لەناو نوێژیشا   لەباتێ خودا هەر ڕۆی لە خۆڵە

مزگەوتێ بینای لەسەر هەوا بێ   بۆ عیبادەتی موخلیصان نابێ
(مسجد الضرار) لای مەدینە بۆ   چون بۆ حەق نەبۆ فەرمۆیان نابێ

واتەیێ حەق بێ لە ذەوقا تاڵە   ناحەق شیرینی ذەوقی مناڵە
دڵ بە بێدڵدار چۆن عاشق ئەبێ   کە مەعشوق نەبێ عەشق بەتاڵە

مورشیدی ناقیص بە ڕام و تەزویر   ئاگاتە پایەی ئیرشاد و تەنویر
یەکێ صوورەتی عیلمی لانەبێ   ئاگا بە پایەی تەعلیم و تەصویر

مانمەگرن لە حەق وەك هەرزەکاران   قسەی ڕاست بکەن بۆ گەلی یاران
ئینسان لە ڕاستێ کەمیش بزانێ   ڕێگە تەیئەکا لەگەڵ ڕێبواران

پیرۆزێ ئینسان سوروشتی پاکە   تەمێ و تەربییەی مامۆستای چاکە
ئەگەر زەمانەیش ڕێكبۆی بگونجێ   ئەوکەسە بە حەق بێهاوتا و تاکە

مەرد نامرێ

هەرگیز نامرێ بە مەرگ و نەمان   ناوی (نامی)یە لەسەر ڕۆی جیهان
ئەو ڕۆڵە مەرد و شێرە نەبەردەی   ئەمرێ تا بژێ حەق لەناو ناوان

کەس ڕزگار نابێ لە بازۆی مردن   بە خۆ گومکردن یا بە ڕاکردن
چار هەر مردنە لەپێش مردنا   لە ڕێی خوادا واتە نەمردن

ساغ نیە ئاه و نالەی بنیادەم   لەتاو زەمانە ، هەر بە دەمە دەم
بۆیە ئەم ئاه و نزا و سزایە   سوودێ نابەخشێ قەت بە بنیادەم

یەکێ بە سافێ و بە دەرۆنی پاك   بلاڵێتەوە لە خودای بێباك
مەگەر خیلافی قەزای خودا بێ   ئەنا ئەو ئاهە ئەگاتە ئەفلاك

پەیوەندێ هەیە بێشوبهە و گومان   لەنێوان دڵ و ڕوخساری ئینسان
کە دڵ تاریك بۆ ئەمیش تاریکە   ئەو نوورانییە و ئەمیش چراخان

کە خاتر جەم بۆ نێو چاو ڕۆناکە   کاری دەستو پێیش مەعلوومە پاکە
ئەو پەرێشان بۆ ئەمان پەشێون   سوپا ملکەچی گەورەیە کاکە

شێخە یا مەلا سۆفێ یا دەرویش   بەگە یا بۆرە بێگانە یا خوێش
ترازۆی پایەی کردەوەی ساغە   لە وەزنی حەقدا نیە کەم و بێش

دەمساغەکانی بە دەرۆن دڵڕێش   بەصوورەت مەڕو سیرەت گورگەمێش
لەکاتی هەڵدا بڕوانە بۆبان   گوریس بەکۆڵن بۆ تالانی خوێش

کاتێ کە هەلێ هەڵکەوت بە ئاسان   بۆت دەرئەکەوێ ڕاساڵێ ڕاسان
دەوری زۆرم دێ هەڵسوڕایەوە   کە بۆن بە میزان بۆ جەوهەرناسان

ئاثار کە نەبۆ تەئثیر لەکوێیە   ظاهیر کە نەبۆ ضەمیر بێجێیە
خاوەن ضەمیران ئەوانەن بە ڕاست   سولۆکیان لەسەر جادەی شاڕێیە

ئەڵێن نـەزانان بە وێـنەی مردوون   چونکە بێسوودن هەرچەند هەنو بوون
من ئەڵێم مردوو هـەر بێضـەمیرە   لەچاو بێضەمـیر نەزانـان زیندوون

بمرە و وەرمەگرە لە نامەرد دەرمان   برسێ بە و مەخۆ لەلای پیسکە نان
ئاو بتبـا و مەدە لە پـردی ناپیاو   ڕەحمەت لەوەبێ ئەم پەندەی دادایین

ژینی نامەردی بێ ڕەحم و ویژدان   بەندە بـە ژانی دەروونـی مـەردان
گۆشـتی هـەژاری مردوو ئـەجاون   هیچ گوێنادەنە هەڕەشـەی یەزدان

ئەوەی کەهەرکەس ئەیزانێ لە خۆی   خەڵکێ بیزانن قـەت ناڕەوانن بۆی
جا بەسەر خەڵـکا بۆچێ فیزئەکا   کە خۆی گلاو بێ نان و ئاو و دۆی

دنیـا ژینێکـە و نـانی بێمنـەت   لەنـاو یـارانا بە قـەدر و حورمەت
بەو شەرتە قەدر و نانەکەت هەردوو   لەگەڵ تاعەت بێ و بەپێی حەقیقەت

ئینسان لای خودا ون نـابێ کـاری   چاك و خراپی ، دیـار و نـادیاری
هەروا بـۆ دنیـاش نیشـانە هەیە   بـۆ ئەحوالـی دڵ لەسـەر ئاثـاری

چـاوی بنیـادەم وێنـەی مینـایە   شێوەی ڕەوشـتی خـاوەنی تیـایە
هەروەهـا صەدای وتـارەکـانی   نیشـانت ئـەدا چـێ لـە دڵیـایە

مادەم ئەنجامی ئینسـان هەر مەرگە   چـاکە بۆ ئینسـان چاکترین بەرگە
بەتایبەت سـبەی لە ڕۆژی حەشرا   ڕسوایێ لای خوا شۆرەیێ و نەنگـە

با هەتا زیندوین ڕێی زیندوو بگریـن   بەڵکو لەسـەر ڕێی زیندوان بمرین
نـامرن ئەوانـەی دڵیـان زینـدوە   هەرچەند بشمرن بەڕاستێ ئەژیـن

مەردێ بـە بـەرزێ کردەوەکـانە   بەتـایبەت ئەوەی کـەوا نیهـانە
شێوەی بەدیمەن هـێ بـازاڕییـە   بـازاڕی ڕاستیش هەر لەو جیهانە

ئەوەی گرتیەبەر ڕێی سەرلێشێوان   ئەگیرسـێتەوە لە شـاری دێـوان
ئـەوەی بـار بکـا لـە ئـاوەدانـێ   کوێی دەسگیر ئەبێ بە غەیری کێوان

بە بـێ من و تـۆ ڕێکەوتـن نـابێ   بێ هێزی ئەژنۆ سەرکەوتـن نـابێ
چـاوێ گل بکـا بە ئێش و ئـازار   دەرمـانی نەکـەی سرەوتـن نـابێ

دەردی کـارییە نەتەوەی ئینسـان   هیچ چـاری ناکـا بە غەیری قورئان
ڕێگـای قورئانیـش ئەوەیە کـەوا   چونیەك بڕوانێ بۆ خۆت و هەموان

ئوممەتی هەڵبژاردە

ئوممەتی موختـار بە ماهیە و ذات   هەمیشە ئەڕوا بۆ بـەرزێ صیفات
(خَيرَ امّةٍ اخرجَت للنـاس)   بە ئەمری مەعروف،نەهیی مونکەرات

ئـەوەی ئـادەمێ (خلیفـە الله)ن
هەرکەسێ بۆ خۆی ناخەڵەف نەبێ
خـاوەن صیفاتی شەرەف و تەقوان
بەشـداری حەقە بە چەشنی ئەوان

بەنێ‌ئیسرائیل لەپێش هەموان بـوْن
کـاتێ لایـاندا لە ڕێگـای مۆسـا
چونکە پەیڕەوی مۆسای عیمران بوْن
گیرۆدەی مەسخو لەعنی شەیتان بوْن

حوببی ئەصحابە لەبـەر حەسـەبە
سەلمان ئەیفەرموْ بـاوکم ئیسـلامە
حەسەب تەقوایە و عیلم و ئەدەبـە
ڕابیطە نیسـبەت ، نەك بە نەسەبە

گەلـێ زانـا بێ قمت بـایێ نـابێ
کە نیعمـەتی بـۆ سوپـاسی ئەکـا
لە کـاری خێـرا ڕاڕایـێ نـابێ
گیرۆدەی سەلبـی دارایـێ نـابێ

نەمرۆد دنیای گشت خستبوە مشتی
بەڵام ئیبراهیم فروسـتـادەی حەق
خوا بە گازێکی مێشـوْلە کوشـتی
ئـاگر بوْ بە جێی گوڵزار و گەشـتی

پشت بە ئەسباب بەستن

ئیعتیمـاد بکە لەسـەر ئەسبـابت
بابی تـۆ مەردی زەمـانی خۆی بوْ
نـەك پایـەی بابی عـالێ جەنـابت
تۆ پیـاوی ئیمڕۆی نەك ڕۆژی بابت

بە پیاوی خۆ مەرد ئەڵێن (عیصامێ)
بەوەش بە پـایەی بـاوك و بـاپیری
یەعنـی خۆبەخـۆ گەییـە مەرامـی
نـاو پەیدا ئـەکا ئەڵێن (عیظامێ)

ئەگەر بە دوْ بـاڵ بۆ خۆت هەڵفڕێ
ئەبـێ بە هومـا لەبۆ سەری خۆت
فەزای خۆش هەوای ئاسمان دادڕێ
ئەتوانێ تەختـێ بۆ خۆت دابـڕێ

لەبـۆ هەر چەرخێ گەلێ لە پیاوان
تاوانبـار مەکـە چەرخـی زەمـانە
فەرمانڕەوان و وان لەنـاو نـاوان
زەمـان ناچێتە ژێـر باری تـاوان

(وما اصابكَ) لەسـەر ئەسبـابە
تەقدیـر و تەئثـیر لەبـۆ خـودایە
(وما اخطاك)یـش لە هەمـان بابە
ئەو تەدبیرەی تۆیش بە هۆ حیسابە

موخالیف نیە سـەعی بۆ ئەسبـاب
عەلاقەی ئەسبـاب (سنة الله)یـە
لەبۆ تەوەکول بە فیکر و حیسـاب
تەبدیلی نیە بـە نەصصی کیتـاب

مەعنای (تەوەکول) ئەوەیە بەشەر
ڕوْبکاتە حەق بۆ خەلقی مەقسـوْد
لەپاش ئەسبابو پاش صەرفی‌نەظەر
چون ئەو خالیقە بۆ هەمـوْ ئەثـەر

باسی (ذو القرنین) لە پەڕەی قورئان
(وآتینـاهُ مـن کـلِّ شـیءٍ
بخوێنـەرەوە بـە بیر و ویـژدان
سببا) حـاڵێ ببـە زۆر جـوان

مەعلومە گەلێ لە ئەسبابەکان هەر وان لە عیلمی خودای بێ‌مەکان
هەر ئەو ڕێکئەخا ئەسبابەکانت هەر ئەو دافیعە بۆ مانیعەکان

بەخت و طالیع و ئیقباڵ و ئیدبار تەعبیری مەیل و بێ‌مەیلی قەههار
کە خواستی ئەو بۆ دلخواز دێتەجێ (ماشاءالله کان) دیارە دیار

تا خوات لەگەڵ بێ سەرداری گەلی بە بێ باڵ و پەڕ شابازی مەلی
هێزی‌تر ئەدا بەوە هەڵئەفڕێ بێ خواستی ئەویش ئیفلیج و شەلی

بە یارێ ئیقباڵ یەعنی خواستی حەق شمشێرت ئەبڕێ تەختە بەردی ڕەق
کاتێ کە ئیقباڵ وەرگەڕایەوە لێت ئەبێ بە شێر لاپەڕەی وەرەق

بە بێ‌ئیقباڵی گەلێ ئەفلاتون چۆن بەدنیادا کەوتنە تونا وتون
گەلی ئەسکەندەر سکەیان ونبو گەلی داراکان دەرچون سەرنیگون

تاوی هەتاوە نمونەی ئیقباڵ هۆدە ڕۆناکە کە ڕوی کردە ماڵ
کە هەتاو لای‌دا هۆدە تاریکە نەشەوقەو نەذەوق نە جیلوەو جەماڵ

یەعنی مەیلی حەق کاتێ بۆ بە یار بوت گردئەبنەوە ئەسبابانی کار
کاتێ ئینسانیش گەیشتە سەبەب مەعنای تەوفیقە لای پەروەردگار

جا با ئیقباڵدار ئاگای لە خۆ بێ ئەوەك بایێ بێ بە بایێ بۆی بێ
با بێ‌ئومێدیش نائومێد نەبێ ئەگەر وا هەڵکەوت بێ نان و دۆ بێ

هەوای هەوایە ئینسان ئەکوژێ دەماغ لە کەللەی کەلان ئەمژێ
بە هەوا کاسەی سەری پڕ ئەبێ کاسەیش کە پڕ بۆ دیارە ئەڕژێ

لەسەر بەراورد نیشانەی ئیقباڵ هەر تێکۆشینە و هاودڵێ هاوماڵ
گەلێ یەك دڵ بن بە مەرام ئەگەن لە ڕێیان نیە ترسی گاڵەگاڵ

مەشهورە برا لەگەڵ برا! بێ مەر قەزا و قەدەر لەلای خودا بێ
بەلام کە برا جیابۆ لە برای ئەبێ گیرۆدەی دەرد و بەلا بێ

دە تاڵ لە دەزو یا لە مو یا بەن کە هۆنرانەوە ئەبن بە کەمەن
کەمەندێکی‌وا لەبەر هێزی خۆی شێرێکی شەرزەی پێ شەتەك بدەن

سەرو و یاسەمەن سنەوبەر چڵ چڵ کە دێن بە یەکداو دەست ئەکەنە مل
نیشانمان ئەدەن یەکێتی یاران یارانی هاودەم هاودەست و هاودڵ

یەعنی هاودڵ بن لە ڕوی بساتا دەس‌بکەنە مل لە ڕێی حەیاتا
با نەشکێنەوە بە ڕەشەبای خەم نەسوتێن لەناو گوزەی نەهاتا

ئۆمەت بە هیممەت قیمەتدار ئەبێ   گەلی بێ هیممەت دەردەدار ئەبێ
ئینسانی بێ پێ ڕێی بۆ ناگرێ   لەسەر شانی خەلك بە سەربار ئەبێ

هیممەت بەهێزەو هێزیش بەتەوفیق   بە یەکێتییە و یارمەتی ڕەفیق
نیشانەی تەوفیق شوعوری بەرزە   شوعور بۆ بە یار (فنِعمَ الرّفیق)

لەگەلّ هەرکەسا کە ئولفەت ئەگرێ   کە تێ‌ئەفکرێ هەر بۆ خۆی ئەگرێ
جا یا بێ‌یار بە یا یارێ بگرە   جارێکیش بە دلّ لەبۆ تۆ بگرێ

دەردی دلّ

ئەو دلەی ئەشکێ بە تانەی دوژمن   بۆ خۆی بێ‌سوودە و نابوودە بۆ من
دلّی بەسوودە بە وێنەی ئاسن   چجایێ دەرزێ بدا لە سوزن

دوودلّ قەت ناگا بە شەوکەت و شان   دەستێ بلەرزێ نادا لە نیشان
یەکێ هەر ساتێ جۆرێ بگۆڕێ   ڕۆژ ئەپەرستێ ئەم شان بۆ ئەو شان

ئەوکەسەی ئەدا لە نالّ و بزمار   دۆستی تۆ نیە و دای‌مەنێ بە یار
دانەمەزراوە لەسەر مەرکەزی   بە چاو ئابینە و لە دلّا سەییار

ئینسان لە ژینا زۆر جار ئەکەوێ   بەلّام پیاو نابێ عەزمی بنەوێ
نیشانەی مەردێ هەر هێزی دلّە   ئەوەی بێ‌دلّ بێ هەرگیز نەتەوێ

تۆ ڕاستت ئەوێ بیبیسە لە من   تا سەرکەوتوو بێ پەستی لای دوژمن
بەلّام بەرز و نزم میقیاسی هەیە   نە بە قسەی تۆ و نە ئەوە و نە من

ئەگەر وەکو توولّ خۆیشت هەلّپاچێ   لە تەوری تانەی بەد دلّ دەرناچێ
بەلّام ئەوکەسەی خودا پەرستە   هەرچێ بەسەر بێ هەرگیز نالّێ چێ

هەرکەس دیارێ بۆ بە مەقام و شان   بەدکار لەبۆ تیر ئەیکا بە نیشان
بەپێی زەمانە کام عەیبەی زل بێ   ئەیکا بە تیر و ئەیخاتە کەوان

جا ئەوەی مەرد بێ واقیع ئەبینێ   بە تیری بەدکار قەت دانامێنێ
ئەوەیش نامەرد بێ بۆ کاسەلێسێ   لەسەر ئاوازەی بەدڕاز ئەخوێنێ

مەردان نادیرەی ڕۆژگارن

مەردان نادیرەی ڕووی ڕۆژگارن   مایەی پیرۆزێ چەرخی دەووارن
کاتێ دەرکەوتن لە ڕووی زەمینا   ئەلّێی ئەستێرەی بەرزی سەییارن

ماوەی نێوانی پەستێ و بوڵەندێ … مۆروە شینەیە و لەعلی یەمەنی
مەردێ بوڵەند بێ لە ماوەی ژینا … قەت دانانەوێ بۆ کاری دەنی

مەردێ بەڕاستێ برای بەڵایە … چونکە لەسەر عام بیری باڵایە
لەسەر بیری ئەو ڕۆڵەکەنە بیر … جا بۆ مەحوی ئەو فیتنە بەرپایە

یەکێ قسەی حەق بکا بە پیشە … باوکی بەڵایە و دایکی تەشویشە
ئەوەند لێی ئەدا ڕەشەبای مەینەت … بدا لە کێوێ دەردێ لە ڕیشە

کاتێ گەیشتی بە خاوەن هیممەت … داوێنەی بگرە فرسەت غەنیمەت
هوما ئاثارە و سایە پیرۆزە … ئاوی حەیاتە بە قەدر و قیمەت

جەوهەری فەردن لە هەر تەرەفا … گەوهەری تاکن لەناو صەدەفا
غەواصان هەزار صەدەف دەرئەکەن … لەبۆ گەوهەرێ بە دەرد و جەفا

گەل لە سەردەمی نەش و نومادا … پڕتەو ئەبەخشێ بە ڕۆی سەمادا
دنیا بە نوری ئەو ڕۆناك ئەبێ … عالەم لەبۆ ئەو وا لە سەمادا

ئەدەبی بەرزی کاکەی (بەیتوشێ) … سیحری حەڵاڵی بە دڵ ئەنۆشێ
(لەبید) بەلیدە لە دەرکی ئەوا … (مەعەڕڕێ)کوێر بۆ لەجیلوەو جۆشی

نوکتەی (مەولەوێ)و فیکری(نۆدشێ) … فەضڵی مامۆستا (عەبدوڵڵای دشێ)
(یەحیای مزوری) ئیحیای دینی کرد … (جەلێ) شەربەتی زانستی نۆشێ

کە باغ ویرانبۆ دای بە دڕك و داڵ … پێی خارخار ئەبێ چ پیاو چ مناڵ
لە جێگەی گوڵا خار ئەدا لە دڵ … لە جێی کەماڵا پەریشانێ حاڵ

لەناو گەلانا چینی دوایێ … بۆ پێشینانیان ئەبنە ڕسوایێ
هونەری چینی پێشو گوم ئەکەن … ذەمیشیان ئەکەن لەناو ئاوایێ

جەذبی دڵ ئەکا لاوی شێوە جوان … چەچکەی شا بێ و چەچکەی شوان
(لیسَ للانسان اِلاّ ماسَعی) … لەمە زیاتر باش نیە دوان

ئادەمێ هەمو بەنێ ئادەمن … هەمو خەلیفەی خودای عالەمن
فەضڵی نێوانیان بەپێی تەقوایە … لە گیاندارانا لە گشت ئەکرەمن

خەلیفە ئەبێ خاوەن صیفات بێ … ڕەهبەری ڕێگای فەوز و نەجات بێ
زیندو و زانیار و بینا و تەوانا … نمونەی سێرڕی ئەسما و صیفات بێ

خودا فەیضی خۆی ئەبەخشێتەوە … هەرچۆن لە فەضڵی ئەوەشێتەوە
ئادەمیزادیش بە وێنەی غونچە … هەر ڕۆژێ چینێ ئەگەشێتەوە

جا ئەگەر گوڵێ دەرچوو لە گوڵزار   بێوێنە و نایاب ناسك و نازار
زۆر غەنیمەتە سەیری دیمەنی و   هەڵمژینی بۆی بە لەیل و نەهار
مامۆستای بەرزم زانای پڕ هونەر   (ابن القرەداغی) یەعنی (شێخ عومەر)
هەڵکەوتوی نیوەی پێشوی ئەمقەڕنە   بۆ خزمەتی دین عومری بردەسەر
پەروەردەی‌کردین خەیلێ بەئیخلاص   لە دەس نەزانێ کردینی خەلاص
دەرسی پێ وتین ئوصوڵ و فورۆع   ئەقسامی حیکمەت تەعریفو قیاس
ئەگەر بە ئەنای خۆم خەریك بکەم   ناتوانم حەقی زۆرێکی بدەم
هەموم عاجزە لە سوپاسی ئەو   چاو و دڵو گوێ لەگەڵ مێشکو دەم
گەر بە قوربانێ ڕزگار ببوایە   لەو دەردەی بۆی هات لەلای خودایە
گیانم بە فیدای گیانی ئەو ئەکرد   تا بۆ خزمەتی زانست بمایە
گازی دانی مار گەزۆی شیرینە   ئەگەر بۆ پاسی ڕۆی نازەنینە
(صدّیق) مار گەستی بۆ بە قوربانێ   بۆ ئەو (رحمةً للعالمین)ە
حاجێ کە بڕوا بۆ مەروە و صەفا   ئەبێ بێباك بێ لە دەرد و جەفا
مەبەست طەوافی کەعبەی دڵدارە   بۆیە بەشەر دێن بە چوار طەرەفا
ئەگەر مەبەستە ژینی بەشەرەف   خۆت لە ڕێی خوادا بدە بەتەلەف
زیندو ئەوەیە بۆ حەق زیندو بێ   (نعمَ الخَلَف) بێ بۆ (نعمَ السَّلَف)
عیلمی حەقیقەت بەشێوەی ئیخلاص   لەبۆ ئینسانی هوشیاری حەقناس
ئینسان ئەکاتە قۆچی قوربانێ   بۆ نزیکێ خوا و بۆ ئیرشادی ناس
ئەمەیە دەرزی مامۆستای هوشیار   ببە بە قوربان بۆ باڵای دڵدار
ئیسماعیل خۆی کرد بەقوربانی حەق   بۆیە قوربانێ بۆ هات لە کۆسار

دنیا جادوە

دنیا جادوە چاوی چاوبەستە   برا هوشیار بە دنیاخواە مەستە
مەرد ئەوکەسەیە لەو جادوتر بێ   نەتخاتە داوی هەر ئەمە بەستە
پاڵەوانێکە چوار پاڵوی نەبەرد   دنیا چەند مەردی هاویشتە ناو دەرد
ئەگەر ئەتەوێ بیدەی بە ئەرزا   ئەو بکە بە مار خۆت بکە بە بەرد
نایابە یەکێ بە دنیا بگا   خۆشی لێ لادا بۆ ڕەزای خودا
هەرکەس تەئویلی ئەکا بە سەنەد   بۆ ڕەوابونی پەیوەندی دنیا

نالێم ئەم گەلە ناموسولمانە   بێ بەهرە و بەشی نوری ئیمانە
بەلام بە خودا ئیمانی تەواو   زۆر دورە لەمەی ئێمە هەمانە

نەفس جیوەیە دائیم ئەگەڕێ   بۆ چاك و خراپ هەر دائەپەڕێ
قەت ئارام نابێ هەتا جیوە بێ   کاتێ جێگیر بۆ قەت داناپەڕێ

کەم کەس بۆ زانێ سیرڕی ژیانی   حالێ بۆ کونهی مەعنای گیانی
ئەگەر لەگەڵ حەق بۆ بە هاوپەیمان   ئەوسا تێئەگا سیرڕی پەیمانی

لەم چەرخا بەرخە قیمەی کەبابە   قەساب بەم بەرخە خاوەن حیسابە
دڵسۆزێکیوا دڵی بسوتێ   لەبۆ بەرخ و مەڕ خاوەن کیتابە

قەت بایێ مەبن بە خزمی دنیا   عالەمی فەوتاند خۆی ما بەتەنیا
زۆرکەس لەڕێیا خۆیدا بەئاوا   کاتێکیش خنکا نەهات بەسەریا

لە ڕوناکیدا چاوتان لە شەو بێ   لە دامەزرانا چاوتان لە ڕەو بێ
سوارێ جڵەوی سوپای خۆی بگرێ   ئەبێ شەو و ڕۆژ دەس بە جڵەو بێ

هەرکەسێ گەیشت بەم کچە زاڵە   خۆی پیا دا و وتی بۆ من حەلاڵە
جا هەرکەس بلێ من دنیام ناوێ   ئاشکرا و دیارە دەعوای بەتاڵە

کێ ژن ناهێنێ کاتێ بۆی ڕێکەوت   ژنیش شوئەکا کە مێردی دەسکەوت
حەرام نەخوران بێخۆراکان   ئادەم نان ئەخوا کاتێ بۆی هەڵکەوت

بەڵێ ئەم دنیا شوی بە هەرکەس کرد   یا حاشای لێ کرد یا مێردەکەی مرد
ژاری پیرەزاڵ مایەی زەواڵە   بومان دیارێ بۆ لەسەر بەراورد

قەت باوەڕ مەکەن بە خۆشێ زستان   وەیشومەی زۆرە بەتایبەت کوێستان
چەندکەس بە هەوا ڕۆیێ بە کێوا   دەمەی بۆ دەرچو هەناسەی وەستان

کابرا بۆ ئەڕوا تا دەسنوێژ بگرێ   مادام کە دڵبەر لە باوەش ئەگرێ
دەسنوێژ بەسودە بۆ بێجەنابەت   ئەم لەشیپیسە لەکاتا ئەمرێ

قەت باوەڕ مەکەن کە کردەوەی دون   هەروا ونئەبێ لە چەرخی گەردون
جیهان گومەزە و کردەوە ئاواز   دەنگی ناوگومەز دورە لە کپبون

درۆ بەدشکڵە و دوڕویێ بەدتر   ڕاست وەرە مەیدان لە هەمو باشتر
کە لەسەر ڕێ بێ هەر ئەگەیتەجێ   پیادە بێ یاخود بە سوارێ قاتر

نەفس تا پیر بێ هێشتا منالە   ببێ بە قارون هێشتا کەم حالە
لە ترسی داری سەرداران نەبێ   هەتا داری حەق ڕوی لە بەتالە

نەفس شەدداده و فیرعەون و نەمرۆد ‌ ‌ ‌ نەفس بورکانە پڕ لە نار و دۆد
نەفس ظالمە کاتێ دەستی بۆ ‌ ‌ ‌ مەگەر خاوەنی مەقامی مەحمۆد

ئارەزۆی پایە و مایە و دارایێ ‌ ‌ ‌ ئینسان ئەخەنە سەر ڕێی بەدڕایێ
یەکێ لەمانە بەسە بۆ غەوغا ‌ ‌ ‌ چجای سەرباری لە خودنومایێ

مەڵێن ئەم دنیا گومەزی چۆڵە ‌ ‌ ‌ دەنگیشی هەبێ وێنەی دەهۆڵە
بێخاوەن نابێ قەسری مینابەند ‌ ‌ ‌ ئەوەی وا ئەڵێ دیارە کە گۆڵە

پەروەردگاری بە حەق خەبیرە ‌ ‌ ‌ سەرچاوەی هەمۆ خەلق و تەئثیرە
لەبۆ مەعریفەت عالەمی دنیا ‌ ‌ ‌ پەرێ یا دێوە لاتە یا میرە

مەعریفەت هەرگیز بێئوستاد نابێ ‌ ‌ ‌ خەبەری بلاو بێ بونیاد نابێ
ئەو دڵ تاریکەی بۆ بە فریشتە ‌ ‌ ‌ بێ فەیضی نور و بێ ئیرشاد نابێ

کەواتە بەسە بۆ خانۆی جیهان ‌ ‌ ‌ چەند خاوەن بیری زانا بە نیهان
ئەوانەن مایەی ئاوەدانێ چەرخ ‌ ‌ ‌ ئەوانەن بۆ حەق بە حەق نیگەهبان

ئەم خۆش تەدبیرە خاوەن بیرانە ‌ ‌ ‌ ئەم صورەت گەدای سیرەت میرانە
خۆیان داناوە وێنەی قوربانێ ‌ ‌ ‌ بۆ ڕزگاربونی ئەم ئەسیرانە

خاوەنبیرەکان وان لەنێو بیرا ‌ ‌ ‌ بێبیر وان لەسەر تەختی سەریرا
شوان شەواوشەو دێتەوە بۆ ماڵ ‌ ‌ ‌ گوێ پان وا لەناو ماست و پەنیرا

ئەوکەسەی بیری تەنویری هەڵکەند ‌ ‌ ‌ مەبەستی ئاو بۆ نانیشیان لێسەند
بەڵام ژینی عام هەر لەسەر ئاوە ‌ ‌ ‌ فەلای دێمەکاڵ ئەمرێ حەسرەتمەند

صەد بار دڵ فەقیر سەرگوێی نالەقێ ‌ ‌ ‌ خاوەنبیر ئەدوێ دڵی ئەتەقێ
صەد مەلا ئەبن بە دەرزێ و دەزۆ ‌ ‌ ‌ یەکێ پێئەگا لەناو صەد فەقێ

ژیران گوێنادەن بە ئازار و داخ ‌ ‌ ‌ ئاگر پێویستە بە بەرد و چەخماخ
کێ پلاوی دێ بە بێ ڕۆن بکرێ ‌ ‌ ‌ کێ پێلاوی دێ بە بێچەرم و زاخ

ئەرزی بێدیوار دیواری بێمیچ ‌ ‌ ‌ سەرمیچی بێبان قەت نابن بە هیچ
کە دەست و پێت بۆ ئەبێ بجوڵێیت ‌ ‌ ‌ چاو لەبۆ دینە جوان بێ یاخود قیچ

بیر لە دۆ کانە کۆنێکە و تازە ‌ ‌ ‌ لەم دۆ کانەوە ئاو بە سەروازە
یەکەم ئایینە لەسەر حەقیقەت ‌ ‌ ‌ دۆهەم بیرێکە بۆ فەننی تازە

خاوەن بیرەکان وێنەی ئەسیرن ‌ ‌ ‌ با بەرەڵلا بن دیلی بێبیرن
ئەگەر بێبیران تەنویریان بکرێ ‌ ‌ ‌ هەمۆ بەجارێ خاوەن سەریرن

ساده و سادەدڵان

سادەی سادەدڵ سەر لەسەر سەرین   دەماخ پەرداخی شەربەتی شیرین
کەی ئاگادارە لە نالەی بیمار   سۆراخ سینەی داخ دڵ پڕ لە برین

هەرکەس بە داخی خۆی ئەتلێتەوە   هەرکەس زامێکی ئەکولێتەوە
کەس ئاگای نیە لە ئازاری کەس   هەرکەس بۆ کامی خۆی ئەخولێتەوە

هەرکەس ئاواتێ ئەکا بە دڵدار   پیادا ئەخوێنێ نەغمەی مۆسیقار
ئەگەر بزانێ بە ئاوات ناگا   بەر لەوەی بمرێ ئەمرێ بە ئازار

هەرکەسێ خاڵێ وا لەناو دڵیا   هەرکەس بۆ گوڵێ داخ وا لە دڵیا
هەرکەس بولبولی ڕۆی گوڵزارێکە   ئەخوێنێ بە جۆش بە شاخ و چڵیا

دنیا سەرگەرمی هەوا و هۆسەیە   هەرکوێ ئەڕوانێ کۆسە کۆسەیە
ڕێ بە ڕەش‌بەڵەك وەها گیراوە   نازانێ کوێ ڕێ و کامە شۆسەیە

لەم دنیا هەرکەس هەر بۆ خۆیەتی   ئەگەر بۆ ڕێیە یا بۆ جێیەتی
لەودنیاش هەروا نەفسی نەفسییە   هەر شاهی مەردان لەبۆ تۆیەتی

کە مادام وایە بەعەقڵ و فام بە   لەسەر کاری خەیر هەر بەردەوام بە
بەڕێز دڵپاکان ڕێز بکە بۆ حەق   بەرەوڕۆی قیبلە خۆیشت ئیمام بە

چاوەڕوانی نان لە دراوسێ بێ   بەحەسرەتەوە بە بێ شێو ئەنوێ
کەواتە بە ڕۆژ نان ئامادەکە   لەجیاتێ ئەوەی کە بنێشت بجوێ

جاترەی شاخان نەك گوڵی باخان   وەربگرێ لەلای بەرزە دەماخان
پیازێکی تون و نانی وشکی خۆت   نەك پاروی نازی کوێرە وەجاخان

کزەی کەبابی بەرخی سەربڕاو   مەزەی شەرابە بۆ دڵ ڕاوەستاو
شینی کۆمەڵێ شادێ هێنەرە   ئەمە ئەزانێ هەرکەس کەوتە ناو

ئەوەی یاری خۆی بگرێتە باوەش   بیرناکاتەوە لە پارەی چاوەش
ئەوەی عەوداڵی مەرامی خۆی بێ   گوێ نادا بەهۆی فیتنەی سیاوەش

هەر پارەی کفن بگا بە ملبۆڕ   ئیتر با بڕوا مردو گۆڕبەگۆڕ
ناڕوانێ لەبۆ خەرمان سوتاوان   ئەوەی دەغڵی خۆی گرێزاوە بە هۆڕ

یەکێ حورمەتی کەسێ ڕابگرێ   ئومێدەوارە کەڵکێکی ئەگرێ
ئەگەر حاڵێ بۆ سودی تیا نیە   لەسەر خۆڕایێ بەرۆکی ئەگرێ

حق وتن و خۆڕاگرتن

(تَواصَوا بِالحَق،تواصَوا بِالصَبر)   ڕێی ژیانتان بێ تا ئەنرێنە قەبر
موسوڵمان ئەبێ حەق‌گۆ و صابیر بێ   بەرابەر جەور و ستەم و غەدر

کەی دنیا هەمۆی تاریکە شەوە   پاش شەوی تاریك ڕۆژێکی نەوە
تەنها بێکارە وا گومان ئەبا   دنیا هەر شەوو شەویش هەرخەوە

کاروانێ هەمو چۆنەدەر لە خان   یەکێ بە دۆڵا و یەکێ بۆ لاشان
تۆیش بارت چێ بێ ئەبێ هەر بیبەی   ئەمانەت بارە لە کۆڵی ئینسان

تاڵێ زۆرم‌چەشت لەگەرم‌و لەسەرد   ئەم‌چەشت لە وێنەی پەنا بە نامەرد
گەلێ قەلام دێ بۆ ڕۆژی نەهات   ئەمدێ بە وێنەی صەبر لەسەر دەرد

دارایێ خۆشە ، کاتێ بەسەرچۆ   چار ساچاندنە بەو شتەی کە بۆ
بەرە و قەت مەژێ بە نانی نامەرد   ژیان بێ‌نرخە کە وەك مەرد نەبۆ

گەلێ شادیم دێ لەگەڵ نومایش   ئەمدێ بە وێنەی ساغێ و ئاسایش
کە لەدەست دەرچۆن دەسەڵات نیە   صەبرە کلیلی دەرگای گوشایش

بێ ئێش و ئازار هیچ حاصڵ نابێ   ئینسانی هوشیار بێ تامڵ نابێ
دڵ تا نەسۆتێ لە سینای صەبرا   (ابن‌سینا)یش بێ قەت کامڵ نابێ

لەم چەرخا بەرخە قیمەی کەبابە   کابرا بەم حالە خاوەن نیصابە
ئەگەر خۆت بگرێ کەباب‌چێ ئەمرێ   ئەمجارە نۆبەی حەق و حیسابە

ترێ پێش‌وادە بەرسیلەی کاڵە   بێ‌ڕەنگ و بۆیە و لە دەما تاڵە
کە زیانیش بۆ حەرامە بیخۆی   زیانی نەما ئەمجار حەڵاڵە

مناڵ بە وردێ بە شەکر ئەبازێ   بۆ بە هەرزەکار دلبەر ئەخوازێ
ئەمجارە حەولی ماڵ و خێزانە   پاشان بە ڕۆڵە و عەشرەت ئەنازێ

نەفامێ هەڵچۆ بە واتەی بەتاڵ   حەوسەڵە بکە بە تەختەی مەتاڵ
خامۆشێ ساتێ خۆشێ صەد ساڵە   شۆڕشی کاتێ شەڕە بۆ صەدساڵ

بە بگرە و بەردە و بە هەرا و ئاشۆب   هەرگیزاو هەرگیز ناگەی بە مەطلۆب
هەر لەسەر ڕێ و ڕاوێژی مەردان   ئەگەی بەمراد لای‌خەڵکیش مەرغۆب

بە پایە بگەی بە فەخری ڕازێ   ناگەی بە مەرام بە بێ‌خۆسازێ
کە خۆتت سازاند زۆری پێ ناچێ   بەسەر تەختەوە بە عیزز و نازێ

شەمامە خام بێ لە ڕەنگا کاڵە   کاڵەك بە وردێ هەر زرکە تاڵە
کاتێ کە وادەی پێ‌گەیینی هات   ئەمیان خەربزە ، ئەو زەرد و ئاڵە

هەرکەس بەپێی‌خۆی ئالوودەی دەردە   لەناو بوردایە یا لەسەر بەردە
ئەوەی خۆی‌بگرێ‌و خۆ بەدەرد بگرێ   ژینی بەڕاستی ژیانی مەردە

ئەوەی کە چەرخی لێ هەڵسوڕاوە   ڕەگی پشتیشی لێ هەڵگەڕاوە
یەعنی دەست‌وپێ و هاودەمی ناوجێ   پێی‌ئەڵێن بێ‌فەڕ بڕۆ بەولاوە

پیاوەتی تاجی سەرە

پیاوەتی تاجە بۆ سەری ئینسان   ئیمانیش چرای ڕۆناکی دڵان
پیاوی بێ‌تاج و بێ‌ڕۆناکی چاو   بیکە دەرەوە لە ڕیزی پیاوان

پیاوی ناودار بێ بڕۆ ببینە   پیاوی دنیایە یا پیاوی دینە
یا چاوت ڕۆن بێ بە ناسینی خەڵك   ناسینی خەڵکی پێویستی ژینە

یا بڕۆ بۆ ناو ئەشکەوتی کێوان   ببە بە هاوڕێی جنۆکە و دێوان
یا لەناو خەڵکا وێنەی فریشتە   ببە بە چرا بۆ دڵ‌پەشێوان

مەبەس عەشرەتە دوور بن لە شەڕێ   کاریان هەڵسوڕێ و جۆتیان بگەڕێ
ئیتر گوێ‌مەدەن بە چەقەی بەدگۆ   کاروان ڕێ‌ئەکا و سەگیش ئەوەڕێ

شەرەف خزمەتە پیاوی بەخزمەت   بینایی چاوە بۆ سەری ئوممەت
صەدجار ڕاوەستی لە عەرەفاتا   حەجت بەتاڵە بێ حوسنی نییەت

بگەی بە میرڕێخ بڕۆیتە سەر مانگ   دنیا دابگرێ سەراسەر شەش‌دانگ
خزمەتت نەبێ و خودا نەناسی   کەڕ و لاڵێکی بێ‌چاو و بڕژانگ

خودانەناسان لە خودا عاصین   بێ‌خزمەتەکان دڵ‌ڕەش و قاسین
بڕۆنە فەلەك ، ببن بە مەلەك   بێ‌حەق‌پەروەری نادان و ناسین

ئاوێکی فێنك بۆ دڵ‌سوتاوێ   گڕی ئاگرێ بۆ لێ‌قەوماوێ
ئەو بۆت ئاو ئەدا گوڵزاری جەننەت   ئەم ئەسوتێنێ کەمەند و داوێ

قەت زایە نابێ خزمەتی ئینسان   بە دەروونی پاك بە شێوەی ئیحسان
جەزای لە دەوە تا حەوصەد قاتە   کەلامی حەقە بە ئایەی قورئان

دەی هەرچیت هەیە دەستە قەڵەمە   شانە شەوکەتە ماڵە حەشەمە
لە ڕێی خودادا صەرفی‌کە بۆ حەق   بۆ پایەی مەردێ هێشتا هەر کەمە

ئەگەر لوقمانی لوقمە نانەکەت   بکە بە قەڵغان بۆ ئیمانەکەت
ئەگەر نانەکەت لەلای گیانا بێ   نە نان ئەمێنێ و نە ئیمانەکەت

ئەو نانەی خودا دای بە خانەدان   کەم‌نابێتەوە بە زۆرێ میوان
چرایێ خودا دای‌بگیرسێنێ   ناکوژێتەوە بە هەموو جیهان

نیعمەتێ خودا بیکا بە خەڵات   بۆت ئەبێ بە خێر بۆ هەردوو دنیات
وەکو سەرچاوە هەر سەرواز ئەکا   با سەری تێ‌کا گەلی کائینات

لە چەند هەزار مەرد نەتەوەی ئادەم   ناوی کەس نەما بە وێنەی حاتەم
ناوی جوانمەرد هەر بەردەوامە   قەسەم بە ڕۆحی حەزرەتی خاتەم

هەڵکەوتوەکان پڕتەوی خودان   مایەی ڕۆناکێ پانایێ دنیان
ئەستێرەی بەرزن بۆ شەوی تاریك   ڕەهبەری ڕێگان لەبۆ ڕێبڕەوان

ژیان بۆ بەرزێ ئەستێرەی مەردە   بۆ ژیان ناشێ ئەوەی نامەردە
ئەوانەی مەردن لەپاش مردنیش   ناویان دەرمانی گیرۆدەی دەردە

نامەرد ئەم دنیا هەموو داگرێ   تاجی شەرەفی لەسەر نانرێ
بۆ با بڕواتە هێلانەی شاباز   نابێ بە باز و نەچیر ناگرێ

بیری ئادەمێ لەسەر چەند جۆرە   تاریك و ڕۆناك توند و بێ‌زۆرە
ئینسان بە وێنەی سەرچاوەی ئاوە   هەندێکی شیرین ، هەندێکی شۆرە

فەرموودەی ڕاستە ئەمینی مەئموون   بەشەر چەند کانە وەك زیو و ئاڵتون
بەشەر لە وێنەی حەرفی هیجایە   ئەلفی قنج و ڕاست ، چەماوەیە نوون

خوێن‌خوێنە کەچێ هەندێکی موشکە   حەریر حەریرە و هەندێکی وشکە
ئەوەی سازئەکرێ لە شیری خاوێن   هەیەتی ڕۆنە و هەیەتی کەشکە

خودا بەشەری بەش‌بەش کردوە   ڕەوشتی جیاجیای پێ سپاردوە
هەیەتی سەری لەبۆ حەق دانێ   هێشتا قەت ناڵێ هیچم کردوە

نە دڵی لەلای ئەروەت و ماڵە   نە مەیلی لەسەر فیز و فیشاڵە
ئەزانێ هەوا بە هەوا ئەڕوا   ئەوەی جێ‌بگرێ مەعدەنی قاڵە

ئەزانێ هەرکەس بایێ بێ لە خۆی   نە ناز نە نیعمەت نامێنێ لەبۆی
خانە و خانەدان ماڵی خودایە   کەس وانەزانێ خۆی خاوەنە بۆی

گیانم بە فیدای ئەوکەسەی ئەهلە   بەدەوری سەریا بگەڕێ سەهلە
ئەگەر نازانێ دۆزەخ لەکوێیە   لەوجێیە کە جێی پیاوی نائەهلە

چەند پەندێکی پیران

وەربگرن لە من چەند پەندی پیران   لە بەراوردی کۆمەڵی ژیران
پێویستە بۆتان لە ماوەی ژینا   لە ئەمیران بن یا لە فەقیران

هەتـا ئەتوانـن هـاوڕێی عاقڵ بن   بـە دڵ شاگردی پیـاوی کامڵ بن
لەگەڵ خامـانا بـڕۆن بـە ڕێـدا   ئەبێ لە سـوودی خۆتان غـافڵ بن

دوژمنی دانـا قـازانجە بۆ مـەرد   با دڵڕەقیش بێ وەك ئاسن و بـەرد
برای بێعەقلت گـەر پادشـاش بێ   ئەبێ بە مایەی ئێـش و زام و دەرد

کار بدەنـە دەست پیاوی خێرەدمەند   خاوەن نـەزاکەت طەبیعەت پەسەند
پیاوی باش عالـەم هەمۆ ڕامئـەکا   بەڵکو دوژمنیش ئەخـاتە کەمـەند

ئەبـێ کارگوزار زانـا و عاقڵ بێ   دڵسۆز و ئازا و پـاك و عادڵ بێ
شاری سـتەمکار پـڕە لە دۆکەڵ   ڕێبوار تیا کوێـرە و ئەبێ ماتڵ بێ

ئینسانی نەفام بیـکەی بە خـادیم   دەست ئەوەشێنێ بە وێنـەی ظاڵم
ئەگـەر پێیبڵێـی ئاوڕشـێن بـکا   نـاومالت لەژێـر ئـاوا ئەکـا گوم

ئەوەی کەوتەدوای ئارەزوی نەفسـی   مەسلەحەتی عام ئەکا بە شەخسێ
شێتت لێ ئەکا بە شێخی صەنعان   فریشتە ئـەکا بە دێـوی برسـێ

ئەوەی دیویـەتی پایـەی کەیبـانۆ   بـۆ بـە نانـەوا ئـەبێ بە بانـۆ
قەت دانامـەزرێن بەرزە دەماخـان   کێوێ نایـەتە ژێر سـایەی خـانۆ

لادەن لەوکەسـەی بە پەستێ فێرە   گولۆلـەی مەیلی لـە بەرەوژێـرە
پیاوی پایەمەست خێـری تیا نیە   ئەو ڕێی پیا ئـەڕوا لێژ و هەڵدێرە

دەسێ کـە فێر بۆ بـە گەنەکارێ   قەت حـەیا ناکا لـە شەرمەزارێ
هەمۆی فێربۆنـە مەردێ و نامەردێ   خەو و بێداری ، سەعی و لاسارێ

مومکینە بەدخۆ بـۆ چاك هەڵسوڕێ   خـودا ئەتـوانێ بـاری بگـۆڕێ
بـەلام بەراورد وای نیشانداویـن   مار کراژ ئەخـا و ژاری ناگـۆڕێ

ئەوەی بەدخووە و خراپ ئەندێشە   ئاوی حەیـاتی لە دەس مەنۆشـە
لە کراژی مـار کـراس لەبـەرکە   لای یـاری نابار حەریـر مەپۆشە

مار ئەهوەنترە لە شەخسی بەدحاڵ   ئەوەند دوژمنـە بۆ عەقڵ و کەماڵ
شیفا قابیلـە بۆ مـاران گەسـتە   بۆ زەدەی بەدخۆ مەحـاڵە مەحاڵ

هەر دوژمنـێکت ڕەوشتی زوشـتە   وازی لێبێنە بۆ خـۆی خۆکوشتە
یەکـێ گـیرۆدەی دەردی جگەر بێ   میوانی گـۆڕە ، زام لـە تەنشـتە

ئینسانی بەدخۆ دوژمنـە بۆ خۆی   قەت شەوێ ناوێ بە بێئایوئۆی
لـە دەریشـەوە دەردی بـۆ نایێ   لە نـاوەوە دەرد پەیدا ئەبـێ بۆی

وجودی بەدخۆ وێنەی وەبایە — لە هەر شوێنێ بێ پڕ لە بەڵایە
وەکو ئاگرە لە ژێری کادا — کانی هەزاران هەرا و غەوغایە

دڵ بیری ئاوە و دۆڵچەی سیانە — کار و کردەوە و خامە و زمانە
زمان و خامە ڕاست و لار ئەڕۆن — بەڵام کردەوە نیشانەی گیانە

واتە ون ئەکا بیری واتەوێژ — خامەش بۆ مامە ڕۆنەکاتە لێژ
بەڵام مەحاڵە کردەوەی ئینسان — دەرنەخا بیری هوشیاران لە گێژ

لێکیدەنەوە خوتورەی ناو دڵ — بەر لە دانانی خێزان ومەنزڵ
خوتورەی ناو دڵ تەشەنە ئەکا — ئەڕوێ و پێ‌ئەگا وەك تووی ژێرگڵ

چاوتان شۆڕمەکەن بەوێنەی کەمتار — قاپتان کون مەکەن بە هۆرە و قەتار
کە ڕشتەی ئەستۆر کەوتە قولاپە — ڕاتان ئەکێشێ بۆ ئێش و ئازار

مادەم ئەم دنیا وێنەی تاسێکە — هەر ڕۆژێ دەنگێ‌و هەرشەو باسێکە
یارێکی‌خۆش‌خۆ خۆش‌ڕوخسار بگرە — (لاباس فیە) هەمو باسێکە

ئەگەر ئەتەوێ شەربەت بنۆشێ — لەگەڵ هاوسەرا بژیت بە خۆشێ
هاوسەرێ بگرە کارەبای دڵ بێ — ئەگەرنا ژینت ژانە و نەخۆشێ

مەبن بە جەنجاڵ بۆ پیاوی مەشغوڵ — سەرەڕێ مەگرن بە پیاوی ماقوڵ
بۆ غەمبار مەبن بە مایەی خەفەت — ئاسایش‌خواهە دەروونی مەلوڵ

هەرکەس یەکەمجار تو پێی‌گەیشتێ — دەم تاڵی نەکەی بە بەدڕەوشتێ
پێویستە بە دڵ دڵی ڕابگرێ — خواه دۆزەخێ بێ یاخود بەهەشتێ

بەتایبەت کەسێ خاوەن پایە بێ — یا خانەدانی خاوەن‌مایە بێ
پێویستە حەڵوای خوڵقت نۆش‌بکا — چونکە پیاو ئەبێ خاوەن سایە بێ

ئەوەی سووربەسور بێ بە دوژمنی — زامێ لە ناخی دڵیا هەڵکەنی
دڵی وا ئەشکێ چاك نابێتەوە — قەت پینە ناکرێ لەعلی یەمەنێ

ئەویش دەست‌ئەکا بە کاری دەنێ — ئەیگرێتەبەر ڕێی ناپەسەنێ
یا فریشتەش بێ لای ئەبێ بە دێو — لای ئەو شایانی بەند و کەمەنی

سەربەرزیت ئەوێ بۆ ژین لە جیهان — دەس بە شیرەوە بڕۆرە مەیدان
ئەگەر بێ‌شیر بۆی دەم بە شەکرەوە — بە واتەی شیرین بژێ لەگەڵیان

مادام کە ئینسان هەر ئەبێ بمرێ — خۆت وا بمرێنە جێگەیێ بگرێ
ئینسانی بەسود بە مەرگ و ژیان — جێی سودگەیاندن بۆخۆی دائەگرێ

ئەگەر بەڕاستی گوێ ئەگرن لە من   قەت ئەمین مەبن لە مەکری دوژمن
بە ڕۆژ ئارام بێ بە شەو ئەجوڵێ   بە مەد و جەزرە وەك بەحری بێ‌بن

کە لێت تێگەیشت بازۆت قەوییە   مەیدانی شەڕی بەرەوڕۆی نیە
بە ڕێی دۆستیدا دێتە مەیدانت   هەر ئەڵێی برای باوکی و دایکییە

قەت ئەمین نەبێ لە وردە و مناڵ   هەتا نەگەنە تەمەنی کەماڵ
داری تەڕ زۆر زۆ ئەچەمێتەوە   هەروا مناڵی بێ‌پەڕ و بێ باڵ

گەر ئەتانەوێ بژین بێ‌ئازار   بە بێ‌شەرمانە مەیەنە وتار
بەتایبەت لەگەڵ ئینسانی بێ‌شەرم   بناغەی هەرا داعەنێن زینهار

لەگەڵ بێ‌ئەدەب دەمەدەم کردن   خۆی لێ دوور بگرە تا ڕۆژی مردن
وەك تف هەڵدانە بەرەو ڕەشەبا   ئەنجامی بۆ خۆت دێتەوە گەردن

لەگەڵ خۆنکارا مەکەن ستیزە   ئێوە بێ‌هێزن ئەویش بەهێزە
ئینسانی وەها لە خوا ناترسێ   مۆی سنگی تیژە وەك نۆکی نێزە

مەبەست ئەوەیە ئامۆژگاری حەق   پێویستی نیە قەت بە قسەی ڕەق
پێغەمبەران گشت زمان شیرین بوون   تەنانەت لەگەڵ پیاوی کەڵلەڕەق

خودا ئەمری کرد بە مۆسا و هارۆن   لەگەڵ فیرعەونا بە نەرمێ بدوێن
نە کەس لە فیرعەون بەدخۆتر نەبێ   پێغەمبەرانیش وەك ئێمە نەبوون

کە باس هاتەسەر ئینسانی مردوو   هەتا بۆت‌بکرێ لە چاکەی بدوێ
شەرەفی ئینسان پایەماڵ مەکەن   ونمەکەن پایەی شەخصی کۆچ‌کردوو

فەضڵ و هونەریان مەدەن بە زایە   بێ‌عەیب لەم دنیا تەنها خودایە
تا پێتان بکرێ عەیبیان داشارن   حیساب و کیتاب لەوە دنیایە

ئینسافت ببێ کاکەی قسەزان   کەم تانە بدە لە چاو نوستووان
دەرزییێ بکە بە سنگی خۆتا   جا سوژنێ بدە لە چاوی ئەوان

دوور بە لە هەرچێ غوروور و بەخە   نیشانەی نەگبەت بۆ خۆت دەرمەخە
بەخ قەت ناگاتە ڕۆژی قیامەت   لەم دنیا لێت‌دێ بە دەسەویەخە

بە تانەی توند و ناتۆرەی خراب   دڵی هیچ‌کەسێ مەکەن بە کەباب
تانە و ناتۆرە و گاڵتە پێ‌کردن   لای خوا بێزراوە بە نەصصی کیتاب

بەشەر ناوەکەی دوو بەشی شەڕە   کرۆکی نەفسیش حەزی لە گەڕە
پیاوی هەڵکەوتو بەو کەسە ئەڵێن   گوێچکەی لەئاستی خراپە کەڕە

قەت گوێ ڕامەگرن بۆقسەی بێ خوێ
گاجوتی بەدخو نەیکرێ چاکە

زۆر مەڵێن لەگەڵ ئینسانی بێ گوێ
بیشی سوتێنێ لە جوتا ئەنوێ

خەبەری ناخۆش مەدەن لە ناکاو
بە هەرا نوستو ڕامەپەڕێنن

نزیکە بێ بەهۆی مەرگی پیاو
گەلێ کەس شێت بون بە هەرای ناکاو

عەقڵ نورێکە بەتاو و پڕتەو
قین و برسێتێ و ترس و پەلەپەل

تیشک ئەداتەوە بە ڕۆژ و بەشەو
ئارام لائەبەن لە ئارامگای ئەو

بەقەد هەڵسوڕان دڵتان گوشاد بێ
دەرگایێ لەسەر گەدا دابخرێ

با لەبارەتان خەڵکێ دڵشاد بێ
لە ڕوی نەگبەتا ئەبێ گوشاد بێ

بەشەرەف بگەی بە کێوی جودێ
بەخشش سەرچاوەی ژینی ئینسانە

بەخشینت نەبێ هەر بێ وجودی
سەرچاوەت کوێربێ ئەگەر بێ سودی

حەللی ئیشکالی خاوەن ئەهمییەت
قورئانی پیرۆز مەدەرە دەستی

بەرە بۆ مەردی بەهێز و هیممەت
بێ دەسنوێژێکی بێ قەدر و قیمەت

کە پرسیان پێت کرد هەرچێ ئەزانێ
بەقەد گرامێ ساغێ ونبکەی

بەیانی بکە هەتا ئەتوانێ
صەد تون لە ژینا تۆشی زیانی

ڕاوێژ پێویستە بە دین و حیکمەت
ئەوکەسەی ڕاوێژ ئەکا بۆ داماو

بەڵام بە شەخصی زانای بەهیممەت
فەرزە ئەمین بێ بە قەولی حەزرەت

بە یەك ئاوێنە ڕوی خۆت ئەبینێ
بە ئیستیخارە و ڕاوێژ بە ژیران

کە کردنت بە دو پشتیش ئەنوێنێ
بۆ دین و دنیا قەت دائامێنێ

ئاگات لە دەم بێ ئێشکچێ دڵە
کەس ئاگای نیە لەناو دڵی تۆ

حەرەس خائین بێ چارەی موشکوڵە
غەیبزان تەنها خودای کامڵە

ڕازی دەرونت ئەسیری تۆیە
بە بێ ئاگایێ کە لە دەم دەرچو

پێ بەندی ڕشتەی زنجیری تۆیە
ئەوسا تۆ بەندە و ئەو میری تۆیە

تۆ کە نەتوانێ دەمی خۆت بگرێ
ئیتر چۆن ئەبێ بە جێگەی باوەڕ

ڕازی دڵی خۆت بۆ خۆت ڕابگرێ
ڕازی نهێنێ کەسێ ڕابگرێ

ئەوەی لەگەڵتا برای ژیان بێ
دو برا لەگەڵ یەك دڵیان ساغ نەبێ

نابێ مەبەستان لە یەك پەنهان بێ
ئیتر نەبێ کێ خاوەن پەیمان بێ

لەلای هەرکەسێ دەسکەوێ حیکمەت
حیکمەت بە وێنەی ئاوی حەیاتە

زو وەری بگرە بە قەدر و حورمەت
ئەبێ بە مایەی ژیانی ئوممەت

دەخیل برایـان ئامان صەد ئامـان — باشەڕ لەشیفبی‌و ئاشتی لەخەرمان
قەرز و قۆڵەتـان بێ قۆڵەقۆڵ بێ — چ بار چ خەروار چ ذەڕەی دەرمان

دۆست‌و دراوسێ‌و هاوڕێ بۆسەفەر — ئینسانی چاك بن چاترن لە گەوهەر
دۆستەکەت دەستە ، دراوسێ چاوە — هاوڕێیش لە جێگەی تێغی بەرکەمەر

دۆستێکتان هەبێ مەبـن بە خزمی — کە بۆن بە خزمی ڕابگـرن نەزمـی
گەوهــەری تـاقە دڵـی دۆستـان — بە بەردی جەفـا مەشکێنن عەزمـی

نە قەرزی ناپیاو نە ماڵ لەسەر ماڵ — نە شـەراکەتی شەخصی بێ‌کەمـاڵ
شەراکەت خێـرە بەڵام بەشـەرتێ — پاش بەراوردی حەفتە و مانگ‌و ساڵ

هاوڕێی ژیر

هـاوڕێ شەرتێکی گەورەی ژیـانە — چون مەیلی ئینسان لەگەڵ ئینسانە
بەڵام بەڕاسـتێ هـاوڕێ ئـەوەیە — هـاوبەشی ژینـە و هاوبەشی ژانە

پێویستە هـاوڕێی بنیادەم ژیر بـێ — خـاوەن ڕاوێژ و بیر و تەدبیر بـێ
هـاوڕێ کە وابـێ ، بەڵای خودایێ — لە ئینسـان دوورە مەگەر تەقدیر بێ

ئەگەر طـالیبی قـازانج و خێـرن — کارتان بە دەستی هەرزە مەسپێرن
سوودی بە (تەقلەی مامەحەمە)یە — هەرگیز سوودی‌وا بە سوود مەژمێرن

بۆ هەمـوو سەرێ قـابیلە سـامان — بـۆ هەمـوو دەردێ قـابیلە دەرمان
تەنهـا بێ‌عەقڵـێ دەرمـانی نیـە — لە دەستی هەڵێن ئامان صەد ئامان

مەشهوورە سـێ دەرد دەرمانیان نیە — کە ئینسانیان‌گرت بەردانیـان نیـە
بێ‌عەقڵێ و پیری و مردن ئەم سێیە — تووشی هەرکەس بوون ئامانیـان نیـە

ئـەو بێ‌شوعووری خـاوەن ثەروەتە — هەر بۆ ئیثبـاتی هێـزی قودرەتـە
یەعنـی نیعمەتی خودای میهرەبـان — نـە لەبـەر عەقڵـە و نە قـابیلەتە

گەر (لوح المحفوظ) دەور بکـاتەوە — نەفـام لە ڕێـی خۆی لانـاداتەوە
لەوحێ کە نەققاش نەقشی لێ‌نـەدا — کێ خەتـی لەسـەر لێك‌نەداتـەوە

مـردنە دەردی دووری دڵبــەران — دیلی نـامەرد و تـانەی هاوسەران
لەوانـە بەدتـر لاتـێ بـە پـیری — لەویش خراپتـر هاوڕێیی کـەران

بۆیـە خوداوەند چەندجار لە کیتاب — ڕۆی دەم ئەکاتە لای (اولوا الالباب)
بـۆ کەسێ کەللەی مێشکی تیاڕەبێ — تویـکڵ وەرنەگرێ لەجیاتی لوبـاب

ئەنجامی قورئان لێکبدەنەوە   دۆست و دوژمنتان جوێبکەنەوە
هەرکەس حەقێکی هەبێ لەسەرتان   جەزای ئەو حەقەی پێ بدەنەوە

ڕادەیەك دانێن بۆ دۆست و دوژمن   قەت وامەزانن دائیم وا ئەبن
بەشی دوژمنێ دۆستتان لەیاد بێ و   بۆ دوژمن بەشی دۆستێ ڕاگرن

هوشیار ئەوەیە بیری بەسۆ بێ   هەم بۆ سبەینێ و هەم بۆ ئیمڕۆ بێ
ئەوکەسەی بیری هەر بۆ ئەمڕۆیە   ئەبێ سبەینێ بە ڕەنجەڕۆ بێ

زانا و تەوانای لەسەر کار ئەمین   بەدەرە دەستی ئیشی دنیا و دین
خودا فەرمۆیە «إنَّ خَیرَ مَنْ   استأجَرْتَ ، القَوِیُّ الأمین»

ڕاوێژ بۆ پیرە ، گەڕان بۆ شیکە   نوێڵ بۆ هەڵکەندن ، شکان بە پیکە
ئینسانی بێدەس تۆسین ناتوانێ   بۆ شەخسی بێلێبو مەحاڵە فیکە

هەرچەند سوار ببێ بەسەر زینەوە   مناڵ ناوەستێ بە تەمکینەوە
سیلاحشۆڕ ئەبێ بڕواتە مەیدان   بە ئەسپ و چەك و بە دۆربینەوە

نان بۆ نانەوا و گۆشتیش بۆ قەساب   ڕانیش بۆشوانی ئازای سەرحیساب
زانای خاوەندڵ بۆ بیر و ڕاوێژ   خەطیب بۆ وتار ، نۆسەر بۆ کیتاب

بۆ ئوستادێکە بەهرەی بنوێنێ   بۆ حەللی ئیشکال قەت دانەمێنێ
مەرتەبەی ئیرشاد بۆ پیرێ ئەبێ   بۆ ماددەی دەنێ چاو هەڵنەهێنێ

بۆ شاگردێکە بەش و بەهرەی چاك   زیرەك بێ و بە هەوڵ خۆگر و چالاك
دڵی خاوێن بێ لەگەڵ یارانی   بەوە ئەگاتە سەر لۆتکەی ئەفلاك

چۆن ئەبێ نەزان بێ بە مامۆستا   دز چۆن قەت ئەشێ بۆ پاسی ئەشیا
چەتە نابێتە ئەمینداری ڕێ   مار ناشێ بکرێ قەت بە ئاشنا

کە کار درایە دەستی ناشایان   ئەبێ بە دۆزەخ بەهەشتی ژیان
فەرمۆدەی ڕەهبەر نەقشی نگینە   بۆ دین و دنیا ، بۆ خەیر و زیان

کە عیلم و هونەر بکرێ بە میرات   خێر نایەتە ڕێی میللەت و وڵات
بێهونەر جێگەی هونەرمەند بگرێ   وڵات گشت ئەبێ بە پەندی پسات

جا بێهونەران بەپێی ئارەزۆ   تالانی وڵات ئەکەن مۆبەمۆ
هەرکەس ناحەزی شێوەی کاریان بێ   ئەوەندەت زانی ژینیان دا بە شۆ

لەبەر بێقەدرێ گەلی بەهیممەت   بێنرخێ خۆیان ئەکەن بە قیمەت
چاکی لی ئەکەن بەلای پشتێنا   عالەم دائەگرن بە درۆ و تۆهمەت

کـێ ئەبـێ بە هۆی وێرانێ جیهان   بە دیمـەن مەردی نامەرد بە نیهان
هەواپەرستـان بت ئەپەرستن   بۆ ڕەهبەر ناشێن بە هەزار قورئان

گورگێ خۆی پۆشێ بەکەڵپۆسی مەڕ   بیگرە و دایپاچە و لە کون بێنیەدەر
نە قورئان ئەشـێ بدرێ بە مـالوَم   نە مالوَم ئەشـێ بکرێ بە ڕەهبـەر

دنیـا وا بڕوا بـە خودای مـەزن   کەرمـان ئـەگۆڕێ لا بـە ڕمـۆزن
سـاتێ بگەڕێـن بەسـەر زەویـدا   چۆنها پیاوێکی خاوێن تۆش ببـن

بۆیە بێبەش بۆین لە بۆی حەقیقەت   بۆیە ونمان کرد شـاڕێی شەریعەت
بۆیە وا حیکمەت دەرچوَ لە دەستمان   چ (الهیـّـات) یـاخود طەبیعـەت

بۆیە چەند هەزار بە بێگۆڕ مـردن   گورگ و قەل و داڵ لاشەیان بردن
خاکی پیرۆزمان بـوَ بە جێی مالوَم   چـارمان بۆ نەمـا غەیـری ڕاکردن

گـەر خۆرنشـینە یـا خـۆرهەڵاتە   هەموَی هەرایـە و دەرد و ئافـاتە
ئـافاتێکیوا دەرمـانی نیـە   چـارەکردنی لـە مەحـاڵاتە

کوَرە بە وێنەی مەنجـەڵ کوڵئەدا   بە هەر کولێکی چەند موشکوڵ ئەدا
بە هەر ئیشکالێ وەکـوَ زامی مار   لە لەشی مـەردا هەزار گوڵ ئەدا

تاوی گرتـوە سـاجی سـەرزەوێ   بەشەر برێشکەن لە ورد و قەوێ
کەس لە شوێنی خۆی ئارامی نیە   نە لەسەر کورسێ نە لەسەر زەوێ

ئەوسا ئەتتـوانێ ڕاکەی لـە بـەلا   لە بـالا بۆ خوار لە خـوار بۆ بالا
بـەلام وا ئەمـڕۆ بـەلا سـێبەرتە   لێت نابێتـەوە بە صـەد تەقـەلا

ئەوکەسەی ئەمـڕۆ ساغە بەدیمەن   بـڕۆن تەماشـای نـاودەروَنی کەن
جاران دڵ سـاغ و دیمەن بیمار بوَ   ئەمڕۆ دەردی دڵ ، دڵ ئەکا بۆگەن

ئـەمکارە هەمـوَ کـاری تـاوانە   تاوی سـەندوە لـە ڕوَی زەمانـە
کە داوای توَبە لە کەسێ ئـەکەی   ئـەڵێ بەسـەرچوَن ئـەم بابەتانـە

وا دێتە بەرچاو صەفحەی ڕوَی دنیا   ئەڵێـی ژاری مـار ڕژاوە پیـایا
ئەگـەر ڕەحمـەتی خـودا نەبوایـە   گیا سەوز نەئەبوَ لە دەشت و چیا

چارمان ئەوەیە بە پێی شەرع و دین   هەموَ بـۆ دنیا و عوقبـا تێکۆشین
کوَشش لە ئێمە و بەخشش لە خودا   سا بمانبەخشە خودایە (آمـین)

(بسم‌الله) ئەووەڵ هەتـاکو ئەنجام   بـۆ پێشـکەوتنی ئایینـی ئیسـلام
ئومێـدم زۆرە بـە ڕەحمی خـودا   ڕزگارمان بـکا هەمـوَمان بـە عـام

بەوشەرتە بەشەر ئەوەی تێ‌ئەگا بە حەق یارمەتێ ئەوی‌کەی بدا
هەر یەکیەتییە و یارمەتێ بەشەر ئەبن بە مایەی تەوفیقی خودا

کوڕەیێ خودا هەڵی‌سوڕێنێ کەس لەسەر هەوا ڕای‌ناوەستێنێ
هەر بۆ ئەو ئەشێ لەپاش کارەسات حەقی حەقداران بە حەق بستێنێ

یارمەتێ شەرتە بۆ ژینی ئینسان بە بێ‌یارمەتێ ناژین لە جیهان
کۆمەڵەی ئینسان وێنەی شەخسێکە هەندێ دەستوپێو هەندێکی چاوان

دۆستو برای باش بەوێنەی دەستە ئەوەی بێ‌دەستە لەکاردا پەستە
بەڵام کام برا ئەوەی بەڕاستێ بۆ تۆ خۆی بکا بە ماران‌گەستە

نەك (ابن‌الوقت)ی نامەردی دەغەڵ دەس‌بەرێ کیسەت دەرکا لە باخەڵ
هێوا ئەیەوێ بتدا لە تەناف دیوەخانەشت دەرکا لە تەمەڵ

جا وەکو ئینسان بڕۆنە مەیدان بە چەکی عەقڵ و ئیمان و ویژدان
دەرمانی دڵی دڵ زامار بکەن بە شان بە زمان بە ماڵ بە ئیمان

ئەوەی لەگەڵتە بەهیوای هەوا وەها تێ‌ئەگا وای لەگەڵ ئەوا
کاتێ حاڵێ بۆ تۆ عەکسی ئەوی هەوا ئەیبات و ئەفڕێ بۆ حەوا

نازانێ ئەساس شەرتە بۆ بینا چ لە ئاسن بێ و چ جامی مینا
ئەساس ئیخلاصە بۆ خوا و پێغەمبەر بۆ دۆست و هاوڕێ لە هەمو دنیا

قەسەم بەو خودای تاق و تەنیایە ساغ قەت ناسوتێ لەم دۆ دنیایە
گەر لە دنیاشدا بەختی یار نەبێ لەو دنیا خاوەن قەسری مینایە

ڕەهبەر پێویستە

بێ ڕەهبەر مەڕۆن لەبۆ موهیممات واسیطەی ئەوێ حەللی موشکیلات
هەزار عەرزوحاڵ نابێ بە یەکێ کۆمەك بێ لەلای خاوەن دەسەڵات

تەجرەبەی ناوێ تەجرەبە کراو مەلە نازانێ مەچۆرە ناو ئاو
تۆ خۆت کە فەوتای لە گۆمی ئاوا بە تۆ چێ کەوا قوڵ بێ یا تەنکاو

ئەوەی بگەڕێ بەناو دەریادا لە کەشتێ شکاو ئەبێ خۆی لادا
گەشتی بیابان لە ڕۆژی تۆزا عەینەکی ئەوێ تۆز لەچاو لادا

دەرگاوان دزکە ئەچێ بەدەستا گرێ دائەنێ لەڕێی مەبەستا
داسی ئەو دزکە دیناری شینە دزکت بۆ ئەبڕێ لەو شوێنە پەستا

ئینسان کە ڕۆیی بۆ جێگە و شوێنێ
ئەبێ لە یاسای ئەو شوێنە بگا
پێویستە دەرسی ئەوێ بخوێنێ
خۆی بە ملکەچی یاسای بنوێنێ

غەریبی چاوساغ بە وێنەی کوێرە
ئینسان موحتاجە بە شارەزایی
کوێری شارەزا وەك بەچکەشێرە
ڕەهبەریّ بکا بۆ هەرچیّ خێرە

هاودەرد بۆ هاودەرد وێنەی چرایە
غەریب کە بگا بە هاوشاری خۆی
غەمبار بۆ غەمبار باوك و برایە
با بێگانەش بێ وەك برای وایە

ناکامیّ گێژە کامیش بە هەلە
لێدان گوردییە و لادانیش مەردیّ
گێژەلولی زۆر جۆشی مەنجەلە
هەڵاتوە ڕۆستەم زۆرجار بەپەلە

کاتێ گیرابیّ ناو چەقی جادە
یەکێ ئەتوانیّ شان بدا لە شان
با بە قەراخا تێپەڕێ پیادە
چەك لە پشتێن بێ و ئازا و ئامادە

مەبەس خۆت نیە مەبەس بۆ خەڵکە
پیاوی سەرقەتار سەری عالەمە
ژیانی مەردان گەلێ بەکەڵکە
لەش کە بێسەر بۆ وەك گەڵای پەڵکە

نەفام کەسێکە بە بێبەرد و دار
کەسێ دەماغی لە کەللەیا بێ
بڕوا ڕاوەستێ لەسەر کونی مار
بێچەکی بەکار ناچێتە پەیکار

هوشیاریّ بۆ هەل هەل لەبۆ عەمەل
ڕاستێ کردەوە لەگەڵ ئایینا
عەمەل بەئارام بە بێ پەلەپەل
بەشەرتی دەوام تا کاتی ئەجەل

مەردی بەکار

سەرداریّ ئەشێ بۆ مەردی بەکار
پیاوی بێدەماغ جێی ئومێد نیە
خاوەن هیممەت و قەول و ئیعتیبار
ڕان پڕە لە مەڕ بە صەد بە هەزار

قافلەیێ کەوا سەرقافلەی کوێرە
هەرکەس لە قافلەی وادا تێکەڵ بێ
باری هەمیشە سەر بەرەوژێرە
ڕەنجی بێسوودە و گەنجی بێخێرە

ئەوەی سەرچۆپێ وا بەدەستەوە
حەلقەی ذیکری‌خوا دەنگ نەدەنەیەك
ئەبێ دڵ بدا بەلای بەستەوە
نۆر دانابارێ لە سەردەستەوە

ئەو سەرقافلەیەی خاوەن قەتار بێ
پاسەوان بنوێ بە ڕۆژا ، ئەشێ
ئەبێ لە وەزعی ڕێ ئاگادار بێ
بەلام شەو تا ڕۆژ با خەبەردار بێ

چێبکەم لە گەلی بێهۆش و بێحیس
کە چوونە بازاڕ ئەوجا تێئەگەن
لەجیاتێ ئالتون ئەخلەتێن بە مس
ئالتونی ساغیان دەرچوە لە دەس

باری خۆت بخه له قاپی گەوره   گەوره مەرکەزی دائیرەی دەوره
مەبەس له گەوره بە دەسەڵاتە   دنیا هەرچۆن بۆ ئەویش بەو تەوره

میره مەردەکان مەردی عالەمین   به خۆ فریشته و به ڕۆ ئادەمین
نەتەوه و زمان نیه لای ئەوان   وێنەی هەتاون لەبۆ سەرزەمین

پیاوی هەڵکەوتو لە هەر لای دنیا   ئەبێ چەند خولقێك کۆبێتەوه تیا
ساغی و چاوپۆشی و ناسك وتاری   هۆشیاری و بەخشش به دەوروبەریا

پێنج صیفەت بەشی گەوره مەردانە   یەکەم شیرینی و پاکی زمانه
دۆهەم تەحەممول سێهەم دەس پاکی   نامۆس و ڕاستییش دوانی تریانە

کات بەنرخه

کات زایه مەکەن نەختی دەستانه   کات باوك و برا و هەمو کەستانه
کات دەسمایەیە بۆ پیرۆزی مەرد   بەکات دێتەجێ چی مەبەستانه

هەلت بۆ هەڵکەوت وابزانه مەله   هەر که نیشتەوه بیگره به پەله
دۆره پەل نەخەی با هەڵنەفڕێ   چالاك بۆی بڕۆ خێر به عەجەله

کاتت کانێکی زێڕین بەهایه   بۆ دین و دنیا بیکه به مایه
گەنجی و لەش ساغی و فەراغەتی حاڵ   هەمو فرسەتن نەڕۆن به زایه

هاوین تێکۆشه به هەردو دەستان   با دانەمێنی به سەرمای زستان
بۆ هەر وەرزێکت کاری دابنێ   با کاتت نەڕوا وەك کاتی مەستان

هۆی شێتی لەبۆ گەلی له شێتان   هەر بەتاڵییه بەتاڵی دەستان
ئینسانی بەتاڵ لەبەر بەتاڵی   شێته به خەیاڵ ، به کاریش شەیتان

کەڵیش بێ زستان موحتاجی کەوڵی   له بەلەما بۆی موحتاجی سەوڵی
له هەر شوێنێکا قیسمەتت تێ کەوت   بەپێی ئەو شوێنه موحتاجی هەوڵی

ئادەم برسییه بۆ پایه و مایه   عاقڵ مایەی خۆی نادا به زایه
تۆیش که ئینسانی تێکۆشه بۆ خۆت   ئەگینا دەرچۆ لەم ڕۆی دنیایه

دنیا بازاڕه و ژین وێنەی قوماش   زینهار ژینی خۆت نەدەی به بەلاش
نرخی عیلمێکه یا کارێکی وا   ڕەواجی ببێ بێ تاو و تەلاش

زۆرکەس بۆنی تۆی لەبۆ خۆی ئەوێ   کەس ڕێی له دەرگای نابۆت ناکەوێ
مادەم ئاوایه بۆنت ئاوا بێ   تا له چۆڵێکا پەکت نەکەوێ

ئەو دایــك و بــابەی بۆ تۆ ئەبرژێن   وەکــۆ برێشکــە بۆت هەڵئەقرچێن
نــانێکی بــرژاو نەبەیتـــە لایـــان   زەحمەتە کەوا بــۆت هەڵبچەرخێن

سنعــات چــاترە بــۆ دڵگوشــادێ   لــە نــاونیشانی پادشـــازادێ
پادشـــازادەی بــێزاد ئەفەوتــێ   پیشەوەر بۆ خۆی ئەژێ بە شــادێ

تەمەڵێ خۆیگرت لەلای لەشخاوێ   لەلای دەرنــاچێ وێنــەی تێــراوێ
بۆ بەدەستی خۆت زامارنەکەی   کێیە دەستو پێو چاوی خۆی ناوێ

لــە هەرکارێکــا شەیتــانی مەلعۆن   ڕۆژێ کاری کرد لە چەرخی گەردۆن
چلەی تــەواوکرد بــە ســواڵکەرێ   چــون داوێ باشە لەبۆ پیاوێ دۆن

ئەڵێــی بێ بۆ کار ئەڵێ نەخۆشــم   ئەڵێی ڕاستۆبــە ئەڵــێ بێهۆشــم
مادەم نەخۆش و بێهۆش دامــاوی   چۆن ئەڵێی بەرگی مــاوت ئەپۆشــم

ڕۆڵــە ئەوەیــە جیهــان ببینـــێ   قــەدر و قیمــەتی ژیــان بنوێنــێ
ئەوەی ئەیــەوێ بێقیمــەت بــژێ   چــاترە بمــرێ و شــوێنی نەمێنێ

خۆ تەمەڵ مەکەن بــۆ خۆ تێکۆشن   ئــاوی حەیــاتی مــەردێ بنۆشــن
بۆ سەرچــاوەیێ ئاوی ڕەوان بــێ   گیــانلەبەر هەمــۆ دڵ بەخورۆشن

هەر ڕۆژێ کە هــات شەوی لەپاشە   دووربینــێ لەبــۆ ئاســایش بــاشە
لەکــاتی گەنجــێ گەنجــێ وەربگرە   پــیر بــۆی ئەکەوێ بە وێنەی لاشە

کــاتێ لەشساغێ ئاگات لە خۆت بێ   شۆشەی دەرمانی نەخۆشیت پێ بێ
قــەت بــایێ مەبــە بە تاوی گەرمــا   غەمــێ بــادەوەی زستانت پــێ بێ

مەیــدانی وتــار پـــان و درێــژە   گوڵۆڵەی بەتــاڵ سەر بەرەو لێــژە
مێژۆی ڕابــوردۆ بکە بە سەرمەشق   چەك پیشە و ئیش و بیر و ڕاوێــژە

پاش خودای عالەم چاوت لە خۆ بێ   بەرگی تەفەلات بە تــان و پۆ بــێ
بــە زۆری بازۆ ڕۆ لــە مەیدان کە   بێزۆر هەر ئەبێ کە ڕەنجەڕۆ بــێ

عومری ڕابــوردۆی بێسۆدی سالان   مــاڵی نەختت بۆ ڕۆیــێ بە تــالان
قەت زیاننــادا تــالان لە ئینســان   وێنــەی تــالانی عومــری بەتــالان

عــارەقت ڕژاند عــارەق نــارژێنێ   لــە تەریقــیدا قــەت دانــامێنــێ
فرسەتت فەوتــا ئــابڕۆت ئــەڕوا   بــە شەرمەزارێ لای خەڵك ئەنوێنێ

مەڕۆ لەبــۆ ئیش حەیران و دۆدڵ   دۆدڵێ بــۆ دڵ ئەبــێ بــە چقــڵ
لەپــاش ڕاوێژ و عەزمی دڵی خۆت   تەوەکول بەخوا تێهەڵچــۆ بــە دڵ

به گەنجی دەرچن بۆلای مەبەستان — هونەر لە هەلدا بخەنە دەستان
بۆ پیران تەوێ ، بۆ زستان شەوێ — قەت بایی مەبن بە خۆشی زستان

مەل کەوتە دەستت دەس مەکەرەوە — ماسی توند بگرە لەلای سەرەوە
کە موشتەری هات بۆ دەرگای ماڵت — ماڵت بفرۆشە و لا مەکەرەوە

دڵخواز بەدەگمەن دێتە بەردەرگات — پێی‌ناوێ بڕۆی وڵات بە وڵات
بەناحەق مەبەست لەدەست دەرمەکە — تاج لە فرسەتدا ئەبێ بە خەڵات

خاوەن‌دەوام بن بەڵام بە ئارام — ئاسایش بگرن بۆ دڵ و ئەندام
مۆم داناگیرسێ لە دوو سەرەوە — ئینسان بە هەڵپە ناگا بە مەرام

هوشیار ئەوەیە بە صەبر و ئارام — ئیشی خۆی بکا بەڵام بە دەوام
هەرچەند لە خێرا پەلەپەل باشە — هەڵپە زیانە بە شەرعی ئیسلام

بە هەڵپە و هەڵە کەس نابێ بە هیچ — پەردەی عەنکەبوت ناشێ بۆ سەرمیچ
شێخی صەنعان بێ بەئارام ئەڕۆی — زوو ماندوو ئەبێ و قەت ناگەی بە هیچ

بۆ هەر کاتێك و بۆ هەر شوێنێ — یاسایێ هەیە خۆی پێت ئەنوێنێ
ئەو یاسا بکەن بە عاسای دەستان — ئەمڕۆ و سبەینێ بە وێنەی دوێنێ

پیر و پارە و هەل وەسیلە و ئەسباب — بەکاریان بێنە بە یاسای ئاداب
ئەڵماس بۆ شوشە تەشوێ لەبۆ دار — شمشێر بۆ مەیدان قەڵەم بۆ کیتاب

هۆرە و لاوك و حەیران و قەتار — بۆ تاقەت باشن بەڵام جاربەجار
حەیران بە حەیران ناگا بە مەرام — هەنگاو پێویستە لەبۆ ڕێبوار

هەرکەسێ زانیت مەشرەبی چۆنە — چاودێری بکە بەو نەزم و گۆنە
لەبۆ کەوەڕاو بڕۆ بۆ کێوان — بڕۆ بۆ دەریا بۆ قاز و سۆنە

ئەوەی مەنطوقی نەصصی کیتابە — ئەم دنیا دنیای هەوڵ و ئەسبابە
ڕەهبەرەکانیش نان و ئاو ئەخۆن — ئازار دانیشیان عەینی حیسابە

نوح تا هەزار ساڵ ئەزیەتی درا — خەلیل پاش ئاگر دوورەوەش‌خرا
زەکەریا کوژرا و یەحیا سەر بڕا — (محمد) قەصدی کوشتنی کرا

ئیتر مەپرسە عومەر و عوثمان — عەلی و حوسەین و باقی ئیمامان
تۆیش ئینسانێکی وای لەسەرزەوی — نەوەك فریشتەی لە بورجی ئاسمان

مادەم فەردێکی لە نەسلی ئادەم — ئەبێ وەربگری بەشی لە ئەلەم
قەزا بەڕاستی کاری خۆی ئەکا — لە خاوەن عیلما و لە خاوەن عەلەم

له شاد و غەمبار ڕۆژ ئەبێتەوە　ئەو ئەشنێتەوە ئەم ئەتلێتەوە
چەرخیش خەریکی هەڵسوڕاندنە　لەبۆ داماوان سوێی نایێتەوە

ئەم خەیمە بەرزەی شین ئەکاتەوە　دیلی زۆری برد قەت نەهاتەوە
تۆ وا مەزانە هەر شوێنی تۆیە　دوژمنەکانیش جێ ئەکاتەوە

مەینەتی جیهان شتێ عادییە　مادەم قەرارگات جێگەی شادییە
سوڕەی فاتیحە لەبۆ ئامینە　خێر بەئەنجامە نەك مەبادییە

بۆ کاتی تەنگ و جەنگ و دڵتەنگێ　موحتاجی پارە و یار و فەرهەنگی
پارە برایە ، ڕەفیق ڕەهبەرە　عەقڵ چرایە و چارەی دڵتەنگێ

بۆ هەر ئەجەلێ کیتابێ هەیە　بۆ هەر کیتابێ حیسابێ هەیە
عادەتی خالیق لەم دنیا وایە　بۆ هەر حیسابێ ئەسبابێ هەیە

ئەسبابی ڕەزای خودای عالەمین　کردەوەی ساغە و ئەندێشەی ئەمین
بەم وەزعە بڕۆن بەهەشت دائەگرن　ئەو زۆر گوشادە ئێمە زۆر کەمین

داخم لەم چەرخا بەشەر سەرخۆشە　لەبەر خەیاڵات گێژ و بێهۆشە
ئەگەر یەك یەکێ بەدیمەن ساغ بێ　ئەغلەب ئەویەکەیش دڵی نەخۆشە

دڵ کە نەخۆش بۆ عیبادەت کامە　طاعەت وەزیفەی دڵی ئارامە
چەندجار بانگم‌کرد خودا بەرمەدەن　ناوی کلیلی قاپێ مەرامە

بۆ نوێژەکانتان بە ئارام بە ڕەوت　هەتا هەڵسوڕێ بڕۆن بۆ مزگەوت
بەسەر کۆمەڵا ڕەحمەت ئەبارێ　هەر لە مزگەوتا پیرۆزێ دەس‌کەوت

کەوش و گۆرەوێو بەرماڵو سەعات　قیبلە نومایێ و تەقویمێ بۆ کات
لەگەڵ سیواکا سیلاحی دەستن　پێویستن لەبۆ طالیبی طاعات

ئەو ئەسبابانە پێویستن بۆ ماڵ　فەرزن وەکو قوت بۆ خاوەن کەماڵ
جا باش بڕوانن ئەو شتانە چین　چونکە ئەگۆڕێن لەسەر وەزعی ساڵ

مەبدەئی ئیسلام (كلام الله)یە　مەوجی بە میسال مەوجی دەریایە
سەراسەر هەمۆی عەقڵ و حیکمەتە　وەعظە ئیرشادە دینە دنیایە

فەرزە فێر ببین بە قورئان خوێندن　بیکەین بە ڕەهبەر تا ڕۆژی مردن
لە هەر شوێنێکا قورئان بخوێنن　دیوان دەستئەکەن بە هەڕاکردن

خودایە خودام ، ئیسلامە دینم　(محمد) چرای ڕێگای یەقینم
قورئان دەستوری دین و دنیامە　کەعبە قیبلەمە بۆ ماوەی ژینم

کـه دیـن بـۆ ژینـم وایـه یەقینم ... لـه بەهەشتـایە مـاوای تەمکینـم
جێـی لیقـای خودا جێگەی تەجەللا ... جێی مولاقـاتی دۆسـتی شـیرینم

بەهەشتی ڕەنگین ، بەهەشتی نازار ... دوره له لەغوه و له ئێـش و ئازار
به ڕەحمەت بەشـی عەبدێکی وایـه ... بۆ دین و دنیا بەکار بێ و هوشیار

گیروگرفت هەمۆ ئاسان ئەبێ

موشکیلێ نیـه کـه ئاسـان نەبـێ ... مەرد ئەو مەردەیە هەراسان نەبـێ
مەگەر بەدەگمەن ، ئـەگینا خـۆگر ... ئیشـی گرانـی بـۆ ئاسان ئـەبێ

بەلام به یاسـای دەستوری جیهان ... به (سنة الله) نەك تەنیـا ئیمكان
دۆكەس دڵخواز بـن بۆ تەنها یارێ ... بـۆ هەردۆ نابێ و بێسـوده تەكان

ئینسـانی خۆگر هەر ئەگا بـه کـام ... صەبر پلـەیە بـۆ بـەرزێ مـەرام
صەبر و ظەفەره وێنەی شەوو ڕۆژ ... پاش صەبریش ظەفەر به تۆلی ئەییام

دڵ هەر خۆش نابێ غەمناکیش ئەبێ ... جیهان تـاریك و ڕۆناكیش ئەبـێ
(اِنّ مَعَ العُسْرِ یسراً)ی لەپاش ... کەللەی بیمنـاك بێبـاكیش ئەبـێ

زوربەی بەلاکـان بۆ ڕەهبەران بـۆ ... بۆ ئەهلی عەقڵ و بۆ سەروەران بۆ
دەمبەتـاڵەکان لـه ئاسـایشدا ... ئازاریش لەبۆ حـەقپەروەران بـۆ

زیندانی یۆسـف ، ئازاری ئەییۆب ... شەقەمشاری زەکەریای مەحبۆب
سەربڕین لەبـۆ یەحیـای زیندەدڵ ... هەڵبڕین عیسای بەشوبهه مەصلۆب

خۆ بیستۆتانه ئاگرەکـەی نەمـرۆد ... ڕۆی ئاسمانی گرت به بوخار و دۆد
ئەوەی خۆی بگرێ وێنەی ئیبراهیم ... لـه مالی خوادا ئەگا بـه مەقسـۆد

هەرکەس بەقـەد خۆی برای بەلایه ... ئەگەر گەدایـه و ئەگـەر پاشـایه
عـالەم وا لەژێـر هێـزی قەزادا ... عیزەت و ذیللـەت لـه مایەشـایه

مەینەت له جەنگـه و گرانێ و وەبا ... نەخۆشـێ لـەگەڵ ئانـەمینییا
وەزعی بێدەستێ و نەدارایـێ تـۆ ... دۆزەخی سۆره لەسەر ڕۆی دنیـا

هاوڕێو دراوسێو فەرمانڕەوای بەد ... بۆ ژینی ئینسـان نـاهێڵنەوه حەد
هەرکـام لەمـانه چەنـد لقی هەیه ... پەنا به خودای واحیـد و ئەحـەد

عەکسـی ئەمـانه خۆشـێ جیهـانه ... هەندێکی دیـاره و هەنـدێ پەنهانه
بێهۆشێ خۆت و چاوەڕوانێ خەڵك ... یەکەمـین دەرده کـه بێدەرمـانه

ژن و منـاڵ و دراوسێـی نـابـار — ژین تاڵ ئەکەن لێت وێنەی ژاری مار
چاولەدەس‌بوون و گەورەی بەدگومان — قولی پیاو ئەگرن وێنەی دەعبای هار

بـەڵای ئەم دنیـا بە هەزار ڕەنگـە — هەرکەس بەجۆرێ گیژ و دەبەنگـە
ئەوەی گومـانی شادێ پێ ئەبـەی — لـە تـۆ زیـاتر دەروونـی تەنگـە

چەنـد هەزار هەژار بێ‌گۆڕ مردوە — دڕنـدەی کێوان لەشـی خواردوە
ئەڵبـەت بـەدەردێ گـیرۆدە بـوە — لـە ئـاوەدانێ هـەڕای کـردوە

گـۆڕی براکـان کـوژی حەسرەتە — لەبـۆ زینـدوان مـایەی عیبـرەتە
بەڵام کەس بـە کەس عیبرەت ناگرێ — بۆیـە کە ئەمرێ خـاوەن حەسرەتە

بەقەد ذەڕڕاتی تـۆزی ئەو جێیـە — هەمـوو حەسرەتی دەروونیـان پێیـە
خۆزگـە مردوێـێ ئەهـاتە زوبان — ئەوسـا ئەتزانـێ چەند دەردی پێیە

ئەیوت صەد خـۆزگە ئەگەڕامـەوە — مـاوەی ژیـانیـان پـێ ئەدامـەوە
تا خەڵکی دنیـام گشت تێ‌ئەگەیاند — لـەو خێرەی نرخـی وا بەلامـەوە

موشکیلـەی ژیـان دەوری دائیمـە — زنجیـرەی جەفـای گەلـێ قـایمە
ئـەم تەسەلسـولە عـالەم بەند ئەکا — کێیـە لـە بەنـدی ژیـان سـالمە

دەور و تەسەلسول وەزعی مەحاڵن — بـەڵام بۆ گەلـی خـاوەن کەمـاڵن
بە عەقـڵ و تەطبیق چارەیان ئەکەن — چونکە عاقڵان بۆ مەینـەت قـاڵن

قـەت هەڵنـاکەوێ ئـادەمێ بێ‌غەم — بـا فەرقیش هەبێ لە زۆر و لە کەم
گـەر لە دوورەوە دەردت بـۆ نەیێ — لـە هـۆزا هەیـە گەرد و تۆز و تەم

ئینسان وەکوو توول خۆیشی هەڵپاچێ — لە دەستی کاشکێ و خۆزگە دەرناچێ
ئـادەمێ و بەڵا سـارا و هەوایـە — کـامە ئەو سارا هەوای بۆ نـاچێ

گلەیێ مەکەن لە چەرخـی زەمـان — منەتبـاری بـن بە دڵ و بـە گیـان
ئەتانبـرژێنێ لـە کـوورەی گەرمـا — ئەبن بـە زێـڕی گەنجینەی ژیـان

قەت زویـر مەبە لە چەرخی دەووار — ئەگەر بۆت‌بێنـێ مەینـەت و ئازار
هەر بۆ تۆ نیـە ، بۆ عـالەم وایـە — کەس نیـە خەمی نەبوبـێ بە بـار

بـە دڵ وەربگـرە لـە قەزا تەعلیم — بە دڵ خۆت بگرە بۆ صەبر و تەسلیم
خودا خۆی مژدەی بە صـابیر داوە — ثەبتە لە نەصصی قورئـانی کەریـم

لە سوورەتێکـا کە سوورەی عەصـرە — فەرمانی خودا بـە حەق و صەبرە
صـەبر دەرمـانی دەردی ژیـانە — مایەی ڕەحمەتێ پـاش مەرگ و قەبرە

(دار المحنه)یه ئـەم دنیـا ، داوه   داو بـۆ نەچـیری نەجیـب کراوه
تۆتی و تاوسـە بەندی نـاو خانۆن   قشقەڕەش مـیری گوێچەم و ئاوه

گشت دڵخوازێکت بـۆ نـایەتەجێ   چ پاڵەوان بێ و چ کەوتوی سەرجێ
ڕۆژێ بۆ تۆیە و ڕۆژێ بۆ ئەغیـار   خوا چێ دانـابێ ئەوەت دێتـە ڕێ

خۆ تۆیـش یەکێکی لە بەنێ ئـادەم   دەردەدارێکـی لـە ڕیـزی عـالەم
بیمـارستـانی قـەزا ئیـش ئەکـا   مەرگە و دەرمـانە و ئـازار و ئەلەم

قەزا وەکو ئاش دائیـم ئەسـوڕێ   هەرچـێ کەوتەبەر هێزی ئەیهـەڕێ
خـودا لامـاندا لە قـەزای نـابـار   چون بە مەیلـی ئەو قەزا ئەگـەڕێ

پاش قەزا و قەدەر وتارێکی خۆش   وەك شمشاڵ وایە بۆ پیاوی نەخۆش
بـەڵام پێویسـتە لەپێـش قـەزادا   بێهۆش نەکەوێ بەوێنەی سەرخۆش

لای خودا نیە ڕێگەی شانبەشـان   یـا ڕێی دوعایە یـا ملڕاکێشـان
ئیطاعەتی خوا بێ قەید و شـەرتە   ((فِي كُلِّ آنٍ هُـوَ لَفـي شـان))

فەرزە بۆت دوعـا تا دونیـا ئەڕوا   وەك ئـاو و نـان و مـژینی هـەوا
دەوا مـادییە و دوعـا مەعنـەوێ   وەکـو صەدەقـە بـۆ چـاری بەلوا

ئـەم دنیـا وێنـەی تەلبەندی خارە   لـەمیان ئازاد بێ ، ئەویان لە کارە
هەرکەسـێ فکـری وردی لەلا بێ   لە ترسی خـودا دائیـم هوشیـارە

شەو و ڕۆژ وێنەی وەزعی دنیـایە   کـاتێ صەفـایە و کاتـێ جەفـایە
لـە ڕێـی خـودادا جەفا بکێشـێ   پێیمەڵـێ جەفـا ، بڵـێ صەفـایە

ئەگەرچێ دنیـا ڕۆی لـە تەگبیـرە   ئینسـانی زانـا ڕۆی لـە تەقدیـرە
زانـا بـە قـەزای خـودا ڕازییـە   بەڵا هێ دۆست بێ خورما و پەنیـرە

شەرت هەر ئەوەیە مەبەستت پاك بێ   ڕێگات ڕەوان و کردارت چـاك بـێ
لەسـەر حەق بمرێ وای لە ئاسمان   ئەگەرچێ لەشت لە ژێری خـاك بێ

ئەوکەسەی نەفسی بۆ حەق نەکوژێ   تـاڵێ مەینەتـان بـە دڵ نەمـژێ
خـامە ئەگەرچـێ بەنـاو (نامێ) بێ   بێکـامە هەرچەنـد لە کـام بمژێ

سێوێ نەچەژێ شەپلاخەی سووەیل   ئاڵ نابێ وەکو گۆنای مینای لەیـل
هەرگیز گوڵ ناڕوێ لە دەشت و چیا   تا خاك نەمژێ لێلاوانـی سـەیـل

قەترەی ئاوی کێو بە صەبر و دەوام   گوێی بەرد ئەسمێ و ئەیکا بە غوڵام
لە صەبر و دەوام کەس بێبەش نابێ   بڕوانـە مێـژوی ئەنبیـای کـیرام

گەلێکمـان بینـێ سـەرگەردانی بار   لـەپاش ماوەیێ بـۆ بـە سەرقەتار
نیشانی شەرەف ئەنێتـە سەرشان   بەچکەی تێکۆشەر بە دەرۆن هوشیار

لـە گشـت ئـازارێ باڵاتر هەیـە   لـە بەڵای بەدیـش بەڵاتـر هەیـە
هەر صەبرە چاری هێرشی مەینەت   خۆگرتن صەفـای بۆ خـاتر هەیـە

وەك چۆن بێبـاکە بتکا بە پـاشـا   هەرواش بێبـاکە لێـت بکا حاشـا
لـە هەردوۆ حـاڵا خـودا خودایـە   بۆ شاد و ناشاد بۆ گـەدا و پاشـا

ئەگـەر شوعوورێ ئاشنـای سەرتە   مەعنـای بەندەیێ بێ قەید و شەرتە
بەندەیێ لەگـەڵ هەمـوو دڵخـوازێ   لە ڕاستێ دوورە و لە ئیخلاص پەرتە

کـاتێ نیعمـەتێ ئـەڕژێ بەسەرتـا   یـاخود خەڵاتـێ ئەکـرێ بەبەرتـا
سوپاسی نیعمەت فەرزە لەسـەرت   تا زۆرتر بـڕژێ بـە دەوروبەرتـا

هەر مەینەتێکیش صـەبرێکی ئەوێ   تـا ئەو مەینەتـەت لێ لائەکـەوێ
کەسێ ببرژێ بـەم چەرم و زاخـە   خـۆی ڕاگیر ئەکـا و پشتی ناتەوێ

نـابێ بە بـایێ زۆ هـەوا بکـەی   تەرکی حوقوقی خەڵك و خوا بکەی
نـابێ کە جـارێك نـانێکت سوتـا   تەرکـی عەلاقـەی نـانەوا بکـەی

پیـاو نـابێ هێزی دەرۆنی کەم بێ   با لەسەر تەختەی بەردی تەمتەم بێ
ساڵی بە چەندبار ، قەڕنی بە هەزار   دنیـا ئەگۆڕێ خـاترت جـەم بـێ

مـردوۆ بەگریـان نـاگەڕێتـەوە   مەینـەت بـە فوغـان نـابڕێتەوە
مەرد ئەوکەسـەیە ڕەزای خوداوەند   بـە هەمـوو دنیـا ئەگـۆڕێتەوە

خۆ مەدەن بـەدەم گێژی خەمـەوە   ڕەشپۆشـێ مەکـەن بە مـاتەمەوە
شەماڵی ڕەحمەت تـەم ئـەڕەوێنێ   یـاریش دەم ئەنێ بەسـەر دەمەوە

من منەتبـارم لە مەینـەتی خـۆم   دەرسی واقیعێ ڕۆنکـردەوە بـۆم
بە سـەری عوثمـان خوێنی جگەرم   وەك حەرفی قورئان نەصیحەتە بۆم

ئەوەی کە ویستی پێچدا باڵی من   هەولیدا لەبـۆ ڕەشـێ حاڵی مـن
سـەری نایەوە بـە هەناسەی سارد   ذەوقی پـێنەدا دەمـی تـاڵی مـن

خودا مەیلی بـۆ تەکیـەی (تاڵەبان)   ئەکـا بە بەهەشـت لەبـۆ طالیبان
(وَهُوَ مَعَكُمْ أيْنَمـا كُنْتُـمْ)   لـە ڕاسەرمـانە وێنـەی سایەبان

مانگ لە بورجی خۆی کاتێ کەوتەدەو   گشت لا پڕ ئەکـا لە نوور و پڕتـەو
کەوتیشـە میحاق بە ئیرادەی حەق   ئەگەڕێتـەوە بـۆ هیلالـی نـەو

قەناعەت چاو تێر ئەکا

قەنـاعەت چـاوی بەشـەر تێر ئەکا دڵ بـە بەندەیی خـودا فێـر ئەکا
قـانیع ئینسـانی فریشـتەخوە هەوا پەرسـتی سـەرەوژێر ئەکـا

پـایەی قـانیعـان لـە ئـاسـمانە دنیـا نەویسـتن دەسمـایەیانە
چونکە بێ‌تەمـان لە دەسـتی خەڵکی سەرچاوەی ئەمـەش هێزی ئیمانە

قـانیع لـە پـادشـا ئەگەڕێتـەوە خەزێنـەی دڵـی نـابڕێتـەوە
چون کەس نـازانی بە وەزعی ماڵی وەك گوڵی ناوبەرد هەر ئەشنێتەوە

کەس نـاڵی قـانیع بڕوا دانیشـێ لەبـەر برسێتـی کەڵلـەی بجۆشێ
بەڵام لەپاش هەوڵ ئەگەر کەم‌بەش بۆ بە کەم بسازێ و بە دڵ نەخرۆشێ

قـانیع ئەوەیـە کـاتێ کە دەرکەوت بەهەوڵ‌وکۆشش هیچی دەس‌نەکەوت
باش بە عیزەتـی نەفسەوە بـژێ ئەوەندەی زانی مەبەستی سەرکەوت

ئەگەر گیانی خۆت داپۆشێ بە دەس چاترە لـە داوای سیپاڵ لە ناکەس
ئەوەی تـۆ ئەیکەی تـاقە عەیبێکـە مـردنە نـاکەس بێ بە فریـادڕەس

نانو پیازو خوێی دۆڵەی ماڵی خۆت نەوەك کەبـابی بـە بـۆڵە بێ بۆت
پیـاز چەند دەقیقە دەمت تون ئەکا ئەم تاڵی دەم و دڵ و گیـانە بـۆت

نـانی نـامەردان تـانەی سەرچاوە پەنـای بێ‌پەنـا قـەڵای ڕۆخـاوە
ئەنجـامی پەنـا و نـانی ئەمـانە دڵی ڕەنجـاو و ئەژنـۆی شکـاوە

مەبەسـتم کـاتی خۆشـی دنیـایە نەك بۆ نەهاتی و فیتنە و هەرایـە
بـۆ شەخصی نـاچار جێی قسە نیە مردار حـەڵاڵە وەك شـیری دایـە

هەر ناچارییە پیاو مەجبـوور ئەکـا باسی قەرزی کۆن ، خزمی دوور ئەکا
تینو ڕائەکـا بۆسـەر بەردەخـوێ کە لـە زەلکـاوی شـارەزوور ئەکـا

ئیسلام قەڵا بۆ

ئیسلام قـەڵا بـۆ بۆ پـاڵەوانـان گەلێکی تیـابۆ لە پیر و لە جـوان
بۆ پیـاوی خۆتـان بە پیـاو نازانن ئەکەونە مـەدح و ئەنـای بێگانـان

بۆچی هەر ئەنای خەڵکی بخوێنین بۆچی هەر مینـای خەڵکی بنوێنین
شـێری نـاوخۆمان لامان ڕێوییـە ڕێوی وڵاتـان بە شـێر ئەبینـین

پیر و کردەوە و ڕەنگینی دەسـکار دەس‌بەدەس ئەڕوا بۆ ژوور و بۆ خوار
بڕوانـە مێـژووی جـارانی وڵات پڕ بۆ لە گوڵ و گوڵاڵـە و گوڵـزار

بڕوانە عیلمی جارانی ئیسلام   هەر لە خۆراسان هەتا بەغدا و شام
میصر و ئەندەلوس مەدینە و یەمەن   باڵی کێشابۆ بۆسەر خاص و عام

چەند زانای بەرزی وەك (ابن سینا)   یا وەك (فارابی) هەبۆ لەبەینا
یا (ابن‌خلدون) یاخود (ابن‌رشد)   کە بێ‌وێنە بوّن لە هەموّ دنیا

ئەدەبی هەولێر مۆسڵ و سنجار   بۆ بە سەرمەشقی چەرخی ڕۆژگار
دوکتۆری سنجار پایەیەکی بۆ   لە گشت لا بۆلای ئەهات دەردەدار

ڕەصەدخانەکەی مەراغە مەخصوّص   کاری تیا ئەکرد شێخ نەصیری طوّس
مامۆستای بەرزی دینەوەریّ بوّ   ئیشکال هەڵگری هەزاران نوصوّص

ئەوروّپا عیلمی ئیسلامی وەرگرت   بەگوێرەی فکری‌خۆیشی لێی‌زیادکرد
لەوسا تائیستا لە هەموّ لایە   گەلان‌زانستیان چەندقات دوّقات‌کرد

مەلا ڕەشید بەگ عالمی بابان   (بخاری) هێنا و بە شیرین زوبان
وەری‌گێڕایە سەر زمانی کورد   بۆ ئامۆژگاریّ و ڕێگا پیشان‌دان

لەم‌دوایە بەرگی یەکی چاپ‌کرا   تا بۆ دڵی گەل ببێ بە چرا
صەدهەزار ئەسەف لەویا کەوتووە   کەمێکی نەبێ ئەوی نەفرۆشرا

گەر وەها خزمەت بکەین بە زمان   لاڵ ئەبین لەناو سەرجەمی گەلان
ئەو کەلەپۆرە کەمەیش هەمانە   ئەفەوتێ و ئەڕوا ، بێ‌شك و گومان

ئاثاری صەدان شاعیری ناودار   لە حوجرە و مزگەوت لە کونە دیوار
بۆ بە خۆراکی مشك و مار و مۆر   بە جاریّ ڕۆیی هەروەك ئاوی پار

بۆ شێری خۆتان هەیبەتی نیە   بۆ شێخی خۆتان هیمەتی نیە
بۆ زانای وڵات لە حیکمەت دوّرن   بۆ کاری خۆتان قیمەتی نیە

هەر لادیواریّ کە ئەیڕۆخێنین   پارچە ئاڵتوّنی تێدا دەردێنین
مشکێ دزێویە لەسەر کۆشکەکان   پاش چەندقەڕن ئێمە بەڵگەی ئەبینین

ئەو ئەوروّپایەی ئەمڕوّ لەناوە   دوێنێ سارد و سڕ کەوتبوّ لەلاوە
سەیر چۆن زانستی دنیای داگیرکرد   کلیلی دنیای لەدەس ئالاوە

ئینسان ئینسانە لە هیند و لە سەند   پاڵەوان زوّرن لە لوڕ و لە زەند
هەرکویّ بارانی فەیض بیگرێتەوە   سەوزئەبێ کێوبێ یادەشت یادەربەند

قارەمانانی دۆڵ و دەشت و کێو   چابوك و ئازا و نەترس و بزێو
غەزاکەرانی ڕێگای بەرزیّ دین   یەخسیرکەرانی گشت جنۆکە و دێو

شێری وڵات بوون کە ئەیان‌نرکان   لە کێوەکانا بوبوون بە بورکان
چ لە حوروبی ئەهلی صەلیبا   چ لە (چالدیران) لە چەرخی تورکان

(صلاح‌الدین) بۆ ڕاپەڕین بە سام   بۆ سەندنەوەی وڵاتی ئیسلام
ئەهلی صەلیبی تەفروتونا کرد   بۆ بە قیبلەی گشت موسوڵمان بەعام

بە لایەلایەی پیلانگێڕی شەو   لەشکری ئیسلام چاوی چوە خەو
صەلیب سەرلەنوێ هاتنەوە مەیدان   وڵاتیان هەمو بۆ کردین درەو

هیوامان وایە سەرلەنوێ دیسان   هەوای بێهۆشی دەرچێ لەسەرمان
قودسی پیرۆز و (مسجد الاقصی)   بگەڕێتەوە ژێر سایەی قورئان

چەند ساڵی درێژ بە هەواو هەوەس   عیلم و عەمەلمان دەرچوە لە دەس
ئێستا خەریکین بیرئەکەینەوە   سا خودا بۆمان بێ بە فریادڕەس

دەخیل مەچنە ژێر ئاڵایێ ئەشرار   بۆ دنیا عارە و بۆ قیامەت نار
دۆستی ستەمکار تەم دێ بەسەریا   چاو لەناو تۆزا پڕە لە غوبار

هەزاران خزمەت بۆ نامەردان بێ   قیمەتی نیە هەرچەند بە گیان بێ
مەخصوص ئەگەر ئەو خزمەت‌کراوە   بێ‌موبالات بێ یا بەدگومان بێ

قەت بایێ مەبن بە بەرزێ شانی   بە نان و خوان و بە دیوەخانی
گۆشتی ، جگەری برژاوی خۆتە   ئاویش ، فرمێسکی هەردو چاوانی

ئەو دیوەخانەی لەسەر ستەم بێ   نامێنێ هەرچەند پایەی مەحکەم بێ
ئەو ئاوریشمەی لە کرمی زوڵمە   ئەبێ پۆشاکی ڕۆژی ماتەم بێ

پیاوی ستەمکار لە حەق ناپرسێ   لەبەر هەوای خۆی لە خوا ناترسێ
بەڵام خۆبەخۆ ئەکەوێتە داو   کوێر لە کەنداوا قەت ناخەلەسێ

ئەوەی خاوەنی کوت و زنجیر بێ   ڕۆژێ هەر ئەبێ خۆیشی ئەسیر بێ
قەرزی ئەم چەرخە بە دەستەوامە   ڕۆژێکیش هەردێ ڕاوچێ نەچیر بێ

ماڵێ لە با بێ هەر بە با ئەڕوا   چۆن هاتوەتە دەست هەروەها ئەڕوا
خەرمانی پوچەڵ کاتێ شەنت‌کرد   گەنمە پوچەڵی وەکو کا ئەڕوا

ئەو باوکە شومەی حەز لە غەش ئەکا   کچی داماوی خۆی بێ‌بەش ئەکا
کوڕی لەو ماڵەی سودی پێ‌ناگا   سەرەڕای ئەوەش خۆی ڕوڕەش‌ئەکا

کەس ئەمین نەبێ لە قاری خودا   نە بە نیوەڕۆ و نە نیوەشەوا
مێشولەی نەمرود نەتەوەی زۆرە   بڕوا بە لوتی نەتەوەی ئەوا

سەرە هـاتە سەر هەر تاوانبـاریٚ   ئەگبەت وەك باران بـۆی دائەباریٚ
فیرعەون ئیددیعای خودایێ ئەکـرد   نیل خۆی‌و دەستەی قوت‌دا بەجاریٚ

چێ زۆر بێ‌دەستە بە ئەمری خودا   ئەبـێ بـە ئـاگر بۆ خاوەن سەودا
ئـاو بێ یـا ئـاگر یا ڕەشەبـا بـێ   لـە نیـوەڕۆدا یـا نیوەشـەودا

وەرنـە مێشوولـە کەی بۆ بەو مەردە   ئەمروود تۆش بکـا بەو هەمو دەردە
پزیسکی ئـاگر کـێ لێی‌ئەترسـێ   باڵ‌بگرێتـەوە لـەم هەرد بەو هەردە

خـودا بـۆ جـەزا مەیلی بجۆشێ   بەرگی قەهری خۆی بەحەق ئەپۆشێ
هۆیەکی عادییش دەرئەخا بۆ خەڵك   تـا پیاوی دانـا هۆشی بخرۆشـێ

بە حەقیقەتیش موعجیزئاسایـە   وەرنـە ئـەو ئـاو و ئـاگر و بـایە
تائیستـا بۆچێ خۆیان دەرئەخست   بـۆ لـەم سەعاتـا هـاتنە کـایە

من هەروا ئەڵێـم ئینسـانی عاقـڵ   لە یادی خودا قـەت نـابێ مـاتڵ
کـارەبای سـزا بـە دەقیقەیـێ   ئـاگر بەرئـەدا لـە کەللەی غـافڵ

هەرکەس گەیشتە شان و نانی خۆی   صەد تکا بکەی گوێ نـاگرێ بـۆی
طەبعـی بنیـادەم لەسـەر ستەمە   بێ‌سـتەم سـتەم دەس‌نادا لەبـۆی

ستەمگەر بە دڵ لـە خوا نـاترسێ   بۆیـە لە جـەور و سـزا نـاپرسێ
بـەلام ئەو تـیرەی قـەزا لێی‌ئەدا   چەند هەوڵیش بدا لێی ناخەلەسێ

ئەستێرەی جـەوزا کەمەربەستەیە   بۆئەوەی بۆ حـەق دڵـی خەستەیە
عەقرەبیـش بەنـاو تۆلە ئەسـێنێ   بۆئەوەی بە جـەور ماران‌گەستەیە

یەعنـی ئـەم دنیـا دادگـای عەدلە   حاکمیـش عیلمـی بە ئەشیا سەهلە
دەستووری خودایـش بە عەدالەتـە   غەیری ئەم فیکرە عەنـاد و جەهلـە

واش‌نەبـێ یەکـێ ئەکـا گونـاهان   یەکێ‌تر ئەمـرێ لە قوڵی چاهـان
بەلام نە ئەمیـان بێ‌تاوان ئەمـرێ   نـە ئەو دەرئەچێ لەژێـر گوناهـان

تـا تاوانبـارێ تۆشـی تـا ئـەبێ   چەنـد بەلا تۆشی بێ‌خەتـا ئەبـێ
بـەلام لـە ڕۆژی تۆڵـەی تـاوانـا   بەشی بێ‌خەتا چـەند عەطـا ئـەبێ

دەفتـەری خودا جێی سیڕڕی غەیبە   عالەمی غەیبێ بێ نەقـص و عـەیبە
یـەکێ زانـا بـێ ئـەمە ئـەزانێ   کە ئەو کیتابە بێ‌شـوبهە و ڕەیبـە

ئەوکەسەی کوشتی بەچکەی ئیمامی   زۆ کوژرا لەسـەر فەرشـی ناکامێ
دادگـای خـودا خـەتا ون نـاکـا   ماشەڵڵای ئـەوێ وەزعـی نیظـامی

ئەو ستەمگەرەی دڵ نائەمینە　　کە ئەدا لە خەڵك بە مشتی کینە
ئەمین بێ لەدەس خودا دەرناچێ　　چون خودا خودای گشت عالەمینە

هێز بە حەقیقەت ناگەڕێتەوە　　کێ مەعدەی تێکچۆ ئەڕشێتەوە
ئەوەی کەوتە دۆی دۆکەڵی هەوا　　بە تاوانەوە ئەتلێتەوە

تاوان لای خودا هەرگیز ون نابێ　　بۆ هەر شت هەیە حەدد و حیسابێ
شەهادەی ئەعزا لەبەر لۆمەیە　　بێشکە خەتی (امّ الکتاب)ێ

تا بیرم ڕۆیێ جەوهەرم دەرکرد　　لەبۆ دەسمایەی مەردی کوڕی مەرد
شەرت ئەوەتانێ جەوهەر نەفرۆشێ　　بە مۆروە شینە یا کۆژەکەی ورد

(نامی) ئاگاتە خاکی پێی (جامی)　　ئاگاتە بەرپێی (سعدی) و (نظامی)
بەڵام هەرکەسێ لەگەڵ پڕتەو بێ　　ڕێگا دەرئەکا بەرەو مەرامی

مەبەس هەر لەسەر ئامۆژگارییە　　بۆ دڵدارییە و بۆ دینداریییە
لەسەر نییەتە جەزای کردەوە　　زانا بەدەرۆن ذاتی بارییە

قسەی پێشینان شیرین عەرزێکە

قسەی پێشینان شیرین عەرزێکە　　ناکامێ بەعزێ کامی بەعزێکە
هەر دەس بەدەستە سەربەرزێ دنیا　　وەکو دەستەوام نەوعە قەرزێکە

ئەو ڕۆژە ڕۆژی کەڵپۆس دڕانە　　شادێ گورگان و شینی مەڕانە
نابینێ کاتێ کە لاشەیێ کەوت　　بە دەوروبەریا قالاو قڕانە

قەساب دڵشادە کە مەڕ سەرئەبڕێ　　مەڕیش لەترسا وەختە بفڕێ
چەتە دڵشادە کە ماڵی دەسکەوت　　تاجریش بەندی دڵی ئەبڕێ

کەس ڕزگار نابێ لە دەستی قەزا　　شاد و ناشادە ڕەزا و ناڕەزا
بناغەی جیهان وا دامەزراوە　　ڕۆژێکی سوودە و ڕۆژێکی سزا

بۆ چەرخی گەردوون (وانابێ) نیە　　بەرزێ لەلای چەرخ وێنەی پەستییە
گەلێ خزمەتکار قەسریوایان کرد　　ڕێی ئاغاکەیان لەو قەسرا نیە

کێ بێ خۆی بگرێ لەبەر زەحمەتا　　صابر بێ لەژێر باری نەگبەتا
مەگەر ئەوانەی عەبدن بە ئیخلاص　　مەحشوورن لەسای ئاڵای ڕەحمەتا

ژیان مەکتەبی دەرسی قەزایە　　وادەی تەعلیمی ئەهلی ڕەزایە
کە مردین هەموو ئیمتیحان ئەگرین　　خۆزگەم بەوکەسەی لە نەجاحایە

جیهان کورەیە و ئینسان نیشانە   فەزاکان تیر و فەلەك کەوانە
تیرئەندازەکەیش خودای زانایە   کێ ڕزگار ئەبێ لەم ڕوّی جیهانە

لە ئێش‌ودەردا گشت‌کەس بەشدارە   نەخوێندەوارە یا خوێندەوارە
کە قەزا دەرچوّ ئەدا لە نیشان   بشکێ یا نەشکێ خوا ئاگادارە

ئەبێ هەر مالێ سەیرێکی بکرێ   ئەبێ ماتەمێ کاتێ دای‌بگرێ
بوّ کاتی شادییش تیپی جوانان   لە سەودای سوّڕا زیزیان پێ بدرێ

گشت‌دەردێ خوّشە نەك تانەی‌بەدکار   دلی ئینسانی پێ ئەبێ زامار
پێویستە هەلبێین لە دەسێ نەفام   ئەگینا مەر خوا بمانکا ڕزگار

کەسێ بایێ بێ و نزمێ نەبینێ   بە هەوای بەرزێ هەنگاو هەلبێنێ
کاتێ لە بەرزێ کەوتە خوارەوە   مەتەلەی نزمێ بە حەق هەلدێنێ

دەسم دامێنت برای بەختیار   کاتێ کە بینیت کەسێکی بیمار
قەت شادەکامێ نەکەی بنوێنێ   خوّیشت بترسە لە قەزای قەهار

پیاوی هوشیاری ئەمین و ضامن   قەت شادەکامێ ناکا بە دوژمن
هەرکەسێ گورزێ لە گەردوّن ئەخوا   ئەمڕوّ بوّئەوە و سبەینێ بوّ من

ئەی غونچە وەك گول لێو بکەرەوە   کە بولبول بە داخ هاتەبەرەوە
قەت بایێ نەبێ بە ڕوّسوّرێ خوّت   هاوینیش سەری دێتە دەرەوە

نامەردێ ئاسانە ، مەردێ گرانە

نامەردێ سوّکە ، مەردێ گرانە   قورسێ هەر لەسەر شانی مەردانە
صەد خوّی بەرزت بێ لە ماوەی ژینا   بە خوّیەکی پەست مایەت نوقصانە

توّیش‌وەکوّ مەردان بەشێوەی فەردێ   لادە لە یاسا و شێوەی نامەردێ
هەتا ئەتوانێ با سوّدت زوّر بێ   چ سوّدی گشتێ و چ سوّدی فەردێ

کاری خوّکردوّ دەرمانی نیە   خاکی نامەردان سامانی نیە
لەپاش هەزار سال پەیمان و ئەیمان   ئینسانی بەدخوّ ئامانی نیە

عەیبت وەربگرە لە دەمی دوژمن   دوّست گەز و لالە بژنەوە لە من
ئەم سەر ئەبینێ دوژمن دەست و پێ   لە پشتەوەیە ئازاری دوژمن

وەزعی وەهایە دوژمنی دل‌سەرد   دائیم دەم‌سوّرە بوّ هەرا و نەبەرد
بە مەردێ مەتال ڕابگرە لای خوّت   با زامار نەبێ بە تیری نامەرد

مەتالت هێزە و پارێزە پارە　　ڕەوشتی بەرزیش ڕەددی ئازارە
کە ئەمانەت بۆ وای لە قەڵادا　　پێت ئاگا دەستی ئەو بەدکردارە

پێویستی دڵنەوازی لەگەڵ دۆست

لە گەڵ دۆستانا بە دڵنەوازی　　لەگەڵ دوژمنا زەمانەسازی
ژیران بە مۆی شبێران ڕائەگرن　　خۆیان لائەدەن لە پەنجەبازی

دۆست بە نەوازش بکە بە دڵبەر　　دوژمن بە سازش بکە بە یاوەر
هەتا بتوانی خۆسازی چاکە　　با ئەو دارا بی و ئەتۆیش ئەسکەندەر

ژین یا بە زۆرە یا بە خۆسازی　　ئەگەرنا ئەبی بە گاڵتەبازی
بی ئەم دو جۆرە ژیان خەیاڵە　　گەر (غزالی) بی یا (فخری رازی)

مەردی دامەزرا لەسەر خوڵقی چاك　　بژیت لەگەڵ عام بە دڵێکی پاك
ئیخلاص بۆ خودا لە هەمو کاتی　　تێکۆشان لەبۆ ژیانێکی چاك

بۆ ئەم مینهاجە شەریعەت بەسە　　بۆ دین و دنیا باشی فریادڕەسە
بەلام بە هەوای پیاوی بەدهەوا　　قانونی ژیان هەوا و هەوەسە

تۆ ڕاستت ئەوی هەرچی هەوایە　　هەموی هەوایە و ئەڕوا بە زایە
ئەوەی بەسود بی بۆ ئەنجامی تۆ　　فەرمانبەرداری ذاتی خودایە

خودا طالیبە بۆ خزمەتی حەق　　نەفسیش مائیلە بۆ هەوای موطڵەق
ئینسان ئەوەیە نەفسی بکوژی　　لەسەر ئەمری حەق لانەدا لە حەق

هاتو ناچار بۆی بۆ هەرا و داوا　　بە تەدبیری دین ڕۆبکەرە خوا
چاری گشت دەردی هەر لەلای ئەوە　　بە دەستی ئەوە یارمەتیت بدا

ئەتەوی بی بە گلێنەی چاو　　قەت خۆپەرستی مەهێنەرە ناو
کاتی تەماع و پایە و نارەزۆ　　یاران لەپێش خۆت بێنەرە بەرچاو

لەپاش‌مەرگی دۆست بەچاوی مەردان　　بڕوانە لەبۆ گەلی سەرگەردان
خزمەتیان بکە هەتا ئەتوانی　　ئەمەیە خوڵقی مەردانی مەیدان

لەوەفای حوقوق‌خۆت بی‌هۆش مەکە　　دۆستی بابی خۆت فەرامۆش مەکە
ببی بە پادشای جیهان سەرانسەر　　بە بی‌دڵسۆزی خۆت دڵخۆش مەکە

نیشانەی پیاوان نوری سیمایە　　وتاری خۆش و نۆشی مەعنایە
ئەوکەسەی پیاوە واتە و کردەوەی　　بۆ ناساغی دڵ وێنەی دەوایە

نیشانەی زانا قسەی مەعقوڵە
قسە بێ جێ بێ و کردەوە بێ ڕێ
نیشانەی عاقڵ ئیشی مەقبوڵە
دیارە هێ شێت و گێل و بەهلوڵە

نیشانەی ئیمان ڕەحمە و دڵسۆزێ
باوەڕت بێ ئەگەر دڵسۆز بی
لەبۆ غەمباران غەم و ئاڵۆزێ
بۆ پیرۆزێ خەڵك هەڵئەپڕۆزێ

(جۆدێ) بە گوردێ سەری خستەدەر
یەعنی هەر ذاتی بە حەق سەربەرزە
بۆ کەشتییەکەی نوح بۆ بە لەنگەر
بۆ ڕۆژی نەبەرد ئەبێ بە سەنگەر

نیشانەی شەخصی کەللە هەوایێ
قسەی بێجێگە و شەڕی بێسوودە
لەسەر بەراورد بەپێی زانایێ
باسی بابەتە بێئاشنایێ

دۆستیوا زۆرە هەر بەدیمەنە
یەکەمیان نەفسی ئەمارەی خۆتە
کەچێ پاسداری ڕێی ئەهریمەنە
هەرچەندت بوێ ئەوەند دوژمنە

دۆهەم ئەولادە کە وێنەی گوڵە
ئازاری بۆ تۆ و ئازادێ بۆ خۆی
کەچێ بۆ ئینسان زنجیری دڵە
ئازادبۆن لەمە خەیلێ موشکوڵە

سێهەمیان ژنە کە هۆی ژیانە
بەلام گەلێ جار بۆ ژیانی پیاو
ئارامێ دڵە و خۆشێ گیانە
سەرتاپا دەرد و مەینەت و ژانە

چوارەم دارایێ و سەروەتە و سامان
زۆرجاریش مایەی دەرد و مەینەتە
مایەی عیززەتە بۆ پایە و بۆ شان
پێیەوە بەندە ژیانی ئینسان

ئەمانە خۆشێ ڕۆی سەرزەمینن
دەسبەرداربۆنمان لێیان مەحاڵە
هەروا وەسیلەی مەینەتی ژینن
هەروایش دۆستێکی زۆر نائەمینن

کەواتە ئەوەی واجبی سەرتە
دڵ بدەی بە خوا بەئیخلاصەوە
بەندەگییەکی بێ قەید و شەرتە
دڵ بە بێئیخلاص لە قیمەت پەرتە

نەبێ ئەو دنیا کە بۆ دین نەبێ
صەدجاریش بمرێ بە ڕۆح زیندوە
یا دینێ چرای ڕێگای ژین نەبێ
ئەوەی لە ژینا نائەمین نەبێ

بگەیتە میرڕیخ بچیتە سەر مانگ
مادەم بەڕاستێ خودا نەناسێ
دنیا دابگرێ سەراسەر شەشدانگ
کەڕ و لاڵێکی بێچاو و برژانگ

نامرێ ئەوکەسەی شیرین ئاثارە
لە شوێنی پەستا چاو دەرکی نەکا
وێنەی ئەستێرەی بەرزی سەیارە
لەجێی بولەندا شەوقی دیارە

هەر ئەو ئینسانە ئەمرێ بە شەرەف
نە نە نامرێ چونکە شەرافەت
دۆر بێ لەسەودای بێسۆدو خەرەف
ئاوی حەیاتە و نادرێ بە تەلەف

دەخیل برایان تا وان لە مەیدان فەرمۆاش مەکەن حوقوقی مەردان
ناویان بنوسن بە ئاوی ئاڵتون بە خامەی شەرەف لە کێلەبەردان

فەرامۆش مەکەن ناوی نوسەران هێ دڵسوزانی حەڵقەی ڕەهبەران
بە حەرفی زێڕین دایانبڕێژن هەروەك ئەستێرەی شانی ئەفسەران

صەد خۆزگە نوکی ئەمو قەڵەمانە ئەدەبیان نوسێ لەم کوردستانە
ڕامانئەگرتن لەناو سندوقا بومان ئەگرتن یادی سالآنە

دنیا بازاڕە و دوکانە

دنیا بازاڕە و دوکانە هەرکەس لە شوێنێ خاوەن مەکانە
ئەفلاتون لە دەشت درەمێ ناکا هەرچەند حیکمەتی وەك زێڕی کانە

ناو دار و دەوەن شوێنی هەڵمەتە چالاك لەوێدا خاوەن قیمەتە
مەدرەسە شوێنی دەرس و تەعلیمە ئەفلاتون لەوێ خاوەن عیززەتە

ماڵ خاوەنی بو ئەگا بە قیمەت بەلآم پێویستە بە هەوڵ و هیممەت
بڕوانێ بۆ هەل لەناو بازاڕا ماڵی هەرچۆن بێ ئەڕوا بێزەحمەت

هەزار یاقوت و لەعلی یەمەنێ لای نەفام ناچێ بە گڵە ئەرمەنێ
دوڕ بۆ دوڕناسە زەڕ لای زەڕەنگەر چەك لای جەنگاوەر ئەبێ ببینێ

کە گرانبەها بازاڕی نەما نەکەی بکەوێ بە لەپ و دەما
دەسکە بە کارێ نانێکی تیابێ هاکا سەرچاوەی ئەو نانەیش نەما

حەیف کە تا یەکێ ئەبێ بە بزان هەزاران نەزان ئەیەنە مەیدان
لە هەزارا یەك مەردی کامڵە هەزارانیش هەن هەر بەناو ئینسان

بەلآم هەر تەعمیر چاترە لە تەدمیر هەر تەدبیر باشە بۆ ئەهلی تەنویر
پێغەمبەرەکان سەلامیان لێ بێ لە تێگەیاندن نەیانبو تەقصیر

ئەگەر بتەوێ بارێ بار بکەی تیماری زامێ بۆ زامار بکەی
بە میهرەبانێ وەرە پێشەوە ئاوا ئەتوانێ موشکیل چار بکەی

(لو کنتَ فظاً غلیظَ القلب) نازل بو بۆسەر حەزرەتی نەبێ
بە میهرەبانێ وا پێیگەیاندن بون بە نمونەی بەرزێ ئەدەبێ

ئەمری پێ کرا ببێ بە پەیڕەو لە ئەخلاقەدا بو ئەهلی پڕتەو
هەردەم بە ڕەنگێ ئەهاتە وتار بۆ تەمێ و تەسکین هەر ڕۆژێ لە نەو

ئەگەر ئەتەوێ لە خەڵك تێبگەی

ئەگەر ئەتەوێ تێبگەی لە پیاو — تانەیە یا نوور بۆ گلێنەی چاو
کاتی تەماع و ترسان و ئازار — تەماشای بکە تێ‌ئەگەی تەواو

کە دڵی ئێشا بە ئازار و تاو — حیلم و حەوسەڵەی تێ‌ئەگەی تەواو
کاتی تەماع و ترسانی ئەویش — ئەندازەی حاڵیت بۆ دێتە بەرچاو

دراوسێ‌و شەریك هاوڕێ‌و هاوقەتار — لە خوڵقی یەکتر ئەبن خەبەردار
هەرکام لەمانە بە دڵ ئەمین بۆ — ئەویانە مەردە لە ڕۆی ڕۆژگار

سبەینێ هەرکەس کە هەستا لە خەو — بڕوانە لەبۆ شێوە و قسەی ئەو
شێوە و ڕوخسار و نەبزی گوفتاری — میزانن لەبۆ خۆ و ڕەوشتی ئەو

کاسەی دارو مس فەغفووری و چینکۆ — بە ئاوازەدا دیارئەدەن بۆ تۆ
ئەمانە سەیری ڕەنگیشیان نەکەی — ئاشکران کە چین بە بێ جوستوجۆ

بە گۆشەی چاو و بە ڕێژەی وتار — بۆت دەرئەکەوێ ڕەوشت و کردار
نیگا لەسەرخۆ وتار لەسەر دڵ — ئەبن بە بەڵگە بۆ مەردی هوشیار

قەت ڕێی‌تێ‌ناچێ جۆشی سەماوەر — جارێ هەڵمێکی لێ نەیەتەدەر
وتار صیفەتی خاوەن وتارە — جاربەجار صیفەت ئەبێ بە خەبەر

خەلیل دەلیلە بۆ حاڵی ئینسان — ڕۆ لە کەماڵە یا ڕۆ لە نوقسان
شاکیلەی بەشەر لەسەر هاوشکڵە — حەیوانیش وایە نەك تەنیا ئینسان

کوڕ لەگەڵ کوڕە بابیش لەگەڵ باب — لە ساحەی حەربا یا ڕاحەی میحراب
گیاندار دڵڕوبای وێنەی خۆیەتی — هاوچەشنی یەکن ئەصحاب‌وئەحباب

دایە زانایە بە خوڵقی منداڵ — هاوماڵ ئەزانێ بە حاڵی هاوماڵ
لە ڕێگەی دوورا یا بە مامەڵە — ئینسان ئەناسرێ بە خوڵق‌و ئەحواڵ

پیاوی بەدگومان مەخسوس بێ‌کەماڵ — ئاشنای مەکە بە ماڵ و مناڵ
لەکەی سەرشانت بۆ پەیدا ئەکا — ئەو بەدگومانە تێبگا لە ماڵ

بە باڵ بفڕێت وێنەی فریشتە — ڕێشت مەخەرە دەس هەرزە ڕشتە
ئەوەی کە ڕیشی کەوتە لای مناڵ — شێخ بێ ئەبێتە قەشەی کەنشتە

داوی حەوت باڵە پەیوەندی نەفام — گیرۆدەت ئەکا و ناگەی بە مەرام
سەرکەوتن بۆ تۆ ساڵی بستێکە — داپەڕین ساڵی صەد یاردی تەمام

میوانی شەوێ بۆ خاوەن ماڵێ — ئەبێ بە جاسوس بۆ ماوەی ساڵێ
ئەمری سەرگەورە و ئیطاعەی بچوك — بۆی ئەخاتەدەر گشت وەزع و حاڵێ

گەلـی هەر ماڵێ گوێ لە یەك نەگرن   هەمـوو بە دەردی نەگبەتـێ ئەمـرن
خـانوو میـزانە بـۆ گەلـی ئوممەت   ئوممەتی یـەکدڵ دنیـــا دائەگـرن

ئینسـانی بەدخـوو ژیـانی تـــاڵە   مەخصوص بە پیرێ هاوار لەو حاڵە
صەد جار چـاترە لە بێمـاڵی تـوو   ماڵێ کە جێگـەی ئـاشوب و قـاڵە

بە ڕۆژ بە حەفتە بە مـانگ تێئەگەی   حاڵی هـاوڕازت لـە ظـاهیرەکەی
بەڵام تـا مـاوەی بەسەردا نەیـەت   خولقی طەبیعێ بە حەق تێنـاگەی

دین ئەڵێ فەرزە تۆبـەی تـاوانبار   بە جوانێ بـاشتر ، بە پـیرێ ناچار
بەڵام پـاش تەوبە نـابێ بە عـادڵ   بێ مـاوەی ساڵێ بە حوسنی کردار

ئینسان خۆی لەسـەر ئیشی نابارە   شەخسی حەقپەرست یەك‌لەهەزارە
ئەگەرنا مادەم حـەق پەروەر زۆرە   بـۆ بـاری ئوممەت بەم‌جۆرە لارە ؟

لە شـێت بپرسـێ ئەڵـێ عـاقڵم   نـاقیص بـانگ ئەکا ئەڵـێ کـامڵم
جا ئەگەر وایە بۆچێ چەرخی حەق   لـە سوڕانـەوە ئەڵـێ مـاتڵم

ئینسانت ئەوێ بەمەعنـای ڕاسـێ   بە یەکێ ئەڵێن سـێ شتی ناسـێ
یەکەم قەدری خۆی دووهەمین خـودا   سێیهەم یاسای ڕۆژ بە لار و ڕاسـێ

کـامڵ یەکێکـە قەت غـافڵ نەبـێ   بە دڵ مـایلی ڕێـی بـاطڵ نەبـێ
لـە وەرگرتنـی ڕاوێـژی ژیـران   بەقەدەر پێویست قەت مـاتڵ نەبـێ

عـاقڵ ئەوەیـە زانیـاری فەن بـێ   هیوای بە کـاری بەرز و پەسەن بێ
بەنـدی خۆسازێ لە ڕۆژی ڕەشـا   بۆ ملی دوژمن وێنەی کەمـەن بـێ

یەکێ بۆ ئوممـەت بە دڵ تێکۆشـێ   بـە کولۆرێ زێـڕ بستی نەفرۆشێ
نـامەردە ئـەوەی وەتـەن فرۆشە   بـە میـزانی حەق نـاهێنێ پۆشێ

مەرد کار و قسەی تێهەڵکێش ئەکا   نەك هەر بە وتـار دڵت ڕێش ئەکا
(لِـمَ تقولـونَ ما لا تفعلـونَ)   بەســە بـۆ کەسـێ دڵی ئێش ئەکا

دڵخوازی سۆکـان بەرزێ دنیـایە   سۆك لەبەر سۆکێ سەر بـە هەوایە
نـازانێ هــەوا ئەیخـــاتە زەوێ   ئەوجا گیرۆدەی جیزیـە و جەزایـە

پیـاوی هەڵکەوتوو لە کورەی ئافاق   ئەبـێ دارا بێ بو گەلـێ ئەخـلاق
هەندێ خولقی بەرز، هەندێکی نەوێ   تـانی بێ‌پۆیـە نـاشێ بـۆ تفـاق

ئەوکەسەی زانـای جیهـان ئارایە   لە وەزعی دوێنێ و ئەمـڕۆ ئـاگایە
بەم دوو ڕۆژانە قەڵغان وەرئـەگرێ   بـۆ ئەو داوایـەی سـبەی بەرپایە

هەر مصیبەتێ ڕۆیدا لە جیهان   خاوەن ڕیشەیە دیار بێ یا پەنهان
تا ئەو ڕیشەیە ڕیشەکێش نەکەی   قەت ئەمین مەبە لەو بەلا دیسان

خزمەت بێخێرە لە داری دنیا   ئەگەر خێری خەڵك نەبێ لەگەڵیا
کەی عەبدی خودا بەتێرێ ئەنوێ   دراوسێی برسێ بمرێ لە دەریا

دۆرمەکەونەوە لە وەزعی عالەم

دۆرمەکەونەوە لە وەزعی عالەم   لە خزمەت کردن بۆ عیلم و عەلەم
شەرەفە خزمەت بە ئیسلامەتێ   وا بۆ پاشەڕۆژ دابەن سەلەم

موسوڵمانەکان هەمۆیان شوانن   بە مەسئۆلییەت ئەرك لەسەرشانن
هەریەکی بەشێ فەرزە لەسەری   هەمۆ بەرپرسی ذاتی یەزدانن

بۆ خوا بۆ ڕەهبەر بۆ قورئان لەبۆ   موسوڵمانانی برایانی تۆ
تایبەتێ فەرزە ئیخلاص بۆ سەرۆك   سەرۆك پێشەنگە بۆ کاروانی تۆ

بەمەرجێ بەپێی کیتاب و سوننەت   بەرێبەڕێوە ئومۆری میللەت
لە موافیقی شەرعا بەولاوە   بۆ هیچکەس نیە فەرمان و طاعەت

من من و تۆ تۆ مەخەنە ناوبەین   بەشی هەرکەسێ فەرزە لەسەرعەین
بیشلێین ئەو فەرزە هێ کیفایە بێ   تۆ جێبەجێیکە ئەی نۆریعەینەین

بە من و تۆیێ دنیا وێران بۆ   حەکیم لە چارەی ئینسان حەیران بۆ
تۆ ئەگەر خانۆت بەڕێوە ئەبرد   بۆچێ سەرخانی وا بە ژێرخان بۆ

هاودین براتە با بێنامە بێ   بێگانە یا دۆست خاڵ یا مامە بێ
کەتۆ باوەڕت بە ڕەهبەر هەبێ   سەرداری سوپا با (اسامە) بێ

دەستۆری ڕەهبەر خزمەتی خەڵکە   بە هەر خزمەتێ بەسۆد و کەڵکە
واجباتی دین حیسابی نیە   هەندێکی بۆ خۆت هەندێ بۆ خەڵکە

صەد ڕشتە تەزبێح نابێ بە دۆ نان   یا کاسە ئاوێ لەبۆ هەتیوان
نەصصی (واللهُ فِي عونِ العبدِ)   بۆ یارمەتییە لەبۆ داماوان

حەزرەتی ئەحمەد سیراجی وەهاج   خزمەت هەڵیگرت بردێ بۆ میعراج
خزمەتە مایەی ڕەزای خوداوەند   خزمەتە پایەی بەختو تەختو تاج

مورشید ئیرشادی خەیرە بۆ خزمەت   بۆخزمەتکارێ و تەربییەی ئوممەت
نەك بۆئەوەیە خزمەتی بکەن   بە کار بە دینار بە وەج بە قیمەت

زامی دەروونم ئەکولێتەوە   کە برای باشم بە بیر دێتەوە
هەوایان دەرکرد لەناو دەروونا   چون دین بە هەوا سووێی ئەبێتەوە

موسوڵمان چون گوڵ ئەگەشێتەوە   خێری عالەمی لێ ئەبێتەوە
ئادەمێ نیە ئینسانی بێ‌خێر   گیان‌لەبەرێکە ئەسووڕێتەوە

زیخ وا لە کەوشی ئەوا ئەلەنجێ   خەیاڵی خاوە لە حەق ئەڕەنجێ
برا نابوورێ لە برای دڵسۆز   بە کوپەی گەنجێ نا ، بە برنجێ

مەردێ بە کوردێ صەفایەو ئیخلاص   صەرفی نەظەرە و خزمەتەو سوپاس
بە ئەمری چاکە و نەهی لە فەساد   (خیرُ اُمةٍ اخرجَتْ للناس)

ئاخ بۆ دڵداری خاوەن کەماڵ بێ   ئاخ لەبۆ یاری حاڵ‌زانی حاڵ بێ
ئاخ بۆ هوشیاری زانا بێ بە دڵ   ئەمانەتداری سیڕزێ ئەحواڵ بێ

فەرامۆش مەکەن فەریدەی فەردم   خۆ بێ‌هۆش مەکەن لەبارەی دەردم
لەپاش مردنیش من بە دڵ زیندۆم   هەر چاوەڕوانی دیاری مەردم

بنووسن لەسەر تەختەی بەردانم   حەڵقە بەگۆشی جەوانمەردانم
هەرکەس بە مەردێ سەری نایەوە   بۆ دەردی سەری بەلاگەردانم

بۆ هەر کۆمەڵێ گەورەیێ شەرتە

بۆ هەر کۆمەڵێ گەورەیێ شەرتە   کۆمەڵی بێ‌سەر سامانی پەرتە
ئوممەتی ئیسلام نابێ بێ‌سەر بێ   سەر بۆ ژیانی بەڕاستێ شەرتە

دوو کەس یەك‌کەوتن بە دینی ئیسلام   یەکیان مەئموومە و ئەوی‌تر ئیمام
بێ‌گەورە و بچووك ژیان مەحاڵە   ئەمە دیارییە لەلای خاص و عام

حەیوانە کێوێ بزن یا مەڕن   بەدوای دەلیلا کێوان ئەبڕن
هەنگ بە ئاهەنگ و باڵەبانەوە   بەدوای شاهەنگا بە باڵ ئەفڕن

گوێ‌بگرن لەیەك کاتێ دێنە دەنگ   مەیکەن بە ڕازی ڕێی قاز و قوڵەنگ
وتاری بەسوود گەوهەری تاکە   گەوهەری خۆتان مەشکێنن بە سەنگ

ئەوەی ئەیەوێ کاری پەرداخ بێ   لەگەڵ گەلی خۆی با دڵی ساغ بێ
بەتایبەت کاتێ تەماعی دنیا   بەشی خۆی خار و ئەوان گوڵباغ بێ

کاتێ ئەم وابوو ئەوان بێ‌گومان   پێشکەشی ئەکەن سەروەت و سامان
نەك تەنیا ماڵیان ئەکەن بەفیدای   بەڵکو پایە و شان لەگەڵ ڕۆح و گیان

ئینسانی مادی مەذهەبی نیە — غەیری هەوای خۆی مەتڵەبی نیە
ئینسانی ڕۆحییش مەیلی خزمەتە — ئارەزوی ماڵ و مەنصەبی نیە

هەر بەراوردە عەیارەی بەشەر — جیا ئەکاتەوە ڕێگر لە ڕەهبەر
دەماغ چاترە لە ئاموژگاری — سوراوی ناوی ڕوخساری دلبەر

عیبرەت وەرگرتن لە زەمانە

هەرکەس وەرنەگرێ عیبرەت لەئەییام — عومری ئەسوتێ بێ‌سود و ئەنجام
تۆ ڕاستت ئەوێ کارەساتی چەرخ — لەبۆ خاوەن فام ئەبێ بە ئیمام

هەرکەس ئەبینێ خوزگە بە پارە — هەرچەند خۆی ئەمڕۆ وەزعی لەبارە
بۆچێ چون ئەوسا دلی سادە بو — ئیمڕۆ هەلگری باری ئەفکارە

لەشم نەخۆشە و دلم مەلولە — عەرزی دەردی دڵ بە عەرض و طولە
بۆیە هەرکاتێ کە بایێ هەلکا — ئیتر کەلەی من بە گەردەلولە

موشکیلەی دنیا نابڕێتەوە — یەکێ حەل ئەبێ هێتر دیتەوە
دنیا وابوە و هەروەهاش ئەڕوا — تا قاپێ ئەولات لێ ئەکرێتەوە

ڕزگاریش بێ لە دەستی عالەم — لە دەستوپێی خۆت دێتەڕێت ئەلەم
لەمیش ڕزگاربوی بەخۆت‌گیرئەخۆی — بۆ سەرەنجامیش (الله اعلم)

ژین ساتێ شادێ و ساتێ سەختییە — شادێوخەمبارییش وەزعی وەختییە
ئەوەی بەسودە بۆ حالی بەشەر — عاقیبەت خەیرێ و خاوەن بەختییە

لەوساوە ئادەم کەوتوتە زەوێ — بەشەر ئەجولێن لە بەرز و نەوێ
قەت ئارام نابێ چینی ئادەمێ — مەگەر تیپێکی بە دڵ مەعنەوێ

ها ها وەرە سەیر ڕێزی کاروان — مێژوی ڕابوردوی گشت ڕابوردوان
هەر شورو غەوغاو هەرا و نەبەرد بو — هەر سەر بۆ هەر پێ کەوتبوە مەیدان

ئەوەی بەدەستە بێ‌دەس ئەکوژێ — خوێنی جگەری ژەمژەم ئەمژێ
لەپاش چەند ڕۆژێ ئەمیش ئەکەوێ — وەزعێکی‌وا دێ ئەمیش ئەهەژێ

توخوا ژیانێ ئەمە بێ یاسای — نرخی کامەیە ئەگەر مامۆستای
کەواتە بە دڵ ڕوت لە ڕاستێ بێ — ئەگەرلەمەعەرزا چەندسات ڕاوەستای

کولەکە ڕاست بێ دەس‌ئەدا بۆ میل — کە بۆ ڕێبواران بکرێ بە دەلیل
لامەدەن لە ڕێی ڕاست و حەقیقەت — بە مەیلی لاران دەخیل صەد دەخیل

مالٚ و جەماڵ و کەماڵی ئینسان   ئیش ئەکەن بۆتان بە فەیضی ئیحسان
کە بێحاڵ کەوتن پارەیێ ناژین   بەتایبەت لەلای پیاوی نائینسان

زینهار براکان بە دڵ گوێ بگرن   هەلی پیرۆزێ بە دڵ ڕابگرن
گەنجێو طاعەتو خوێندنی حیکمەت   صوحبەتی مەردان بە دڵ ڕابگرن

لە هەر بەلایێ پەندێ وەربگرن   سەرڕشتەی مەبەس بە بازۆ بگرن
ڕۆژێ ئەمین بۆن بە دڵ هوشیار بن   حەذەر پێویستە هەتاکو مردن

ئینسان لەسەر ئاو بێباکە بۆ ئاو   هەتا لێیەدا تاوێکی هەتاو
بۆ پیری لات و نەخۆشی نەزان   بێسۆدە هاوار یا جۆشی هەناو

گومان نامێنێ بۆ بەنێئادەم   مادەم بڕوانێ بۆ حاڵی عالەم
ئیش ئەو ئیشەیە بیزانێ و بیکەی   کە چاوەڕوان بۆی ئەمرێ بە ماتەم

لاپەڕەی ژیان بە دەس وەرگەڕا   ئالای ژینێکی تازە هەڵکرا
ئەو نەوعە ژینە کە ئێمە دیمان   لە صەد نەوەدی لەناو لابرا

ئاخ دایەی دنیا بۆ ئێمە پیر بۆ   لە تەمێی بەچکەی بە دڵ زویر بۆ
لەبەر بێشیرێ دامانە کێوان   بەوەحشەت دڵمان بێخێر و بێر بۆ

ڕۆڵەی ئەم ڕۆژە وا هاتوە بۆیان   خۆیان ناشوبهێ بە بابی خۆیان
مەگەر قەییافی خاوەن مەعریفەت   لێیان حاڵێ بێ بە ڕەنگ و بۆیان

دنیا هەرچۆن بێ خودا خودایە   زەوێ هەر زەوێ و سما سەمایە
هەروا لەسەرمان پێویستە کۆشش   تا جێدەسمان بێ لەم ڕۆی دنیایە

بڕۆنە ڕێزی گەلانی مەشهۆر   بەعیلم و حیکمەت بەخولق و شوعۆر
بۆ دین و دنیا پارە وەربگرن   بژین بە شادی و بە دڵی مەسرۆر

منال بە کاڵێ بکرێن بە عەسکەر   بۆ سوپای سەربەرز بین بە ڕەهبەر
بە تەمێ و تەعلیم بدەن لە نیشان   لەباتێ بەندە بین بە سەروەر

فێری فەن بین بۆ ماوەی ژیان   بۆ سەرفەرازێ لە چەرخی جیهان
ئیسلام بیناغەی عەقڵ و حیکمەتە   هەر موسوڵمانە ئەشێ بۆ مەیدان

دینمان وەربگرین بە عەقڵ و تەمکین   تەطبیقی بکەین بە یاسای شیرین
دین بە حەقیقەت هەتاوی بەرزە   ڕۆژ هەر پێویستە لەبۆ سەرزەمین

هەروا پێویستە نان و بەرگ بۆ پیاو   هەروا پێویستە خاك و هەوا و ئاو
پێویستە دین و خولقی مەردانە   ئینسانی بێدین ئەمرێ بە بێچاو

ئایین تەوحیدە و ڕەهبـەر و کیتاب   فریشتە و ئیمان بە جەزا و حیساب
فریشتە کتێب دێنێ بـۆ ڕەهبـەر   ڕەهبەر ئیمامە بـۆ ڕێگەی صـەواب

هـەر کردەوەیێ لـە دنیـا بـەرزە   بۆ پیرۆزێ تـۆ پێویست و فـەرزە
یـا یارمـەتییە بـۆ ژینی خۆتـان   یـا بـۆ سەربەرزێ مەیدانی عەرزە

چێبکـەم لـە پـیری سەر بە بەڵاوە   مردوە و ئـەژێ بەسـەر دنیـاوە
نە کامی خەوە و نـە تـامی خۆراك   نـە جـامی ذەوقـی مـاوە بـەڵاوە

ئـەگەر بمـەوێ ئـاخێ هەڵکێشـم   ئەسـرێ بڕێژم بـۆ سـۆکێ ئێشم
وەهـا دەمـاغم وشـك و بێئـاوە   ئەبێ لە خوێنی جەرگێ هەڵکێشـم

ئـاخ کـاتێ گەنجیـم ئـەگەڕایەوە   دەورێکی دنیـام لێـك ئـەدایەوە
هەرچێ بەراورد بـۆی دەرخستووم   بـەو شـێوە ڕەفتـم بکردایـەوە

خۆزگـە و کاشـکێ ڕازی نابـۆدە   نـاڵە لـە قەزا سـازی بێسـۆدە
هەزار ئاخ و داخ دەرچێ لـە سینەت   نابێ بـە جـۆدێ بـەهرەی وجۆدە

هەروەهـا بـوە جیهـان لەمەوبـەر   هەروەهاش ئەبێ تا ڕۆژی مەحشەر
مێژۆی ڕابـۆردۆ وامـان پێئـەڵێ   بە بازۆی هێـزە ڕزگـارێ بەشـەر

ئـەو خوێنە گەشەی لـەناو دڵمایـە   تکێکـە بـەڵام وێنـەی دەریـایـە
هـەزار ماجـەرای سـزا ئەنۆسـێ   هێشـتا ئـەو تکە لـە جێی خۆیایە

(قلْ لو کانَ البحر) فەرمۆدەی حەقە   ئەسراری غەیب و شەهادەی خەڵقە
(عـالم الغیـب والشـهادە)یـە   ئاشکرا و پەنهان لای ئـەو بێفەرقە

ئادابی وتار

ئادابی وتار لای مـەردی هوشیار   چ لەگەڵ پاشـا و چ لەگەڵ هەژار
ئەوەیە نـەرم و ساغ و دڵگـیر بێ   شـادێهاوەر بێ بـۆ دڵی بیمـار

کە کەوتە لای تۆ سەرڕشتەی وتار   ڕۆ بکە بـۆلای خوێشان و ئەغیـار
هەرکەس بەپێی خۆی بەشی بدەرێ   با نەبێ بەهـۆی مەینەت و ئـازار

لەگەڵ هەرکەسـێ کەوتیتە کـەلام   نۆبـەی بـدەرێ بەگوێرەی مەقـام
قسـەیێ بـکە و یـەکێ وەربگـرە   مەبە بە صەفحەی سـندۆقی گرام

لەبۆ هـەرکاتێ و بۆ هـەر مەقامێ   دەستۆرێ هەیە و جـۆرە کەلامێ
جیـاوازە قسـە لەگـەڵ کامـەران   لەگـەڵ وتـارت لەگـەڵ ناکـامێ

لەگەڵ هەرکەسێ بەپێی عەقڵی‌خۆی   بێژە سەرباسی گفتوگۆ لەبۆی
حەکیم بەمەنطیق ، شاعیر بەئەدەب   شوانیش لەمەڕو شێرو کەشك‌و دۆی

مەجلیسی مەردی هوشیاری فەننان   مەهێڵن ببێ بە کانێ ژنان
کە هاتە وتار دڵی بدەنێ   پەندی وەربگرن بۆ چەرخی زەمان

هەرکەس خۆی نەکا بە ئەفلاتونێ   بۆ خۆی دابنێ یاسا و قانونێ
حیکمەت گەوهەری ونبوی ئێمەیە   با وەری‌بگرێ و بدا ئالتونێ

قسەیێ مەکە تەئویل هەڵبگرێ   مەعنای بە هەمو لایەکا ببرێ
تۆ ئەگەر قسە بۆ خەڵکێ ئەکەی   قسە وا بکە خەڵك گوێت لێ بگرێ

قسەت مەنقوڵ بۆ خاوەن ئیسناد بێ   ئەگەر مەعقوڵ بۆ ساغ و ئازاد بێ
حیکمەت ئەوەیە لەسەر حەقیقەت   بە یاسای واقیع خاوەن بونیاد بێ

لەگەڵ هەرکەسێ بەپێی فامی خۆی   ئەتوانێ گەوهەر هەڵبژێرێ بۆی
بەڵام بێ تەحقیق نەیکەی بە مەحرەم   ڕازی دەروونت هەڵنەڕێژێ بۆی

گشت حەقیقەتێ پەی پێ نابرێ   گشت مەضمونێکیش بەیان ناکرێ
ئەو مەعلوماتەیش قابیلی باسە   ذیهنی هەمو کەس وەری‌ناگرێ

دڵ مەکەرەوە بۆ وردە منداڵ   بۆ بەدگومان و شەخصی بێ‌کەماڵ
کلیلی خانو بە کەسێ بدە   ئەمین بێ لەسەر وەزعی ماڵ و حاڵ

بەڵێ حوسنی‌ظەن شێوەی ئیسلامە   قەت وانەزانێ موطلەقە و عامە
مەرجی حوسنی ظەن ئەوەیە کەوا   بزانێ لەگەڵ کێیە و بۆ کامە

کەسێ بە باشێ حاڵی تێ‌نەگەی   دەخیل بێ‌دەلیل تەعریفی نەکەی
نەك لەخۆڕایێ بێ بەداوەوە   بوار نەزانێ قەت لە ئاو نەدەی

ئەندازەی وەڵام لای پرسیارە   زیاتر بێ لەوە مایەی ئازارە
وەڵامی سادە بۆ کەم زەینانە   فەلسەفەیش لەبۆ مەردی هوشیارە

بەڵێ ئەوکاتەی هاتیتە تەقریر   بۆ خەلقی ئیشکال کەوتیتە تەحریر
ئەسپی بەلاغە و پۆشاکی بەدیع   بهێنە مەیدان لەگەڵ فکر و بیر

زۆر شیعر هەیە سیحری حەلاڵە   زۆر پەخشان هەیە وەك زێڕی قاڵە
مەبەست تەعمیری دڵی وێرانە   مەبەس تەحریری خاوەن کەماڵە

ئەگەر بۆ بەرپەرچ یا بۆ ئیرشادە   بە تەعبیری خۆش عالەم دڵشادە
قسەت خۆش نەبۆ حەق بێ یا بەتاڵ   بە بێ‌سوود ئەڕوا و ڕەنجت بەبادە

دڵ پەلـەوەرە لە جـۆری وەحشی   داوی ئولفەتە و دانـەی ڕۆخۆشی
داو و دانـــەی‌وای بـۆ بنێـرەوە   ئەگەر ئەتەوێ بۆ خـۆت ڕایکێشی

واتـەیێ ئەبێ بە پایـەی زەحمەت   یەکێکیش ئەبێ بە مایەی ڕەحمەت
قسـە هەوایـە بـە بایـەکی دەم   بۆ خۆت ئەخەیتە ناوداوی مەینەت

بەتایبەت ئەوەی کـە تانـە و عارە   زامی لـە دڵا وەك زامـی مـارە
زامی نـوکی ڕم خـۆش ئەبێتەوە   ئەوەك ئەو زامـەی بەهۆی وتـارە

نـازانێ هـەزار زانـای جـەدەلێ   تەئثـیری ئەکـرد بـە زۆرەملـێ
بەلام بەنـەرمێ ئینسـانی هوشیار   شێر ئەگرێ و دەستیش ئەکاتە ملی

لەگەڵ ئـادابی ئایـین و مەزهـەب   بێرە سەر بەیان بەشێوەی ئەدەب
هەر بۆ ئەدەبـە تەربییـەی پیران   هەر بۆ ئەدەبە مەدرەسە و مەکتەب

تەربییە و تەمێی مامۆسـتای ئاگا   بۆ ئـەو شـاگردەی لە قسـە بگـا
ئەنگوسـەویلەی یاقـوت نـگینە   بیکاتـە پەنجـەی ڕەنـجی بێ‌ئـاگا

داوای ڕۆ لە خوا کردن

بە قسەی بـاش و ورد و پڕمەعنا   بانگی خـەڵك بکە ڕۆبکەنـە خـوا
قەت وانەزانێ قسەی تاڵ و سوێر   خەڵك ئەخاتە سەر شاڕێگەی هودا

قاڵـە و دەمـەدەم ئـازار و دەردە   هەتا هەی ڕێگـەی قاڵەقاڵ بەردە
کەللەڕەق مەبە چونـکە کەللـەڕەق   ڕەنجی بەرباد و هەناسەی سەردە

گوێچکەی کەڕ ئەبێ لە نەوای خوایێ   خۆی لەناو خەڵـکا لێ ئەبێ بایێ
چونکە بـاوەڕی هەر بە خۆیـەتی   تا مـاوە ئـەژێ هـەر بـە تەنیایێ

وێنەی (مانێ) بێ لەبۆ نەققاشێ   بـە نوکی ئـەڵماس بلـوور بتاشـێ
لەلای کەللـەڕەق هـەر بێ‌هونەری   لەجیـاتێ ئوسـتاد پێت‌ئەڵێ ناشێ

سا وەسیەتتان بێ لەبۆ ماوەی ژین   کەللەڕەق مەبن بـەرەو ڕۆی یەقین
چۆنەوە سەر حەق ڕەوشتی چاکە   بۆ کـاری دنیا هەم بۆ کـاری دین

موددەعێ ئەبێ حـەق بکا ئیسپات   بۆ حەق لانەدا لـە ڕێگای خەبات
خاوەن سوئالیش پێویسـتە بەتاڵ   لەسـەر دەرۆنی خەڵـکێ لابـات

وەستان بە نوکوڵ ، گوریز لە مەقام   بۆ ئەولا و ئـەم‌لا ئیفحامە و ئیلزام
بەڵـێ ئینتیقـال لە دەلیـل ئەبێ   لەسەر یاسای حەق لەبۆ خاص‌وعام

هونەرت عەیبە لەلای بەدخواهان فەضلی ئاشکرات لەلایان پەنهان
بەلام لای حەقبین عەیب و هونەرت جیا ئەکرێنەوە هەردۆ بە میزان

مەحەببەت یاخود ڕقت لە کەسێ گوێچکەت کەڕ ئەکا و چاوت ئەبەسێ
خراپەی ئەویان بە چاو نابینێ گوێیشت هیچ چاکەی‌ئەمیان نابیسێ

بەلام خاوەنی دەروونی زیندو ئەتوانێ بە بێ سەنگ و ترازو
چاکە و خراپە جیا بکا لە یەك حەقی خۆیانیان بداتێ هەردو

ترازوی ڕاستێ کیتابە و سوننەت هەروەها عەقل و ویژدان و حیکمەت
بەم سیانە چاکە و خراپەی هەموان ڕوون ئەکرێتەوە بۆ تێکڕای ئوممەت

چوار کەلیمەهەن زۆر زۆر مەغدوورن لە مەعنای ئەسڵێ خۆیان زۆردوورن
دین و دیعایە و سیاسە و ئەخلاق خیلافی ئەوەن ئیستا مەشهوورن

دین هەر کیتابە و سوننەتی ڕەشید سێ ئەصلی هەیە یەکەمیان تەوحید
دوەهەم ڕەهبەرە سێیەمین جەزا لەسەر مەنهەجی ڕەهبەری مەجید

دیعایە واتە ڕێگەی خێر و شەڕ بە بێ فڕوفێڵ دەربخەی یەکسەر
سیاسەت یەعنی ئیدارەی میللەت بەجۆرێ بژێ شاد و بەختەوەر

ئەخلاق ڕەوشتی خاوێنی ئینسان بەگوێرەی ڕێگای ئایاتی قورئان
بەو نەوعە کەوا ڕەسوڵی ئەکرەم پیشانی ئەدا بە موسوڵمانان

مەعنای ئەمڕۆی دین بۆ بە سەرکزێ دیعایە درۆ و سیاسەت گزێ
ئەخلاقیش واتە ئارەزوبازێ بۆیە وا پایەی ئەخلاق دابەزێ

لە خوام داوایە ڕەهبەرانی دین لەسەر شاڕێگەی (خیر المرسلین)
خوا سەریانبخا بۆ نەشری ئاداب تا بە سەربەرزێ و پیرۆزێ بژین

لێکدانەوە بۆ زانایان

تەحقیق بۆ زانا (خیر الشعار)ە شێوەی زانایان تەحقیقی کارە
تەحقیق بورهانە لەسەر بەصیرەت نیشانەی دین و شێوەی ئەخیارە

ئەڵێ دەلیلە دین و ئایینم کەچێ هەر عادەت لەوا ئەبینم
تەحقیق و عادەت (عام من وجه)ن باش وردبەرەوە برای شیرینم

عادەت و تەحقیق کە بوون بە هاوسەر ئەبن بە مایەی پیرۆزێ بەشەر
بەلام عادەتێ لەسەر حەق نەبێ دڵ ڕانەکێشێ بۆ ناری سەقەر

دەلیل لەم باسا عەقڵ و بورهانە   سوننەتی نەبیێ و نەهجی قورئانە
چ بە ئیستینباط چ نوصوصی دین   ئەمەیە مەبدەء بۆ ئەم مەیدانە

مەبدەء پێویستە بە یاسای ئاداب   بە عیلمی مەنطیق بە حوکمی کیتاب
بەڵێ ئیستیدلال بە عەقڵی سەلیم   شارەزات ئەکا بۆ ڕێگەی صەواب

شەخصی بێمەبدەء ڕوشدی مەحاڵە   جەدەل لەگەڵیا ئیشی بەتاڵە
مەبدەء دینەو عەقڵ حەواسی بەشەر   لەمانە بەدەر هەمووی ضەلالە

لەگەڵ مەبدەئدا پێویستە ئینساف   ئینساف ئەساسە بۆ ڕەفعی خیلاف
ئەغلەبی خیلاف جەهل و عەنادە   عەناد پەردەیە لەسەر دڵی صاف

دین لەپاش ثوبوت میعیاری حەقە   ئەگەر تێبگەی حەقی موطڵەقە
دین و عەقڵ و عیلم برای شەقیقن   ئەساسی هەموان مەبدەئی حەقە

قورئان موعجیزە بە لەفظ و مەعنا   ئەمە ئەزانێ ئینسانی زانا
ئوممیێ ناخواندە بێوەحیی خودا   دوورە لە کەشفی عالەمی ئەعلا

غەیبو شەهادەو ماضیێومستەقبەل   بۆی‌هات بەموجمەل یا بەموفەصصەل
بە نەوعێ عاقڵ سەرگەردان ئەبێ   (تعالى الله العزيز الاجل)

میعیاری سوننەت لەلای زانایان   عەقڵی سەلیمە و هاوبیرێ قورئان
دینێ کە لەسەر ئەم دەستوورە بێ   ئوممەت پێیئەژێ تا ئاخر زەمان

دینێ حەزنەکا بە ئێش و ئازار   نیشانەی زانست بخاتە دیار
دینێ کە دین و دنیا یەکبخا   لەناو ئەدیانا خۆیەتی موختار

دینێ عەقڵی ساغ لەوا ئازاد بێ   ڕێی تەحقیقات و ڕێی ئیجتیهاد بێ
دینێ شوعوور بێ بە مەسئوولییەت   ئەبێ ئەو دینە عەینی ڕەشاد بێ

دینێ عەدالەت لەوا نیظام بێ   لەسەر موساوات بۆ خاص و عام بێ
دینێ کەرامەت بە تەقوا دانێ   ئەبێ ئەو دینە دینی ئیسلام بێ

دینێ بە وەفا و بە دڵسۆزێ بێ   دینێ بە صەفا و بە پیرۆزێ بێ
بەرابەر بە حەق سینەی گوشاد بێ   بۆ ناحەق کارێ پڕ ئالۆزێ بێ

دینێ طالیبی عیلم و صەنعەت بێ   دوژمنی مەکر و فێڵ و بیدعەت بێ
دینێ ئارەزوی لە حەقیقەت بێ   ئەبێ دەوامی بە طەبیعەت بێ

لەم دینە بەرزا قورئان ئیمامە   قورئان سەرچاوەی هەموو ئەحکامە
(محمد) بە حەق ڕەهبەری دینە   عینوانی بەرزێ دینی ئیسلامە

یەعنی ئیطاعە بۆ خودای عالەم   لەسەر ئەساسی عیلمی موسەللەم
یەعنی ڕزگاریی شوێنکەوتووانی   لە جەهل و جەور و ڕەذیلە سەرجەم

دینی وەهابی لەسەر ئیستیدلال   ئینسان بباتە سەر بەرزیی و کەماڵ
ئەسەفە هەوا و عادەت ڕێی بدریی   بۆ دڵی ئینسان وەکو خەوش و خاڵ

لە هۆشە و هەوا من گەلی پەستم   هەواباز نەڵێ من حەقپەرستم
بڵێ بۆ خۆشی هەوا و ئارەزۆم   چۆن بۆم هەڵسوڕا وایە مەبەستم

ناخۆشە زانایش بە وێنەی نەزان   عادەت و هەوا بکا بە میزان
ئینسانی نەزان عوزری مەقبوڵە   بێعوزرە زانا ببێ بە نەزان

ئەرز و ئاسمان لەبەر خەیانەت   ترسان هەڵگرن باری ئەمانەت
ئێمە هەڵمانگرت بە سادە لەوحی   فەرموون چی لێ هات باری ئەمانەت

(کلکم راع) فەرمودەی ڕەهبەر   فەراموشکرا لای گشتمان یەکسەر
بەڵام ڕۆژی خۆی داری عەدالەت   ڕیعایەتنەکەر گشت ئەداتەبەر

بێداربن هەوا داری حەوباڵە   عادەت و عەناد کەمەندی زاڵە
ڕاوچی بەمانە نەفسی بەدخوە   چاری ئەمانەیش عەقڵ و کەماڵە

ئاخ زاناکانمان بە فیکری وریا   وردئەبوونەوە لە نەویی و باڵا
جا حاڵی ئەبوون حەقیقەت چیە   کێ حاڵی بوە ، یا نە ، لە مەعنا

بەوێنەی هەسان هەندێکەس بۆ ژین   ئەساون تێغی پیاوی بێتەمکین
کە تێغیان تیژ بوو ئەو بێ دینایە   یەکەمجار ئەبڕن دەستی ئەهلی دین

برای دڵسۆزم کە بوی بە هەسان   بۆ خۆت بساوە تێغی خوراسان
سیلاح بە یاسای ئیسلام سوننەتە   باخۆت لە ژینا بژیت بە ئاسان

دڵ تەلیسمێکە جێی سیڕی خودا   لە دڵ نازانێ پیاوی ناخودا
کە دڵ تێکئەدا دڵی زویر ئەبێ   دنیایش تێکئەچێ بە ئەمری خودا

زینهار ئەوکەسەی دورە لە مەعنا   پێ مەلە ئەکا لە دەریای ژینا
یەکێ لە دەریای هەوادا بڕوا   دورە لە ئایین کوێرە لە دینا

من هەرئەڵێم حەق ئەویشئەڵێ حەق   قەت نابێ بە دوو ، هەر یەکێکە حەق
حەکەم لەم حوکما سورەتی عەصرە   ئەوە میزانە بۆ حەق و ناحەق

ئاخ من لەم عومرە چەندێ بێزارم   من لەم مەستانە چەند دەردەدارم
ئاخ بۆ برایێ بەشێوەی صەفا   ببێ بە شیفای جەفا و ئازارم

گوڵزاری نیە گوڵم بۆ بگری   دڵداری نیە دڵم ڕابگری
کەسێ کە بەشی نەما لە خۆشی   چاك ئەوەتانی کە بۆ خۆی بمری

ئاخ لەسەر نەهجی سوننەت و کیتاب   وەرد ئەبۆینەوە لە سەیری ئەصحاب
جا حاڵێ ئەبۆین حەق وا لەکوێدا   بۆچ کوێربووەوە شا ڕێگەی صەواب

دەرمانی هەمو ئەم کارەساتە   دێتە بەرچاوت لەم کائیناتە
گەڕانەوەیە بۆ ڕێگەی ئیسلام   تەنها هەر ئەوە ڕێگای نەجاتە

گشت خاوەن عەقڵێ موحتاجە بەدین   ئاوی حەیاتە دین بۆ ماوەی ژین
دین کۆتا نیە لە باڵای ژیان   میزانی گیرا بە عەقڵ و تەمکین

ئاخ لەم دنیادا هەرکەس بێدەستە   کار و فرمانی هەمیشە پەستە
ئەوەیش بەدەستە بۆ ئەوضاعی دین   وێنەی سەرخۆشە بە دەرۆن مەستە

دیندارەکانمان زۆریان جاهیلن   بێدینەکانیش لە حەق غافلن
لەناو دوو تیرەی جاهیل و غافل   ئەوانەی ماون مات و ماتلن

ئەو بێدینانە کە ڕۆژپەرستن   یا بتپەرستن یا خۆپەرستن
بەرزیش بینەوە بە بەرزێ کیوان   بە میزانی حەق هێشتا هەر پەستن

مەدەنە کیوان لە پانایی دەشت   لەباتێ مزگەوت مەڕۆن بۆ کەنشت
دەلیل وێڵمەکەن لەبەر خەرافات   دۆزەخ وەرمەگرن لەباتی بەهەشت

هۆش و دەماغ و حەواسی ئینسان   هەمو ڕیزکران بۆ ئینسان یەکسان
بۆئەوەی لادا لە هەوای هەوا   ڕۆبکاتە قیبلەی دائیرەی ئیحسان

فیطرەت خۆبەخۆ دەستی لێ‌نەدری   ڕێگەی حەقیقەت ڕاستەوخۆ ئەگری
کە بە خێر خزمەت بەفیطرەت ناکەی   مەهێڵە بە شەڕ دەستی بۆ ببری

مەڕۆ بۆ چلەی تاقانەی وەجاخ   یا مینای دڵت بکە بە گوڵباخ
دەستی بێدەستان مەبڕە بە ستەم   یا بۆی حازرکە هەندێ ڕۆنی داخ

نازانم زۆرکەس عەقڵیان بۆکوێ چوو   لە درۆکردن کام سوود پەیدابوو
نەیانبیستوە واتەی پێشینان :   « درۆزنەکەی ئاگر لە ماڵ چوو »

بۆچ پەردەی نەنگ و ناموسیان دڕێ   پەڕەی فەرهەنگ و قاموسیان سڕێ
لەناو بازاڕی هەوای شەخسیدا   ژاری ئازاری نوفوسیان کڕێ

زۆریان درۆکرد بۆ هەڵفریوان   بۆ خاوەن‌دین و بۆ خاوەن‌دیوان
هەرچەند درۆزن دوجار نان‌نەخوا   ئەمان هەزارجار بوون بە میوان

ئەدەب گەر بێ لەم ڕۆژگارە یا شەرمی عارە یا ترسی نارە
مەنعیان ناکەم هەر کارێ بکەن نە ترسی ئاگر نە شەرمی عارە

ڕۆژێ دێتەپێش بە دڵ پێئەگەن لە تۆڵەی کردار بەکوڵ تێئەگەن
ئەوجارە پەنجەی پەشیمانێ خۆ بە غەم ئەگەزن کاتێ تێئەگەن

موختار دەرناچێ لە تیری قەزا

موختار دەرناچێ لە تیری قەزا چ ناڕەزا بێ چ خاوەن ڕەزا
هەرچەند موختارین بۆ حیفظی نیظام ئەبێ وەربگرین بەشێ لە سزا

بە هێزی هۆش و بە تەمیزی فام ڕاستە کە ئینسان ئەگا بە مەرام
بەڵام ئەمانە ئەسبابی عادین تەئثیر وا لەلای خالیقی عەللام

لە کەشی جوتا زەوێ هەڵدێنێ لەپاش گەلاوێژ تۆو دائەچێنێ
کەچێ حاصلات ساتێ ئەسوتێ دانەی واریدات لەویا نابینێ

زۆرکەس لە ژینا ئەکێشێ زەحمەت هیچ دەسگیر ناکا بێجگە لە مەینەت
یەکێکیش بێ خەم ئەڕوا بەڕێدا پێی هەڵئەکەوێ لە گەنج و ثەروەت

بولبول ئەخوێنێ بە پەڕەی گوڵدا باخەوان داخی ئەچێ بە دڵدا
گوڵ و پەڕەی گوڵ ئەکرێن بە گوڵاو خەڵکێ ئەیڕێژن بەناو مەنزڵدا

هەرچەند کە ئینسان کاریباشیکرد ڕوکوع و سوجدەی لەبۆ خودا برد
قەزا بۆ کات و شوێنی پیرۆزی بە میهرەبانێ ڕێ نموێنێ کرد

جا لەبەرئەمە فەرزە لەسەرمان پەنا بەرینە بەر خودای خۆمان
بەڵکو لەسایەی میهرەبانێ ئەو بگەین بە شان و بە نان و ئیمان

لە وەرزی نورا بەختیارەکان چاویان کردەوە بەرەو ڕۆی ژیان
جیهان جوان بۆ ئەوان جەوانمەرد بۆن بە خاوەنی خێری دۆ جیهان

دنیا کە پیر بۆ گەلی پیرەزاد هاتینە مەیدان بێماڵ و بێزاد
هەتاکو توێشوی ڕۆژێ ڕێئەخەین ڕەنجی ساڵێکمان گشت ئەڕوا بەباد

صەد دانەیگەوهەر یا عودوعەنبەر صەد فەضیلەت و هەزاران ئەثەر
بێ فەیضی خودا بێسود دەرئەچێ بێیارمەتێ ئەو ڕەنج نایەتەبەر

بێنیهایەتە شانی صیفاتی تائەبەد ئەڕوا بۆی بەرەکاتی
گەر (روح القدس)مەدەدکارم بێ دنیا بەکامە حاضر و ئاتی

(مفاتیح الغیب) لەلای خودایە — تەجەللای فەیضی عالەم ئارایە
ئەوەند پێویستە دڵمان ڕاکێشێ — بۆ ئەو مەقامەی جێی تەجەللایە

وەسیلەی وصوڵ لەم سەرزەمینە — نووری (رحمة للعالمین)ە
ئومێدەوارین خاوەن بەهرە بین — لەم فەخری دنیا و ڕەهبەری دینە

دنیا سەرانسەر مەیدانی شۆڕە

دنیا سەرانسەر مەیدانی شۆڕە — بەشەر سپی و سوور ڕەشە یا بۆرە
دوکەس تەواوێ قەت نابن بە یەك — بەدەگمەن دوکەس مەشرەبیان جۆرە

قەت ئارام نەبوە و ئارامیش نابێ — دنیا وابوە و ئەشبێ هەر وابێ
بنیادەم نازێ بێ بوردەباریێ — ڕەزا بە قەزا کە لای خودا بێ

ئەوەی چەند ڕۆژێ دنیای ئارام دێ — خەوێ بۆ ڕۆیێ و نایەتەوەدێ
هەرا عادەتە بۆ چەرخی دنیا — (خرق العادە)یە خیلافی عادێ

ناخۆشی عامە بەڵام بەنیسبەت — چ بۆ دەوڵەمەند چ بۆ بێدەوڵەت
هەرکەس بەپێی خۆی باری گرانە — جا یەکێ سوك و یەکێ بەشیددەت

چارەی کارەسات یارمەتیدانە — حەول و کۆششی خاوەن ویژدانە
واسیطەیخێرو پارەیکیسەی خۆت — تەوفیقیش ڕاستە لەلای یەزدانە

دەستی خۆ دانێ گوێبگرە لە من — لەدەستی دۆستا نەكدەستی دوژمن
قەت باوە پیارە نابێ بە باوك — وەك نابن بە یەك دایك و باوەژن

نازی دیگەران هەر بە زمانە — نازی جگەران بە دڵ و گیانە
جگەرگۆشەی خۆت کە دڵت ئێشا — ئەویش وەکو تۆ دڵی بوریانە

ئیمان و باوەڕ بۆ ڕۆشنبیرە — دڵسۆزێ لەبۆ خاوەن ضەمیرە
ئەوەی بەهۆشە ئەڵێ هوشیارم — بە دڵ هەرزەکار بە زمان پیرە

نەفسی ئادەمێ لەپاش صەد ساڵێ — بێفەرقە لەگەڵ کاتی منداڵی
هەر گەمە ئەکا لەگەڵ هەوادا — مەگەر هیدایەت بداتە پاڵی

وەهایە مەعنای خوداپەرستێ — کە بە حەق لادا لە خۆپەرستێ
ئاینی ئیسلام بکا بە ڕەهبەر — لادا لە پەستێ و لادا لە مەستێ

دەرۆن ئەناڵێ بەوێنەی کۆتر — لە ئێشی دەردان یەكلەیەك بەدتر
لە دوورێ دڵدار ، لە غەریبێ شار — لە یادی گوڵزار دڵ بۆ بە ناگر

له یادی ڕیـزی هاوسەرانـی پـاك — بەوەفا و صەفا و سینە و دڵ ڕۆناك
لە کۆی ئورەییای مەعریفەتداران — هەمۆ بەجارێ چۆنە ژێری خـاك

بەختو تەختو تـاج پاشایێ شاران — بێذەوقـه کاتـێ تار بێ لە یـاران
ژین ئەو ژینەیـە لەگەڵ یاران بـێ — وەك لالە لەنـاو لالەی بـەهاران

پیاوێکی خەڵکی (ئەحمەد بڕنـدە) — لە ئەستەمۆڵ بۆ دۆر و وامەنـدە
نامەی نۆسیبۆ بۆ دۆست و بـرای — ئەم بەیتەی تیابـۆ کە ئەڵێی پەنـدە

هەوایسەرتەپەوشەوبای دەشتیقۆڵ — خۆشترە لە گەنج پاشای ئەستەمۆڵ
بەیتەکەی خەیلێ جـوان و دڵگیرە — بۆیە لە دڵـدا پەسەندە و مەقبۆڵ

گەردشی گەردۆنی چەپگرد

زینهار گەردشی گەردۆنی چەپگەرد — پڕە لە ئێشس و لە نەخۆشێ و دەرد
چارەی ناساغێ پێشس مردن ئەکرێ — دەرمان بێسۆدە کە لەش بۆ بە بەرد

خاوەنبـازۆ بێ مەردیـکی گەورەی — بەکە هەڵکەوتۆی زەمان و دەورەی
کە بـازۆت نەبـۆ بـازیت پێئەکەن — نە مەردی نەبەرد نە پیاوی ئەورەی

ژینت مردنـە بە بـێ دڵشـــادێ — دڵشـادێ نـابێ بـە بـێ ئـازادێ
ئـازادێ نـابێ بـێ زۆری بـازۆ — بازۆیش بێزۆرە بێ یـەك نیهـادێ

دین بە تەوحیدە ژینیش بەوەحدەت — وەحدەتئەساسە بۆ شان و عیززەت
(لله العـــزة و لرســـــوله — وللمؤمنـین) بە نەصصـی ئـایەت

خێـزانی یەکدڵ میرمـیران دەکەن — دۆ هەوێ لە ماڵ ماڵ وێران ئەکەن
ئەو هاودڵانەی بە یەك دڵ ئەژیـن — ساڵ دوانزەمانگە هەر سەیرانئەکەن

ئینسان بە مەبە بـە دەعبای کەژێ — تۆ بۆ برات و ئەو بـۆ تـۆ بـژێ
ئەوکەسەی تەنیا بۆ خۆی ئەژوانێ — تۆ بڵێ (ئامین) من ئەڵێم (نەژێ)

لە مـردن بـەدتر ژینـی پەشێوە — ئینسانی پەشێو خێر نیـە پێوە
هوشـیار ژیـانی لەسـەر نیظـامە — بێهۆش گەلێ ڕۆژ شامی بێ شێوە

چێبکەم لەپیاوی بێوەزنو میقیاس — لەسەر بـار نیە بە میـزانی ڕاس
هەرچـۆنێ هەوا بـەرزی کاتـەوە — خۆی بۆ فشئەکا وەك پارچەیکراس

لە حەق دۆرکەوتۆ حەق دۆرە لەوان — ڕۆژی ڕۆناکیش هەر چاو لە خەوان
شـۆڵەی ڕۆنـاکێ لەلایـان نیـە — نەك هەر لە شەوا ڕۆژیش لە شەوان

مەحاڵە ئینسان بێ بە ئینسان | تا نەیەتەوە بەهۆشا دیسان
یەعنی وەربگرێ کاسی هیدایەت | لادا لە جامی هەوا پەرستان

بە ڕۆتی هاتی و کەوتیتە جیهان | وایش ئەڕۆیتەوە بۆ غەیبی پەنهان
بۆ خۆت بارئەکەی بە باری گوناه | بۆ نارۆیتەوە پاك لە گوناهان

ژیان بێ دین و عەقڵ ناگونجێ

هاوار هاوارمە و ئەمجارەیش هاوار | ڕۆی دەم ئەکەمە مەردانی هوشیار
ژین قەت ناگونجێ بە بێعەقڵ و دین | بەمدوانە ئینسان ئەژێ بەختیار

عەقڵ ئەوەیە بۆ دڵ چرا بێ | هۆی دۆزینەوەی ڕێگەی خودا بێ
پشتگیری دین بێ بۆ ژینی ئینسان | هەتا دین بە دڵ زۆ ئاشنا بێ

کەی دین ڕازییە بە ناتەوانێ | یا بە تەمەڵی و بە هیچ نەزانێ
دین و هۆش و بیر پێکەوە ڕێگەن | بەرەو پیرۆزێ ژینی ئینسانێ

دڵپاكو دەمپاك دەستو داوێن پاك | پشتتان ببەستن بە خواوەندی تاك
پاکان فریشتەن بەڵکو بالاتر | هەرچەند فریشتە ئەفڕن بۆ ئەفلاك

شەیتان وتبوی بە کاروانێ | قەزات لەگیانم ڕۆڵەکەی گیانێ
من ئەڵێم تەنیا نوێژەکان مەکە | ئەو چاویش ناشوا سەر لە بەیانێ

ئەوەی خۆی هەردەم جۆرێ ڕەنگ ئەکا | چۆن بۆ شەرەفو بەرزێ جەنگ ئەکا
ئەوەی کاری خۆی دائیم نابار بێ | لەئاست ناباری خەڵك چۆن دەنگ ئەکا

هەوا ناهێڵێ ڕێگای ڕاس بگرێ | سەری گێژ ئەکا هەتاکو ئەمرێ
نازانێ هەوا توند و بەتاو بێ | ڕێگە لە ڕێبوار بەجارێ ئەگرێ

باوەڕت نەبێ بە خۆشی زستان | کە هەوای گۆڕێ ناپرسێ لێمان
مەڕوانە خەندەی خاوەنمەسلەحەت | مەسلەحەت نەما گوێ نادا پێمان

بەراورد باشە بۆ جوان و بۆ پیر | بیرت لای خۆت بێ ناکەویتە بیر
گەر گۆڕستانی بابت بزانێ | حەزئەکەی لەوێ بمرێ بەتەقدیر

ساڵی گرانیم لەبیرە زۆر جوان | خەڵکی لەبرسا ئەمرد لە ڕێوبان
زۆرکەس لەبرسا وڵاتی جێهێشت | گەلێکی خواردن دڕوندەی کێوان

هەروا لەیادمە زۆری بەویژدان | کە خوا نانێکی بەخشیبو پێیان
لەگەڵ هەژاران دۆڵەتیان ئەکرد | صەدهەزار کەڕەت خۆزگەمان پێیان

پانایێ زەویم لەلای دڵ تەنگە   لە پەندی بەسوود زمانم لەنگە
کەمکەس وەرئەگرن پەندی پیرەکان   پەندیان بەلاوە گاڵتە و جەفەنگە

سێکەس هەن مایەی بەرزین بۆژیان   دۆستی زانا یەك دۆ خاوەن ئیمان
سێیەم هاوڕێیێ مورشیدی کامیل   لە شەڕی دۆزەخ ئەتخاتە ئەمان

دڵبەرێ بگرە کە نازەنین بێ   کار و وتار و شێوەی شیرین بێ
هاودەمێ بگرە شارەزای دین بێ   دڵی دانشگا و چاوی دۆربین بێ

ئەوەند هاودەم بە بۆ مەردی خودا   بە یادی خودا وەربگرێ سەودا
کاتێ کەوتیتە سەودای دنیاوە   وەرت‌چەرخێنێ بۆ یادی خودا

بۆیە داوێنەی دڵپاکان ئەگرم   تا صەفای سینەی ڕۆناکان بگرم
بۆیە ئەمەوێ لەگەڵ ڕاستان بم   تا منیش لەسەر ڕێی ئەوان بمرم

بە بێ‌بەراورد کەس‌مەگرە بە یار   مەیکە بە مەحرەم بۆ ڕاز و ئەسرار
کە گرتت بە یار پەیمان ڕابگرە   وەفا شێوەیە بۆ دەستەی ئەبرار

سڕپۆشین خولقی خاوەن سەرانە   یەعنی صیفەتی پێغەمبەرانە
نەك تەنها بۆ یار ، بۆ ئەغیارانیش   دڵیان گۆڕخانەی سیڕی سەرانە

ڕەوشت بە پیر و بەراوردی خۆم   کەمی تەمبیە و کەمی پاکێ تۆم
زۆری موحیطەو هاوڕێو دەوروبەر   پەندم وەربگرە من دڵسۆزی تۆم

دۆ هاودەم کەوا پێکەوە ئەژین   هاوبیر و بیرن هاوژان و هاوژین
ئەگەر ڕێیش‌کەوێ بەهەشتی ژینە   ڕۆخساری زێبای یاری نازەنین

ڕۆ با زیبا بێ چون ڕۆی ناشیرین   ئەیکا بە دۆزەخ بەهەشتی بەرین
خۆ کە زیبا بۆ با ڕۆیش وانەبێ   بە زێبایێ خۆ ئەتوانین بژین

یا خووە یا ڕۆ یا سۆدە بۆ شۆ   ژن ، ئەنا ژانە بەناو دڵتا چۆ
ئینسان بێ ژن بێ گەلێ چاترە   نەك ژنێکی بێ قەبیح و بەدخۆ

لای مەردی زانا دڵ ڕابگرە باش   چەقەچەق مەکە وەك چەقەنەی ئاش
کە دانەی هاڕێ ئاردی وەربگرە   بۆ خۆتی بکە بە مایەی مەعاش

هاودەمی زانا وێنەی زانایە   کوێر لەگەڵ چاوساغ وێنەی بینایە
نەسیحەتی من بگرنە دڵتان   مایەی سەربەرزێ هەردۆ دنیایە

ئەمر بە تەقوا و هاوڕێیێ ڕاسان   فەرمودەی خوایە بۆگشت خواناسان
ڕاست پاش مردنیش ڕۆحی زیندوە   خوا ڕێگای ڕاسمان بۆ بکا ئاسان

تاوی تەنووری بەجۆشی دڵیان   سۆزی دەروونی بەسۆز و کوڵیان
دڵی هاوڕێیان ڕوون ئەکاتەوە   گەرم ئەکاتەوە ماڵ و مەنزڵیان

ئەوکەسەی کەوا دڵی نورینە   خاوەنی بەهرەی بەرزی یەقینە
هاوڕێیێ ئەوان گەیوەتە فریای   بۆیە ئەوەندە خۆش بەختی ژینە

دڵدارم غەمە

غەم دڵدارمە لە عەجەم و ڕۆم   غەم ژیوارمە وێنەی نان و دۆم
من بە ناچاری ئەبێ غەم بخۆم   غەم دێ من ئەخوا گەر من ئەو نەخۆم

وازم لێ بێنن با تاوێ بگریم   لە داخی ئەوەی بە چاوی خۆم دیم
گەلێ بۆیەم دێ زەرد و سوور و شین   زوو کاڵبوونەوە بە شنۆی نەسیم

کاتێ ئەڕوانم بە گۆشەی چاوان   چاك حاڵێ ئەبم چێ وا لەمناوان
بەڵام بێ‌دەستێ دەستی بڕیوم   ناتوانم بدوێم لە باری تاوان

دۆستی ئازیزم خۆت مەکە پەرۆش   بیانوو زۆرە بۆ ئارەق‌فرۆش
ئەوەی ئەیەوێ تۆ سەرخۆش بکا   ئەڵێ مەی باشە بۆ پیاوی نەخۆش

قەت ناکەونەیەك دوودڵێ و ئیمان   خەو بە دڵشادی‌و دەو لە ڕێی پەیمان
کار بەدڵسۆزی زەحمەتە وەك مەرگ   قەت شەهید نابێ پیاوی بێ‌ئیمان

هەر بۆ ژیانە ئەم شین و ژانە   ئەم قوڕە گۆمی ئاو هەڵپڕژانە
بە بەڕۆی داران خۆت بساچێنێ   ئەڕۆیتە دەرگای ئەو نامەردانە

کە لە حەق لاتدا ئەچیە سەر بەتاڵ   لە گەورە ڕاتکرد ئەگەی بە منداڵ
ئەوکەسەی ئەڕوا بە ڕێگەی ڕاستا   زۆری پێ ناچێ ئەکەوێتە چاڵ

ئەوکەسەی نەکا بەندەیێ یەزدان   ئەبێ بە بەندەی گرۆی نامەردان
دوو ڕێت لەبەرە یا ئاوەدانێ   یا کەنار گرتن لە کێو و هەردان

ئەوەی کە سوجدە بۆ خودا نابا   بە خەیاڵی خۆی خۆی ئازاد ئەکا
سەد سوجدە ئەبا بۆ هەزار شەیتان   ئەبێ بە دیلی چەند جۆرە دەعبا

زۆر کەسیوا هەن نەفام و نەزان   تەطەوور ئەکەن بە ویردی زوبان
تەطەوور وەها لێك‌ئەدەنەوە   کە موخالیف بێ بۆ مەعنای ئیمان

تەطەوور عیلمە و هونەر و زانین   موخالیف نیە هەرگیز بۆ ئایین
عەواریضی دین تەطەوور ئەکەن   نەوەك ئوصوڵی دامەزراوی دین

ڕەهبەران هەمو هاوڕێی وەحدەتن   هەمو خاوەنی صەفای سیرەتن
فوروعیان بەپێی زەمان ئەگۆڕێ   هەرکام بۆ کاتێ بەمەسلەحەتن

کە خودات ناسێ و ڕەهبەر و جەزا   ئیتر بۆ خەیاڵ مەکەوە سزا
بە ئیخلاصی دڵ وەرە سەر خزمەت   بەهرەوەر ئەبێ بە حوسنی ڕەزا

عاقڵ ئەوەیە لەبەر تیژێ بیر   بەرێدا بڕوا و نەکەوێتە بیر
بەردێ کە نەزان بیخاتە ناوچاڵ   بە هەزار دانا دەرنایێ لە بیر

تەمێت دائەدەم گەر تەمێ نەگرێ   پێویستە ڕێگەی حەقیقەت بگرێ
خزمەتی خودا و خەڵك و خۆت بکەی   ئەنا بە حەسرەت بە ذیللەت ئەمرێ

تەمێ وەرنەگرێ لە دایك و لە باب   ئەبێ لە گەردون فێر بێ عیقاب
جیهان نمونەی دادگای عەدلە   کەس نیە نەگا بە ڕۆژی حیساب

پەندت دائەدەم ئەگەر گوێ ئەگرێ

پەندت دائەدەم ئەگەر گوێ ئەگرێ   ئولفەت دو بەشە طەبیعێ و قیسرێ
وەك خزمایەتێو هاوڕێیێو ڕەوشت   ئەو پایە و مایە بەزۆر دایئەگرێ

پایەدار دنیای وا لە بەرپێدا   خەڵك بۆی ئەوەستن لە سەرەڕێدا
کاتێ کە لێکەوت دەوری چۆڵئەکەن   یاخود ئەیشێلن هەر لەناو جێدا

هەرکەس خاوەنی ئەستێرەی شانە   ئەبن بە خزمی خزم و بێگانە
کێ دێ کە پادشا دەستبکاتە مل   خزمێ داماوی دو لوقمە نانە

کۆشش پێویستە لە ماوەی ژینا   چ لەپێی دنیا و چ لەپێی دینا
پیشەوەر ئەژێ نەك بەچکە پاشا   کاتێ کە چەرخی لێ هات بەقینا

دنیا بە میسال وێنەی دەریایە   مەلەنەزانیش وەك نابینایە
کەسێك ئەتوانێ لەم دەریا بژێ   مەلە ئەزانێ و لێی شارەزایە

بە بێوەسیلە مەڕۆ لای گەورە   گەورەیێ شانە و شانیش بەدەورە
پاش پایە پارە جا خوڵق و ئەدەب   جا عیلمو صەنعەت بەم نەظمو طەورە

بێجگە لەمانە دوعای فەقیرێ   بۆ تۆ کارئەکا بە وێنەی تیرێ
ئەسباب ئەساسی خواستی خودایە   هەرگیز بێخودا نابێ تەئثیرێ

ئەوضاع بەگوێرەی (سنة الله)یە   لەسەر نیظامە ئەم ڕوی دنیایە
شوێنێ کە بەرز بێ بادەوە ئەکا   شوێنێکیش نزمە بێسروەی بایە

هەروەها دنیا هەتا دنیایە   چەند ئیبراهیم و نەمرۆدی تیایە
ئەوەی بۆ خودا بڕواتە ئاگر   لە پاشەڕۆژا خاوەن ئالایە

ئەوەی بە وێنەی زەویێ خۆگر بێ   باری زۆر قورس و نابار هەلگر بێ
ئەبێ بە گەنجی گەنجینەی مێژوو   بەلکو مومکینە لەویش چاتر بێ

هەر یەکەناس بە حەق یەکە نەك دوو   لە حەقت بوێ تۆ هێزی بازوو
لادە لە ناحەق ، دوور بە لە ناپیاو   عیبرەت بە دلە نەك تەنها بە ڕوو

(هۆرە) هاوارە لە چەرخی گەردوون   (ئایای) ئازارە لەدەس پیاوی دوون
هەرگیز لەرز و تا بە بێهۆ نابێ   یا سەرمای دەردە یا گەرمای دەروون

بەلام مەتەلی ڕووی سەربساتە   ئەوکەسەی ئەگری بێدەسەلاتە
خاوەندەسەلات لەباتی هۆرە   شمشێروەشێنی ڕووی کائیناتە

نازانم بۆچی ئاموژگاریمان   نەچوە ناودلی هاوڕێی یاریمان
بۆ فەراموش بوو سەبوونی هاوین   بۆ لەبیر دەرچوو سەرمای کاریمان

سیرڕی وا لەلای ذاتی خودایە   بەرزێ و نزمی مەرد لەم ڕووی دنیایە
(یارۆ) وا لەژوور (اعلی علیین)   (مارۆ) وا لەژێر (تحت الثری)یە

وتار وەك ئاوە زەویێ ئەیگوڕێ   گوێگر بە هەوای دنیا ئەسووڕێ
ئەگینا بۆچی واتەی ئەو باشە   هەر بەو واتەیە لە من ئەتۆرێ

هەرکەسێکت دێ بێ بیر و ڕایە   لە دەستی هەلبێ تا هێزت تیایە
تەمێ بێسوودە بۆ شەخسی بەدخوو   عومری عەزیزی تیا مەکە زایە

بەدخوو بیجنی بە دەمی تەشوێ   خۆی خۆی ناگۆڕێ تا گیانی تیابێ
ئێمە مەبەستمان ئاموژگارییە   خوای پەسەندی بێو پەسەندی نەبێ

قەت بێسوود نابێ بۆ دنیا و بۆ دین   تەمێ و تەربییەی ڕۆلەی نازەنین
خوا فەرموویەتی بە خۆشەویستی   تەمێ بەسوودە لەبۆ موئمینین

قەت غافل مەبە لە ترسی خودا

قەت غافل مەبە لە قاری خودا   بە خەیالی خاو مەکەوە سەودا
کاتێکت زانی سەرەی مردن هات   لە نیوەڕۆدا یا نیوەشەودا

هوشیار بە بۆ خۆت بە باوەڕی چاك   بە کردەوەی ساغ بە ڕەوشتی پاك
هەروەك بە ڕووتی هاتیتە دنیا   بە کراسێکەوە ئەڕۆیتە ناو خاك

نەوجوانەکان لە ڕۆژی ڕۆژگار   ناودارەکانی کۆمەڵی هوشیار
باریان کرد چوونە شاری خامۆشان   دیار نیە لەوان بە غەیری ئاثار

جا ئەگەر مەردی دڵت هوشیار بێ   بە یاریٚ خودا بەڵگەت دیار بێ
کردەوەی مەردان ئەنوسن لە بەرد   تا نیشانەی مەرد هەر پایەدار بێ

ئەجەل هات ئیتر جێی هیوا نیە   بۆ یەکێ کە مرد ڕێی دەوا نیە
غەیری زانست و خێری بەردەوام   دوعای ڕۆڵەی پاك ، هیچیوا نیە

ئاکام کاتێکە کە خودای زانا   بۆ بڕانەوەی ژیانی دانا
تاقە ئانێکە بێ کەم و زیاد   خوا بۆ هەناسە میزانی دانا

مادەم نازانێ کەوا کەی ئەمرێ   پێویستە توێشوی ڕێگەت هەڵبگرێ
بەڵکو لەناکاو کاروان کەوتەڕێ   توێشوت پێ نەبێ لەبرسا ئەمرێ

بۆ کاتی ژینیش لە کەم و لە زۆر   پێویستە پەنا بە دەوای دوکتۆر
دەرمان ئەمانە بۆ ژینی ئینسان   بە وەحیو ئیلهام هاتوە بە چەند جۆر

مەڵێ کە قەزا هاتە سەر ڕێمان   دەرمانی دوکتۆر چێ ئەکا پێمان
قەزا گەلێکی بەستەی ئەسبابە   بە تەربییەی دین مەعلومە لێمان

صەدەقە و دوعا بەرەوڕۆی قەزا   قەزاوەگێڕن تا ڕۆژی جەزا
ئەگەر تێ ئەگەی باوەڕت ببێ   وەرنە بە ناحەق خۆت مەدە سزا

گەلێ بەسوودە صەدەقە بۆمان   وەك دەوای دوکتۆر بۆ ڕزگاریمان
هەروا کە ئەجەل قەزای خودایە   دەوایش هەر قەزا هێنایە ڕێمان

ئەوەی بەڕاستێ مەرد و عاقڵ بێ   نابێ لە دوعا و دەوا غافڵ بێ
فەخری کائینات تەداوێ ئەکرد   کێ بێ پیاوێکی وەك ئەو کامڵ بێ

خراپ مەشهوورە مەعنای تەوەککول   بە دەم ئەیجاون ، تێی‌ناگەن بە دڵ
(وآتیناه من کل شیء   سببا)ی فەرموو خالیقی کامڵ

بەڵێ کە هاتو قەزا موبرەم بۆ   نە جێگەی دەستو نە ڕێگەی دەم بۆ
ئەوسا تێ ئەگەین قەزای خودایە   بۆیە چاو کوێر و زمان ئەبکەم بۆ

بەڵێ بۆ مەراق بەهانە زۆرە   دڵ دائەرزێنن بە چەشنی خۆرە
مەرد ئەو مەردەیە لە مەراق لادا   خودا چێ فەرموو بڕوا بەوجۆرە

کاتێ بای ئاکام کەوتە تۆز و گەرد   ناپرسێ لە تۆ مەردی یا نامەرد
چەند مینای بێگەرد بە بەرد ئەهاڕێ   چەند گوڵ زەرد ئەکا بە خەزانی دەرد

واده و ئـاواده لای ئـەو یەکسـانە دڵ شکـانێنی لـەلا ئـاسـانە
ئیتر هەرکەسـێ خۆی و کردەوەی ئەگـەر ئینسـانە یـا نائینسـانە

تا ئەمرێ مـیرێ خـاوەن نیشـانێ ناگۆڕێ تـاج و تەخـت و میـزانێ
هەتـا دڵشـادێ نەکـاتە گریـان نـاگـا بە شـانێ دڵ پەریشـانێ

فەلاسیفەکـان هەمـو حەیـرانن لـەم بـارەگادا گێـژی سـەیرانن
کەس کەشفی نەکرد ئەسراری وجۆد لـە زێڕەوانـن یـا ڕەهبـەرانن

حەزرەتی ڕەسوڵ خاوەن دڵی پـاك خاوەن عەقڵ و هۆش مەنزیلی ئیدراك
بـو ئیعتیرافی بـە عـاجزێ خـۆی فەرمۆی بەخودای پاك و تەنهاو تاك

« حـقّ المعرفـة مـا عرفنـاكَ » « حـقّ العبـادة مـا عبدنـاكَ »
یەعنی نـاسین و بەنـدەیێ کـردن بـۆ ئێمە تەنهـا بەپێـی ئیـدراکە

ئەوەنـد ئەزانین تەنهـا هەر ئـەوە پەروەردگـاری خـاوەن پڕتەوە
بـاقێ مەوجۆدات لەبـەر پڕتەویـا هەریەك بەجـۆرێ بـەدەور و دەوە

هەر ئەو واجبە و هەر ئەو مەعبۆدە هەر ئەو خالیقی هەرچێ مەوجـۆدە
فەرمـانی ئەوە ئیطـاعەی ئەکـرێ هەر ئەو لایقـە پەنـای پـێ ببـرێ

هێزی جەوهەر و عەرەز و سروشت هیچ قازانجێکیـان لێ نایەتە مشت
ئەمـانە ڕامـن لەبـەر تەئثـیرا تەقەی خۆت بکە بەلام بـە بڕشـت

جیهان جادۆگەرە

جـادۆگەرێکە جیهـان بەدیمـەن پـاڵەوان ئەبـا بۆ بەنـدی کەمـەن
ئەو شەکرەی ئەیـدا بە لێومـانەوە ئەنجـامی ژارە لـەلای هۆشـمەن

ئـارەزۆی جیلـوەی جەماڵ و بـالا بـاغ و گوڵـزار و عەرعـەری ئـالا
سـیحری هـارۆتە دیمەنەکەیـان بـەلام بۆ پۆشـاك کورتـن بۆ بـالا

هەرکـوێ ئەڕوانێ مایەی حەسرەتە هەمۆی بۆ هوشیـار ئایەی عیبرەتە
عـاقڵ موتـالای پـەڕەی دڵ ئەکـا غـافڵ موبتەلای کەیـف و عوشرەتە

هەرگیز دانەکەوت دڵ لە هـاتوچۆ کەس ئـارام نەبۆ تا گیـانی دەرچۆ
نەفـس جیـوەیە کوشـتنی ئـەوێ بە کردەوەی مەرد چۆن لەدەستا بۆ

خۆشـێ ئەم دنیا هەرچەند عالییە بێ‌سـۆدە چونکە ئـانێ و حـالییە
(عضد الدولە)ی دەیلەمێ پێش‌مەرگ ئەیـوت (مـا اغنی عنّـی مـالیه)

شاد و کامەران وێنەی ناکامان   بە حەسرەت ئەڕۆن بێسەر و سامان
مادام وەهایە خەلیل مەشرەب بە   مەبە بە نەمرۆد ئامان صەد ئامان

هەر پاشەڕۆژە حالی تێکداوین   لە ماضیێ مەجید دلی لاداوین
بەسە با فکرێ بکەین بۆ خۆمان   تا لە دنیادا بە ساغێ ماوین

کردم پاشەڕۆژ بە وێنەی حال بۆ   خۆ حال مالامال لە ذەوقا تال بۆ
ئەم تال و ئەو تال گشتی بەتالە   بەتال لەلای مەرد کەی بە مەتال بۆ

مەتال خزمەتە بۆ ڕەزای خودا   بۆ خۆت و بۆ خەلك بێدەنگو صەدا
بەم مەتالەوە شیر قەت ناتبڕێ   ئەبێ بە شێری مەردانی خودا

سەودا بێسۆدە بە بێقازانجێ   غەوغا نابۆدە بە بێئامانجێ
ئامانجی مەردان ڕەزای خودایە   بە خزمەتی حەق بێ بەهرە و باجێ

شیرین باجی مەرد دلی برژاوە   بۆ شیفای کەسێ جگەر سۆتاوە
هەر سەرێ بەرزە لە ڕۆی جیهانا   شوێنی پڕتەوی مانگ و هەتاوە

خودا نایەوێ صورەت و سیما   بۆ سەرێ نەڕوا بۆ ئەوجی سەما
سەرێکی ئەوێ بەرەو بەرزێ بێ   دلێکی ئەوێ وەك قیبلەنوما

ئەگەر ئەتەوێ ساتێ ئارامێ   بۆ ڕەزای خودا ببێ بە (نامێ)
بەلکو لەوێوە بگەی بە مەرام   ببێ بە شیفای دەردی ناکامێ

جێی باوەڕ نیە ئەم چەرخە دۆنە   شەبەنگەبەڕۆژ ، بۆقەلەمۆنە
ئایین و عەقل و بەراوردی خۆت   بکە بە حەکەم دلت مەمنۆنە

هەر بیری پاك و کرداری چاکە   هەر خوتقی بەرزی مەردی چالاکە
مایەی پیرۆزێ و ڕزگارێ ئینسان   پایەی ئەو بینا ڕۆی لە ئەفلاکە

چاکوایە بۆ خۆت بیرت دۆربین بێ   کەمەندی دنیا و پێوەندی دین بێ
بە دین و دنیا بە ئامانج ئەگەی   واتەی ڕەهبەرت لەلا یەقین بێ

چاکوایە بۆ خۆت بیرت لە دوا بێ   بۆ دەرسیئوستاد سەر بەسەودا بێ
هەرچێ دێتەپێش لێی وردبێتەوە   نەك هەر عاشقی دەنگ و صەدا بێ

خۆشێ سەرزەوێ بە هەزاران ڕەنگ   دل وەریبگرێ بە شادێ و ئاهەنگ
وەزنی سۆکترە لە ئێشی دەڕۆن   لەوساتا ئەبڕێت بۆسەر گۆڕیتەنگ

بابی بێزمان پاشئەوەی ئەمرێ   لەسەر گۆڕەکەی ڕەشبەلەك ئەکرێ
یەعنی بە یادی کۆچی ئەوەوە   تیپی جوانان ڕێزیان پێ ئەدرێ

بەخ‌بەخ لەم شینەی بۆ بابی ئەکەن   ڕەش‌بەڵەك لەسەر جەنابی ئەکەن
ئەو بەداخەوە سەری نایەوە   ئەمان بۆ شادیٚ حیسابی ئەکەن

ئەو مردوانەی کە خاوەن دەستن   گۆڕیان لە مەڕمەڕ بۆ هەڵئەبەستن
هەڵبەتە ئەڵێن با هەڕا نەکەن   لەپاش گرتن و دەستوپێ بەستن

بەڵێ هەروایە دەستوری ژیان   هەر میریٚ مالّی چوە گۆڕستان
شەش‌دەری تەواو لیٚ قایم ئەکەن   هەتا هەڵنەمژیٚ نەسیمی جیهان

جا تۆیش بڕوانە لەبۆ حالّی خۆت   بۆ ماضیٚ و حالّ و ئیستیقبالّی خۆت
بە بیرێکی ورد خۆت ئامادەکە و   چرایەك هەڵکە لەبۆ مالّی خۆت

شەووڕۆژ پەڕە و کردەوە دیڕە   بۆ خۆت ئەزانیٚ ڕاستە یا گیڕە
جا ئەگەر ڕاستی لە لاریٚ لادە   پەڕەیەکی ساغ بۆ ڕاست وەرگێڕە

هەر شەو و ڕۆژیٚ دۆ پەڕەی تەمام   لە عومرت ئەڕوا بەرەوڕۆی ئاکام
با هەر پەڕەییٚ بەشێکی تیابیٚ   لە مایەی ئیکرام بۆ دارالسلام

نەك هەر بۆ ئێمە زەمانە طەی بۆ   بۆ هەمۆ عالەم پەی لەسەر پەی بۆ
بۆ پیر و میر و مەلا و مەولانا   بۆ کەیقوباد و جەمشید و کەی بۆ

چەند دڵی پڕداخ دیلی سیاخاك   بۆن بەڕیشەی‌گوڵ دەرچۆن بۆئەفلاك
خەتی سۆسەن و نێرگس و نەسرین   ئەو داخانەیە کە بران بۆ خاك

ڕەنگی ئاڵ و کاڵ لەسەر پەڕەی گوڵ   خوێنی دڵێکە دیلە لەژێر گڵ
ئەو خەت و خاڵەی لەسەر ئەوراقە   ئەو داخانەیە داویانە لە دڵ

پەڕە پەڕەی گوڵ وێنەی ئەوراقن   پڕ لە ماجەرای ذەوقی فیراقن
نامەی دیلانی خاکی ماتەمن   بۆلای ئەوانەی بۆیان موشتاقن

سۆسەن و نەسرین چنۆر و شەوبۆ   ئەشنێن بە یادی شنەی بالای تۆ
سەرو و سنەوبەر بالاّ هەڵئەدەن   بۆ گێڕانەوەی بەرزیٚ ئالای تۆ

وەنەوشە بۆنی عەتری یارانە   نەرگس نمونەی چاو بیمارانە
شەقایق وێنەی ئەو خوێنەتانیٚ   لەسەر برینی دڵ زامارانە

تاتای‌سەوزەی‌کێو کەئەشنێن چڵ‌چڵ   وێنەن بۆ تاتای گێسۆی جەمین گوڵ
چۆن ئەوان ئەوسا کەمەندی دڵ بۆن   ئەمانیش ئیستا کەمەندن بۆ دڵ

لە تاوی دۆریٚ دۆستی نازك دڵ   تۆشی تا بوون گوڵان لەسەر چڵ
بۆیە وا ئەنم ئارەق ئەڕێژن   بە وێنەی شەونم پەڕە پەڕەی گوڵ

زەلان ئەخرۆشێ لە سارا و کۆسار   ویڵ ویڵ ئەگەڕێ لەدوێ بالای یار
نابینێتەوە شێوەی بالاکەت   بۆیە شێت ئەبێ لە کەژ و کۆسار

سروەی شنەبای کاتی بەربەیان   حیکایەت ئەکا لە ڕازی یاران
غونچەیش بەوبۆنەو دەم‌ئەکاتەوە   جامێ بنۆشێ لە یادی یاران

هەوریش بەوێنەی شێری بریندار   ئەڕژێنێ ئەسر و ئەناڵێ بە زار
لە کورەی سینەی چەخماخە ئەدا   لەسەر گۆڕخانەی یارانی دڵدار

شاخەی شەتاوان داخی هیجرانە   تۆفی تافەکان تۆفی هیجرانە
پێچ و لۆلی چەم کە ئەڕوا خەم خەم   هەمو لە پێچ و خۆفی هیجرانە

چەند شیرین شێوە شێوا نابەدڵ   چەند تاجی خوسرەو ماوە لەناو گڵ
چەند چەمەنگای‌سەیر بۆ بەچەمەرگا   هێشتا هەر زوهرە ئەگەییە مەنزڵ

سا دەی موشتەرێ بۆ شەکری‌کەلام   گوێ‌گرە بۆ باسی یارانی ناکام
هەرچەند خەم دێنێ خەم ئەڕەوێنێ   باسی خۆشی لەیل بە تۆلی ئەییام

گەلێ نازاران بێ‌ناز ڕابوردن   گەلێ هیوادار بێ‌هیوا مردن
گەلێ سنەوبەر قامەتی خەم بۆ   ڕەشەبای ئەجەل پۆپەی خوار کردن

لە هەر شوێنێکا ئەڕۆی بەڕێدا   ڕۆی نازارانت وا لەژێر پێدا
یەعنێ چەند گۆنای چەند گەردن‌مینا   بۆن بە تۆز و گەرد کەوتن لە جێدا

چەند مەردی نایاب لە هونەرمەندان   چەندین تافانەی گەردونی گەردان
چین چین لە سەیوان سەریان‌نایەوە   یەك یەك مێژویان کەوتە سەر بەردان

هەرچەند ئازیزان لەلای هاوسەران   پاش ماوەی ماتەم فەرامۆش کران
هەر کاتێ کە گوڵ دەم ئەکاتەوە   دێتەوە بۆ دڵ یادی دڵبەران

مەعنای ئەوەیە هەرکەس بەقەدخۆی   ئەبێ هەڵسوڕێ تا هەڵسوڕێ بۆی
ڕۆژو بۆ دین و توێشو بۆ دنیا   ئەو بۆوەفای‌حەق ئەم‌بۆصەفای‌خۆی

گوێ مەدەن بە دەرد،مەڕوانن بۆ داخ   لە داخی نامەرد هەڵمەیەن بۆ شاخ
ئەو بە نامەردێ بێ‌مراد ئەڕوا   تۆ لەبۆ مەردێ ئەڕۆیتە ناو باخ

مەردێکم نەدێ لە گەلی مەردان   کە هەڵی‌نەبڕن نامەرد بۆ هەردان
مەگەر سەربەستێ بەمەبەستی خۆی   یاخود سەرپەستێ نەیەتە مەیدان

بەڵێ خەڵك بە ڕۆ شیرین‌ڕوخسارن   زۆریان بە دەرون وەحشی کۆسارن
کێیان‌تیا هەڵکەوت بەڕاستی مەردبۆ   خەڵکێ بەدەوریا دۆپشك و مارن

مەرد ئەو مەردەیە عەزمی نەبەزێ   بە ڕەشەبای دەرد دڵی نەتەزێ
ئایەی (فاستقِم کما اُمِرْتَ)   ئەبەخشێ مەعنای بەرزترین دەرزێ

تۆ لە بێزارێ و من لەبەر ئازار   پەروەردە نەکەین گوڵزاری نازار
زۆری پێ ناچێ دز دای‌ئەپاچێ   ئەگوڵ ئەمێنێ نە باغچەی گوڵزار

ماڵ لەدەس نەفام یا وردە سالان   زۆری پێ‌ناچێ ئەڕوا بە تالان
ئەو هۆدەی دەرگای کلیلی نەبێ   ئەشیای ئەکەونە بەردەرك و کۆلان

ئەو حەقایقەی بۆم بەسەرکردن   ئەو دەقایقەی کە بۆم‌دەرکردن
جەواهیراتی پۆشاکی مەردن   ڕاگیریان بکەن بۆ لەبەرکردن

هەر پەندێکی بەرز کە دیمانەوە   بە خوێنی جگەر نوسیمانەوە
پیرۆزی ئێوەن ، بیانپارێزن   بە پەیمانەوە ، بە ئیمانەوە

هەرچەند هونەرمەند زۆرن بە دەعوا   کەمیان خۆنەگرن لەبەر لافاوا
پەندی هونەرمەند پێویستە بۆتان   شیرە بۆ دەعوا ، شێرە بۆ ماوا

ئەم چوارێنانەی پڕمەعناو حیکمەت   بۆم‌هۆنینەوە بە ڕشتەی هیممەت
مەبەست تەربییەی گەلی لاوانە   بۆ دین ، بۆدنیا ، بۆ بەرزێ ئوممەت

من هیوادارم بە دڵ ڕای‌بگرن   لە حەرفی حیکمەت تەمێ وەربگرن
بۆ سەربەرزیتان لە دین و دنیا   بۆ ڕزگاریتان کاتێ کە ئەمرن

هەر لە خوام ئەوێ جەزای ئازارم   جەزای خاری دڵ لەسەر گوڵزارم
پەیمان هەر لەگەڵ خودا ئەبەسرێ   باوەڕتان وابێ کە ئامۆژگارم

ئەمە سەرمەشقی پیرۆزی ژینە

ها ئەم سەرمەشقی پیرۆزی ژینە   ئاوی حەیاتە بۆ باخچەی سینە
باوەڕتان بێ بە پەروەردگار   زانا و تەوانا و بیسا و بینە

خاوەن خواهیشتە هەرچێ بێتەجێ   بە خواستی ئەوە بێ ئەو هیچ نابێ
کەلامی هەنارد لەبۆ ڕەهبەران   ڕەهبەر گەیاندێ لە هەمو بابێ

ملکەچ بن لەبۆ فەرمانی ئایین   بە ئیخلاصی دڵ بێ فێڵ و ئۆین
ئەو فەرمانانەی لەلات ڕۆناك بۆن   لە واتەی ڕەهبەر یا کیتابی دین

ئەمجار تێکۆشن بۆ زانستی چاك   پیشە وەربگرن بۆ ژینێکی پاك
عەرەق بڕێژن بۆ کار و پیشە   پیشە ڕیشەیە بۆ ژینی ڕۆناك

فرمـــانی ئـــەمڕۆ مەخـــەرە سـبەی ... ســـبەی ئیشـــیتر پێویســـتە بکەی
خۆ هەڵە مەکەن هـــەل مەفەوتێنن ... با نەکەونە بەر بای ڕەشـــەبای وەی

هەل هەڵکەوتێـــکە بـــۆ بـــەختیاری ... بـــەدەگمەن بۆتـــان ئەیەت بە دیاری
هەرکەس لـــە چەرخا هەلێـــکی هەیە ... بـــۆ پایـــەداری و بـــۆ مایـــەداری

بەرابەر نیعمـــەت خاوەنسوپاس بن ... لە سوپاسیشدا خاوەن ئیخلاص بن
هەرگیـــز مەنازن بە بـــازوی خۆتان ... هەرچەند لە جەنگا بە دەنگوباس بن

ســـوپاسە نـــانی بدەن بـــە کەسی ... بەتایبەتی بـــۆ بێکـــەس و دەســـی
سوپاسە دۆ کەس بکەن بـــە هاودڵ ... ئاوی بـــۆ تاوی جگـــەر قەقنەســـی

بـــۆ کاتی نەهات خۆگر بـــن بـــە دڵ ... ئادەم خـــۆ نـــەگری ناگا بـــە مەنزڵ
ئەوەندەی ســـوپاس پاســـی نیعمەتە ... خۆگرتن چارە بۆ دەردی موشکـــوڵ

قەت دامەنیشن لە جێی بێمزگەوت ... مەگەر ناچار بن ئەویش بە ڕێکەوت
ئەو شوێنەی بانگی حەقی تیا نەدری ... خەڵکی بێکەڵکن،بێ ڕێگە و بێڕەوت

لە جێی بێگـــەورە مـــەژین برایان ... ڕیشـــە دامەنێن لـــە جێی بێئەمان
لـــە کافرســـانا موســـوڵمان ئـــەژی ... نەك لـــە ولاتی بێیاســـا و پـــەیمان

یاخۆت بەدەس بـــە یا لەلای دەسدار ... بە دڵ دامەزری و مەشغوڵ بە بە کار
لـــەلای مـــەردانا بـــێگوردە گـــوردە ... گوردان لای نامەرد ئەبنە پەندی شار

لەگەڵ سادەڕۆ ، پیاوی ســـادەدڵ ... دڵئێشە دەگری لە زۆری موشکوڵ
کـــەس نـــەبۆ بڕوا بـــە خارســـتانا ... بەرگی لەت نەبـــی بە دڕك و چقـــڵ

لە شـــوێنی بژین شـــوێنی ژیـــوارە ... لادێ کەنـــارە ، شـــار بـــەهرەدارە
هەرکەس دانیشی لە دێی بێئاشـــا ... بـــە دەســـتەی دەستاڕ دڵ بریندارە

بەدگومان مەبن دوور بن لە توهمەت ... بڕۆن لەسەر ڕێی پیاوی بـــەقیمەت
بە شێوەی مەردان مەردی وەرئەگرن ... مەدەد یـــا ڕۆحی مەردی بەهیمەت

لە هەر چەرخێکا هـــەر عیلمێ باوە ... بەپێی ئەو چەرخە بچنە ئـــەو ناوە
لـــەلای دەریـــادا مەلـــە پێویســـتە ... دانیشتوی ناو تون کاری هەر ڕاوە

خـــۆ بپـــارێزن لـــە فرمـــانی دۆن ... دۆن پادشایش بێ ئـــەکەوێتە تون
بمرە و لەلای خەڵق شەرمەزار مەبە ... پیاوی شەرمەزار ئەڕوا ســـەرنیگون

بەقەد مایەی خۆت خاوەن ئیحسان بە ... لـــەناو کۆمـــەڵدا یـــەکە ئینســـان بە
کە سایەت نەبۆ مایـــەی تـــۆ چیـــە ... بە مایە و سایە باغ و بێســـتان بـــە

هەرگیز دەرمەچن لە ڕێگەی صەواب   خۆ مەهاوێنە بەر تیری عەذاب
گەلی ئوممەتی فەخری کائینات   خوا ئەیانبەخشێ بە خێر و ثەواب

بەرزێ دڵسۆزێ و ڕۆخۆشێ مەردە   وتاری شیرین دەرمانی دەردە
پایەی هەرکەسێ ڕابگرە بە حەق   ئینسانی خۆشخۆ لە چەرخا فەردە

قەڵایێ نیە بۆ پەنای مەردان   بە وێنەی قەڵای تاعەتی یەزدان
ئالایێ نیە بالاتر لە نان   کالایێ نیە چاتر لە ویژدان

بەراتێ نیە بە وێنەی ڕەفیق   خەلاتێ نیە چاتر لە تەوفیق
ئەو ئەبوبەکرەی کە یاری غار بۆ   بە یاریێ حەزرەت بوە بە صیدیق

دنیا مودارا و مەردێ و دەهەنە   پیاوی بێدەهەن مردوی کەفەنە
قەناعەت گەنجی بێڕەنجی تۆیە   قانیع گەدایش بێ هەر دەوڵەمەنە

مودارا خۆشە بەلام بەدئەندێش   مودارای نیە لە شا و لە دەروێش
جا کە حاڵێ بۆی چارت نەماوە   دەرچۆ لەو خاکە و ڕێ بەرە پێش

دەرد و مەینەتی ئیستە و لەمەوپێش   وەکو بیستومە لە بێگانە و خوێش
چاریان ئاسانە مەگەر دو بەلا   دوژمنی بەدخو و دۆستی هەرزەکێش

دوا وتە

هەرچەند کە خۆزگە نابێ بە کەماڵ   بە خۆزگە نابێ پایە و سایە و ماڵ
چەند خۆزگەی دەروون دەرئەبڕم بۆتان   تێکۆشن بۆیان بە درێژێ ساڵ

خۆزگەم بەوکەسەی دڵی ئەستورە   لە پەریشانێ و دودڵی دورە
خۆزگەم بەوکەسەی باوەڕی وایە   کە دینی ئیسلام سەرانسەر نورە

خۆزگەم بەوکەسەیقورئان ئەخوێنێ   بەڕاستێ مەعنای بۆ عام ئەنوێنێ
خۆزگەم بەوکەسەی دەم بە ئەورادە   صەڵەوات ئەدا هەتا بمێنێ

خۆزگەم بەوکەسەی خاوەن دەماخە   بە حوببی حەزرەت دەماخی چاخە
ئال و ئەصحابی هەمو خۆشئەوێ   لەگەڵ ئەولیا دڵی پەرداخە

خۆزگەم بەوکەسەی لای زانای دانا   زانست وەرئەگرێ لە ڕێی ژیانا
بە بەختەوەرێ لەگەڵ هوشیاران   ئەژێ بە خۆشێ بە لەفظ و مەعنا

خۆزگەم بەوکەسەی بە ساغێ یەقین   خادیمی عیلمە و هێ شەرعی موبین
باوەڕی وایە کە دینی ئیسلام   وا لەسەر شانی عالمانی دین

خۆزگەم بەوکەسەی قاپێ گوشادە   بە خێرۆمەندێ دەرونی شادە
نەفسێ ئەکوژێ و سڕێ ئەپۆشێ   هێوا لە دەردی دۆزەخ ئازادە

خۆزگەم بەوکەسەی دائیم ڕۆخۆشە   وتاری جوانی دەوای نەخۆشە
لەبەر دڵسۆزێ لەبۆ داماوان   بەئەندازەی حاڵ بۆیان پەرۆشە

خۆزگەم بەوکەسەی میانەکارە   زیاد و کەم ناکا لەم ڕۆزگارە
بۆ دین بۆ دنیا بۆ زەم بۆ ثەنا   دۆستێ و دوژمنێ لەسەر میقدارە

خۆزگەم بەوکەسەی خاوەن حەیایە   بە بەرزێ وێنەی لوتکەی چیایە
بەدەوام ئەژێ لەسەر ڕێگەی ڕاست   خادیمی حەقە تا گیانی تیایە

خۆزگەم بەوکەسەی بە جەوانمەردێ   ئەبێ بە دەوای دەردی دڵسەردێ
یەعنێ مەشغوڵە بە ئیصلاحی ناس   تەنویریان ئەکا بۆ ڕێگەی مەردێ

ئەوکەسەی وابێ بمرێ نامرێ   خەلاتی ڕەزای خودا وەرئەگرێ
لەگەڵ دۆستانی (رسول الله)دا   بە دەستی ڕاستی دفتەر وەرئەگرێ

★ ★ ★

وا دەفتەر طەی بۆ بە ناوی خودا   بە عەشقی پاکی ڕەسوڵی هودا
ئومێدەوارم شەرەفمەند ببم   بە لیقای خودا لە ڕۆژی جەزا

بە تەوفیقی خوا، خودای ڕۆژ و شەو   (گوڵزار) تەواو بۆ بە نور و پرتەو
گوڵباغ بە ساڵێ جارێ گوڵ ئەگرێ   ئەم هەمو ساتێ گوڵ ئەدا لە نەو

هەرچەند تەکرارە ئەدەب و ئەشعار   مایە یەکێکە و پۆشاك بە ملیار
پۆشاکی تازە نیگا وەرئەگرێ   ڕاز بە ئەندازە لائەبا ئازار

واتە هەزارە و دوانیان بەکارە   پەندی پێ ئەگرێ کێ بەختیارە
یەك جەذبی خێرە بۆ دین و دنیا   دو دەفعی شەڕ و ئێش و ئازارە

شەممە بۆ ڕۆژی خامە ئازادێ   بیست و شەشەمی یەکەم جومادێ
ڕۆژی نۆهەمی ئابی غەربێ بۆ   گوڵزار ڕازاوە بە شەوق و شادێ

تەئریخی زەمان (حَسَبْما يَجْرى)   هەزاروسێصەد هەشتاونۆی هیجرێ
لەسەر خاوەنی پەیدەرپەی صەلات   (سلامٌ حَتى مطلَعِ الفجرِ)

هەزار و نۆصەد شەصتو نۆی میلاد   بە لێبونەوە قەڵەم بۆ ئازاد
شوێنم مەدرەسەی (گیلانیە) بۆ   لە (باب الشیخ)دا لە شاری بەغداد

عبدالکریمم مودەڕڕیس مەشهور   شاگردم لەبۆ ئەربابی شوعور
یەعنی ئینسانی دەڕون و دڵپاك   لە ئەهلی عەقڵ و عیلم و حیلم و نور

لە شیعرا (نامێ) بۆ بە نازناوم   (جامێ) مەشرەبم هەتاکو ماوم
ژیانم لەسەر حوبی مەردانە   خاکی پێی ئەوان بۆ سورمەی چاوم

نــاواخن

لاپەڕە	بــابەت
٢٣٢	حەمد و ثەنــا
٢٣٤	صەلات و سەلام
٢٣٥	پــاڕانەوە
٢٣٧	بەهرەی عەقڵ
٢٣٨	زانســت
٢٣٩	ئینســاف
٢٤٠	دڵسۆزیّ بۆ خەڵك
٢٤١	نەرمــیّ
٢٤٣	سیلەی ڕەحــم
٢٤٣	شــەرم و حەیــا
٢٤٤	سوپــاسی نیعمەت
٢٤٥	تەمــیّ
٢٤٧	هەستان لە خەو سبەینیّ زوّ
٢٤٩	ملکەچ‌کردن بۆ قەزا
٢٥١	لادان لە درۆ و دوّڕوویی
٢٥٢	ئیســلاح
٢٥٢	خەیانەت‌کاریّ و فیتنە
٢٥٣	قسەهێنان و بردن
٢٥٤	پیلان‌گێڕان
٢٥٦	غەیبەت و لەپاشملە قسەکردن
٢٥٦	بەدگومــانیّ
٢٥٧	ڕق و قــین
٢٥٨	دنیــایش پێویستە
٢٥٨	پیشــە و سنعــات
٢٦٠	سەیری کردەوەی خۆت بکە
٢٦١	بۆ خۆت تێکۆشــە
٢٦٢	گەنج هەر بۆ ڕەنجبەر نــابیّ
٢٦٣	قەت غــافڵ مەبــن
٢٦٤	قەت ئەمین مەبن لە چەرخی زەمان
٢٦٥	کار یا بۆ دنیا یا بۆ خودا

لاپەڕە	بـابەت
٢٦٦	خۆتان لە پیاوی خراپ بپارێزن
٢٦٨	ئەم دنیا هەمۆی لەسەر پەیوەندە
٢٦٨	چاری لێقەومان لەپێشا ئەکرێ
٢٧٠	هاوڕێ پێویستــە
٢٧٤	تێگەیشتنی یاسای ژیـان
٢٧٥	ژیـان بە هێزە
٢٧٧	مەرجی ژیـانی سەربەرز
٢٨٠	مەردی دامەزراو
٢٨١	ئینســان پڕە لە بەهرە
٢٨٢	ئینسان گیاندارە و ئارەزۆبازە
٢٨٣	دیـن وەجـاخ کزە
٢٨٤	ڕێگـای ڕزگـارێ
٢٨٥	خۆشەویستێ نیشتمـان
٢٨٧	مەینەتی ئینسانی بێشوعۆر
٢٩٠	ڕەوشتی هەندێکەس
٢٩١	ئینسـانی پەسـت
٢٩٢	جیاوازێ دەروناوی زوربەی خەڵك
٢٩٣	هوشیـارێ پێویسـتە
٢٩٥	مەرد نـامرێ
٢٩٦	ئوممەتی هەڵبژاردە
٢٩٧	پشت بە ئەسباب بەستن
٢٩٩	دەردی دڵ
٢٩٩	مەردان نادیرەی ڕۆزگـارن
٣٠١	دنیـا جـادوە
٣٠٤	سـادە و سـادە دڵان
٣٠٥	حەقوتن و خۆڕاگرتن
٣٠٦	پیـاوەتێ تـاجی سەرە
٣٠٧	چەند پەندێکی پیران
٣١٢	هـاوڕێی ژیر
٣١٥	ڕەهبەر پێویسـتە
٣١٦	مەردی بەکـار
٣١٧	کات بەنرخە
٣٢١	گیروگرفت هەمۆ ئاسان ئەبێ

لاپەڕە	بــابەت
٣٢٥	قەناعەت چــاو تێر ئەکا
٣٢٥	ئیسلام قەڵا بــۆ
٣٢٩	قسەی پێشینان شیرین عەرزێکە
٣٣٠	نامەردیٚ ئاسانە ، مەردیٚ گرانە
٣٣١	پێویستیٚ دڵنەوازیٚ لەگەڵ دۆست
٣٣٣	دنیــا بازاڕە و دوکان دوکانە
٣٣٤	ئەگەر ئەتەویٚ لە خەڵك تیٚبگەی
٣٣٦	دوور مەکەونەوە لە وەزعی عالەم
٣٣٧	بۆ هەر کۆمەڵیٚ گەورەییٚ شەرتە
٣٣٨	عیبرەت وەرگرتن لە زەمانە
٣٤٠	ئــادابی وتــار
٣٤٢	داوای ڕۆ لە خوا کردن
٣٤٣	لێکدانەوە بۆ زانایان
٣٤٧	موختار دەرناچیٚ لە تیری قەزا
٣٤٨	دنیــا سەرانسەر مەیدانی شۆرە
٣٤٩	گەردشی گەردونی چەپگەرد
٣٥٠	ژیان بیٚ دین و عەقڵ ناگونجیٚ
٣٥٢	دڵدارم غەمــە
٣٥٣	پەندت دائەدەم ئەگەر گویٚ ئەگریٚ
٣٥٤	قەت غافڵ مەبە لە ترسی خودا
٣٥٦	جیهان جادوگەرە
٣٦٠	ئەمە سەرمەشقی پیرۆزی ژینە
٣٦٢	دوا وتـــە

بەر لە خوێندنەوە
ئەم هەڵانە ڕاستبکەرەوە

* لە دێڕی (٢٢)ی لاپـەڕە (٩)دا دوای (بە فریشـتەکانی خـودا و) ، (بـە کتێبەکانی خودا و) دانێ .
* لە دێڕی (٣) و (٤)ی لاپەڕە (١٤)دا (لەناو ئەمانەشدا صـەد و چواریـان کتێبیـان . .) بکە بە (لەنـاو ئەمـانەشدا هەشتیـان صـەد و چـوار کتێبیان . . .) .
* لە دێڕی (١٣)ی لاپەڕە (١٥)شدا (ئەم بیستەیان) بکە بە (ئەم بیسـت و پێنجەیـان) .
* لە دێڕی (١٧)ی هەمان لاپەڕەشدا (لەم بیستە . .) بکە بە (لەم بیست و پێنجە . .).
* لە دێڕی (١٢)ی لاپەڕە (١٦)شـدا (١٢ی ڕەبیعولئەووەلی ڕێکـەوتی . .) زیادبکە لەپاش (لە ڕۆژی دۆشەممەی) .
* لە دێڕی (٧) و (٨)ی لاپەڕە (٦٣)یشدا (پێغەمبـەری نـازدار) بکـە بـە (ئیمامی ئەبوحەنیفە) . .
* لە دێڕی (٢٣)ی لاپەڕە (٩١)یشدا (ئەنەوێنێ) بکە بە (نانەوێنێ) .
* لە دێڕی (٧)ی لاپەڕە (٢١٠)یشـدا (لە پەت دەربێنـێ) بکە بە (بۆ پـەت نەهێنـێ) . .

له نامەخانەی نیشتمانی بەغدادا
ژمارە (٢٠٦)ی ســاڵی ١٩٧٧ی دراوەتێ

تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

(بەهار و گوڵزار) بۆ دۆستانە
بۆ سەیرانی دڵ باخ و بێستانە
بۆ تەمێ کۆمەڵ بە دەرسی ڕەوشت
دایم دەرگای خۆی خستوەتە سەرپشت

ISBN 964-7638-42-6
9 789647 638425

انتشارات کردستان
Kurdistan Publication
سنندج- پاساژ عزتی- تلفن: ۲۲۶۵۳۸۲